حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان
بەشی شوێنەوار

# هونەری بیناسازیی منارە شوێنەواری و کەلەپوورییەکان لە هەرێمی کوردستان -

## نمونەی هەڵبژێردراو - توێژینەوەیەکی مەیدانییە

نامەیەکە خوێندکار

**إكرام شیروان حسین**

پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کردووە، وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە بەشی شوێنەوار- پسپۆڕی شوێنەواری ئیسلامی

بە سەرپەرشتی

**پ.ی. د. زریان سالار حمەعارف**

١٤٤٤ ک ٢٠٢٣ ز ٢٧٢٢ ک

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿ فِي بُيُوتٍ أَذِنَ ٱللَّهُ أَن تُرْفَعَ وَيُذْكَرَ فِيهَا ٱسْمُهُۥ يُسَبِّحُ لَهُۥ فِيهَا
بِٱلْغُدُوِّ وَٱلْأَصَالِ ٣٦ ﴾

صَدَقَ ٱللَّهُ ٱلْعَظِيمِ

سورة النور: ٣٦

# پشتگیری ڕەزامەندی سەرپەرشتیار

ئەم نامەی خوێندکار (إكرام شيروان حسين) بە ناونیشانی: (هونەری بیناسازیی منارە شوێنەواری و کەلەپوورییەکان لە هەرێمی کوردستان – نمونەی هەڵبژێردراو) بە چاودێری ئێمە لە کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە، بەشێکە لە پێویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زانستی شوێنەوار (پسپۆڕی شوێنەواری ئیسلامی)، پێشنیاز دەکەین پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن بکرێت.

واژۆ:

سەرپەرشتیار: د. زریان سالار طه عاصی

پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر

ڕێکەوت: ١٧/ ١٠/ ٢٠٢٢

بەپێی ئەم پێشنیازە ئەم نامە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم

واژۆ:

ناو: د. زریان سالار طه عاصی

سەرۆکی بەشی :

ڕێکەوت: ١٧/ ١٠/ ٢٠٢٢

## ڕەزامەندی لیژنەی گفتوگۆ

ئێمە وەك ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ، ئەم نامەی خوێندکار **(اکرام شیروان حسین)**مان بە ناونیشانی **(هونەری بیناسازیی منارە شوێنەواری و کەلەپورییەکان لە هەرێمی کوردستان – نمونەی هەڵبژێردراو - توێژینەوەیەکی مەیدانییە)** خوێندەوە. گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی دیکەی کردووە، بڕیارمان دا بە پلەی (            ) بڕوانامەی **(ماستەر)ی لە (زانستی شوێنەوار / شوێنەواری ئیسلامی)** پێبدرێت.

واژۆ:
ناو: **د.زیدان رشید خان اودل**
پلەی زانستی: **پرۆفیسۆر**
سەرۆکی لیژنە
ڕێکەوت: ٢٠٢٢/١٢/٩١

واژۆ:
ناو: **د.کۆزاد محمد أحمد**
پلەی زانستی: **پرۆفیسۆری یاریدەدەر**
ئەندام
ڕێکەوت: ٢ / ١ / ٢٠٢٣

**واژۆ:**
**ناو: د.ئاراس إسماعیل خضر**
پلەی زانستی: **پرۆفیسۆری یاریدەدەر**
ئەندام
ڕێکەوت: ٢٠٢٢/١٢/١١

**واژۆ:**
**ناو: د.زریان سالار حمەعارف**
پلەی زانستی: **پرۆفیسۆری یاریدەدەر**
ئەندام و سەرپەرشتیار
ڕێکەوت: ٢٠٢٢ /١٢/٩١

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی سلێمانی پەسەند کرا.

واژۆ:
ناو: پرۆفیسۆر د.ابتسام اسماعیل قادر
ڕاگری کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان بەوەکالەت
٩ / ١ / ٢٠٢٣

# پێشکەشکردن

- ❖ بە دایک و باوکی زەحمەتکێش و زۆر دڵسۆزم.
- ❖ بە هاوسەری بەوەفاو خۆشەویستم، یارمەتیدەری بەردەوامم.
- ❖ بە کاکە (إرشاد)ی کوڕم.
- ❖ بە برا و خوشکە ئازیزەکانم.
- ❖ بە زۆر بەڕێز سەرۆک بەشی شوێنەوار (ی.پ.د. زریان حاجی) مامۆستا و سەرپەرشتیاری توێژینەوەکەم
- ❖ بە سەرجەم هاوڕێ بەوەفاکانم.
- ❖ بە تەواوی مامۆستایانی بەشی شوێنەواری زانکۆی سلێمانی و زانکۆی سەلاحەدین.
- ❖ بە سەرجەم شوێنەوارناسانی هاوزمانم.

## سوپاس و پێزانین

- بۆ خوای گەورە و باڵادەست، خاوەنی عیلم و زانست.
- بۆ مامۆستا و سەرپەرشتیاری توێژینەوەکەم، سەرۆکی بەشی شوێنەوار زۆر بەڕێز (پ.ی.د. زریان حاجی) کە لە تەواوی خوێندن و نامەکەمدا پاڵپشت و یارمەتیدەرم بووە.
- بۆ زۆر بەڕێز (پ.ی.د. دڵشاد زاموا) کە هاوکار و ڕێنیشاندەرم بوو لە دیاریکردنی ناونیشانی توێژینەوەکەمدا.
- بۆ زۆر بەڕێز (پ.ی.د. کۆزاد محمد ئەحمەد) سەرۆکی پێشووی بەشی شوێنەوار لە پای دڵسۆزی و هاوکاری و خەمخۆری بەردەوامی لە کاتی خوێندن و توێژینەوەکەمدا.
- بۆ زۆر بەڕێز (پ.د. زێدان رشید خان اودل برادۆستی) کە دڵسۆزانە کتێبە نایابەکەی (الفن والعمارة الدينية في إقليم كوردستان والعراق، المآذن الأتابكية نموذجا) گەیاندە دەستمان و لە نامەکەماندا سودێکی زۆری زانستی و هونەری پێگەیاندین.
- بۆ زۆر بەڕێز (پ.ی.د. ڕەنجدەر موحەممەد عەزیز) یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆی هەڵەبجە بۆ کاروباری خوێندکاران، کە دڵسۆزانە هاوکاری زۆری نواند لە دەستکردن بە خوێندنم لە ماستەر.
- بۆ تەواوی مامۆستایانی بەشی شوێنەواری زانکۆی سلێمانی.
- بۆ هاورێ دڵسۆزەکانم، کاک (هەژار عەبدوڵڵا، ئەنەس جەمال، ڕزگار جەواد، ئەنەس بەهادین، ڕێناس موحەممەد) کە هاوسەفەر و یارمەتیدەرم بوون لە سەردانە مەیدانییەکانمدا. هەروەها کاک (هێرش صدیق، ئەکرەم عەبدولکەریم، موحەممەد کەریم، موحەممەد عەلی، موحەممەد سەیدکەریم) کە لە وەرگێڕانی هەندێک بابەتی پێوەست بە توێژینەوەکەم هاوکارم بوون.
- بۆ بەڕێزان (م. هێمن سەلاحەددین، ئەحمەد شاکر شێخە، شڤان عەبدوڵڵا) هاوکارم بوون لە ناردنی هەندێک وێنە و زانیاری پێوەست بە توێژینەوەکەم.
- بۆ سەرجەم سەرپەشتیار و مامۆستا و خزمەتگوزاری مزگەوتەکانی پێوەست بە توێژینەوەکەم کە زۆر دڵسۆزانە کاریان بۆ ئاسان کردین و بە زانیاری پێویست هاوکارم بوون.
- بۆ دایک و باوکی خۆشەویستم.
- بۆ هاوسەری بەڕێزم کە یارمەتیدەرێکی زۆرم بووە لە خوێندن و نووسینی نامەکەمدا.

## شیکردنەوەی وشە کورتکراوەکان

| ژ | وشە کورتکراوەکان | واتاکەیان |
|---|---|---|
| ١ | پ.ز. | پێش زایین |
| ٢ | ز. | زایینی |
| ٣ | م. | میلادی |
| ٤ | ک. | کۆچی |
| ٥ | هـ | هیجری |
| ٦ | سم. | سانتیمەتر |
| ٧ | م. | مەتر |
| ٨ | کم. | کیلۆمەتر |
| ٩ | ج. | الجزء |
| ١٠ | ژ. | ژمارە |
| ١١ | ش. | شمارە |
| ١٢ | ص. | الصفحة |
| ١٣ | p. | Paper |
| ١٤ | ل. | لاپەڕە |
| ١٥ | ط. | الطبعة |
| ١٦ | ب. | بەرگ |
| ١٧ | چ. | چاپ |
| ١٨ | م. | المجلد |
| ١٩ | ت: | ترجمة |
| ٢٠ | و: | وەرگێڕان |
| ٢١ | م: | مردن |

## پوختە

منارەکان بە گرنگترین و بەرچاوترین یەکەی بیناسازیی مزگەوتەکان دادەنرێن، لە دەستپێکی شارستانییەتی ئیسلامیدا بە تایبەت لە سەردەمی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) وەک پێکهاتەیەکی بیناسازیی نەبوون، بە هۆکاری سەرقاڵی بڵاوکردنەوەی بانگەوازی ئیسلامی و سادەیی و سەرەتایی بوونی شێوازی بیناسازیی موسڵمانان لە سەرەتای سەدەی یەکەمی کۆچیدا، پاش فتوحاتی بەرفراوانی ئیسلامی لە سەردەمی خەلافەتی عومەری کوڕی خەتتابدا، هەروەها دوای تێکەڵاوبوون و ئاشنابوونی موسڵمانان بە شارستانییەتە گەورەکانی سەردەم، وەک: ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمی بیزەنتی کە لەسەر ئایینی مەسیحی بوون، و ئیمپراتۆرییەتی ساسانی کە لەسەر ئاینی زەردەشتی بوون، بووە هۆی ئەوەی کە هەریەک لەم شارستانییەتانە بە جۆرێک لە جۆرەکان کاریگەری لەسەر بیناسازی ئیسلامی بەجێبهێڵن، موسڵمانان کاتێک بینییان کڵێسا و پەرستگا و شوێنی پەرستشیان بورجیان بۆ دروستکراوە، و لەسەریانەوە بە بوق یان زەنگ شوێنکەوتەکانیان ئاگاداردەکەنەوە و کۆدەکەنەوە بۆ ئەنجامدانی پەرستشەکانیان، ئەم کار و کردەوەیان هەر زوو گوازرایەوە نێو بیناسازیی ئیسلامی و موسڵمانان چیتر وەکوو سەرەتای بانگەواز لەسەر بانی مزگەوت و شوێنە بەرزەکانی دەوروبەریدا بانگیان نەدەدا، بەڵکو منارەکانیان وەک یەکەیەکی گرنگی بیناسازیی لە مزگەوتەکانیاندا دروستکرد، و لەسەریانەوە بانگبێژەکان کاتی نوێژە بە کۆمەڵەکانیان بەبیر موسڵمانان دەهێنایەوە. منارەکان لە سەرەتای دروستکردنیاندا لە شارستانییەتی ئیسلامیدا، تەنها مەبەست لە ڕاپەڕاندنی ئەرکێک بوو، ئەویش بانگدان بوو لەسەریان، بەڵام سەردەم دوای سەردەم گرنگییەکەیان زیادیکرد و بوونە ڕەگەزێکی سەرەکی بیناسازی مزگەوتەکان، و هێما و ناسنامەی شار و ئاوەدانییە موسڵمان نشینەکان، لەوانە گەورە شارێکی وەک قاهیرە بەهۆی زۆری و جۆراوجۆری تەرزی بیناسازیی منارەکانی ناسرا بە مۆزەخانەی منارەکان.

کوردستانی گەورە بەگشتی و هەرێمی کوردستانی عێراقیش بە تایبەتی وەک بەشێک لەو شارستانییەتە ئیسلامییەی ئاماژەمان پێیدا، خاوەنی دەیان منارەی شوێنەواری و کەلەپووری زۆر گرنگ و نایابە، هەرچەندە لە سەرەتادا مزگەوتەکان لە هەرێمی کوردستاندا بە شێوەیەکی زۆر سادە لە قوڕ و دار و بەرد و کەلوپەلی سادەی بیناسازیی بەردەست دروستدەکران، و چەند سەدەیەک بێ منارە بوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەشێکیان بوونەتە ناسنامەی شار و ناوچەکانیان، بۆ نمونە: شارێکی دێرینی وەک هەولێری پایتەخت بەهۆی بەرزی و سەرنجڕاکێشی منارە دێرینەکەیەوە (منارەی چۆڵی) ناسرا بە شاری (قەڵا و منارە)، هەروەها منارەکانی خورماڵ و ئامێدی بوونەتە نیشانە و هێمای شارەکانیان، و وەک یەکێک لە دیارترین پاشماوەی شوێنەواری بیناسازیی ئیسلامی لێیان دەڕوانرێت و باسیان دەکرێت.

ناوەڕۆکی ماستەرنامەکەشمان لەژێر ناونیشانی: (هونەری بیناسازیی منارە شوێنەوارییی و کەلەپوورییەکان لە هەرێمی کوردستان) دابەش بووە بەسەر سێ بەشدا، بەشی یەکەم تایبەتە بە مێژووی مزگەوت و منارە لە شارستانییەتی ئیسلامیدا، و دابەشبووە بەسەر دوو باسدا، و بەشی دووەم تایبەتە بە منارە شوێنەوارییەکان لە هەرێمی کوردستان، و لە چوار باس پێکهاتووە، و لە باسێکیاندا منارەیەک باسکراوە، بەشی سێیەم و کۆتاییش تایبەتە بە چەند نمونەیەکی هەڵبژێردراو لە منارەی کەلەپووریی لە هەرێمی کوردستان، و بەپێی هەڵکەوتەی جوگرافییان دابەشکراون بەسەر چوارباسدا و لە هەر باسێکیاندا چەند منارەیەک باس کراون.

**ناوەڕۆک**


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| ئایەتێک لە قورئانی پیرۆز | أ |
| پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار | ب |
| ڕەزامەندی لیژنەی گفتوگۆ | ج |
| پێشکەشکردن | د |
| سوپاس و پێزانین | هـ |
| شیکردنەوەی وشە کورتکراوەکان | و |
| پوختە | ز |
| ناوەڕۆک | ح ... ل |
| پێرستی نەخشەکان | ل |
| پێرستی پاشکۆی وێنەکان | ل |
| **پێشەکی** | ١-٤ |
| **بەشی یەکەم/ مزگەوت و منارە، گرنگی و بایەخی دروستکردنیان لە شارستانییەتی ئیسلامیدا** | ٥-٣٩ |
| **باسی یەکەم/** مزگەوت، گرنگی و بایەخی لە شارستانی ئیسلامیدا<br>**تەوەرەی یەکەم:** مێژووی دەرکەوتنی مزگەوت لە ئیسلامدا | ٥-١٢ |
| **تەوەرەی دووەم:** پێگەی مزگەوت لە ئیسلامدا | ١٢-١٤ |
| **تەوەرەی سێیەم:** ڕۆڵ و گرنگی مزگەوت لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا | ١٥-١٩ |
| **باسی دووەم/** منارە، گرنگی و بایەخی لە شارستانی ئیسلامیدا<br>**تەوەرەی یەکەم:** سەرەتای دەرکەوتنی منارە | ٢٠-٢٢ |
| **تەوەرەی دووەم:** بۆچوونەکان دەربارەی سەرهەڵدانی یەکەم منارە لە بیناسازی ئایینی لە ئیسلامدا و شێوەی منارە سەرەتاییەکان | ٢٢-٢٩ |
| **تەوەرەی سێیەم:** گرنگی و بایەخی دروستکردنی منارەکان لە بیناسازیی مزگەوتەکاندا | ٢٩-٣٠ |
| **تەوەرەی چوارەم:** گرنگترین زاراوە و ئەو شوێنانەی بانگیان لەسەر دراوە لە سەرەتای ئیسلامدا | ٣٠-٣٥ |
| **تەوەرەی پێنجەم:** شێوازە جۆر بە جۆرەکانی منارە لە شارستانییەتی ئیسلامیدا | ٣٥-٣٧ |
| **تەوەرەی شەشەم:** گرنگترین پێکهاتە بیناسازییەکانی منارە | ٣٧-٣٩ |
| **بەشی دووەم/ منارە شوێنەوارییەکان لە هەرێمی کوردستاندا (مێژوو و تایبەتمەندی بیناسازییان)** | ٤٠-٨٨ |
| **باسی یەکەم/** منارەی چۆڵی (موزەفەرییە – هەولێر)<br>**تەوەرەی یەکەم/** کورتەیەک دەربارەی مزگەوتی منارەکە | ٤٠-٤١ |
| **تەوەرەی دووەم/** منارەی چۆڵی | ٤٢-٤٤ |

| | |
|---|---|
| أ/ ناو و شوێن و مێژووی منارەکە | |
| ب/ ڕەگەزە بیناسازییەکانی منارەکە | ٥٠-٤٥ |
| ج/ نۆژەنکردنەوەکانی منارەکە | ٥١ |
| **باسی دووەم/** منارەی مزگەوتی گەورەی ئامێدی (منارەی ئامێدی)<br>**تەوەرەی یەکەم:** مزگەوتی گەورەی ئامێدی<br>أ/ مێژووی دروستکردنی مزگەوتی گەورەی ئامێدی | ٥٣-٥٢ |
| ب/ ڕووبەر و پێکهاتە بیناسازییەکانی مزگەوتەکە | ٥٤-٥٣ |
| **تەوەرەی دووەم/** منارەی مزگەوتی گەورەی ئامێدی<br>أ/ ناو و شوێن و مێژووی منارەکە | ٥٥-٥٤ |
| ب/ ڕەگەزە بیناسازییەکانی منارەکە | ٥٩-٥٦ |
| **باسی سێیەم/** منارەی مزگەوتی گەورەی خورماڵ (منارەی خورماڵ)<br>**تەوەرەی یەکەم/** مزگەوتی گەورەی خورماڵ<br>أ/ مێژووی دروستکردنی مزگەوتی گەورەی خورماڵ | ٦٤-٦٠ |
| ب/ ڕووبەر و پێکهاتە بیناسازییەکانی مزگەوتەکە | ٦٥ |
| **تەوەرەی دووەم:** منارەی مزگەوتی گەورەی خورماڵ<br>أ/ ناو و شوێن و مێژووی منارەکە | ٦٨-٦٥ |
| ب/ ڕەگەزە بیناسازییەکانی منارەکە | ٧٤-٦٩ |
| ج/ نۆژەنکردنەوەکانی منارەکە | ٧٥-٧٤ |
| **باسی چوارەم/** منارەی مزگەوتی قەڵای هەولێر<br>**تەوەرەی یەکەم/** مزگەوتی گەورەی قەڵای هەولێر<br>أ/ شوێن و مێژووی دروستکردنی مزگەوتەکە | ٧٨-٧٦ |
| ب/ ناوی مزگەوتەکە | ٨٠-٧٩ |
| ج/ ڕووبەرو پێکهاتە بیناسازییەکانی مزگەوتەکە | ٨١-٨٠ |
| **تەوەرەی دووەم/** منارەی مزگەوتی گەورەی قەڵای هەولێر<br>أ/ ناو و شوێن و مێژووی منارەکە | ٨٢ |
| ب/ ڕەگەزە بیناسازییەکانی منارەکە | ٨٨-٨٣ |
| **بەشی سێیەم/ منارە کەلەپوورییەکان لە هەرێمی کوردستان (مێژوو و تایبەتمەندی بیناسازییان)** | ١٦٤-٨٩ |
| **باسی یەکەم/** منارەکانی پارێزگای سلێمانی و ئیدارەی گەرمیان (منارەی خانەقای کفری، منارەکانی مزگەوتی گەورە، منارەی خانەقای مەولانا خالید)<br>**تەوەرەی یەکەم/** منارەی مزگەوتی خانەقای کفری<br>أ/ مزگەوتی خانەقای کفری | ٩٠-٨٩ |
| ب/ منارەی مزگەوتی خانەقای کفری | ٩١ |
| **تەوەرەی دووەم:** منارەکانی مزگەوتی گەورەی سلێمانی<br>أ/ مزگەوتی گەورەی سلێمانی | |

| | |
|---|---|
| ١/ مێژووی دروستکردنی مزگەوتی گەورەی سلێمانی | ٩٢-٩٥ |
| ٢/ ناوی مزگەوتەکە | ٩٥ |
| ٣/ پێکهاتە بیناسازییەکانی مزگەوتەکە | ٩٥-٩٧ |
| ٤/ نۆژەنکردنەوەی مزگەوتەکە | ٩٧-٩٨ |
| ب/ ١-٢: منارەکانی مزگەوتی گەورە | ٩٨ |
| ١/ منارە لولەییەکە<br>١-١/ ناو و شوێن و مێژووی منارەکە | ٩٨-١٠٠ |
| ١-٢/ ڕەگەزە بیناسازییەکانی منارەکە | ١٠٠-١٠٥ |
| ١-٣/ نۆژەنکردنەوەی منارەکە | ١٠٥ |
| ٢/ منارە چوار لاییەکە<br>٢-١/ ناو و شوێن و مێژووی منارەکە | ١٠٦ |
| ٢-٢/ ڕەگەزە بیناسازییەکانی منارەکە | ١٠٦-١١٠ |
| **تەوەرەی سێیەم:** منارەی مزگەوتی خانەقای مەولانا خالید (خانەقای سلێمانی)<br>أ/ مزگەوتی خانەقای سلێمانی<br>١/ ناو و شوێن و مێژووی مزگەوتەکە | ١١١-١١٤ |
| ٢/ ناوی مزگەوتەکە | ١١٤ |
| ٣/ پێکهاتە بیناسازییەکانی مزگەوتەکە | ١١٥ |
| ب/ منارەی مزگەوتی خانەقا<br>١/ ناو و شوێن و مێژووی منارەکە | ١١٥-١١٦ |
| ٢/ ڕەگەزە بیناسازییەکانی منارەکە | ١١٧-١٢٣ |
| ٣/ نۆژەنکردنەوەی منارەکە | ١٢٣ |
| **باسی دووەم/** منارە کەلەپوورییەکانی شاری هەولێر (منارەی مزگەوتی حاجی مەولود - منارەی خانەقای مەولانا خالید)<br>**تەوەرەی یەکەم:** منارەی مزگەوتی حاجی مەولود (شێخە ڕەشکە)<br>أ/ مزگەوتی حاجی مەولود<br>١/ شوێن و مێژووی دروستکردنی مزگەوتەکە | ١٢٤ |
| ٢/ ناوی مزگەوتەکە | ١٢٤ |
| ٣/ پێکهاتە بیناسازییەکانی مزگەوتەکە | ١٢٤-١٢٥ |
| ب/ منارەی مزگەوتی حاجی مەولود<br>١/ ناو و شوێن و مێژووی منارەکە | ١٢٥-١٢٦ |
| ٢/ ڕەگەزە بیناسازییەکانی منارەکە | ١٢٦-١٣١ |
| **تەوەرەی دووەم:** منارەی خانەقای مەولانا خالید (خانەقای هەولێر)<br>أ/ مزگەوتی خانەقای مەولانا خالید<br>١/ شوێن و مێژووی دروستکردنی مزگەوتەکە | ١٣٢-١٣٥ |
| ٢/ ناوی مزگەوتەکە | ١٣٥ |

| | |
|---|---|
| ٣/ پێکهاتە بیناسازییەکانی مزگەوتەکە | ١٣٦ |
| ب/ منارەی مزگەوتی خانەقای هەولێر<br>١/ ناو و شوێن و مێژووی منارەکە | ١٣٧ |
| ٢/ ڕەگەزە بیناسازییەکانی منارەکە | ١٤٢-١٣٨ |
| **باسی سێیەم/** منارەکانی ناوچەی بادینان (منارەی مزگەوتی تولیتا، منارەی مزگەوتی گەورەی ئاکرێ، منارەی مزگەوتی گەورەی دهۆک)<br>**تەوەرەی یەکەم:** منارەی مزگەوتی تولیتا<br>أ/ مزگەوتی تولیتا<br>١/ شوێن و مێژووی دروستکردنی مزگەوتەکە | ١٤٣ |
| ٢/ ناوی مزگەوتەکە | ١٤٣ |
| ٣/ پێکهاتە بیناسازییەکانی مزگەوتەکە | ١٤٥-١٤٤ |
| ب/ منارەی مزگەوتی تولیتا<br>١/ ناو و شوێن و مێژووی منارەکە | ١٤٦-١٤٥ |
| ٢/ ڕەگەزە بیناسازییەکانی منارەکە | ١٤٩-١٤٦ |
| **تەوەرەی دووەم:** منارەی مزگەوتی گەورەی ئاکرێ<br>أ/ مزگەوتی گەورەی ئاکرێ<br>١/ شوێن و مێژووی دروستکردنی مزگەوتەکە | ١٥١-١٥٠ |
| ٢/ ناوی مزگەوتەکە | ١٥٢ |
| ٣/ پێکهاتە بیناسازییەکانی مزگەوتەکە | ١٥٢ |
| ب/ منارەی مزگەوتی گەورەی ئاکرێ<br>١/ ناو و شوێن و مێژووی منارەکە | ١٥٣ |
| ٢/ ڕەگەزە بیناسازییەکانی منارەکە | ١٥٧-١٥٣ |
| **تەوەرەی سێیەم:** منارەی مزگەوتی گەورەی دهۆک<br>أ/ مزگەوتی گەورەی دهۆک<br>١/ شوێن و مێژووی دروستکردنی مزگەوتەکە | ١٥٩-١٥٨ |
| ٢/ ناوی مزگەوتەکە | ١٥٩ |
| ٣/ پێکهاتە بیناسازییەکانی مزگەوتەکە | ١٥٩ |
| ب/ منارەی مزگەوتی گەورەی دهۆک<br>١/ ناو و شوێن و مێژووی منارەکە | ١٦٠-١٥٩ |
| ٢/ ڕەگەزە بیناسازییەکانی منارەکە | ١٦٤-١٦٠ |
| **ئەنجام** | ١٦٧-١٦٥ |
| **خشتەی زانیاری منارەکان** | ١٧٠-١٦٨ |
| **پاشکۆی نەخشەکان** | ١٧٢-١٧١ |
| **پاشکۆی وێنەکان** | ٢٤٢-١٧٣ |
| **کەتەلۆگی منارە شوێنەواری و کەلەپورییەکان** | ٢٤٤-٢٤٣ |

| | |
|---|---|
| لیستی سەرچاوەکان | ٢٦٤-٢٤٥ |
| **پوختەی نامەکە بە زمانی عەرەبی** | أ |
| **پوختەی نامەکە بە زمانی ئینگلیزی** | B |


## پێرستی نەخشەکان


| ناونیشان | لاپەڕە |
|---|---|
| نەخشەی جوگرافی هەرێمی گوردستان کە تیایدا سەرجەم منارەکانی توێژینەوەکەی لەسەر دیاری کراوە | ١٧١ |
| نەخشەی شورای کۆنی خورماڵ و مزگەوت و قەڵا دێرینەکەی | ١٧٢ |


## پێرستی پاشکۆی وێنەکان


| ناونیشان | لاپەڕە |
|---|---|
| نمونەی چەند منارەیەک لە شارستانییەتی ئیسلامیدا | ١٧٥-١٧٣ |
| منارەی چۆلّی (موزەفەرییە) | ١٨١-١٧٦ |
| منارەی مزگەوتی گەورەی ئامێدی | ١٨٦-١٨٢ |
| منارەی مزگەوتی گەورەی خورماڵ | ١٩٨-١٨٧ |
| منارەی مزگەوتی گەورەی قەڵای هەولێر | ٢٠٣-١٩٩ |
| منارەی مزگەوتی خانەقای کفری | ٢٠٥-٢٠٤ |
| هەردوو منارەکەی مزگەوتی گەورەی سلێمانی | ٢١٤-٢٠٦ |
| منارەی مزگەوتی خانەقای سلێمانی | ٢١٩-٢١٥ |
| منارەی مزگەوتی حاجی مەولود (شیخە رەشکە) | ٢٢٤-٢٢٠ |
| منارەی مزگەوتی خانەقای هەولێر | ٢٣٠-٢٢٥ |
| منارەی مزگەوتی تولیتا (ئاکرێ) | ٢٣٣-٢٣١ |
| منارەی مزگەوتی گەورەی ئاکرێ | ٢٣٧-٢٣٣ |
| منارەی مزگەوتی گەورەی دهۆک | ٢٤٢-٢٣٨ |
| کەتەلۆکی منارە شوێنەوارییەکان | ٢٤٣ |
| کەتەلۆکی منارە کەلەپوورییەکان | ٢٤٤ |

# پێشەکی

# پێشەکی

نووسین یاخود بەدواداچوون و توێژینەوە لەسەر هەر بابەتێکی شارستانیی زۆر گرنگ و پڕ بایەخە، بەڵام لە هەمان کاتدا زۆر دژوار و ئەستەمە، گرنگ و پڕ بایەخە، چونکە گەڕانەوەیە بۆ ژیانی ڕابردووی مرۆڤایەتی و وێنایەکی مێژووە بە شێوەیەکی زیندوو، هەوڵدانێکە بۆ ئەوەی ڕابردوو بەپێی توانا زیندوو نیشان بدرێت، هەر ئەم دید و تێڕوانینە خۆی لە خۆیدا هۆکاریشە بۆ ئەوەی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە لەسەر شارستانییەت زۆر دژوار و سەخت بێت.

ئەم توێژینەوەیەش کە دەربارەی بیناسازیی منارەیە و بەشێکی گرنگ و دانەبڕاوی شارستانییەتە بە هەردوو واتا و جۆرەکەیەوە، بە جۆرێک پێکهاتەیەکی دیار و بەرچاوی بیناسازیی مزگەوتەکانە و ماددییە، و لە هەمان کاتدا مەعنەویشە، چونکە بووەتە ناسنامەی مزگەوتەکان و هێمای شار و ئاوەدانییە موسڵمان نشینییەکان، هەروەها بەکارهاتووە بۆ بانگدان و بانگەواز بۆ نوێژە فەرز و سوننەتەکانی وەک نوێژی جەژن و خۆر و مانگ گیران و جیهاد و کاروباری تری گۆمەڵگەکان، جگە لەوە منارەکان بە هۆکاری بەرزییان بوونە بیرۆکەی فراوانکردنی مەودای ئەو دەنگە ڕۆحییەی (بانگ) کە بۆ ئاگادارکردنەوە و بانگهێشتکردنی موسڵمانان بەکاردەهات بۆ ئەنجامدانی فەریزەیەکی خودایی کە نوێژەکانن.

منارە بریتییە لە بینا یاخود قوڵلەیەکی بەرز، یەکێکە لە ڕەگەزە گرنگەکانی بیناسازیی دینی لە ئیسلامدا، و پاش دروستکردنی مزگەوتەکان بنیاتنراوە، پێکهاتەی منارە بەشێوەیەکی گشتی بریتییە لە: (بنکەیەکی پتەو، لاشە، پلیکانە، دەرگا، بالکۆن، گومەز و ...)، هەڵکەوتەی جوگرافی و کەرەستەی بیناسازیی بەردەست و پێشکەوتنی هونەری بیناسازی و... تاد، کاریگەرییان هەیە و هەبووە لەسەر شێواز و تەزری بیناسازییان، خشت یان بەرد، پاڵپشت بە گەچ یان قسڵ لە دروستکردنییاندا بەکارهاتوون، لە سەرەتادا تەنها مەبەست لە دروستکردنیان بریتی بووە لە لایەنی جوانکاری و ئەرک و وەزیفەیەکی دیاریکراو کە بانگدان بووە لەسەریان، بەڵام دواتر بەپێی تێپەڕبوونی سەردەمەکان و پێشکەوتنی بواری بیناسازیی لە شارستانییەتی ئیسلامیدا تەنها لەو چوارچێوەیەدا نەمانەوە، بەڵکو بوونە هێما و ناسنامەی شارە ئیسلامییەکان بە گشتی و هەندێک گەورە شاری مێژوویی وەکوو قاهیرە لە مصر و هەولێر لە هەرێمی کوردستان.

لەم ڕوانگەیەشەوە لە هەرێمی کوردستان چەندەها مزگەوت و منارە دروستکراون، کە لە ئێستادا هەندێکیان شوێنەواری و هەندێکیان وەک کەلەپووری ماونەتەوە، بەڵام وەک پێویست نەناسێنراون و گرنگی و بایەخی شوێنەواری و کەلەپوورییان دەرنەخراوە، لێرەوە گرنگی توێژینەوەکەی ئێمە دەردەکەوێت کە باسکردن و توێژینەوەیە لە بواری بیناسازیی منارە شوێنەوارییی و کەلەپوورییەکان لە هەرێمی کوردستان.

**هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکەمان** بۆ نەبوونی یان کەمی سەرچاوەی زانستی پێویست بووە لەسەر ئەو بابەتە بە تایبەتی لە زمانی کوردیدا. ئەمە جگە لە خستنەڕووی ڕۆڵ و بایەخی دروستکردنیان وەکوو پێکهاتەیەکی سەرەکی و گرنگ و دیار لە مزگەوتەکاندا، هاوشان بەدیارخستن و گەڕان بە دوای ئەو پرسیارەی کە: ئایا بۆچی منارەکان لە شارستانییەتی ئیسلامیدا لە پاش دروستکردنیانەوە سەردەم

لەدوای سەردەم ڕۆڵ و بایەخیان زیاتر بووە؟ و لەو ئەرک و وەزیفەیەکەوە کە پێکهاتەیەکی بیناسازیی مزگەوتەکان بن و بۆ ئەوە بەکاربهێنرێن بانگ و بانگەوازیان لەسەر بدرێت، هەنگاو بنێن بەرەو ئەوەی ببنە هێما و ناسنامەی شار و ناوچەکان و ڕووی پێشکەوتنی بیناسازیی ئیسلامیی پیشان بدەن و لە چوارچێوەیەکی وردی ئەندازەییدا دروستبکرێن؟!

**گرنگی ئەم توێژینەوەیەش** لەوەدایە تەنها باسی منارە نەکراوە وەکوو پێکهاتەیەکی بیناسازیی مزگەوتەکان لە شارستانییەتی ئیسلامی بە گشتی و هەرێمی کوردستان بە تایبەتی، بەڵکو باس لە مێژووی دروستکردنیان، بیری سەرهەڵدانیان، مەبەست لە دروستکردنیان، گرنگی و بایەخیان، ڕۆڵ و کاریگەرییان، شێوە و شکڵیان و ... تاد، سەرباری باسکردنی هەموو ئەو دەستەواژە جیاوازانەی بەپێی هەڵکەوتەی خاکی موسڵمانان بەکارهێنراون بۆیان.

**گرفتی توێژینەوەکە:** لە نووسینی ئەم توێژینەوەیەدا چەند گرفتێکمان هاتە ڕێ لە دیارترینیان نەمانی بەشێک لە منارە شوێنەوارییەکان یان نەبوونی زانیاری و سەرچاوەی پێویست لەسەر شێوە و تایبەتمەندی هەندێکیان، ئەمەش توێژەری ناچارکردووە بۆ نووسین لەسەریان پشت ببەستێت بە سەردانە مەیدانییەکانی و چاوپێکەوتەکانی لەگەڵ کەسانی شارەزا و خاوەن زانیاری، پاش گوڵبژێرکردن و هەڵسەنگاندن توانرا بەسەر ئەو گرفتەدا سەرکەوین و توێژینەوەکە بەم جۆرەی ئێستا بە کۆتا بگەیەنین.

دیارە لەم چوارچێوەیەی توێژەر هەڵیبژاردووە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکەی چەند توێژینەوەیەک لەوەو پێش ئەنجامدراون، لە گرنگترینیان نامەیەکی ماستەرە و لەلایەن (زێدان ڕەشید برادۆستی)یەوە بە شێوەی کتێب بە ناونیشانی: (الفن والعمارة الدينية في إقليم كوردستان والعراق، المآذن الأتابكية نموذجا (دراسة تحليلية ميدانية)) چاپکراوە و بەردەستە.

**لە گرنگترین ئەو سەرچاوانەش لە توێژینەوەکەماندا سودمان لێوەرگرتوون و بەکارمانهێناون بریتین لە:**

- خضر، ئاراس اسماعيل: *العناصر المعمارية والنقوش الزخرفية في العمائر العثمانية الباقية في إقليم كوردستان/ العراق (خلال (١١٠٦-١٣٢٦هـ/١٧٠٠-١٩٢٠م) دراسة أثرية معمارية فنية*، رسالة ماجستير غير منشورة، قسم الأثار الإسلامية، كلية الأثار، جامعة القاهرة، ٢٠١٣-٢٠١٤م.
- طرشاوي، بلحاج: *العمارة الإسلاميه أصولها الفكرية ودلالاتها الثقافية والبيئة من خلال بعض النماذج*، أطروحة الدكتوراه غير منشورة، جامعة أبي بكر بلقايد - تلمسان، كلية الأداب والعلوم الإنسانية والعلوم الإجتماعية، قسم الثقافة الشعبية، شعبة الفنون، الجمهورية الجزائرية، ٢٠٠٦ - ٢٠٠٧ م.
- باجگر، نەوزاد یەحیا: *سلێمانی لە بەڵگەنامەکانی عوسمانی دا (١٢٦٣-١٣٣٦کۆچی/١٨٤٧-١٩١٨زایینی)*، و: ئاشتی ڕەحمان، ب٨، چ١، هەولێر، ٢٠١٩ ز.
- باجگر، نەوزاد یەحیا: *هەولێر لە بەڵگەنامەکانی عوسمانی دا (١٧٠٨-١٣٣٩کۆچی/١٦٦٧-١٩٢٠زایینی)*، و: ئاشتی ڕەحمان، چ١، ب٢، هەولێر، ٢٠١٨ ز.

- قزڵجەیی، محەمەد: *ناساندنێکی مزگەوتەکانی سلێمانی و خوێندنگە ئاینییەکانی*، و: ئاراس محەمەد صالح، چ١، چاپخانەی شڤان، ٢٠١٣ز.
- طراد، مهند وصقر الصقور: تصميم المآذن بين التاريخ والمعاصرة (نماذج من الأردن)، م٢٢، العدد ٤، ٢٠١٦ م.
- عبدالأمير، صفا لطفي: *الأبعاد الجمالية للمئذنة في العمارة الإسلامية*، مجلة جامعة بابل، العلوم الأنسانيه، م ١٨، العدد ٢، بابل، العراق، ٢٠١٠ م. ص: ٥٥١.

توێژینەوەکەمان لەژێر ناونیشانی: (هونەری بیناسازیی منارە شوێنەواریی و کەلەپوورییەکان لە هەرێمی کوردستان) دابەشکردووە بەسەر سێ بەشدا، بەم شێوەیە:

**بەشی یەکەم** بریتییە لە باسکردنی مێژوو و گرنگی و بایەخی مزگەوت و منارە لە شارستانییەتی ئیسلامیدا و دابەشی دوو باس کراوە، باسی یەکەم تایبەتە بە مێژوو و گرنگی و بایەخی مزگەوت لە شارستانییەتی ئیسلامیدا، و لە سێ تەوەرە پێک هاتووە، باسی دووەم تایبەتە بە مێژوو و گرنگی و بایەخی منارە لە شارستانییەتی ئیسلامیدا، و لە شەش تەوەرە پێک هاتووە، ئەم بەشە بناغەی توێژینەوەکەیە و دەستپێکێکی گرنگە بۆ چوونە ناو بابەتی سەرەکی توێژینەوەکە.

**لە بەشی دووەمدا** بە پێی یەک لەدوای یەک هاتنی مێژوویی باس لە منارە شوێنەوارییەکان لە هەرێمی کوردستاندا کراوە و دابەشی چوار باس کراوە، بە جۆرێک هەر باسێک تایبەتە بە منارەیەک (منارەی چۆڵی، منارەی خورماڵ، منارەی ئامێدی و منارەی مزگەوتی گەورەی قەڵای هەولێر)، و هەریەکەیان بە چەند خاڵێک بە تێرو تەسەلی باس لە مێژوو و تایبەتمەندیی بیناسازییان کراوە.

**بەشی سێیەم** و کۆتایی توێژینەوەکەش تایبەتە بە چەند منارەیەکی کەلەپووریی هەڵبژێردراو لە هەرێمی کورستان، و دابەشی چوار باس کراوە، باسی یەکەم تایبەتە بە منارە کەلەپوورییەکانی پارێزگای سلێمانی (منارەی مزگەوتی خانەقای کفری، دوو منارەکەی مزگەوتی گەورە و منارەی مزگەوتی خانەقای مەولانا خالید) و باس لە مێژوو و هونەرو پێکهاتە بیناسازییەکانیان کراوە، باسی دووەمیش تایبەتە بە دوو منارەی هەڵبژێردراوی کەلەپووریی شاری هەولێر (منارەی مزگەوتی شێخە ڕەشکە و منارەی خانەقای مەولانا خالید) و باس لە مێژوو و هونەر و پێکهاتە بیناسازییەکانیان کراوە، باسی سێیەمیش تایبەتە بە چەند منارەیەکی کەلەپووری ناوچەی بادینان (منارەی تولیتا، مزگەوتی گەورەی ئاکرێ و منارەی مزگەوتی گەورەی دهۆک) و بە هەمان شێوە باس لە مێژوو و هونەرو پێکهاتە بیناسازییەکانیان کراوە، باسی چوارەم و کۆتاییش تایبەتە بە مزگەوت و منارەی ڕوخێندراوی خانەقای کفری و بە کورتی باسیان دەربارە کراوە.

لە پاش ناوەڕۆکی توێژینەوەکەش بە چەند خاڵێک گرنگترین و دیارترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە خراونەتە ڕوو.

ئەوەی گرنگە لێرەدا ئاماژەی پێبکەین و ڕوونی بکەینەوە دەستەواژەی (کەلەپوور)ـە کە لە توێژینەوەکەماندا بەکارمانهێناوە بۆ ئەو منارانەی شوێنەواری نین و تەمەنیان لە (٥٠) ساڵ زیاترە، بە پێی ڕێنماییەکانی ڕێکخراوی (یونسکۆ) ئەو شوێنانەی ڕەهەندێکی مێژوویی و مرۆڤایەتییان هەیە، یان

پێوەستن بە کەلتور و داب و نەریتی کۆمەڵگەیەک و بونەتە بەشێکی ئەو کۆمەڵگەیە پێویستە بپارێزرێن، هەروەها بەپێی ماددەی (٤) برگەی (٨) لە یاسای شوێنەواری عێراقی ساڵی (٢٠٠٢)، بڕیار دراوە بە پاراستنی ئەو شوێنانەی تەمەنیان لە (٢٠٠) ساڵ کەمترە و ڕەهەندێکی مێژوویی گرنگیان هەیە. واتە هەر شوێن و جێگەیەک یان هەر پارچەیەک ڕەهەندێکی مێژوویی و شوێنەواری هەبێت و تەمەنی لە (٢٠٠) ساڵ کەمتر بێت وەکوو کەلەپوور مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و پاراستنی بە یاسا ڕێکخراوە، هەروەها بەپێی یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠٢١) تایبەت بە یاسای بەڕێوەبردن و پاراستنی شوێنەوار و کەلەپوور لە هەرێمی کوردستان – عێراق، لە ماددەی (١) برگەی (٨) خاڵی (١-٢) هاتووە: هەر ماددەیەکی گوازراوە و نەگوازراوە کە دروستکراوە، نەخشکراوە، بەرهەمهێنراوە، نووسراوە، دەستنووسە، وێنەی کێشراوە، یان وێنەی گیراوە و بەهایەکی مێژوویی، یان نیشتیمانی، نەتەوەیی، ئایینی، یان هونەری هەیە، بە کەلەپوور ئەژمار دەکرێت و دەبێت بپارێزرێت وەکوو سامانێکی بەنرخی نیشتیمانی، هەرچەندە لە خاڵی (٢)ی هەمان برگەدا ئاماژە بەوە کراوە کە دەبێت تەمەنیان لە (١٠٠) کەمتر نەبێت، بەڵام جێگای تێبینییە و پێمان وایە ئەم یاسایە هەرچەندە نوێیە، بەڵام پێویستی بە هەموارکردنەوە هەیە، چونکە لە هەرێمی کوردستاندا چەندان ماددەی گوازراوە و نەگوازراوە هەن کە لە کۆمەڵگەدا ڕەهەندێکی مێژووییان وەرگرتووە و بە چاوێکی گرنگ و پڕ بایەخەوە سەیر دەکرێن و وەکوو سامانێکی نیشتیمانی هەژمار دەکرێن و تەمەنیان نەگەیشتووەتە (١٠٠) ساڵ، و بەهۆی گەشەی بەردەوام و خێرای کۆمەڵگەوە ترسی لەناوچوونیان هەیە و پێویستیان بە یاسایەکی تایبەت هەیە بۆ پاراستن و ناساندنیان وەکوو کەلەپوورێکی نیشتیمانی.

توێژەر لە توێژینەوەکەیدا بە پشت بەستن بەو ڕەهەندە مێژووییەی منارەکان هەیانە لە ناوچەکانیاندا و بەپێی ئەو برگە یاسایەی شوێنەواری عێراقی کە گرنگی و بایەخی مێژوویی ئەژمارکراوە لە جیاتی تەمەن و مێژوو، وەرمان گرتوون و کارمان لەسەر کردوون.

سەرباری ئەوە گومان لەوەدا نییە توێژینەوەکەمان بێ هەڵەو کەم و کورتی نییە، هەڵە و کەم و کورتی مرۆڤیش لە ئەنجامی هەوڵ و کارکردنییەتی، بۆیە داواکارین هەڵەو کەم و کورتییەکانی ئەم توێژینەوەیە بە ڕەخنەی بنیاتنەر هاوشێوەی دیاری پێشکەش بە توێژەر بکرێت.

توێژەر

# بەشی یەکەم
# مزگەوت و منارە، گرنگی و بایەخی دروستکردنیان
# لە شارستانییەتی ئیسلامیدا

## باسی یەکەم/ مزگەوت، گرنگی و بایەخی لە شارستانی ئیسلامیدا

## باسی دووەم/ منارە، گرنگی و بایەخی لە شارستانی ئیسلامیدا

**باسی یەکەم/ مزگەوت، گرنگی و بایەخی لە شارستانی ئیسلامیدا**

**تەوەرەی یەکەم: مێژووی دەرکەوتنی مزگەوت لە ئیسلامدا**

مزگەوت بریتییە لە یەکەیەکی بیناسازی ئیسلامی کە تیایدا موسڵمانان پەرستشی تێدا ئەنجام دەدرێت، خوای گەورە ڕێزی لێناوە و لە کۆمەڵگەی موسڵماناندا لە بواری پەروەردە و ڕۆشنبیری دینیدا پێگەو شوێنی تایبەت و کاریگەری هەیە، شوێنکەوتوانی ئایینی ئیسلام پەرستش و پاڕانەوەی تێدا ئەنجام دەدەن، مزگەوتەکان تایبەت نین تەنها بە پەرستشەکان (نوێژی هەینی و نوێژە بەکۆمەڵەکانی ڕۆژانە و نوێژی دوو جەژنەکە و نوێژی خۆرگیران و مانگ گیران و ... تاد)، بەڵکو ناوەندێکی گرنگ و کاریگەری ئایینی و ڕامیاری و ئابوری و ڕۆشنبیری و سەربازی و... تاد بوو لە کۆمەڵگەی موسڵماناندا، تاوتوێی کێشەکانی تێدا دەکرێت، کاروباری جەنگی و ڕامیاری و ئابوری و هی تریشی تێدا ڕێک دەخرێت[1].

پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە مزگەوتی شاری مەدینەدا سەرجەم کاروبارەکانی دەوڵەتی بەڕێوەدەبرد، لە ڕووی دیبلۆماسییەوە هەر لەوێ چاوی بەو نێردراوانە دەکەوت دەهاتنە لای، ناوەندێک بوو بۆ فێرکردن و پەخشکردنی پەیام و ڕێنمایی خوای گەورە، هەر لە مزگەوتدا پەیمانی لە موسڵمانان وەردەگرت، هەر ئەمەش هۆکار بوو مزگەوتەکان لە شارستانییەتی ئیسلامیدا گرنگییەکی زۆریان پێدرێت و لە کاتی دروستکردنیاندا لە شار و ئاوەدانییەکاندا یەکەم هەنگاو و بینا بێت و بکەوێتە ناوەند و چەقی شار و ئاوەدانییەکان. لە زمانی کوردیدا بە گشتی دەوترێت مزگەوت (مزگەفت)، چ بۆ ئەو مزگەوتانەی بچوکن و تەنها نوێژی بە کۆمەڵیان تێدا ئەنجام دەدرێت، و چ ئەو مزگەوتانەی قەبارەیان گەورەترە و نوێژی بە کۆمەڵ و جومعەشیان تێدا ئەنجام دەدرێت، بەڵام لە زمانی عەرەبیدا بە پێی ڕووبەر و قەبارە و تایبەتمەندییەوە جیاوازە و بە هەموو مزگەوتێک ناوترێت (مسجد) کە هاوواتای مزگەوتە لە زمانی کوردیدا، بەڵکو سێ دەستەواژە بەکاردەهێنرێن ئەوانیش بریتین لە: (مصلی – زاویة، المسجد، الجامع)، بۆ زیاتر تێگەیشتن لەم دەستەواژانە لە خوارەوە بە کورتی دەیانناسێنین.

**أ/ مصلی یان زاویە:** بریتییە لە لەو شوێنەی لانی کەم جێگەی چل نوێژخوێنی تێدا دەبێتەوە، بەکاردەهێنرێت بۆ ئەنجامدانی نوێژی بە کۆمەڵ لە پێنج کاتی نوێژی ڕۆژانەی موسڵمانانی ئامادە بوو لە دام و دەزگا و کارگە و قوتابخانە و ... تاد، یان بۆ گوندە بچوکەکان، یان کۆمەڵگانشینییەکان، ئەمەش بۆ ئەوەیە موسڵمانانی ئەو شوێنانە کە نوێژەکانیان بە کۆمەڵ و بە یەکەوە ئەنجام بدەن و لە خێری نوێژی بە کۆمەڵ بێ بەش نەبن[2].

**ب/ المسجد:** بەو شوێنە دەوترێت کە کڕنوشی تێدا دەبرێت، مێژوونووس و زانای بواری شوێنەوار (حسن عەبدولوەهاب) (م: ١٩٦٧) پێی وایە: هەر شوێنێک پەرستشی تێدا ئەنجام بدرێت پێی دەوترێت (المسجد)[3].

---

[1] Giotein, S. D. *Studies in Islamic History and Institutions*. Leiden : E.J. Brill, 1968. P:75.

[2] حسن، نوبي محمد: *عمارة المسجد في ضوء القرآن والسنة*، ط١، دار نهضة الشرق، القاهرة، ٢٠٠٢ م، ص: ١٥.

[3] عبدالوهاب، حسن: *تاريخ المساجد الأثرية*، ج١، مطبعة دار الكتب المصرية، القاهرة، ١٩٤٦م، ص: ١١.

لەم بارەیەوە خوای گەورە لە قورئاندا دەفەرموێت: ﴿ وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّن مَّنَعَ مَسَٰجِدَ ٱللَّهِ أَن يُذْكَرَ فِيهَا ٱسْمُهُۥ وَسَعَىٰ فِى خَرَابِهَآ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ مَا كَانَ لَهُمْ أَن يَدْخُلُوهَآ إِلَّا خَآئِفِينَ ۚ لَهُمْ فِى ٱلدُّنْيَا خِزْىٌ وَلَهُمْ فِى ٱلْءَاخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴿١١٤﴾ ﴾[٤]، واتە: (کێ ناهەقترە لەو کەسەی ڕێگە نەدا ناوی خودا لە مزگەوتەکانی خوادا بهێندرێ و هەوڵیش بدا وێران ببن؟ نەدەبوایە ئەمانە هەر بچنە ناویان مەگین بە ترس و لەرزەوە، بەشیان لە دونیا سووکییە و لە قیامەتیش ئازاری دژواریان هەیە)[٥].

هەر لەم بارەیەوە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: (وَجُعِلَتْ لِي الأرضُ مَسجِدًا وطَهُورًا)[٦]، واتە: (سەر زەویم بۆ کراوە بە سوژدەگا و پاکۆکەر (لە جێی ئاو تەیەمومی پێ دەکرێت)[٧].

قازی عەیاز دەڵێت: یەکێک لەو تایبەتمەندییانەی کە بەم ئوممەتە دراوەو بە ئوممەتانی پێشوو نەدراوە، بریتییە لەوەی کە هەموو زەوی بۆ کراوەتە مزگەوت و دەتوانن نوێژی تێدا بکەن بە مەرجێک ئەو شوێنە پاک بێت[٨].

**ج/ الجامع:** پێوەندی بە (مسجد)ەوە هەیە، هێمایە بۆ کۆبوونەوە، لە سەرەتای بانگەوازدا وشەی (الجامع) بۆ ئەو مزگەوتانەی کە جومعە و جەماعەتیان تێدا دەکرا بە تەنها بەکار نەدەهات، بەڵکو تێکڕا دەیانووت (المسجد الجامع)، پاشان خەڵکی دەیانووت (المسجد الكبير)[٩].

یەکەم مزگەوت لە ئیسلامدا بریتی بوو لە مزگەوتی (قباء) کە پێی دەوترا (مسجد التقوى)، وەک لە فەرمایشتی خوای گەورەدا هاتووە: ﴿ لَا تَقُمْ فِيهِ أَبَدًا ۚ لَّمَسْجِدٌ أُسِّسَ عَلَى ٱلتَّقْوَىٰ مِنْ أَوَّلِ يَوْمٍ أَحَقُّ أَن تَقُومَ فِيهِ ۚ فِيهِ رِجَالٌ يُحِبُّونَ أَن يَتَطَهَّرُوا۟ ۚ وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلْمُطَّهِّرِينَ ﴿١٠٨﴾ ﴾[١٠]، واتە: (هەرگیز لەو مزگەوتەدا ڕامەوەستە بۆ نوێژکردن، بە ڕاستی مزگەوتێ لە یەکەم ڕۆژیەوە لەسەر لە خودا ترسان دروست کرابێ و بناخەی دانرابێ وەک مزگەوتی قوبا یا مزگەوتەکەی خۆت، ئەوە لایقترە بۆ ئەوەی تیایدا بوەستی و نوێژی تیا بکەی، چونکە چەند پیاوێکی تێدایە حەز ئەکەن خۆیان لە خووڕەوشتی خراپ پاکبکەنەوە و خوداپەرستی بکەن. بێگومان خودا ئەوانەی خۆش ئەوێ کە خۆیان لە خوو کرداری خراپ پاک ئەکەنەوە.)[١١].

---

[٤] القرآن الكريم، سورة البقرة.

[٥] قورئانی پیرۆز، وەرگێڕانی: عەبدوڕەڕەحمان شەرەفکەندی (مامۆستا هەژار)، چ ١، چاپخانەی اسوه، ایران، ١٩٨٨، ل ١٨.

[٦] صحيح البخاري، *كتاب الصلاة، باب قول النبي ((وَجُعِلَتْ لِي الأرضُ مَسجِدًا وَطَهُورًا))*، برقم (٦٢/١-٥٦-٤٣٨).

[٧] المنذري، زكي الدين عبدالعظيم بن عبدالقوي: *پوختەی صەحیحی موسلیم*، و: لیژنەیەک، ب١، چ١، ٢٠٠٧ ز، ل: ١٥٠.

[٨] مختار، علي محمد: *دور المسجد في الإسلام*، السنة ثانية، جمادى الأولى، ١٤٠٢ هـ العدد ١٤، ص: ٥.

[٩] مختار، المرجع السابق، ص: ٦.

[١٠] القرآن الكريم، سورة التوبة.

[١١] خوڵاصەی تەفسیری نامی، دانراوی: مەلا عبدالكريمی مدرس، چ٢، ناوەندی ڕاگەیاندنی ئارا، سلێمانی، ٢٠١٠ز، ل ٢٠٤.

مزگەوت لە گرنگترین دامەزراوەکانی بنیاتنانی کۆمەڵگەی ئیسلامییە، هەندێک لە زانایانی ڕۆژهەڵاتناس پێیان وایە ئەسڵ و بنەچەی پلانی بیناسازیی مزگەوت (تخطيط المسجد) دەگەڕێتەوە بۆ پەرستگا کۆنەکانی میسر یان کڵێساکانی شام[١٢].

بلحاج طرشاوي ئاماژە بەوە دەکات: مێژوونووسی فەڕەنسی (لوسيان گولفين-Lucian Golvin) (م:٢٠٠٢) پێی وایە: لێکچوونێکی زۆر هەیە لە نێوان پەرستگا کۆنەکان و مزگەوتی موسڵمانەکان، بۆ نموونە: پەرستگاکانی (دورا يوروپوس-Dura Europos) لە ساڵی (٢٥٦ پ.ز) دۆزرانەوە لە پلان و نەخشەیاندا مزگەوتەکان هاوشێوەیان بوون، دەڵێت: ئەم پەرستگایانە لە بناغەدا لاکێشەیی بوون، بە درێژی (١٠م) و پانی (٣م)، هۆڵێکی چوارگۆشەیی هاوشێوەی هۆڵی مزگەوتەکانیان هەبووە بۆ پەرستن، پانییەکەی (١٣,٦٥ م) و بەرزی (٦ م)، لە سێ لایدا ڕیواق هەبووە، لەگەڵ بوونی میحرابێک بە ئاڕاستەی بيت المقدس[١٣].

ڕۆژهەڵاتناسی بەریتانی (کريزويل) (م:١٩٧٤) هەمان بۆچوونی هەیەو پێی وایە: موسڵمانەکان سەرەتا زانیارییان زۆر کەم بووە، بەڵام لە ئەنجامی فتوحات و تێکەڵاوبوون لەگەڵ نەتەوەکانی تر زانیاری زۆریان دەست کەوت، بۆ نموونە تا ماوەیەک درهەمی ساسانی و دیناری بێزەنتینیان بەکاردەهێنا، پێش ئەوەی خۆیان بۆ یەکەمجار لە سەردەمی عەبدولمەلیکی کوڕی مەڕوان (٦٥ – ٨٦ ک)دا دراوێکی تەواو ئیسلامی تایبەت بە خۆیان لێبدەن[١٤].

بە هەمان شێوە لە بواری بیناسازیشدا سودی زۆریان لە هونەری بیناسازیی فارسەکان و ڕۆمەکان وەرگرتووە، هەروەها پێی وایە مزگەوتی گەورەی ئومەوییەکان لە شاری دیمەشق هونەری دروستکردنەوەکەی لە کڵێساکانی مەسیحییەکان دەچێت، و زیاتر لەوەش دەڵێت: مزگەوتەکان کۆپی کراوی کڵێسای بێزەنتینییەکانن و جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە، هەروەها کەوانی میحرابی مزگەوت لە هۆڵی ناو کڵێساوە وەرگیراوە، و ئەملاولاکەشی لە شێوەی باڵی (حەزرەتی مەسیح) وەرگیراوە (سەلامی خوای لێ بێت)[١٥].

مێژوونووسی ئیسپانی (مانويل جوميث مورينو) (م:١٩٧٠) هەمان بۆچوونی (گولفين و کريزويل) دووپات دەکاتەوە و پێی وایە: بیناسازیی مزگەوت بیرۆکەکەی لە کڵێساکانەوە وەرگیراوە[١٦].

---

[١٢] طرشاوي، بلحاج: *العمارة الإسلاميه أصولها الفكرية ودلالاتها الثقافية والبيئة من خلال بعض النمانج*، أطروحة الدكتوراه غير منشورة، جامعة أبي بكر بلقايد-تلمسان، كلية الأداب والعلوم الإنسانية والعلوم الإجتماعية، قسم الثقافة الشعبية، شعبة الفنون، الجمهورية الجزائرية، ٢٠٠٦ – ٢٠٠٧ م، ص: ١٠.

[١٣] طرشاوي: المرجع السابق، ص: ١٠.

[١٤] ك.كريزويل: *الآثار الاسلامية الأولى*، نقله الى العربية: عبدالهادي عبله، ط١، مطبعة خالد بن وليد، دار قتيبة، دمشق، ١٩٨٤م، ص: ٦١-٦٢.

[١٥] Lucian golvin: *La mosquee, institute des etudes islamiques a Alger*, Alger, 1960.

[١٦] مانويل، جوميث مورينو: *الفن الإسلامي في إسبانيا (من الفتح الإسلامي للأندلس حتى نهاية عصر المرابطين) وفنون المستعربين*، ت: لطفى عبدالبديع و عبدالعزيز سالم، مؤسسة شباب الجامعة، ص: ١١.

گومان لەوەدا نییە شارستانییەتەکان بە درێژایی مێژوو یەک لە دوای یەک کاریگەرییان هەبووە لەسەر یەکتری، شارستانییەتی ئیسلامیش لە سەرجەم ڕەهەندەکانەوە بەپێی گونجان و دژ نەبوون لەگەڵ یاسا و شەریعەتی ئایینەکەی کاریگەر بووە بە شارستانییەتەکان و سودی لێیان وەرگرتووە، دەکرێت بوترێت یەکێک لەو ڕەهەندانە لایەنی بیناسازیی بووە (بیناسازیی مزگەوتەکان)، بەڵام بەو شێوە و پلان و تەرزە بیناسازییەی کە تایبەتە بە خودی دینەکە و گونجاوە لەگەڵ شوێنێکدا کە خوای گەورە بە تایبەت باسی کردووە و ڕێزی لێناوە، هەروەها ئاشکرایە کە مزگەوتەکان خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندی و پێکهاتەی بیناسازین کە لە خودی کڵێسا و پەرستگاکاندا بوونیان نییە جیای دەکاتەوە لێیان، لەوانە: هۆڵێکی تایبەتی لاکێشەیی بۆ نوێژخوێنان و کۆبوونەوەی موسڵمانان کە سەرگیراو و ڕوو لە ڕووگە بێت و دەرگای لە بەشی دواوە بێت، هەروەها میحرابێکی ڕوو چاڵ و مینبەرێکی بەرز بەسەر هۆڵەکەدا بڕوانێت لە بەشی ڕووگە، لەگەڵ حەوشەیەکی کراوە لەبەردەم مزگەوتەکەدا کە لێیەوە بگەیتە بەشە داخراوەکانی مزگەوتەکە و ... تاد.

- **مزگەوتی پێغەمبەری خودا (ﷺ):**

ئەم مزگەوتە بە سەرەتای تەواوی مزگەوتەکانی جیهانی ئیسلامی و شارستانییەتی ئیسلامی دادەنرێت، دەبێت هەموو مزگەوتەکانی سەرانسەری جیهان نەگۆڕەکانی (الثوابت) ئەو مزگەوتە بپارێزن، لە: (ڕووگە (قیبلە)، میحراب، مینبەر، هۆڵی نوێژکردن (بیت الصلاة)، ... تاد)[17].

پاش دابەزینی وەحی بۆ پێغەمبەری خوا و (ﷺ) دەستکردن بە دەعوە و بانگەواز لە شاری مەککە، سەرانی قوڕەیش هەر زوو دەستیان کرد بە دژایەتی بانگەواز و بەرنامەی ئیسلام بە هۆکاری ئەوەی ئایینی نوێ لە بەرژەوەندی ئەواندا نەبوو، هەر زوو کەوتنە دژایەتی و ئازاردانی پێغەمبەری خوا و (ﷺ) شوێنکەوتوانی، پاش نزیکەی دە ساڵ بانگەواز لە شاری مەککە سەرئەنجام ڕۆژێک پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە دڵخۆشییەوە هاتە ناو هاوەڵەکانی و پێی فەرموون: ئەو شوێنەم پیشاندراوە کە کۆچی بۆ بکەین و ئێرە لە زوڵم و ستەمی ئەهلی قوڕەیش جێ بهێڵین ئەویش شاری (یەثریب - مەدینە)یە، هەر یەکێک لە ئێوە دەیەوێت مەککە جێ بهێڵێت با بۆ ئەوێ بچێت، پاش تێپەڕبوونی دوو مانگ و چەند ڕۆژێک کەس لە هاوەڵان نەمانەوە لە شاری مەککە جگە لە پێغەمبەری خوا و (ﷺ) ئەبوبەکر و عەلی و بەندکراوەکان و نەخۆش و بێ هێزەکان، پێغەمبەری خوا (ﷺ) چاوەڕێی فەرمانی خوای گەورە بوو بۆ ئەوەی ئەوانیش کۆچ بکەن، سەرئەنجام لە شەوی هەینی بە فەرمانی خوای گەورە بە هاوەڵی ئەبوبەکر لە (٢)ی مانگی (ربیع الأول) لە شاری مەککە چوونە دەرەوە و کۆچیان دەست پێ کرد، سێ شەو لە ئەشکەوتی (ثور) مانەوە، پاشان لەوێوە بە ڕێکەوتن و لە ڕۆژی دووشەممە (١٢)ی هەمان مانگی ساڵی یەکەمی کۆچی گەیشتنە قوباء[18].

---

[17] جاف، خوسرەو: *مێژووی مزگەوت و منارەو میحراب ومینبەرو مەزار*، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر،٢٠٢٠ز، ل١٩.

[18] مختار: المرجع السابق، ص: ٨٩-٩١. غریب، قاسم محمد: *گەورەی پێغەمبەران محمد (ﷺ) بناسە*، چ ١، لە بڵاوکراوەکانی تێنوس بۆ چاپەمەنی و کارتۆگرافیک، ٢٠١٥ز، ل:٣٥ - ٣٦.

پاش گەیشتنی بە قوباء یەکەم کاری بریتی بوو لە دروستکردنی مزگەوت، ئەمەش بووە یەکەم مزگەوت لە ئیسلامدا بە ناوی مزگەوتی (قوباء - التقوی)[19]، وەکوو خوای گەورە لە قورئاندا دەفەرموێت: ﴿ لَّمَسۡجِدٌ أُسِّسَ عَلَى ٱلتَّقۡوَىٰ مِنۡ أَوَّلِ يَوۡمٍ أَحَقُّ أَن تَقُومَ فِيهِ ﴿١٠٨﴾ ﴾[20]. ئەم مزگەوتە بووە یەکەمین ناوەندی ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی هزری بیری پاکی ئیسلامی لە مێژوودا [21].

ئیبن هیشام دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە قوباء لەناو بنەماڵەی (سالمی کوڕی عەوف) لە دۆڵی (رانوناء) لە ڕۆژی دووشەممە تاوەکوو هەینی مایەوە، لەو ماوەیەدا یەکەم مزگەوتی لە ئیسلامدا بنیاتنا و بە هەمان شێوە یەکەم (جومعە)یشی لە ئیسلامدا تێدا ئەنجامدا[22]، کاتێکیش گەیشتە شاری مەدینە لە ماڵی ئەبو ئەیوب خالد کوڕی زەید (ئەبو ئەیوبی ئەنصاری) مایەوە تاوەکوو مزگەوت و شوێنی نیشتەجێ بوونی خۆی دروستکرا[23].

بێگومان کۆچکردنی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆ شاری مەدینە، واتە پێکهێنانی یەکەم (دار الإسلام) لەسەر ڕووی زەوی، کۆچکردن واتە: پەیدابوون و سەرهەڵدانی دەوڵەتی ئیسلامی لەژێر چاودێری خودی پێغەمبەری خوا (ﷺ). بۆیە کاتێک کە بە سواری حوشترەکەیەوە گەیشتە مەدینە، بەناو کۆڵانەکانی شاردا دەڕۆشت تا گەیشتە شوێنێک کە موڵکی دوو برای منداڵی ئەنصاری بێ دایک و باوک بوو[24]، بە ناوەکانی (سەهل و سوهێل) کە پیاوێک بە ناوی (حەجەر ئەبو ئیمامەی ئەسعەدی کوڕی زرار) بووبووە پەروەردەکار و سەرپەرشتیاریان[25].

پاش کڕینی پارچە زەوییەکە کە لە ناوەڕاستی شاردا بوو دەستکرا بە دروستکردنی مزگەوت لەسەر شێوەی چوارگۆشە، بناغەکەی لە بەرد بوو، پاشان دیوارەکانی بە خشت و قوڕ بەرزکرانەوە، ستونەکانی لە قەدی دارخورما و بەشێک لە بانەکەی بە لق و گەڵای دارخورما داپۆشرا، ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی هیچ شتێکی نەبووە ڕێگر بێت لە کاتی بارانباریندا و ڕێگر بێت لەوەی زەوی مزگەوتەکە نەبێتە قوڕ[26].

---

[19] عبدالوهاب: المرجع السابق، ص: ١١.

[20] القرآن الكريم، سورة التوبة.

[21] *مسجد قباء ... أول مسجد في الإسلام*، مجلة بيوت المتقين، العدد ١٥، السنة الثانية، ذي الحجة ١٤٣٥ هـ ص: ١٠.

[22] إبن هشام، أبي محمد عبدالملك: *سيرة النبي (ﷺ)*، تحقيق ودراسة: مجدي فتحي السيد، م٢، ط١، دار الصحابة للتراث بطنطا، ١٩٩٥ م، ص: ١١٧-١١٨.

[23] إبن هشام: المصدر السابق، ص: ١٢٠.

[24] البوطي، محمد سعيد رمضان: *فیقهی سیرەی پێغەمبەر(د.خ) لەگەڵ کورتەیەک لە مێژووی خەلیفەکانی ڕاشدین*، و: مەلا مەحموودی گەلاڵەیی، چ١، ٢٠١١ز، ل: ٣١٥.

[25] جاف: سەرچاوەی پێشوو، ل: ٢٠-٢١.

[26] الزهري، محمد بن سعد بن منيع: *الطبقات الكبير- الجزء الأول في السيرة النبوية*، تحقيق: علي محمد عمر، ط١، الناشر مكتبة الخارجي بالقاهرة، ٢٠٠١م، ص: ٢٠٥.

هەرچەندە پێشنیار کرابوو لەلایەن چەند هاوەڵێکەوە بینای مزگەوتەکە هاوشێوەی بیناکانی شام بنیات بنرێت، بەڵام پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕازی نەبوو. دەربارەی چۆنییەتی داپۆشینی بانەکەشی پرسیاریان لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) کرد فەرمووی: کەپرێک وەکوو کەپری موسا (سەلامی خوای لەسەر بێت) کەمێک گەڵای خورما و دار و چیلکە دەخەینە سەری، زەوییەکەشی لم و چەو بوو، سێ دەرگای بۆ دروست کرا، دەرگای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و باشوور[٢٧].

مزگەوتەکان لە شارستانییەتی ئیسلامیدا لە ناوەندی شارەکاندا بنیاتدەنران، پاشان لە چواردەوریاندا ئاوەدانی شار دەستی پێکردووە و بینا و خانوو و ... تاد بنیاتنراون، چونکە لە سەرەتادا مزگەوتەکان تەنها شوێنی پەرستش نەبوون، بەڵکو شوێنی بڕیاری سیاسی و سەربازی و کارگێڕی و بڵاوکردنەوەی زانست و زانیاری و ... تاد بوو، بینا ئایینییەکانی ئیسلام پێکهاتەیەکی بیناسازیی جیاوازیان پێکدەهێنا کە ئاماژەیان دەکرد لە تەرزێکی تایبەتی موسڵمانان لە بواری بیناسازیدا، لەوانەیە لە دیارترین ئەو تەرزە تایبەتەش شوێنی بانگدان بێت کە بریتییە لە منارەی مزگەوتەکان[٢٨].

پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێش ئەوەی پەیامی خوای گەورەی پێ بگات چەند گەشتێکی بازرگانی بۆ شام ئەنجام دابوو بە سەرمایەی (خەدیجەی کچی خوەیلد) کە دواتر بووە خێزانی یەکەمی، پاش هاتنە خوارەوەی وەحی بۆی و فەرزبونی نوێژ و کۆچکردنیان بۆ شاری مەدینە و دروستکردنی مزگەوت[٢٩]، پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە گشتی هەندێک شت لە مێشکیدا مابوویەوە سەبارەت بە شێوازی کۆشک و بینا و پەرستگاکانی شام، بێگومان کڵێسا و پەرستگاکانی یەهودی و گاورەکانی لە نزیکەوە بینیبوو[٣٠]، لە دروستکردنی مزگەوتدا هاوشێوەی ئەوانی نەکرد و چاوی لێنەکردن، بەڵکو سوور بوو لەسەر ئەوەی بینای مزگەوتەکەی هاوشێوەی کەپری پێغەمبەر موسا بێت (سەلامی خوای لەسەر بێت)[٣١].

لە سەرەتادا مزگەوتی مەدینە زۆر سادە بوو، حەوشەیەکی فراوان بوو و خانوویەکی لە پاڵدا بوو کە پێغەمبەری خوای (ﷺ) تێدا نیشتەجێ دەبوو، ڕووگەشی ڕوو بە (بيت المقدس) بوو، لەبەر ئەوەی موسڵمانان زۆر تووشی گەرمای خۆر دەبوون پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی کرد لە لق و پۆپی دارخورما سێبەر و بانێک (سەقف) بۆ ئەو بەشە دروستبکەن[٣٢].

---

[٢٧] الزهري: المرجع السابق، ص: ٢٠٥.

[٢٨] الخازمي، محمد مصطفى: *المئذنة: أصلها-نشأتها-عناصرها*، مجلة الأكاديمية للعلوم الأساسية والتطبيقية، م١٥، العدد ١، ٢٠١٦ م، ص: ١٠.

[٢٩] نژاد، أمير صادقي، عباس مسعودي: *بازشناسی جایگاه مناره در معماری مساجد از نگاه فقه شیعه*، فصلنامه مطالعات شهر ايراني اسلامي، فصلنامه علمي، پژوهشي، سال دهم، ش ٣٧، ١٣٩٨، ص: ٦.

[٣٠] المطلبي، محمد بن اسحاق: *السير والمغازي*، تحقيق: سهيل زكار، ط١، ١٩٧٨ م، ص: ٨١.

[٣١] البيهقي، أبى بكر احمد بن حسين: *دلائل النبوة ومعرفة أحوال صاحب الشريعة*، السفر الثاني، ط١، دار الكتب العلمية، بيروت، لبنان، ١٩٨٨م، ص: ٥٤٢.

[٣٢] كونل، أرنست: *الفن الإسلام*، ت: أحمد موسى، دار صادر، بيروت، لبنان، ١٩٦٦م، ص: ١٦-١٧.

پاش (١٦ بۆ ١٧ مانگ) لە دوای کۆچ و دوو مانگێک پێش شەڕی بەدری گەورە لە ساڵی (٢ ک) بە فەرمانی خوای گەورە ڕووگە بەرەو کەعبە گۆڕا[٣٣]، ئەمەش پاش ئەوەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) پاڕایەوە لە خوای گەورە کە جارێکی تر موسڵمانان ڕووبکەنەوە ڕووگەی یەکەمی مرۆڤایەتی کە (بیت الحرام)ـەو لەلایەن پێغەمبەر ئیبراهیمەوە (سەلامی خوای لەسەر بێت) بنیاتنراوە، خوای گەورە نزاو پاڕانەوەی پێغەمبەرەکەی قەبوڵکرد و لە مانگی شەعبانی ساڵی دووەمی کۆچیدا فەرمانی کرد بە پێغەمبەر و (ﷺ) هاوەڵانی خۆشەویستی کە ڕووگەیان لە (بیت المقدس)ـەوە بگۆڕن بۆ کەعبە، ﴿ قَدْ نَرَىٰ تَقَلُّبَ وَجْهِكَ فِي السَّمَاءِ ۖ فَلَنُوَلِّيَنَّكَ قِبْلَةً تَرْضَاهَا ۚ فَوَلِّ وَجْهَكَ شَطْرَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ ۚ وَحَيْثُ مَا كُنتُمْ فَوَلُّوا وُجُوهَكُمْ شَطْرَهُ ۗ وَإِنَّ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ لَيَعْلَمُونَ أَنَّهُ الْحَقُّ مِن رَّبِّهِمْ ۗ وَمَا اللَّهُ بِغَافِلٍ عَمَّا يَعْمَلُونَ ﴿١٤٤﴾ ﴾[٣٤]. واتە: (دیتوومانی کە بەرەو حەوا دەڕوانی، ئێمە ڕووت بەرەو ڕووگەیەک وەردەگێڕین پەسەندت بێ، سا ڕووت بەرەو (مسجد الحرام) وەرگێڕەو لە هەر کوێش بن، هەر ڕوو بکەنە ئەوێوە. ئەوانەی ئەهلی کتێبن دەزانن کە ئەمە ڕاستە لە پەروەرندەیان ڕایە. خوداش لە هەر کارێ بیکەن ئاگادارە)[٣٥].

پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە بەشی ڕووگەی مزگەوتەکەدا فەرمانی کرد سێبەرێکی تر دروست بکرێت، بەمەش دوو سێبەری هەبوو، بۆیە ناونرا (مزگەوتی دوو ڕووگە)، هەروەها پاش گۆڕینی ڕووگە دەرگایەکی تر بۆ مزگەوت زیاد کرا لە بەشی باکوورەوە[٣٦].

پاشان لە سەردەمی خەلیفەکانی ڕاشیدیندا هەندێک گۆڕانکاری تێدا کراوە[٣٧]، لە سەردەمی ئەبوبەکری صدیقدا مزگەوتەکە بە هەمان ڕووبەر و تەرزی پێشووی ماوەتەوە بەبێ هیچ زیادە و گۆڕانکارییەک تێیدا، لە سەردەمی عومەردا هەندێک نۆژەنکردنەوەی تێدا ئەنجام دراوە، بەڵام هەر لەسەر شێوەی بیناسازیی سەردەمی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ماوەتەوە، پاشان لە سەردەمی عوسماندا گۆڕانکاری گەورەی تێدا ئەنجام دراوە، بە شێوەیەکی بەرچاو لە بەشی باشوورییەوە فراوان کراوە و دیوارەکانی بە بەرد و گەچ دروستکراونەتەوە[٣٨].

---

[٣٣] طقوش، محەمەد سوهیل: *پوختەی مێژووی ئیسلامی*، و: نهاد جلال حبیب **الله**، چ٢، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠١٥ ز، ل: ٤٧.

[٣٤] القرآن الكريم، سورة البقرة.

[٣٥] مامۆستا هەژار: سەرچاوەی پێشوو، ل: ٢٢.

[٣٦] طقوش: سەرچاوەی پێشوو، ل: ٤٧.

[٣٧] جاف: سەرچاوەی پێشوو، ل: ٢١.

[٣٨] الزركشي، محمد بن عبد**الله**: *إعلام المساجد بأحكام المساجد*، تحقيق: فضيلة الشيخ أبو الوفا مصطفى المراغي، ط٤، القاهرة، ١٩٩٦ م، ص: ٢٢٤-٢٢٥.

لە ساڵی (٩١ ک/ ٧١٠ ز) پاش ئەوەی خەلیفەی ئەوکاتی ئومەوی (وەلیدی کوڕی عەبدولمەلیک) (٨٥-٩٦ ک/ ٧٠٤-٧١٥ ز) عومەری کوڕی عەبدولعەزیزی کردە والی شاری مەدینە، عومەر دەست دەکات بە فراوانکردنی مزگەوتەکە و بۆ یەکەمجار چوار منارەی لە هەر چوار گۆشەی مزگەوتەکەدا بۆ دروست دەکات، کە بەرزی منارەکان دەگەیشتە نزیکەی (٢٧ م)[٣٩].

ئەم مزگەوتە بە درێژایی سەردەم و فەرمانڕەواییە یەک لە دوای یەکەکان لە شارستانییەتی ئیسلامی و پاش ئەوەش دەوڵەتی سعوودییە گۆڕانگاری بەردەوامی تێدا کراوە، هەرجارەو بەشێکی بۆ زیاد کراوە و فراوانکراوە، ئێستا یەکێکە لە گەورەترین مزگەوتەکانی جیهانی ئیسلامی و ڕووبەرێکی گەورەی هەیە و خاوەنی (١٠ منارە) و (١٩٧ گومەز)ە، هەروەها لە حاڵەتی ئاساییدا شوێنی (٦٠٠,٠٠٠) هەزار نوێژخوێن دەبێتەوە[٤٠].

**تەوەرەی دووەم: پێگەی مزگەوت لە ئیسلامدا:**

مزگەوتەکان ماڵی خودان، هەروەک خوای گەورە لە قورئاندا فەرموویەتی: ﴿وَأَنَّ ٱلۡمَسَٰجِدَ لِلَّهِ فَلَا تَدۡعُواْ مَعَ ٱللَّهِ أَحَدٗا ﴿١٨﴾﴾[٤١]، واتە: (ئەوسا بێگومان مزگەوتەکان موڵکی خودان، جا بەندایەتی جگە لە **الله** بۆ کەسێکی تر نەکەن لەو مزگەوتانەداو ئەو شوێنانە تایبەت بکەنەوە بۆ بەندایەتی و یادی پەروەردگار)[٤٢].

خۆشەویسترین جێگان بەلای خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی و (ﷺ) باوەڕدارە چاکەکانییەوە، وەکوو لە سەحیحی موسلیمدا هاتووە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: (**أَحَبُّ البِلَادِ إِلَى اللهِ مَسَاجِدُهَا، وَأَبْغَضُ البِلَادِ إِلَى اللهِ أَسْوَاقُهَا**)[٤٣]، واتە: (خۆشەویسترین جێگا بەلای خوداوە مزگەوتەکانن، و نا خۆشەویسترین جێگاش بەلایەوە بازاڕەکانن)[٤٤].

بەڵکو مزگەوت ماڵی هەموو کەسێکی باوەڕدار و بە تەقوایە، ئەبو دەرداء دەفەرموێت: گوێم لە پێغەمبەری خوا بوو (ﷺ) فەرمووی:(المَسْجِدُ بَيْتُ كُلِّ تَقِيٍّ)[٤٥]. واتە: (مزگەوت ماڵی هەموو لە خوا ترسێکە).

---

[٣٩] السمهودي، الإمام علي بن عبد**الله** بن أحمد الحسيني: *خلاصة الوفا بأخبار دار المصطفى (مع زيادات من كتاب وفاء الوفاء)*، دراسة وتحقيق: محمد الأمين محمد محمود أحمد الجكيني، ج٢، ٢٠٠٧م، ص: ١١٥.

[٤٠] جاف: سەرچاوەی پێشوو، ل: ٢٥ - ٢٧.

[٤١] القرآن الكريم، سورة الجن.

[٤٢] تەوحیدی، عبدالقادر: *تەفسیری تەوحید (تەفسیری قورئان بە قورئان)*، چ١، ١٤٣٥هـ/٢٠١٤م، ل: ٩٧٣.

[٤٣] صحيح مسلم، *كتاب المساجد ومواضع الصلاة، باب من أحق بالإمامة*، برقم (٦٧٢).

[٤٤] المنذري: سەرچاوەی پێشوو، ل: ١٤٣- ١٤٤.

[٤٥] الألباني، محمد ناصر الدين: *المجلد الثاني ٥٠١-١٠٠٠*، سلسلة الأحاديث الصحيحة (وشيء من فقهها وفوائدها)، مكتبة المعارف للنشر والتوزيع، ١٤١٥هـ/١٩٩٤م ، ص: ٣٣٣.

ڕێز و قەدری مزگەوت لە ئیسلامدا لەوەدا بە ڕوونی دەردەکەوێت پێغەمبەری خوا (ﷺ) کاتێک کۆچی کرد بۆ شاری مەدینە هێشتا جێگیر نەبوو بوو، و لە کاتی گەیشتنی بە قوباء ڕاستەوخۆ مزگەوتی دروست کرد[٤٦]، پاشان کە گەیشتە شاری مەدینەش بە هەمان شێوە یەکەم کاری بریتی بوو لە دروستکردنی مزگەوت، لە هیچ سەفەر و جیگایەکدا جێگیر نەدەبوو تاوەکو شوێنێکی دیاری دەکرد و خۆی و هاوەڵانی بەڕێزی نوێژیان تێدا دەکرد، هەروەک لە خەیبەردا ئەنجامیدا[٤٧].

هاوەڵانی پێغەمبەری خواش (ﷺ) لەم بابەتە گەیشتبوون و گرنگی تایبەتیان دەدا بە مزگەوتەکان، لە سەروو هەموویانەوە خەلیفەکانی ڕاشیدین، لەوانە عومەری کوڕی خەتتاب لە سەردەمی خەلافەتی خۆیدا نامەی نووسی بۆ سەرجەم ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی موسڵمانان و فەرمانی پێکردن لە جێگای مانەوەیاندا مزگەوت دروست بکەن، عوسمانی کوڕی عەتا دەڵێت: کاتێک فەتحی (بەلەد) کرا لە ناوەڕاستی عێراق لە ساڵی (١٦ک/٦٣٧ز) عومەر نامەی نارد بۆ (عقبە بن نافع) کە لە شاری بەصرە بوو مزگەوتێک دروست بکات، بۆ ئەوەی موسڵمانان تێیدا کۆببنەوەو جومعەو جەماعەتی تێدا بکەن[٤٨].

**لێرەدا هەوڵ دەدەین بە کورتی لە چەند خاڵێکدا گرنگی مزگەوت لە ئیسلامدا باس بکەین:**

١/ ئایینی ئیسلام جەختی زۆری لە دروستکردنی مزگەوت کردووەتەوە و پاداشتێکی گەورەی بۆ ئەو کەسە دیاریکردووە کە هەڵدەستێت بەو کارە. عوسمانی کوڕی عەفان لە ماوەی خەلافەتیدا ویستی مزگەوتەکەی پێغەمبەر (ﷺ) فراوان بکات، بەڵام هاوەڵانی دەوری پێیان ناخۆش بوو، بێزارییان دەربڕی و چوونە خزمەتی، عوسمان فەرمووی: زۆر دڵنیابن ئەمە تاوان نییەو کارێکی باشە، چونکە بە گوێی خۆم لە زاری پێغەمبەری خواوە (ﷺ) بیستومە دەیفەرموو: (مَنْ بَنَى مَسْجِدًا بَنَى اللَّهُ لَهُ مِثْلَهُ فِي الْجَنَّةِ)، واتە: (هەرکەسێک مزگەوتێک دروست بکات، ئەوە خوای گەورە لە بەهەشتدا هاوشێوەی ئەوە تەلارێکی بۆ دروست دەکات)[٤٩].

هەروەها دەربارەی ئاوەدانکردنەوەشی خوای گەورە لە قورئاندا دەفەرموێت: ﴿إِنَّمَا يَعْمُرُ مَسَٰجِدَ ٱللَّهِ مَنْ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْأَخِرِ وَأَقَامَ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَى ٱلزَّكَوٰةَ وَلَمْ يَخْشَ إِلَّا ٱللَّهَ فَعَسَىٰٓ أُو۟لَٰٓئِكَ أَن يَكُونُوا۟ مِنَ ٱلْمُهْتَدِينَ ﴿١٨﴾﴾[٥٠]، واتە: (هەر ئەوانە بۆیان هەیە نوێژگەی خودا ئاوا بکەن، کە باوەڕیان بە خوا و ڕۆژی سەڵا هەیە و نوێژدروست و زەکات دەرن و لە خوا نەبێ ترسیان لە هیچ کەسێ نییە، لەوانەیە ئەمانە ڕێزانەکان بن)[٥١].

---

[٤٦] السمهودي: المصدر السابق، ص: ٥.

[٤٧] إبن كثير: *البداية والنهاية*، ج٣، مكتبة المعارف، بيروت، لبنان، ١٩٩١ م، ص: ٢٠٩.

[٤٨] بریفکانی، کەنعان: *زانکۆ و مزگەوت و ئارامگەکانی ئایینی*، گۆڤاری خۆری ئیسلام، ژ٤، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٩ز، ل: ٤١.

[٤٩] الزبيدي، أبي العباس زين الدين: *مختصر صحيح البخاري المسمى ب(التجريد الصريح)*، بە کوردی کردن و لێکۆڵینەوەی: نوری فارس حمەخان، ب١، ٢٠١٠ز، ل: ٢٩٧ - ٢٩٨.

[٥٠] القرآن الكريم، سورة التوبة.

[٥١] مامۆستا هەژار: سەرچاوەی پێشوو، ل: ١٨٩.

٢/ پاداشتی چوون بۆ مزگەوت و نوێژ کردن تێیدا: بێگومان پاداشتی چوون بۆ مزگەوت زۆر گەورەیە لای خوای گەورە، ئەبو هورەیرە گێڕاویەتییەوە و دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: (**مَن تَطَهَرَ فِي بَيْتِهِ ثُمَ مَشَي إلِي بَيْتٍ مَن بُيُوتِ الله، لِيَقْضِيَ فَرِيضَةً مِن فَرَائِضِ اللهِ، كَانَتْ خَطْوَتَاهُ إِحْدَاهُمَا تَحُط خَطِيئَةً، وَالأُخْرَى تَرْفَعُ دَرَجَةً**)[٥٢]، واتە: (هەرکەسێک دەستنوێژ جوان بگرێت و پاشان ڕووبکاتەماڵێک لە ماڵەکانی خوا بۆ بەجێهێنانی یەکێک لە فەرزەکانی، بە یەکێک لە هەنگاوەکانی چاکەی بۆ دەنووسرێت، و بەوی تریان خراپەی لەسەر دەوەرێت، و پلەیەک بەرز دەبێتەوە)[٥٣].

٣/ پاکڕاگرتنی مزگەوت: ئایینی ئیسلام زۆر جەختی کردووەتەوە لە پاککردنەوەی مزگەوت و گرنگی پێ دانی، و پاداشتی گەورەی بۆ ئەو کارەش داناوە. ئەبو هورەیرە لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) گێڕاویەتییەوە کە فەرموویەتی: (**أَنَّ رَجُلًا أَسْوَدَ أَوِ امْرَأَةً سَوْدَاءَ كَانَ يَقُمُّ المَسْجِدَ فَمَاتَ، فَسَأَلَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَنْهُ، فَقَالُوا: مَاتَ، قَالَ:" أَفَلاَ كُنْتُمْ آذَنْتُمُونِي بِهِ دُلُّونِي عَلَى قَبْرِهِ – أَوْ قَالَ قَبْرِهَا – فَأَتَى قَبْرَهَا فَصلَّى عَلَيْهَا"**)[٥٤]، واتە: (پیاوێکی ڕەش پێست یان فەرمووی ئافرەتێکی ڕەش پێست مزگەوتی پاک دەکردەوە وەفاتی کرد، کاتێک ڕۆژ بووەوە هەواڵیاندا بە پێغەمبەری خوا (ﷺ)، ئەویش فەرمووی: ئەی نەدەبوو پێم بڵێن!! گۆڕەکەیم پیشان بدەن، ئەوجا چوو بۆ سەر گۆڕەکەی و نوێژی لەسەر کرد)[٥٥].

٤/ ڕێزگرتن لە مزگەوت: مزگەوتەکان جێگای گەلێکی پیرۆزن و تایبەتمەندی خۆیانیان هەیە و تایبەتن بە زیکر و یادی خوای گەورە، هەروەک خوای گەورە لە قورئاندا دەفەرموێت: ﴿ فِي بُيُوتٍ أَذِنَ اللَّهُ أَن تُرْفَعَ وَيُذْكَرَ فِيهَا اسْمُهُ يُسَبِّحُ لَهُ فِيهَا بِالْغُدُوِّ وَالْآصَالِ ﴿٣٦﴾ ﴾[٥٦]، واتە: (لەناو ماڵ گەلێکدا کە خودا ڕێیداوە بەرز بکرێتەوە و ڕێزی لێ بگیرێت و تێیدا یادی ناوی ئەو بکرێت کە مزگەوتەکانە، بەیانیان و ئێواران ناوی بە پاکی دەبەن و لە دەریای یادیدا مەلەوانی دەکەن)[٥٧].

---

[٥٢] صحيح مسلم، *كتاب المساجد ومواضع الصلاة، باب المشي إلى الصلاة تمحى به الخطايا وترفع به الدرجات*، برقم (٢٨٢-٦٦٦).

[٥٣] المنذري: سەرچاوەی پێشوو، ل: ١٤٤.

[٥٤] صحيح مسلم، *كتاب صلاة الإستسقاء، باب الصلاة على القبر*، برقم (٧١-٩٥٦).

[٥٥] الزبيدي: سەرچاوەی پێشوو، ل: ٣٠٢- ٣٠٣.

[٥٦] القرآن الكريم، سورة النور.

[٥٧] تەوحیدی: سەرچاوەی پێشوو، ل:٦٨١.

**تەوەرەی سێیەم: ڕۆڵ و گرنگی مزگەوت لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا:**

مزگەوت لە شارستانییەتی ئیسلامیدا پێگەیەکی ڕۆحی پیرۆزی هەبووە، هەر لەبەر ئەوەشە مزگەوتەکان لە ناوەڕاستی شارەکاندا بنیات دەنران، پاشان لە دەوروبەریاندا ئاوەدانی بڵاوبووەتەوە.

یەکەمین بینا لە شارستانییەتی ئیسلامیدا بنیاتنرا بریتی بوو لە مزگەوت، مزگەوتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) گەورەترین و گرنگترین یەکەی نیشتەجێ بوون بوو لە شاری مەدینەدا، بە هەمان شێوە یەکەم هەنگاوی دروستکردنی شارە ئیسلامییەکان لەوانەش: (بەصرە و کوفە) لە وڵاتی عێراق بریتی بووە لە مزگەوت، جگە لەوەش مزگەوتەکان گەورەترین و دیارترین بینای شار بوون[٥٨].

مزگەوت ڕۆڵێکی گرنگ و سەرەکی هەبوو لە بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام، لە بوارەکانی فێرکردنی زانست و پەروەردە و پێگەیاندنی ئیسلامی و کاروبارە کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ئابوری و ...تاد، ئەم ڕۆڵ و گرنگییە بە درێژایی مێژووی شارستانییەتی ئیسلامی بوونی هەبووە، بەڵام دوای نەمانی دەوڵەتی ئیسلامی بە مەبەست و بەرنامە ئەم ڕۆڵە بەتەواوی لاواز کراوە و نەهێڵراوە، ڕۆڵی مزگەوت تەسککراوەتەوە لە تەنها شوێنی پەرستش و دوورخراوەتەوە لە ڕابەرایەتیکردنی کۆمەڵگە، بەڵگەشمان بۆ وتەکانمان ئەوەیە ئێستا بە ئاشکرا دەبینین مزگەوتەکان تەنها بوونەتە شوێنی ئەنجامدانی نوێژەکان و موسڵمانان تەنها بۆ بەجێگەیاندنی جومعەو جەماعەت ڕووی تێدەکەن[٥٩].

پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە هەر شوێنێک مابێتەوە یەکەم کاری بریتی بووە لە دروستکردنی مزگەوت، تاوەکوو ببێتە شوێنێک بۆ کۆبوونەوەی باوەڕداران و ئەرکە دینی و دونیاییەکانیانی تێدا ئەنجام بدەن، ئەمە گرنگی مزگەوتمان پیشان دەدات لە شارستانییەتی ئیسلامیدا، سەرجەم پەرستشەکانی ئیسلام بۆ پاککردنەوەی دەروون و پاکڕاگرتنی ڕەوشتەکان و بەهێزکردنی هاریکاری نێوان موسڵمانانە، جومعەو جەماعەت و دوو جەژنەکەش دیمەنێکی بەهێزی کۆبوونەوەی موسڵمانان و یەکدەنگی و یەکڕیزی و یەکئامانجی و هاریکاری نێوانیانە لەسەر بنەمای چاکەو خێر و لە خوا ترسان.

بێگومان مزگەوت پەیامێکی کۆمەڵایەتی و ڕۆحی زۆر گەورەیە لە ژیانی موسڵماناندا، مزگەوتە ڕیزەکانیان یەکدەخات و دەروونیان پاک دەکاتەوە و دڵ و هۆش ڕادەچڵەکێنێت و کێشەکانیان چارەسەر دەکات و هێز و پێکەوە بوون و وابەستەیی نێوانیان بەدیار دەخات، و ژیانی ڕۆژانەی موسڵمانان تێکەڵ دەکات لەگەڵ خۆیدا بە ئەنجامدانی نوێژەکانیان تێیدا لە کات و ساتی دیاریکراودا[٦٠].

---

[٥٨] ابراهيم، عبدالباقي: *تأصيل القيم الحضارية في بناء المدينة الإسلامية المعاصرة*، مطبوعات الجامعة، بغداد،٢٠١٠م، ص: ٣٣.

[٥٩] L.Tibawi, *Islamic Education; Its Traditions and Modernization into the Arab National Systen*. London; LUZAC & Co. ,1972, p: 24.

[٦٠] Kuban, Dogan, *Muslim Religious Architecture*, Part 1: The Mosque and Its Early Devolopment. Leiden:E.J.Brill, 1974, P:1.

مێژووی مزگەوت لە شارستانییەتی ئیسلامیدا ئەوەی سەلماندووە گەورە سوپا ئیسلامییەکان لەوێوە دەرچوون هەتاوەکوو ڕێنمونی خوای گەورە بەسەر زەویدا پەخش بکەن و بچەسپێنن، لەوێوە تیشکی ڕووناکی و ڕێنمونی و هیدایەت بۆ موسڵمانان و ناموسڵمانانیش سەریهەڵداوە، تۆوی شارستانییەتی ئیسلامی لەوێوە چەکەرەی کردووە و گەشەی سەندووە و بڵاوبووەتەوە، ئەبوبەکر و عومەر و عوسمان و عەلی و خالید و سەعد و بیلال و سەلمان و جابان و هاوچەشنەکانیان و کەسانی گەورەی ناو مێژوو و شارستانییەتی ئیسلامی تێکڕا فێرخوازی ئەو خوێندنگە موحەممەدییە بوون، کە مەڵبەندەکەی مزگەوتەکەی پێغەمبەری خوا و (ﷺ) باقی مزگەوتەکانی تری جیهانی ئیسلامی بوو. ئەوە مزگەوتە کە هەموو هەفتەیەک لێیەوە لەسەر زمانی ئیمام و وتاربێژەکەی وتەی حەق بە دەنگی بەرز و نکوڵی لە خراپە و فەرمان بە چاکە و بانگەواز بۆ کاری خێر و چاک، و هەستان لە خەوی بێئاگایی و بانگەواز بۆ کۆبوونەوەی موسڵمانان، یان ناڕەزایی لە دەست ستەمکارانی سەردەم و هۆشداریدان بە کەسی سەرکەش و ستەمکار و ... تاد پەخش دەکرێت[٦١].

نابێت تەنها ڕۆڵ و گرنگی مزگەوت کورتبکرێتەوە لە لایەنە دینییەکەیدا، یاخود مێژوو و بیناسازییەکەی، بەڵکو مزگەوت ئەو شوێنەیە کە کاریگەری تەواوی هەیە لە ڕووداوە سەردەمییەکان و چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی ڕۆژانە ڕووبەڕووی خەڵکی دەبنەوە، ئەمەش لە شارستانییەتی ئیسلامیدا بە تەواوی ڕەنگی داوەتەوە و گەورەترین ڕۆڵی بینیووە لە چارەسەرکردنی کێشەکان و ئاڕاستەکردنی بابەتە هەنووکەییەکان و تێکەڵاو بوون لەگەڵ تەواوی جومگەکانی کۆمەڵگە[٦٢].

مزگەوت ڕۆڵێکی گرنگی بینیووە لە مێژووی شارستانییەتی ئیسلامیدا، لە سەرووی هەموو ئەو گرنگییانەوە جێگەی نوێژی موسڵمانان بوو، شوێنگەی دەسەڵاتی دینی و مەدەنی بوو، شوێنی کۆبوونەوەی موسڵمانان بوو بۆ قسەو باس و ڕاوێژ بەیەکتر کردن دەربارەی بابەتە دینی و دونیاییەکان، جێگرەوەیەکی زۆر بەهێزی (دار الندوة)ی سەرانی قوڕەیش بوو، جگە لە ئەرکی دینی و سیاسی و گارگێڕی و کۆمەڵایەتی ناوەندی زانستی و ڕۆشنبیری و مەعریفی موسڵمانان بوو، تێیدا فێری قورئان و سوننەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەبوون، فێری خوێندنەوە و نووسین دەبوون، دادگەریی و دادوەریی تێدا دەکرا و کێشەو ئاریشەکانی خەڵکی تێدا چارەسەر دەکرا[٦٣].

---

[٦١] السباعي،مصطفى:*ژیانی پێغەمبەر (ﷺ) (پەند و وانە)*، و: نهاد جلال حبیب **الله**، چاپخانەی ڕێنوێن، چ١، ٢٠١٨ز، ل٨٠-٨٢.

[٦٢] مختار: المرجع السابق، ص: ١١٣-١١٤.

[٦٣] الكعبي، عبدالحكيم: *موسوعة التاريخ الإسلامي- عصر النبوة وما قبله، دار أسامه للنشر والتوزيع*، الأردن، عمان، ٢٠٠٣م، ص: ٢٩٥.

له بواری ئاینیدا شوێنی نوێژی موسڵمانان و ڕێوڕەسم و نەریتە دینییەکان بوو، له بواری ڕۆشنبیریدا شوێنی فێرکردن و لەبەرکردنی قورئان و تەفسیر و فیقه و زمانی عەرەبی بوو، له بواری کۆمەڵایەتیدا چاویان به خەڵکی دەکەوت و کێشەو ئاریشەکانیان بۆ چارەسەر دەکردن و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان بەهێزتر دەکرد، له بواری سیاسیشدا ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو له بەیعەتدان به خەلیفەو ناوهێنانی له وتاری هەینیدا، له بواری سەربازیشدا ڕۆڵی تەواوی هەبوو له ناردن و ئاڕاستەکردنی سوپاو سریه سەربازییەکان بۆ فەتحکردن و ڕزگارکردنی ناوچەکانی سەر ڕووی زەوی و... تاد[٦٤].

یەکەم شوێنێک موسڵمانان زانست و زانیارییان تێدا بڵاوکردبێتەوە و خەڵکییان تێدا فێرکردبێت بریتی بووە له مزگەوتەکان، پێغەمبەری خوا (ﷺ) له مزگەوتی مەدینەدا وەکوو چۆن نوێژی تێدا ئەنجامداوە بەو شێوەیەش زانست و زانیاری تێدا بڵاوکردووەتەوە، کەواتە شوێنی یەکەمی بڵاوکردنەوەی زانست و زانیاری بریتی بووە له مزگەوتەکان[٦٥].

بێگومان پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەر لەگەڵ گەیشتنی بۆ مەدینە و جێگیربوونی، دەستی کرد به پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی ئیسلامی یەکگرتووی ڕیشە داکوتراو، کە پێکهاتبوو له موسڵمانانی کۆچکەر و پشتیوانانیان له خەڵکی مەدینە، یەکەم هەنگاوێکیش کە بۆ ئەم کارە گرنگە نرا بریتی بوو له دروستکردنی مزگەوت، ئەمەش هیچ جێگای سەرسووڕمان نییە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) یەکەم هەنگاوی بنیاتنانی دەوڵەتی ئیسلامی به دروستکردنی مزگەوت بووبێت، چونکە دروستکردنی مزگەوت یەکەم پایەیە له بنیاتنانی کۆمەڵگەی ئیسلامیدا، کۆمەڵگەی موسڵمانان سیفەتی یەکگیری و ڕەگ داکوتانی خۆی له پابەند بوون به یاسا و بیروباوەڕ و ئادابە ئیسلامییەکان بەدەست دەهێنێت، ئەمەش له ڕۆحی مزگەوتەوە هەڵدەقوڵێت، بێگومان بەشێک له سیستەم و ئادابی ئیسلامی بریتییە له بڵاوبوونەوەی پێوەندی برایەتی و خۆشەویستی نێوان موسڵمانان، بڵاوبوونەوەی ئەم پەیوەندییەش به شێوەیەکی خوازراو له مزگەوتەکاندا نەبێت دەستەبەر نابێت[٦٦].

ئەگەر موسڵمانان ڕۆژانە چەند جارێک له ماڵێک له ماڵەکانی خوای گەورەدا کۆنەبنەوە و جیاوازی پلەو پایە و ماڵ و سامان و .. تاد وەلا نەنێن و هەموویان به یەک ڕیز و یەک ئاست هەڵسوکەوت نەکەن، قورسە گیانی برایەتی و خۆشەویستی بکەوێتە ناویانەوە.

ئاشکرایە یاساکانی ئیسلام و ئادابە ئیسلامییەکان داخوازی ئەوەن کە دادپەروەری و ڕێز و شکۆ و خۆشەویستی لەنێو تێکڕا موسڵماناندا بڵاوبێتەوە، له هەموو حاڵ و بارودۆخێکی جیاجیاندا، بەڵام بڵاوبوونەوەی ئەم گیانە دیار نییە بەرجەستە ببێت و بێتەدی، ئەگەر موسڵمانان هەموو ڕۆژێک له مزگەوتدا به یەکڕیزی ڕوو نەکەنە خوای خۆیان و لەسەر پارچە زەوییەکی هاوبەش و حاڵەتێکی هاوشێوە له بەندایەتیکردن و دڵ پێوەست بوو به خوداوە کۆنەبنەوە و ڕوونەکەنە ڕووگەی خۆیان، چەنێک موسڵمانان له ماڵەکانی خۆیانەوە ڕوو بکەنە خودا و نوێژ بکەن و سوجدە بەرن، به مەرجێک

---

[٦٤] محمد،عمرو إسماعيل: *تخطيط المدن في العمارة الإسلامية(فكروفنون)*،وكالة الصحافة العربية،الجيزة،مصر،٢٠١٩م،ص: ٧٦.

[٦٥] جەباری، سەربەست: *٤٠ وانە لە شارستانیەتی ئیسلامی*، له بڵاوکراوەکانی کەناڵی ئاسمانی بانگەواز (١)، چ١، ٢٠٢٠ز، ل: ٢٤٦.

[٦٦] البوطي: سەرچاوەی پێشوو، ل: ٣١٨.

دیاردەی هاوبەشی و کۆبوونەوە لە پەرستشیان تێدا بەرجەستە نەبێت، مانای قوڵی دادپەروەری و یەکسانی باڵا بەدەست نایەت لە کۆمەڵگەدا و زاڵ نابێت بەسەر مانای خۆپەرستی و خۆبەزلزانی و خۆویستیدا.

بێگومان ئامانج لە یاساو ئادابە ئیسلامییەکان بۆ ئەوەیە هەموو تاک و کۆمەڵ و چین و توێژێکی موسڵمانان لە بۆتەی یەکیەتی چەسپاو و دامەزراودا بتوێنەوە و ببنە یەک دەست و یەک هێز و یەک دەسەڵات لەژێر سایە و سێبەری یاسای ئیسلام و شەریعەتی پیرۆزیدا دەست بە ئایینی خوداوە بگرن و بەرەو بەختەوەری دونیا و قیامەت هەنگاو هەڵنێن، بەڵام بێگومان ئەگەر لەناو شار و گەڕەک و هۆبەو گوند و ناوچە موسڵمان نشینەکاندا مزگەوت بنیات نەنرێت و موسڵمانان تیایاندا کۆنەبنەوە بۆ فێربوون و شارەزا بوون لە حوکم و شەریعەتی خودا و بەرچاو ڕوونی لە زانستە شەرعییەکان و پەیڕەوکردنیان و ئەنجامدانی پەرستش و مومارەسەکردنی ئادابە ئیسلامییەکان و ... تاد، ئەوە بێگومان یەکیەتی و کۆمەڵ بوونیان سەردەکێشێت بۆ پەرتەوازە بوون و هەر زوو تەوژمی هەندێک هەوا و ئارەزوو لێکیان دەپچڕێنێت و دەبنە چەند تاقم و گرۆیەکی دژ بەیەک و هیچ لە دەست نەهاتوو. جا بۆ دەستەبەرکردنی ئەو واتا بەرز و شکۆدارانە لە کۆمەڵگەی موسڵماناندا و بەرجەستە بوونیان لە دەوڵەتی تازە ڕسکاوی ئیسلامیدا، پێغەمبەری خوا (ﷺ) پەلەی کرد و پێش هەموو کارێکی تر لە گەیشتنی بە شاری مەدینە مزگەوتی بنیاتنا[٦٧].

مزگەوت لە شوێنە زۆر گرنگەکانی شارستانییەتی یەکەمی پەرەپێدانی زانستە ئیسلامییەکانی سەرەتای بانگەوازی خوایی و شوێنی بڵاوکردنەوەی زمان و زانستە عەرەبییەکان بوو.

پاشان موسڵمانان لە هەموو ئەو وڵات و شارانەی لێی دەژیان مزگەوتیان دروستکرد و خەڵکییان لەوێوە بۆ لای بانگەوازی خواپەرستی بانگهێشت دەکرد. هەندێک لە هاوەڵان دەگێڕنەوە کە هەر لە سەردەمی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) لەسەر دەستی کەسانێک وەک: (ئەبو عوسمانی کوڕی ڕەبیعە) ئەڵقەی دەرس و دەوری زانستی لە مزگەوتی قوباء بەڕێوەدەچوو، دواتریش پاش فتوحاتی ئیسلامی و گەیشتنی ئایینی ئیسلام بە نیوەی سەر ڕووی زەوی چەندەها مزگەوتی گەورە دروستکران و تیایاندا حەلقەی خوێندنی زانستەکان و فێرکردنی موسڵمانان بەڕێوەدەچوو، لە بەناوبانگترین ئەو مزگەوتانەش بریتی بوون لە مزگەوتەکانی: بەصرە و کوفە لە عێراق، و مزگەوتی (عمرو بن العاص)* لە شاری فسطاط لە

---

[٦٧] البوطي: سەرچاوەی پێشوو، ل: ٣١٩.

*عمرو بن العاص: کوڕی وائیلی سەهمی یە، یەکێک بووە لە هاوەڵە بەڕێزەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، پێش موسڵمانبوونی لەناو قورەیشدا پێگەو ناوبانگێکی زۆری هەبوو، بەردەوام ئەم پێگە و توانایەی بۆ دژایەتی کردنی موسڵمانان بەکار دەهێنا تا ئەو کاتەی موسڵمان بوو، لە شەڕی ئوحوددا ساڵی (٣ ک) بە خۆی و ژنەکەیەوە بەشدارییان کرد دژی موسڵمانان، ئیبن مەسعوود دەڵێت: کاتێک پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئێمەی نارد بۆ حەبەشە عەمر و عەبدوڵڵای کوڕی ئەبی ڕەبیعە بە نوێنەرایەتی قورەیش بە برێک دیارییەوە هاتنە لای نەجاشی و هەوڵی زۆریاندا باوەڕی پێ بکەن لەوەی ئەویش بکەوێتە دژایەتی موسڵمانان و تەسلیمیان بکاتەوە بە قورەیش، بەڵام نەجاشی نەکەوتە ژێر کاریگەرییان و پاڵپشتی موسڵمانانی کرد تاوەکوو دواجار موسڵمان بوو، لە دوای شەڕی خەندەق ساڵی (٥ ک) پاش ئەوەی ڕۆژ بە ڕۆژ موسڵمانان لە گەشەدا بوون، عەمر کۆچی کرد بۆ حەبەشە نەبادا بکەوێتە ژێر دەستی موسڵمانان، بەڵام لەوێ لەلایەن نەجاشییەوە بانگهێشت کرا بۆ ئیسلام و ئەویش ڕازی بوو و گەڕایەوە و چووە لای پێغەمبەری خواو باوەڕی هێنا.

وڵاتی مصر، مزگەوتی (عقبە بن نافع) لە تونس[٦٨]، لەگەڵ چەندان مزگەوتی تر لە شاری دیمەشق و وڵاتانی تری ئیسلامی، سیستەمی خوێندنی مزگەوتەکان بازنەیی (حلقات) بوو، بە شێوەیەکی ڕێک و جوان بازنەیان دەبەست و زاناو شێخەکان لە نزیک دوانگە یان میحراب دادەنیشتن و فێرخوازانیشیان بە جوانی لە دەوریان بە بێدەنگی و گوێڕایەڵی کۆدەبوونەوە و وانەکانیان لێ وەردەگرتن و فێردەبوون و شارەزادەبوون لە شەریعەتی خوای گەورە و زانستە سەردەمییەکان. بە زۆری حەلقە و کۆڕە زانستییەکان بە شێوەی گفتوگۆ و مناقەشەی نێوان فێرکاران و فێرخوازان ئەنجام دەدرا، بۆ نمونە مزگەوتی (عمرو بن العاص) لە شاری فسطاط زیاتر لە چل حەلقە دەرس و دەوری تێدا بووە، لەوانەش حەلقە و وانەی بەردەوامی ئیمامی شافعی. لە ناوەڕاستی سەدەی چوارەمی کۆچی بەدواوە وانەکان سەد حەلقەیان تێپەڕاند، لەناویشیاندا دەرس و دەوری زانستی ئافرەتان هەبوو[٦٩].

مزگەوتی گەورەی ئومەوی لە شاری دیمەشق لەو سەردەمەدا یەکێک بوو لە سەرسوڕهێنەرەکانی جیهانی ئیسلامی، ئەم مزگەوتە گەورەیە پاش فەتحی شام لە سەردەمی عومەری کوڕی خەتتابدا کرایە مزگەوت و مۆرکێکی ئایینی ئیسلامی بەسەردا بڕا، بەڵام لە سەردەمی ئومەوییەکاندا کە پایتەختیان گواستەوە بۆ شام ڕاستەوخۆ لەلایەن خەلیفەکانی ئەو دەوڵەتەوە هەموو خەرجی و مەسروفێکی مزگەوتەکە و مامۆستا و فێرخوازانی دابین دەکرا. لە مزگەوتە بەناوبانگەکانی سەردەمی عەباسیش (١٣٢-٦٥٦ک/٧٥٠-١٢٥٨ز)، مزگەوتی گەورەی (مەنصور) بوو لە شاری بەغدادی پایتەختی شارستانییەتی ئەوکاتی ئیسلامی، کە لەلایەن ئەبوجەعفەری مەنصورەوە (١٣٦-١٥٨ ک/٧٥٤-٧٧٥ ز) دروستکرابوو. هەروەها مزگەوتی (مەهدی) لە ناوچەی ڕەسافەی بەغداد یەکێکی تر بوو لە مزگەوتەکان کە دواتر (ئەحمەدی کوڕی حەنبەل) دەرس و دەوری تێدا دەوتەوە[٧٠].

---

بڕوانە: الذهبي، الإمام شمس الدين محمد بن أحمد بن عثمان، *سير أعلام النبلاء*، تحقيق: شعيب الأرئووط، ج٣، ط١١، المؤسسة الرسالة، بيروت، ١٩٩٦ م، ص: ٥٤-٥٥.

[٦٨] عبدالحافظ، عبد**الله** عطية: *الأثار والفنون الإسلامية، القاهرة*، مصر، ٢٠٠٥ م، ص: ٨٠.

[٦٩] الهاشمي، رحيم كاظم محمد، أعواطف محمد العربى شنقارو: *الحضارة العربية الإسلامية دراسة في تاريخ النظم*، الدار المصرية اللبنانية، القاهرة، ٢٠٠٢م، ص: ١٥٠.

[٧٠] الهاشمي، المرجع السابق، ص: ١٥١.

**باسی دووەم/ منارە، گرنگی بایەخی لە شارستانییەتی ئیسلامیدا:**

**تەوەرەی یەکەم: سەرەتای دەرکەوتنی منارە.**

پاش ئەوەی پێغەمبەری خوا و (ﷺ) هاوەڵانی بەڕێزی لە مەککەوە کۆچیان کرد بۆ شاری مەدینە، و پاش دروستکردنی مزگەوت و برایەتی نێوان کۆچکەران و پشتیوانان (أنصار والمهاجرين) و فەرزبوونی نوێژ و زەکات و ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان، بیر لەوە کرایەوە چۆن موسڵمانان بانگبکرێن و کۆبکرێنەوە لە مزگەوتدا بۆ ئەنجامدانی نوێژە بە کۆمەڵەکان، بۆ ئەم مەبەستە هەندێک لە هاوەڵانی بەڕێز پێیان باش بوو هاوشێوەی یەهوودییەکان (بوق)*بەکاربهێنرێت بۆ کۆکردنەوەی موسڵمانان، هەندێکی تریان پێیان باش بوو هاوشێوەی مەسیحییەکان ئامێری (ناقوس)*بەکاربهێنرێت[٧١]، چونکە پێش هاتنی ئایینی ئیسلام یەهودی و مەسیحییەکان بورجی کڵێساکانیان بەکاردەهێنا بۆ ئاگادارکردنەوە[٧٢]، مێژوونووسان پێیان وایە بورجی کڵێسا و پەرستگاکان هۆکاری سەرهەڵدانی بیری منارە بوون لە بیناسازیی ئیسلامیدا[٧٣].

ئیبن هیشام لە کتێبەیدا دەربارەی ژیاننامەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) باس لەوە دەکات: پێغەمبەری خوا و (ﷺ) هاوەڵانی لەم گفتوگۆیەدا بوون هاوەڵی بەڕێز (عەبدوڵڵای کوڕی زەیدی کوڕی ثەعلەبە) وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) من بۆچونێکم هەیە لەسەر ئەو بابەتە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: بەڵێ فەرموو، وتی: لە خەومدا کەسێک هاتە لام و فێری کردم بڵێم: (الله أكبر، الله أكبر، الله أكبر، الله أكبر، أشهد أن لا إله إلا الله، أشهد أن لا إله إلا الله، أشهد أن محمدا رسول الله، أشهد أن محمدا رسول الله، حيَّ على الصلاة، حيَّ على الصلاة، حيَّ على الفلاح، حيَّ على الفلاح، الله أكبر، الله أكبر، لا إله إلا الله)، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: **(إِنَّهَا لَرُؤْيَا حَقٌّ إِنْ شَاءَ اللَّهُ، فَقُمْ مَعَ بِلَالٍ فَأَلْقِ عَلَيْهِ مَا رَأَيْتَ، فَلْيُؤَذِّنْ بِهِ، فإنه أَنْدَى صَوتًا مِنك)**، واتە: بە ڕاستی ئەمە خەوێکی ڕاستە بە ویستی خوای گەورە، ئادەی بیلال هەستە و بە دەنگە بەرز و زوڵاڵەکەت بانگمان بۆ بدە)، پاش ئەوەی بیلال دەستی کرد بە بانگدان، (عومەری کوڕی خەتتاب) لەماڵی خۆی گوێی لێبوو و هاتە دەرەوە و چووە خزمەتی پێغەمبەری خوا و (ﷺ) فەرمووی: (والذي بعثك بالحق لقد رأيت مثل الذي رأى) واتە: سوێند بەو زاتەی تۆی ناردووە بە حـەق منیش بە ڕاستی هەموو ئەوەم بینی کە بینراوە )، مەبەستی ئەو خەوە بووە کە (عەبدوڵڵای کوڕی زەید) بینیویەتی و لە خەویدا فێری بانگ کراوە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: سوپاس بۆ خوای گەورە[٧٤].

---

* البوق – شەیپور: واتە ئامێرێکی ناوبۆشەو فووی پێ دا دەکرێت و دەنگێکی ئاوازبەخش دەردەکات. بڕوانە: إبن هشام: المصدر السابق، ص: ١٣٥.

* الناقوس(زەنگ): بەو ئامێرە وتراوە کە مەسیحییەکان لە کڵێساکانیاندا پیایاندا کێشاوە و دەنگێکی دروستکردووە و بەکاریانهێناوە لە کاتی بانگکردنی شوێنکەوتەکانیان لە کاتی پەرستشەکانیاندا. إبن هشام: المصدر السابق، ص: ١٣٥.

[٧١] إبن هشام: المصدر السابق، ص: ١٣٥.

[٧٢] البرادوستي، زيدان رشيد أودل: *الفن والعمارة الدينية في إقليم كوردستان والعراق-المآذن الأتابكية نموذجا (دراسة تحليلية ميدانية)*، ط١، مطبعة جنگل، طهران، ايران، ٢٠٢٢م، ص: ٤٣.

[٧٣] سالم، محمود عبدالعزيز: *المآذن المصر ية، نظره عامة عن أصلها وتطورها منذ الفتح العربي حتى الفتح العثماني*، مؤسسة شباب الجامعة للطباعة والنشر، جامعة الأسكندرية، مصر ، ٢٠١٣م، ص: ٤.

[٧٤] إبن هشام: المصدر السابق، ص: ١٣٥.

هەندێک لە مێژوونووسان پێیان وایە شێوازی بیناسازیی مزگەوت لەژێر کاریگەری کڵێسا و پەرستگای مەسیحییەکاندا دروست کراون، یاخود لەژێر کاریگەری پەرستگای ساسانییەکاندا (معبدالنار) دروستکراون، هەندێک ڕۆژهەڵاتناسیش بۆچوونیان وایە مزگەوتی ئومەوی لە دیمەشق کە لە بنەڕەتدا کەنیسە بووە بەناوی (قدیس یوحنا)، و لە بەشی باکووریدا بورجێکی چوارگۆشەیی هەبووە، دوای گۆڕینی بۆ مزگەوت کاریگەری هونەری بیناسازی مەسیحی لەسەر مزگەوت و منارەکانی هەبوو، بۆچوونێکیش پێی وایە بیرۆکەی منارە لەسەردەمی ئومەوییەکان سەری هەڵدا لە مزگەوتەکاندا، ئەم ڕەگەزە بیناسازییە بە پێشکەوتنی سەردەمەکان گۆڕانی بەسەردا هاتووە، تاوای لێهات مۆرکی بیناسازی ئیسلامی وەربگرێت[٧٥].

بەڵام کاتێک باس لە یەکەم بیناسازی مزگەوت دەکەین لە ئیسلامدا کە مزگەوتی پێغەمبەری خوا بوو (ﷺ) لە شاری مەدینە، نازانرێت کاریگەری هونەری بیناسازی چ شارستانییەتێکی لەسەر بووە، دروستکردنی ئەو مزگەوتە و سەرجەم مزگەوتە سەرەتاییەکانی شارستانییەتی ئیسلامی، بە مزگەوتەکانی (کوفە و بەصرە)شەوە[٧٦]، بۆچوون وایە: بیناسازییان داهێنانی موسڵمانان خۆیانە، لە سەرەتادا زۆر بە سادەیی دروستدەکران، بەڵام پاشان بە پێی تێپەڕبوونی سەردەم و پێشکەوتنی هونەری بیناسازیی ئەویش پێشکەوتنی بە خۆوە بینی و لەسەر جۆرەها شێواز بینادەکران و چەندەها داهێنانی هونەری بیناسازییان تێدا ڕوویداوە کە وەرگیرابوون لە شارستانییەتەکانی پێش خۆی و مۆرکی تایبەتییان پێ بەخشرا کە هاوتا بێت لەگەڵ ڕێنماییەکانی شەریعەتی ئیسلامی[٧٧].

سەبارەت بە منارەکانیش کە شێواز و تایبەتمەندییەکی جیاوازیان بەخشییە مزگەوتەکان و بوونە ڕەگەزێکی گرنگ لە بیناسازیی مزگەوتەکان لە شارستانییەتی ئیسلامیدا، لەسەرەتای بانگەوازدا و پاش کۆچ یەکەم هەنگاوی شارستانی بریتی بوو لە دروستکردنی مزگەوت، پاش ئەوەی بیلالی حەبەشی هەستێت و بە دەنگە بەرز و زوڵاڵەکەی بانگ بدات[٧٨]، لە سەرەتای ئیسلامەوە تاوەکوو وەفاتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بانگبێژەکان دەچوونە سەر بانی مزگەوت یان شوێنێکی بەرزی نزیکی مزگەوت بۆ بانگدان[٧٩].

بۆچوونێکیش ئاماژە بەوە دەکات لەسەر ماڵی (حەفسەی کچی عومەری کوڕی خەتتاب) کە ڕوانیویەتی بەسەر مزگەوتەکەدا (واتە لە بینای مزگەوتەکە بەرزتر بووە) بانگ دراوە، یاخود لە شوێنێکی بەرزی دوروبەری مزگەوتەکە بانگ دراوە، چونکە سەرەتا بانی مزگەوتی مەدینە لە لق و گەڵای دارخورما گیرابوو[٨٠].

---

[٧٥] طرشاوي، ٢٠٠٧، المرجع السابق، ص: ١٠.

[٧٦] طرشاوي، ٢٠٠٧، المرجع السابق، ص: ١٢.

[٧٧] طرشاوي، ٢٠٠٧، المرجع السابق، ص: ١٣.

[٧٨] إبن هشام: المصدر السابق، ص: ١٣٥-١٣٦.

[٧٩] النعيمي، عبدالقادر بن محمد الدمشقي: *الدارس في تاريخ المدارس*، دمشق،سورية، مكتبة الثقافة الدينية، ١٩٨٨م، ص:٢٨٥.

[٨٠] رزق، عاصم محمد: *معجم مصطلحات العمارة والفنون الإسلامية*، ط ١، مكتبة مدبولي، القاهرة، ٢٠٠٠ م، ص: ٣٠٧.

مێژوونووسی قاهیرەیی (المقریزي) لە سەدەکانی (٨-٩ ک/ ١٥-١٦ ز) ژیاوە، پێی وایە بیلال لەسەر بانی مزگەوتەکە بانگیداوە، چونکە لەو کات و ساتەدا هیچ شێوازێکی بیناسازیی منارە بوونی نەبووە، و پێی وایە یەکەم شێوازی بیناسازیی منارە لە سەردەمی خەلافەتی ئومەوییەکان و بە دیاریکراوی لە سەردەمی موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیاندا (٤١-٦٠ک/٦٦١-٦٨٠ز) دروستکراوە، ئەویش پاش ئەوەی فەرمانی کردووە بە عەمری کوڕی عاص والی مصر چوار منارە لە هەر چوار گۆشەی مزگەوتی فسطاط (جامع عمرو بن العاص) دروست بکات، بۆ ئەوەی بانگبێژەکان بانگیان لەسەر بدەن[٨١].

گەریدەی موسڵمان ئیبن بەتوتە (م:٧٧٠ک/١٣٦٩ز) دەڵێت: پاش ئەوەی ئومەوییەکان ناوەندی خەلافەتیان گواستەوە بۆ دیمەشق، خەلیفەکانیان دەستیان کرد بە دروستکردنی مزگەوتی گەورە و فراوان و شکۆدار کەمتر نەبێت لە پەرستگا و کڵێساکانی مەسیحییەکان، و دەیانڕازاندنەوە بە منارەی بەرز و هەیوانی گەورە و پایەی بەرز و میحرابی فراوان[٨٢].

بۆچوونیش هەیە کە پێی وایە دروستکردنی منارە پێش سەردەمی ئومەوییەکان باو نەبووە، بیری دروستکردن و شێوازەکەشی لە بورجی پەرستگاکانی شامەوە وەرگیراوە[٨٣].

**تەوەرەی دووەم: بۆچوونەکان دەربارەی سەرهەڵدانی یەکەم منارە لە بیناسازی ئایینی لە ئیسلامدا و شێوەی منارە سەرەتاییەکان:**

سەبارەت بە بنەچە و مێژووی منارە و چۆنییەتی بەرەو پێشچوونی، چەند بۆچوونێکی جیاواز هەن لە نێوان شوێنەوارناس و مێژوونووساندا، زۆربەیان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە لە سەرەتای ئایینی ئیسلامدا هیچ شێوازێکی بیناسازیی لە مزگەوتدا وەکو ڕەگەزێکی بیناسازی بوونی نەبووە، بانگبێژەکانیش بۆ بانگدان چوونەتە شوێنێکی بەرز لە نزیک مزگەوت یاخود سەربانی مزگەوتەکە و بانگیان فەرمووە، پاش ئازادکردنی شاری مەککەش لە ساڵی (٨ک/١٥ز) بانگبێژەکان دەچوونە سەر کەعبە و بانگیان دەفەرموو، چونکە مزگەوتەکان لەو کاتەدا شوێنێکی تایبەتیان نەبووە بۆ بانگدان[٨٤].

بۆچوونێک لەو بارەوە ئاماژە بەوە دەکەن منارەی مزگەوتی عومەری کوڕی خەتتاب لە ناوچەی (دومة الجندل) لە باکووری وڵاتی سعوودیە یەکەم منارەی مزگەوتە بنیاتنرابێت لە مێژووی ئیسلامدا[٨٥]، ئەویش پاش ئەوەی عومەر لەو ناوچەوە لە ساڵی (١٦ک/٦٣٧ز) بەرەو (بیت المقدس) تێدەپەڕێت، فەرمان دەکات مزگەوتێک دروستبکرێت بۆ نوێژخوێنانی ئەو ناوچەیە، پاش دروستکردنی مزگەوتەکەش

---

[٨١] المقريزي، تقي الدين أحمد بن علي: *المواعظ والإعتبار بذكر الخطط والأثار*، تحقيق: محمد زينهم و مديحه الشرقاوي، ج١، مكتبة مدبولي، القاهرة، مصر ، ١٩٩٧م. ص: ٨٣١.

[٨٢] إبن بطوطة: *سفرنامه ابن بطوطه*، ترجمه: محمد على موحد، جلد ١، چاپ ٥، تهران، ايران، ١٣٧٠، ص: ١٢٤.

[٨٣] علام، نعمت اسماعيل: *هنرهای خاورميانه در دوران إسلامي*، ترجمه: عباسعلی تفضلی، چاپ ٢، إنتشارات آستان قدس رضوي مشهد، ايران، ١٣٨٢، ص: ٢٤.

[٨٤] رزق، عاصم محمد: *معجم مصطلحات العمارة والفنون الإسلامية*، ط ١، مكتبة مدبولي، القاهرة، ٢٠٠٠ م، ص: ٣٠٧.
Lusian Golvin, IBID, P: 52.

[٨٥] عثمان، نجوى: *مساجد القيروان*، ط١، مطبعة دار عكرمة، دمشق، سوريا، ٢٠٠٠ م، ص: ٨٩.

منارەیەکی بۆ دروستدەکرێت بۆ ئەوەی بانگی لەسەر بدرێت، هەرچەندە نزیکەی (١٤) سەدە بەسەر دروستکردنی ئەم منارەیەدا تێپەڕیوە، بەڵام تاوەکوو ئێستاش پارێزگاری لە پێکهاتە بیناسازییەکانی کراوە و ماوەتەوە[٨٦]، (بڕوانە وێنەکانی ژمارە ١).

ئەم منارەیە بە کۆنترین نمونەی منارە دادەنرێت لە مێژووی بیناسازیی ئیسلامیدا لە شێوە و بەرزی و ماددەی بەکارهاتووی بیناسازیدا[٨٧]، دەکەوێتە گۆشەی باشووری ڕۆژئاوای مزگەوتەکە لە ڕووی دیواری ڕووگە، بنکەکەی چوارگۆشەییە و درێژی هەر لایەکی (٣ م)ە، شکڵ و شێوەی قوچەکییە (المخروطیة)، لە بەشی ناوەوەیدا پلیکانەیەکی لولپێچی بە پێچەوانەی ئاڕاستەی میلی کاتژمێر بۆ دروستکراوە بە مەبەستی سەرکەوتن بەسەریدا، بەرزییەکەی بریتییە لە (١٢,٧ م)، و لە بەردی ناوچەکە و قوڕ و گەچ مزگەوت و منارەکەش دروستکراون[٨٨].

دواتر لە سەردەمی ئومەوییەکاندا بیناسازیی منارەکان بە تەواوی دەرکەوتن و پەرەیان پێدرا، هەرچەندە زۆرێک لە مێژوونووسان و شارەزایان پێیان وایە مێژووی دروستکردنی یەکەم منارەی مزگەوت لە شارستانییەتی ئیسلامیدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەم سەردەمە، بەڵام سەبارەت بە یەکەمین منارە لە کوێ بووە و لە چ ساڵێکدا دوستکراوە؟ ڕا جیایی زۆر هەیە لە نێوان توێژەران و مێژوونووساندا.

مێژوونووس البلاذري (م: ٢٧٩ک/٨٩٢ز) لە (فتوح البلدان)دا دەڵێت: یەکەم منارە دروستکرابێت لە مێژووی ئیسلامیدا بریتی بووە لە منارەی مزگەوتی بەصرە (الجامع البصرة)، لە ساڵی (٤٥ک/٦٦٥ز) دروستکراوە لەلایەن والی شارەکەوە (زیاد بن أبیە) بە فەرمانی خەلیفەی ئەوکاتی ئومەوی موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان[٨٩]، شارەزای هونەری بیناسازیی ئیسلامی (ڕوبرت هیلین برند)ی ئەمریکی دەربارەی ئەم منارە دەڵێت: منارەیەکی بەردین بووە، و بە پێی بارودۆخی مزگەوتەکە زیاد کراوە[٩٠].

---

[٨٦] أبو عواد، يوسف: *دومة الجندل مدينة وتاريخ*، مجلة الفيصل ثقافية شهرية، العدد ٨٩، السنة الثانية، شركة الطباعة العربية السعودية، الرياض، السعودية، ١٤٠٤ هـ/ ١٩٨٤م، ص: ٢٤. معروف، بلحاج بن بنوح: *العمارة الدينية الإباضية بمنطقة وادي مزاب من خلال بعض النماذج*، أطروحة الدكتوراه غير منشورة، جامعة أبي بكر بلقايد-تلمسان، كلية الآداب والعلوم الإنسانية والعلوم الإجتماعية، قسم علم الآثار، الجمهورية الجزائرية، ١٤٢٣هـ/٢٠٠٢ م، ص: ٢٠٢. طرشاوي، ٢٠٠٧، المرجع السابق، ص: ١٤.

[٨٧] عثمان: المرجع السابق، ص: ٨٩.

[٨٨] المعيقل، خليل إبراهيم: *مسجد عمر بن الخطاب بدومة الجندل*، مجلة جامعة الملك سعود، الرياض، السعودية، ١٩٩٤م، ص: ٢٠٤.

[٨٩] البلاذري: *فتوح البلدان*، تحقيق: **عبدالله** أنس الطباغ و عمر أنس الطباغ، دار النشر للجامعيين، بيروت، لبنان،١٩٥٧م، ص: ٣٥٥-٣٥٦.

[٩٠] هيلين برند، روبرت: *معمارى إسلامى*، شكل، كاركرد و معنى، ترجمه: باقر آيت **الله** زاده شيرازي، انتشارات روزنه، تهران، ايران، ١٧٣٧، ص:١٣٠.

بۆچوونی تر لەناو مێژوونووساندا پاڵپشتی ئەم بۆچوونە دەکەن کە منارەی مزگەوتی بەصرە یەکەم منارەیە دروستکرابێت لە شارستانییەتی ئیسلامی و تەنانەت لە دوورگەی عەرەبیدا، شاری بەصرە و مزگەوتەکەشی لە سەردەمی خەلافەتی عومەری کوڕی خەتتابدا دروستکراوە، بەڵام لە ساڵی (٤٥ک/٦٦٥ز) پاش ئەوەی مزگەوتەکە نۆژەندەکرێتەوە ئەم منارەیەی لە خشت و قسڵ (الآجر والجص) بۆ دروست دەکرێت[٩١].

هەندێک لە ڕۆژهەڵاتناسانیش پێیان وایە چوار منارەکەی مزگەوتی (عمرو بن العاص) لە شاری فسطاط یەکەمین منارەی بنیاتنراون لە شارستانییەتی ئیسلامیدا، لە ساڵی (٥٣ک/ ٦٧٢ز) لەسەر پێشنیاری (موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان) والی ئومەوی ئەو شارە (مسلمەی کوڕی مخلد)* دروستیکردوون[٩٢].

لەناو لێکۆڵەران و مێژوونووساندا ڕای تر هەیە، کە پێیان وایە دەرکەوتنی یەکەم منارە لە مێژووی ئیسلامیدا دەگەڕێتەوە بۆ چوار منارەکەی مزگەوتی ئومەوی لە دیمەشق، پاش ئازادکردنی شارەکە کڵێسای بەناوبانگی شارەکەش کراوەتە مزگەوت و بورجەکانیشی وەکوو منارە ناسێنراون، تەنانەت پێیان وایە ئەم شێوازە لە بیناسازیی منارە گوازراوەتەوە بۆ ناوچەکانی باکووری ئەفریقا و وڵاتانی دیکەی ئیسلامی و چاویان لێکراوە[٩٣].

(حجازي حسن علي طراوة) پێی وایە: بە هیچ جۆرێک نە لە مزگەوتی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) و نە لە شوێنی تر باسی منارە نەکراوە تاوەکوو لە ساڵی (٨٨ ک/٧٠٦ ز) بە فەرمانی خەلیفەی ئەوکاتی ئومەوی (وەلیدی کوڕی عەبدولمەلیک) (٨٦–٩٦ک/٧٠٥–٧١٥ز) بورجەکانی کڵێساکە کراونەتە منارە و بوونەتە یەکەمین تەرزی منارە لە شارستانییەتی ئیسلامیدا، پاش ئەم منارانە لە ساڵی (٩١ک/٧١٠ز) لە سەردەمی (وەلیدی کوڕی عەبدولمەلیک)دا کاتێک (عومەری کوڕی عەبدولعەزیز) والی شاری مەدینە دەبێت، هەڵدەستێت بەنۆژەنکردنەوەی مزگەوتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و بۆ یەکەمجار چەند منارەیەکی بۆ دروست دەکات، واتە تاوەکوو کۆتایی سەدەی یەکی کۆچی ئەم مزگەوتە هیچ منارەیەکی نەبووە[٩٤].

---

[٩١] الخصاونة، ثابت محمد علي: *المئذنة في العمارة اسلامية المبكرة*، دراسة وصفية تحليلية، رسالة ماجستير غير المنشورة، جامعة اليرموك، سورية، ٢٠٠١م، ص: ٥٨.

* مسلمه بن مخلد (٤ پێش کۆچ – ٦٢ ک/٦١٨–٦٨٢ز): کوڕ صامتی ئەنصاری خەزرەجی، لە سەردەمی موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیاندا کرایە والی مصر ، پاش وەفاتی موعاویەش یەزیدی کوڕی وەکوو والی مصر هێشتییەوە تاوەکوو لە شاری ئەسکەندەریە وەفاتی کرد، یەکەم کەس بووە لە مصر دا منارەی دروستکرد بۆ ئەوەی بانگبێژەکان بانگی لەسەر بدەن. بڕوانە: الذهبي: المصدرالسابق، ص: ٤٢٤–٤٢٥.

[٩٢] طرشاوي، ٢٠٠٧، المرجع السابق، ص: ١٤.

[٩٣] السراج، اكرام عبدالمنعم احمد: *مآذن جوامع الموصل من العصر العثماني (دراسة عمارية فنية)*، دار إبن الأثير للطباعة والنشر، جامعة الموصل، الموصل، العراق، ٢٠١٢ م، ص: ٢٦.

[٩٤]طراوة، حجازي حسن علي: *إمارة عمر بن عبدالعزيز على مدينة النبوية (دراسة تاريخية وحضارة)*، م١، ط١، مطبعة زهراء الشرق، القاهرة، مصر ، ٢٠٠٨م، ص: ٢١٤–٢١٥.

نووسەر (جنیفەر سکێرس - Jennifer M. Scarce) لە کتێبەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات: عومەری کوڕی عەبدولعەزیز چوار منارەی لە هەر چوار گۆشەی مزگەوتەکەدا دروستکردووە، بەڵام لەبەرئەوەی یەکێک لە منارەکان بەسەر ماڵی (مەڕوانی کوڕی حەکەم)دا دەیڕوانی فەرمانی کردووە بە ڕووخاندنی بۆ ئەوەی نەڕوانێت بەسەر ماڵی مەڕواندا، لە شارستانییەتی ئیسلامیدا گرنگی زۆر دراوە بە پارێزگاری لە حەیاو حەرەمی خێزان لە کەسانی نامەحرەم، ئەمەش ڕەنگی داوەتەوە لە بیناسازیی ئیسلامی و ڕەچاوی ئەو بابەتە بە تەواوی کراوە، بۆ نمونە پەنجەرە و دیواری حەوشەکانیان بڵند بووە، و نەیانهێشتووە دوکان و بازاڕەکان لەنێو ماڵەکاندا دروستبکرێن[٩٥].

لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی (وەلیدی کوڕی عەبدولمەلیک)دا لە ساڵی (٩٦ ک/٧١٥ ز) سلێمانی کوڕی عەبدولمەلیکی برای لە شاری (ڕەملە) منارەیەک دروست دەکات بۆ مزگەوتی ئەو شارە[٩٦]، ئەم منارانەی باسمان کردن سەرجەمیان جگە لە منارەی مزگەوتی عومەر لە دومة الجندل دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی ئومەوی، هەرضەندە زۆربەی سەرچاوەکان ئەوە دووپاتدەکەنەوە دروستکردنی یەکەمین منارە لە شارستانییەتی ئیسلامیدا مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئومەوی (٤١-١٣٢ک/٦٦٢-٧٥٠ز)، بەڵام ئێمە پێمان وایە یەکەمین منارە لە شارستانیەتی ئیسلامیدا منارەکەی مزگەوتی عومەرە لە دومە الجنل.

منارەکانی سەردەمی ئومەوی (ئومەوی ئەندەلوس (١٣٨-٨٩٧ک/٧٥٦-١٤٩٢ز)، برگە چوارگۆشەیی بوون، هاوشێوەی بورجی کڵێسا و پەرستگاکان، وەکوو چۆن تاوەکوو ئێستاش لە مەغریب و ئەندەلوس ئەو تەرزە ماوەتەوە، لەوانە: منارەکانی مزگەوتی قەیرەوان لە تونس و مزگەوتی قورتوبە و ئیشبیلیە لە ئەندەلوس، (بڕوانە وێنەکانی ژمارە ٢).

ئەمەش لە بنەڕەتدا لە شێوازی بورجی کڵێساکانەوە وەرگیراون، یاخود هەمان ئەو بورجانە بوون کە پاش ئازادکردنی ناوچەکان کڵێساکان کراونەتە مزگەوت و بورجەکانیشیان بە هەندێک گۆڕانکارییەوە کراونەتە منارە، کۆنترین منارەی ئەم سەردەمە کە تا ئێستا مابێتەوە بریتییە لە منارەی مزگەوتی گەورەی قەیرەوان (جامع عقبە بن نافع)، مێژووی دروستکردنی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی حوکمڕانی هیشامی کوڕی عەبدولمەلیک لە ساڵی (١٠٥ ک/٧٢٣ ز)[٩٧]. ئەم شێوازە لە بیناسازیی منارەکان لە پاش سەردەمی ئومەوی بەردەوام نەبوو، بەڵکو پاش وەرگرتنی جڵەوی دەسەڵات لەلایەن عەباسییەکانەوە لە ساڵی (١٣٢ ک/٧٥٠ ز)، نوێگەری بیناسازیی سەریهەڵدا و لە ناوچەکانی عێراق و ئێران و ئەندەنوسیا و سەنگافورە بە گشتی شێوەی منارەی لولەیی پەیدا بوو، ئەمە جگە لە دەرکەوتنی شێوازی منارەی لولپێچی (الحلزونیة) وەکوو منارەی (الملویة) لە سامەڕا و منارەی مزگەوتی (ئەحمەد بن تۆلۆن) لە مصر کە یەکێکە لە کۆنترین منارەکان لە شارستانییەتی ئیسلامیدا و لەژێر کاریگەری منارە لولپێچییەکەی

---

[٩٥] سکێرس، جنیفەر: *کولتوری شارنشینی لە شارەکانی ڕۆژهەڵات*، و: شەهلا وەلی جەبار، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٢م، ص:٢٢.

[٩٦] الخصاونة، المرجع السابق، ص: ٥٨. البرادوستي: المرجع السابق، ص: ٤٧.

[٩٧] العميد، طاهر مظفر: *أثار المغرب و الأندلوس*، جامعة بغداد، بغداد، عراق، ١٩٨٩م، ص:١١٠. عبدالحافظ، المرجع السابق، ص:٩١.

سامەڕادا دروستکراوە[٩٨]. هەرچەندە مێژوونووسان پێیان وایە ئەم شێوازە لە منارەی لولپێچی لەژێر کاریگەری بیناسازی فارسەکان و لەوانەوە وەرگیراوە، جگە لەوە لە وڵاتێکی وەکوو مصر جۆرەها شێواز لە منارە بنیاتنراون و شێوەیەکی جێگیر بوونی نەبووە، لولەیی و لولپێچی و چوارلایی و هەشت لایی دروستکراون[٩٩]، (بڕوانە وێنەکانی ژمارە ٣).

کاتێک خەلیفەی دەیەمی عەباسی (المتوكل على الله ٢٣٢-٢٤٧ ک/٨٤٧-٨٦١ ز) مزگەوتە فراوانەکەی لە سامەڕا دروست کرد لە نێوان ساڵانی (٢٣٤-٢٣٧ک/٨٤٨-٨٥٢ز) منارەیەکیشی لە دەرەوەی مزگەوتەکە بە دووری (٢٧م) لە بەشی باکورییەوە بۆ دروستکرد بە بەرزی (٥٠م)، شێوەیەکی قوچەکییە و پلیکانەی لولپێچی بەدەوردا دەسوڕێتەوە بە ئاڕاستەی پێچەوانەی میلی کاتژمێر، شێوازێکی تایبەتی هەیە و جیاوازە لە منارەکانی تری شارستانییەتی ئیسلامی، لە خشت دروستکراوە و بە هۆکاری بەهێزی و پتەوی تاوەکوو ئێستا ماوەتەوە، چیرۆکی (الملوية) لە سامەڕا کۆتایی نایەت، بەڵکو (ئەحمەد بن توڵۆن) والی عەباسی لە فسطاط لە مصر، مزگەوتێکی دروست کرد لە نێوان ساڵانی (٢٦٣-٢٦٥ک/٨٧٦-٨٧٩ز)، توانی شێوازی بیناسازیی منارەی ملویە بگوازێتەوە بۆ ئەو شارە و لە مزگەوتەکەیدا هاوشێوەی دووبارە بکاتەوە، بەڵام لە گەورەیی و بەرزیدا ناگاتە ملویەی سامەڕا[١٠٠].

لە سەردەمی سەلجوقییەکان (٤٤٧-٥٩٠ ک/١٠٣٧-١١٩٤ز) بە تایبەتی شکڵ و شێوە و بیناسازیی منارەکان گەشەی بەرچاویان بە خۆوە بینی، بەراورد بە سەردەمانی پێشتر، لە عێراق و ئێران و ئەفغانستان و ئەنادۆڵ جۆرێک لە هاوشێوە بوون هەبوو لە دروستکردنیاندا، لاشەی لولەیی یان شێوە لولپێچی زاڵ بوو بەسەر تەرزی ئەم منارانەدا[١٠١].

لە وڵاتی ئێران سەرەتادا منارەکان شێوە هەشت لایی بوون، پاشان شێوە لولەییش بڵاوبوویەوە لە سەدەی (٥ ک/١١ ز)دا، و بە نەخش و نیگاری ئەندازەیی و قاشانی دەڕازێندرانەوە لەسەر هەمان ئەو خشتانەی منارەکەیان لێ دروست دەکرا، و لاکانی کۆتاییان دەهات بە نەخش و نیگاری موقەرنەصات*.

---

[٩٨] مصطفى، أمين مصطفى: *جامع أحمد بن طولون (٢٦٣-٢٦٥هـ/٨٧٦-٨٧٩م)*، مراجعة: عادل محمد زياده و أحمد الزيات، مطابع وزارة الدولة لشئون الآثار، ٢٠١٢م، ص: ٢٣.

[٩٩] طرشاوي، ٢٠٠٧، المرجع السابق، ص: ١٠.

[١٠٠] الباشا، حسن: *موسوعة العمارة والآثار والفنون الإسلامية*، م١، ط١، بيروت، لبنان، ١٩٩٩م، ص: ٢٢٨.

[١٠١] النمري، فاطمة (مياه) ولي: *أشكال وأساليب عمارة المآذن في مساجد المشرق الإسلامي*، رسالة ماجستير غير المنشورة، جامعة عمان، عمان، ١٩٩٧ م، ص: ٧٥.

* المقرنصات: وشەی مقرنص وەرگیراوە لە وشەی (مقرفص)ی عەرەبییەوە، وەکوو نەخش و نیگار و جوانکاری بۆ یەکەمجار لەلایەن وەستاو بیناسازە موسڵمانەکانەوە داهێنرا، و بە تەواوەتی ڕەنگی دایەوە لە ڕازاندنەوەی بیناسازیی ئیسلامیدا، بە زۆری لە ڕازاندنەوەی دیوی ناوەوەی گومەزەکان و منارەکان و تاجی عەمودەکان و بنمیچەکاندا بەکاردەهێنرا، هاوشێوەی شانەی هەنگ لە کونی بچوک بچوک پێکهاتووە، جگە لە ڕازاندنەوەی بۆ بەهێزکردنی لایەنی بیناسازیش بەکارهاتووە، ئەوروپییەکان بۆ ئەم جۆرە نەخش و نیگارە وشەی (ستالکتیت)یان بەکارهێناوە، کە لە ئەسڵدا وشەکەیان وەرگرتووە لە شێوەی ئەو کلسەی کە وەکوو کۆڵەیەکی باریکی شێوە قوچەکی کە لە بانی (سەقف) ئەشکەوتەکاندا دروست دەبێت و بەرچاو دەکەوێت. بڕوانە: صدقي، محمد کمال: *معجم المصطلحات الأثرية (إنجليزي-عربي)*، ط١، مطابع جامعة الملك سعود، الرياض، السعودية، ١٤٠٧هـ/ ١٩٨٨م، ص:٣٦٠. مرزوق، بتة: *الزخرفة العمائرية في*

لە وڵاتی هیندستانیش لە سەرەتادا مزگەوتەکان بێ منارە بوون، یەکەم شێوە و شکڵی منارەش کە پەیدا بوو لەم وڵاتە بریتی بوو لە لولەیی بەرز و تەسک، و بە بالکۆن (شرفة) دەرازێندرانەوە، لە سەدەی (٥ک/١١ز) بە دواوە منارەکان کەوتنە ژێر کاریگەری شێوازی ئێرانییەوە، یەکێک لە جوانترین منارەکان لە هیند بریتییە لە (قطب منار) لە مزگەوتی (قوة الإسلام) لە نزیک (دەلهی) پایتەخت، مێژووی دروستکردنی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی (قطب الدین أیبک) لە سەدەی (٦ک/١٣ز)، بەرزی ئەم منارەیە دەگاتە (٧٢,٥م)، لە پاش منارەی (الجیرالدا) لە ئیشبیلیە درێژترین منارەیە لە مێژووی شارستانییەتی ئیسلامیدا (بڕوانە وێنەی ژمارە ٤)، لە ئاسیای ناوەڕاستیشدا بە هەمان شێوە منارەکان بە گشتی بریتی بوون لە شێوە لولەیی بەرز و کۆتایی هاتوو بە شێوە هەڕەمی[١٠٢].

لە سەردەمی ئەتابەگییەکاندا (٥٢١-٦١٩ک/١١٢٧-١٢٢٢ز) منارەکان لە ڕووی بیناسازیی و نەخش و نیگارەوە زیاتر یەک شێوە و شێوازیان وەرگرت، لەوانە: منارەکانی (موزەفەرییە، داقوق، شەنگال، حەدبا..تاد)، ئەم منارانە لە ڕووی شێوە و نەخش و نیگارەوە لێکچوون، بنکەکانیان هەشت لایی و لاشەکەیان لولەییە، و لە ناوەوەشدا هەندێکیان پلیکانەی لولپێچییان بۆ دروستکراوە[١٠٣]، (بڕوانە وێنەکانی ژمارە ٥).

پاشان لە سەردەمی مەملوکییەکاندا بیناسازەکان تەنها گرنگیان بە دروستکردن و بەرزکردنەوەی منارەکان نەدەدا، بەڵکو هەوڵی ئەوەیاندەدا تەرزێکی بیناسازی تایبەتی منارە دابهێنن کە تایبەت بێت بە سەردەمی خۆیان و جیاواز بێت لەوانەی پێش خۆیان، گرنگییەکی زۆریان دەدا بە ڕازاندنەوەی ڕووی دەرەوەی منارەکان، لە ڕازاندنەوەدا سیستەمی ڕەنگی یەک لە دوای یەکیان بەکاردەهێنا، بۆ نمونە بەردێکی ڕەش و دانەیەکی سوور (صنج معشق)* ... تاد، ئەم شێوازە جوانکارییە بۆ یەکەمجار لە سەردەمی مەمالیکەکان و پاش ئەوانیش لە میصر و شام بەکارهێنراوە[١٠٤].

---

*عمارة المغرب الأوسط خلال الفترة (٥-٨ هـ/ ١١-١٤ م) دراسة أثرية فنية*، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة بن يوسف بن خدة، الجزائر، ٢٠٠٨-٢٠٠٩م، ص: ٢٩. النمري: المرجع السابق، ص ٧٥.

[١٠٢] خلف، ابراهيم حسين: *"المآذن الإسلامية في الهند مأذنة قطب منار انموذجا"*، مجلة دراسات في التاريخ والآثار، العدد ٦٦، ٢٠١٨ م، ص: ٤٣٠. عبدالأمير: المرجع السابق، ص: ٥٥١.

[١٠٣] النمري: المرجع السابق، ص: ٧٥.

* صنج معشق: ئەو دەستەواژەیەیە کە لە هونەری نەخش و نیگاری ئیسلامیدا بەکاردەهێنرێت بۆ ئەو پارچە بەردە یان مەرمەڕانە کە لە قەبارەدا وەک یەکن و لە دوو ڕەنگ بە زۆری ڕەش و سپی پێکهاتوون، و بە شێوەی یەکتر گرێدان دەکەونە سەر یەکتری و بۆ مەبەستی ڕازاندنەوەی ڕووی دەرەوەی بینا جیاوازەکان بەکارهاتوون. بڕوانە: دقيل، حسين: *مآذن أثرية من مصر العثمانية*، ط ١، ببلومانيا للنشر والتوزيع، القاهرة، مصر ، ٢٠٢١م، ص: ١٦١.

[١٠٤] صالح، لطفي سعيد كليب، شوكت محمد لطفي القاضي، و عزت عبدالمنعم مرغني: *تطور عمارة المآذن في اليمن ومصر (من عصر صدر الإسلام حتى العصر العثماني) دراسة تحليلية مقارنة*، *Journal of Engineering Sciences*، م ٤٦، رقم ٦، *جامعة* أسيوط، مصر ، ٢٠١٨ م، ص: ٧١٢.

صالح، والآخرون: المرجع السابق، ص: ٧١١-٧١٢.

له ناوەڕاستی سەدەی (٧ک/١٤ز)ەوە شێوازی منارەکان لە شارستانییەتی ئیسلامیدا گۆڕانکاری بەرچاویان بەسەردا هات، شێوازی منارەی قاهیرەیی (تێکەڵاو) پەرەی سەند، هاوشان لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی مزگەوتەکان منارەکانیش زیاد بوون. لەم سەردەمەدا کە چڕی دانیشتوانی شارەکان زیادی کرد فەرمانڕەوا مەملوکییەکان کێبڕکێیان دەکرد بۆ دروستکردنی مزگەوت و قوتابخانە و خانەقا، کە هەریەکەیان بە منارەیەک یان زیاتر ڕازێندرابوونەوە، شێوازی فاتمی زاڵ بوو بەسەر منارەکانی ئەم سەردەمەدا، کە ئەوانیش سودیان لە شێوازی جوان و ڕازاوەی مەغریبی وەرگرتبوو، بنکەکەیان چوارگۆشە و ڕازێندراوە بە نەخش و نیگاری گوڵ و ئەندازەیی و موقەرنەسات ... تاد[١٠٥].

لە سەدەی (٩ک/١٥ز)شدا بیری دوو منارەیی لە سەرەتای چوونەژوورەوەی (مدخل) مزگەوتەکاندا سەری هەڵدا لە وڵاتی ئێران، و زۆربەی مزگەوتە گەورەکانی ئەو ناوچەیە دوو منارەیان بۆ دروستکرا، بەڵام منارەکان سادە و خاڵی بوون لە پێکهاتە بیناسازییەکانی وەک چین چین و پەنجەرە (طبقات و نوافذ)[١٠٦].

بەرەو پێشچوون لە نەخش و نیگار و شێوازی دروستکردنی منارەکاندا بەردەوامی هەبوو، چەندان شێوەی لولەیی کۆتایی هاتوو بە شێوە قەڵەمی دروستکران لە ناوچەکانی ئێران و تورکیا[١٠٧].

لە سەردەمی عوسمانییەکانیشدا (٦٩٨-١٣٤١ک/١٢٩٩-١٩٢٣ز) بە تایبەتی پاش ئەوەی لە ئەنادۆڵەوە پێشڕەویان بەرەو ڕۆژئاوا کرد، شێوازێکی نوێی تەرزی منارە پەیدا بوو و بڵاوبوویەوە بە زۆربەی ئەو ناوچانەی کە لەژێر قەڵەمڕەوییاندا بوو، و زیاتر یەک شێوازی وەرگرت، ئەویش بریتی بوو لە شێوەی لولەیی باریک و کۆتایی هاتوو بە شێوەی نوکی پێنووسێک[١٠٨]، تاوەکوو ئێستاش ئەم شێوازە بوونی ماوە و بە شێوازی عوسمانی ناسراوە، هەروەها پاش فەتحکردنی شاری قوستەنتینییە لە ساڵی (٨٥٧ک/١٤٥٣ز) چوار منارەیان لە هەرچوارگۆشەی کڵێسای (کاتدرائی) هاگیا سۆفیا زیاد کرد تاوەکو سیمای کڵێسەیی پێوە نەمێنێت[١٠٩].

منارەکانی ئەم سەردەمە بەوە دەناسرێنەوە کە باریک و درێژن و کۆتاییان هاتووە بە نوکێکی تیژ (مدبب) هاوشێوەی قەڵەم ڕەصاص، زۆربەی مزگەوتەکانی ئەم سەردەمە زیاتر لە منارەیەکیان هەیە بە تایبەتی لە ئەنادۆڵ کە لە هەر چوارلای دیواری مزگەوتەکان منارە دروستکراوە، وەک: مزگەوتی سلێمانیە و مزگەوتی سوڵتان ئەحمەد (مزگەوتی شین)، زۆربەی منارەکانی شێوازی عوسمانی لە چوار بەش پێکدێن، باڵکۆنی لولەیی بچوکیان هەیە و بەشێکیان لە بەشێکی دیکە جاکردووەتەوە و بە موقەرنەسات ڕازێندراونەتەوە. لە سەدەی (١٤ک/٢٠ز) نمونەیەکی دیکەی شێوازی منارە دەرکەوت لە

---

[١٠٥] عبدالأمير، صفا لطفي: *الأبعاد الجمالية للمئذنة في العمارة الإسلامية*، مجلة جامعة بابل، العلوم الأنسانيه، م ١٨، العدد ٢، بابل، العراق، ٢٠١٠ م. ص: ٥٥١.

[١٠٦] عبدالأمير: المرجع السابق، ص: ٥٥١.

[١٠٧] طرشاوي، ٢٠٠٧، المرجع السابق، ص: ١٤.

[١٠٨] النمري: المرجع السابق، ص: ٧٥.

[١٠٩] صالح، والآخرون: المرجع السابق، ص: ٧١٢.

قاهیرە، کە لە بەرد دروستدەکران، لەوانە منارەکانی (باب زویلة)، کە یەکێکن لەو منارانەی لە قاهیرەدا بەناوبانگن[١١٠]، (بڕوانە وێنەی ژمارە ٦).

**تەوەرەی سێیەم: گرنگی و بایەخی دروستکردنی منارەکان لە بیناسازیی مزگەوتەکاندا.**

لە سەرەتای بیناسازیی ئیسلامیدا مزگەوتەکان بێ منارە بوون، بەڵام دواتر بە هۆکاری پێویستی دروستکردنی شوێنێکی بەرز و ڕۆحی و جیاواز لە بیناسازییەکانی تر بۆ بانگدان و گەشەکردنی بواری بیناسازیی و تێکەڵبوونی موسڵمانان لەگەڵ نەتەوەکانی تر و ئاشنا بوون بە شێوازی بیناسازیی نوێ، بیری دروستکردنی منارە سەری هەڵدا لە مزگەوتەکاندا، بوونە ناسنامەی بیناسازیی ئیسلامی، لەسەرەتادا لە شکڵ و شێوەدا زۆر سادە بوون، لە گۆشەیەک لە گۆشەکانی مزگەوت دروستدەکران تاوەکوو بانگبێژەکان (المؤذنون) بچنە سەریان و بانگ بدەن، بەرزییەکەیان هۆکار بوو بۆ ئەوەی دەنگی بانگەکە بگاتە تەواوی دەوروبەری مزگەوت، بە تێپەڕبوونی کات لە ڕووی ئەندازەیی و شکڵ و شێوەوە پێشکەوتنیان بەخۆوە بینی و بەدەر لە ئەرکەکەیان بوونە هێمای مزگەوتەکان، تەنانەت وای لێهات شارێکی وەکوو قاهیرە زۆرترین شێوازی منارەی مزگەوتی تێدا دروستبکرێت و بە مۆزەخانەی منارەکان بناسرێت[١١١].

نووسەری ئەمریکی (Jonathan Blum- جۆناثان بلوم) پێی وایە منارەکان هێمای ئایینی ئیسلامن، بەڵام ئەم هێمایە یەک فۆرم و یەک شێوەی نەبووە، بە درێژایی شارستانییەتی ئیسلامی و دابەشبونی جوگرافی خاکی موسڵمانان فۆرمی بیناسازییان هەمەجۆر بووە[١١٢].

بیناسازیی بە گشتی کۆکراوەی دوانەی ناسراوی (ماددی و مەعنەوی)ین، بیناسازیی ئیسلامیش لەسەر ئەو بنەمایەی کە بەسەرکەوتوویی توانیویەتی واقیعیەتی عەقڵیەتی ئیسلامی تێیدا بە وردی ڕەنگبداتەوە و ناسنامەیەک بە کۆمەڵێک تایبەتمەندییەوە بە خۆی جیگیر بکات، بیناسازیی موسڵمان توانی داهێنەرانە ئەو بیناسازییە ئیسلامییەی هەڵبژاردووە ببباتە ناو دونیای جوانییەوە، چونکە جوانی سیفەتێکی ڕەها بووە لایان، هەر ئەمە وای کردووە بیناسازیی موسڵمان لە هونەری ئیسلامیدا پێگەیەکی دیار داگیر بکات[١١٣].

---

[١١٠] صالح، والآخرون: المرجع السابق، ص: ٧١٢.

[١١١] عبدالأمير: المرجع السابق: ص: ٥٥٠.

[١١٢] بلوم، جاناتان: *مبنای پیدایش منارە از دیدگاه کرسول*، ت: مهندس محمد رضا بذل جو، مجله صفه، العدد ٣٥، ایران، ١٣٩٣، ص: ١٢٣.

[١١٣] عبدالأمير: المرجع السابق، ص: ٥٥٢.

بیناسازە موسڵمانەکان سەرکەوتنی بیناسازییان بەدەستهێنا پاش ئەوەی توانییان شوێنێکی ڕۆحی تایبەت بۆ بانگبێژەکان لە مزگەوتەکاندا دروستبکەن، و جیاواز بێت لە ڕەگەزە بیناسازییەکانی تر، و دەنگی بانگبێژەکان لێیەوە بگەیەنرێتە مەودایەکی دوور، و بەرز بێت بەسەر هەموو دەنگەکانی تر و زیندوویییەکی پێ بدەن[١١٤].

منارە بیرۆکەی فراوانکردنی مەودای ئەو دەنگە ڕۆحییە بوو کە بۆ بانگکردنی موسڵمانان بەکاردەهات بۆ ئەنجامدانی فەریزەیەکی خودایی کە نوێژە، ناوەڕۆکی بیرۆکەکە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە بانگبێژ لە زەوییەوە بەرزتر بێت تاوەکوو دەنگی زیاتر بڕوات و بواری بیستنەکەی فراوانتر بێت و زیاتر بڵاوبێتەوە.

**تەوەرەی چوارەم: گرنگترین زاراوە و ئەو شوێنانەی بانگیان لەسەر دراوە لە سەرەتای ئیسلامدا:**

لە شارستانییەتی ئیسلامیدا بە پێی هەڵکەوتەی جوگرافی خاکی موسڵمانان کۆمەڵێک زاراوەی مێژوویی و شوێنەواری بەکارهاتوون بۆ منارەکان، لە دیارترینیان: (المنارة، المأذن، الصومعة، الأسطوان، الزوراء، المطمار، العساس ...)[١١٥]، لە ناوچەکانی مەغریبی عەرەبی و ئەندەلوس زاراوەی (الصومعة) بەکاردەهێنرێت، لە ئەنادۆڵ و ئێران و عێراق و هەرێمی کوردستانیش (المنارة) بەکاردەهێنرێت، لە دوورگەی عەرەبیش زاراوەی (المأذنة) بەکاردەهێنرێت، زاراوەکانی تریش لە سەدەی یەکەمی کۆچیدا لە دوورگەی عەرەبیدا بەکارهاتوون[١١٦]، لێرەدا هەوڵ دەدەین هەریەک لەم زاراوانەی ئاماژەمان پێکردن تیشک بخەینە سەریان و بیانناسێنین:

**١/ الأسطوان:** یەکەم بانگبێژی ئیسلام (بیلالی حەبەشی) سەرەتا لەسەر بانی ماڵی ئافرەتێک لە هۆزی نەجاڕ بانگی دەدا، پاشان دەچووە شوێنێکی بەرزی شێوە لولەیی (الأسطواني) لەسەر بانی ماڵی خاتوو حەفسەی کچی عومەری کوڕی خەتتاب، هەروەها ڕیوایەت کراوە کە لەسەر بانی ماڵی عەبدوڵڵای کوڕی عومەریش بە هەمان شێوە لەسەر شێوە لولەییەک لە بەشی ڕووگەی مزگەوتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بانگی فەرمووە[١١٧]، واتە (الأسطوان) لە شێوەی ئەو شوێنەوە وەرگیراوە کە بانگی لەسەر دراوە.

**٢/ الزوراء:** لە سەردەمی عوسمانی کوڕی عەففاندا شوێنێکی بەرز دیاریکرا بۆ بانگدان بەناوی (الزوراء)، الزوراء لە شوێنێک بوو نزیک بازاڕی شاری مەدینە، مەبەست لەمەش ئەوەبوو کە زۆرترین خەڵک بانگەکە ببیستن، گرنگی لەوەدابوو کە بۆ یەکەمجار شوێنێکی تایبەت دیاریکرا بۆ بانگبێژەکان کە جیا بوو لە بینای مزگەوت و تایبەت بوو بە بانگدان[١١٨].

---

[١١٤] عبدالأمير: المرجع السابق، ص: ٥٥٢.

[١١٥] العميد: المرجع السابق، ص:١١٠.

[١١٦] وزيري، يحيى: *العمارة الإسلامية والبيئة*، الكويت، مطابع السياسة، ٢٠٠٤ م، ص: ١٤٤.

[١١٧] طراد، مهند وصقر الصقور: تصميم المآذن بين التاريخ والمعاصرة (نماذج من الأردن)، م٢٢، العدد ٤، ٢٠١٦ م، ص: ٣١٥.

[١١٨] عزب، خالد: فقه العمران "*الدولة والمجتمع والعمارة في حضارة المسلمين*"، الفصل الثالث، مطبعة الدار المصرية اللبنانية، لبنان، ٢٠١٢م، ص: ٢٦٧.

مێژوونووسی مەغریبی شێخ (عبدالحي الكتاني) دەڵێت: لە سەردەمی عوسمانی کوڕی عەفاندا لەبەرئەوەی خەڵک زۆر بوو بانگی دووەمی لەسەر شوێنێکی بەرز زیاد کرا لە ڕۆژی هەینی، وەکوو وتراوە هێندەی منارە بەرز بووە[119].

**٣/ المطمار:** بریتی بوو لە سەکۆیەکی شێوە چوارگۆشەیی بەرزی پلەپلەدار، بە تایبەت بەکاردەهات بۆ بانگدان، نمونەیەکی لە وڵاتی ئوردن پاشماوەی دۆزراوەتەوە کە لێکنرابوو بە بەشی باشووری مزگەوتی (قصر الحلابات)، مێژوونووسان پێیان وایە (المطمار) بەردەوام بووە تاوەکوو سەرەتای دەسەڵاتی ئومەوی[120].

**٤/ الصومعة:** صومعە وەرگیراوە لە ناوی بورجی پەرستگای بت پەرستەکان، یان بورجی پاراستن و ئاگاداری لە قەڵای ڕۆمانییەکان، یاخود لە بورجی کڵێسای مەسیحییەکان، مێژوونووسان و شارەزایان بە هەموویان وتووە (الصومعة)، دانیشتوانی مەغریبی عەرەبی لە جیاتی بەکارهێنانی وشەی منارە زاراوەی (الصومعة)یان بەکارهێناوە، تاوەکوو ئێستاشی لەگەڵدا بێت ئەم زاراوەیە بەکاردەهێنن، بە واتایەکی تر زۆرترین بەکارهێنەری زمانەوانی هەیە لە باکووری کیشوەری ئەفریقا، لەوانەشە هۆکارەکەی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە تاوەکوو ئێستا بە شێوەیەکی گشتی شێوەی منارەکانی ئەو ناوچانە لەسەر شێوەی بورجە کۆنەکانی پێش ئیسلامن، کە شێوەیان چوارگۆشەیی بەرز و گەورە و بەهێزن[121].

محمود عبدالعزیز سالم لە کتێبەکەیدا (المأذن المصريه، نظرة عامة عن أصلها وتطورها ...) ئاماژە بەوە دەکات پرۆفیسۆر (جاستۆن ڤیت) لە توێژینەوەیەکیدا لەسەر زاراوەی صومعە پێی وایە: "دەکرێت ئەم زاراوەیە بۆ جۆرێکی تایبەت لە منارە بەکارهاتبێت"[122]، هەروەها ئاماژە بەوە دەکات کە زانای جوگرافیناسی ئەندەلوسی موسڵمان ئیبن جوبەیر (م:٦١٤ ك/١٢١٧ز) زاراوەی صومعەی بەکارهێناوە بۆ وەسفکردنی پەیکەری (ئەبولهۆل) لە ناوچەی جیزەی وڵاتی مصر، هەروەها بەکاریهێناوە بۆ وەسفکردنی گومەزێک (کڵاوە) لەبەرئەوەی بەرز بووە، هەروەها پێی وایە هۆکاری بەکارهێنانی وشەی صومعە بۆ منارەی مزگەوتەکان لەلایەن موسڵمانەکانەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە یەکەمین منارەکان بنیاتنراون لەم ناوچانە شێوەیان چوارگۆشەیی بووە لەسەر شێوە و شکڵی بورجەکانی پەرستگا و کڵێساکانی شام، کە دواتر ئەم شێوە لە ناوچەی شامەوە گوازرایەوە بۆ مصر و مەغریبی عەرەبی و ئەندەلوس[123].

---

[119] الكتاني، محمد عبدالحي: *نظام الحكومة النبوية المسمى التراتيب الإدارية*، تحقيق: عبدالله الخالدي، ج ١، شركة دار الأرقم بن أبي الأرقم للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت، لبنان، ٢٠١٤ م، ص: ١٢٧.

[120] Bisheh, G*: "A Short Note on the Minaret at Qastal."*, Liber Annuus, 2000, p: 70.

[121] السراج: المرجع السابق، ص: ٢٩. خلف: المرجع السابق، ص: ٤٢٣-٤٢٤.

[122] محمود: المرجع السابق، ص: ٣.

[123] محمود: المرجع السابق، ص: ٥.

(الصومعة) به بەراورد لەگەڵ زاراوەکانی پێشووتر کە باسمان کردن بەکارهێنانی بەربڵاوتر بووە لە شارستانییەتی ئیسلامیدا، هەروەها ئاماژە بەوەکراوە صوامعەکان لە شکڵ و شێوە و قەبارەدا لە بورجەکان نزیکتر بوون، بەراورد بە منارەکان کە بچوکتر و نزمتر بوون[١٢٤].

لە زمانەوانیدا: لە کرداری (صمع)ەوە وەرگیراوە و لەسەر وەزنی (فوعلە)یە، و لە بنچینەدا وشەیەکی سریانییە، و (الصمع) بە واتای بەرزی هاتووە، پێش هاتنی ئایینی ئیسلام صومعە بینایەکی بەرزی تایبەت بووە بە ڕاهیبەکان[١٢٥].

لە یەک شوێنی قورئاندا ئەم زاراوەیە بەکارهاتووە، هەروەک خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَوۡلَا دَفۡعُ ٱللَّهِ ٱلنَّاسَ بَعۡضَهُم بِبَعۡضٖ لَّهُدِّمَتۡ صَوَٰمِعُ وَبِيَعٞ وَصَلَوَٰتٞ وَمَسَٰجِدُ يُذۡكَرُ فِيهَا ٱسۡمُ ٱللَّهِ كَثِيرٗا ٤٠﴾[١٢٦]. واتە: (ئەگەر خوا هەندێ کەسی تر لەناو نەبردایە، چەندین پەرستگای ڕەبەنەکان و چەند کڵێسەی گاوران و چەند کەنشتی جوولەکە و چەند مزگەوتی موسڵمانان کاول ئەبوون، کە هەموو ناوی خوایان تێدا ئەهێنرێ)[١٢٧].

ئیبن جوبەیر منارەکانی وەک صوامعەکان ناوزەند کردووە، لە وەسفی مزگەوتی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) لە شاری مەدینە دەڵێت: یەکەمجار منارەیەکی سپی بەرز بەرچاو کەوت لە مزگەوتەکەدا، بەڵام دواتر سێ صوامع دروستکران، یەکیان لە گۆشەی ڕۆژهەڵات لە ڕووی ڕووگە، و دوانەکەی تر لە دوو گۆشەی تری مزگەوتەکە بوون[١٢٨].

**٥/ منارە (المنارة):** لە بنەچەدا وشەیەکی عەرەبییە، و پاشان لەناو زمانەکانی تردا بڵاوبووەتەوە و گەشەی کردووە، لەوانە: لە زمانی ئینگلیزیدا زاراوەی (minaret) و لە زمانی تورکیدا (minare) و لە زمانی ئیسپانیدا (minarete) و لە زمانی پورتوگالیدا (minareto) و لە زمانی ئیتالیدا وشەی (minaretto) بە کارهاتووە، هەردوو وشەی (منار) و (منارة) لە ڕەگی نوورەوە وەرگیراون، منار بەوە پێناسە دەکرێت کە نیشانە و ئاماژەیەکە بۆ دیاریکردنی ڕێگا، یان نیشانەیەکی جیاکەرەوەیە لە نێوان دوو زەویدا، واتە منار و منارە شوێنی نوور و ڕووناکین، ئەم وشەیە بەکارهێنراوە لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی و ئەنادۆڵ، و بۆ ناونانی هەموو جۆرەکانی منارە بەکارهاتووە، پاشان لەم ناوچانەوە گوازرایەوە بۆ ناوچەکانی ئەوروپا و چووە ناو زمانە ئەوروپییەکانەوە[١٢٩].

---

١٢٤ طراد و الصقور: المرجع السابق، ص: ٣١٦.

١٢٥ شبوح، إبراهيم: *نماذج من بواكير العمارة والتراث المكتوب في الغرب الإسلامي*، مجلة البيان، العدد ٣، منشورات جامعه آل البيت، السعودية، ١٩٩٩ م، ص: ٧١١.

١٢٦ القرآن الكريم، سورة الحج.

١٢٧ خۆلاصەی تەفسیری نامی: سەرچاوەی پێشوو، ل: ٣٣٧.

١٢٨ إبن جبير، محمد: *رحلة ابن جبير*، دار صادر للطباعه والنشر، بيروت، لبنان، ١٩٨٠ م، ص: ١٤٤.

١٢٩ النمري: المرجع السابق، ص: ١.

مناره لە زمانەوانیدا: ئەو شوێنەیە کە لە بەرد و قوڕ دروست کراوە لەسەر ڕێگاکان و لە بنەڕەتدا وشەکە بە واتای (چرای ڕاگیراو) دێت، ئەمەش لەوەوە هاتووە کە لە سەردەمانی کۆندا بۆ چاوساغی و ڕێنیشاندانی ڕێبوار و کەشتیوانەکان بەکارهاتووە، چونکە لەسەر منارەکان بەردەوام ڕووناکی هەبووە[١٣٠]. لە (فرهنگ نظام)دا هاتووە وشەی (منار – منارة): واتە شوێنی ڕووناکی، بورجێک کە لە مزگەوتدا دروست دەکرا و بانگبێژ دەچووە سەری بۆ بانگدان[١٣١].

(المنارة) بە دەستەواژەی تاک و کۆی (المنار) بریتییە لە وشەیەکی وەرگیراو لە کرداری (أنار) یان (أشغل النار) یان (أضاء النور)، بەکارهاتووە بۆ ڕێنیشاندانی کەشتیوانەکان لەناو دەریاکان و کاروانەکان لە وشکانیدا، هەروەها وتراوە ئەم وشەیە (المنارة) بە هیچ شێوەیەک تایبەت نییە بۆ بانگکردنی خەڵکی بۆ نوێژ، بەڵکو بە واتای شوێنی ڕووناکییە، لەبەر ئەوەی خەڵکی لە سەردەمانی کۆنەوە منارەیان بەکارهێناوە بۆ ڕێنمونیکردنی گەشتیار و ڕێبوارانی ڕێگاکان، و بە گشتی واتای نیشانەکانی ڕێگاکان دەگەیەنێت[١٣٢].

مەجلیسی (م: ١٤٠٠ک/١٩٨٠ز) زانای دیاری ڕێبازی (مذهب) شیعەکان پێی وایە: لە فەرموودەکانی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) مەبەست لە (منارە) ئەهلی بەیتە و لە هەندێک شوێنی قورئانیشدا هەر بە واتای ئەهلی بەیت هاتووە[١٣٣]. (هیلین برند) لە توێژینەوەیەکیدا دەربارەی بیناسازیی ئیسلامی دەڵێت: هیچ جۆرە بەڵگەیەک لەبەردەستدا نییە بیسەلمێنێت ئەم شوێنە بۆ بانگدان بەکارهاتووە، بەڵکو واتای سەرەکی ئەم وشەیە شوێنی ڕووناکی یان ئاگر بووە، دەکرێت پوخت بکرێتەوە و بوترێت وشەی منارە دوو چەمکی جیاوازی (ڕووناکی – ئاگر) و (هێما – نیشانە) بە یەکەوە دەبەستێتەوە، کە هیچ کامیان لە پەرستنەکانی ئیسلامدا جێگایان نابێتەوە[١٣٤].

مێژوونووسی ئەمریکی (ئارتور ئەبهام پۆپ) (م: ١٣٨٨ک/١٩٦٩ز) دەربارەی پێناسەی منارە دوو بۆچوونی باسکردووە، یەکەم: (منارە) بە واتای ڕۆشنایی هاتووە، و (منار) بەو شوێنە وتراوە کە ئاگری تێدا هەڵکراوە، و بە واتای هێمای تیشکدانەوەی خودا و دەرکەوتنی مەعنەوییەت هاتووە. دووەم: منارەکان وەکوو نیشانە و هێمایەک بوون بۆ دیاریکردنی ڕێگاکان، و لەسەر ڕێگا سەرەکییەکانی بیابانەکاندا دروستدەکران، وەکوو میلی منارەی (زیار) لە ئەسفەهان و (خوسرەو گرد) لە نزیک شاری (سەوزەبان) لە وڵاتی ئێران و ... تاد[١٣٥]، (بڕوانە وێنەکانی ژمارە ٧).

---

[١٣٠] رامپوری، غیاث الدین محمد بن جلال الدین بن شرف الدین: *فرهنگ غیاث اللغات*، م٢، چ١، فصل میم مع نون، چاپخانه گیلان، تهران، ایران، ١٣٣٧، ص: ٤٣٦.

[١٣١] داعي الإسلام، سید محمد علی: *فرهنگ نظام*، جلد ٥، چ ٢، ناشر شرکت دانش تهران، ایران، ١٣٦٢، ص: ٢٢٧.

[١٣٢] طراد و الصقور: المرجع السابق، ص: ٣١٦.

[١٣٣] المجلسي، محمد باقر بن محمد تقی: *بحار الأنوار*، جلد ١٦، دارالکتب الإسلامیه، تهران، ٢٠١٧م، ص: ١٤٩.

[١٣٤] هیلین برند: المرجع السابق، ص: ١٣٣.

[١٣٥] پوپ، آرتور اپهام: *معماري ایران*، ترجمه: غلا محسین صدری افشار، مطبعه میراث فرهنگی، تهران، ایران،١٣٧٣، ص: ١٧١.

**٦/ المئذنة:** زاراوەی (المئذنة) بەو شوێنە دەوترێت کە بانگبێژەکان دەچنە سەری و بانگی لێوە دەدەن و موسڵمانان ئاگادار‌دەکەنەوە لە کاتی نوێژەکانیان، (المئذنة) وەرگیراوە لە کرداری (أذن)ـەوە، بە واتای مۆڵەتدان لە ئەنجامدانی کارێک، یاخود بانگەوازی دەنگی و بانگکردنی نوێژخوێنان بۆ مزگەتەکان بە مەبەستی ئەنجامدانی نوێژە بەکۆمەڵەکانیان، وتراوە: (أذن - يؤذن - إيذانا) و (أذن - يؤذن - تأذينا)[١٣٦]، واتە: (بانگیدا، بانگەدەدات، بانگدان). ئەم زاراوەیە و پێکهاتەکانی لە قورئاندا بە چەند واتایەک هاتوون، لەوانە: بۆ ئاگادارکردنەوە[١٣٧]، هەروەک خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَإِن لَّمْ تَفْعَلُوا۟ فَأْذَنُوا۟ بِحَرْبٍ مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ ﴿٢٧٩﴾﴾[١٣٨]، واتە: (خۆ ئەگەر واتان نەکرد و دەستتان هەڵنەگرت لە سوو خۆری، ئەوسا جەنگێکی گەورە ڕابگەیەنن لەلایەن خواو پێغەمبەرەکەیەوە (ﷺ)[١٣٩].

هەروەها بە واتای (بانگکردن بۆ شتێک) هاتووە[١٤٠]، ﴿وَأَذَٰنٌ مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦٓ إِلَى ٱلنَّاسِ يَوْمَ ٱلْحَجِّ ٱلْأَكْبَرِ ﴿٣﴾﴾[١٤١]، واتە: (ئەمەش بانگەواز و ڕاگەیاندنێکە لەلایەن خواو پەیامبەرەکەیەوە (ﷺ) بۆ هەموو خەڵکی لە ڕۆژی حەجی گەورەدا)، هەندێک لە زانایان پێیان وایە: ڕۆژی حەجی گەورە ڕۆژی عەرەفەیە، هەندێکی تر پێیان وایە: یەکەم ڕۆژی جەژنی قوربانە)[١٤٢]. لە ئایەتێکی تردا بە هەمان واتا هاتووە، بەم شێوەیە: ﴿وَأَذِّن فِى ٱلنَّاسِ بِٱلْحَجِّ... ﴿٢٧﴾﴾[١٤٣]، واتە: (جاڕ بدە بەناو خەڵکدا با بێن بۆ حەج...)[١٤٤].

ئامانجی ڕاستەوخۆی بانگدان لە ئیسلامدا بانگەواز و ئاگادارکردنەوەی نوێژخوێنانە بۆ بەدەمەوە چوونی نوێژەکانیان لە کاتی دیاریکراوی خۆیاندا، بانگبێژ لە ئیسلامدا پلەیەکی بەرزی هەیە، وەک لە فەرموودەی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) هاتووە، عیسای کوڕی تەلحە لە موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیانەوە گێڕاویەتییەوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: (**الْمُؤَذِنونَ أَطْولُ النَاسِ أعنَاقًا يَومَ الْقِيَامَةِ**)[١٤٥]، واتە: (بانگێژەکان لە ڕۆژی قیامەتدا گەردنیان لە هەموو کەس بەرزترە)[١٤٦]. ئەوە ڕوونە کە موسڵمانان لە شەو و ڕۆژێکدا پێنج جار و لە پێنج کاتی جیاواز و دیاریکراودا نوێژ ئەنجام دەدەن، بانگدانیش پەیوەندیدار

---

[١٣٦] إبن منظور: *لسان العرب*، المجلد ١٣، نشرأدب الحوزة، قم، ايران، ١٤٠٥هـ/١٩٨٤م، ص: ١٢.

[١٣٧] طرشاوي، بلحاج: *المآذن الزبانية والمرينية في تلمسان (دراسة تاريخية وفنية)*، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة أبي بكر بلقايد، تلمسان، الجزائر، ٢٠٠٣ م، ص: ٣٧.

[١٣٨] القرآن الكريم، سورة البقرة.

[١٣٩] مەحمود، ئەحمەد کاکە: *تەفسیری ڕامان لە ماناو مەبەستی قورئان*، چ٣، ٢٠١٢ ز، ل:٨٨ .

[١٤٠] إبن منظور، المصدرالسابق، ص: ٩.

[١٤١] القرآن الكريم، سورة التوبة.

[١٤٢] مەحمود: سەرچاوەی پێشوو، ل: ٨٨.

[١٤٣] القرآن الكريم، سورة الحج.

[١٤٤] إبن منظور: المصدرالسابق، ص: ١٢. خۆلاصەی تەفسیری نامی: سەرچاوەی پێشوو، ل: ٣٣٥.

[١٤٥] *صحيح مسلم، كتاب الصلاة، باب فضل الأذان وهرب الشيطان عند سماعه*، برقم (٣٨٧).

[١٤٦] المنذري: سەرچاوەی پێشوو، ل: ١٢٣.

بووە بە مزگەوت و منارەوە، بۆیە (المئذنة) بووە بە ڕەگەزێکی سەرەکی لە بیناسازیی مزگەوتەکان، ئەمە لە کاتێکدایە کە زاراوەکانی تر ئەم واتایە ناگەیەنن، لە شارستانییەتی ئیسلامیدا ئەم زاراوەیە بەکارهێنراوە بۆ شوێنی بانگدان، هەروەک پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەموو جارێک لە کاتی بانگداندا بیلال یاخود هاوەڵێکی تری ڕادەسپارد بۆ ئەوەی بانگ بدات لە شوێنێکی بەرزدا، خەڵکیش کاتێک گوێیان لێ دەبوو کاتی نوێژیان بیردەکەوتەوە و ڕوویان دەکردە مزگەوت بۆ ئەنجامدانی نوێژەکانیان[١٤٧].

٧/ **العساس:** یەکێکی ترە لەو زاراوانەی بەکارهاتووە بۆ منارەکان بە تایبەتی لە باکووری ئەفریقیا و بە دیاریکراوی لە وڵاتی مەغریب[١٤٨]، پێش هاتنی ئایینی ئیسلام بەکارهاتووە بۆ ئەو بورجانەی کە بەکارهێنراون بۆ چاودێری و ئاگاداربوون لە دەوروبەر، بەڵام لە بیناسازیی ئیسلامیدا (المئذنة) شوێنی ئەم زاراوەی گرتووەتەوە و بەکارهێنراوە، بەڵام لە بەرانبەر ئەرکێکی تردا کە بانگدانە لەسەری[١٤٩]. پێی وتراوە (العساس) بە واتای شوێنی چاودێریکردن، چونکە تەنها بۆ بانگدان بەکارنەهاتووە، بەڵکو وەکوو شوێنێک بۆ چاودێریکردنیش بەکارهاتووە لەکاتی شەڕەکاندا[١٥٠].

**تەوەرەی پێنجەم: شێوازە (الطراز) جۆر بەجۆرەکانی منارە لە شارستانییەتی ئیسلامیدا:**

بە درێژایی مێژووی شارستانییەتی ئیسلامی جۆرەها شێوە و شکڵی منارە بەپێی سەردەمی حوکمڕانی و ناوچە جیاوازەکانی خاکی موسڵمانان دروستکراون و دەرکەوتوون، لە گرنگترینیان:

١/ **شێوازی منارەی برگە چوار لایی:** ئەم شێوەیە بۆ یەکەمجار لە بیناسازیی سەردەمی ئومەوییەکاندا دەرکەوت لە ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی و مەغریب و ئەندەلوس، وەک: منارەی مزگەوتی ئومەوی لە دیمەشق، منارەی مزگەوتی (عقبە بن نافع) لە قەیرەوان، منارەی (جامع الزیتونة) لە تونس، منارەی (الجامع الكبير) لە ئیشبیلییە، منارەی مزگەوتی گەورەی قورتوبە لە ئەندەلوس و ... تاد، ئەمانە بە تەواوەتی لەژێر کاریگەری تەرزی چوارگۆشەیی بورجی کڵێسا و پەرستگاکانی پێش ئیسلامدا بوون، تەنانەت هەندێکیان هەمان بورجەکانی پێشوو بوون بە هەندێک گۆڕانکارییەوە نەبێت، بە تایبەتی لە بەشی کۆتاییاندا بۆ ئەوەی سیمایەکی منارە وەربگرن و شکڵ و شێوەیان جیاواز بێت لە بورجی کڵێسا و پەرستگاکان[١٥١].

٢/ **شێوازی منارەی لولەیی (الأسطواني):** شێوەیەکی تری منارەیە لە شارستانییەتی ئیسلامیدا، بۆ یەکەمجار دەرکەوت لە ناوچەی فارس و عێراق و هیند و هەرێمی کوردستان، ئەم شێوازە لە منارەکان لە بیناسازیی سەلجوقییەکانەوە بڵاوبوویەوە، بە گشتی بالکۆنێک یان زیاتری بەهێزی ڕازێندراوە بە موقەرنەساتیان هەبووە، و کۆتاییان هاتووە بە شێوەی قەڵەم ڕەساس، ئەم شێوازە دواتر کاریگەری

---

[١٤٧] البرادوستي: المرجع السابق، ص: ٤٣.

[١٤٨] خلف: المرجع السابق، ص: ٤٢٤.

[١٤٩] البرادوستي: المرجع السابق، ص: ٤٤.

[١٥٠] الجبلاوي، كمال محمود كمال محمد: *الأفكار الفلسفية والتعبيرات الرمزية للمنارات (المآذن)*، المجلة العلمية الدولية في العمارة والهندسة والتكنولوجيا، ش ٣، ٢٠٢٢م، ص: ٣.

[١٥١] طراد و الصقور: المرجع السابق، ص: ٣١٦.

تەواوی لەسەر منارەکانی سەردەمی عوسمانییەکان هەبوو، لە بەناوبانگترینیان: منارەی مزگەوتی (کلیان) لە بوخارا، منارەی (قطب منار) لە دەلهی هیندستان و ... تاد، پاشان ئەم شێوازە لە بیناسازیی سەفەوییەکان لە ئێران بڵاوبوویەوە[١٥٢].

**٣/ شێوازی منارەی لوولپێچی (الحلزونية – الملوية):** دروستکراوە لەسەر شێوەی قوچەکێک لەسەر بنکەیەکی چوارگۆشەیی پتەو، پلیکانەیەکی لولپێچی لە دەرەوە پێوە پێچراوە تاوەکوو لوتکەی منارەکە، لەوانە: منارەی مزگەوتی (أبي دلف) لە باکووری سامەڕا ناسراو بە (الملوية)، منارەی مزگەوتی (ئیبن تولۆن) لە مصر، ئەم شێوازە لە منارە لەژێر کاریگەری بورجە لولپێچییەکەی شاری گور و بورجەکانی بابلی (الأبراج البابلية) ناسراو بە زەقورە (Ziggurats–الزقورات) دروستکراوە، دەکرێت دروستکردنی ئەو جۆرە منارانە نەریتێک بوبێت لە بیناسازیی بابلی کۆنەوە بۆ شارستانییەتی ساسانی و لەوانیشەوە بۆ عەباسییەکان گوازرابێتەوە[١٥٣].

**٤/ نمونەی منارەی ئاوێتە:** ئەم جۆرەیان جیاوازە لە شێوازە ناسراوەکەی شارستانییەتی ئیسلامی، تێکەڵەیەکە لە دوو سێ شێواز، چوارگۆشەیی و لولەیی یان چوارگۆشەیی و هەشت گۆشەیی و لولەیی ... تاد، شاری قاهیرە وەکوو مۆزەخانەیەکی کۆکەرەوەی ئەم شێوازە لە بیناسازیی منارە ناسراوە[١٥٤]، ئاماژە بەوە دەکرێت ئەم شێوازە لەلایەن بیناسازەکانی سەردەمی تولۆنییەکانەوە برەوی پێدراوە، و پاشان گوازرابێتەوە بۆ فاتمییەکان و لەوانیشەوە بۆ ئەیوبی و مەملوکییەکان و پاشانیش بۆ عوسمانییەکان[١٥٥].

**٥/ نمونەی منارەی تەرزی عوسمانی:** هاوشێوەی قەڵەم ڕەساسێکی نوک تیژن و بۆ ئاسمان بەرز دەبنەوە، ئەم شێوازە لە منارە بڵاوبوویەوە لە ویلایەتەکانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی لە ئەنادۆڵ و شام و مصر و ناوچەی بەلقان لە ئەوروپا، لە دیارترین نمونەی ئەم شێوازە: منارەی مزگەوتی (سوڵتان ئەحمەد) لە ئەستەنبوڵ، و منارەی (جامع موحەممەد عەلی) لە قەڵای قاهیرە[١٥٦]، و منارەی مزگەوتی گەورەی ئاکرێ.

ئەم شێوازانە لە بەناوبانگترین شێوازەکانی منارەن لە شارستانییەتی ئیسلامیدا، و وەک سەرچاوەی زۆربەی نەخشەکانی بیناسازیی منارەکان دادەنرێن لە سەردەمی ئومەوییەکانەوە تاوەکوو ئێستا. شێوازی منارەکان لە بیناسازیی ئیسلامیدا گوزارشت لە مانا قوڵەکانی بوون دەکەن، بە فەلسەفەیەکی ڕۆحی جوانی ماناداری قوڵەوە، بیناسازیی موسڵمان هەرگیز نەیتوانیووە ئەو مانایە لە بیناسازیی مزگەوتەکان جیابکاتەوە، ئیسلام پێوەست نییە بە سیستەمێکی تایبەتەوە لە دروستکردن و ڕازاندنەوەی منارەدا، بەڵکو بە پێچەوانەوە کارلێک دەکات لەگەڵ هەموو پێشکەوتنێکی زانستی و تەکنەلۆژی لە هەموو

[١٥٢] طراد و الصقور: المرجع السابق، ص: ٣١٥.

[١٥٣] Ben Youcef, B: *Introduction a l'architecture islamique*, Alger, 2005, p: 51-52.

[١٥٤] طرشاوي، ٢٠٠٣، المرجع السابق، ص: ٥٥.

[١٥٥] طراد و الصقور: المرجع السابق، ص: ٣١٧.

[١٥٦] طراد و الصقور: المرجع السابق، ص: ٣١٧.

بوارێکدا، و هەرگیز ناکۆک نییە لەگەڵ وانە و بنەماو بەهاکاندا، ئەمەش بە تەواوەتی ڕەنگی داوەتەوە لە دەرکەوتنی چەندان شێواز لە شارستانییەتی ئیسلامیدا[١٥٧].

سەردەم دوای سەردەم شێواز و نەخشەسازی و جوانکاری منارەکان پێشکەوتنیان بە خۆوە بینی و گەشەیان کرد، تاوەکوو بوونە ڕەگەزێکی بنچینەیی و گرنگی مزگەوتەکان. شکڵ و شێوەی منارەکان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر جیاوازە، بەهۆی چەند هۆکارێکەوە، لەوانە: جۆری کەرەستەی بەردەستی بیناسازی، بۆ نمونە: لە (مصر و سووریا و مەغریب و ئەندەلوس و ئاسیای بچوک (ئەنادۆڵ)) زیاتر بەرد بەکارهاتووە، بەڵام لە (عێراق و ئێران و ئاسیای ناوەڕاست) زیاتر خشت بەکارهاتووە[١٥٨]، یان بۆ نمونە لە هەرێمی کوردستان منارەکانی مزگەوتی گەورەی ئامێدی و دهۆک و تولیتا لە ئاکرێ بە هۆکاری هەڵکەوتەی جوگرافییانەوە کە دەکەونە ناوچەیەکی شاخاوی لە بەرد دروستکراون، بەڵام منارەکانی ناوەندی شاری هەولێر یان سلێمانی بە پێچەوانەوە لە خشت دروست کراون، چونکە لەم ناوچانەدا خشت ئاسانتر دەستکەوتووە بەراورد بە بەرد یان هەر مەوادێکی تری بیناسازی، هەروەها ئاستی پێشکەوتن و توانای هونەری بیناسازی و توانای ماددی، و خوو و نەریتی کۆمەڵایەتی ناوچەکە و ... تاد بە هەمان شێوە کاریگەرییان هەبووە لەسەر تەرز و شێوەیان.

**تەوەرەی شەشەم: گرنگترین ڕەگەز و پێکهاتە بیناسازییەکانی منارە:**

١/ **بنکە:** بەشێکی گرنگ و سەرەکی منارەیە و دەکەوێتە بەشی خوارەوەی منارەکە، دەبێت زۆر بە بەهێزی و پتەوی دروستبکرێت، چونکە بناغەی منارەکەیە و سەرجەم قورسایی منارەکەی دەکەوێتە سەر، بە گشتی چەند جۆرێکە: (چوارلا، شەش لا، هەشت لا و ... تاد).

٢/ **دەروازە – دەرگا:** بەشێکی سەرەکی و گرنگی منارەیە، شێوەیان لا کێشەییە و هەندێکیان کۆتاییان هاتووە بە کەوانێکی نیوە بازنەیی، لانی کەم هەموو منارەیەک دەرگایەکی سەرەکی هەیە بۆ سەرکەوتنە سەری، ئەوانەشیان بالکۆنیان هەیە بەپێی ژمارەی بالکۆنەکان لە ئاستیاندا دەرگا هەیە بۆ سەرکەوتنە سەریان[١٥٩].

٣/ **لەش (البدن):** بەشێکی تری سەرەکی منارەیە و لە دوای بنکە دەست پێ دەکات و چەند شێوەیەکی جیاوازی هەیە، لەوانە: (لولەیی، چوارلایی، لولپێچی، هەشت لایی، چەند لایی (المتعدد الأضلاع).

٤/ **پشتێنە (النطاق):** بەشێکی تری پێکهاتەی بیناسازیی منارەیە و دەکەوێتە لاشەکەیەوە و جۆراو جۆرە.

٥/ **پەنجەرە (النوافذ):** بەشێکی تری منارەیە و دەکەوێتە لاشەکەیەوە و هەمەجۆرە، مەبەست لە دروستکردنیان بریتییە لە هەواگۆڕکێ و هاتنە ژوورەوەی ڕووناکی و کەمکردنەوەی پەستانی هەوای سەر لاشەی منارەکان.

---

[١٥٧] طراد و الصقور: المرجع السابق، ص: ٣١٨.

[١٥٨] ياغي، غزوان: *المآذن في العالم الإسلامي نشأتها وتطورها*، مجلة مهد الحضارات، العدد ٨-٩، ٢٠٠٩ م، ص: ١١٢.

[١٥٩] الخازمي: المرجع السابق، ص: ١٣.

٦/ **دەرچەی بچوک (الكوة):** بریتین لە کونی بچوک بچوک، بە هەمان شێوەی پەنجەرەکان مەبەست لە دروستکردنیان بریتییە لە چوونە ژوورەوەی ڕووناکی و هەواگۆڕکێ و کەمکردنەوەی پەستانی هەوای سەر لاشەی منارەکان، دەکەونە سەر لاشەی منارەکە و چەند شێوەیەکی جیاوازیان هەیە.

٧/ **القمرية (کڵاوڕۆژنە):** دەرچەیەکی گەورەترە لە (الكوة) و بۆ مەبەستی ڕووناکی بەکار هاتوون.

٨/ **پلیکانە:** پێکهاتەیەکی تری منارەکانن، و بۆ مەبەستی سەرکەوتن بەسەریاندا دروستدەکرێن، لە سەرەتای بنکەی منارەکەوە دەست پێ دەکەن تاوەکوو گومەزەکەی، لە: (بەرد، خشت، ئاسن، دار، قاڵبی چیمەنتۆ) دروستدەکرێن، و بە شێوەیەکی لولپێچی لە ناوەوە یاخود لە دەرەوە بە دەوری منارەکەدا دەسوڕێنەوە، جگە لەو منارانەی کە دوو پلیکانەیین هاوشێوەی منارەی چۆڵی سەرجەم منارەکانی تر پلیکانەکانیان بە ئاڕاستەی پێچەوانەی میلی کاتژمێر* (لە ڕاستەوە بۆ چەپ) دەسوڕێنەوە، بۆ نمونە: لە

---

* دروستکردنی پلیکانەی منارەکان بە ئاڕاستەی پێچەوانەی میلی کاتژمێر هەروا شتێکی ڕێکەوت و ئاسایی نەبووە، بەڵکو هۆکاری زۆر ورد و گرنگ لە پشتەوەیەتی، خوای گەورە لە ئایەتی (٣٣)ی سوورەتی (الأنبياء)دا دەفەرموێت: ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلَّيْلَ وَٱلنَّهَارَ وَٱلشَّمْسَ وَٱلْقَمَرَ ۖ كُلٌّ فِى فَلَكٍ يَسْبَحُونَ ﴿٣٣﴾ ﴾، واتە: (هەر ئەو زاتە شەو و ڕۆژی بەدیهێناوە، خۆر و مانگیشی دروستکردووە، هەریەکەیان لە خولگەیەکدا دەسوڕێنەوە (زەوی بە دەوری خۆردا و مانگیش بە دەوری زەویدا))، ئەم ئایەتە دەمانخاتە نێو ڕاستییەکی زۆر گرنگەوە کە پێوەندی بە سیستەمی جوڵەوە هەیە لە گەردووندا، ئێمەی مرۆڤ لە گەردوونێکی زۆر فراواندا دەژین، و جوڵە تێیدا بریتییە لە خولانەوەی هەموو دروستکراوێک بە دەوری چەقێکدا، زەوی ساڵی جارێک بە دەوری خۆردا دەسوڕێتەوە، لە هەرمانگێکی کۆچیدا مانگ جارێک بە چواردەوری زەویدا دەسوڕێتەوە، هەسارەکان بە دەوری خۆردا دەسوڕێنەوە، خۆر و کۆمەڵە هەسارەکانی دەوری بە دەوری چەقێکدا دەسوڕێنەوە، کە پێی دەوترێت (ڕێگای کاکێشان)، تەنها خوای گەورە بۆ خۆی دەزانێت چەقەکەی چۆنە و لە کوێیە. ئەگەر ڕوو بکەینە بوونەوەرە زۆر بچوکەکانیش کە بە چاوی ئاسایی مرۆڤ نابینرێن، لەوێشەوە تێبینی ئەوە دەکەین ناوکێک کە تیرەکەی (١/١٠٠٠٠٠٠)ی ملیمەترێکە ئەلیکترۆنێک یان زیاتر بە دەوریدا دەسوڕێتەوە، لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە گەردیلەی هەموو ماددەیەکی ڕەق و شل و گازی دیاردەی (خولانەوەی بە دەوری چەقێک) تیایدا پەیڕەو دەبێت، ئەو ماددانەش هەموو ئەو گەردیلانە دەگرێتەوە کە دروستکەری لاشە و خواردن و خواردنەوەمانن، تەنانەت ئەو هەوایەی کە هەڵیدەمژین، خاڵی هاوبەشی هەموو ئەو سوڕانەوانەی باسمان کردن بریتییە لە بە پێچەوانە سوڕانەوە بە ئاڕاستەی میلی کاتژمێر، سوڕانەوەی هەموو ئەوانەش بە دەوری چەقێکدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هێزێکی ڕاکێشان لە ماددەی چەقەکەدا هەیە و وا دەکات ئەوانە بە دەوریدا بسوڕێنەوە. هەروەها حاجیانی ماڵی خوا بە پێچەوانەی میلی کاتژمێر بە دەوری کەعبەی پیرۆزدا دەسوڕێنەوە، سوڕی خوێن لە لەشدا بە پێچەوانەی میلی کاتژمێر دەسوڕێتەوە، ئەلیکترۆنەکان و ناوک بە پێچەوانەی میلی کاتژمێر دەسوڕێنەوە، هەموو ئەمانە پاڵنەر و هۆکاری سەرەکی دروستکردنی پلیکانەی منارەکانن بەو شێوازە کە بە پێچەوانەی میلی کاتژمێر بسووڕێنەوە، هەر ئەمەش نا، بەڵکو سوڕانەوە و سەرکەوتن بە پلیکانەیەکی لولپێچدا بە ئاڕاستەی پێچەوانەی میلی کاتژمێر بە بەراورد بە سوڕانەوە بە ئاڕاستەی میلی کاتژمێر ئاسانترە، چونکە هێزی ڕاکێشان کەمترە و سەرکەوتن ئاسانترە، بڕوانە: الزهراني، عبدالله بن سعيد الحسيني: *الكعبة المشرفة تاريخ وأحكام (ويليه جوامع الدعاء للحج والعمرة)*، ط١، مكة المكرمة، السعودية، ١٤٣٣هـ/٢٠١٢م، ص:٣١. عبدالرحيم، محمد صبري: الحكمة من الطواف حول الكعبة عكس عقارب الساعة، الإثنين ٢٢/ أغسطس/٢٠١٦- ١٠:٤٥ ص. وەرگیراوە لە: (https://www.elbalad.news/٢٣٧٣٦٧٤). الشثري، عبدالله بن عبدالرحمن: الحكمة من جعل الكعبة إلى اليسار في الطواف، ٢٩-١١-٢٠١٣. وەرگیراوە لە: http://www.al-jazirah.com/٢٠١٣/٢٠١٣١١٢٩/is١١.htm

ناوەوە هاوشێوەی منارەی (خورماڵ)، و لە دەرەوە هاوشێوەی منارەی ملویەی سامەڕا، تیکڕا منارەکان یەک پلیکانەیان هەیە، بەڵام دەشگونجێت هاوشێوەی منارەی چۆلی لە هەولێر دوو پلیکانەیی بن[١٦٠].

**٩/ بالکۆن (شرفة):** دەکەوێتە لاشەی منارەکە و دەرگای لەسەرە، لە سەرەتادا مەبەست لە دروستکردنیان بانگدان بووە لەسەریان، بەڵام لە ئێستاشدا زیاتر وەکو ڕەگەزێکی جوانکاری دروستدەکرێن.

**١٠/ موحاجەرەی دەوری بالکۆنەکان (الدرابزين):** بەو بەشە دەوترێت کە دەوری بالکۆنەکانی داوە، بۆ جوانکاری یاخود پاراستنی ئەو کەسەی دەچێتە سەریان لە کەوتنە خوارەوە دروستکراون یاخود دروستدەکرێن لە کانزا یان دار یان ...تاد[١٦١].

**١١/ چەتر (المظلة):** بەشێکی تری منارەکان بووە و دەکەوێتە سەرەوەی بالکۆنەکانەوە، لە ڕابردوودا هاوشێوەی چەترێک بۆ مەبەستی پاراستن و پارێزگاری لەو کەسەی دەچێتە سەر بالکۆنەکان لە باران و تیشکی خۆر دروستکراوە.

**١٢/ کۆتایی منارە (رأس المئذنة):** لە چەند بەشێک پێکهاتووە، لەوانە: (الجوسق، کڵاوی قوچەکی و نیوە گۆیی، گومەز، شێوە تۆپی بچوکی کانزایی (الکرات)، شێوەی نیوە مانگ (هیلال)* و .... تاد)[١٦٢].

**١٣/ ڕەگەزە جوانکارییەکان (العناصر التزينية):** بەشێکی ترن لە ڕەگەزەکانی منارە، مەبەست لە دروستکردنیان جوانکاری و ڕازاندنەوەی ڕووی دەرەوەی منارەکانە، وەک: (کەوانەکان، تاقە داخراوەکان، تاقە کراوەکان، پەنجەرەکان، بالکۆنەکان، موقەرنەسات و نەخش و نیگارە جۆراوجۆرەکان و ... تاد)[١٦٣].

---

[١٦٠] الخازمي: المرجع السابق، ص: ١٣.

[١٦١] دقيل: المرجع السابق، ص: ١٦٠.

* لە کۆتا بەشی منارەکاندا لەسەر گومەزەکانیان نیوە مانگێک دروستدەکرێت لەسەر دوو یان سێ تۆپی کانزایی، مەبەست لە دروستکردنی دەگەڕێتەوە بۆ: یەکەم/ کاتی ئیسلامی پاڵپشتە بە مانگەوە، بە تایبەتی لە دیاریکردنی هەندێک پەرستشدا، لەوانە مانگی ڕەمەزان و فەریزەی حەج، دووەم/ بە هەڵهاتنی مانگ زەوی ڕووناک دەبێتەوە و کۆتایی بەو تاریکییە دێت کە باڵی بەسەر زەویدا کێشاوە، بە هەمان شێوە هاتنی ئیسلام نەهێشتن و ڕەواندنەوەی تاریکی و لەناوبردنی شیرک بوو لەگەڵ خوای گەورەدا، سێیەم/ بوونی لەسەر منارەکان چەمکێکی ڕوونی فەرهەنگی ئیسلامی دەبەخشێت، دانانیشی تەنها وەکوو هێمایەک نەبووە، بەڵکو هاوتەریب لەگەڵ ڕووگەدا دانراوە، ئەمەش بۆ هاوکاری و یارمەتیدانی نوێژخوێنان بۆ دیاریکردنی ئاڕاستەی ڕووگەی مزگەوتەکان، لە هەندێک کانزا دروستکراون لەوانە: (مس، ئاسن و برۆنز). بڕوانە: الخازمي: المرجع السابق، ص:١٣. أسعد، عرابی: *المفردات التشكيلية المتوسطية في الفن الإسلامي*، مجلة مواقف للحرية والإبداع والتعبير، دار ساقي، لندن: ب.ت، ص: ١٢٨.

[١٦٢] البرادوستي: المرجع السابق، ص: ٤٩. الخازمي: المرجع السابق، ص: ١٢-١٣.

[١٦٣] البرادوستي: المرجع السابق، ص: ٤٩.

# بەشی دووەم
# منارە شوێنەوارییەکان لە هەرێمی کوردستان
# (مێژوو و تایبەتمەندیی بیناسازییان)

## باسی یەکەم: منارەی چۆلی (موزەفەرییە - هەولێر)

## باسی دووەم: منارەی مزگەوتی گەورەی ئامێدی (منارەی ئامێدی)

## باسی سێیەم: منارەی مزگەوتی گەورەی خورماڵ (منارەی خورماڵ)

## باسی چوارەم: منارەی مزگەوتی گەورەی قەڵای هەولێر

**باسی یەکەم/ منارەی چۆڵی (موزەفەرییە – هەولێر).**

**تەوەرەی یەکەم/ کورتەیەک دەربارەی مزگەوتی منارەی چۆڵی:**

شاری هەولێر لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی سوڵتان (موزەفەرەدین گۆگبوری)* دا گەشەسەندنێکی بەرچاوی بەخۆوە بینیبوو، دانیشتوانی شار زۆربوون و شار فراوان بوو، بۆ ئەم مەبەستە سوڵتان دەستی کرد بە ئەنجامدانی چەندان پرۆژەی گرنگ و دیار بۆ شارەکە، لەوانە: دروستکردنی نەخۆشخانە، خوێندنگا، چوار خانەقا، خانەیەکی هەتیوان، شوێنی مانەوەی ڕێبواران، شوێنێکی تایبەت بۆ ئافرەتانی بێوەژن و ... تاد[١٦٤]، هەروەها دروستکردنی منارەی چۆڵی لە پاڵ ئەو مزگەوتە گەورەیەی کە لە کنەو پشکنینەکانی ساڵی (١٣٧٩ک/١٩٦٠ز)ی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری عێراقی بناغەکەی دۆزرایەوە، کە لە خشتی چوارگۆشە دروست کرابوو بە پێوانەکانی (٣٠×٣٠×٦سم) و (٣١×٣١×٦سم)، مێژووی دروستکردنی ئەم مزگەوتە دەگەڕێتەوە بۆ پێش دروستکردنی منارەکە بە یەک سەدە[١٦٥].

ئەوەی سەردانی شاری هەولێری کردبێت چ گەریدە ڕۆژئاواییەکان و چ مێژوونووس و گەریدە موسڵمانەکان هاوشان لەگەڵ قەڵا بەرزە دێرینەکەیدا باسی مزگەوت و منارەی چۆڵیشیان کردووە، لەوانە: گەریدەی ئەڵمانی (کارستن نیبور) لە گەشتەکەیدا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سەدەی (١٣ک/١٨ز) سەردانی ئەم شارەی کردووە و لە کتێبەکەیدا ئاماژەی بە پاشماوەی مزگەوتەکە کردووە و دەڵێت: ("لە شاری هەولێر پاشماوەی مزگەوتێکی گەورە هەبووە لە دووری قەڵاوە و یەکێکە لە پاشماوە بیناسازییەکانی سوڵتان موزەفەرەدین")[١٦٦](بڕوانە وێنەی ژمارە ٨)، ئەم وێنەیە (وێنەی ژمارە ٨) کێشراوی دەستی یەکێک لە گەریدەکانە کە سەردانی شارەکەی کردووە و وێنەی قەڵا و منارە و مزگەوتەکەی کێشاوە، و تیایدا بە ئاشکرا پاشماوەی دیوارەکانی مزگەوتەکە بەرچاو دەکەون، هەروەها

---

*سوڵتان موزەفەرەدین گۆگبوری: کوڕی میر زەینەدین کوڕی عەلی کوچەک کوڕی بەکتەکین کوڕی موحەممەد، لە (٢٧ی محرمی ٥٤٩ ک/١٣ی نیسانی ١١٥٤ ز) لە قەڵای موصڵ لە دایک بووە، باوکی دوای ماوەیەک ناردوویەتی بۆ شاری هەولێر تاوەکوو لە ژێر چاودێری ئەتابەگ (مجاهدالدین قایماز) کە لە بری (زەینەددین عەلی کوچەک) فەرمانڕەوای ئەو شارەی دەکرد پەروەردە ببێت، (گۆگبوری) کە نازناوەکەیەتی لە زمانی تورکیدا بە واتای (گورگی شین) دێت، زاتێکی دیندار و خانەدان و بە ڕەوشت بووە، زۆر بایەخی بە پایەداری ئەممارەت نەداوە، کەسێکی سادە و خاکی (متواضع) بووە، بێ ئەندازە حەزی لە چاکەو خێرخوازی کردووە، لە نێوان ساڵانی (٥٨٦ - ٦٣٠ ک / ١١٩٠ - ١١٣٣ ز) فەرمانڕەوای شاری هەولێر بووە، لە ڕۆژگاری دەسەڵاتیدا سوڵتان سەلاحەدینی ئەیوبی خەزووری هاوکارییەکی زۆری مزگەوت و خوێندنگە و زانایانی ناوچەی ژێر دەسەڵاتەکەی کردووە، هەر بەم هۆیە بەرەوپێشچوونێکی زانستی و ئاوەدانی لە هەولێردا ئەنجام دراوە، یەکێک لە شوێن دەستەکانیشی بریتیی بووە لە دروستکردنی منارەی موزەفەرەدین (چۆڵی)، لە (١٨ی ڕەمەزانی ٦٣٠ ک / ١٢٣٣ ز) لە ماڵەکەی خۆی لە شاری هەولێر وەفاتی کردووە و ڕاجیایی هەیە لەسەر شوێنی ناشتنەکەی. بڕوانە: إبن خلكان: المصدرالسابق، ص:٢٧٠. طليمات: المرجع السابق، ص: ٦١-٦٢. المحامي، عباس العزاوي: *موسوعة تاريخ العراق بين احتلالين (حكومة المغول ٦٥٦هـ-١٢٥٨م/٧٣٨هـ-١٣٣٨م)*، م١، ط١، ٢٠٠٤ م، ص: ٢٣٤-٢٣٥.

[١٦٤] إبن خلكان: *وفيات الأعيان (وانباء إبناء الزمان)*، حققه وعلى حواشية وصنع فهارس: محمد محي الدين عبدالحميد، ج٣، مكتبة المهضة المصر ية، القاهرة، مصر، ١٩٤٨م، ص: ٢٧٢-٢٧٣.

[١٦٥]حسين، كامل: *التنقيب حول المئذنة المظفرية في أربيل*، مجلة سومر، ج١-٢، م١٨، ١٩٦٢ م، ص: ٢٠٦.

[١٦٦]نيبور، كارستن: *رحلة نيبور الى العراق في القرن الثامن عشر*، ترجمة عن الألمانية: محمود حسين الأمين، مراجعة: سالم الألوسي، دار الجمهورية للطبع والنشر، بغداد، ١٩٦٥ م، ص: ٩٠.

ئاماژە بەوە کراوە لەسەر ئەم منارەیە ناوی سوڵتان موزەفەرەدین نەخش کراوە، بەڵام لە ئێستادا بە هەر هۆکارێک بێت بەرچاو ناکەوێت[١٦٧].

هەروەها گەریدەی بەریتانی (جەیمس سلک بەکینگهام) لە گەشتەکەیدا بۆ وڵاتی عێراق لە ساڵی (١٢٣١ک/١٨١٦ز) سەردانی شاری هەولێری کردووە و ئاماژەی بەوە کردووە: لەم شارەدا دوو مزگەوتی گەورەی بینیوە کە هەردووکیان منارەیان هەبووە، دیارە مەبەستی (مزگەوتی ڕووخاوی منارەی چۆڵی و مزگەوتی قەڵا) بووە کە تاوەکوو ئێستاش منارەکانیان ماونەتەوە[١٦٨].

هەرچەندە هەندێک لە سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن سوڵتان موزەفەرەدین مزگەوتێکی گەورەی بنیاتناوە لە باشووری ڕۆژئاوای شاری هەولێر لەگەڵ منارەیەکی بەرز و بەهێز بۆی، بەڵام لە ئێستادا ئەو مزگەوتە تەنها منارەکەی ماوەتەوە و شوێنەواری خۆی نەماوە، هەر لەو سەردەمەدا سوڵتان توانیویەتی مزگەوت و منارەی داقوق و منارەکەی و منارەی مزگەوتی نوریش (منارەی حەدبا) لە شاری موصڵ دروستبکات[١٦٩].

هەروەها گەریدەی بەریتانی (کلودیوس جەیمس ریچ) لە (٢٧ی تشرینی یەکەمی ١٨٢٠ز / ١٢٣٥ک) واتە لە سەرەتای سەدەی (١٤ک/١٩ز)دا بە هەمان شێوەی (نیبور) سەردانی شاری هەولێری کردووە و دەڵێت: (لە شارەکەدا منارەی چۆڵی لە هەموو لایەکەوە دیارە، بەڵام مزگەوتەکەی ڕووخاوە و تەنها پاشماوەیەکی دیوارەکانی ماوەتەوە لە زەوییەکەدا کە لە خشت دروست کراون هاوشێوەی منارەکەی، و بەرزی منارەکەی (١٢١) پێ* بووە)[١٧٠]، واتە بەپێی قسەی ریچ بەرزییەکەی بریتی بووە لە (٣٦,٨٨ م)، کە ئەمەش ڕێژەیەکی زۆر نزیک و دروستە لە بەرزی ئێستای کە (٣٥,٥٠ م)ـە.

پاش توێژینەوە لە جۆری خشتەکان و پێوانەیان ئەگەری ئەوە هەیە مێژووی دروستکردنی مزگەوتەکە بگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەردەمی ئومەوی، یاخود سەرەتای سەردەمی عەباسییەکان، چونکە ئەو جۆرە خشتانە لەو سەردەمەدا بەکارهاتوون لە بیناسازیدا، هەروەها جیاوازی پێوانەی خشتەکانی مزگەوتەوتەکە و منارەکە ئاماژەیەکی ڕوونن بۆ ئەوەی لە یەک سەردەمدا دروستنەکراون، بەڵکو سەرەتا مزگەوتەکە دروستکراوە، و پاشان دوای ماوەیەک منارەکە دروستکراوە، چونکە دروستکردنی منارە ئاسان نییە و پێویستی بە شارەزایی و وردی هەیە لە دروستکردندا بە تایبەتی منارەیەکی هاوشێوەی منارەی چۆڵی، کە بە ئەندازەییەکی زۆر ورد و سەرنج ڕاکێش دروستکراوە، هەم لە تەرزی بیناسازی و هەم لە بەرزی و بەهێزی و نەخش و نیگاری[١٧١].

---

[١٦٧] طليمات، عبدالقادر أحمد: *مظفرالدين كوكبوري أمير أربل*، المؤسسة المصر ية العامة، ١٩٦٣ م، ص: ١٩٩.

[١٦٨] بكنغهام، جمس: *رحلتي إلى العراق (سنه-١٨١٦)*، ت: سليم طه التكريتي، ج١، مطبعة أسعد، بغداد، ١٩٦٨م، ص: ١٢٦.

[١٦٩] إسماعيل، زبير بلال: *إربيل في أدوارها التأريخيية (دراسة تاريخية عامة لأربيل وانهائها منذ أقدم العصور حتى الحرب العالمية الأولى*، مطبعة النعمان، النجف، ١٩٧١ م، ص: ١٧٨.

* ١ پێ یەکسانە بە ١٢ ئینج یان (٣٠,٤٨ سم).

[١٧٠] ريچ، كلوديوس جيمس: *رحله ريج (المقيم البريطاني في العراق عام ١٨٢٠) إلى بغداد - كردستان - إيران*، ت: بهاءالدين نوري، دار العربية للموسوعات، ط١، بيروت، لبنان، ٢٠٠٨ م، ص: ٣٢٢.

[١٧١] حسين: المرجع السابق، ص: ٢٠٥-٢٠٦.

**تەوەرەی دووەم/ منارەی چۆڵی:**

**أ/ ناو و شوێن و مێژووی منارەکە.**

**١/ ناوی منارەکە:**

لە سەردەمی (سوڵتان موزەفەرەدین گۆگبوری)دابەهۆی دابینکردنی خزمەتگوزاری پێویست و سەقامگیربوونی ئارامی شار و دڵنیایی هاوڵاتیان شار بەرەو گەشەسەندن هەنگاوی نا، دەوروبەری قەڵا ئاوەدانی تێکەوت و بۆ یەکەمجار خەڵکی لە دەرەوەی قەڵا نیشتەجێ بوون، بۆ ئەم مەبەستە سوڵتانی شار دوو قوتابخانە و مزگەوتێک و بازاڕی قەیسەری لە خواروی قەڵا دروست کرد و ئاوەدانی خستە شارەوە، بەڵام دوای وەفاتی سوڵتان و نەمانی دەسەڵاتی ئەتابەگییەکان لەلایەک و هێرشەکانی مەغۆل و جەلائیری و ئیلخانی و تورکمانی و سەفەوی بۆ سەر هەرێمی شارەزوور و بە تایبەتی شاری هەولێر لەلایەکی تر بوونە هۆی دروستبوونی ناسەقامگیری ئاسایشی شار و بچوکبونەوەی، بە جۆرێک دانیشتوانی شار بەرەو قەڵا و دەوروبەری کۆچیان کرد و هەندێک شوێن بە چۆڵی مانەوە تاوەکوو سەرەتای سەدەی ڕابردوو، بە تایبەتی ئەو شوێنەی کە منارەکەی لێیە، هەر بۆیەش دواتر پێی وتراوە (منارەی چۆڵی)، چونکە دەوروبەرەکەی بە تەواوی چۆڵ بووە لە دانیشتوان[١٧٢]،(بڕوانە وێنەی ژمارە ٩/أ)، وەکوو باسیش دەکرێت ساڵی (١٣٥٩ک/١٩٤٠ز) گەڕەکی منارە لە دەوروبەری منارەی چۆڵی دروستکراوە و وردە وردە ئاوەدان کراوەتەوە، (بڕوانەوێنەی ژمارە ٩/ب).

جگە لە ناوی (چۆڵی) کە ناسراوترین ناوە بۆی، بە چەند ناوێکی تریش ناسراوە، لەوانە: (منارەی موزەفەرییە) لەبەرئەوەی لەسەردەمی فەرمانڕەوایی (سوڵتان موزەفەرەدین)داو بە فەرمانی ئەو دروستکراوە[١٧٣]، هەروەها پێشی دەوترێت: (منارەی هەولێر) بە تایبەتی لە دەرەوەی شاری هەولێر بە هۆکاری ئەوەی دەکەوێتە ناوەندی ئێستای شارەکەوە[١٧٤].

**٢/ شوێنی منارەکە:**

منارەی چۆڵی دەکەوێتە بەشی باشووری ڕۆژئاوای قەڵای دێرینی هەولێر، بە دووری نزیکەی (١ کم)، لە ئێستادا دەوروبەری بە تەواوەتی ئاوەدانە و لە ساڵی (١٤٢٧ک/٢٠٠٦ز) پارکێکی گەورە و جوانی بۆ دروستکراوە، و منارەکە دەکەوێتە ناو پارکەکەوە و هەر بە ناوی منارەکەشەوە ناونراوە (پارکی منارە)، و پەیکەری چەندان شاعیر و نووسەری دیاری کوردی تێدا دروستکراوە، لە بنەڕەتدا منارەی مزگەوتێک بووە هاوشێوە سەرجەم منارەکانی تر، بەڵام ئێستا هیچ ئاسەوارێکی ئەو مزگەوتە نەماوە و ئەوەشی بچێتە سەردانی منارەکە ئەگەر زانیاری مێژوویی نەبێت لەسەر مێژووی شاری هەولێر و منارەکە

---

[١٧٢] البرادوستي: المرجع السابق، ص: ٩٤.

[١٧٣] باقر، طه، و فؤاد سفر: *المرشد إلى مواطن الأثار والحضارة، الرحلة الخامسة (بغداد - أربيل)*، مديرية الفنون والثقافة الشعبية في وزارة الثقافة والإرشاد، بغداد، ١٩٦٦ م، ص: ٦.

[١٧٤] إسماعيل، زبير بلال: *منارەی موزەفەریە*، گۆڤاری شانەدەر، ژ١، هەولێر، ١٩٩٧ ز، ل: ١٨-١٩.

بەناوبانگەکەی نازانێت، ڕۆژانێک ئەم منارەیە مزگەوتێکی لە تەنیشت بووە و ئاسایی موسڵمانان نوێژ و پەرستشیان تێدا ئەنجامداوە[١٧٥].

**٣/ مێژووی منارەکە:**

سەبارەت بە مێژووی دروستکردنی منارەکە، سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن مێژووی ئەم منارەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی فەرمانڕەوایەتی (ئەتابەگییەکان ٥٢٢-٦٣٠ک/ ١١٢٨-١٢٣٢ز) و فەرمانڕەوای ئەوکاتی شاری هەولێر (سوڵتان موزەفەرەدین گۆکبوری)، کە لە نێوان ساڵانی (٥٨٧-٦٣٠ ک/١١٩٠-١٢٣٢م) فەرمانڕەوای شاری هەولێر بووە، فەرمانی کردووە بە دروستکردنی منارەیەک بۆ ئەو مزگەوتەی چەند سەدەیەک پێشتر بنیاتنراوە و منارەی نەبووە[١٧٦].

(طارق جواد الجنابي) لە کتێبەکەیدا: (STUDIES IN MEDIAEVAL IRAQ ARCHITECTURE) ئاماژەی بەوە کردووە زانای شوێنەوارناسی ئەڵمانی (أرنست اميل هێرتسفيلد) (م: ١٣٤٧ک/١٩٤٨ز) پێی وایە بە دیاریکراوی ئەم منارەیە لە ساڵی (٥٩٦ک/١١٩٩ز) دروستکراوە لەلایەن سوڵتان موزەفەرەدین گۆگبورییەوە[١٧٧].

هەر دەربارەی مێژووی ئەم منارەیە دەوترێت: لەلایەن وەستایەکی شارەزاو لێهاتووەوە دروستکراوە بەناوی (وەستا مەسعوود)، خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە، گوایە شاگردی وەستایەک بووە بە ناوی (وەستا موحەممەد) لە دروستکردنی منارەی (داقوق)دا، بەڵام پاش ئەوەی لەگەڵ وەستاکەیدا ناکۆکی دەکەوێتە نێوانیان ڕوو دەکاتە شاری هەولێر و بە فەرمانی سوڵتان (موزەفەرەدین) ئەم منارەیە دروستدەکات، (وەستا مەسعوود) دەزانێت ڕۆژێک لە ڕۆژان وەستاکەی دێت بۆ بینینی منارەکەی، بۆیە هەوڵی زۆر دەدات منارەیەکی زۆر سەرنجراکێش دروستبکات، بۆ ئەم مەبەستە لە جیاتی یەک پلیکانە دوو دانەی سەربەخۆی بۆ دروستدەکات، تاوەکوو وەستاکەی تووشی سەرسوڕمان کات و ڕێگەی ڕەخنەگرتنی لێ بگرێت، پاش ماوەیەک وەستاکەی دێتە شاری هەولێر و سەردانی منارەکە دەکات، و لە یەکێک لە دەرگاکانییەوە سەردەکەوێت و نازانێت پلیکانەیەکی تریشی هەیە بۆ سەرکەوتن، وەستا مەسعوودیش لە دەرگاکەی ترییەوە سەردەکەوێت بەبێ ئەوەی وەستاکەی ئاگادار بێت، لەکۆتایی منارەکەدا یەک دەگرن، وەستاکەی تووشی حاڵەتێکی سەرسوڕماوی دەبێت و دەچێتە خوارەوە، ئیتر دان بە دانایی و لێهاتوویی شاگردەکەیدا دەنێت و هەولێر جێدەهێڵێت و دەڕوات بۆ شاری موصڵ تا منارەیەک دروست بکات کە لە هی شاگردەکەی جوانتر و سەرنجراکێشتر بێت، ئەو منارەیەش منارەی مزگەوتی نوری (منارەی حەدبا) دەبێت[١٧٨].

---

[١٧٥] القزاز، وداد علي: *المنارة المظفرية في أربيل (تأريخها ووصفها)*، مجلة سومر، ج١-٢، م١٦، ١٩٦٠ م، ص: ١٢٧.

[١٧٦] قادر، عبدالله خورشيد: *الخصائص الفنية والمعمارية لمئذنة المظفرية أربيل*، مجلة القادسية للعلوم الإنسانية، م٢٢، العدد ١، كانون الأول، ٢٠١٩ م، ص: ٥٥٥.

[١٧٧] AL- JANAB, TARIQ JAWAD: *STUDIES IN MEDIAEVAL IRAQ ARCHITECTURE*, Ministry of culture and Information state Organization of Antiquities and Heritage, Bagdad, 1982, p: 53. Herzfeld, *'Studies in Architecture. Damascus' ARS ISLAMICA,* VOLS. XIII-XIV, 1948, P: 122.

[١٧٨] لەبەرچ منارەی داقوق و چۆڵی هەولێر پێک دەچن! وەرگیراوە لە:

هەر دەربارەی دروستکردنی منارەی چۆڵی باسێکی تر هەیە ئاماژە بەوە دەکات سوڵتان (موزەفەرەدین) لە سەفەرێکیدا بۆ شاری بەغداد بۆ لای خەلیفەی عەباسی (المستنصر **بالله** ٦٢٣-٦٤٠ک/١٢٢٦-١٢٤٢ز)، لە کاتی گەڕانەوەیدا بە شاری داقوقدا تێدەپەڕێت و منارەی شارەکە دەبینێت و سەرنجی ڕادەکێشێت، کاتێک دەگەڕێتەوە هەولێر داوا دەکات هەمان وەستای دروستکەری منارەی داقوق بانگهێشت بکەن بۆ ئەوەی منارەیەکی لەو شێوەیەش لە شاری هەولێردا دروستبکات، هەندێک سەرچاوە باس لەوە دەکەن وەستا (موحەممەد) خۆی نەهاتووە، بەڵکو شاگردێکی ناردووە بە ناوی (مەسعوود)[179]. شایەنی باسە تاوەکوو ئێستاش ناوی وەستا (مەسعوود) لەسەر ڕووی دەرەوەی بەشی ڕۆژئاوای منارەکە لە بەشی سەرەوەی سەر پەنجەرەی دەرگای سەرەکی منارەکە تۆمار کراوە، بەم شێوەیە: (عمل الحا ... مسعود إبن أبی سعد)، دیارە نووسینەکە زیاتر بووە و ساڵی دروستکردنیشی تۆمار کراوە، بەڵام لە ئێستادا هەر ئەوەندەی لێ دەخوێنرێتەوە[180]، (بڕوانە وێنەی ژمارە ١٠).

شایەنی باسە ئەم منارەیە لە (٢٠١٧/٦/٢١ز) لە ئەنجامی شەڕی نێوان ڕێکخراوی داعش و هێزە عێراقییەکان تەقێنرایەوە، و هەریەکەشیان تەقاندنەوەی خستە ئەستۆی ئەوی تریان، ئەمە سەرەڕای ئەوەی پێشتر داعش مزگەوتەکەی تەقاندبوویەوە.

هەر دەربارەی مێژووی منارەکە نووسەر و مێژوونووسی عێراقی (عبدالرزاق الهلالي) دەڵێت: لەوانەیە ئەم منارەیە پاشماوە بیناسازییەکانی (کوشییەکان)* بووبێت و مابێتەوە![181]. بەڵام هیچ بەڵگەیەکی وای نەخستووەتە ڕوو کە ئەم وتەیەی پشت ڕاست بکاتەوە، جگە لەوە کوشییەکان گەلێکی کۆنی پێش ئیسلامن و ڕێی تێناچێت ئەم منارەیە مێژووەکەی ئەوەندە کۆن بێت کە بگەڕێتەوە بۆ پێش ئیسلام، بۆیە سەرسوڕمان دەردەبڕین بەرانبەر ئەم بۆچوونەی!!

---

https://kurdipedia.org/default.aspx?q=20220205201609404028&ing=3

[179] الربيعي، وائل: *داقوق (تاريخها- التنقيب والصيانة فيها)*، مجلة سومر، م٢٢، ج١-٢، ١٩٥٦م، ص: ٥٧.

[180] سەردانی مەیدانی: ٢٠٢٢/٥/١٩ز - پێنج شەممە، کات: ٠٩:٠٠ پێش نیوەڕۆ.

* کوشییەکان: سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن (کوش) نازناوێکە بۆ ئەو هۆزە عەرەبانەی کۆچیان کردووە لە نیمچە دوورگەی عەرەبییەوە بۆ کەناراوەکانی بەرانبەر ئەفریقا و لەوێ نیشتەجێ بوون، واتە لە ئەسڵدا عەرەبن، کوش حەبەشی و دانیشتوانی (نوبیا) بوون و ڕەشپێست بوون، لە تەوراتدا باسیان کراوە کە چەند نەوەیەکیان لێ بووەتەوە لەوانە: (سبأ، حويله، سبته، رعمه، سبتكا، شبا، ددان)، و هۆزێکی دیاری عەرەبی ناوچەکە بوون. بڕوانە: علي، جواد: *المفصل في تاريخ العرب قبل الإسلام*، ج١، ط٢، ١٩٩٣م، ص: ٤٥٩.

[181] الهلالي، عبدالرزاق: *معجم العراق (سجل تاريخی سياسی اقتصادی إجتماعي ثقافي يبحث بإيجاز دقيق عم مختلف نواحي الحياة العامة في العراق منذ العهد العثماني حتی اليوم)*، ج١، مطبعة النجاح، بغداد، ١٩٥٣ م، ص: ٦٨.

**ب/ ڕەگەزە بیناسازییەکانی منارەکە.**

**١/ وەسفی منارەکە:**

یەکێکە لە منارە دەگمەنە شوێنەوارییەکانی هەرێمی کوردستان بە گشتی و شاری هەولێر بە تایبەتی، دەکەوێتە بەشی باشووری ڕۆژئاوای قەڵای هەولێر، بۆ یەکەمجار لە ژمارە (١٤٦٥)ی (المواقع الأثرية في العراق) لە بەرواری (١٩٣٥/١٠/١٧ز) وەکوو شوێنەوارێک ناسێنراوە[١٨٢]، دوای قەڵای هەولێر دووەمین شوێنەواری بەناوبانگە لە شارەکەدا[١٨٣].

لە بەردی ڕێککراو و خشت و گەچ بە شێوەیەکی بەهێز و جوان بنیاتنراوە، بە گشتی پێکهاتووە لە بنکەیەکی هەشت لاو لاشەیەکی لولەیی و دوو دەرگای سەرەکی بۆ سەرکەوتن و دوو پلیکانەی لولپێچ، و ڕازێندراوەتەوە بە نەخش و نیگاری جۆراوجۆر[١٨٤].

هەردوو خۆرهەڵاتناس و پسپۆڕی بواری شوێنەوای ئەڵمانی (هیرتسفلد و سارەی خێزانی) لە گەشتەکەیاندا بۆ خۆرهەڵاتناسی ناوەڕاست کە سەردانی شاری هەولێریشیان کردووە لە وەسفی منارەی چۆڵیدا ئاماژەیان بەوە کردووە: هاوشێوەی منارەی (سوق الغزل) لە شاری بەغداد دوو پلیکانەی هەیە، و هەریەکەیان لەڕێگەی دەرگایەکی سەربەخۆوە لێیەوە سەردەکەوێتە سەر منارەکە[١٨٥].

پاش ئەوەی لە ساڵی (١٣٥٤ک/١٩٣٥ز) حکوومەتی ئەوکاتی عێراقی بە فەرمی وەکوو شوێنەوارێک ناساندوویەتی، دواتر لە ساڵی (١٣٧٩ک/١٩٦٠ز) بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەواری عێراقی توانیویەتی کاری نۆژەنکردنەوەی بۆ ئەنجام بدات و بە دەوریدا پەرژینێک دروست بکات، بە مەبەستی پاراستنی لە ئاژەڵ و دەستی کەسانی ناحەز و نەزان، (بڕوانە وێنەی ژمارە ١١).

بە گشتی منارەکە لە دوو بەشی سەرەکی پێکدێت، بنکەیەکی هەشت لایی بە بەرزی (١٤,٧٠ م)، و لاشەیەکی لولەیی بە بەرزی (٢٠,٨٠ م)، واتە بەرزی تێکڕای منارەکە لە ئێستادا بریتییە لە (٣٥,٥٠ م)[١٨٦].

بەشی سەرەوەی منارەکە ڕووخاوە، تاوەکوو ئێستا نازانرێت چەنێکی ڕووخاوە و نەماوە، لە نێوان ساڵانی (١٩٩٢ - ١٩٩٦ز) کە دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بە بارودۆخێکی سەختی ئابوریدا تێدەپەڕین بە هۆکاری شەڕی ناوخۆیی و گرانی و .. تاد، هەندێک کەس بە هۆکاری نەبوونی و نەزانی خشتی کۆتایی منارەکەیان بردووە و لە دروستکردنی هیتەری ماڵەکانیاندا بەکاریانهێناوە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەم منارەیە لە پێشتردا بەرزتر بووە و بە هۆکاری سروشتی و مرۆیی بەشی کۆتایی منارەکە ڕووخاوە و نەماوە[١٨٧]، (بڕوانە وێنەکانی ژمارە ١٢/أ،ب).

---

[١٨٢] *المواقع الأثرية في العراق*، وزارة الأعلام مديرية الأثار العامة، النشرة طبعت في مطبعة الحكومية، بغداد، ١٩٧٠ م، ص:١٣.

[١٨٣] جاف: سەرچاوەی پێشوو، ل: ١١٤ - ١١٥.

[١٨٤] يوسف، شريف: *تاريخ فن العمارة العراقية في مختلف العصور*، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، ط٢، بيروت، لبنان، ٢٠١٤ م، ص: ٤٤١.

[١٨٥] F. Sarre und, E. Herzfeld, Archaologische Reise im Euphrat-und Tigris-Gebiet, Band II, Berlin, ١٩١١, P: ٣١٥.

[١٨٦] البرادوستي: المرجع السابق، ص: ٧٣-٧٦.

[١٨٧] بابان، شاهۆ موحەممەد موستەفا، لە دایک بووی (١٩٨١ز)، کاسب، دانیشتووی گەڕەکی منارە، چاوپێکەوتنی بە ڕێگەی ئۆنلاین، یەکشەممە ٢٠٢٢/٦/٥، کات: ٨ی شەو.

**٢/ بنکە:**

منارەی چۆڵی خاوەنی بنکەیەکی بەهێز و بەرزە، ئەوەی لە سەرچاوەکاندا ئاماژەی پێکراوە ئەم منارەیە لە کاتی دروستکردنیدا بە تەنها نەبووە، بەڵکو منارەی مزگەوتێک بووە، بە گشتی بنکەی منارەکە هەشت لا بووە، بەڵام پاش ئەوەی دوو بەشی لە ڕووی مزگەوتەکەوە لکێنراون بە دیواری حەوشەیەکەیەوە، بوونەتە یەک بەش، واتە بەشێکی بنکەکە لە بەشی خوارەوە تاوەکو ئەندازەی بەرزی دیواری حەوشەکەی بووەتە حەوت لاو لە سەروو ئەوەوە هەشت لایی بنکەکە بەرچاو دەکەوێت.

ئەو لایەی ئاماژەمان پێکردن لایەکانی (ڕۆژئاوا) بە درێژی (٥،٠٧ م) و (باکوور) بە درێژی (٥ م)، چونکە منارەکە لەکاتی دروستکردنیدا کەوتۆتە گۆشەیەکی دوو دیواری مزگەوتەکەیەوە، ئەوەش دەردەکەوێت کە بەرزی دیواری مزگەوتەکە یاخود حەوشەی مزگەوتەکە (٧ م) بووە، لەبەرئەوەی تاوەکوو بەرزایی (٧ م) بنکەکە حەوت لایە و پاش ئەوە دەبێتە هەشت لا.

پێنج لاکەی تر درێژییەکەیان لە یەکتر نزیکە و بریتین لە: (باکووری ڕۆژهەڵات ٣.٠٦ م)، (ڕۆژهەڵات ٣م)، (باشوور و باشووری ڕۆژهەڵات ٢,٩٤ م) و (باشووری ڕۆژئاوا ٣,٠٦ م)[١٨٨].

وەکوو ئاماژەمان پێ دا بنکەی منارەکە دابەش دەبێت بەسەر دوو بەشدا، بەشێکی حەوت لایی و بەشێکی هەشت لایی، هەردوو بەشەکە ڕازێندراونەتەوە بە تاقی داخراو (حنايا صماء)، بە جۆرێک بەشە حەوت لاییەکە جگە لە بەشی باکوور و ڕۆژئاوا واتە ئەو دوو بەشەی کە کاتی خۆی بە دیواری مزگەوتەکەوە لکاون، لە هەریەک لە پێنج لاکەی تردا تاقێکی لاکێشەیی داخراو نەخشکراوە، و پێوانەیان بریتییە لە بەرزی (٢,٥٠ م) و پانی (١,٨٠ م) و کۆتاییان هاتووە بە کەوانەیەکی نوک تیژ (عقد مدبب)[١٨٩].

بەشی دووەمی بنکەکە (هەشت لاییەکە)، دابەش بووە بەسەر دوو بەشدا، بەشێکی هاوشێوەی خوارەوەی بنکەکە ڕازێندراوەتەوە بە تاقی داخراو، و لە هەر لایەکیدا تاقێک دروستکراوە، پێوانەیان هاوشێوەی تاقەکانی خوارەوەیە، جگە لە دوو تاقیان نەبێت لە ڕۆژئاوا و باکووری ڕۆژئاوا کە بەرزییەکەیان کەمترە و پانییەکەیان فراوانترە بەراورد بە لاکانی تر.

بەشەکەی تری ئەم هەشت لاییە لە سەرەوە ڕازێندراوەتەوە بە دوو پشتێن بە درێژی چێوەی بنکەی منارەکە، لەوانەیە پشتێنەی یەکەم لەسەرووی تاقەکانەوە نەخش و نیگاری جۆراوجۆری لەسەر بووبێت، لەوانە نووسینی یادەوەری و ئەندازەیی و ڕووەکی، بەڵام لە ئێستادا بەهۆی داخوران و نۆژەننەکردنەوەی هیچ نەخش و نیگارێک بەرچاو ناکەوێت، لە سەروو ئەم پشتێنەشەوە پشتێنەیەکی تر بە پێوانەی پانی هەر هەشت لای بنکەکە دروستکراوە و ڕازێندراوەتەوە بە تاقی بچوک بچوکی داخراوی دووبارە بووەوەی هاوشێوە، بە شێوەیەک هەر لایەک لە هەشت لاکە چوار تاقی بۆ دروستکراوە، واتە (٣٢) تاق لە هەر هەشت لاکەیدا، ئەم تاقە بچوکانە شێوە چوارگۆشەیین و کۆتاییان هاتووە بە کەوانی نیوە بازنەیی، و ناوەوەی هەریەکەیان ڕازێندراوەتەوە بە شێوە ئەستێرەی بچوک بچوکی چوار تیشکی.

---

[١٨٨] سەردانی مەیدانی: ٢٠٢٢/٥/١٩ز – پێنجشەممە، کات: ٠٩:٠٠ پێش نیوەڕۆ.

[١٨٩] سەردانی مەیدانی: ٢٠٢٢/٥/١٩ز – پێنجشەممە، کات: ٠٩:٠٠ پێش نیوەڕۆ.

بەرزی تێکڕا بەرزی منارەکە بریتییە لە (١٤,٦٨م) و هەردوو دەرگای سەرەکی منارەکەی لەسەر دروستکراوە، پێوانەی خشتە بەرکارهاتووەکانی بریتین لە (٢٤×٢٤×٥ سم) و (٢٤×٢٤×٧ سم) و (٢٥×٢٥×٥ سم)، و پانی دیوارەکەشی بریتییە لە (١,٧٥ م)[١٩٠].

هەرچەندە لە ئێستادا زۆربەی نەخشەکانی سڕاونەتەوە بە هۆکاری دێرینی تەمەنی منارەکە و نۆژەننەکردنەوەی پێویست لەلایەن فەرمانگەی پەیوەندیدارەوە و تا ڕادەیەک پشتگوێخستنی، بەڵام بە شوێنەواری هەندێک نەخشییەوە کە تاوەکوو ئێستەش ماونەتەوە بە هۆکاری ئەوەی لە خشتی بەکارهاتووی درووستکردنی منارەکە دروستکراون دەردەکەوێت کە چەند وردەکاری و هونەری نەخش و نیگاری بەکارهاتووە لە دروستکردنیدا، و چەندە منارەیەکی جوان و سەرنجڕاکێش بووە لە ڕابردوودا و تەنانەت لە ئێستاشدا.

دوای سەرکەوتن بە پلیکانەکانی دەرگای ڕۆژهەڵات و بڕینی (٢٣) پلیکانە بەلای ڕۆژئاوادا پەنجەرەیەکی گەورە دروستکراوە لە ئاسن بە پێوانەی بەرزی (١,٥٠ م) و پانی (٨٨ سم)، ئەم پەنجەرەیە دەکەوێتە سەرەتای بەشی دووەمی بنکەی منارەکە لە هەمان ئاڕاستە و ئاستی دەرگای سەرەکی ڕۆژئاوا دەکەوێتە یەکێک لە هەشت تاقی داخراوی بنکەکە، پەنجەرەکە کۆتایی هاتووە بە کەوانەیەکی نوک تیژ و لەسەرووییەوە ئەم نووسینە بەرچاو دەکەوێت: (عمل الحا ... مسعود إبن أبي سعد) کە بریتییە لە ناوی وەستای دروستکەری منارەکە[١٩١]، (بڕوانە وێنەی ژمارە ١٠).

نەخش و نیگارەکانی بنکەی منارەکە ئەندازەیین و شکڵ و شێوەیان لە یەکەوە نزیکە، هەرچەندە هەندێک لەو نەخشانە ماونەتەوە، لەوانە: لە بەشی یەکەمی بنکەکەداو لە تاقی ڕۆژهەڵاتدا وەک ئاماژەمان پێ دا شێوەی لاکێشەییە و کۆتایی هاتووە بە کەوانێکی نوک تیژ، بەشی ناوەوەی ئەم تاقە ڕازێندراوەتەوە بە خاچی شکاو (الصليب المعقوف)، و هەریەک لەو خاچانە دەکەونە ناو چوارگۆشەیەک، گۆشەکانی تاقەکەش بە ئەستێرەی پێنج لاو شێوەی ئەندازەیی شەش لا ڕازێندراوەتەوە.

لە هەمان بەش، تاقی (باشووری ڕۆژئاوا) بە هەمان نەخش و نیگارەکانی تاقی ڕۆژهەڵات ڕازێندراوەتەوە، جگە لەوەی کە نەخشەکانی بەشی ناو تاقەکە بە هۆکاری کاڵبوونەوە یاخود داخوران و نەمانیان لە ئێستادا وا دەردەکەوێت شێوەی پیتی (T) ئینگلیزییان وەرگرتبێت، بەڵام لە ڕاستیدا هەریەک لەو شێوە پیتانە (T) بریتین لە خشتی دەوری نەخشەکان و بوونە هۆکاری جیاکردنەوەی نەخشەکان لە یەکتری و بە هۆکاری نەمانی نەخشەکان لە ئێستادا وا بەرچاو دەکەون خودی خۆیان نەخش بن[١٩٢].

---

[١٩٠] سەردانی مەیدانی: ٢٠٢٢/٥/١٩ز – پێنج شەممە، کات: ٠٩:٠٠ پێش نیوەڕۆ.

[١٩١] سەردانی مەیدانی: ٢٠٢٢/٥/١٩ز – پێنج شەممە، کات: ٠٩:٠٠ پێش نیوەڕۆ.

[١٩٢] سەردانی مەیدانی: ٢٠٢٢/٥/١٩ز – پێنج شەممە، کات: ٠٩:٠٠ پێش نیوەڕۆ.

تاقەکانی بەشی سەرەوەی بنکەکەش (هەشت لاییەکە) بەهەمان شێوەی تاقەکانی بەشی خوارەوە ڕازێندراونەتەوە بە نەخش و نیگاری ئەندازەیی و تەنها جۆری نەخشەکانیان جیاوازە، لەوانەش: ناوەوەی تاقی ڕۆژهەڵات ڕازێندراوەتەوە بە شێوە ئەستێرەیەک لە ناوەڕاست و کۆمەڵێک نەخشی شێوە (کأس)ی لە دەوروبەری، کە بە شێوەی بازنەیی ڕیز بوون و ئەوانیش دەور دراون بە شێوە بازنەیەیی گەورە، ئەم نەخشانە پێکەوە پێیان دەوترێت: (سینی ئەستێرەیی). هەر لە ناوەوەی ئەم تاقەدا شێوە ئەستێرەیی چوارلایی لەناو بازنەیەکدا دەردەکەون و لە ڕاست و چەپیاندا خاچی شکاو نەخشکراوە و سەری خاچەکان درێژکراوەتەوە و بەیەک گەیەنراون، گۆشەکانی تاقەکەش پڕکراوەتەوە بە ئەستێرەی شێوە شەش لاو لە ناوەڕاست و نێوانەکانیاندا شێوەی (طبل) نەخشکراوە، و بەشی سەرەوەی شێوە ئەستێرەکانیش پڕ کراوەتەوە بە شێوەی (بادمیة).

تاقی دووەم لە تاقەکانی بەشی سەرەوە بریتیە لە تاقی (باکووری ڕۆژئاوا)، نەخشەکانی ناو ئەم تاقە پێکدێن لە سینییەکی ئەستێرەیی لەگەڵ شێوە ئەستێرەیەکی چوارلا و چەند جارێک دووبارە بووەتەوە، و لەناو سینییە ئەستێرەییەکەدا شێوەی لەبزینەیی (معینی - لوزی) بەرچاو دەکەوێت، گۆشەکانی تاقەکەکەش بە هەمان شێوەی تاقی پێشوو ڕازێندراونەتەوە بە شێوەی (طبل) و (بادمیة)[١٩٣]، (بڕوانە وێنەی ژمارە ١٣).

### ٣/ دەروازە - دەرگا:

منارەی چۆڵی بە پێچەوانەی سەرجەم منارە شوێنەواری و کەلەپوورییەکانی هەرێمی کوردستان و تەنانەت ناوچەکەش لە بنکەکەیدا و لەسەر ئاستی زەوی بە یەک شێوە و بە یەک پێوانە دوو دەرگای سەرەکی بۆ دروستکراوە، یەکێکیان لەبەشی ڕۆژهەڵات کە لەسەر حەوشەی مزگەتەکە بووە و ئەویتریان لە بەشی ڕۆژئاوا[١٩٤]، لە دەرەوەی دیواری مزگەوتەکەی، لەوانەیە ژوورێک یاخود شوێنی تایبەتی بانگبێژی مزگەوتەکە بووبێت[١٩٥]، پێوانەی هەریەکەیان بریتییە لە (١م) پانی و (٢م) بەرزی، لە ئێستادا هەردوو دەرگاکە بە ئاسن دروستکراون و کۆتاییان هاتووە بە کەوانەیەکی نیوە بازنەیی (عقد نصف دائري)[١٩٦]، (بڕوانە وێنەی ژمارە ١٤/ أ،ب).

پاش نۆژەنکردنەوەی منارەکە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار و کەلەپووری عێراقی، ئەم دوو دەرگا ئاسنەی بۆ دروستکراوە بۆ ئەوەی خەڵکی نەچنە سەر منارەکە و تووشی زەرەر و زیانی نەکەن[١٩٧]. بوونی دوو دەرگای سەرەکی بۆ سەرکەوتنە سەر منارەکە، هەریەکەیان خاوەنی پلیکانەیەکی

---

[١٩٣] ڕەحیم، نەریمان خانە: *منارەی هەولێر بەرزتر بووە لە منارەی موصڵ (لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی)*، گۆڤاری بەکراوا، ژ٢، کانونی دووەم، ساڵی دووەم، ٢٠١٢ز، ل: ٢٥-٢٦.

[١٩٤] سەردانی مەیدانی: ٢٠٢٢/٥/١٩ز - پێنج شەممە، کات: ٠٩:٠٠ پێش نیوەڕۆ.

[١٩٥] البرادوستي: المرجع السابق، ص: ٧٢.

[١٩٦] سەردانی مەیدانی: ٢٠٢٢/٥/١٩ز - پێنج شەممە، کات: ٠٩:٠٠ پێش نیوەڕۆ.

[١٩٧] الألوسي، سالم: *نبذ إحصائية عن أعمال شعب وأقسام المديرية العامة (من ١ تموز ١٩٥٩ الى ٣٠ حزيران ١٩٦٠)*، مجلة سومر، ج١-٢، م١٦، ١٩٦٠ م، ص: ١٥٢.

لولپێچی تایبەتە بە خۆی، یەکێکە لە گرنگترین و دەگمەنترین تایبەتمەندییەکانی ئەم منارەیە و پێی دەناسرێتەوە.

### ٤/ پلیکانە:

وەکوو ئاماژەمان پێ دا منارەی چۆڵی دوو دەرگای سەرەکی هەیە بۆ سەرکەوتنە سەری منارەکە، لە هەریەکە لەم دەروازانەدا پلیکانەیەکی لولپێچی سەربەخۆ و جیا لەوی تری بۆ دروستکراوە، ئەمەش یەکێکە لە تایبەتمەندییە جیاوازەکانی منارەکە و تەنها بە باسکردنی گوێگر سەری سوڕدەمێنێت لەوەی کە ئاخۆ دەبێت وەستای دروستکەر چ کەسێکی شارەزا و لێهاتوو بووبێت لەوەی توانیبێتی لە مەودایەکی هەشت لایی یاخود لولەیی بچوکی لەو شێوەیەدا دوو پلیکانەی لوولپێچی بە دەوری یەکدا دروست بکات بەبێ ئەوەی بە هیچ شێوەیەک یەکتری ببڕن، تەنانەت ئەگەر دوو کەس لە یەک کاتدا لە هەردوو دەرگا سەرەکییەکەیەوە سەربکەون بۆ سەر منارەکە بە هیچ شێوەیەک یەکدی نابینین تاوەکوو دەگەنە کۆتایی بەشی منارەکە.

ژمارەی هەریەک لەم پلیکانانە بریتییە لە (١٣٩) دانە، و لە پێوانەدا هاوشێوەی یەکن، بەم شێوەیە: پانییان لە نێوان (١٣ - ٢٣ سم) دایە، و درێژییان (٩٠ سم) و بەرزییان (٢٣ سم)ـە، و لە خشت و گەچ دروستکراون بە شێوەی قوچەکی[١٩٨]، (بڕوانە وێنەی ژمارە ١٥).

### ٥/ لاشە (بدن):

پاش بنکە هەشت لاییەکەی منارەکە لاشە لولەییە گەورەکەی دەست پێ دەکات، بە هەمان شێوە لە خشت و گەچ دروستکراوە و بەرزییەکەی لە ئێستادا بریتییە لە (٢٠,٨٠ م)، ئەستوری دیوارەکەی لە سەرەتاکەیدا بریتییە لە (٩٠سم) و لە کۆتاییەکەیدا کەم دەبێتەوە بۆ (٦٠سم)[١٩٩]، بە ئەگەرێکی زۆرەوە بەرزییەکەی زیاتر بووە، هەروەکوو لە وێنەی ژمارە (٣٢)دا دەردەکەوێت منارەکە بەرزتر بووە لەو بەرزییەی ئێستا هەیەتی، لەوانەیە بالکۆن و گومەزی هەبووبێت، ئەمەش لانی کەم لە (٢-٣م)دا دروست دەکرێن، بەڵام بە هۆکاری کەشوهەوا یان مرۆیی بەشی کۆتایی ڕووخاوە و نەماوە، تەنانەت تاوەکوو ئێستا هیچ وێنەیەکی پێش ڕووخانی بەردەست نییە تاوەکوو بزانرێت شێوەی کۆتایی چۆن بووە و بتوانرێت سودی لێوەربگیرێت لە دروستکردنەوەی شێوە ئەسڵییەکەی خۆی.

لە سەرەتای لاشەکەدا دوو پەنجەرەی گەورە و پێنج پەنجەرەی بچوکی تر لە سەروتریانەوە دروستکراون بە مەبەستی هەوا گۆڕکێ و چوونە ژوورەوەی ڕووناکی بۆ بەشی ناوەوەی منارەکە، دوو پەنجەرە گەورەکە هاوشێوەی یەکن، لە ڕووی ناوەوە بەرزییان (٦٧ سم) و پانییان (٦٠ سم)ـەو لە ڕووی دەرەوە بەراورد بە ناوەوە پێوانەیان کەمێک بچوکترە، پێنج دانە بچوکەکەش شێوەیان وەک یەک وایە و لە پێوانەدا نزیکی یەکن، بەرزییان (٣٥ سم) و پانییان (٢٠ سم)ـە[٢٠٠]، دروستکردنی پەنجەرە بەم

---

[١٩٨] البرادوستي: المرجع السابق، ص: ٩٧.

[١٩٩] البرادوستي: المرجع السابق، ص: ٧٦.

[٢٠٠] سەردانی مەیدانی: ١٩/٥/٢٠٢٢ز - پێنج شەممە، کات: ٠٩:٠٠ پێش نیوەڕۆ.

تایبەتمەندییە بیناسازییە لە منارەکاندا لە ڕووی دەرەوە بچوک و لە ڕووی ناوەوە فراوان بن دەگەڕێتەوە بۆ:

١/ ڕووناکییەکی زۆر دەگاتە ناوەوە و پەخش دەبێت بە هۆکاری فراوانیان لە بەشی ناوەوەدا.

٢/ بڕێکی کەم تەپ و تۆز و هەوای پیس دەچێتە ناوەوەی منارەکە.

٣/ ئەگەر لە دەرەوە فراوان بن بەهۆی زۆری هاتنە ژوورەوەی هەوا و پاڵەپەستۆیەوە، زیان بە منارەکە دەگات.

جگە لە سەرەتای لاشەی منارەکە نزیکەی مەتر و نیویێکی خاڵییە لە نەخش و نیگار و تاقی لاشەکە ڕازێندراوەتەوە بە چوار پشتێنەی نەخش و نیگاری.

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین نەخشەکانی لاشەی منارەکە لە چوار جۆردا کۆبکەینەوە، بەم شێوەیە:

جۆری یەکەم/ نەخشی حەسیری پێکدێت لە شێوەی چوارگۆشەی لەسەر گۆشە دانراو، و گۆشەکانیان درێژ بووەتەوە و شێوەی چوارگۆشەی تری لەسەر گۆشە دانراویان دروست کردووە.

جۆری دووەم/ نەخشی شێوەی پیتی (Z)ی ئینگلیزی کە هەردوو سەرەکەی درێژبۆتەوە و شێوەیەکی لەبزینەیی نەخشاندووە، نەخشەکانی جۆری یەکەم و دووەم جیادەکرێنەوە بە شریتێکی شێوەی پیتی (X)ی ئینگلیزی و بە هەردوو پیتێکی (X) شێوەیەکی هەشت لایی نەخش کراوە.

جۆری سێیەم و چوارەم/ نەخشەکانی ئەم دوو پشتێنەیە تا ڕادەیەکی زۆر لە یەک دەچن، پێکدێن لە شێوەی چەند چوارگۆشەیەکی گەورە و لە هەریەک لە گۆشەی ئەم چوارگۆشانەوە چوارگۆشەی بچوک بچوک نەخشکراون، و لە ناوەڕاستی هەریەک لەم چوارگۆشە گەورانەدا هێڵێک درێژ بۆتەوە لە شێوەی پیتی (T)ی ئینگلیزی.

نەخشەکانی جۆری دووەم و سێیەم شریتێکی نووسین لێکیان جیا دەکاتەوە، کە بریتییە لە ناوی پێغەمبەری خوا (موحەممەد) (ﷺ)، بە خەتی کوفی چوارگۆشەیی بە شێوەی ئاسایی ڕاست و پێچەوانە (خوار و سەر) نووسراوە، و بە درێژایی چێوەی لاشەی منارەکە دووبارە بووەتەوە، ئەمەش بەمەبەستی پڕکردنەوەی بۆشاییەکانی لاشەی منارەکە و ڕازاندنەوەی ڕووەکەی[٢٠١].

پشتێنەی سێیەم و چوارەمیش جیاکراونەتەوە بە شریتێک لە شێوەی پیتی (X)، و بە هەمان شێوە بە هەردوو پیتێک شێوەیەکی هەشت لایی دروستکراوە، بە ئەگەرێکی زۆرەوە لە کۆتایی لاشەی منارەکەدا شریتێکی نەخش و نیگاری بوونی هەبووە، بەڵام بەهۆی ڕووخان و نەمانییەوە نازانین چ جۆرە نەخشێک بووە[٢٠٢]، سەرجەم نەخشەکانی منارەکە بە خشتی شوشەیی (أجر مزجج) ڕووپۆشکراون بە ڕەنگی شین، ئەمەش بە مەبەستی ڕازاندنەوەی ڕووی دەرەوەی منارەکە و جیاکردنەوەی نەخشەکان لە یەکتری، (بڕوانە وێنەکانی ژمارە ١٦).

چێوەی لاشەی منارەکە لە سەرەتایەوە گەورەترە بە بەراورد بە کۆتاییەکەی، واتە تاوەکوو بەرەو سەرەوە بچیت چێوەکەی بچوکتر دەبێتەوە[٢٠٣].

---

[٢٠١] قادر: المرجع السابق، ص: ٥٦٢.

[٢٠٢] ئەحمەد، زیاد محەمەد: *منارەی چۆڵی*، گۆڤاری سۆبارتۆ، ژ١، ساڵی یەکەم، کانونی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٧ز، ل٢٤-٢٥.

[٢٠٣] سەردانی مەیدانی: ٢٠٢٢/٥/١٩ز - پێنج شەممە، کات: ٠٩:٠٠ پێش نیوەڕۆ.

**ج/ نۆژەنکردنەوەکانی منارەکە.**

لە پاش دروستکردنی منارەکەوە چەندان جار کاری نۆژەنکردنەوەی بۆ ئەنجام دراوە، لەوانە لە ساڵی (١٩٦٠ ز) بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار و کەلەپووری عێراقی هەستاون بە نۆژەنکردنەوەی بە شێوەیەکی زانستی، ئەمە پاش ئەوەی تووشی زەرەرو زیانێکی زۆر هاتبوو، لەم نۆژەنکردنەوەیەدا توانیویانە کەم و کورتییەکانی چاک بکەنەوە و سەرجەم درز و کەلێنەکانی بنکە و لاشەکەی پڕبکەنەوە بە هەمان جۆری کەرەستەی بەکارهاتوو لە دروستکردنیدا، لەگەڵ ئەوەشدا ماددەی چیمەنتۆ بەکارهاتووە لە هەندێک بەشیدا، ئەمەش لە پێناو زیاتر بەهێزکردن و پاراستنی لە داخوران و ڕووخانی[٢٠٤].

لە ساڵی (١٣٩٦ک/١٩٧٦ز) فەرمانگەی شارەوانی هەولێر ویستوویانە مزگەوتێکی بۆ دروستبکەن، بەڵام بە هۆکاری دروستبوونی کۆمەڵێک کۆسپ و لەمپەر پەشیمان بوونەتەوە لە دروستکردنی[٢٠٥].

لە ساڵی (٢٠٠٦ ز) جارێکی تر کاری نۆژەنکردنەوەی بۆ ئەنجام دراوە لەلایەن تیمێکی بیانی پسپۆڕ بە هاوکاری کۆمپانیای (GRT)ی چیکی، لە پاڵ نۆژەنکردنەوەکەشیدا لە نزیک بناغەی منارەکە دەست دەکەن بە کاری کنەو پشکنین، و لە ئەنجامدا ژوورێکی بچوک دەدۆزنەوە و بۆیان دەرکەوێت منارەکە بناغەیەکی زۆر پتەو و بەهێزی هەیە و هیچ مەترسییەکی ڕووخانی لەسەر نییە[٢٠٦].

---

[٢٠٤] إسماعیل، منارەی موزەفەریە: سەرچاوەی پێشوو، ل:١٨.

[٢٠٥] ڕەحیم، *منارەی هەولێر بەرزتر بووە لە منارەی موصڵ*: سەرچاوەی پێشوو، ل:١٦.

[٢٠٦] ڕەحیم، سەرچاوەی پێشوو، ل:١٦.

**باسی دووەم/ منارەی مزگەوتی گەورەی ئامێدی (منارەی ئامێدی)**

**تەوەرەی یەکەم: مزگەوتی گەورەی ئامێدی.**

**أ/ مێژووی دروستکردنی مزگەوتی گەورەی ئامێدی.**

مزگەوتی گەورەی ئامێدی یەکێکە لە دێرینترین مزگەوتەکانی کوردستان، دەکەوێتە باکووری ڕۆژئاوای قەزای (ئامێدی)*، بە دووری (١٠٠م) لە ڕۆژئاوای دیوەخانی میرنشین (دار الإمارة)ی شارەکە[٢٠٧]، سەرچاوە مێژووییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە مێژووی دروستکردنی ئەم مزگەوتە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی فەرمانڕەوایی (عیمادەدین زەنگی ٥٢١-٥٤١ک/ ١١٢٧-١١٤٦ز) و بە دیاریکراوی لە ساڵی (٥٣٧ ک/ ١١٤٢ ز)[٢٠٨].

---

* ئامێدی: یەکێکە لە شارە جوان و دڵگیرەکانی کوردستان، لە ڕووی ئیدارییەوە سەر بە پارێزگای دهۆکە، و دەکەوێتە دووری (٧٠کم) لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئەو پارێزگایەوە، هەڵکەوتەیەکی جوگرافی تایبەتی هەیە، بەوەی دەکەوێتە سەر شاخێکی بەرزی (١٢٥٠ پێ)، و لەسەر ڕووبەری (١٧٠٥ م$^{2}$) دروستکراوە، یەکێکە لە شارە هەرە دێرینەکانی کوردستان، لە باکوورەوە خاکی تورکیا، لە ڕۆژهەڵاتەوە ڕووباری (شین)، لە باشووری ڕۆژهەڵاتەوە قەزای (ئاکرێ) و لە باشوورەوە قەزای (شێخان)، لە باکووری ڕۆژئاواوە شارۆچکەی (دۆسکی) و لە ڕۆژئاواوە شارۆچکەی (گولی) دەوری شارەکەیان داوە، سێ دەرگای هەیە: دەرگای (زێبار) لە ڕۆژهەڵات کە دەرگای سەرەکی هاتووچۆی دانیشتوانی شارەکەیە، و دەرگای (موصل- بهدینان - سقافا) و دەرگای (الباشا)ش لە ڕۆژئاواوە، دەربارەی مێژووی شارەکە ئەوەی تاوەکوو ئێستا لە سەرچاوە مێژووییەکاندا ئاماژەی پێکراوە ئەوەیە مێژووی دروستکردنی ئەم شارە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پادشای ئاشووری (شەمس ئەددی پێنجەم ٨٢٣-٨١٠ پ.ز)، دوای دامەزراندنی میرنشینی بادینان لە ساڵی (٦٦٠ک/١٢٦٢ز) ئەم شارە بووەتە پایەتەختی میرنشینەکە و لەوێوە دەستی کردووە بە فراوانخوازی و گەشەکردن، و وەک پایەتەختی ئەو میرنشینەش مایەوە تاوەکوو ساڵی (١٢٥٨ک/١٨٤٢ز) و لە ئەنجامی هێرشی سەربازی دەوڵەتی عوسمانی کۆتایی هات بە دەسەڵاتیان، و لەم ساڵەدا وەکوو هەموو ناوچەکانی تری بادینان خرایە سەر ویلایەتی موصل، لە ساڵی (١٨٦٢ز) ئامێدی کراوەتە قەزا، لە دوای شەڕی جیهانی یەکەمیش (١٩١٤-١٩١٩ز) کاتێک لەشکری ئینگلیز گەیشتە ناوچەکە ئەفسەرەکانی لە جیاتی قائیمقامەکان دەسەڵاتیان لە ئامێدی مومارەسە کردووە، تاوەکوو ساڵی (١٣٤٢ک/١٩٢٤ز) یەکەمین قائیمقامی عێراقی لە ئامێدی دەست بەکاربووە، و شارەکەش وەک قەزا مایەوە سەر بە پارێزگای موسڵ، لە ئێستادا سەر بە پارێزگای دهۆکە. (بڕوانە وێنەی ژمارە ١٧). بڕوانە: *کورد و کوردستان لە نیگای چەند گەریدەیەکی ڕۆژاواییەوە*، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق (دەستەی کورد)، وەرگێڕانی لە تورکییەوە: شوکور مستەفا، ب٨، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغداد، ١٩٨١ز، ل: ١٥٣. الحسيني، السيد عبدالرزاق: *العراق قديما وحديثا*، ط٣، مطبعة العرفان، صيدا، لبنان، ١٩٥٨م، ص:٢٥٨-٢٥٩. محەمەد: سەرچاوەی پێشوو، ل: ٢٢٩.

[٢٠٧] ئالەیی، عبدالله خورشید قادر: *العمائر الإسلامية في العمادية*، ط١، دهوک، ٢٠١٢م، ص:٦٥.

[٢٠٨] رؤوف، عماد عبدالسلام: *المعجم التاريخي لإمارة بهدينان*، مطبعة الحاج هاشم، أربيل، ٢٠١١م، ص:١٠٧.

دواتر لە سەردەمی میر (حسین وەلی)* نۆژەنکراوەتەوە و فراوان کراوە و منارەیەکی بەرزی لە بەرد بۆ دروستکراوە، بە بۆنەی هەڵکەوتەی جوگرافی شارەکەوە کە دەکەوێتە سەر شاخێکی بەرز مزگەوتەکەی ناڕێکی و بەرز و نزمی زۆری لە خۆ گرتووە، بەم شێوەیە: درێژی بەشی باکووری بریتییە لە (٦٩,١ م)، بەشی باشوور (٦٣,٩م)، بەشی ڕۆژهەڵات (١٩م)و بەشی ڕۆژئاوا (٣٠م)، بەشی پێشەوەی مزگەوتەکە بریتییە لە هۆڵی نوێژکردن و تێیدا مینبەر و میحراب و گومەزێک لە خۆ دەگرێت، پێشتر ئەم مزگەوتە دەرگا و مینبەرێکی دێرینی هەبووە، بەڵام دواتر گوازراوەتەوە بۆ مۆزەخانەی نیشتیمانی عێراقی لەشاری بەغداد و لەوێ پارێزراوە، مێژووی دروستکردنیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی (مەلیک إسماعیل کوڕی بدرالدین لؤلؤ) کە ماوەیەک لە نێوان ساڵانی (٦٥٦-٦٦٠ک/١٢٥٨-١٢٦٢ز) فەرمانڕەوای ئەم ناوچەیە بووە[٢٠٩].

میرانی فەرمانڕەوایانی ئامێدی بە درێژایی ماوەی فەرمانڕەواییان گرنگییەکی زۆریان بە مزگەوت و قوتابخانە دینییەکان داوە، و هەمیشە هەوڵیانداوە بە باشترین شێوە خزمەتیان بکەن چ لە ڕووی خزمەتگوزارییەوە و چ لە ڕووی دابینکردن و دانانی باشترین و شیاوترین مامۆستاوە، چونکە باش لەوە گەیشتوون کە ڕێبەر و ئاڕاستەکەری کۆمەڵگە بەرەو خێر و چاکە مزگەوت و قوتابخانەکانن، و هەر ئەوانن دەبنە هەوێنی یەکرێزی کۆمەڵگە و پێشکەوتنی ئاستی ڕۆشنبیری تاکەکانی ناو کۆمەڵگەکەیان[٢١٠].

**ب/ ڕووبەر و پێکهاتە بیناسازییەکانی مزگەوتەکە.**

بە گشتی مزگەوتی گەورەی ئامێدی پێکهاتووە لە حەرەمێکی گەورە کە بە چەند گومەزێکی دروستکراو لە بەرد و قوڕ سەر گیراوە، ئەم حەرەمە (بیت الصلاة) لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی سەرەوە و بەشی خوارەوە، بەشی سەرەوە لە سەردەمی میر (حسین وەلی)دا دروستکراوە و تایبەت بووە بە شوێنی نوێژکردنی ئافرەتان لە ڕۆژی هەینیدا، و کەمێک بەرزتر بووە لە شوێنی نوێژی پیاوان و ڕۆژانی هەینی کراوەتەوە بۆیان.

---

* میر حسین وەلی: کوڕی حسن کوڕی سیف الدین، میری یازدەیەمی میرنشینی بادینان بووە، و لە نێوان ساڵانی (٩٤٠-٩٨١ک/١٥٣٤-١٥٧٦ز) پاش وەفاتی باوکی میرایەتی ئەو میرنشینەی کەوتوتە دەست، کەسێکی زاناو فەقیهـ و خواناس بووە، پشتگیری و خوێندن و زانایان و ئاوەدانی کردووە، لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتییەکەیدا چەندان کاری گەورەی ئەنجامداوە، لەوانە: دروستکردنی خوێندنگەی قوبەهان و منارەکەی مزگەوتی گەورەی ئامێدی و .. تاد، بە فەرمانی سوڵتانی عوسمانی هێرشی کردووەتە سەر میرنشینی ئەردەڵان لە قەڵای زەڵم و خستوویەتییە ژێر دەسەڵاتی خۆی، و دوای ئەو سەرکەوتنەشی کراوەتە والی شارەزوور و پایتەختی میرایەتییەکەی گواستۆتەوە بۆ قەڵای گوڵعەنبەر (خورماڵ)، هەر لەو ماوەیەدا لەسەر پێشنیاری قەڵا و مزگەوتی گوڵعەنبەر نۆژەنکراونەتەوە لەلایەن سوڵتان سلێمانی قانونی عوسمانییەوە، وەکوو لەسەر یەکێک لە بەردەکانی سەر گۆڕەکەی نووسراوە لە مانگی شەعبانی ساڵی (٩٨١ک/١٥٧٣ز) وەفاتی کردووە. بڕوانە: المائي، أنور: *الأكراد في بهدينان*، ط٣، مطبعة هاوار، دهوك، ٢٠١١م، ص: ١٨٨-١٨٩. زكي بك، محمد أمين: *مشاهير الكرد وكردستان في العهد الإسلامي*، ت: سانحه زكي بك، ج ١، ط٢، دار الزمان، بيروت، لبنان، ٢٠٠٦ م، ص: ١٧٨.

[٢٠٩] رؤوف: *المعجم التاريخي لإمارة بهدينان*، المرجع السابق، ص:١٠٧.

[٢١٠] بەدلیسی، *شەرەف خان: شەرەفنامە (مێژووی ماڵە میرانی کوردستان)*، و: هەژار، چ٦، ٢٠١٤/١٣٩٣، ل١٦١-١٦٢.

هەروەها هاوشێوەی مزگەوتە دێرینەکانی تری کوردستان خاوەنی قوتابخانەیەکی دینی پێشکەوتوو بووە، و میرانی حوکمڕانی شارەکە بەردەوام لە هەوڵی پێشخستن و پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی بوون[٢١١]، لە ساڵی (٥٣٧ک/١١٤٢ز) لەلایەن (میر حسین)ەوە بنیاتنراوە، و دەکەوێتە بەشی چەپی چوونە ناو هۆڵی نوێژکردنی مزگەوتەکەوە بەرانبەر منارەی مزگەوتەکە[٢١٢]، باس لەوەش دەکرێت لە سەردەمانی پێشکەوتنیدا پەیوەندیەکی زانستی پتەوی هەبووە لەگەڵ مزگەوت و مەدرەسەی بەناوبانگی ئەزهەر لە قاهیرە[٢١٣]. مزگەوت و قوتابخانەکان لە تەواوی خاکی موسڵماناندا دوانەیەکی دانەبڕاوی یەک بوون لە پێگەیاندن و بەرەوپێشبردنی ئاستی زانستی و ڕۆشنبیری کۆمەڵگە بە درێژایی مێژووی شارستانییەتی ئیسلامی، قوتابخانە و مزگەوتی گەورەی ئامێدییش بە هەمان شێوە مێژوویەک لەو بوارەدا ڕۆڵی گرنگ و کاریگەری بینیوە و چەندان مامۆستای دیار و خاوەن زانست خزمەتیان تێدا کردووە و کۆمەڵگەیان ئاڕاستە کردووە بەرە و خێر و چاکە[٢١٤]. هەروەها دوو ژوور دروستکراوە بۆ مامۆستاکانی قوتابخانەکە لەگەڵ پێنج ژوور بۆ فەقێکانی، لەم قوتابخانەیەدا زانستەکانی (شەریعەت، فیقهـ زمانی عەرەبی، فەلەک و هەندەسە و ...) خوێندراون.

**تەوەرەی دووەم/ منارەی مزگەوتی گەورەی ئامێدی**

**أ/ ناو و شوێن و مێژووی منارەکە.**

**١/ ناوی منارەکە:**

منارەی مزگەوتی گەورەی ئامێدی بەهۆی تایبەتمەندییە بیناسازیی و مێژووە کۆنەکەیەوە ناوێکی ناسراوە و بە ناوهێنانی دەناسرێتە، زیاتریش بە منارەی مزگەوتی گەورەی ئامێدی یان منارەی ئامێدی یان منارەی (عمادیە) ناسراوە.

**٢/ شوێنی منارەکە:**

منارەی مزگەوتی گەورەی ئامێدی دەکەوێتە ناوەڕاستی شارەکەوە لە بەشی باکووری ڕۆژهەڵاتییەوە، لە شوێنێکی بەرزدا بەرانبەر بە دار الإمارەی شارەکە[٢١٥]. دەکەوێتە ئاست حەوشەی زەوی مزگەوتەکە لە بەشی ڕاستی دەرگای سەرەکی چوونە ژوورەوەیدا[٢١٦].

---

[٢١١] رؤوف، عماد عبدالسلام: *مراكز ثقافية مغمورة في كردستان (دراسة في أهم المراكز الثقافية التي برزت في كردستان العراق خلال القرون المتأخرة)*، ط١، المطبعة خاني، دهوك، ٢٠٠٨ م، ص: ١١٧.

[٢١٢] رؤوف: المرجع السابق، ص: ٣٣٧.

[٢١٣] رؤوف: *مراكز ثقافية مغمورة في كردستان*، المرجع السابق، ص: ١١٩.

[٢١٤] العزاوي، عباس: *العمادية (في مختلف العصور)*، تحقيق: حمدى عبدالمجيد السلفي، عبدالكريم فندي، ط١، مطبعة وزارة الثقافة، هولير، ١٩٩٨ م، ص: ٨٦.

[٢١٥] العراقي، جلنك باشا: *منارات العمادية – فقرات من فصول لكتاب "العراقيون غير المحتملين"*، ٢٠١١ م، ص: ٤.

[٢١٦] رؤوف: المرجع السابق، ص:١٠٧.

### ٣/ مێژووی منارەکە:

وەکوو ئاماژەمان پێ دا مزگەوتی گەورەی ئامێدی لە سەردەمی فەرمانڕەوایی (عمادالدین زنكي) لە ساڵی (٥٣٧ ک / ١١٤٢ ز) دروستکراوە، پاش دروستکردنیشی چەندان جار نۆژەنکراوەتەوە، و لە یەکێک لە نۆژەنکردنەوەکاندا لە سەردەمی فەرمڕەوایی میرنشینی بادینان* و بە دیاریکراوی لە سەردەمی یەکێک لە میرەکانی میرنشینەکە بە ناوی (میر حسین وەلی) پاش ئەوەی هۆڵی نوێژکردنی مزگەوتەکە (بیت الصلاة) و حەوشەکەی فراوان دەکرێت منارەیەکی بەرزیشی بۆ دروستدەکرێت[٢١٧]، هەرچەندە بەهۆی کاری نەزانانەی هەندێک کەسەوە ئەو نووسینە یادەوەرییەی لەسەر ناوەندی منارەکە تۆمارکراوە نەماوە و سڕاوەتەوە و لە ئێستادا هیچ نووسینێکی یادەوەری لەسەر بەرچاو ناکەوێت بۆ ئەوەی گومان لەسەر مێژووی دروستکردنی بڕەوێنێتەوە و ساڵی دروستکردنی پێ دیاریبکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆرینەی مێژوونووس و شوێنەوارناسان مێژووی دروستکردنی دەگەڕێننەوە بۆ سەردەمی فەرمانڕەوایی میر (حسین وەلی) کە لە نێوان ساڵانی (٩٤٠-٩٨٤ک/١٥٣٤-١٥٧٦ز) میری میرنشینی بادینان بووە، ئەمەش پاڵپشت بەو لێکچوونە نەخش و نیگارییانەی لەسەر بەردی گومەزی گۆڕەکەی نەخشێنراون، وا پیشان دەدەن لە دروستکردنی یەک ئەندازیار بن[٢١٨]، (بڕوانە وێنەکانی ژمارە ١٨/أ،ب).

---

* میرنشینی بادینان: بە میرنشینی ئامێدیش ناسراوە لە مێژووی کورددا، جێگایەکی تایبەتی هەیە و یەک لەو دەسەڵاتدارییە سیاسییە کوردییانەیە کە هەم پانتاییەکی تا ڕادەیەک بەرفراوانی جوگرافی و هەم لە ماوەیەکی مێژوویی درێژدا فەرمانڕەوایی کردووە، لەناو قەڵەمڕەوی میرنشینەکەدا ئاوەدانی و خۆشگوزەرانی ڕەنگی داوەتەوە، وێڕای ئەوە دەسەڵاتێکی سیاسی سەقامگیر و پێشکەوتووی شارستانییانەی بەرچاویشی هەبووە و زانای بەناوبانگی لێ هەڵکەوتووە، ئەم میرنشینە شاری ئامێدی جوان و سەخت پایتەختی بووە، تاوەکوو ئێستا دیار نییە ئەم میرنشینە کەی دامەزراوە و لەلایەن کێوە بەردی بناغەی دانراوە، بەڵام سەرەڕای ئەوە مێژوونووسان کۆمەڵێک بۆچوونیان خستووەتە ڕوو، لەوانە: (شەرەفخانی بەدلیسی) لە (شەرەفنامە)دا پێی وایە: بنەماڵەی دەسەڵاتداری بادینان کە بنەچەکەی (بهاء الدین) ناوێکە، کاتی خۆی لە (شەمدینان - جولەمێرگ)ەوە هاتوونەتە ئامێدی و لەوێ جێگیر بوون، بە بادینان ناوی ڕۆشتووە و نزیکەی چوار سەد ساڵ فەرمانڕەوایی ئامێدیان کردووە، واتە لە سەرەتای سەدەی (٧ک/١٣ز). مێژوونووسی گەورەی کورد (موحەممەد ئەمین زەکی بەگ)یش کە بەشێک لە زانیارییەکانی ناو شەرەفنامەی نووسیوەتەوە هەمان بۆچوونی هەیە، هەروەها مێژوونووس (ئەنوەر مائی) پێی وایە: میر (بهاء الدین کوڕی شمس الدین) ئەم میرنشینەی دامەزراندووە لە دەوروبەری ساڵی (٦٥٩ک/١٢٦٢ز)، ڕۆژهەڵاتناس (مینۆرسکی)یش پێی وایە: پاش نەمانی حوکمی زەنگییەکان لە ناوچەکەدا دامەزراوە و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی (٧و٨ ک/١٣و١٤ز). بڕوانە: بەدلیسی: سەرچاوەی پێشوو، ل١٦١. پشدەری، قادر محەمەد: *دامەزراندنی میرنشینی بادینان (توێژینەوەیەکی مێژوویی شرۆڤەکاری)*، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژ١٠، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٩ز، ل١٥-١٧.

Kurd,Kurdistan*: the new encyclopadia of islam* (leiden:1986) vol:v , p460.

[٢١٧] رؤوف: *المعجم التاريخي لإمارة بهدينان*، المرجع السابق، ص:١٠٧.

[٢١٨] رديني، وصفى حسن: *من آثار مدينة العمادية*، مجلة حكم زاتية، يصدرها المجلس التشريعي النمطقه كردستان، مطبعة دار افاق عربية، عدد ٤، سنة الثانية، ١٩٨٤م، ص:١٣-١٤.

**ب/ ڕەگەزە بیناسازییەکانی منارەکە.**

**١/ وەسفی منارەکە:**

منارەی مزگەوتی گەورەی ئامێدی لەسەر بنکەیەکی بەهێزی گەورەی چوارگۆشەیی بنیاتنراوە و لە پارچەی بەردی حەلانی سپی دروستکراوە[٢١٩]، لاشەیەکی لولەیی هەیە، بە پێچەوانەی منارەکانی تری هەرێمی کوردستان بالکۆنی ئەم منارەیە دەکەوێتە کۆتایی لاشەکەی و دەرگایەکی لەسەرە و کۆتایی هاتووە بە گومەزێک، لە لاشەی منارەکەدا چەند پەنجەرەیەکی بچوک دروستکراون بە مەبەستی هەواگۆڕکێ و گواستنەوەی ڕووناکی بۆ ناو منارەکە، تێکڕا بەرزی منارەکە لە بنکەکەیەوە تاوەکوو گومەزەکەی بریتییە لە (٣٠ م).

مزگەوتی گەورەی ئامێدی و منارە شوێنەوارییەکەی تا ئێستا تەرز و شێوازی خۆیان پاراستووە، هەر نۆژەنکردنەوەیەکیشیان بۆ ئەنجامبدرێت دەبێت لەژێر چاودێری پسپۆڕان و شارەزایانی زانستی شوێنەوارناسیدا بێت، هەرچەندە چەندان جۆری بیناسازیی منارە لە کوردستاندا بڵاوبووەتەوە و دروستکراوە، بەڵام هاوشێوەی منارەی ئامێدی تاوەکوو ئێستا لە هەرێمی کوردستان بوونی نییە، بەڵکو شێوازی بیناسازیی بەرزی منارەی ئامێدی زۆر نزیکە لەگەڵ هەندێک لە منارەکانی کوردستانی باکوور، لەوانە: منارەی (جامع الکبیر) لە شاری ماردین و منارەی (جامع الرزق) لە شاری حسن کیف، (بڕوانە وێنەکانی ژمارە ١٩/أ،ب).

بەرزی منارەکە بە جۆرێکە لە شارەکەدا چ لە ڕابردوو و لە ئێستاشدا بەرزترین بینایە، تەنانەت لە چەندان کیلۆمەتری دووری شارەکەشەوە منارەکە بەرچاوە، (بڕوانە وێنەی ژمارە ٢٠).

منارەی مزگەوتەکە بە هونەرێکی ڕێک و نەخش و نیگارێکی جوان دروستکراوە[٢٢٠]، و هاوشان لەگەڵ مزگەوتەکەیدا یەکێکن لە شوێنەوارە هەرە گرنگەکانی کوردستان و ناوچەکە و ساڵانە خەڵکانێک سەردانیان دەکەن و وێنەی یادگارییان لە پاڵدا بڵاودەکەنەوە، جگە لەوەش ڕێکخراوی جیهانی (یونسکۆ- UNESCO) وەک شوێنەوارێکی مێژوویی گرنگ بە ڕەسمی ناساندوونی. سەرجەم تایبەتمەندییە سەردەمییەکان لە هونەری بیناسازیی ئەم منارەیەدا بەرجەستە کراون و بە نەخشێکی جوان دروستکراوە، شارەزایی لە بیناسازیی و ڕازاندنەوەی بە نەخش و نیگاری ئەندازەیی و ڕووەکی دیارخەری ئەم وتەیەن[٢٢١].

**٢/ بنکە:**

بنکەی منارەکە دەکەوێتە حەوشەی مزگەوتەکەوە، چوارگۆشەییە و لە بەردی ڕێککراو (حجر المهندم) لە جۆری حەلان و گەچ دروستکراوە، درێژی هەر لایەکی بریتییە لە (٢,٨٢ م) و بەرزییەکەشی (٤ م)ە، هەریەک لە چوارلای ئەم بنکەیە ڕازێندراوەتەوە بەم شێوەیە:

---

[٢١٩] العباسي، محفوظ: *إمارة بهدينان العباسية*، مطبعة الجمهورية، الموصل، ١٩٦٩م، ص: ١٥.

[٢٢٠] رديني: المرجع السابق، ص:١٣-١٤.

[٢٢١] الكتاني، مسعود مصطفى: *المساجد والمدارس والعلماء والمخطوطات في إمارة بادينان- العمادية، (سلسلة تاريخ العمادية وبادينان*، م٢، مطبعة هاوار، دهوک، ٢٠١٠ م، ص: ١٠.

بەشی ڕۆژهەڵاتی ڕازێندراوەتەوە بە تاقێکی داخراوی شێوە میحرابی گەورە و کۆتایی هاتووە بە کەوانێکی سێ بەشی (عقد الثلاثي)، و ناوەوەی تاقەکەش ڕازێندراوەتەوە بە نەخشی ئەندازەیی، بەڵام زۆربەی تایبەتمەندییەکانی لە ئێستادا لەناوچوون، و لە سەرووی ئەم تاقەشەوە تاقێکی داخراوی شێوە لاکێشەیی هەیە و گۆشەکانی ڕازێندراوەتەوە بە گەڵای ڕووەکی بچوک بچوک، بەشی باکووری بنکەکەش بە هەمان شێوە ڕازێندراوەتەوە بە تاقێکی داخراوی هاوشێوەی بەشی ڕۆژهەڵات لەگەڵ چەند جیاوازییەکی کەم، لەوانە: ناوەوەی تاقەکەو کەوانەکەی ڕازێندراوەتەوە بە نەخش و نیگار، لەسەر شێوەی دوو ڕیز چوارگۆشەی بچوک بچوکی کەمێ قوڵ و شێوەی قاچی قەلەڕەش (قدم غراب)، و ناو تاقەکەش ڕازێندراوەتەوە بە نەخشی ئەندازەیی شەش لا و ئەستێرەی هەشت لا، لەسەر ئەم تاقە گەورەشەوە تاقێکی تری لاکێشەیی بچوک دروستکراوە و دەور دراوە بە نەخش و نیگاری شێوە ئەستێرەیی هەشت لا، و لە هەرچوار لایدا ڕازێندراوەتەوە بە ئەستێرەی سێ لەسەر چوار دەرکەوتوو[٢٢٢].

بەشی باشووریش هاوشێوەی بەشی باکوور ڕازێندراوەتەوە بە تاقێکی گەورە و دانەیەکی بچوکی داخراو، و ڕازێندراونەتەوە بە نەخش و نیگاری جۆراوجۆر، بەڵام ئەوەی جیاواز بێت لەم بەشەدا ئەوەیە شێوازی تاقە لاکێشەییە بچوکەکە ڕازێندراوەتەوە بە دوو خەتی بەیەکگەیشتوو و لە نێوانیاندا شێوەی لەبزینەیی نەخش کراوە، و لە تاقە گەورەکەشدا لەناو یەکەیەکی ئەندازەییدا نەخش و نیگاری دوانی دووبارە بووەوەی شازدە بەشی نەخش کراوە و لە دەوری هەریەکەیان دوو خەتی لاری بەیەکگەیشتوو هەن کە لە نێوانیاندا شێوە لەبزینەیی نەخش کراون، هەروەها لە چوار گۆشەی تاقەکەشدا خەتی ئەندازەیی پێنج لا و چوار گۆشەیی دەرچوون لە شێوە لاکێشەییەکە، و هەموو نەخش و نیگارەکان بە شێوەی دەرپەڕیو (بازر)، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت نیوەی خوارەوەی سەرجەم نەخشەکان زیانیان بەرکەوتووە و بەرەو لەناوچوون ڕۆشتوون[٢٢٣].

لێهاتوویی وەستای بیناسازیی ئەم منارەیە لە ئاستێکدا بووە، کە توانیویەتی بنکەی منارەکە بە شێوەیەکی ئەندازەیی لە شێوەی چوارلاییەوە بخاتە سەر شێوەی هەشت لایی و پاشان بیخاتە سەر شێوەی لولەیی، ئەمەش لە ڕێگەی بەکارهێنانی شێوەی سێگۆشەیی و قوچەکی نیوە بازنەیی بڕاو (سێگۆشەی هەڵگەڕاوە) کە سەر و خوار دراونەتە دەم یەک و ئەم شێوەیەی دروستکردووە لە سێ چین بەردی حەلاندا. لەسەرەتای لاشەی منارەکەشدا بە پشتێنەیەکی نەخش و نیگاری، کە بریتییە لە دوو خەتی تێکەڵ بە یەک بوو بە شێوەی ستونی و لە نێوانیاندا ئەستێرەی هەشت تیشکی هەیە و لەناو هەر ئەستێرەیەکیشدا هەشت لایی لە سەر شێوەی ئەندازەیی چوارلایی و پێنج لایی بە شێوەی نارێک نەخش کراون، و هەموو نەخشەکان دەرپەڕیون[٢٢٤]، (بڕوانە وێنەی ژمارە ٢١).

---

[٢٢٢] سەردانی مەیدانی: چوارشەممە – ٢٠٢٢/٥/١٨ز، کات: ٠٤:٠٠ پاش نیوەڕۆ.

[٢٢٣] سەردانی مەیدانی: چوارشەممە – ٢٠٢٢/٥/١٨ز، کات: ٠٤:٠٠ پاش نیوەڕۆ.

[٢٢٤] سەردانی مەیدانی: چوارشەممە – ٢٠٢٢/٥/١٨ز، کات: ٠٤:٠٠ پاش نیوەڕۆ.

**٣/ دەروازە – دەرگا:**

دەرگای سەرەکی منارەکە دەکەوێتە بەشی ڕۆژئاوای بنکەکە و لە ئاسن دروستکراوە، شێوەی لاکێشەییە و پێوانەکەی بریتییە لە: بەرزی (١,٣٠ م) و پانی (٦١ سم)[٢٢٥]، دەکەوێتە ناو تاقێکی داخراوی گەورەی کۆتایی هاتوو بە کەوانێکی نوک تیژ (المدبب)، بەرزی کەوانەکە بریتییە لە (٢,٤٠ م) و پانیشی بریتییە لە (٩٩ سم)، چوارچێوەی دەرگاکە بە نەخش و نیگاری ئەندازەیی شێوە ئەستێرەیی شەش تیشک و شێوە بازنەیی ورد و دووبارەبووەوە ڕازێندراوەتەوە[٢٢٦]، (بڕوانە وێنەی ژمارە ٢٢).

**٤/ پلیکانەکانی:**

منارەکە لە بەشی ناوەوەیدا پلیکانەیەکی لولپێچی هەیە، بە ئاڕاستەی پێچەوانەی میلی کاتژمێر دەسوڕێنەوە بە دەوری ناوەندی منارەکەدا، شێوەیان سێگۆشەییە و ژمارەیان (١٠٣) پلیکانەیە تاوەکوو کۆتایی منارەکە، سەرجەمیان بە هەمان شێوە لە بەردی ڕێککراو لە جۆری حەلان دروستکراون، بەرزی هەریەکەیان بریتییە لە (٢٩ سم) و درێژی (٦٨ سم) و پانی (٤٠ سم) [٢٢٧]، (بڕوانە وێنەی ژمارە ٢٣).

**٥/ لاشە (بدن):**

لاشەی منارەکە لولەییە و بە هەمان شێوەی پێکهاتەکانی تری منارەکە لە بەردی حەلانی ڕێک دروستکراوە و خاڵییە لە نەخش و نیگار، هەشت پەنجەرەی بچوک دەکەونە لاشەکەیەوە بە مەبەستی ڕووناککردنەوەی بەشی ناوەوەی منارەکە و ئاڵوگۆڕی هەوای ناوەوە[٢٢٨]، (بڕوانە وێنەی ژمارە ٢٤).

**٦/ بالکۆن (شرفة):**

لاشەی منارەکە کۆتایی هاتووە بە بالکۆنێکی بازنەیی نزم، بە هەمان شێوە لە بەردی حەلانی سپی دروستکراوە، لە بەشی ژێرەوەی بالکۆنەکەدا بەردەکان بە جۆرێک دانراون کە نەخشێکی نیوە لەبزینەیی دووبارە بووەوەیان دروستکردووە، و دیوارەکەشی بە نەخشی ئەندازەیی شێوە لەبزینەیی ڕازێندراوەتەوە، ئەم نەخشانە تەواوی ڕووی دەرەوەی دیواری بالکۆنەکەیان داپۆشیوە و دیمەنێکی جوانیان بە منارەکە بەخشیوە، ئەمەش شارەزایی و وردی وەستای بیناسازیی دروستکەری منارەکە دەردەخات[٢٢٩]، (بڕوانە وێنەی ژمارە ٢٥).

---

[٢٢٥] ردیني: المرجع السابق، ص:١٣-١٤.

[٢٢٦] سەردانی مەیدانی: چوارشەممە – ٢٠٢٢/٥/١٨ز، کات: ٠٤:٠٠ پاش نیوەڕۆ.

[٢٢٧] سەردانی مەیدانی: چوارشەممە – ٢٠٢٢/٥/١٨ز، کات: ٠٤:٠٠ پاش نیوەڕۆ.

[٢٢٨] سەردانی مەیدانی: چوارشەممە – ٢٠٢٢/٥/١٨ز، کات: ٠٤:٠٠ پاش نیوەڕۆ.

[٢٢٩] سەردانی مەیدانی: چوارشەممە – ٢٠٢٢/٥/١٨ز، کات: ٠٤:٠٠ پاش نیوەڕۆ.

بالکۆنی منارەکان سەرەتا بەکارهاتوون بۆ شوێنی بانگدان، بەڵام دوای پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا و بڵاوبوونەی وزەی کارەبایی لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم و سەرەتای بەکارهێنانی بڵندگۆ (مکبرات الصوت) بالکۆنەکان ئەم ڕۆڵەیان نەما، کە بانگبێژ بچێتە سەریان و بانگ بدات، بەڵکو تەنها وەکوو پێکهاتەیەکی جوانکاری و بیناسازیی دروستدەکرێن و لە مزگەوتەکاندا، هەندێک جاریش بڵندگۆکانیان لەسەر دادەنرێت بۆ ئەوەی دەنگیان زیاتر بڵاوبێتەوە بە دەوروبەردا، منارەی ئامێدی بەهۆی بەرزی و زۆری پلیکانەکانییەوە سەرکەوتن بەسەریدا کەمێک سەختە[٢٣٠].

**٧/ گومەز (کڵاوە):**

لە ئاست بالکۆنەکەوە منارەکە ملێکی لولەیی بچوکتر بە بەراورد بە لاشەی منارەکەی هەیە، سێ پەنجەرەی بچوکی بۆ دروستکراوە بە مەبەستی ڕووناککردنەوەی بەشی ناوەوەی منارەکە و هەواگۆڕکێ، پەنجەرەکان دەکەونە باکوور و باشوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایەوە، ئەم بەشە خاڵییە لە نەخش و نیگار و کۆتایی هاتووە بە گومەزێکی بچوکی ڕەنگ سەوزی شێوە نیوە گۆیی، لە سەروو گومەزەکەشەوە شێوەیەکی نیوە مانگ دانراوە[٢٣١]، وەکوو ئاماژەیەک بۆ بەرزبوونەوەی ڕۆحی نوێژخوێنان و گەیشتنە ئاسمان لە کاتی ئەنجامدانی نوێژەکانیاندا، (بڕوانە وێنەی ژمارە ٢٥). ئەم بەشەی منارەکە، واتە لە بالکۆنەکەیەوە تاوەکوو کۆتاییەکەی لە ئەنجامی بۆردومانی فڕۆکە سەربازییەکانی هێزەکانی سوپای عێراق لەسەردەمی حوکمی (عەبدولکەریم قاسم ١٩٥٨-١٩٦٣ز)دا لە ساڵی (١٣٨١ک/١٩٦١ز) تووشی وێرانکاری بووە و ڕووخاوە، و لەم دواییانەدا نۆژەنکراوەتەوە و دروستکراوەتەوە[٢٣٢]، هەرچەندە بە تەواوی نەتوانراوە لەسەر شێوە کۆنەکەی خۆی دروستبکرێتەوە، ئەمەش لە کاتی بینینیدا بەرچاوە و جیاوازە لە پێکهاتەکانی تری منارەکە، هەر لە ئەنجامی ئەم بۆردومانەدا شوێنەوارەکانی تری شارەکەش بە هەمان شێوەی منارەکە تووشی زەرەرو زیانێکی زۆر بوونەتەوە[٢٣٣].

---

[٢٣٠] سەردانی مەیدانی: چوارشەممە – ٢٠٢٢/٥/١٨ز، کات: ٠٤:٠٠ پاش نیوەڕۆ.

[٢٣١] سەردانی مەیدانی: چوارشەممە – ٢٠٢٢/٥/١٨ز، کات: ٠٤:٠٠ پاش نیوەڕۆ.

[٢٣٢] رديني: المرجع السابق، ص:١٣-١٤.

[٢٣٣] العراقي: المرجع السابق، ص: ٤.

**باسی سێیەم/ منارەی مزگەوتی گەورەی خورماڵ (منارەی خورماڵ)**

**تەوەرەی یەکەم/ مزگەوتی گەورەی خورماڵ.**

**أ/ مێژووی دروستکردنی مزگەوتی گەورەی خورماڵ.**

مزگەوتی گەورەی خورماڵ* یەکێکە لە مزگەوتە دێرینەکانی هەرێمی کوردستان، لە باکووری ڕۆژهەڵاتی شارۆچکەکە و ڕۆژئاوای قەڵای دێرینی خورماڵدا دروستکراوە، کاتی خۆی لە ناوەندی شارەکەدا بووە، واتە ئەو بەشەی بە (خورماڵی کۆن) ناسراوە، بەڵام ئێستا بەهۆی گەورەبوون و گەشەکردنی شارەوە دەکەوێتە بەشی باکووری ڕۆژهەڵاتی شارەکەوە. (بڕوانە نەخشەی ژمارە ١)

مزگەوتی گەورەی خورماڵ یەکێک بووە لەو ناوەندە ئایینی و زانستییە گرنگانەی کە هەر لە سەرەتای گەیشتنی ئایینی ئیسلام بە کوردستان بنیاتنراوە، و خزمەتێکی زۆری بە پرۆسەی خوێندن و زانست و ڕۆشنبیری کردووە لە ناوچەکەدا، لە کاتی فتوحاتی ئیسلامیدا یەکێک لەو ناوچە کوردییانەی لە لاپەڕەکانی مێژووی ئیسلامیدا باسکراوە هەرێمی شارەزوور بووە و بۆچوونێک هەیە شاری گوڵعەنبەر (خورماڵی ئێستا) پایتەختەکەی بووبێت[٢٣٤].

---

*خورماڵ: یەکێکە لە شارە دێرینەکانی کوردستان، دەکەوێتە دامێنی زنجیرە شاخەکانی هەورامان لە بەردەم دەربەند و دۆڵی زەڵم، و بە دووری نزیکەی (٢١ کم) لە باکووری ڕۆژئاوای ناوەندی پارێزگای هەڵەبجە، و (٧٤ کم) لە ڕۆژهەڵاتی پارێزگای سلێمانییەوە، لە دوای فەتحی کوردستان لەلایەن موسڵمانانەوە بووەتە ناوەندێکی گرنگی فەرمانڕەوایەتی هەرێمی شارەزوور، دەربارەی شاری شارەزوور و شوێنی ئێستای بۆچوونی جیاواز هەیە، هەریەک لە زاناکانی شوێنەوارناسی و مێژووی کۆن شاری (خورماڵ، بەکرئاوا و یاسین تەپە)یان بە شوێنی شارەکە داناوە، ئەوانیش مێژووەکەیان بۆ چەندان سەدەی جیاواز گەڕاندووەتەوە، لەوانە سەردەمی لولویی و ئاشوری و ساسانی و ... تاد، فارسەکان بەم شارەیان وتووە (نیم راە) یان (نیم از راهـ)، واتە نیوەی ڕێ، چونکە کەوتۆتە نێوان هەرێمی چیاو ناوچە دەشتاییەکانەوە، یان وتراوە لەوەوە هاتووە شارەکە لە نیوەی ڕێگای نێوان تەیسەفون (مدائن)ی پایتەختی سیاسییان و شاری (شیز)ی پاتەختی ئایینیان بووە لە ئازەربایجان، کە پەرستگای ئاگری لێبووە و لە مەدائینەوە هاتوون و لە گوڵعەنبەرەوە چوونەتە خاکی ئێران و سەردانی شاری شیزیان کردووە کە بە (تەختی سلێمان)یش ناسراوە، لە سەرەتاکانی سەردەمی ئیسلامی تاوەکوو سەردەمی عوسمانییەکانیش پێی وتراوە (شهرزور)، و لە سەردەمی عوسمانییەکان بە دواوەش پێی وتراوە ( گلعنبر)، و ئێستەش ناسراوە بە خورماڵ، جگە لەوەش شارەزوور لە هەڵکۆڵدراوی (بەیکوڵی)دا ناوی هاتووە، کە بە زمانی پەهلەوی ئەشکانی و پەهلەوی ساسانی نووسراوە، کە بە کۆنترین دەقی نووسراو دادەنرێت ناوی شارەزووری تێدا هاتبێت. هەروەها دەربارەی ناوی (گوڵعەنبەر) کە ناوێکی ترە بۆ خورماڵ بەکارهاتووە، وتراوە دەکەوێتە کەنارەکانی ڕۆژهەڵاتی دەشتی شارەزوور، لە داوێنی چیاکانی هەورامان و سنوری کوردستانی ڕۆژهەڵات. بڕوانە: کوردستانی، شێخ محمد مەردۆخی: مێژووی مەردۆخ (مێژووی کورد و کوردستان)، و: زانەر محەمەد، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر،٢٠١١ز، ل:٦١-٦٢. مێژوونوسێک: خورماڵ و شوێنەوارە دێرینەکانی، گۆڤاری هەزارمێرد، ژ٦، ساڵی دووەم، کانونی یەکەم، سلێمانی، ١٩٩٨ز، ل:١٣٥. النقشبندي، حسام الدين: تراث وتاريخ شهرزوور في العصور الإسلامية من كتاب (شهرزور- السليمانية اللواء والمدينة لعباس العزاوي) قراءة نقدية، گۆڤاری هەزارمێرد، ژ ١٧، ساڵی پێنجەم ، ٢٠٠١ ز، ل: ١٥٣.

[٢٣٤] صاڵح، ئاراس محمد: مێژووی مزگەوت و خوێندنگەی گەورەی خورماڵ، ناوەندی سارا، چ١، سلێمانی، ٢٠١٨ ز، ل: ٨.

ئاماژە بەوە کراوە لە ناوەندی شارەکەدا مزگەوتێکی کۆن هەیە لەسەر دیواری مزگەوتەکە مێژووی دروستکردنی نووسراوە کە (سەلیم پاشای بابان) لە ساڵی (١١٦٠ک/١٧٤٧ز) دروستی کردووە[٢٣٥]، طارق مظلوم و ولید یاسین لە بابەتێکی گۆڤاری سۆمەردا ئاماژەیان بەوە کردووە مزگەوتەکە لە هۆڵی نوێژکردن (مصلی) و حەوشەیەک کە لەناویدا کۆمەڵێک داری جۆری پەڵگ (الجنار) هەن کە تەمەنێکی زۆریان هەیە پێکهاتووە[٢٣٦].

هەرچەندە سەرچاوەکان گومانیان لە دێرینی مزگەوتەکە نییە و پێیان وایە لە دوای فەتحی کوردستانەوە یەکێک لەو شوێنانەی مزگەوتی تێدا بنیاتنراوە گوڵعەنبەر بووە، بەڵام تاوەکوو ئێستا بە دروستی نازانرێت کەی و کێ و چۆن دروستکراوە؟ ئەمە وای کردووە چەند بۆچوونێکی جیاواز باس بکرێت لەسەر مێژووی دروستکردنی، لەوانەش:

١/ هەندێک لە سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن مێژووی بنیاتنانی ئەم مزگەوتە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای فتوحاتی ئیسلامی و لە سەردەمی عومەری کوڕی خەتتاب لە ساڵی (١٨ک/٦٣٩ز) بە فەرمانی عەبدوڵڵای کوڕی عومەر بنیاتنراوە[٢٣٧].

(ئەمین نەقشبەندی)ش پێی وایە مێژووی دروستکردنی مزگەوتی گەورەی خورماڵ دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی فتوحاتی ئیسلامی[٢٣٨].

هەروەها دەماو دەم لە پیاوە بەتەمەنەکانی ناوچەکەوە بیستراوە کە عومەری کوڕی خەتتاب پاش فتوحاتی ناوچەکە، هەواڵی ناردووە بۆ هاوەڵانی بۆ ئەوەی سێ مزگەوت لەو ناوچانەی فەتح کراون دروستبکەن، بۆ ئەوەی موسڵمانان نوێژ و پەرستشیان تێدا ئەنجام بدەن، بۆ ئەم مەبەستەش عەبدوڵڵای کوڕی ڕاسپاردووە سەرپەرشتی دروستکردن و تەواوکردنی ئەو مزگەوتانە بکات، هەر بۆیە هەموویان بە ناوی عەبدوڵڵاوە ناونراون، یەکێک لەو سێ مزگەوتەش مزگەوتی گەورەی خورماڵ بووە کە تاوەکوو ئێستاش لەلای هەندێک کەسی بە تەمەنی شارۆچکەکەوە بە مزگەوتی (گوڵ عومەر) ناسراوە. ئەم بۆچوونە لەگەڵ سێ دێڕە شیعرەکەی سەر دەرگای مزگەوتی (نگڵ) لە کوردستانی ڕۆژهەڵات یەکدەگرێتەوە، چونکە باسی ئەوە دەکەن مزگەوتەکانی (خورماڵ، نگڵ، کرمان) لە سەردەمی هاوەڵاندا بنیاتنراون، بەم شێوەیە:

دەوری ئەسحابان سێ مزگەوت کران یەکێ لە نگڵ دووەم لە کرمان
سێیەم لە خورماڵ سەرچاوەی کوردان-هەرسێ ئاساری ئەولای هۆمەران[٢٣٩]، (بڕوانە وێنەی ژمارە ٢٦).

---

[٢٣٥] محەمەد، فاتیح عەبدوڵڵا: *مێژووی دێرینی کوردستان (پوختەیەک لە مێژوو و شارستانیەتی دێرینی کوردستان)*، ب١، چ١، چاپخانەی کارۆخ سلێمانی، ٢٠١٦ ز، ل:٢٢٣.

[٢٣٦] مظلوم، طارق و ولید یاسین: *استطلاعات آثرية في محافظه السليمانية*، مجلة سومر، م٢٦، ج١-٢، بغداد، ١٩٧٠م، ص:٣٥٣.

[٢٣٧] زەڵمی، ئیبراهیم حاجی: *خورماڵ لێکۆڵینەوەیەکی سۆسیۆئەنثرۆپۆلۆجیە*، ب١، ٢٠٠٨ز، ل: ٢٧٢. صالح: *مێژووی مزگەوتی گەورەی خورماڵ*، سەرچاوەی پێشوو، ل: ٣٣.

[٢٣٨] نەقشبەندی، ئەمین: *شارەزوور و شارەزوورییەکان*، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق، دەستەی کورد،ب١٠، ١٩٨٣ز،ل٧٠.

[٢٣٩] هاوار، محەمەد ڕەسول: *دیوانی پیرەمێردی نەمر*، چ١، چاپخانەی شڤان، ٢٠٠٧ ز، ل٣٠٠.

پێمان وایە ئەم بۆچوونە ناڕاستە، چونکە لە هیچ سەرچاوەیەکدا ئاماژە بەوە نەکراوە عەبدوڵڵای کوڕی عومەر بەشداری فەتحی شارەزووری کردبێت، بەڵکو فەرماندەی سەربازی بۆ فەتحکردنی ئەم ناوچەیە (عوتبەی کوڕی فرقەدی سولەمی) بووە، کە یەکێک بووە لە فەرماندە باڵاکانی سوپای ئیسلام لە فەتحی عێراق و جەلەولاو خانەقین و شارەزووردا[٢٤٠].

٢/ گەریدەی موسڵمان (أبو دلف مسعر بن مهلهل الخزرجي الينبوعي) (م:٣٨٤ک/٩٩٤ز) لە ساڵی (٣٤١ک/٩٥٢ز) سەردانی هەرێمی شارەزووری کردووە و دەڵێت: لە گوڵعەنبەردا لە نزیک (زەڵم) مزگەوتی جومعە و جەماعەتی (مسجد جامع)ی تێدا بووە[٢٤١]، هەروەها (بن مهلهل) ئاماژەی بەوە کردووە لە شارەزووردا شارێک هەیە پێی دەوترێت (نیم ئەزڕا)، خەڵکەکەی یاخین لە سوڵتان و زۆربەی میرەکانیان لە خۆیانە، و فێری یاخیبوونن لە خەلیفەکان)[٢٤٢].

٣/ مێژوونووسی کورد (جەمال بابان) بۆچوونێکی تری هەیە و دەڵێت: (سەلیم پاشای بابان) دروستکەری مزگەوتی گەورەی خورماڵ بووە لە ساڵی (١١٦٠ ک/١٧٤٧ز)[٢٤٣]، بەڵام دەگونجێت ئەوە مێژووی دروستکردنی منارەی مزگەوتەکە بێت، یاخود لەو ساڵەدا مزگەوتەکەی نۆژەنکردبێتەوە[٢٤٤].

٤/ بۆچوونێکی تر پێی وایە ئەگەرێکی زۆر بەهێز هەیە مێژووی دروستکردنی مزگەوتەکە بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی فەرمانڕەوایی (سلێمان پاشای بابان ١٢٤٣-١٢٥٤ک/١٨٢٨-١٨٣٨ز)، کە فەرمانی کردووە بە (موسا بەگ)* مزگەوتێک دروستبکات بۆ شارەکە، ئەوەش پشتی بە لێکدانەوەی ئەو چەند دێڕە شیعرە فارسییە بەستووە، کە لەسەر دەرگای مزگەوتەکە نووسراوە، هەرچەندە نازانرێت کێ ئەم شیعرەی

[٢٤٠] میرزا، احمد میرزا: *أشهر قادة فتح كوردستان في العصر الإسلامي الأول*، مجلة كلية العلوم الإسلامية، م ٨، العدد (٢/١٥)، ١٤٣٥هـ-٢٠١٤م، ص: ٧٣٤.

[٢٤١] الخزرجي: *الرسالة الثانية،اعتنى بنشرها*، ت:مينورسكي، بدون سنة الطبع، مطبعة جامعة القاهرة، القاهرة،١٩٥٥م،ص: ١١.

[٢٤٢] توفیق، زرار صدیق: *کورد و کوردستان لە رۆژگاری خیلافەی ئیسلامیدا (١٦-٦٥٦ ک/ ٦٣٧ - ١٢٥٨ز)*، چ٢، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٢ ز، ل:١١٥.

[٢٤٣] بابان، جمال: *أصول أسماء المدن والموقع العراقية*، ج١، ط٣، ص: ١٠٤.

[٢٤٤] باقر، طه، فؤاد سفر: *المرشد إلى مواطن الأثار والحضارة*، الرحلة السادسة (بغداد - حلبجة)، بغداد، ١٩٦٦م، ص:١٥-١٦.

* موسا بەگ: لەو سەردەمەدا فەرمانڕەوای خورماڵ بووە، پیاوێکی زۆر بە دەسەڵات بووە، بنەماڵەیان بە بەگزادەی خولمار (خورماڵ) بەناوبانگن، هەرچەندە هەندێکیش دەڵێن پەلێک بوون لە بابان، لە تەنیشت مزگەوتی خورماڵەوە هۆدەیەکی بۆ خۆی دروست کردووە و پاش مردنی خۆی و تاکەکانی خێزانەکەی تێدا نێژراون، هەرچەند کێلی گۆڕەکان شکاون و زۆریان لە جێگای خۆیان نەماون و بوون بە ژێر خۆڵەوە، بەڵام لەسەر ئەوانەیان کە ماون ئایاتی قورئانی و شیعر و مێژووی مردنیان نەخش کراوە، وەکوو باسکراوە ئەم موسا بەگە تەمەنی زۆر درێژ بووە، تەنانەت خەڵکی ئەو کاتەی شارەزوور وەکوو تەنزێک وتوویانە: (خوا خۆی ئەمێنێ و موسا بەگ). بڕوانە: جان، حسن فهمی بەگ: *مێژووی خولمار*، گۆڤاری گەلاوێژ، ژ١٢، ساڵی ٥، کانوونی یەکەم، چاپخانەی معارف، بەغدا، ١٩٤٤ ز، ل:٦-٧.

نووسیوە، بەڵام ئەگەری ئەوە هەیە لەلایەن مەلا (نورەڵڵا کاکۆزەکەریایی)ـەوە نووسرابێت کە لەو کاتەدا مەلای مزگەوتی گوڵعەنبەر بووە[245]، ئەمەش دەقی شیعرە فارسییەکە و واتاکەشی:

والـی ملـک جود وکهف عـبـــاد | آن سلیمان تخت عـزت و داد
یـــد بیضی نمـود مـــوســـی را | گــل گلعـنبرش ز لـطـف بداد
در بناهـای خیـر شـد سـاعـی | یــد اجرو ثـــواب روز مـعـــاد
مـسـجد کهنه سال شـاه سـلیم | دید گشـتـه جـای قزر و رمـاد
از کـرم چند بدره در تـعـمـــیر | صرف کرد و بـیافت اجر مـراد
این اشـارت زغیب شـد تـأریـخ | بوده مـسـجد به لطف حق آباد[246]

واتە: سەرداری قەڵەمڕەوی بەخشین و ئەشکەوتی خواپەرستان، ئەو سلێمانەی لەسەر تەختی شکۆو دادگەری دانیشتووە (نووسەر دەڵێت: مەبەست لە سلێمان پاشای بابانە کە بە فەرمانی مزگەوتەکە نۆژەنکراوەتەوە)

کە مزگەوتی کۆنە ساڵی سوڵتان سەلیمی بینی | بۆتە جێگەی پیس و پۆخڵی و خۆڵەمێش
دەستی موسا سپی ئەنوێنێ و | فەرمانڕەوایی گوڵعەنبەری بە سۆزەوە دایە

مەبەست لە موسا بەگی ئەو دەمەی قائیمقامی خورماڵ بووە، و ئاماژەشە بۆ حەزرەتی موسا (سەلامی خوای لێ بێت) کە (ید بیضی) موعجیزەکەیەتی.

لە بیناکردنەوەی خێردا بوو بە تێکۆشەر | ئەمەش بۆ پاداشتی ڕۆژی دوایی
ئەو بەخشندە چەند پارەی بۆ ئاوەدانکردنەوەی | خەرج کرد و بە ئاکامی دڵ گەیشت
ئەم ئاماژەیە لە غەیبەوە بوو بە مێژوو | بوو بە مزگەوت و بە ناوی خودا ئاوەدان کرایەوە[247]

لە ڕۆژگاری بابانەکاندا میرەکانی ئەو میرنشینە پشگیرییەکی بەهێز و گەورەی ئەم مزگەوتە بوون، و توانیویانە کاری فراوانکردن و نۆژەنکردنەوەی بۆ ئەنجام بدەن و مامۆستای باشی بۆ تەرخان بکەن، وەسێتنامەکەی سلێمان پاشای بابانیش بەڵگەیەکی ڕوونی ئەم ڕاستیانەیە[248].

٥/ لە یەکێک لە بەڵگەنامەکانی سەردەمی عوسمانییەکاندا بە ژمارە (٠٠٥٢٢,٠٠٠٨٩) لە بەرواری (٥ی شەوالی ١٢٨٣ ک/ ١٨٦٦ز) بە واژۆی (شێخ محەمەد سادق) کە بۆ والی بەغداد نێردراوە، ئاماژە بەوە کراوە: ("لە قەزای گوڵعەنبەری سەر بە سانجەقی سلێمانی، جامیعی جەنابی سوڵتان سەلیم خان غازی دروستکراوە و زیندوو کراوەتەوە")، هەروەها ئاماژە بەوە کراوە کە: ("بە نوێکردنەوە و نۆژەنکردنەوەی

---

[245] زەڵمی، ئیبراهیم حاجی: سەرچاوەی پێشوو، ل: ٢٧٣-٢٧٤.

[246]جاف: سەرچاوەی پێشوو، ل: ٧.

[247] مەلا صالح، حەکیم: *هەڵەبجە لە ئامێزی مێژوودا*، ب١، چ٢، چاپخانەی چوارچرا، ٢٠١١ز، ل:٥٧-٥٨.

[248] ساڵح، ئاراس محەممەد: *هۆیەکانی گەشەکردنی بزافی ڕۆشنبیری لە شاری سلێمانیدا ١٧٨٤ -١٩٥٨*، چ١، چاپخانەی سەردەم، ٢٠١٥ز، ل: ٣١.

جامیعی ناوهاتوو ئەرکی خزمەتکارەکانی کۆتایی پێ هاتووە...")[٢٤٩]، ئەمەش ئەوە دەردەخات مێژووی مـزگەوتی گوڵعەنبەر دێرینە و لەو سەردەمانەدا تەنها نۆژەنکراوەتەوە.

٦/ هەر دەربارەی مێژووی مزگەوتی گەورەی خورماڵ لە کاتی ئامادەکردن و کۆکردنەوەی ئەو سەرچاوانەی باس لە مێژووی مزگەوتەکە دەکەن چاومان بە وێنەیەکی زۆر کۆنی (مزگەوتی گەورەی خورماڵ) کەوت، وێنەکە لەسەر بەرگی گۆڤارێکی تایبەتی سەردەمی عوسمانییەکان بە ناوی (ثروت فنون) چاپکراوە، مێژووی دەرچوونی دەگەڕێتەوە بۆ (١٣١٦/٥/١١ هیجری ڕۆمی) کە بەرانبەرە بە ساڵی (١٨٩٨ز)[٢٥٠]، واتە وێنەکە ئەگەر پێش ساڵی (١٨٩٨)یش نەگیرابێت ئەوە بە دڵنیاییەوە سەرەتای ساڵی (١٨٩٨) گیراوە، لەژێر وێنەکەدا بە زمانی تورکی عوسمانلی نووسراوە: ("مزگەوتی شەریفی دێرین لە ناوەندی قەزای گوڵعەنبەر لە سنجاقی سلێمانی کە لەلایەن حەزرەتی سلێمان خانی بەهەشتی یەوە دروستکراوە").

وەک ئاشکرایە زۆرێک لە مێژوونووسان دروستکردنی ئەو مزگەوتەیان گەڕاندووەتەوە بۆ سەردەمی سەرەتای ئیسلام، و هەندێکیش پێیان وایە سەلیم پاشای بابان دروستی کردووە، هەرچی مێژوونووسی تورک و عوسمانیش هەن دەیگێڕنەوە بۆ سەردەمی سوڵتان سەلیمی عوسمانی، ئەو سوڵتانە لە کۆتاییەکانی بەهاری (٩٤١ک/١٥٣٥ز) لە درێژەی جەنگەکانی دژ بە سەفەوییەکان بە سوپایەکی گەورەوە گەیشتۆتە شارەزوور، و لەوێشەوە چووە بەرەو دەشتی پێنجوێن و لە جەژنی قوربان‌دا دە ڕۆژێک لە نزیک قەڵای (قزڵجە) ماوەتەوە[٢٥١]، ڕێی تێدەچێت لە کاتی گەشتنی بە خورماڵ فەرمانی چاککردن و نۆژەنکردنەوەی مزگەوتەکەی دابێت و بەو شێوەیە خۆیان کردبێتە دروستکەری، بە هەرحاڵ لام وایە ئەو وێنەیە کۆنترین وێنەی مزگەوتەکە بێت کە بڵاوکرابێتەوە، (بڕوانە وێنەی ژمارە ٢٧). بۆ یەکەمجار لە ساڵی (١٩٤٣ ز) لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گشتی عێراقییەوە وەکوو شوێنەوارێک ناسێنراوە[٢٥٢].

---

[٢٤٩] باجگر، نەوزاد یەحیا: *سلێمانی لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا (١٢٦٣ - ١٣٣٦ کۆچی / ١٨٤٧ - ١٩١٨ زایینی)*، و: ئاشتی ڕەحمان، ب٨، چ١، هەولێر، ٢٠١٩ ز، ل:٥٧.

[٢٥٠] مجله ثروت فنون، عدد ٤٨٠، پنجشنبه - ١١/ مایس ٥/ ١٣١٦.

[٢٥١] الوائلي، عبد رب ابراهیم: *تاریخ الإمارة البابانية ١٧٨٤-١٨٥١*، ط١، دار الزمان، بيروت، لبنان، ٢٠٠٨ م، ص: ٩٣-٩٤.

[٢٥٢] *المواقع الأثرية في العراق:* المرجع السابق، ص: ٣٤٣.

**ب/ ڕووبەر و پێکهاتە بیناسازییەکانی مزگەوتەکە.**

- ڕووبەری تێکڕای مزگەوتەکە بریتی بووە لە (٢٠×٢٠م)، و دیوارەکانی زۆر پان و لە خشت و قسڵ (ئاهەک)* یاخود لە بەرد و گەچ دەرگا و پەنجەرەکانی لە داری گوێز و تووی هەورامان دروستکراون[٢٥٣]، هەیوانێکی (٣م) پان لەبەردەم هۆڵی نوێژکردنەکەیدا هەبووە ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی حەوزەکەی، لە بەشی سەرووی مزگەوتەکە (٣) ژوور بە ڕووبەری (٣×٤م) دوستکراون، یەکێکیان ژووری پێشنوێژ و وتارخوێنی مزگەوتەکە و یەکێکیان ژووری فەقێکان و ئەوی تریشیان ژووری خزمەتگوزاری مزگەوتەکە بووە، بانی مزگەوتەکە (سەقفەکەی) لە خشت و قسڵ چنراوە و نۆ گومەزی نیوە گۆیی لەسەر دروستکراون، بەبێ ئەوەی هیچ کەرەستەیەکی تری وەک دار یان ئاسنی تێدا بەکارهاتبن[٢٥٤]، (بڕوانە وێنەی ژمارە ٢٨/ أ)، هەروەها منارەیەکی بە بەزری (١٢ م) لە خشت و قسڵ بۆ دروستکراوە، لە حەوشەی مزگەوتەکەشدا حەوزێکی جوانی پڕ لە ماسی هەبووە و تاوەکو ئێستاش ماوەتەوە، سەرچاوەی ئاوەکەی کانییە و بووەتە شوێنی دەستنوێژگرتن و لێیەوە ئاو دەگاتە حەمام و ژووری مردوو شۆر و ئەدەبخانەکانی[٢٥٥]، پایەکانی ناو هۆڵی نوێژکردنی مزگەوتە زۆر ئەستور و بەهێز و پان بوون، هاوشێوەی پایەکانی مزگەوتی گەورەی ئامێدی، (بڕوانە وێنەی ژمارە ٢٨/ ب).

**تەوەرەی دووەم: منارەی مزگەوتی گەورەی خورماڵ**

**أ/ ناو و شوێن و مێژووی منارەکە.**

**١/ ناوی منارەکە:**

منارەی مزگەوتی گەورەی خورماڵ سەرەتا پێی وتراوە (منارەی مزگەوتی گەورە)، نەک بە ناوی شارەکەوە بێت، دوای گەیشتنی ئایینی ئیسلام بە ناوچەکە دروستکراوە، بەڵام دواتر وردە بە تایبەتی لە دوو سەدەی ڕابردوودا لەبەرئەوەی کۆنترین مزگەوتی شارەکە و لە ناوەندیدا بووە، ناوی شارەکەی بەسەردا بڕاوە و پێی دەوترێت منارەی مزگەوتی گەورەی خورماڵ، یان منارەی خورماڵ، و

---

* قسڵ (ئاهەک): ماددەیەکی تیژی سوتێنەری سپییە، لە جۆرە بەردێک دروست دەکرێت پێی دەوترێت (بەردی قسڵ)، ئەم بەردەیان سوتاندووە و پاشان خستوویانەتە ناو ئاوەوە تاوەکوو تواوەتەوە، و هاوشێوەی گەچ و چیمەنتۆ وەک ماددەیەکی بەهێز و پتەو بەکاریان هێناوە لە بیناسازیدا، توانیویانە بینای بەهێز و گەورەی پێ دروست بکەن، بەهێزی ئەم ماددەیە لەوەدا زیاتر خۆی دەبینێتەوە کە پاش ماوەیەک هەر خۆی دەبێتە بەرد و لە هەر بینایەکدا بەکارهاتبێت تەمەنێکی زۆر ماوەتەوە. بڕوانە: خاڵ، شێخ محەمەد: *فەرهەنگی خاڵ*، چ٢، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥ ز، ل:٣٣١.

[٢٥٣] جاف: سەرچاوەی پێشوو، ل:٦.

[٢٥٤] صالح: *مێژووی مزگەوتی گەورەی خورماڵ*، سەرچاوەی پێشوو، ل: ٤١.

[٢٥٥] فتاح، حاجی صالح عەلی، لە دایک بووی (١٩٥٦ز)، خانەنشینکراو، چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆ، چوار شەممە، ٢٠٢١/١١/٣ز، کات: ٠٣:٠٠ پاش عەسر. سەردانی مەیدانی: چوار شەممە، ٢٠٢١/١١/٣ز، کات: ٣:٣٠ پاش عەسر.

ئێستا لای دانیشتوانی ناوچەکە و تەنانەت هەرێمی کوردستان و عێراقیش وەکوو شاکارێکی مێژوویی گرنگ و دێرین ناسراوە[٢٥٦].

**٢/ شوێنی منارەکە:**

منارەی مزگەوتی گەورەی خورماڵ کەوتۆتە ناوەندی شاری خورماڵی کۆن و باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێستای شارەکەوە، لە باکووری ڕۆژهەڵاتییەوە قەڵایەکی دێرین هەیە کە بە (قەڵای خورماڵ) ناسراوە، قەڵایەکی سروشتی گەورەیە و مێژوویەکی زۆر کۆنی هەیە، لە بەشی ڕۆژئاواشییەوە ئاوی گۆگردی (گەڕاو) هەیە، کە بریتییە لە کانیاوێکی سروشتی و بۆ چارەسەری نەخۆشی پێست بەکاردێت[٢٥٧]، لە ڕۆژهەڵاتیشییەوە (گەڕەکی قەڵا) و چەمی (سەرچاوەی زەڵم) هەیە[٢٥٨].

**٣/ مێژووی منارەکە:**

گومانی تێدا نییە لە کوردستاندا بەراورد بە ناوچەکانی دەوروبەر بیناسازیی منارەی مزگەوت کەمبووە و ئەو مزگەوتانەش کە منارەیان هەبووە لەو شوێن و ناچانەدا بوون کە ناوەندی حوکمڕانی میرایەتییە کوردییەکان بوون، یاخود بەلایانەوە شوێنێکی ستراتیژی و گرنگ بووە، وەک منارەی (شێخی چۆڵی) لە هەولێر کە لەلایەن (سوڵتان موزەفەرەدین)ـەوە دروستکراوە، هەروەها منارەی (مزگەوتی گەورەی ئامێدی) کە لەلایەن (میر حسێن وەلی) میری ئامێدییەوە دروستکراوە، یاخود منارەی (مزگەوتی شاری سنە) لە کوردستانی ڕۆژهەڵات کە لەلایەن (خانە پاشای) میری بابانەوە دروستکراوە، یاخود منارەی (مزگەوتی گەورەی سلێمانی) کە پاش گواستنەوەی دەسەڵات لە قەلاچوالانەوە بۆ شارەکە لەلایەن بابانەکانەوە دروستکراوە.

بوونی مزگەوت و منارەی خورماڵ ئەوە دەسەلمێنێت شارەکە بە درێژایی مێژوویەکی دوور ئاوەدان بووە و ناوەندێکی حوکمڕانی گرنگ و ستراتیژی بووە لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژوودا، بەڵام کێ ئەم منارەیەی دروستکردووە؟ کەی دروستکراوە؟ ئایا لە قۆناغە جیاوازەکاندا نۆژەننەکراوەتەوە و گۆڕانکاری تێدا نەکراوە؟ ئایا لەگەڵ مزگەوتەکەدا دروستکراوە؟ یاخود لە سەردەمەکانی دواتردا؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە زۆر هەوڵماندا لە سەرچاوەی باوەڕپێکراوەوە بەڵگەمان دەست بکەوێت و وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەینەوە، بەڵام لە هیچ سەرچاوەیەکدا بەڵگەیەکی ڕوونمان دەست نەکەوت لەم بارەیەوە، بۆیە وەکوو توێژەرێک ناچار بووین پەنا بۆ چەند بۆچوونێکی جیاواز بەرین لە بارەی مێژووی بیناتنانی منارەکەوە، لەوانەش:

---

[٢٥٦] فتاح، حاجی صالح عەلی، لە دایک بووی (١٩٥٦ز)، خانەنشینکراو، چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆ، چوار شەممە، ٢٠٢١/١١/٣ز، کات: ٠٣:٠٠ پاش عەسر.

[٢٥٧] سەردانی مەیدانی: چوار شەممە، ٢٠٢١/١١/٣ز، کات: ٣:٣٠ پاش عەسر.

[٢٥٨] بانیشاری، عەلی: *منارەی مزگەوتی گەورەی خورماڵ*، گۆڤاری سۆبارتو، ژ٤-٥، ساڵی چوارەم-پێنجەم، هەولێر، هاوینی٢٠١١ز، ل٢٥.

- یەکێک لە بۆچوونەکان ئەوەیە لەوانەیە لەلایەن یەکێک لەو میرە کوردانەوە دروستکرابێت کە گرنگی زۆریان داوە بە دروستکردنی مزگەوت و ئاوەدانکردنەوەی وڵات، بەتایبەت ئەو میرانەی کە توانایەکی دارایی پێویستیان لەبەردەستدا بووە، لەوانەش (میر حسێنی میری ئامێدی)، ئەمەش پاش ئەوەی بە هاوکاری سوڵتانی عوسمانی دەستی گرتووە بەسەر شارەزووردا، و سوڵتانی عوسمانی داوای نۆژەنکردنەوەی شوێنە وێرانکراوەکانی شارەزووری لێکردووە و هاوکاری دارایی کردووە بۆ ئەو مەبەستە، پاش ئەوە ئەم میرە کوردە (میر حسێن) توانی دەست بکات بە دروستکردنی منارەکەی مزگەوتی گەورەی ئامێدی، ئەمەش ئەگەری ئەوە بەهێز دەکات منارەی مزگەوتی گەورەی گوڵعەنبەریش لە ڕۆژگاری (میر حسێن)دا دروستکرابێت بە هاوکاری و فەرمانی سوڵتانی عوسمانی، کارەکانی میر حسێنی میری بادینان لە ماوەی فەرمانڕەوایەتییەکەیدا ئەو گومانە زیاد دەکات کە هەستابێت بە نۆژەنکردنەوەی مزگەوتەکە و منارەیەکیشی بۆ دروست کردبێت لەسەر فەرمانی سوڵتان سلێمانی قانونی عوسمانی[٢٥٩].

- بە پێی توێژینەوەیەکی سەرەتایی مۆزەخانەی سلێمانی مێژووی دروستکردنی منارەی مزگەوتی گەورەی خورماڵ دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەتابەگییەکان (٥٢١-٦٥٩ک/١١٢٧-١٢٦١ز)، و بە دیاریکراوی سەردەمی فەرمانڕەوایی (سوڵتان موزەفەرەدین گۆگبوری)[٢٦٠]، کە ناوەندی حوکمڕانییەکەی شاری هەولێر سەر بە ویلایەتی شارەزوور بووە کە سوڵتان موزەفەرەدین فەرمانڕەوای بووە، هەر ئەو میرەش منارەی چۆڵی لەو شارەدا دروستکردووە لە ماوەی فەرمانڕەوایەتییەکەیدا، ئەمەش وەکوو ئەگەرێک سەیر کراوە کە لەوانەیە منارەی مزگەوتی گوڵعەنبەریش لە سەردەمی ئەو سوڵتانەدا بە فەرمانی دروستکرابێت[٢٦١]، بەڵام ئەم ڕایە بە لاواز دەزانین، چونکە ئەگەر وابوایە لەسەر هەمان شێواز لە تەرزی منارەی چۆڵی بنیاتدەنرا.

- بۆچوونێکی تر ئەوەیە کە لەوانەیە لە کاتی میرایەتی (خانە پاشای بابان)دا دروستکرابێت، ئەمەش پاش ئەوەی ئەم میرە دەست دەگرێت بەسەر شاری سنە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و ئەردەڵانییەکان دەردەکات، و لەو شارەدا مزگەوتێک و دوو منارەی زۆر جوان دروست دەکات بە هاوکاری و پشتگیری دارایی سوڵتانی عوسمانی، ئەمەیش ئەو بۆچوونە دروست دەکات کە لەوانەیە منارەی مزگەوتی گوڵعەنبەریش لەلایەن ئەو میرە کوردەی بابانەوە دروستکرابێت، چونکە ناوچەی شارەزوور بە درێژایی مێژووی میرنشینی بابان ناوەندێکی گرنگی میرەکانی ئەو میرنشینە بووە، و باس لەوە دەکرێت کە بۆچی خانە پاشا توانیبێتی مزگەوت و منارە لە شاری سنەدا دروستبکات، کە بە شێوەیەکی کاتی تیایدا ماوەتەوە، بۆ نەتوانێت لە شاری گوڵعەنبەردا منارەیەکی لەو شێوە دروست بکات کە ماوەیەکی زۆر زیاتر فەرمانڕەوای بوون؟

---

[٢٥٩] صالح، *مێژووی مزگەوتی گەورەی خورماڵ:* سەرچاوەی پێشوو، ل:٦٢.

[٢٦٠] بانیشاری: سەرچاوەی پێشوو، ل:٢٥.

[٢٦١] یاقوت *الحموي: معجم البلدان*، ط٢، م ٣، دار الصادر، بیروت، ١٩٩٥م، ص: ٣٧٥ -٣٧٦.

- یەکێکی تر لە بۆچوونەکان ئەوەیە منارەی مزگەوتی گەورەی خورماڵ لە سەردەمی سوڵتانی عوسمانی (سوڵتان سەلیم)دا دروستکراوە لە ساڵی (١٢١٥ ک/١٨٠٠ ز)[٢٦٢]، چونکە سوڵتان سەلیم لە ڕووی ئاوەدانکردنەوە و دروستکردنی شورا و قەڵا و مزگەوتەوە هاوکارییەکی زۆری میرە کوردەکانی کردووە، ئەو بۆچوونەش کە دەڵێت: مزگەوتی گەورەی خورماڵ لەلایەن سوڵتان سەلیمەوە بنیاتنراوە لەوەوە هاتووە یەکەم سوڵتانی عوسمانییە دەستی بەسەر ناوچەی شارەزووردا گرتووە و کوردی لە دەستی سەفەوییەکان ڕزگار کردووە، و هەر لەو سەردەمەشدا هاوکاری ناردووە بۆ ئەوەی مزگەوتەکە نۆژەنبکرێتەوە[٢٦٣].

دکتۆر مستەفا زەڵمی لە بەرگی دووەمی کتێبی (کاروانی ژیانم)دا پشتگیری ئەم بۆچوونە دەکات و دەڵێت: لە کاتی خۆیدا مزگەوتەکەی خورماڵ کە سوڵتان سەلیم بینای کردووە و موسا بەگ تازەی کردووەتەوە، ئەم تازەکردنەوەیە بە کورتی کراوە بە شیعرێک و لەسەر پارچە مەڕمەڕێک لەسەر دەرگای مزگەوتەکە چەسپ کرابوو، هەرچەند بەردەکە لە کاتی ڕووخانی مزگەوتەکە لەلایەن حکوومەتی بەعسەوە کاتێک هێرشی کردە سەر کوردستان و دێکانی هەموو وێران کرد بووەتە چوار پارچە، پێشتر ئاماژەمان بە پارچە شیعرەکە کردووە (والـی ملـک شـــاه عبـــاد ....)[٢٦٤].

هەروەها دەربارەی مزگەوتەکە (زەڵمی) کە چەند ساڵێک لە مزگەوتی گەورەی خورماڵدا فێرخواز بووە و زانستە شەرعییەکانی تێدا خوێندووە، دەڵێت: ئەم مزگەوتە زۆر گەورە بوو، بە جۆرێک نۆ گومەز لەسەر هۆڵی نوێژکردنی مزگەوتەکە بوون، شوێنەوارێکی مێژوویی نایاب بوو، بەڵام سوپای عێراق وێرانیان کرد بە ماددەی (T.N.T) و سەر و شوێنی نەما، هەروەها منارەکەیان دایە بەر تۆپ و نیوەی نەما و نیوەکەی تریشی خەریکە دەڕوخێت[٢٦٥].

- پیرەمێردی شاعیر لە (٢١ی ئابی ١٩٤١/١٣٦٠ک) سەردانی خورماڵی و کردووە و بە چاوی خۆی بینیویەتی کە مزگەوتەکە چۆن پشت گوێ خراوە، و بەرهەمی زەوی و زارە وەقفکراوەکەی بۆ سەرف ناکرێتەوە، بێزاری خۆی بە هەڵبەستەیەک دەربڕیوە، لە هەڵبەستەکەیدا دەردەکەوێت کە پێی وایە (سوڵتان سەلیم) نۆژەنکەرەوەی بەشەکانی مزگەوتەکە بووە نەک دروستکەری و دەڵێت:

سوڵتان سەلیم گۆی شاهی بردەوە     قوببەو منارەی تازە کردەوە[٢٦٦]

- دەتوانین ئەو بۆچوونە زیاد کەین کە لەوانەیە مێژووی دروستکردنی بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەردەڵانییەکان (١١٦٩-١٨٦٧ز)، چونکە ماوەیەک حوکومڕانی ئەم ناوچەیە بوون، و لە ڕووی بیناسازیشەوە کەمتر نەبوون لە میرنشینەکانی تری چواردەوریان.

---

[٢٦٢] زەڵمی، ئیبراهیم حاجی: سەرچاوەی پێشوو، ل: ٢٧٣.

[٢٦٣] صاڵح، *مێژووی مزگەوتی گەورەی خورماڵ:* سەرچاوەی پێشوو، ل:٦٢.

[٢٦٤] زەڵمی، مستەفا ئیبراهیم: *کاروانی ژیانم*، ب١، ١٩٢٤-١٩٥٥، چ١، ٢٠١٤ز، ل:٢٩.

[٢٦٥] زەڵمی، مستەفا ئیبراهیم: سەرچاوەی پێشوو، ل:٢٩.

[٢٦٦] هاوار: سەرچاوەی پێشوو، ل:٢٩٩ - ٣٠٠.

**ب/ ڕەگەزە بیناسازییەکانی منارەکە.**

**١/ وەسفی منارەکە:**

منارەی مزگەوتی گەورەی خورماڵ یەکێکە لە شاکارە بەنرخەکانی هەرێمی کوردستان، دیمەنێکی زۆر جوان و تایبەتی بەخشیووە بە شارۆچکەی خورماڵ، و بووەتە سومبول و هێمای شارەکە، تەنانەت زۆر کەس بە هۆکاری ئەم منارەیە و مزگەوتە دێرینەکەی شارەکە دەناسن و سەردانی دەکەن، هەروەکوو چۆن لە تەواوی دونیادا شوێنەوارەکان بوونەتە ناسنامەی میلەتان و تەنانەت لە هەندێک وڵات بوونەتە سەرچاوە و سەرمایەیەکی بەهێزی دارایی، و خەڵکانێک تایبەت سەردانیان دەکەن و وێنەیان لە پاڵدا دەگرن و توێژینەوەیان لەسەر دەنووسن، بەڵام لە وڵاتی خۆماندا لایەنی پەیوەندیدار ئەم سەرمایە زۆر بەنرخ و گرنگەی پشت گوێ خستووە، و خەڵکیش بە گشتی ڕۆشنبیرییەکی وەهایان نییە چ پارێزگاری لە شوێنەوار و شارستانییەتیان بکەن، و چ سەردانیان بکەن و چێژ لەو مێژوو و شارستانییەتی سەدان ساڵەیان وەربگرن.

منارەی خورماڵ وەکوو لە وێنە کۆنەکانی مزگەوتەکەدا دەردەکەوێت کاتی خۆی لە ئاستی سەر دەروازەی سەرەکی هاتنە ناو مزگەوتەکە دروست کراوە، (بڕوانە وێنەکانی ژمارە ٢٩/أ-د)، هەرچەندە مێژوویەکی هەیە، بەڵام تاوەکوو ئێستا یەکلایی نەبووەتەوە دروستکردنی بۆ چ سەردەمێک دەگەڕێتەوە، پێش ڕووخان و خاپورکردنی مزگەوتەکە و نۆژەنکردنەوەی منارەکەی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری سلێمانییەوە لە ساڵی (١٤٣٥ک/٢٠١٤ز) منارە (١٢) مەترییەکەی خورماڵ تەنها (٧ م)ی مابوویەوە، خەڵکی خەمخۆری دەوروبەری مزگەوت بنکەی منارەکەیان بە چیمەنتۆ داپۆشیبووە، بە مەبەستی بەهێزکردنی لە ترسی ئەوەی نەوەک بومەلەزرە یاخود کەشوهەوا کاریگەری بکاتە سەری و بڕوخێت، هەروەها ماددەی گەچیان بەکارهێنابوو لە هەندێ بەشی ناوەوەیدا بە هەمان شێوە بە مەبەستی پارێزگاری کردن لە ڕووخانی، پاش نۆژەنکردنەوەی لەسەر شێوازی کۆنی خۆی و بە ماددەی قسڵ، بەرزی ئێستای بریتییە لە (١٢ م)، دروستکراوە لە خشت و قسڵ و تاوەکوو کۆتاییەکەی لە (٥٤) چین خشت پێکهاتووە[٢٦٧].

وەکوو ئاماژەمان پێ دا ئەم منارەیە کاتی خۆی لەسەر دەرگای مزگەوتەکە دروستکراوە، بەڵام پاش ڕووخانی مزگەوتەکە کە منارەکە نۆژەنکراوەتەوە لەسەر ئەو بەشە کەمە ئیشی لەسەر کراوە کە لە دەرگای مزگەوتەکە ماوەتەوە ( بڕوانە وێنەکانی ژمارە ٣٠/ أ،ب).

[٢٦٧] سەردانی مەیدانی: چوار شەممە، ٢٠٢١/١١/٣ز، کات: ٣:٣٠ پاش عەسر.

ئەوەی پێویستە ئاماژەی پێبکەین ئەوەیە منارەی خورماڵ شێوازی بیناسازیی بە گشتی زۆر نزیکە لە منارەی مزگەوتەکانی شاری بەغداد[٢٦٨]، لەوانە: (جامع مرجان) لە شەقامی (الرشيد) کە لە ساڵی (٧٥٨ک/١٣٥٦ز) بنیاتنراوە لە سەردەمی (جەلائیرییەکان)دا، هەروەها منارەی مزگەوتی السليمانيه (النعمانية) لە ناوچەی (الرصافة) کە لە ساڵی (١١٨٦ک/١٧٧١ز) دروستکراوە لە سەردەمی فەرمانڕەوایی عوسمانییەکاندا، جیاوازییەک بە ئاشکرا ببینرێت لە نێوان ئەم منارانە و منارەی خورماڵدا ئەوەیە کە ئەم منارانە بەشی یەکەمی لاشەکەیان لولەییە، بەڵام منارەی خورماڵ هەشت لایە. (بڕوانە وێنەکانی ژمارە ٣١/ أ،ب).

**٢/ بنکە:**

بنکەی منارەکەش هاوشێوەی بەشەکانی تری لە خشت دروستکراوە، و بووەتە ڕاگرێکی پتەو بەهێز بۆ مانەوەی منارەکە بە درێژایی مێژووەکەی، پێشتر لە ساڵی (١٤٠٨ک/ ١٩٨٨ز) لەلایەن دانیشتوانی شارۆچکەکەوە بە ماددەی چیمەنتۆ ڕوپۆشکراوە، ئەمەش لە پێناو پاراستنی منارەکە لە ڕووخان و لەناوچوون، هەر ئەم نۆژەنکردنەوەیە بە چیمەنتۆ وای کردبوو نەتوانرێت ڕەگەزە بیناسازییەکانی دەستنیشان بکرێت و لێک بدرێتەوە، چونکە بە هیچ شێوەیەک مەوادی بەکارهاتووی ژێر چیمەنتۆکە دیار نەبوو هەم لە دەرەوە و هەم لە ناوەوەش، ئایا خشت یاخود بەرد بەکارهاتووە لە دروستکردنیدا، (بڕوانە وێنەکانی ژمارە ٣٢/ أ،ب)، ئەم بنکەیە لە ئاست سەربانی مزگەوتە دێرینەکە دروستکراوە، و لە هەشت لا پێکهاتووە و بەرزییەکەی بریتییە لە (٧٥ سم) و چوار لایان پێوانەیان وەک یەکە کە بریتییە لە (٤٥ سم)، و چوار لاکەی تریش پێوانەیان زۆر نزیکە لە یەکەوە لە نێوان (٢,٠٥ م – ٢,١٧ م)دایە، و چێوەی کۆی گشتی بنکەکەش (٩,٤٠ م)ە[٢٦٩].

**٣/ دەروازە – دەرگا:**

منارەکە دوو دەرگای هەیە، یەکێکیان سەرەکییە و لە بنکەی منارەکەدایە، و لێیەوە سەردەکەویت بۆ سەرەوەی منارەکە، دەکەوێتە بەشی ڕۆژهەڵاتی منارەکە ڕوو بە قەڵای دێرینی خورماڵ، ئەم دەرگایە کاتی خۆی کە منارەکە دروست کراوە لە ئاست سەربانی مزگەوتەکە لەسەر بەشی دەرگای چوونە ژوورەوە بۆ ناو مزگەوت بە ئاڕاستەی سەربانی مزگەوتەکە دروستکراوە، بۆ ئەوەی چوونە ناو منارە و سەرکەوتن بەسەریدا ئاسان بێت (بڕوانە وێنەکانی ژمارە ٣٣/ أ،ب)، شێوەی لاکێشەییە و پێوانەکەی بریتییە لە بەرزی (١,٠٩ م) و پانی (٥٤ سم)، بۆ ڕاگیران و جێگیربوونی خشتەکانی سەر دەرگای منارەکە و بە گشتیش لە منارەکەدا نزیکەی (١٠) پارچە دارێک بەکارهاتوون، کە سەرجەمیان داری (بەڕوو)ن و تاوەکوو ئێستاش ماونەتەوە[٢٧٠] (بڕوانە وێنەکانی ژمارە ٣٤/ أ،ب)، هۆکاری بەکارهێنانی داری بەڕوو بۆ ئەوە گەڕاوەتەوە، دارێکی زۆر بەهێز و گونجاوە بۆ بیناسازیی و تەمەنێکی زۆر

[٢٦٨] جاف: سەرچاوەی پێشوو، ل:٩٣.

[٢٦٩] سەردانی مەیدانی: چوار شەممە، ٢٠٢١/١١/٣ز، کات: ٣:٣٠ پاش عەسر.

[٢٧٠] سەردانی مەیدانی: چوار شەممە، ٢٠٢١/١١/٣ز، کات: ٣:٣٠ پاش عەسر.

بەرگەی کاریگەرییە ئاوهەواییەکان دەگرێت، ئەمە جگە لە هۆکاری ئەوەی کە ئەم دارە لەم ناوچەیەدا بە ئاسانی دەست دەکەوێت، چونکە شارۆچکەی خورماڵ دەکەوێتە دامێنی چیاکانی هەورامان و ئەم دارەش بە سروشتی خۆی لە چیاکاندا خۆرسک دەڕوێت.

**٤/ پلیکانە:**

بۆ سەرکەوتن بەسەر منارەکەدا لە بەشی ناوەوەیدا پلیکانەیەکی لولپێچی (الحلزونية) هەیە بە ئاڕاستەی پێچەوانەی میلی کاتژمێر، بە دەوری ناوەندی منارەکەدا دەسوڕێنەوە تاوەکوو کۆتایی منارەکە، لە بنکەی منارەکەوە تاوەکوو دەرگای بالکۆنەکەی، و ژمارەیان (٢٧) دانەیە، و لە بالکۆنەکەشەوە تاوەکوو کۆتایی منارەکە (١٤) دانەن، واتە بە گشتی لە بنکەکەیەوە تاوەکوو کۆتایی منارەکە ژمارەیان (٤١) پلیکانەیە، و شێوەیان سێگۆشەییە، و هەموو پلیکانەیەک لە دوو چین خشت پێکهاتووە، و بەرزییان (٣٠ سم) و پانییان (١٣ سم) و درێژییان (٣٢ سم)ە[٢٧١]، و سەرجەمیان بە ماددەی قسڵ توند و پتەو کراون، ڕەنگی خشتەکانیش تێکەڵەیەکە لە ڕەنگی سوور و زەرد و قاوەیی، هەر لەو جۆرە خشتانەیە کە منارەکەیان لێ دروست کراوە[٢٧٢]. (بڕوانە وێنەکانی ژمارە ٣٥/ أ، ب)

**٥/ لاشە (بدن):**

لاشەی منارەکە بە گشتی لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم لە خوارەوە لەسەر بنکەی منارەکەوە دەست پێ دەکات تاوەکوو بالکۆنەکەی، ئەم بەشە شێوە هەشت لاییە و کۆتاییەکەی ڕازێندراوەتەوە بە موقەرنەسات کە بە خشتی شێوە لەبزینەیی دروستکراوە، و بەرزییەکەی لەسەر بانی مزگەوتەکەوە (بە بنکەکەشییەوە) بریتییە لە (٧ م)، و بە بێ بنکەکەیشی واتە لەسەر بنکەکەیەوە تاوەکوو بالکۆنەکەی بریتییە لە (٦,٣ م). وەکوو ئاماژەمان پێ دا ئەم بەشە هەشت لاییە و پێوانەی لاکانی بریتیین لە:

- لای ڕۆژهەڵات: ڕوو بە قەڵای دێرینی خورماڵ، پانییەکەی بریتییە لە (٨٥ سم) و لە پێنج چین خشت پێکهاتووە.
- لای باکووری ڕۆژهەڵات: ڕوو بە حەوزی مزگەوتەکە یاخود ئاوی (گەنجان)، پانییەکەی بریتییە لە (٨٧ سم) و لە چوار چین و نیو خشت پێکهاتووە.
- لای باکوور: ڕوو بە حەوزی مزگەوتەکە و ئاوی گەنجان، پانی بریتییە لە (٨٤ سم) و لە چوار چین خشت پێکهاتووە.
- لای باکووری ڕۆژئاوا: ڕوو بە ئاوی کانزایی گۆگرداتی گەڕاو، پانییەکەی بریتییە لە (٨٧ سم) و لە پێنج چین خشت پێکهاتووە.
- لای ڕۆژئاوا: ڕوو بە ڕێگای بەردەم مزگەوتەکە، پانییەکەی بریتییە لە (٨٧ سم) و لە پێنج چین خشت پێکهاتووە.

---

[٢٧١] سەردانی مەیدانی: پێنج شەممە، ٢٠٢٢/٢/٣ز، کات: ٢:٠٠ پێش عەسر.

[٢٧٢] سەردانی مەیدانی: پێنج شەممە، ٢٠٢٢/٢/٣ز، کات: ٢:٠٠ پێش عەسر.

- لای باشووری ڕۆژئاوا: ڕوو بە پردی پەڕینەوەی سەر ئاوی زەڵم لە نزیک مزگەوتەکە، پانییەکەی بریتییە لە (٨٧ سم) و لە پێنج چین خشت پێکهاتووە.
- لای باشوور: ڕوو بە پردی پەڕینەوەی سەر ئاوی زەڵم، پانییەکەی بریتییە لە (٨٣ سم) و لە چوار چین خشت پێکهاتووە.
- لای باشووری ڕۆژهەڵات: ڕوو بە گەڕەکی قەڵا، پانییەکەی بریتییە لە (٨٥ سم) و لە پێنج چین خشت پێکهاتووە. هەروەها چێوەی کۆی گشتی بنکەی منارەکە بریتییە لە (٦,٧٠ م)[٢٧٣].

ئەم بەشە کۆتایی هاتووە بە چەند نەخشێکی ئەندازەیی و شێوە موقەرنەسات، بە چوار چین خشت دروستکراوە، بەشی ژێری شێوە موقەرنەساتەکان ڕازێندراوەتەوە بە نەخش و نیگاری ئەندازەیی، کە بریتییە لە دووبارەبوونەوەی چەند شێوە بازنەیەک لەناو چوارچێوەیەکی شێوە لاکێشەیی دروستکراو لە خشت، لە هەر لایەک لە هەشت لاکەی منارەکەدا ئەم ڕازاندنەوەیە دووبارە بووەتەوە بە درێژایی ئەو لایەی کە لەسەری دروستکراوە، بازنەکان ڕەنگییان شینە و لەناو پشتێنەیەکی سپیدان و سێ دانەی هاوشێوەن لە هەر لایەکدا، لەسەر ئەم نەخشانەوە سێ چین خشت دانراون بە ئاسۆیی، پاشان بە چوار چین خشتی ئاسۆیی بە شێوەی لەبزینەیی موقەرنەسات دروستکراوە، مەبەست لە دروستکردنی موقەرنەسات لە بیناسازیی منارەکاندا بۆ جوانکاری و بەهێزی بواری بیناسازیی بووە، کە هەندێکجار بالکۆنەکانیان لەسەر دروستکراوە، لاشەی منارەکە لەم نەخشەوە لە هەشت لاییەوە بووەتە بازنەیی یان لولەیی تاوەکوو کۆتایی منارەکە، و بەرزی ئەم چوار چین لەپزینەییە بریتییە لە (٩٠ سم)[٢٧٤]، (بڕوانە وێنەی ژمارە ٣٦).

بەشی دووەمی لاشەی منارەکە لە بالکۆنەکەیەوە دەست پێ دەکات تاوەکوو کۆتایی منارەکە، و شێوەی لولەییە و بەراورد بە بەشی خوارەوەی بچوکتر و باریکترە، ئەمەش بۆ ئەوەی قورسایی کەمتر بێت و بەشی خوارەوەی توانای هەڵگرتنی بەهێز بێت و ساڵانێکی زۆر بەرگری لە مانەوەی بکات، ئەم بەشە لولەییە پێش نۆژەنکردنەوەی لە ساڵی (٢٠١٤ ز) لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری سلێمانییەوە بە تەواوی لەناو چووبوو (بڕوانە وێنەی ژمارە ٣٧)، بەڵام بە پشت بەستن بە سەرچاوە و وێنە کۆنەکانی منارەکە توانرا شێوە و شکڵی کۆنی خۆی بۆ بگەڕێنرێتەوە (بڕوانە وێنەی ٣٠/ب)، بەرزی ئەم بەشە لولەییە بریتییە لە (٥,١٦ م)[٢٧٥]. بە گشتی لاشەی منارەکە لە (٥٤) چین خشت پێکهاتووە، و بەرزییەکەی بریتییە لە (١٢,١٦ م)[٢٧٦].

---

[٢٧٣] سەردانی مەیدانی: چوار شەممە، ٢٠٢١/١١/٣ز، کات: ٣:٣٠ پاش عەسر.
[٢٧٤] سەردانی مەیدانی: چوار شەممە، ٢٠٢١/١١/٣ز، کات: ٣:٣٠ پاش عەسر.
[٢٧٥] سەردانی مەیدانی: چوار شەممە، ٢٠٢١/١١/٣ز، کات: ٣:٣٠ پاش عەسر.
[٢٧٦] سەردانی مەیدانی: چوار شەممە، ٢٠٢١/١١/٣ز، کات: ٣:٣٠ پاش عەسر.

### ٦/ پەنجەرە (النوافذ):

لە هەر لایەک لە هەشت لای لاشەی منارەکەدا پەنجەرەیەکی بچوک دروستکراوە بە مەبەستی هاتنە ژوورەوەی ڕووناکی بۆ ناوەوەی منارەکە و ئاڵوگۆڕی هەوا و کەمکردنەوەی پەستانی هەوای سەر لاشەکە، هەرچەندە پاش نۆژەنکردنەوەی منارەکە لە ساڵی (٢٠١٤ ز) یەکێک لەو هەشت پەنجەرەیە لە ڕووی دەرەوەیدا گیراوە، واتە لە ناوەوە هەشت دانە و لە ڕووی دەرەوە حەوتن، هەروەها لە یەک ئاستدا دروست نەکراون، ئەمەش بۆ ئەوەی کە ڕووناکی بگاتە تەواوی ناوەوەی منارەکە و سەرکەوتن بەسەریدا ئاسان بێت، (بڕوانە وێنەکانی ژمارە ٣٨/ أ،ب). ئەم هەشت پەنجەرەیە جگە لە یەکێکیان نەبێت کە کەمێک گەورەترە و دەکەوێتە بەشی خوارەوە و پێوانەکەی بریتییە لە بەرزی (٣٥ سم) و پانی (٢٨ سم) و قوڵی (٣٥ سم)، ئەوانی تر سەرجەمیان یەک پێوانەیان هەیە کە بریتییە لە بەرزی (٢٨ سم) و پانی (١٩ سم) و قوڵی (٣٩ سم)[٢٧٧].

### ٧/ بالکۆن (شرفة):

ئەم منارەیە تەنها یەک بالکۆنی هەیە، شێوەی لولەییە، و وەکوو کۆی گشتی منارەکە لە خشت دروستکراوە، لە (١٣) چین پێکهاتووە و سادەیە لە نەخش و نیگاردا، چێوە و قەبارەکەی لە بەشی یەکەمی لاشەی منارەکە گەورەترە، ئەمەش بە هۆکاری جوانکاری و دروستکردنی مەودایەکی فراوان بۆ ناو بالکۆنەکە. بالکۆنەکان بەدەر لە لایەنی جوانکاری، لە بیناسازیی مزگەوتەکاندا دروستدەکران بۆ بانگبێژەکان، بۆ ئەوەی بچنە سەریان و بانگیان لەسەر بدەن، لەبەر ئەوەی شوێنێکی بەرزە و دەنگیان مەودایەکی زیاتر بڵاو دەبێتەوە.

بالکۆنی منارەی خورماڵ بۆ سەرکەوتنە سەری دەرگایەکی بچوکی شێوە لاکێشەیی هەیە، کە بە هەمان شێوەی دەرگای یەکەم و سەرەکی منارەکە ڕووی کردووەتە بەشی ڕۆژهەڵات و بەرزییەکەی بریتییە لە (١،٠٨ م) و پانییەکەشی (٦٨ سم)ە[٢٧٨]، (بڕوانە وێنەی ژمارە ٣٤/ ب).

بە گشتی منارەکە لە بنکەکەیەوە تاوەکوو کۆتاییەکەی جگە لەو نەخشە بازنەیی و شێوە لەپزینەییانە، سادەیە لە نەخش و نیگار، بە گشتی منارەکان کە دروست دەکران لە شارستانییەتی ئیسلامیدا بە نەخش و نیگاری جۆراو جۆر دەڕازێندرانەوە و نووسینیان لەسەر بوو، ئەمەش کاری توێژەرانی ئاسان دەکرد بۆ لێکۆڵینەوە لەسەریان و دیاریکردنی مێژووی دروستکردنیان. ئەو خشتانەی منارەکەیان لێ دروستکراوە لاکێشەیین و پێوانەیان بریتییە لە بەرزی (١٠ سم) و درێژی (٢٤) و پانی (١٣ سم)، و بەزی ئەو بەشەی لە ئێستادا بووەتە سەکۆی منارەکە بریتییە لە (٥،٠٦ م)[٢٧٩].

---

[٢٧٧] سەردانی مەیدانی: چوار شەممە، ٢٠٢١/١١/٣ز، کات: ٣:٣٠ پاش عەسر.

[٢٧٨] سەردانی مەیدانی: پێنج شەممە، ٢٠٢٢/٢/٣ز، کات: ٢:٠٠ پێش عەسر.

[٢٧٩] سەردانی مەیدانی: پێنج شەممە، ٢٠٢٢/٢/٣ز، کات: ٢:٠٠ پێش عەسر.

**٨/ گومەز:**

منارەکە کۆتایی هاتووە بە گومەزێکی شێوە نیوە گۆیی سادە لە نەخش و نیگار، بەرزییەکەی بریتییە لە (٥٠سم) و دروستکراوە لە خشت و گەچ، وەکوو ئاماژەمان پێکرد منارەکە لە بالکۆنەکە بەرەو سەرەوە سەرجەمی ڕووخابوو و لەناوچووبوو، و پاش ئەوەی لە ساڵی (٢٠١٤ز) منارەکە نۆژەنکرایەوە سەرلەنوێ لەسەر شێوەی شوێنەواری خۆی بنیاتنراوەتەوە[٢٨٠]، (بڕوانە وێنەی ژمارە ٣٠/ ب).

**ج/ نۆژەنکردنەوەکانی منارەکە.**

ڕەگەزە بیناسازییەکان بە گشتی چەند ساڵ جارێک پێویستیان بە چاککردنەوە و نۆژەنکردنەوە هەیە، منارەی مزگەوتی خورماڵیش لەو چوارچێوەیەدا بە درێژایی تەمەنی چەند جارێک نۆژەنکراوەتەوە، ئەوانەی کە نۆژەنیانکردووەتەوە ناسراو و دیارن لەوانە:

١- لە سەردەمی خەلافەتی عوسمانییەکاندا سوڵتان سەلیمی یەکەمی عوسمانی (٩١٨-٩٢٦ ک/١٥١٢-١٥٢٠ ز) مزگەوت و منارەکەی نۆژەنکردووەتەوە[٢٨١].

٢- لە سەردەمی بابانەکاندا بە فەرمانی (سلێمان پاشای بابان) لە ساڵی (١٠٥٩ک/١٦٤٩ز) موسا بەگی قائیمقامی ئەوکاتی گوڵعەنبەر مزگەوت و منارەکەی نۆژەنکردووەتەوە[٢٨٢].

٣- لە ساڵی (١٣٦٩ک/١٩٥٠ز) لەسەر دەستی مەلیک (فەیسەڵی دووەم)ی عێراق جارێکی تر نۆژەنکراوەتەوە، ئەمە پاش ئەوەی سەردانی کردووە و بینیویەتی شاکارێکی ناوچەکەیە و پێویستی بە ئاوڕدانەوە و نۆژەنکردنەوە هەیە[٢٨٣].

٤- لە ساڵی (١٣٩٦ک/١٩٧٦ز) بە فەرمانی سەرۆک کۆماری ئەوکاتی عێراق (ئەحمەد حەسەن بەکر) جارێکی تر مزگەوت و منارەکەی نۆژەنکراونەتەوە، و بە بەردی حەلان و جودی جوانکاری بۆ مزگەوتەکە ئەنجام دراوە و بانەکەشی بە قیر و چیمەنتۆ بەهێزکراوە.

٥- لە ساڵی (١٤١٢ک/١٩٩٢ز) بە سەرپەرشتی (إغاثەی ئیسلامی کوردستان) لقی سلێمانی جارێکی تر نۆژەنکراوەتەوە[٢٨٤].

٦- کۆتا جاریش لە ساڵی (٢٠١٤ز) لەسەر بڕیاری (کامیلی حاجی عەلی) وەزیری ئەوکاتی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەستکراوە بە نۆژەنکردنەوەی منارەکە و دروستکردنەوەی سەرلەنوێی مزگەوتەکە لەسەر شێوازی شوێنەواری کۆنی خۆی و لە ژێر چاودێری بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری سلێمانی[٢٨٥]، ئەمەش پاش ئەوەی کە لە ساڵی (١٩٨٨ز) لە کۆتایی جەنگی هەشت ساڵەی نێوان عێراق و ئێران بە هۆی کاریگەری ماددەی (T.N.T) بەشی سەرەوەی منارەکە

---

[٢٨٠] سەردانی مەیدانی: پێنج شەممە، ٢٠٢٢/٢/٣ز، کات: ٢:٠٠ پێش عەسر.

[٢٨١] صالح: مێژووی مزگەوت و خوێندنگەی گەورەی خورماڵ، سەرچاوەی پێشوو، ل: ٥٥.

[٢٨٢] زەڵمی، ئیبراهیم حاجی: سەرچاوەی پێشوو، ل: ٢٧٣.

[٢٨٣] صالح: مێژووی مزگەوت و خوێندنگەی گەورەی خورماڵ، سەرچاوەی پێشوو، ل: ٨٩.

[٢٨٤] غەفور، سەلام: *خورماڵ لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای هەرێمی (سروشتی-دانیشتوان-ئابووری)*، چ١، ٢٠١٦ز، ل:٢٦٧.

[٢٨٥] غەفور: سەرچاوەی پێشوو، ل:٢٦٧.

ڕوخابوو، و درزێکی گەورەش کەوتبووە ناوەڕاستی لاشەکەی کە تاوەکوو ئێستاش پاش نۆژەنکردنەوەشی ئەبەر پێوەی دیارە بە تایبەتی لە بەشی ناوەوەیدا، هەروەها بە هۆکاری بەفر و باران بەشی ژێرەوەی منارەکە تووشی داڕمانێکی زۆر هاتبوو (بڕوانە وێنەی ژمارە٣٩/ أ)، هەربۆیە خەڵکی دڵسۆزی شارەکە و خەمخۆری ئەم شوێنەوارە گرنگ و دێرینەی ناوچەکە لایەنی پەیوەندیدار ئاگادار دەکەنەوە لە ئەگەری ڕووخانی منارەکە و لەناوچوونی ئەو سەرمایە نیشتیمانییە، و لە ساڵی (٢٠١٤ ز) لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری سلێمانییەوە دەست کرا بە نۆژەنکردنەوەی لەسەر هەمان شێوەی کۆنی خۆی بە خشت و قسڵ (بڕوانە وێنەی ژمارە ٣٩/ ب).

هەرچەندە لە هەمان ساڵدا مزگەوتەکەش ڕووخێنرا بە مەبەستی دروستکردنەوەی لەسەر شێوە ئەسڵییە شوێنەواییەکەی خۆی، بەڵام تەنها ڕووخاندن بوو و تاوەکوو نیوەی ئەمساڵیش (٢٠٢٢ ز) هیچ هەنگاوێکی حوکوومی نەنرا بۆ دروستکردنەوەی بە بیانووی قەیرانی دارایی (بڕوانە وێنەی ژمارە ٤٠)، بەڵام دواجار لەسەر ئەرکی سەرمایەدارێکی ناوچەکە لە ئێستادا ئەرکی دروستکردنەوەی لە ئەستۆ گیراوە و بەپێی پلانێک لەسەر شێوازی شوێنەواری خۆی سەر لەنوێ دروستدەکرێتەوە.

کەسانی بە تەمەنی شارەکە باس لەوە دەکەن ئەم منارەیە تاوەکوو کۆتایی ساڵانی حەفتاکانیش لەسەر شێوازە ئەسڵییەکەی خۆی ماوەتەوە، کە بەرزی (١٢ م) بووە[٢٨٦].

بە گشتی ئەم منارەیە بەراورد بە بارودۆخی ناوچەکە کە زۆربەی کاتەکان شەڕ و ئاژاوەی تێدا بووە بەرگەی باشی گرتووە، و دەستی بۆ درێژ نەکراوە و ماوەتەوە، هەرچەندە تاوەکوو ئێستا پێنج جار بە هۆکاری شەڕ و نائارامییەوە زیانی بەرکەوتووە، بەڵام هەرجۆرێک بێت پارێزراوە و بووەتە هێما و شاکارێکی کەم وێنەی شارەکە[٢٨٧].

---

[٢٨٦] زەڵمی، موحەممەد حاجی حسین، لە دایکبووی (١٩٦٤ز)، پێشمەرگە، چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆ، پێنج شەممە، ٢٠٢٢/٨/٢٥، کات: ٢:٠٠ پاش نیوەڕۆ.

[٢٨٧] سەردانی مەیدانی: پێنج شەممە، ٢٠٢٢/٢/٣ز، کات: ٢:٠٠ پێش عەسر.

## باسی چوارەم: منارەی مزگەوتی قەڵای هەولێر
### تەوەرەی یەکەم/ مزگەوتی گەورەی قەڵای هەولێر.
### أ/ شوێن و مێژووی دروستکردنی مزگەوتەکە.

مزگەوتی گەورەی قەڵات دەکەوێتە پارێزگای هەولێر لە ناوەندی قەڵا دێرینەکەیدا* لەتەنیشت (گەرماوی قەڵا) لە بەشی ڕۆژهەڵاتییەوە، لەنێوان گەڕەکەکانی (تەکییە) و (سەرای)[٢٨٨].

یەکێکە لە مزگەوتە دێرینەکانی کوردستان، بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان ڕاستەوخۆ دوای فەتحکردنی شاری هەولێر مزگەوتی بۆ دروستکراوە، دەربارەی مێژووی دروستکردنی مزگەوتەکە بە تەواوی تاوەکوو ئێستا نەزانراوە لە چ ساڵێک و لەلایەن کێوە بنیاتنراوە؟ بەڵام گومانی تێدا نییە پاش فەتحکردنی شارەکە بە سەرکردایەتی هاوەڵی بەڕێز (عوتبەی کوڕی فەرقەدی سولەمی)* لە سەردەمی

---

*قەڵای هەولێر: بە یەکێک لە کۆنترین قەڵاکانی کوردستان و ناوچەکە و تەنانەت جیهانیش دادەنرێت، بریتییە لە تەپۆڵکەیەکی بازنەیی ڕوو تەختی (١١٠٠٠) یازدە هەزار مەتر چوارگۆشەیی، لە ئێستادا کەوتووەتە ناوەندی شاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان، مێژووی ژیان تێیدا بۆ نزیکەی شەش هەزار ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە، بەپێی سەرچاوە مێژووییەکانیش دەیان نەتەوە و شارستانییەت لەسەری ژیاون، لەوانەش ئاشورییەکان کە مەڵبەندی ئایینیان بووە و بتەکەیان (خواوەندەکەیان) بە ناوی (عەشتار) لەم قەڵایەدا بووە، لە ساڵی (١٣٣٣ک/١٩١٥ز) دانیشتوانی قەڵاکە گەیشتوونەتە (١٠) هەزار کەس، پێش گواستنەوەی دانیشتوانەکەی لە ساڵی (٢٠٠٥ز) بە هۆکاری نۆژەنکردنەوەی پێکهاتە بیناسازییەکانی، ژمارەی خانووەکانی گەیشتبووە (٥٠٦) خانوو و دابەش بوو بوون بەسەر سێ گەڕەکی سەرەکیدا: (سەرای، تۆپخانە، تەکیە)، لە ساڵی (٢٠١٤ز)یشەوە لەلایەن ڕێکخراوی (یونسکۆ - UNESCO)ـەوە وەک شوێنەوارێکی گرنگی جیهانی تۆمارکراوە و بە یەکێک لە گرنگترین شوێنەوارەکانی هەرێمی کوردستان دادەنرێت، سەرجەم ئەو مێژوونووس و گەریدانەی سەردانی شارەکەیان کردووە لە ڕابردوودا بە تایبەت باسی قەڵا و دانیشتوان و پێکهاتە بیناسازییەکانیان کردووە، لەوانە: (یاقوت الحموي) دەڵێت: (قەڵایەکی توند و تۆڵە، وەک شارێکی گەورەیە، و لەناو ئەم قەڵایەیەدا بازاڕ و خانوو و مزگەوتێکی تێدایە، لە قەڵای حەلەب دەچێت، بەڵام لەو گەورەتر و فراوانترە). لە ئێستادا کاری نۆژەنکردنەوەی پێکهاتە بیناساییەکانی بەردەوامە و ساڵانەش گەشتیارێکی زۆر سەردانی دەکەن و چاویان بە پاشماوە بیناسازییە شوێنەواری و کەلەپوورییە سەرنجڕاکێشەکانی دەکەوێت. بڕوانە: یاقوت الحموي: المصدرالسابق، ص: ١٣٨. برادۆستی، زیدان ڕەشید خان ئاودل: *هونەری بیناسازیی قشڵەکانی پارێزگای هەولێر لە سەردەمی عوسمانیدا (هەولێر، مەخمور، گوێر، کۆیە، برادۆست)*، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠١٨ز، ل٢٠. پیربال، فەرهاد: *کرۆنۆلۆجیای کوردستان (٦٢٥ پ.ز - ١٩٣٢ ز)*، چ١، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١١ز، ل:١٠٣ - ١٠٤.

Caro, J.A. Martin, I.paniagua, *Erbil Citadel restoration: some thoughts on earth-built construction exposed to seismic action, Sustainable Development*, vol. 1, 2015, p: 583-584.

[٢٨٨] یارالی، برهان جبار سالح: *قلعه أربیل بین الماضي والحاضر*، أربیل، ٢٠٠٤ م، ص:١٢.

*عوتبەی کوڕی فەرقەدی سولەیمی (أبو عبدالله): یەکێک بووە لە هاوەڵە بەڕێز و دیارەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، بەر لە شەڕی خەیبەر موسڵمان بووە، لەگەڵ پێغەمبەری خوادا (ﷺ) بەشداری دوو غەزای کردووە، بەشدارییەکی گەورەی کردووە لە جیهادی دژ بە هەڵگەڕاوەکان لە سەردەمی ئەبوبەکردا، فەتحی شامی بینیووە لە سەردەمی عومەری کوڕی خەتتابدا و وەکوو والی جەزیرە دیاریکراوە، هەروەها سەرکردە بووە لە فەتحکردنی هەندێک بەشی وڵاتی عێراقدا لەوانەش هەرێمی شارەزوور، دواتر بووەتە والی (حەمل و قەنسرین) و بە درێژایی سەردەمی خەلافەتی عومەر وەکوو والی ئەو شوێنانە ماوەتەوە، لە ساڵی (٣١ ک / ٦٥١ ز) لە سەردەمی خەلافەتی عوسماندا وەفاتی کردووە. بڕوانە: إبن الأثیر: *أسد الغابة في معرفة الصحابة*، تحقیق: الشیخ علی محمد معوض، الشیخ عادل أحمد عبدالموجود، ج٣، دار الکتب

عومەری کوڕی خەتتابدا فەتح کراوە لە ساڵی (٢٠ک/٦٤١ز)[٢٨٩] یاخود (٢٢ک/٦٤٣ز)[٢٩٠] دروستکراوە، چەند جارێک لە سەردەمی ئومەوی و عەباسییەکاندا نۆژەنکراوەتەوە، لە سەردەمی ئەتابەگییەکانیشدا کاتێک کە سوڵتان موزەفەرەدین حاکمی شار بووە گرنگییەکی زۆری پێ داوە و نۆژەنکراوەتەوە، لە سەردەمی عوسمانییەکانیشدا پاش ئەوەی والی شاری بەغداد (نجیب پاشا)* سەردانی شارە قەڵاکەی کردووە بڕیاریداوە لەسەر ئەرکی دەوڵەت نۆژەنبکرێتەوە و فراوانیش بکرێت، لەبەرئەوەی مزگەوتی گەورەی شار بووە و نوێژخوێنێکی زۆر ڕۆژانە نوێژیان تێدا ئەنجامداوە[٢٩١].

لە سەرچاوە جیاوازەکاندا چەند بۆچوونێکی تر ئاماژەیان پێکراوە لەوانە: گوایە لەلایەن ئەمیر (سەرفتگین کوڕی مەنسوور)* دروستکراوە لە ساڵی (٥٣٣ک/١١٣٨ز) بۆ زانا و ئایینپەروەری ناوداری شارەکە مەلا خدر ناسراو بە (أبو العباس)[٢٩٢].

---

العلمية، بيروت، لبنان، ٢٠١٢م، ص: ٥٦١ - ٥٦٢. حەمەکەریم، حەسەن مەحمود: *کوردستان لەبەردەم فتوحاتی ئیسلامیدا*، چ٤، چاپخانەی کۆمپانیای چاپ و پەخشی نوسەر، ٢٠٠٦ ز، ل:١٨٠.

[٢٨٩] البلاذري: المصدر السابق، ص: ٣٤١.

[٢٩٠] إسماعيل: المرجع السابق، ص: ١٢٢. الزركاني، خليل حسن: *قلعة أربيل من القلاع الشامخة في التأريخ*، مجلة مركز دراسات الكوفة، ٢٠١٥ م، ص: ٢٠٠.

* موحەممەد نەجیب پاشا (١٢٣٥-١٣١٨ک/١٨٢٠-١٩٠٠ز): لە ساڵی (١٢٣٥ک/١٨٢٠ز) لە خێزانێکی دیار و حوکمڕان لە دایک بووە، لە شاری (ئاستانە) لە وڵاتی تورکیا زانستە سەربازییەکانی خوێندووە و لە سوپای عوسمانی وەک فەرماندە خزمەتی کردووە لە بەشی (تۆپخانە) لە کەرتی باشووری سوڵتانی (بغداد - بەسرە)، بەشداری زۆرێک لە شەڕە سەربازییەکانی جیهانی عەرەبی کردووە، لە نێوان ساڵانی (١٢٥٨-١٢٦٥ک/١٨٤٢-١٨٤٩ز) والی شاری بەغداد بووە، لە ساڵی (١٣١٨ک/١٩٠٠ز) لە شاری (تەڕابلوس) کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە: تراث كربلاء، مجلة فصلية محكمة تعنى بالتراث الكربلائي، السنة الثانية، م٢، عدد٣، مطبعه دار الكفيل، كربلاء، العراق، ٢٠١٥م، ص: ١١٧.

[٢٩١] الزركاني: المرجع السابق، ص: ٢٠٣.

*سەرفتگین کوڕی مەنسووری کوڕی عەبدوڵڵای زینی (..... ٥٥٩ ک/ .... ١١٦٣ ز): هەرچەندە زانیارییەکی زۆر لەسەر ژیانی بەردەست نییە، بەڵام پێدەچێت یەکەم کەس سەرداری هەولێر بوبێت دوای گرتنی شارەکە (زين الدين علي كوچك) بۆ بەڕێوەبردنی دایناببێت، ئەرمەنی بووە و موسڵمان بووە، خزمەتێکی زۆری شاری هەولێری کردووە، لەوانە یەکەم قوتابخانەی دامەزراندووە لە قەڵای هەولێر بەناوی (مدرسة القلعة)، هەروەها چەند مزگەوتێکی لە شارەکە و دەوروبەری دروستکردوە، لەگەڵ چەند پڕۆژەیەکی خێرخوازی لە دەرەوەی ئەمارەتەکەی، تاوەکوو ساڵی (٥٥٩ ک / ١١٦٣ ز) حوکمی شارەکەی کردووە پاش ئەوەی لەو ساڵەدا وەفاتی کردووە، و پاش ئەو حوکمی شاری هەولێر بە (مجاهد الدين قايماز) سپێردراوە. بڕوانە: حوسێن، موحسین موحەممەد: *هەولێر لە سەردەمی ئەتابەگیاندا (لێکۆڵینەوەی بارودۆخی سیاسی و ئابوری و لەشکری و ئیداری و کلتووری هەولێر ئەو سەردەمە (٥٢٢-٦٣٠ ک/١١٢٨-١٢٣٣ ز)*، و: عثمان علي قادر، چ١، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٠ ز، ل:٦٣-٦٤. الصقار، سامي بن خماس: *إمارة اربل في العصر العباسي ومؤرخها إبن المستوفي*، دار الشواف، الرياض، السعودية، ١٩٩٢ م، ص: ٤٨.

[٢٩٢] حەیدەر، کارزان: *مزگەوتی گەورە و گەرماوی قەڵا*، ئینسکلۆپیدیای هەولێر ((ئەربیل))، ب٢، چ١، چاپخانەی گرین گالۆری، لوبنان، ٢٠٠٩ز، ل٧٩٧. بەکر، ئاشتی ڕەحمان: *هەولێر لەسەردەمی عوسمانییەکاندا (سەدەکانی ١٨-١٩)*، چ١، چاپخانەی ناوەندی سارا، سلێمانی، ٢٠١٩ ز، ل: ٤٧-٤٨.

هەندێکی تر پێیان وایە مێژووی دروستکردنی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی عوسمانییەکان[٢٩٣]، بۆچوونێکی تر لەسەر ئەوەیە لە ساڵی (١١٣٢ک/١٧٢٠ز) دروستکراوە پاڵپشت بەو تۆمارەی لەسەر مینبەری مزگەوتەکە نووسراوە[٢٩٤].

زۆرێک لە سەرچاوەکان ئاماژەیان بەوە کردووە ئەم مزگەوتە کۆنترین مزگەوتی شارەکەیە دروستکرابێت[٢٩٥]، ئەمەش ئەو چەند بۆچوونە ڕەت دەکاتەوە کە پێیان وایە لە سەدەی (٧ک/١٢ز) یاخود سەدەی (١٣ک/١٨ز) یاخود لە سەردەمی عوسمانییەکاندا دروستکرابێت، گومانی تێدا نییە مێژووی دروستکردنی مزگەوتەکە زۆر لەوە کۆنترە ئاماژەی پێکراوە، ئەمەش لەبەر کۆنی مێژووی شارەکە و گرنگی دانی تەواوی موسڵمانەکان بە کردنەوەی مزگەوت دوای فەتحکردنی هەرێم و ناوچە و شارەکان، ناگونجێت ئیسلام لە سەردەمی عومەری کوڕی خەتتابدا (١٣ -٢٣ ک/٦٣٤-٦٤٤ ز) گەیشتبێتە هەرێمی شارەزوور و شاری هەولێر فەتح کرابێت[٢٩٦]، بەڵام دوای چەند سەدەیەک شارەکە بێ مزگەوت بووبێت، ئەمە نەک لە شاری هەولێردا، بەڵکو لە هیچ شوێنێکی تری جیهانی ئیسلامیدا ڕووی نەداوە، (بڕوانە وێنەی ژمارە ٤١).

دەگونجێت ئەم ئاماژانە بۆ نۆژەنکردنەوە و فراوانکردنی مزگەوتە بووبن نەوەک دروستکردنی، چونکە لەگەڵ ئەو ساڵەی کە لەسەر لای ڕاستی مینبەری مزگەوتەکەدا تۆمارکراوە ناوی (أبا بکر عمر)یش هاتووە کە یەکێک بووە لەو کەسانەی مزگەوتەکەی نۆژەنکردووەتەوە و مینبەرێکی بۆ دروستکردووە لە ساڵی (١١٣٢ک/١٧١٩ز)[٢٩٧].

مزگەوتی گەورەی قەڵات جگە لە ئەرکە سەرەکییەکەی کە شوێنی پەرستشی موسڵمانان بووە و پێنج فەرزەی نوێژ و نوێژی هەینی و جەژنەکانی تێدا ئەنجام دراوە، لە هەمان کاتدا لە هەندێک قۆناغە مێژووییەکاندا ڕۆڵی قوتابخانەی بینیووە و منداڵانی شار تێیدا فێری خوێندن و خوێندەواری و نووسین بوون، هەروەها بنکەیەکی کۆمەڵایەتی گرنگ بووە بۆ چارەسەرکردنی کێشە و ئاریشەکانی دانیشتوانی شار[٢٩٨].

---

[٢٩٣] هەورامی، هێمن سەلاحەدین: *منارەی مزگەوتی گەورەی قەڵای هەولێر (١٣٢ ک/١٧١٩ ز)*، گۆڤاری سۆبارتۆ، ژ٨، ساڵی هەشتەم، هەولێر،٢٠١٤ ز، ل:٣٩.

[٢٩٤] جاف: سەرچاوەی پێشوو، ل:١٠١ - ١٠٢.

[٢٩٥] حسن، قادر محمد: *مێژووی هەولێر و ڕۆڵی شارستانیانەی (توێژینەوەکانی کۆنگرەی دووەمی زانستی ٢٤-٢٦ شوباتی ٢٠١٣ هەولێر- هەرێمی کوردستان)*، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠١٤ز، ص: ٢٢٤. الصقار: المرجع السابق، ص:٨١.

[٢٩٦] میرزا: المرجع السابق، ص: ٧٣٣.

[٢٩٧] محمد،زیاد أحمد: منبر *الجامع الکبیر في قلعة أربیل*، گۆڤاری سۆبارتۆ، ژ٣، ساڵی سێیەم، هەولێر،٢٠٠٩م، ص: ١٩٤-١٩٥.

[٢٩٨] حەیدەر: سەرچاوەی پێشوو، ل:٧٩٧.

**ب/ ناوی مزگەوتەکە.**

جیاواز لە مزگەوتە شوێنەوارییەکانی تری هەرێمی کوردستان، مزگەوتی گەورەی قەڵات بە زۆر ناو ئاماژەی پێکراوە لە سەرچاوە مێژووییەکاندا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دێرینی مێژووی شاری هەولێر و بەردەوام ئاوەدان بوونی، شارێکی دێرین و پڕ شوێنەواری وەکوو هەولێر هۆکار بووە کە زۆرێک لە مێژوونووس و گەریدەکان سەردانی شارەکە بکەن و نوکی پێنووسەکانیان بخەنە سەر پەڕەو باسی شارەکە بکەن، لە باسەکانیشیاندا بێگومان باسی مزگەوتی قەڵایان کردووە، بەڵام هەریەکەیان بە ناوێک باسیان کردووە. یاقوت الحموي (م:٦٢٦ک/١٢٢٩ز) لە (معجم البلدان)دا پاش ئەوەی باسی شارە قەڵای هەولێری کردووە کە سەردانی کردووە باسی ئەوەشی کردووە مزگەوتێکی هەیە و بە (جامع الصلاة) ناوی هێناوە[٢٩٩]، هەروەها ناوی بە (مسجد القلعة) و (الجامع الكبير)یش هاتووە[٣٠٠].

لە یەکێک لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیشدا کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ (٢٣ی جمادي الآخرة ی ساڵی ١٠٨١ک/١٦٧٠ز) ناوی بە (جامعی شەریف) هاتووە، بەم شێوەیە:("لە قەڵای هەولێر میرزا محەمەد وتاربێژی (جامعی شەریف) ڕۆژانە (١ ئاقچە)* ئەرکی هەبووە، دوای مردنی شوێنەکەی بەتاڵ بووە و ئەرکەکەی خاڵییە، لە شوێن ئەو مەلا (محەمەد خەلیل) بۆ ئەو کارە گونجاوە و شایەنی ئەوەیە ئەو ئەرکەی پێ بدرێت، بە تکاوە بە سەرووم ڕاگەیاندووە، فەرمانیش بۆ سەرەوە. (دزداری قەڵای هەولێر)")[٣٠١].

جگە لەوە ناوی بە (الجامع الزيني)، (المسجد الجامع) و (مسجد عمر الدزيجاني) هاتووە[٣٠٢]، هەروەها مێژوونووسی دیاری کورد (إبن خلكان) لە (وفيات الأعيان)دا ئاماژەی بەوە کردووە کە تەرمی (زەینەدین عەلی) بەخاک سپێردراوە لە دەوروبەری مزگەوتی (العتيق) لەناو شاردا[٣٠٣]، سامی بن خماس الصقار پێی وایە مزگەوتی (الزيني) هەمان مزگەوتی قەڵایە کە پێشتر ئاماژەمان پێ دا[٣٠٤].

---

[٢٩٩] یاقوت الحموي: المصدرالسابق، ص: ١٣٨.

[٣٠٠] العزاوي، عباس: *اربل في مختلف العصور (اللواء والمدينة)*، ط١، بغداد، ٢٠٠١ م، ص: ١٠٨. هي، دبليو. آر: سنتان في كردستان (١٩١٨-١٩٢٠)، ت: فؤاد جميل، ج١، ط١، ١٩٧٣ م، ص: ٢١٣.

* ئاقچە: بچوکترین یەکەی دراوی زیوی عوسمانییەکان بووە، لە سەرچاوە مێژوویییە میصرییەکاندا بە (أخشا) ناوبراوە، لە ئەسڵدا وشەیەکی تورکییە بە واتای (سپی ڕەنگ - الضارب إلى البياض)، و یەکەم ئاقچە لێدراوە بە ناوی (اورخان) لە ساڵی (٧٣٩ ک/ ١٣٢٨ ز)، لەسەر شێوەی ئەو دراوانە بووە کە سەلجوقییەکان لەسەر شێوازی بێزەنتییەکان لێیان داوە، لە ئاسیای ناوەڕاست ناوی دراوەکە (ئاقچە) بووە، وەرگیراوە لە وشەی (Asporn) واتە سپی باو لە بێزەنتیدا لە ماوەی سەدەی (٤ ک/ ١٠ ز)، کێشی دراوەکە لە سەرەتای لێدانیدا بریتی بووە لە (١.١٥٤ گرام)، پارێزگاری لەم کێشەی کرا تاوەکوو فەتحی شاری قوستەنتینییە، کە ئیتر وردە وردە زیاتر لە نیوەی بەهاکەی لە دەستدا لە ماوەی حکومڕانی سوڵتان موردای سێیەم. بڕوانە: الصاوي، أحمد سيد: *نقود مصر العثمانية*، ط١، مركز الحضارة العربية، ٢٠٠١م، ص: ٧٩-٨٠.

[٣٠١] باجگر، نەوزاد یەحیا: *هەولێر لە بەڵگەنامەکانی عوسمانی دا (١٧٠٨-١٣٣٩کۆچی/١٦٦٧-١٩٢٠زایینی)*، و: ئاشتی ڕەحمان، چ١، ب٢، هەولێر، ٢٠١٨ ز، ل:١٧.

[٣٠٢] الصقار: المرجع السابق، ص: ٨٢.

[٣٠٣] إبن خلكان: المصدرالسابق، ص: ١١٤.

[٣٠٤] الصقار: المرجع السابق، ص: ٨٢.

هەروەها بە ناوی (مزگەوتی مەلا ئەفەندی ١٢٧٩-١٣٦١ک/١٨٦٣-١٩٤٢ز)*یشەوە ناوبراوە، کە زانایەکی دیار و گەورە و دڵسۆزی شارەکە بووە و خزمەتێکی زۆری لەم مزگەوتەدا کردووە، و توانیویەتی بینای مزگەوتەکە نۆژەنبکاتەوە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا[٣٠٥].

## ج/ ڕووبەرو پێکهاتە بیناسازییەکانی مزگەوتەکە.

سەرەتا مزگەوتەکە لە خشت و گەچ و قسڵ و دار دروستکراوە لەسەر ڕووبەری (٢٠٠م$^2$) (بڕوانە وێنەی ژمارە ٤٢)، بەڵام لە ئەنجامی نۆژەنکردنەوە یەک لە دوا یەکەکانی دواتردا وردە وردە فراوان کراوە، و لە ئێستا ڕووبەری کۆی گشتی مزگەوتەکە دەگاتە (١٢٥٠م$^2$)، لە ساڵی (١٣٧٨ک/١٩٥٩ز) مزگەوتەکە بە تەواوی تێکدراوە و دووبارە دروستکراوەتەوە، بەڵام پارێزگاری لە منارەکەی کراوە و نەڕوخێنراوە، لە بیناسازیی کۆنیدا خاوەنی ژمارەیەک گومەز بووە بە قەبارەی جیاواز، بەڵام پاش ئەوەی دەڕوخێنرێت و سەرلەنوێ دروستدەکرێتەوە تەنها یەک گومەزی گەورەی لەناوەڕاستی سەربانی هۆڵی نوێژکردنەکەی بۆ دروستدەکرێت و ئەوانی تر دەبنە ڕابردووی مزگەوتەکە[٣٠٦]، حەرەمێکی گەورە بۆ نوێژی بەکۆمەڵ و نۆ ژووری گەورە و دوو کتێبخانەی هەیە، یەکیان ئیمامی مزگەوتەکەی تێدا دادەنیشێت و ئەویتریان بووەتە شوێنی هەڵگرتنی کۆمەڵێک دەستنووس (المخطوطات)[٣٠٧]، ژمارەیان (٢٧٠٠) کتێب بووە، نزیکەی (٧٠٠) کتێبیان لە (باداوە) دزراون و ئەوانەشی ماونەتەوە لە کتێبخانەی قەڵات پارێزراون.

---

*مەلا ئەفەندی: ئەبوبەکری کوڕی عومەر ئەفەندی کوڕی ئەبوبەکر (مەلای گچکە) کوڕی عوسمان ئەفەندی کوڕی ئەبوبەکر کوڕی عومەر ئەفەندی کوڕی شێخ شەمسەدین کوڕی شێخ بەهائەدین کوڕی مەلا خدر کوڕی الیاسە ئەفەندییە، لە ساڵی (١٢٨٤ ک/ ١٨٦٥ ز) لە قەڵای هەولێر لە دایک بووە، و لە بنەماڵەیەکی ئایینی پەروەردە کراوە، لە مزگەوتی قەڵات هەر لە باپیرە گەورەیانەوە تاوەکوو نەوەکانی ئێستاشیان دەرس و دەوریان هەبووە و خزمەتیان کردووە، مەلا ئەفەندیش هەر لە مزگەوتەکەدا خوێندوویەتی و لە تەمەنی (٧) ساڵییەوە جگە لە وانە ئایینییەکان هەندەسە و مێژوو و ژمارەشی خوێندووە، لە زانیاریدا پایەیەکی بەرز و کەسایەتیەکی سەنگینی هەبووە و گەلێک کەس لەژێر دەستیدا گەیشتونەتە پلەی (١٢) عیلمی و ناوبانگیان دەرکردووە، لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە بەردەوام خزمەتی خەڵکی کردووە و یارمەتی چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکانیانی داوە، هەروەها پەیوەندییەکی پتەوی هەبووە لەگەڵ ناودارانی کوردستان و عێراق و کەسایەتییە ئایینییەکان بە تایبەتی لەگەڵ شێخ مەحمودی حەفید و ڕەشید عالی گەیلانی و نوری سەعید، پاش تەمەنێکی پڕ لە خزمەت لە ڕۆژی پێنجشەممە (٢٣ ذي الحجة/١٣٦١ک -٣١ کانونی یەکەم/ ١٩٤٢ ز) لە تەمەنی (٧٧) ساڵیدا وەفاتی کردووە. بڕوانە: زكي بك، المرجع السابق، ص: ٨٣. دەرگەڵەیی، یوسف ئەحمەد: *مێژووی شاری هەولێر لە کۆنەوە تا ساڵانی شەست*، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٢ ز، ل: ١٠٤...١٠٦– ١٢٢.

*NOMINATION OF ERBIL CITADEL*: IBID, p: 53.

امیدواری، سمیه و الهه گلذاری و مریم امیدواری: *گذری بر میراث معماری عراق*، چ١، چاپخانه آبنوس، ایران، ٢٠١٥م، ص:٢٠٢.

[٣٠٥] *NOMINATION OF ERBIL CITADEL*: IBID, p: 53.

[٣٠٦] جاف: سەرچاوەی پێشوو، ل: ١٠١ – ١٠٢.

[٣٠٧] أبي الفداء، عمادالدين اسماعيل بن محمد بن عمر: *تقويم البلدان*، دار الطباعة السلطنة، باريس، ١٨٤٠ م، ص: ٤١٣.

گەریدە و مێژوونووسی فەرەنسی (ژان ئۆتەر) دەڵێت: "شارەکە دەکەوێتە نێوان دوو زێ (ڕووبارە)ەوە و دووڕۆژە ڕێ لە موصڵەوە دوورە، لەسەر تەپۆڵکەیەکی بەرز بنیاتنراوە و ئاوەکەشی لە دوو چاڵاو گەورەوە دابین دەکرێت، یەکێکیان بۆ مزگەوتی گەورەی قەڵات و ئەویتریان بۆ کۆشکی فەرمانڕەوای شار[308]، بەڵام پاشتر بە هۆکاری زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان و گەشەکردنی شار و ئاوەدانی دەوروبەری قەڵات بیرێکی تایبەت لەناو سنوری مزگەوتەکەدا لێدراوە، بەڵام لە ئێستادا پڕکراوەتەوە و بەکارناهێنرێت[309]، پاش بڕیاری چۆڵکردنی قەڵا لە دانیشتوان بە هۆکاری نۆژەنکردنەوەی پێکهاتە بیناسازییەکانی لە ئێستادا مزگەوتەکە تەنها گەشتیاران و کارمەند و وەستا و کرێکاری نۆژەنکەرەوەی قەڵاکە نوێژی تێدا دەکەن[310]. چەندان جار نۆژەنکراوەتەوە، لەگرنگترین ئەو نۆژەنکردنەوانەش کە ئاماژەیان پێدراوە، لە ساڵی (١٢١٧ک/ ١٨٠٢ز) لەسەردەمی مەلا ئەبوبەکری سێیەم نۆژەنکراوەتەوە، جارێکی تر لە سەردەمی (نەجیب پاشا)ی والی عوسمانی لە شاری بەغداد لەساڵی (١٢٦١ ک/ ١٨٤٥ م) نۆژەنکراوەتەوە و فراوان کراوە و منارەیەکیشی بۆ دروستکراوە، لە ساڵی (١٣٧٧ک/١٩٥٨ز)یش لیژنەیەک بە سەرۆکایەتی مامۆستا (ڕەشاد موفتی) دەستی کردووە بە کۆمەک کۆکردنەوە لە خەڵکی شار و پاشان مزگەوتە ڕووخێنراوە و لەسەر ئەم شێوەیەی ئێستای بنیاتنراوەتەوە بە خشت و گەچ، دواتر لە ساڵەکانی (١٤١٢ک/١٩٩٢ز) و جارێکی تر لە ساڵی (١٤١٨ک/١٩٩٧ز) لەلایەن وەزارەتی ئەوقافی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە نۆژەنکراوەتەوە[311].

---

[308] *سەفەرنامەی ژان ئۆتەر (١٧٣٤ - ١٧٤٣)*، وەرگێڕانی لە فارسییەوە: محەمەدی حەمە باقی، چ١، چاپخانەی موکریانی، هەولێر، ٢٠١٣ز، ل:٩٧.

[309] دەرگەڵەیی: سەرچاوەی پێشوو، ل:١٠٤.

[310] حەیدەر: سەرچاوەی پێشوو، ل:٧٩٧.

[311] يارالي: المرجع السابق، ص:١٢.

**تەوەرەی دووەم/ منارەی مزگەوتی گەورەی قەڵای هەولێر:**

**أ/ ناو و شوێن و مێژووی منارەکە.**

**١/ ناوی منارەکە:**

سەبارەت بەناوی منارەکەش بە هۆکاری ئەوەی چەند سەدەیەک لە دوای مزگەوتەکەوە دروستکراوە و تاوەکوو ئێستاشی لەگەڵدا بێت ماوەتەوە، بۆیە هەر بە ناوی مزگەوتەکەوە ناسراوە و پێی دەوترێت (منارەی مزگەوتی قەڵات) یاخود (منارەی مزگەوتی گەورەی قەڵا).

**٢/ شوێنی منارەکە:**

هەروەکوو ئاماژەمان پێکرد مزگەوتی گەورەی قەڵات دەکەوێتە ناوەندی قەڵای هەولێرەوە، منارەکەشی دەکەوێتە بەشی باکووری ڕۆژئاوای مزگەوتەکەوە، تەنیشت بە گەرماوی قەڵاکە، (بڕوانە وێنەی ژمارە ٤٣).

**٣/ مێژووی منارەکە:**

هاوشێوەی مزگەوتی گەورەی قەڵا و زۆرێک لە منارەکانی تری هەرێمی کوردستان، منارەی مزگەوتی گەورەی قەڵات بە دیاریکراوی نازانرێت لە چ ساڵێکدا دروستکراوە بۆ مزگەوتەکە، گومانی تێدا نییە مزگەوتەکە سەرەتا تاوەکوو چەند سەدەیەکیش بێ منارە بووە، بۆچوونێک هەیە پێی وایە: بۆ یەکەمجار منارە دروستکراوە بۆ مزگەوتەکە لەسەردەمی فەرمانڕەوایەتی عوسمانییەکاندا، بە فەرمانی والی شاری بەغداد (موحەممەد نەجیب پاشا ١٢٥٨-١٢٦٤ک/١٨٤٢-١٨٤٨ز)، پاش ئەوەی مزگەوتەکە نۆژەندەکرێتەوە لەو ساڵەدا. بۆچوونی تر هەن باس لەوە دەکەن مێژووی منارەکە بەستراوەتەوە بە مێژووی دروستکردنی مینبەری مزگەوتەکەوە، چونکە مینبەرەکەشی هاوشێوەی منارەکەی مێژوویەکی دێرینی هەیەو وەکوو دوو پاشماوەی شوێنەواری مزگەوتەکە سەیر دەکرێن و تاوەکوو ئێستاش ماونەتەوە، ئەمەش بەپشت بەستن بەو نووسراوە مێژووییەی کە لەسەر بەشی ڕاستی مینبەرەکە تۆمارکراوە کە بریتییە لە ساڵی (١١٣٢ک/١٧١٩م)، واتە لەسەردەمی فەرمانڕەوایی عوسمانییەکاندا دروستکراوە[٣١٢].

گەریدە و نووسەری ئینگلیزی (جەیمس سلک بەکینگهام) لە کتێبەکەیدا بە ناوی (رحلتي إلى العراق) لە ساڵی (١٢٣١ک/١٨١٦ز) سەردانی وڵاتی عێراقی کردووە، و تیایدا هاتۆتە شاری هەولێر و دەڵێت: ("ولقد رأينا هنا مسجدين كبيرين لهما مآذن") واتە: لە شارەکەدا دوو مزگەوتی گەورەم بینی کە منارەیان هەبوو، دیارە مەبەستی منارەی چۆڵی و منارەی مزگەوتی گەورەی قەڵات بووە، چونکە منارەی مزگەوتی قەڵات لە دوای منارەی چۆڵی کۆنترین منارەی شارەکەیە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی مێژووی ئەم منارەیە زیاترە لە (٢٠٠) ساڵ و زۆر لەوە کۆنترە کە باسکراوە و منارەیەکی شوێنەوارییە[٣١٣]، (بڕوانە وێنەی ژمارە ٤٤).

---

[٣١٢] محمد: سەرچاوەی پێشوو، ل:١٩٤.

[٣١٣] بكنغهام: المصدر السابق، ص: ١٢٦.

**ب/ ڕەگەزە بیناسازییەکانی منارەکە.**

**١/ وەسفی منارەکە:**

منارەی مزگەوتی گەورەی قەڵای هەولێر یەکێکە لە منارە دێرینەکانی هەرێمی کوردستان، دەکەوێتە گەڕەکی (تەکیە) لە بەشی باکووری ڕۆژهەڵاتی قەڵات، ڕاستەوخۆ لە ئاست سەربانی مزگەوتەکە بە خشت و قسڵ دروستکراوە بە شێوەیەکی لولەیی بەبێ بنکە، بالکۆنێکی بازنەیی و گومەزێکی شێوە قوچەکی هەیە، بەرزییەکەی بریتییە لە (١١م)، و تەواوی ڕووی دەرەوەی منارەکە لە سەرەتاوە تاوەکوو گومەزەکەی ڕازێندراوەتەوە بە نەخش و نیگاری ئەندازەیی، و تا ڕادەیەک پارێزگاری لە نەخش و نیگارەکانی کردووە، لە بەرواری (٢٠٢٢/٤/١٤) لە نێوان پارێزگاری هەولێر و بەڕێوەبەری کۆمپانیای (کار)دا یاداشتنامەیەک واژۆ کراوە بۆ مەبەستی نۆژەنکردنەوەی منارەکە، نۆژەنکردنەوەکەش لەلایەن کۆمپانیای (گێما ئارت)ی چیکییەوە ئەنجام دەدرێت، کە کاری تایبەتە بە نۆژەنکردنەوەی شوێنەوارەکان، و پێشتر چەندان خانووی لە قەڵای هەولێردا نۆژەنکردووەتەوە[٣١٤].

**٢/ لاشەی منارەکە:**

وەکوو ئاماژەمان پێ دا منارەکە، بێ بنکەیە، و ڕاستەوخۆ لە ئاست سەربانی مزگەوتەکەوە دەست پێ دەکات و بەرزییەکەی بریتییە لە (٥,٣٠)، شێوەیەکی لولەیی هەیە و دروستکراوە لە خشت و قسڵ، لە ئێستادا بە بەرزی نزیکەی (٣٣ سم) بەشی خوارەوەی منارەکە (سەرەتای لاشەی منارەکە) بە ماددەی (چیمەنتۆ) داپۆشراوە، بە مەبەستی پارێزگاری لە ڕووخان و تێکچوونی منارەکە و مانەوەی بۆ ساڵانێکی زیاتر، هەرچەندە مەبەست لەم کارە دڵسۆزی بووە، بەڵام دیمەنی ئەو بەشەی منارەکەی تێکداوە و نەخش و نیگارەکانی بە تەواوەتی داپۆشیوە و بە هۆیەوە ناتوانرێت شیکاری نەخش و نیگارەکانی بۆ بکرێت، چێوەی منارەکە لە سەرەتاکەیدا بریتییە لە (٧ م)[٣١٥].

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەم منارەیە ئەوەیە کە سەرجەم ڕووی دەرەوەی ڕازێندراوەتەوە بە نەخش و نیگاری جۆراوجۆر، لەوانە: چەندان جۆر نەخشی ئەندازەیی و لەبزینەیی و شێوە پاقلاوەیی و شێوە خاچی شکاو و ... تاد، نەخشەکان بە جۆرێکن کە تایبەتمەندی ناوچەکەیان پێوە دیارە، بە واتایەکی تر جۆر و شێوەی نەخشەکان زۆر دووبارە بوونەتەوە لەسەر ڕووی بیناسازییە ئایینییەکان لە ناوچەکەدا، بە تایبەتی ڕووی دەرەوەی منارەکان، لەوانە منارەی مزگەوتی گەورەی دهۆک و منارەی خانەقای سلێمانی .. تاد.

---

[٣١٤] دوو گەوهەری قەڵای هەولێر (ئەربیل) نۆژەندەکرێنەوە، وەرگیراوە لە: https://www.tebakurdi.com

[٣١٥] سەردانی مەیدانی: ٢٠١٤/٢/١٨ز – سێ شەممە، کات: ٠٢:٠٠ پاش نیوەڕۆ.

نەخش و نیگارەکانی بەشێوەیەکی هونەری زۆر جوان نەخش کراون، (بڕوانە وێنەی ژمارە ٤٥). نەخش و نیگارەکانی لاشەی منارەکە بە بەشێوەیەکی گشتی دابەش دەبن بەسەر چوار پشتێنە و پێنج شریت (ئیفریز)دا[٣١٦].

– پشتێنەی یەکەم: وەکوو ئاماژەمان پێ دا لەسەر بانی مزگەوتەکەوە تاوەکوو بەرزی نزیکەی (٣٣ سم) لاشەی منارەکە ڕووپۆشکراوە بە چیمەنتۆ و بە ڕەنگی سپی داپۆشراوە و نەخش و نیگارەکانی ونکردووە، لە سەروو ئەم بەشەوە پشتێنەی یەکەم دەست پێ دەکات.

نەخش و نیگارەکانی پشتێنەی یەکەم لەسەروو ئەم بەشەوە دەست پێ دەکەن، بە شێوەیەکی گشتی نەخشەکان بریتین لە نەخش و نیگاری ئەندازەیی شێوە لەبزینەیی وەستاو لەسەر گۆشەی تیژ، و ئەم پشتێنەیە تاوەکوو شریتی یەکەم پێکهاتووە لە چەند شێوە لەپزینەییەک، بە گشتی دوو جۆر شێوە لەپزینەیین، جۆرێکیان ناویان بێ ڕەنگە و جۆرێکیان ڕەنگ سەوزن، و بە ستونی هەر ڕیزێک لە چوار دانە شێوە لەزینەیی پێکهاتووە، بە ئاسۆییش چین نا چینێک دووبارە دەبنەوە بە دەوری لاشەی منارەکەدا، و هەر یەک لەم شێوە لەبزینانە بە چوارگۆشەی بچوک بچوک بە شێوەی قوچەکی لکێنراون بە یەکەوە.

ئەو ڕەنگانەی کە نەخشەکانی ئەم بەشەیان ڕووپۆشکردووە بریتین لە: (سەوز، زەرد، شین، شینی کاڵ، قاوەیی) و  دیمەنێکی زۆر جوانیان بەخشیوە بە ڕووی دەرەوەی منارەکە، و ئەم پشتێنەیە تاوەکوو شریتی یەکەم بە باری ستونی پێکهاتووە لە (٣٢) چین خشت[٣١٧].

ئەگەر سەرنج بدەینە بیناسازیی ئایینی سەردەمی عوسمانییەکان بە تایبەتی ئەم ڕەنگانە زۆر دەبینین لەسەر ڕوی دەرەوەی منارە و گومەز و میحرابی مزگەوتەکان.

لە دوای پشتێنەی یەکەم شریتی یەکەم دەست پێ دەکات، کە دەکەوێتە نێوان پشتێنەی یەکەم و پشتێنەی دووەم، ئەم شریتە بە بەرزی چوار دانە خشت پێکهاتووە، چینی یەکەم و چوارەم ڕەنگ کراون بە ڕەنگی سەوز و خاڵین لە نەخش و نیگار، و دوو خشتەکەی نێوانیان بە دوو ڕەنگ (زەرد و سەوز) نەخش و نیگاری شێوە لاکێشەیی کەمێک نوک تیژ بەرەو ئاڕاستەی ڕاست لە ئاستی یەک بە شێوەی ستونی دووبارە بووەوە ڕازێندراونەتەوە، ئەم جۆرە نەخشانە هاوشێوەی نەخشی سەر خشتەکانی قوتابخانەی (المستنصریە)ن لە شاری بەغداد[٣١٨].

– پشتێنەی دووەم: لە سەرووی شریتی یەکەمەوە دەست پێ دەکات، نەخش و نیگارەکانی ئەم بەشەش بە هەمان شێوەی پشتێنەی یەکەم پێکهاتوون لە شێوە لەبزینەیی گەورە و بچوک، جۆرێکیان هاوشێوەی بەشی یەکەمن و ئەوانی تر گەورەترن، و لە بچوکەوە بۆ گەورە لەناو یەکدا دروستکراون بە ڕەنگی جیاواز، سەرجەم شێوە لەپزینەییەکان بە چوارگۆشە و لاکێشەی بچوک بچوک دروستکراون و دیمەنێکی جوانیان بەخشیوەتە ئەم بەشەی لاشەی منارەکە. لە دوای پشتێنەی دووەم بەسەر یەکەوە چوار شریت نەخش کراون بەم شێوەیە:

---

[٣١٦] سەردانی مەیدانی: ٢٠١٤/٢/١٨ز – سێ شەممە، کات: ٠٢:٠٠ پاش نیوەڕۆ.

[٣١٧] سەردانی مەیدانی: ٢٠١٤/٢/١٨ز – سێ شەممە، کات: ٠٢:٠٠ پاش نیوەڕۆ.

[٣١٨] اسماعیل، *منارەی موزەفەریە:* سەرچاوەی پێشوو، ل:١٨.

- شریتی یەکەم: هاوشێوەی پشتێنەی یەکەمە لە پێوانە و نەخش و نیگاردا.
- شریتی دووەم: پێکهاتووە لە چوار چین خشتی ئاسۆیی، و بە نەخش و نیگاری شێوە لاکێشەیی بچوک بچوکی ڕەنگ سەوز و زەردی کەمێک ترازاو لە ئاستی یەک ڕازێندراوەتەوە.
- شریتی سێیەم: لە شەش چین خشتی ئاسۆیی پێکهاتووە، و ڕازێندراوەتەوە بە خاچی شکاو (صليب معقوف)ی دووبارە بووەوە بە شوێن یەکدا بە درێژایی چێوەی لاشەی منارەکە بە ڕەنگی ڕەش، لە نێوان هەر خاچێک و خاچێکی تردا هێڵێک نەخش کراوە بۆ مەبەستی جیاکردنەوەی خاچەکان لە یەکتری، ئەم جۆرە نەخش و نیگارە (خاچی شکاو) لە زۆر کۆنەوە بەکارهاتووە بە مەبەستی جوانکاری و پڕکردنەوەی بۆشاییەکان، بۆ نمونە لەسەر بیناسازیی سەردەمی ئاشورییەکان* دەبینرێت و ئێستاشی لەگەڵ بێت زۆر دەبینرێت لەسەر بیناسازیی دینی و مەدەنی[٣١٩].
- شریتی چوارەم: بە هەمان شێوەی شریتی سێیەم پێکهاتووە لە شەش چین خشتی ئاسۆیی، نەخش و نیگاری ئەم شریتە بریتییە لە شێوەی هێمای (+)، لە خوار و سەرەوەیدا چوار گۆشەی بچوک بچوک نەخش کراون بە ڕەنگی ڕەش، و هەر نەخشێکیان بە هێڵێکی ڕەنگ سەوز جیاکراوەتەوە لە نەخشێکی تریان، و هەریەکێکیان دەکەونە ناو چوارچێوەیەکی لاکێشەیی و کۆتایی هاتووە بە شێوە قوچەکییەک یان شێوە سێگۆشەییەک. شایەنی باسە ڕیزی سەرەتای شریتەکان و چینی کۆتاییان ڕەنگ سەوزن، ئەمەش بە مەبەستی جیاکردنەوەی نەخشی شریتەکان لە یەکتری، (بڕوانە وێنەی ژمارە ٤٥).

ئەم بەشەی لاشەی منارەکە کۆتایی دێت بە شێوە موقەرنەسات و بە نەخش و نیگاری ئەندازەیی ڕەنگ سەوز و شین و ڕەش و قاوەیی و زەرد ڕازێندراوەتەوە، بە گشتی نەخشەکان سادەن و مەبەست لە دروستکردنیان جوانکاری و پڕکردنەوەی بۆشاییەکان بووە، بەرزی ئەم بەشەی لاشەکە (لەسەر بانی مزگەوتەکەوە تاوەکوو بالکۆنەکەی) بریتییە لە (٦,٧٠ م)[٣٢٠].

---

*ئاشورییەکان، یەکێکن لە نەتەوە کۆنەکانی میزۆپۆتامیا (عێراقی کۆن)، خاوەنی زمان و ئایینی تایبەت بە خۆیان بوون، ناوەکەیان واتە (ئاشور) لە ناوی خواوەندەکەیانەوە وەرگیراوە و یەکەم پایەتەختیشیان هەر بەو ناوەوە ناونراوە، لە سەرەتای دەرکەوتنیانەوە (لە هەزارەی سێیەمی پێش زایین) لە بەرانبەری بنەماڵە بەهێزەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق و سۆبارییەکان و خۆرییەکان لە کوردستان و هیتییەکان لە ئەنادۆڵ نەیانتوانی فەرمانڕەوایی خۆیان بچەسپێنن، بەڵام لە هەزارەی دووەمەوە بوژانەوە و وەک گەلێکی بەهێز و بە ئەزموون لە ڕووی سیاسی و سەربازی و داهێنانەوە دەرکەوتن و لە ڕووی شارستانییەتەوە بەرەو پێش چوون، سەردەمی فەرمانڕەوایەتییان دەکرێت بە سێ بەشەوە: سەردەمی ئاشوری کۆن (٢٠٠٠ – ١٥٢١ پ.ز)، سەردەمی ئاشوری ناوەڕاست (١٥٢١ – ٩١١ پ.ز)، سەردەمی ئاشوری نوێ (٩١١-٦٠٩ پ.ز)، دواجار پادشای کلدانی (تجلات بلاسر) لە ساڵی (٦١٢ پ.ز) هێرشی کردە سەر پایەتەختەکەیان (نەینەوا) و کۆتایی هێنا بە دەسەڵاتیان. بڕوانە: مهران، محمد بيومي: *تاريخ العراق القديم، الأسكندرية*، مصر ، ١٩٩٠ م، ص: ٣٢٣-٣٥٨.

[٣١٩] سەردانی مەیدانی: ٢٠١٤/٢/١٨ز – سێ شەممە، کات: ٠٢:٠٠ پاش نیوەڕۆ.

[٣٢٠] سەردانی مەیدانی: ٢٠١٤/٢/١٨ز – سێ شەممە، کات: ٠٢:٠٠ پاش نیوەڕۆ.

بەشی دووەمی لاشەی منارەکە لە ئاست بالکۆنی منارەکەوە دەست پێ دەکات تاوەکوو گومەزەکەی و بەرزییەکەی بریتییە لە (٣م)، و لە دوو پشتێنە پێکهاتووە، سەرەتا ئەم بەشە لەناو بالکۆنەکەدا بە چەند چینێک خشتی سادە لە نەخش و نیگار بە ڕەنگی سەوز بە بەرزی (٤٠ سم) دەست پێ دەکات، پاشان نەخشێکی زیکزاکی نەخش کراوە، لەسەر ئەویشەوە بە چینێک نەخشی شێوە بازنەیی بچوک بچوکی دووبارە بووەوە بە شوێن یەکەوە نەخش کراوە، لەسەر ئەم نەخشەشەوە ڕاستەوخۆ پشتێنەی سێیەم دەست پێ دەکات.

- پشتێنەی سێیەم: ئەم پشتێنەیەش هاوشێوەی پشتێنەکانی تری لاشەی منارەکە بە نەخش و نیگاری شێوە لەبزینەیی بە ڕەنگی سەوز و ڕەش و ڕەساسی و زەرد و .. تاد ڕازێندراوەتەوە، و نەخشەکان بە بە هێڵێکی لاری ستونی ڕەنگ ڕەش لەیەکتری جیا کراونەتەوە.

لەسەر و ئەم پشتێنەشەوە شریتێک نەخش کراوە بە بەرزی چوار چین خشت، خشتی یەکەم ڕەنگ کراوە بە ڕەنگی ڕەساسی و پشتێنەکەی جیاکردووەتەوە لە شریتەکە، لە خشتی دووەم و سێیەم نەخشی شێوە لاکێشەیی و بازنەیی دروستکراون بە ڕەنگی سەوز و دووبارە بوونەتەوە بە درێژایی چێوەی لاشەی منارەکە.

- پشتێنەی چوارەم: نەخشەکانی ئەم پشتێنەیە بە بەراورد بە نەخشەکانی تری لاشەی منارەکە زیاتر لەناوچوون و کاڵ بوونەتەوە بە هۆکاری کاریگەرییەکانی کەشوهەوا، نەخشەکانی بە هەمان شێوەی بەشەکانی تر بریتین لە شێوە لەبزینەیی گەورە و بچوک، بە جۆرێک بچوکەکان خراونەتە ناو گەورەکانە، هەروەها چوار پەنجەرەی چوارگۆشەیی لەم بەشەدا دروستکراون بۆ مەبەستی ڕووناکی و هەواگۆڕکێ، یاخود دەکرێت بوترێت بۆ شوێنی بانگدانی بانگبێژەکان دروستکراون پێش بەکارهێنانی بڵندگۆ لە مزگەوتەکاندا، چونکە لە یەک ئاستدا لە هەرچوارلاوە وەکوو یەک دروستکراون، ئەمەش ئاسانکاری دەکات کە دەنگ بە هەرچوارلای منارەکەدا بڵاو بێتەوە، لە ئێستادا هەریەک لەم پەنجەرانە بڵندگۆیەکی تێدا دانراوە بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی دەنگی بانگ و وتاری هەینی مامۆستای مزگەوتەکە[٣٢١].

لە سەروو ئەم پشتێنەوە تاوەکوو گومەزی منارەکە بە هەمان شێوە ڕازێندراوەتەوە بە نەخش و نیگاری ئەندازەیی (چوارگۆشەی بچوک بچوک و شێوە لاکێشەیی)، بەڵام هەندێکیان تووشی داخوران و لەناوچوون بوون بە هۆکاری پشتگوێخستنی نۆژەنکردنەوەی و کاریگەرییەکانی ئاو و هەوا، (بڕوانە وێنەی ژمارە ٤٦).

### ٣/ دەروازە - دەرگا:

منارەکە دوو دەرگای هەیە، دانەیەکی سەرەکی لە سەربانی مزگەوتە بۆ سەرکەوتن، و دانەیەک لە ئاستی بالکۆنی منارەکە بۆ چوونە ناو بالکۆنەکەوە، و هەردووکیان لە ئێستادا لە ئاسن دروستکراون.

دەرگای سەرەکی منارەکە وەکوو ئاماژەمان پێ دا دەکەوێتە سەر بانی مزگەوتەکە بە ئاڕاستەی ڕۆژهەڵات، شێوەی لاکێشەییە و بەرزییەکەی بریتییە لە (١،١٠ م) و پانییەکەی (٤٨ سم)ە، لەسەر

[٣٢١] سەردانی مەیدانی: ٢٠١٤/٢/١٨ز - سێ شەممە، کات: ٠٢:٠٠ پاش نیوەڕۆ.

دەرگاکەدا دارێک بەکارهاتووە بۆ ئەوەی دیواری لاشەی منارەکەی لەسەر بینا بکرێت، دارێکی زۆر بەهێزە هەر بۆیە تاوەکوو ئێستا ماوەتەوە و بەرگەی کاریگەرییەکانی ئاو و هەوای گرتووە[322].

پاش سەرکەوتن بەسەر (٢٩) پلیکانەدا دەگەینە دەرگای دووەم کە دەرگای بالکۆنەکەیە و لێیەوە سەرکەوینە سەری، بە هەمان شێوە لاکێشەییە و پێوانەکەی بریتییە لە بەرزی (١,٢٠ م) و پانی (٦٠ سم)، واتە لە بەرزیدا لە دەرگای سەرەکی بەرزترە، و بە هەمان شێوەی دەرگای سەرەکی دارێکی پان و ڕێکی لەسەر دانراوە بۆ ئەوەی پاشماوەی دیوارەکەی لەسەر بینا بکرێت[323]، (بڕوانە وێنەکانی ژمارە ٤٧/ أ،ب).

**٤/ پلیکانە:**

لە دەرگای سەرەکی منارەکەوە لە ڕێگەی پلیکانەیەکی لولپێچەوە بە ئاڕاستەی پێچەوانەی میلی کاتژمێر سەردەکەویت بۆ بەشی سەرەوەی منارەکە، ژمارەی کۆی گشتی پلیکانەکان بریتین لە (٣٨) دانە و هەریەکەیان لە سێ چین خشت پێکهاتووە، و گەچ و قسڵ هاوشێوەی دیواری لاشەی منارەکە کراوەتە نێوان خشتەکانەوە بە مەبەستی جێگیربوون و بەهێزکردنیان، شێوەیان قوچەکییە و بەرزییان بریتییە لە (٢٥سم) و پانییان لە چەقی منارەکەوە بۆ دیوارەکەی بریتییە لە (٥٥سم)[324]، (بڕوانە وێنەی ژمارە ٤٨).

**٥/ پەنجەرە (النوافذ):**

بە شێوەیەکی گشتی دوو جۆر پەنجەرە لە منارەکەدا دروستکراون، جۆرێکی بچوکی لاکێشەیی لە بەشی یەکەمی لاشەی منارەکە و جۆرێکی چوارگۆشەیی لە کۆتایی بەشی دووەمی لاشەکە. بچوکە لاکێشەییەکان ژمارەیان دوو دانەیە، پاش سەرکەوتنە سەر هەشت پلیکانە دەگەینە یەکەم دانەیان، بەرزییەکەی بریتییە لە (٢٨ سم) و پانی (١٥سم) و قوڵی (٤٠ سم)ە، پاش سەرکەوتنە سەر هەشت پلیکانەی تر واتە لە ئاست پلیکانەی شازدەیەمدا پەنجەرەی دووەم دروستکراوە بە هەمان شێوە و پێوانەی پەنجەرەی یەکەم.

جۆری دووەمی پەنجەرەکان وەکوو ئاماژەمان پێ دان چوارگۆشەیین و دەکەونە کۆتایی بەشی دووەمی لاشەی منارەکە و ژمارەیان چوار دانەیە، لە بالکۆنی منارەکەوە حەوت پلیکانە سەردەکەوین و دەگەینە پەنجەرەکان، هەر چواریان لە پێوانەدا یەکسانن، بەرزییان بریتییە لە (٥٠ سم) و پانییان (٤٠ سم) و قوڵییان (٣٠ سم)ە، هەرچواریان لە یەک ئاستدا دروستکراون بە ئاڕاستەی هەرچوارلاکە (ڕۆژهەڵات، ڕۆژئاوا، باکوور و باشوور)، لە ئێستادا لە هەریەک لەم پەنجەرانەدا بڵندگۆیەک دانراوە بۆ بڵاوکردنەوە و گەیاندنی دەنگی بانگبێژ و وتاری مامۆستای مزگەوت لە ڕۆژی هەینیدا بە دەوروبەر[325]، (بڕوانە وێنەی ژمارە ٤٩/ أ،ب).

---

[322] سەردانی مەیدانی: ٢٠١٤/٢/١٨ز - سێ شەممە، کات: ٠٢:٠٠ پاش نیوەڕۆ.

[323] سەردانی مەیدانی: ٢٠١٤/٢/١٨ز - سێ شەممە، کات: ٠٢:٠٠ پاش نیوەڕۆ.

[324] سەردانی مەیدانی: ٢٠١٤/٢/١٨ز - سێ شەممە، کات: ٠٢:٠٠ پاش نیوەڕۆ.

[325] سەردانی مەیدانی: ٢٠٢٢/٥/١٩ز - پێنج شەممە، کات: ١٠:٣٠ پێش نیوەڕۆ.

بەگشتی مەبەست لە دروستکردنی ئەم پەنجەرانە چ بچوکەکان و چ گەورەکان لە لاشەی منارەکاندا بریتی بووە لە چوونە ژوورەوەی ڕووناکی و کرداری هەواگۆڕکێ و کەمکردنەوەی پەستانی هەوا.

### ٦/ بالکۆن (شرفة) :

بەشی یەکەمی لاشەی منارەکە کۆتایی پێ دێت بە موقەرنەسات، لەسەر ئەم موقەرنەساتەشەوە بەلکۆنی منارەکە دروستکراوە بە شێوەیەکی بازنەیی، پانییەکەی بریتییە لە (٨٠ سم)، بە موحاجەرەی ئاسن لێوارەکەی گیراوە بە بەرزی (٨٨ سم)، و ڕازێندراوەتەوە بە نەخش و نیگاری ڕووەکی و ڕەنگی سەوز کراوە، ئەم جۆرە تەرزە لە زۆرێک لە بالکۆنی منارەکاندا دروستکراوە لە هەرێمی کوردستان، لەوانە (منارەی مزگەوتی تولیتان لە قەزای ئاکرێ و منارەی مزگەوتی شێخە ڕەشکە لە هەولێر و ... تاد)، بەرزی بالکۆنەکە لە بانی مزگەوتەکەوە بریتییە لە (٦,٧٠ م)[٣٢٦]، (بڕوانە وێنەی ژمارە ٤٥).

هاوشێوەی سەرەتای لاشەی منارەکە لە ئاست سەربانی مزگەوتەکەدا لە نۆژەنکردنەوەی ساڵی (١٩٥٨ز)دا بە مەبەستی بەهێزکردن و پڕکردنەوەی کەلێن و درزەکانی ماددەی چیمەنتۆ بەکارهێنراوە و لە بالکۆنەکەیدا بە ئاشکرا دەبینرێت ئەو ماددەیە، بەکارهێنانی ماددەی چیمەنتۆ لە نۆژەنکردنەوەی بیناسازیی شوێنەواری و کەلەپووریدا نادروستە و نابێت بە هیچ شێوەیەک بە تایبەتی لە ڕووخساری دەرەوەدا بەکاربهێنرێت، چونکە لە کۆندا ئەم ماددەیە نەبووە و نابێت لە نۆژەنکردنەوە و بەهێزکردندا بەکاربهێنرێت بۆ بینایەک کە مێژووەکەی بگەڕێتەوە بۆ سەردەمێک ئەو ماددانەی تێدا نەبووبێت، بەڵکو گەچ یان قسڵ بەکارهاتووە لە بیناسازیدا و بەکارهێنانی زانستی نییە و شێوە شوێنەوارییە یان کەلەپوورییەکەی دەشێوێنێت[٣٢٧].

### ٧/ گومەز (کڵاوە):

منارەی مزگەوتی گەورەی قەڵا کۆتایی هاتووە بە گومەزێکی بەش بەشی قوچەکی ڕەنگ سپی، و خاڵییە لە نەخش و نیگار، لە شکڵ و شێوەدا جیاوازە لە گومەزەکانی تری ئەو منارانەی باسمان کردوون، تا ڕادەیەکیش لە مێزەری هەندێک لە سوڵتانەکانی عوسمانی دەچێت، ئەمەش بە ئەگەرێکی کراوە دادەنرێت، چونکە مێژووی دروستکردنی منارەکە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی عوسمانییەکان، لە کۆتایی گومەزەکەشەوە ئاسنێک دانراوە و دوو شێوە تۆپی بازنەیی پێوەلکێنراوە، و کۆتایی هاتووە بە نیوە مانگێک، و نیوە مانگەکە ڕووی کردووەتە ڕووگە[٣٢٨]، (بڕوانە وێنەی ژمارە ٤٦).

---

[٣٢٦] سەردانی مەیدانی: ٢٠٢٢/٥/١٩ز – پێنج شەممە، کات: ١٠:٣٠ پێش نیوەڕۆ.

[٣٢٧] سەردانی مەیدانی: ٢٠١٤/٢/١٨ز – سێ شەممە، کات: ٠٢:٠٠ پاش نیوەڕۆ.

[٣٢٨] سەردانی مەیدانی: ٢٠١٤/٢/١٨ز – سێ شەممە، کات: ٠٢:٠٠ پاش نیوەڕۆ.

# بەشی سێیەم
# منارە کەلەپوورییەکان لە هەرێمی کوردستان
# (مێژوو و تایبەتمەندی بیناسازییان)

## باسی یەکەم: منارەکانی شاری سلێمانی و ئیدارەی گەرمیان
## (منارەی خانەقای کفری، منارەکانی مزگەوتی گەورە،
## منارەی خانەقای مەولانا خالید).

## باسی دووەم: منارەکانی شاری هەولێر
## (منارەی مزگەوتی حاجی مەولود، منارەی خانەقا).

## باسی سێیەم: منارەکانی ناوچەی بادینان
## (منارەی مزگەوتی گەورەی ئاکرێ، منارەی مزگەوتی تولیتا،
## منارەی مزگەوتی گەورەی دهۆک).

**باسی یەکەم: منارەکانی پارێزگای سلێمانی و ئیدارەی گەرمیان (منارەی مزگەوتی خانەقای کفری، منارەکانی مزگەوتی گەورە، منارەی خانەقای مەولانا خالید)**

**تەوەرەی یەکەم/ منارەی مزگەوتی خانەقای کفری.**

**أ/ مزگەوتی خانەقای کفری.**

یەکێکە لە مزگەوتە دێرینەکانی هەرێمی کوردستان بە گشتی و ناوچەی گەرمیان بە تایبەتی، دەکەوێتە بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەندی شاری کفری* لە گەڕەکی نەورۆز. لە ڕووی مێژووییەوە بە دووەم مزگەوتی شارەکە دادەنرێت، لە ڕابردوودا خاوەنی قوتابخانەیەکی ئاینی گرنگ بووە، مێژووی دروستکردنی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی کۆتایی دەوڵەتی عوسمانی، لەسەر خواست و فەرمانی (شێخ عومەری بیارە)* دروستکراوە، پاش ئەوەی سەردانی شاری کفری کردووە و ویستوویەتی لەوێوە

* شاری کفری: یەکێکە لە شارە دێرینەکانی هەرێمی کوردستان، دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی وڵاتی عێراق و باشووری ڕۆژئاوای هەرێمی کوردستان، شاری کەلار لە ڕۆژهەڵاتەوە، شاری خالس و ڕووباری ئاوەسپی لە ڕۆژئاواوە، دوزخورماتوو لە باکوورەوە، پارێزگای دیالە لە باشووری ڕۆژهەڵاتەوە، و ڕووباری سیروان لە باشوورەوە چوار دەوری شارەکەیان داوە. هەڵکەوتەی جوگرافی ئەم شارە بە جۆرێکە دەکەوێتە شوێنێکی ستراتیژی زۆر گرنگ، و هەرسێ پارێزگای سلێمانی و کەرکووک و بەغداد بە یەکەوە دەبەستێتەوە، هەروەها دەکەوێتە دووری (٨٣ کم) لە مەرزی نێودەوڵەتی (پەروێز خان) لە نێوان عێراق و ئێران، لە چلەکانی سەدەی ڕابردوودا ڕووبەری شارەکە (٥٢٧٥ کم) چوارگۆشە بووە، بەڵام لە دوای ساڵی (١٣٧٤ک/١٩٥٥ز) بە هۆکاری گۆڕانکارییە ئیدارییەکانی ناوچەکەوە ڕووبەرەکەی کەم بووەتەوە بۆ (١٥٤٣ کم) چوار گۆشە، بەڵگەنامە مێژووییەکان و بوونی چەندان شوێنەواری گرنگ لە شارەکە و دەوروبەریدا ڕاستی دێرینی ئەم شارە دەسەلمێنن. بۆچوونێک ئاماژە بەوە دەکات (کفری) لە ڕووەکی (کفرەوە) هاتووە، ئەم ڕووەکە لە هەندێک جێگەی کوردستاندا پێی دەڵێن (تەڕوو)، ئەم بۆچوونەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە ئەم جۆرە ڕووەکە لە چەمی کفری و دەوروبەریدا تاکو ئێستاش بە زۆری هەیە. شاری کفری لە مێژوودا چەند جارێک شوێنی گۆڕاوە، لە ڕۆژهەڵاتی ئێستای شارەکەدا شوێنەواری شارێکی گەورە بەدی دەکرێت، بۆچوون هەیە گوایە ئەو شارە بە هۆی لافاو یان هێرشی داگیرکەرانەوە تووشی قات و قڕی و ئاوارە و فەوتان هاتبێت، شوێنی دووەم بە (٧ کم) دەکەوێتە ڕۆژئاوای ئێستای شارەکەوە و عوسمانییەکان ناویان نابوو (ئاسکی کفری) واتە کفری کۆن، تاکو ساڵی پەنجاکانی سەدەی ڕابردووش ماڵی تێدا بووە، لە ساڵی (١٢٨٧ک/١٨٧٠ز) کفری کراوەتە قەزا، بەڵام پێش بوونی بە قەزا شارێکی ئاوەدان بووە. بڕوانە: عەلی، ڕابەر انور: *فضا و جامعه شهر کفری در اواخر دوران عثمانی*، پایان نامه غیر منشوره در رشته باستان شناسی دانشگاه تهران، دانشکده ادبیات و علوم انسانی، شهریور ١٣٩٦/ ٢٠١٧، ص: ٢١. باقر، طه، فؤاد سفر: *المرشد إلى مواطن الأثار والحضارة*، الرحلة الرابعة (بغداد- كركوك- السليمانية)، بغداد، ١٩٦٥م. ص:٣. حداد، هاشم یاسین، سردار محمد عبدالرحمن: *ئەتڵەسی (هەرێمی کوردستانی عێراق – عێراق و جیهان) بۆ قۆناغەکانی خوێندنی بنەڕەتی و ئامادەیی*، چاپخانەی ڕۆتامات، چ٢، ٢٠١١ز، ل:٢٥.

* شێخ عومەری بیارە: کوڕی سێیەمی شێخ عوسمانی سیراجەددینی بیارە بووە، ناسراوە بە شێخ عومەری زیائەددین، لە شەوی (دووشەممە ٢٦ی جمادل الأولی ساڵی ١٢٥٥ ک/١٨٣٩ز) لە شارۆچکەی بیارەی هەورامان لە دایک بووە و لە شەوی (دووشەممە ٢٢ی شوالی ساڵی ١٣١٨ک/ ١٩٠٠ز) وەفاتی کردووە و لەناو خانەقای بیارەدا بە خاک سپێردراوە، هەر لە منداڵییەوە لای چەندان مامۆستای گەورە و لێهاتووی ناوچەکە خوێندوویەتی و پێگەیشتووە و لە خزمەت باوکیدا ڕێبازی نەقشبەندی وەرگرتووە، وەکوو باس دەکرێت لە ژیانیدا دوازدە ژنی هێناوە، و نۆ کوڕ و چەند کچێکی هەبووە. هەروەها لە ژیانیدا چەند خانەقایەکی دروستکردوە لەو شوێنانەی کە شوێنکەوتەی هەبووە، لەوانە لە شاری خانەقین و سەعدیە (قزرابات) و بیارە و کفری و گوندی بیاوێڵەی نزیک هەڵەبجەی شەهید و سەردەشت. بڕوانە: مودەڕیس، مەلا

بەرێبکەوێت بەرەو شاری بەغداد هەستی بە زەروریەتی دروستکردنی خانەقایەک کردووە لە شارەکەدا بۆ مورید و شوێنکەوتەکانی رێبازەکەی (رێبازی نەقشبەندی)، و بۆ ئەم مەبەستە بڕیارەی داوە بە دروستکردنی ئەم خانەقایە، لە ساڵی (١٣٠٦ ک/ ١٨٨٨ ز) دەستکراوە بە دروستکردنی و لەماوەی ساڵێکدا و لە ساڵی (١٣٠٧ ک/ ١٨٨٩ ز) تەواوکراوە [٣٢٩].

مامۆستا عەبدولکەریمی مودەڕیس لە (یادی مەردان)دا ئاماژە بەوە دەکات: شێخ عومەری بیارە بۆ ئەم مەبەستە ئەسپێکی هەبووە و فرۆشتوویەتی بە (٤٠) لیرە بۆ ئەوەی زەوییەکی پێ بکڕێت و خانەقاکەی لەسەر بنیاتبنێت، لەم کاتەدا میری بابان (مەجید پاشا) بە مەبەستەکەی شێخی زانیووە و پارچە زەوی خانەقاکە کە موڵکی ئەو بووە بە خۆڕایی پێشکەشی شێخی کردووە، و شێخیش بە هەرەوەزی خەڵکی شار و کاربەدەستێکی ناوچەکە بە ناوی (موستەفا ڕێژی) دەستیان کردووە بە دروستکردنی، پاشان لە ساڵی (١٣١٢ ک/ ١٨٩٣ز) شێخ عومەر نامەیەک دەنووسێت بۆ سوڵتانی ئەوکاتی عوسمانی (سوڵتان عەبدولحەمید) و داوای یارمەتی ماددی لێدەکات بۆ ئەوەی لە تەنیشت خانەقاکەدا مزگەوتێک دروستبکەن، سوڵتانیش (٣٠٠) لیرەی بۆ دەنێرێت و مزگەوتەکە دروستدەکەن[٣٣٠].

ڕووبەری کۆی گشتی خانەقاکە بریتی بووە لە (١٢٠٠ م) چوارگۆشە، بەڵام لە ساڵی (١٤٢٩ک/ ٢٠٠٨ز) بە بیانووی کۆنبوون و ترسی ڕووخانی بیناسازیی مزگەوتەکە، و بە مەبەستی سەرلەنوێ دروستکردنەوەی بە شێوەیەکی سەردەمی و فراوانکردنی لەلایەن وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینییەوە ڕوخێنراوە و دروستکراوەتەوە، بە جۆرێک هۆڵی نوێژکردنەکەی لە ئێستادا نزیکەی هەزار نوێژخوێن دەگرێت، و لە ناوەڕاستیدا گومەزێکی نیوە گۆیی گەورەی بۆ دروستکراوە، هەروەها لە خشت منارەیەکی جوان و ڕازاوەی لە شوێنی منارە کۆنەکەی بۆ دروستکراوە، بەپێی گێڕانەوە مێژووییەکان لەگەڵ خانەقای بیارەدا لە یەک ساڵدا دروستکراون. هەروەها ئاماژە بەوە دەکرێت سەرەتا بۆ جێگەی حەوانەوەی ڕێبوارانی شارەکە دروستکراوە، پاشان لە تەنیشتی خانەقاکەدا مزگەوتێکیش دروستکراوە و ناویان لێناوە مزگەوتی خانەقا، خانەقاکە لە تەنیشت ڕاڕەوێکی ئاوییەوە دروستکراوە کە سەرچاوەی گرتووە لە چەمی کفرییەوە و بۆ دەستنوێژگرتن و پێداویستییەکانی تری مزگەوتەکە سودی لێوەرگیراوە[٣٣١].

لە ئێستادا تەنها وەکوو مزگەوتێک ماوەتەوە و پێنج فەرزەی نوێژی ڕۆژانە و جومعە و جەژنەکانی تێدا ئەنجام دەدرێت، بەو هۆکارەی کە تەواوی پێکهاتە بیناسازییەکانی مزگەوتەکە دێرینەکە ڕوخێنراون، ناتوانین هاوشێوەی مزگەوتەکانی ناوچەکانی تری هەرێمی کوردستان کە لە توێژینەوەکەماندا ئاماژەمان پێکردوون باس لە پێکهاتە بیناسازییەکانی بکەین[٣٣٢]، (بڕوانە وێنەی ژمارە ٥٠).

---

عەبدولکەریم: *یادی مەردان (شێخە نەقشبەندییەکانی هەورامان و هەندێ لە مورید و مەنسووبە دیارەکانیان)*، ب٢، چ٢، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١١ ز، ل:١٤٩-١٥٦.

[٣٢٩] علی: منبع قبلی، ص: ٩٩-١٠٠.

[٣٣٠] مودەڕیس: *یادی مەردان*، ب٢، سەرچاوەی پێشوو، ل:١٥٧.

[٣٣١] بەرنامەیەکی دۆکیۆمێنتاری لەسەر مزگەوتی خانەقای کفری.

https://m.facebook.com/story.php?story_fbid=١٧٠٨١٨٠١١٦٢٠٠٤٨٥&id=١٠٠٠١٠٢٥٥٣٨٦٦٩٨

[٣٣٢] علی: منبع قبلی، ص: ٩٩-١٠٠.

**ب/ منارەی مزگەوتی خانەقای کفری.**

منارەی مزگەوتی خانەقای کفری یەکێک بووە لە منارە جوان و دێرینەکانی ناوچەی گەرمیان، لەسەر شێوازی بیناسازیی منارەکانی شاری بەغدادی سەردەمی عوسمانی بنیاتنراوە، هاوشان لەگەڵ مزگەوتەکەیدا مێژووی دروستکردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٣٠٧ک/ ١٨٨٩ز)، ئەمەش پاڵپشت بەو تۆمارە مێژووییەی لەسەر پارچە بەردێک نووسراوە و پارێزراوە تاوەکوو ئێستاش (بڕوانە وێنەی ژمارە ٥١)، لە سەردەمی خۆیدا تاکە منارەی شار بووە و هیچ مزگەوتێکی تر لە شارەکەدا منارەی نەبووە هاوشانی[٣٣٣].

منارەکە لەسەر یەکێک لە گۆشەکانی بانی مزگەوتەکە لەسەر بنکەیەکی چوارلایی دروستکرابوو، لە بەشی ناوەوەیدا بۆ سەرکەوتنە سەر منارەکە پلیکانەیەکی لولپێچی پێچەوانە بە ئاڕاستەی میلی کاتژمێری بۆ دروستکرابوو، هەروەها دوو دەرگای شێوە لاکێشەیی هەبووە، دەرگایەکی سەرەکی لە بنکەی منارەکە بە مەبەستی سەرکەوتن و دەرگایەکی تر لە ئاست بالکۆنەکەیدا بە مەبەستی سەرکەوتنە سەری، هەروەها تاکە بالکۆنێکی شێوە بازنەیی هەبووە، بە شێوەیەکی گشتی لاشەی منارەکە لولەیی و دوو بەش بووە، بەشی خوارەوەی بالکۆنەکەی و بەشی سەرەوەی، هەرچی بەشی خوارەوەی بالکۆنەکەیەتی فراوانترە و بەشی سەرەوەی بەراورد بە خوارەوە باریکتر و ئەستوری کەمترە، و کۆتایی هاتووە بە گومەزێکی شێوە نیوە گۆیی.

وەکوو لە وێنەکانی پێش ڕووخاندنیدا دەردەکەوێت ڕووی دەرەوەی بەشی سەرەوەی منارەکە (لە بالکۆنەکەیەوە بەرەو سەرەوە) بە پارچە کاشی جۆراوجۆری ڕەنگاو ڕەنگ ڕازێندراوەتەوە، هەر بۆیە لای خەڵکی دانیشتووی شارەکە ناودەبرا بە (منارە نەخشینە)، هەروەها دانیشتوانی نەتەوەی تورکمان نشینی شارەکە لەسەر زمانی خۆیان پێیان وتووە (منارەی ناقشلی) هەر بەو هۆکارەی سەرەوە، (بڕوانە وێنەکانی ژمارە ٥٢/ أ،ب).

وەکوو ئاماژەمان پێکرد لە ساڵی (١٤٢٩ک/٢٠٠٨ز) مزگەوت و منارەکە ڕوخێندراون و سەر لەنوێ لەسەر شێوازێکی نوێ دروستکراونەتەوە و لە هەمان شوێنی منارە دێرینەکەیدا منارەیەکی تری بۆ دروستکراوە لە خشت، بە هۆکاری نەمانی منارەکە ناتوانین هاوشێوەی نمونە وەرگیراوەکانی تری توێژینەوەکەمان ئاماژە بە پێوانە و ڕەگەزە بیناسازییەکانی بکەین.

---

[٣٣٣] علی: همان منبع قبلی، ص: ٩٩-١٠٠.

**تەوەرەی دووەم: منارەکانی مزگەوتی گەورەی سلێمانی.**

**أ/ مزگەوتی گەورەی سلێمانی.**

**١/ مێژووی دروستکردنی مزگەوتی گەورەی سلێمانی.**

پاش ئەوەی میرنشینی (بابان)* فەرمانڕەوایەتییان گرتە دەست و لە ناوچەی شارباژێر گیرسانەوە و گوندی (قەڵاچوالان)یان کردە پایتەختی فەرمانڕەوایەتییەکەیان، و دواتر بەهۆی گەشەکردنی دەسەڵات و فراوانبوونی سنوری حوکومڕانییان بەرەو ناوچەی ئێستای شاری سلێمانی هاتن و ئەو شارەیان بنیاتنا لە ساڵی (١١٩٩ک/١٧٨٤ز)، و کردییانە پایتەختی هەمیشەیی قەڵەمڕەوی دەسەڵاتەکەیان.

ئاماژە بەوە دەکرێت (مەحموود پاشای بابان ١١٩٤-١١٩٦/١٧٨٠-١٧٨٢ز) لە نزیک گوندی (مەڵکەندی) سەرایەکی دروستکردبوو بە مەبەستی دروستکردنی شار و گواستنەوەی حوکوومڕانی بۆی، بەڵام بەهۆی لابردنی لەسەر کورسی فەرمانڕەوایەتی بابان نەگەشتە ئەنجام، و پاش ئەو (ئیبراهیم پاشا ١٧٨٢-١٨٠٣ ز) هاتە سەر تەختی دەسەڵات و درێژەی بەم پرۆژەیەدا، و بازاڕ و خان و مزگەوت و چەند خانوویەکی لێ دروست کرد و پایتەختی حوکمڕانی بابانەکانی لە قەڵاچوالانەوە بۆ گواستەوە لە ساڵی (١١٩٩ک/ ١٧٨٤ز) و ناونرا (سلێمانی)[٣٣٤]، لە بیناکردنی بیناسازیی شاری نوێشدا سود وەرگیراوە لە دار و پەردووی مزگەوت و خانووەکانی قەڵاچوالان[٣٣٥].

هەرچەندە پێش دروستکردنی شاری سلێمانی مزگەوتی (مەڵکەندی) هەبووە کە لەلایەن خەڵکی گوندەکەوە دروستکراوە، و مامۆستای تایبەتی هەبووە کە بریتی بووە لە مامۆستا (حاجی مەلا ئەحمەد)ی خەڵکی گوندی (نۆدشە) ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵام (ئیبراهیم پاشا) بیری لە دروستکردنی مزگەوتێکی گەورە و تایبەت کردەوە بۆ شار، بۆ ئەم مەبەستە دەستی کرد بە دروستکردنی مزگەوتی گەورە لە (کانی ئاسکان) کە ئەوکات دەرەوەی شار دەبێت، و هەر زوو دەبێتە خوێندنگە و کتێبخانە و قوتابخانەی فەقێیان و مەڵبەندی مەلا و زانایان، و سیمای زانکۆیەک وەربگرێت زیاتر لەوەی تەنها مزگەوتێک بێت بۆ نوێژکردن و پەرستشی دانیشتوانی شار[٣٣٦].

---

* میرنشینی بابان (١٠٥٩-١٢٦٦ک / ١٦٤٩-١٨٥٠ز): یەکێکە لە میرنشینە کوردییە دیارەکانی کوردستان، و بە دیارترین میرنشینی کوردی سەدەی نوێ دادەنرێت، لەسەردەستی (فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە) دامەزراوە لە گوندی (دارە شمانە) لە ناوچەی پشدەر، لە نیوەی یەکەمی سەدەی هەژدەیەمدا دەسەڵاتی سیاسی و سەربازی لە لوتکەدا بووە و بەربەرەکانێی دەوڵەتی عوسمانی کردووە، سەرەتا پایتەختی لە (قەڵاچوالان) بوو پێش ئەوەی شاری (سلێمانی) بنیاتبنێن و پایتەختی بۆ بگوازنەوەو بیکەنە مەڵبەندی حوکوومڕانییان، لە باشووری میرنشینی سۆرانەوە تاوەکوو بەشێک لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتیان بەدەستەوە بووە، لەگەڵ ناوچەی کەرکووک و بەشێک لە ناوچەی شارەزوور، کۆمەڵێک میری بەتوانا و ئازا لەم میرنشینەدا حوکوومیان کردووە، لەوانە: (مەحموود پاشا و ئیبراهیم پاشا و عەبدولڕەحمان پاشا ... تاد). بڕوانە: شاویس، دلير إسماعيل حقي: *إمارة بابان في النصف الأول من القرن ١٨ (دراسة في علاقتها السياسية مع السلطات العثمانية)*، ط١، أربيل، بدون سنة طبع، ص: ١٢-١٣-١٤.

[٣٣٤] بابان، جەمال: *بابان لە مێژوودا و گەورە پیاوانی بابان*، چاپخانەی ئەندێشە، چ١، ٢٠١٨ ز، ل: ٤٠٣.

[٣٣٥] بابان، جەمال: *سلێمانی شارە گەشاوەکەم (سلێمانی لە ڕۆژی بنیاتنانییەوە تا کۆتایی دەسەڵاتی بابانەکان)*، ب١-٢، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٢ز، ل: ٤١.

[٣٣٦] سالح: *هۆیەکانی گەشەکردنی بزافی ڕۆشنبیری لە شاری سلێمانیدا*، سەرچاوەی پێشوو، ل: ١٧.

ئەگەر مزگەوتەکانی کوردستان لەگەڵ مزگەوتەکانی شارەکانی بەغداد و کەربەلا و نەجەف و ئەسفەهان و شیراز و تاران و ئەستەمبوڵ بەراورد بکرێن زۆر هەژارانە دروستکراون، هیچ هونەرێکی ئەندازەیی و بیناسازییان تێدا بەدی ناکرێت، بە خشتی کاڵ و قوڕ و دار دروستکراون، سەرەتا مزگەوتی گەورەی سلێمانیش هەروا بووە، ئەم مزگەوتە کتێبخانەیەکی دەوڵەمەند و گەورەی تێدا بووە، مامۆستای زانا و تێگەیشتوو دەرسیان تێدا وتووەتەوە، سەدان زانای لێوەشاوەی تێدا پێگەیشتووە، یەکێک لەو زانایانەش کە سەردەمانێک لەم مزگەوتەدا خزمەتی کردووە (شێخ مارفی نۆدێی)* بووە[٣٣٧].

ئاماژە بەوە دەکرێت سەرەتای دروستکردنی مزگەوتی گەورە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١١٦١ک/١٧٤٨ز) لەسەر دەستی (ئیبراهیم پاشا) لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی (سلێمان پاشای بابان١١٥٥-١١٦٧ک/١٧٤٢-١٧٥٤ز)، واتە پێش دروستکردنی شاری سلێمانی مزگەوتەکە هەبووە، بەڵام بە دروستکردنی شار گرنگی تایبەتی پێدراوە و کراوەتە مزگەوتی گەورەی شار[٣٣٨]، بەڵام لەبەرئەوەی زۆربەی ئاماژەکان بۆ ئەوەن مێژووی دروستکردنی مزگەوتی گەورە دەگەڕێتەوە بۆ پاش دروستکردنی شار، لەوانەیە ئەم مزگەوتەی ئاماژە پێکراوە هەمان مزگەوتی مەڵکەندی بێت کە پێش دروستکردنی شاری سلێمانی دروستکراوە لەلایەن خەڵکی گوندەکەوە.

ئاماژەیەکی تر هەیە باس لەوە دەکات ئەم مزگەوتە (ئیبراهیم پاشا) بۆ (شێخ مارفی نۆدێی) دروستکردووە کە پێشتر ئەم کەسایەتییە لە قەڵاچوالان بووە و لەلایەن بابانەکانەوە ڕێزێکی زۆری

---

*شێخ مارفی نۆدێی: ناوی تەواوی موحەمەد کوڕی مستەفا کوڕی ئەحمەدی کوڕی موحەممەدە، ناسراوە بە (شێخ مەعروف)، لە نەوەی شێخ عیسای بەرزنجە بووە، لە ساڵی (١١٦ک/١٧٥٢ز) لە گوندی (نۆدێ) لە قەزای (چوارتا) لە ناوچەی شارباژێر لە دایک بووە، بە منداڵی لای باوکی خوێندوویەتی، ئینجا براوەتە قوتابخانەکەی قەڵاچوالان لەوێ ماوەتەوە تاوەکوو کوژرانی (سلێمان پاشا)، بەهۆی ئەم ڕووداوەوە ماوەیەک فەقێکان پەرتەوازە دەبن، ئەویش چۆتە لای مەلا (موحەممەدی ئیبن ئەلحاج) لە گوندی هەزارمێرد و چوار ساڵ لەوێ خوێندوویەتی، سوننی و شافیعی ڕێباز بووە و کەسێکی ناسراو و خاوەنی ڕێبازی قادری بووە لەم شارەدا، پاش دروستکردنی شاری سلێمانی و دروستکردنی مزگەوتی گەورە (ئیبراهیم پاشا) شێخ مەعروفی کردووەتە مەلای مزگەوتەکە، لە ماوەی تەمەنیدا ژمارەیەکی زۆر کتێبی بە پەخشان و بە هۆنراوە لە زانستەکانی شەرعییەکاندا نووسیووە، و لە ڕێزمانی عەرەبی و بەلاغەتدا بە عەرەبی نووسراوی هەیە، لە ساڵی (١٢٥٤ک/١٨٣٨ز) لە شاری سلێمانی وەفاتی کردووە و مەزارگەکەی لە گردی سەیوانە، کە بە گردی (شێخ مارفی نۆدێی)یش ناسراوە، گردی سەیوان پێش دروستکردنی شاری سلێمانی هەوارگەی بابانەکان بووە. بڕوانە: بەحرکەیی، مەلا تاهیر مەلا عبداللە: *مێژووی زانایانی کورد*، ب٣، چ١، چاپخانەی ئاراس، ٢٠١٠ز، ل٢٤١-٢٤٢. زكي، محمد أمين: *تاريخ السليمانية*، نقلة إلى اللغة العربية: الملا جميل الملا أحمد الروزبياني، بغداد، ١٩٥١ م، ص: ٢١٩-٢٢٠.

[٣٣٧] ئەمین، نەوشیروان مستەفا: *میرایەتی بابان لە نێوان بەرداشی ڕۆم و عەجەم دا*، چ٢، چاپەمەنی خاک، سلێمانی، ١٩٩٨ز، ل١٠٢-١٠٣.

[٣٣٨] الحفيد، الشيخ سالار إبن الشيخ محمد إبن الحاج السيد حسن: *تيسير العسير لإخراج الدر المكنون في جامع السليمانية الكبير (السليمانية وجامعها الكبير عنوان بارز في ذاكرة التأريخ (١١٩٩هـ/١٧٨٤م) دراسة تأصيلية تحليلية)*، ٢٠١٧م، ص: ٣٥.

لێگیراوە و کەسایەتییەکی بەرز و ڕێبەرێکی ئایینی و دادوەرێکی (قاضی) سەرکەوتووی ئەمارەتی بابان بووە[339].

مزگەوتی گەورە لە کاتی دروستکردنیدا کەوتبووە دەرەوەی شار و بە پێوەری ئەم سەردەمە وەک زانکۆیەک مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، ئیبراهیم پاشا لە قەڵاچوالانەوە کتێبخانە گەورەکەی بابانی بۆ گواستووەتەوە، ئەم کتێبخانەیە تاوەکوو ساڵی (١٣٣٧ک/١٩١٩ز) و نزیکەی (٦) هەزار کتێبی جۆراو جۆری تێدا بووە، بەڵام لە دوای کارەساتی بەدیلگرتنی (شێخ مەحموودی حەفید) لە دەربەندی بازیان و هاتنی هێزەکانی ئینگلیز بۆ سلێمانی جگە لە (٤٠٠) کتێبێک نەبێت کە ئێستا زۆربەیان لە کتێبخانەی ئەوقافی سلێمانی پارێزراون، هەرچی کتێب لەم کتێبخانەیەدا بووە لە حەوشەی مزگەوتەکەدا سوتێنراون و ئەو گەنجینە بەنرخە لەناو براوە[340].

ئاماژە بەوە دەکرێت مستەر ڕیچ لە ساڵی (١٢٣٥ک/١٨٢٠ز) سەردانی شاری سلێمانی کردووە و ئاماژەی بەوە کردووە: لە شاری سلێمانیدا پێنج مزگەوت و قوتابخانە و حوجرە هەبوون، کە خوێندنی ئایینییان تێدا خوێنراوە[341]، کە دەکاتە (٣٦) ساڵ پاش دروستکردنی شاری سلێمانی[342]. ساڵانی (١١٩٩-١٢٣٧ک/١٧٨٥-١٨٢٢ز) بە سەردەمی زێڕینی مزگەوتی گەورە دادەنرێت، چونکە لەو کاتەدا شێخ مەعروفی نۆدێ و باوکی لە مزگەوتەکەدا خەریکی پەروەردە و وانە وتنەوە بوون، شێخ مەعروف بەهۆی باوکییەوە گەیشتووەتە قەڵاچوالانی بابانەکان و پاشان لە سلێمانی دەیان فەقێ و فێرخوازی پێگەیاندووە[343].

یەکەم نوێژی هەینی لە شاری سلێمانیدا لەم مزگەوتەدا ئەنجام دراوە، جگە لەوە هەر لە سەردەمی (کاک ئەحمەدی شێخ)* ـەوە پەناگەیەک بووە بۆ هەژاران و ڕێبواران و ... هەموو نیوەڕوانێک لە چێشتخانە تایبەتەکەیدا خواردن ئامادەکراوە بۆیان، و زۆرجاریش کێشە کۆمەڵایەتییەکانی خەڵکی تێدا

---

[339] سەید قادر، شاهۆ عوسمان: *سلێمانی لە کۆتایی بابانەوە بۆ سەرەتای ڕاپەڕین/ ڕۆشنبیری*، چ١، ب١، چاپخانەی ناوەندی سارا، سلێمانی، ٢٠٢٠ز، ل: ٦١.

[340] صاڵحی ڕەشە، ئەکرەمی مەحموود: *شاری سلێمانی (٢٠٠ ساڵ)*، ب٢، ١٩٨٩ ز، ل: ٨٢.

[341] سەید قادر: سەرچاوەی پێشوو، ل: ٦١.

[342] حمه خورشید، فؤاد: *مدینة السلیمانیة دراسة في جغرافیتها التاریخیة*، گۆڤاری کاروان، ژ٥٤، چاپخانەی الأدیب البغدادیة، ساڵی پێنجەم، ١٩٨٧ ز، ل: ١٥٤.

[343] پیربال: سەرچاوەی پێشوو، ل: ٧٤-٧٥.

* حاجی کاک ئەحمەدی شێخ: کوڕی شێخ مارفی نۆدێی کوڕی شێخ مستەفای کوڕی شێخ ئەحمەدە، یەکێک بووە لە گەورە پیاو و زانا پایە بەرزەکانی کوردستان لە سەدەی (١٣ک/١٨ز)، لە ساڵی (١٢٠٧ ک/ ١٧٩٣ ز) لە شاری سلێمانی لە دایک بووە و لە ساڵی (١٣٠٥ ک/ ١٨٨٨ ز) لە هەمان شار وەفاتی کردووە، لە ماوەی تەمەنیدا دەستێکی باڵای هەبووە لە زانستە شەرعییەکاندا و لەم بارەیەوە گەلێک نووسراوی بە زمانی فارسی بەجێهێشتووە، هەروەها پێوەندییەکی توندو تۆڵی هەبووە لەگەڵ زانایانی کوردستاندا، لەوانەش (حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلی زادەی کۆیە) کە بەردەوام نامە گۆڕینەوە لە نێوانیاندا هەبووە. بڕوانە: زكي بك: المرجع السابق، ص: ١١٩. مەزهەر، کەمال: *چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد*، بەشی یەکەم، چاپخانەی الأدیب البغدادیة، بەغدا، ١٩٨٥ ز، ل:١٣٣-١٣٤.

چارەسەر کراوە، ئێستا دەکەوێتە گەڕەکی (کانێسکان) لە ناوەندی شاری سلێمانی، و لە باشوورییەوە گەڕەکی (مەڵکەندی)یەو لە ناوەڕاستی بازاڕی مەولەوی دایە[٣٤٤].

### ٢/ ناوی مزگەوتەکە.

مزگەوتی گەورە لە پاش دروستکردنی لە ساڵی (١١٩٨ک/١٧٨٤ز) لە لایەن ئیبراهیم پاشاوە، لەبەر ئەوەی یەکەم مزگەوتی شار بووە و گرنگی تایبەتی هەبووە هەر بە ناوی (مزگەوتی گەورە)ـەوە ناسراوە، لە ئێستاشدا بە هەمان شێوە ئەوەی زیاتر لەسەر زاری خەڵکی بێت (مزگەوتی گەورەیە)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە مزگەوتی (کاک ئەحمەدی شێخ)یش ناودەبرێت[٣٤٥]، چونکە کاک ئەحمەدی شێخ دوای وەفاتی باوکی (شێخ مارفی نۆدێ) دەستی کردووە بە دەرس وتنەوە و خزمەتکردن لە مزگەوتەکەدا، و ساڵانێکی زۆر تێیدا مامۆستا بووە و چەندان فەقێ و خوازیاری زانست و زانیاری و خەڵکی شاری پێگەیاندووە، پاش وەفاتیشی لە ساڵی (١٣٠٥ک/١٨٨٨ز) لەژێر گومەزێکی گەورەدا لەناو مزگەوتەکەدا بە خاک سپێردراوە[٣٤٦].

### ٣/ پێکهاتە بیناسازییەکانی مزگەوتەکە.

مزگەوتی گەورە سەرەتا بە شێوەیەکی سادە بنیاتنراوە لە ڕووبەرێکی بچوکدا، بە خشتی قوڕ و دار دیوارەکانی دروستکراون و سەری بە دار و گڵ داپۆشراوە، لە ڕووی بیناسازییەوە پێکهاتبوو لە حەرەمێک بۆ نوێژکردن لەگەڵ چەند ژوورێک بۆ مامۆستای مزگەوت و خوێندنگە ئایینییەکەی شێخ مارفی نۆدێ، هەروەها منارەیەکی لە خشت دروستکراوی هەبووە، جگە لەوە لەناو ئەم مزگەوتەدا مەزارگەی کاک ئەحمەدی شێخ بوونی هەیە، لەگەڵ گۆڕی (شێخ مەحموودی حەفید و عەبدولڕەحمان پاشا و عبوبەخانی کچی مەحموود پاشا و فاتمەخانی کچی ئەحمەد پاشا)، لە ساڵی (١٣٩٠ک/١٩٧٠ز) پاش ئەوەی نۆژەندەکرێتەوە ڕووبەرەکەشی فراوان دەکرێت و بەشێکی بۆ زیاد دەکرێت لەسەر ئەرکی سەرمایەدارێکی شارەکە بە ناوی (حاجی عەبدوڵڵای کوڕی صاڵح ئاغا)[٣٤٧].

لە هەر نۆژەنکردنەوەیەکیدا هەوڵ دراوە ڕووبەری مزگەوتەکەش فراوان بکرێت، لە ئێستادا ڕووبەری کۆی گشتی بریتییە لە (٦٠٠٠م$^{٢}$)، حەرەمێکی گەورەی هەیە بۆ نوێژکردن نزیکەی (٢) هەزار کەس نوێژی تێدا دەکەن و ڕۆژانی هەینی دەکرێتەوە، لە ڕاستییەوە ژورێک هەیە ژمارەیەک گۆڕی تێدایە، لای سەرەوەی حەوشەیەکی گەورە و هەیوانێکی درێژ و حەرەمێکی تر هەیە پێنج فەرزەی نوێژی

---

[٣٤٤] جاف: سەرچاوەی پێشوو، ل:٩٦.

[٣٤٥] صابر: سەرچاوەی پێشوو، ل:٨٧.

[٣٤٦] قزڵجەیی، محەمەد: *ناساندنێکی مزگەوتەکانی سلێمانی و خوێندنگە ئاینییەکانی*، و: ئاراس محەمەد صاڵح، چ١، چاپخانەی شڤان، ٢٠١٣ز، ل:٥٦-٥٧-٥٨.

[٣٤٧] قزڵجەیی: سەرچاوەی پێشوو، ل:٥٦-٥٨.

تێدا ئەنجام دەدرێت، لەلای چەپیەوە ژووری فێرخواز و مامۆستا و سەرپەرشتیاری مزگەوت و کتێبخانەکەی تێدایە، لەگەڵ ژوورێکی تایبەت بە فەرمانگەی ئەوقاف[٣٤٨].

بابانەکان لە قەڵاچوالانی پایتەختیاندا خاوەنی کتێبخانەیەکی تایبەت بوون، پاش گواستنەوەی دەسەڵاتیان بۆ پایتەختە نوێیەکەیان و دروستکردنی مزگەوتی گەورە ئەم کتێبخانەیەشیان بۆ گواستەوە، بەم جۆرە مزگەوتی گەورە هەر لە سەرەتای دروستکردنییەوە خاوەنی کتێبخانەیەکی گەورە بووە بە چەندان کتێبی بەنرخەوە، لەدوای نەمانی بابانەکان هەندێکیان لەناوچوون، جێگای بایەخی کاک ئەحمەدی شێخ بوون، بەڵام لە دوای وەفاتی دەستی تاڵانکردنی پێ دەگات و لە هەموو لایەکەوە لێی دەدزرێت، و لە کاتی داگیرکاری ئینگیزدا زۆربەیان دەسوتێنرێن، و ئەوانەشی دەمێننەوە بە پرش و بڵاوی لەژێر تەپ و تۆز و خۆڵدا نزیک بە لەناوچوون دەبن، زۆر کتێبی گەورەی تێدا بوو کە بەڵگەی گەورەیی ئەو کتێبخانەیەی دەردەخست، لەوانە: کتێبی (الأم)ی ئیمامی شافعی، (شرح السنن) و (شروح الکشاف) و (تفسیر الماوردي والکواشي) و (شرح الامالي المقاني) و ...تاد[٣٤٩].

سەبارەت بە سەرچاوەی ئاوی مزگەوتەکەش لە دەستنووسەکانی سەردەمی حکوومەتی (شیخ مەحموودی حەفید)دا ئاماژە بەوە کراوە سەرچاوەی ئاوی مزگەوتی گەورە کارێزێک بووە، هاوشێوەی زۆربەی مزگەوتە دێرینەکانی کوردستان لەوانە: (مزگەوتی گەورەی خورماڵ و خانەقای مەولانا خالیدی نەقشبەندی و مزگەوتی گەورەی قەڵای هەولێر و .. تاد) کە سەرچاوەی ئاویان (کانی و بیرو کارێز) بووە، هەرچەندە نازانرێت ئەم کارێزەی مزگەوتی گەورە لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە، ئەوەندە هەیە دوو کارێز لە سەرووی مزگەوتی گەورەوە هەبوون، یەکیان لە مزگەوتی (بن تەبەقی عیرفان) و ئەوی تریان لەژێر ماڵی (جەلال بەگی تاپۆ) لە ڕۆژئاوا بەرەو خوار بووەتەوە بۆ ماڵی (خواجە ئەفەندی) و (شێخ ڕەئوفی شێخ مەحموود)، لەوانەیە درێژکراوەی یەکێکیان بووبێت[٣٥٠]، یاخود هەر لەناو خۆیدا بووبێت و کرابێتە حەوز هاوشێوەی ئێستای مزگەوتی گەورەی خورماڵ دەستنوێژی لەسەر گیراوە و بەکارهێنراوە بۆ حەمام و ئەدەبخانە و ... تاد مزگەوتەکە، هەروەها باسی بڕی تێچووی کرێی کرێکار و وەستای نۆژەنکردنەوە و پاککردنەوەی ئەو کارێزەش کراوە، لەگەڵ ئاماژەدان بە بەرواری نۆژەنکردنەوە و پاککردنەوەی کارێزەکە، بەم شێوەیە[٣٥١]:

---

[٣٤٨] سەید قادر، شاهۆ عوسمان: *تێڕوانین لە مێژووی مزگەوتەکانی سلێمانی وەکوو دامەزراوەی ئاینی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی*، ناوەندی چاوی کورد بۆ پەرەپێدانی سیاسی، زنجیرەی پێنج، ٢٠٢٠ز، ل:١٧.

[٣٤٩] قزڵجەیی: سەرچاوەی پێشوو، ل:٥٦-٥٨.

[٣٥٠] یوسف، عبدالرقیب: *لە بەڵگەنامەکانی حکومەتی شێخ مەحمود (تۆمارێکی شارەوانی سلێمانیی ١٩٢٣- ١٩٢٤)*، لێکۆڵینەوەی: سدیق ساڵح، چ١، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٤ ز، ل:٢٩.

[٣٥١] یوسف: سەرچاوەی پێشوو، ل:٦٩.

| ئانه | ڕووپیه | تاریخ | ئیضاحات (ڕوونکردنەوە) |
| --- | --- | --- | --- |
| ٠٠ | ٠٩ | ٢٤ت١ ٣٩ | حەقی وەستای کارێزکەن و عەمەلە بۆ حەفر و تەطهیری (پاکردنەوەی) ئاوی حەوزی مزگەوتی گەورە. |
| ٠٠ | ٠٦ | ٢٨ت١ ٣٩ | حەقی وەستا و عەمەلە بۆ کارێزی مزگەوتی گەورە. |
| ٠٠ | ٠٦ | ٣٠ت١ ٣٩ | حەقی وەستا و عەمەلە بۆ کارێزی مزگەوتی گەورە بە موعەللیم عەزیز ئەفەندی. |
| ٠٠ | ٠٩ | ٥ت٢ ٣٩ | حەقی دوو عەمەلە و وەستای کارێزکەن بۆ پاککردنەوەی کارێزی مزگەوتی گەورە. |
| ٠٠ | ٠٦ | ١٩ت٢ ٣٩ | حەقی عەمەلە و وەستای کارێزکەن بۆ کارێزی مزگەوتی گەورە. |

شایەنی باسە مزگەوتی گەورە دوو حەڕەمی هەبووە یەکێکیان بۆ زستان و ئەوی تریان بۆ وەرزی هاوین، لەگەڵ بوونی شوێنی تایبەت بۆ تەکیەی قادری بۆ ئەنجامدانی مەراسیم و بۆنەکانیان، هەروەها خاوەنی چێشتخانەیەکی تایبەتیشە کە بەردەوام خزمەتی خەڵکی فەقیر و هەژار و ڕێبواران دەکات[٣٥٢]، لە بیناسازیی ئێستاشیدا دوو گومەزی گەورەی ڕەنگ سەوزی بۆ دروستکراوە، یەکێکیان ڕاستەوخۆ دەکەوێتە سەر هۆڵی نوێژکردنی مزگەوتەکە و ئەوی تریان دەکەوێتە سەر گۆڕی (کاک ئەحمەدی شێخ).

سەبارەت بە منارەکانیش کە بابەتی سەرەکی توێژینەوەکەمانە، ئەوەندەی وێنە و بەڵگەی مێژوویی بەردەست بن ئەوە دەردەخەن کە مزگەوتە دێرینەکان لە کوردستاندا سەرەتا منارەیان نەبووە، بەڵکو پاش ساڵانێک لە دروستکردنیان بۆیان دروستکراوە، مزگەوتی گەورەش بە هەمان شێوە پاش ساڵانێک لە دروستکردنی بە هەوڵی چەند دڵسۆزێکی شارەکە وەکوو لە یەکێک لە بەڵگەنامەکانی سەردەمی عوسمانیدا هاتووە بە واژۆی (موحەممەد سەعید بەرزنجی) دیارە کاربەدەستێکی کارگێڕی ئەوکاتی شار بووە لە بەرواری (٢٠ی ڕەجەبی١٣٠٧ی کۆچی/١٨٨٩زایینی) داوا لە دەسەڵاتداری عوسمانی کراوە منارەیەک بۆ مزگەوتەکە دروست بکرێت، و پاش ئەوەش ڕاستەوخۆ دەستکراوە بە دروستکردنی منارەیەکی شێوە لولەیی بۆی و تاوەکوو ئێستە ماوەتەوە[٣٥٣].

**٤/ نۆژەنکردنەوەی مزگەوتەکە.**

مزگەوتی گەورە لە پاش دروستکردنییەوە تاوەکوو ئێستا چەند جارێک نۆژەنکراوەتەوە، لەوانە لە ساڵانی (١٩٤٠، ١٩٥٠، ١٩٦٨، ١٩٧٠، ٢٠١١ ز)[٣٥٤]، تەنانەت لە ئەنجامی ئەو نۆژەنکردنەوانەوە بیناسازیی مزگەوتەکە لە خشتی قوڕی ئاسابییەوە گۆڕاوە بۆ خشت، لە سەرەتادا تەنها منارەیەکی هەبووە، بەڵام پاش نۆژەنکرنەوەی ئێستا دوو گومەز و دوو منارەی هەیە، کە یەکێکیان هەمان منارە کۆنەکەیەتی.

[٣٥٢] الحفید: المرجع السابق، ص:٣٣.

[٣٥٣] باجگر: *سلێمانی لە بەڵگەنامەکانی عوسمانی دا*، سەرچاوەی پێشوو، ل: ١٠٧.

[٣٥٤] سەید قادر: سەرچاوەی پێشوو، ل:٦٢.

له بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا ئاماژە بەوە کراوە لەلایەن دانیشتوان و فەرمانبەرانی شارەوە (١٠٠٠) هەزار لیرە کۆکراوەتەوە بۆ نۆژەنکردنەوەی مزگەوتی گەورە[٣٥٥]، کۆکردنەوەی ئەو بڕە پارە زۆرە و نۆژەنکردنەوەی شوێنێکی وەک مزگەوتی گەورە لەلایەن خەڵکی سلێمانییەوە دڵسۆزی و خێرخوازی خەڵکەکەی نیشان دەدات.

**ب/ ١-٢: منارەکانی مزگەوتی گەورە.**

مزگەوتی گەورەی خاوەنی دوو منارەی کەلەپوورییە، منارەیەکی لولەیی، لەگەڵ منارەیەکی بەرزی چوارلایی، منارە لولەییەکە تەمەنی زیاترە لە منارە چوارلاییەکە، بە پێی مێژووی دروستکردنیان لە خوارەوە ئاماژە بە هەردووکیان دەکەین.

**١/ منارە لولەییەکە:**

**١-١/ ناو و شوێن و مێژووی منارەکە:**

- **ناوی منارەکە:**

منارەکە ناوێکی دیاریکراوی نییە، تاوەکوو بە تەنها و بێ مزگەوتەکە ناوبهێنرێت و ناسراو بێت، بۆ نمونە بوترێت منارەی سلێمانی یاخود منارەی ....، بەڵکو ڕاستەوخۆ ناوەکەی پێوەستە بە مزگەوتەکەوە و ئەگەر باس بکرێت پێی دەوترێت (منارەی مزگەوتی گەورەی سلێمانی) یاخود (منارەی مزگەوتی کاک ئەحمەدی شێخ).

- **شوێنی منارەکە:**

مزگەوتی گەورە سەرەتا بێ منارە بووە، یەکەم منارەش کە بۆی دروستکراوە وەکوو لە وێنەیەکی ساڵی (١٣٤٢ک/١٩١٩ز)دا دەردەکەوێت، دەکەوێتە یەکێک لە گۆشەکانی بەشی باکووری مزگەوتەکەوە (بڕوانە وێنەی ژمارە ٥٣/أ)، پاشان لە ئەنجامی نۆژەنکردنەوە یەک لە دوا یەکەکانی مزگەوتەکەوە شوێنی منارەکەش بەپێی پلانی نوێی مزگەوتەکە و نەخشەی نوێی گۆڕاوە، لە یەکێک لە نۆژەنکردنەوەکانی سەردەمی حوکومڕانی (سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمی عوسمانی)دا* شوێنی

[٣٥٥] باجگر: *سلێمانی لە بەڵگەنامەکانی عوسمانی دا*، سەرچاوەی پێشوو، ل: ١٠٧.

*سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمی عوسمانی (١٢٩٣ - ١٣٢٦ ک / ١٨٧٦ - ١٩٠٩ ز): سوڵتانی سی و چوارەم بووە لە فەرمانڕەوایەتی دەوڵەتی عوسمانیدا، لە تەمەنی (٣٤) ساڵیدا فەرمانڕەوایەتی وەرگرتووە، لە (١٦ی شەعبانی ١٢٥٨ک/١٨٤٢ز) لە دایک بووە، لە تەمەنی دە ساڵیدا دایکی وەفات دەکات و زڕ دایکێکی کە منداڵی نەبووە بە پەروەردەیەکی جوان وەکوو منداڵی خۆی گەورەی دەکات و پێی دەگەیەنێت، پاش مردنیشی وەسیەت دەکات سەرجەم میراتەکەی بدرێتە سوڵتان عەبدولحەمید، عەبدولحەمید لە کۆشکی پاشایەتیدا خوێندنێکی ڕێک و پێکی لەسەر دەستی کۆمەڵێک زانای دیار تەواو کردووە، لە بوارەکانی ڕەوشت و زانیاریدا پێگەیەنراو فێری زمانی عەرەبی و فارسی کرا، وانەی مێژووشی خوێند و خۆشەویستییەکی بۆ ئەدەب تێدا دروست بوو، لە زانستی (التصوف)دا زۆر ڕۆچوو بوو، بە زمانی تورکی عوسمانی هەندێک شعریشی نووسیووە، مەشقی تەواوی لەسەر بەرکارهێنانی چەک کردووە و بە

منارەکەش دەگۆڕێت و دەکەوێتە تەنیشت دەرگای سەرەکی مزگەوتەکەوە، (بڕوانە وێنەکانی ژمارە ٥٣/ب،ج)،

پاشان لە ساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا پاش ئەوەی بیناسازیی مزگەوتەکە بە تەواوەتی دەڕوخێنرێت و سەرلەنوێ بە نەخشەی نوێ بنیات دەنرێتەوە پارێزگاری لە منارە دێرینەکەی دەکرێت، بە شێوەیەک لە ڕێگەی دروستکردنی بنکەیەکی شەش لاییەوە دابەزێنراوەتە ئاستی زەوی حەوشەکەی لە بەشی پێشەوەی مزگەوتەکە (لە بەشی ڕووگە) لە بەرانبەر بینای بازاڕی (کاسۆ مۆڵ)، واتە بنکەی منارەکە لە جێی ئەوەی وەکوو بیناسازیی کۆنی لە ئاست سەربانی مزگەوتەکە بێت لە حەوشەی مزگەوتەکەدایە، (بڕوانە وێنەی ژمارە ٥٣/ د).

- **مێژووی منارەکە:**

سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن بۆ یەکەمجار مزگەوتی گەورە لە ساڵی (١٣٠٨ک/١٨٩٠ز) لە سەردەمی عوسمانییەکان و بە فەرمانی (سوڵتان عەبدولحەمید خانی عوسمانی) لە خشتی سوورەوەکراو منارەیەکی بۆ دروستکراوە[٣٥٦]. (بڕوانە وێنەکانی ژمارە ٥٤/أ،ب)

هەروەها لە نووسراوێکی سەردەمی فەرمانڕەوایی عوسمانییەکاندا کە بەرواری (٢٠ی ڕەجەبی ١٣٠٧ی کۆچی/ ١٨٨٩ز) لەسەرە، هاتووە لەبەرئەوەی مزگەوتەکە بێ منارەیە داوا کراوە لەسەر خەرجی جەنابی سوڵتانی عوسمانی منارەیەکی بۆ دروست بکرێت، ئەمەش ئەوە دەردەخات تاوەکوو ئەم بەروارە مزگەوتی گەورە هیچ منارەیەکی نەبووە و لەدوای ئەم نووسراوەوە دەستکراوە بە دروستکردنی منارەی مزگەوتەکە[٣٥٧].

لەسەر دەرگای بالکۆنی منارەکە بە خەتێکی سادە بە ڕەنگی سپی نووسراوە (البناء ١٣١١)، واتە لە ساڵی (١٣١١ک) بەرانبەر بە (١٨٩٣ز) بنیاتنراوە (بڕوانە وێنەی ژمارە ٥٥)، واتە سێ ساڵ پاش ئەو ساڵەی کە لە سەرچاوەکاندا باسکراوە[٣٥٨]، کە دەکاتە سەردەمی حوکوومڕانی سوڵتانی عوسمانی (عەبدولحەمید خان)، لەوانەیە لە ساڵی (١٣٠٨ک/١٨٩٠ز) دەست بە دروستکردنی کرابێت و لە ساڵی (١٣١١ک/١٨٩٣ز) تەواو بووبێت.

جیاواز لەم بۆچوونە جەمال بابان پێی وایە یەکەم منارە بۆ مزگەوتی گەورە دروستکرابێت لەلایەن وەستا (ئاغا فەتحوڵڵا)ـەوە بووە، هەروەها دەڵێت ئەگەر هەیە مێژووی دروستکردنی بگەڕێتەوە بۆ ساڵی

---

لێزانینەوە دەیتوانی شمشێر بەکاربهێنێت و بە دەمانچە نیشانەی ورد بپێکێت، پارێزگاری لە وەرزشە لەشییەکان دەکرد و بەردەوام ئەنجامی دەدان، گرنگییەکی زۆری بە سیاسەتەکانی جیهانی دەدا و زۆر بە وردەکارییەکی بێوێنە و گرنگییەوە بەدواداچوونی بەردەوامی هەبوو بۆ ئەو هەواڵانەی دەربارەی وڵاتەکەی لە جیهاندا بڵاو دەکرانەوە، بڕوانە: الصلابي، علي محمد: *دەوڵەتی عوسمانی هۆی گەشەکردن و ڕووخانی*، و: احمد عبدالرحمن احمد، نهاد جلال حبيب الله، چاپخانەی دارالمعرفة، بەیروت، لبنان، ٢٠٠٧ ز، ل:٥٢٧ – ٥٢٨.

[٣٥٦] سەید قادر: سەرچاوەی پێشوو، ل:٦٢.

[٣٥٧] باجگر: *سلێمانی لە بەڵگەنامەکانی عوسمانی دا*، سەرچاوەی پێشوو، ل:١٠٧.

[٣٥٨] سەردانی مەیدانی: پێنجشەممە – ٢٠٢١/١٠/٢٨ز، کات: ٠١:٣٠ پاش نیوەڕۆ.

(١٣٤٠ک/١٩٢٢ز)[٣٥٩]، بەڵام ئەمە بۆچوونێکی ناڕاستە، چونکە جگە لەوەی زۆربەی سەرچاوەکان مێژووی دروستکردنی یەکەم منارەی مزگەوتەکە دەگەڕێننەوە بۆ مێژوویەکی کۆنتر، وێنەیەکی ساڵی (١٣٣٧ک/١٩١٩ز) منارەکەش هەیە کە ئەم بۆچوونە بەتەواوی ڕەت دەکاتەوە، (بڕوانەی وێنەی ژمارە ٥٣/أ).

## ١-٢/ ڕەگەزە بیناسازییەکانی منارەکە.

- **وەسفی منارەکە:**

منارەکە بە شێوەیەکی گشتی یەکێکە لە منارە دێرینەکانی ناوچەکە، سەرەتا لە ئاست بانی مزگەوتەکەدا دروستکراوە و لە ئێستادا دەکەوێتە ئاستی زەوی حەوشەکەی لە بەشی ڕووگەدا، لە ڕووی ڕەگەزی بیناسازیشەوە لە ئێستادا پێکهاتووە لە بنکەیەکی شەش لایی و لاشەیەکی لولەیی و بالکۆنێک و یەک دەرگا، کە دەکەوێتە ئاست سەربانی بینای ئێستای مزگەوتەکە و لەسەر بانی مزگەوتەکەوە لەڕێگەی پەیژەیەکی لە ئاسن دروستکراوەوە دەگەیتە ناو بالکۆنی منارەکە و دەرگاکەشی دەکەوێتە ناو بالکۆنەکەوە، کۆتایشی هاتووە بە گومەزێکی نیوە گۆیەکی پەلکدار، و لە ناوەوە پلیکانەیەکی لولپێچی (الحلزونية) هەیە بە ئاراستەی پێچەوانەی میلی کاتژمێر بۆ سەرکەوتن بەسەر منارەکەدا، بەرزی تێکڕا منارەکە لە بنکەکەیەوە تاوەکوو گومەزەکەی بریتییە لە (١٨,٧٥ م)[٣٦٠]، (بڕوانەی وێنەی ژمارە ٥٦).

- **بنکە:**

سەبارەت بە بنکەی منارەکە جیاواز لەو منارانەی تر لە توێژینەوەکەماندا باسمان کردوون، بەپێی تێپەڕبوونی کات هەندێک گۆڕانکاری بەسەر ڕەگەزە بیناسازییەکانیدا هاتووە، ئەویش لە ئەنجامی ئەو نۆژەنکردنەوانەی بۆ مزگەوتەکە ئەنجامدراون لە دوای دروستکردنییەوە، یەکێک لە گرنگترین ئەو ڕەگەزە بیناسازییانەش کە گۆڕانکاری ئەساسی و بەرچاوی بەسەر هاتووە بریتییە لە بنکەکەی، چونکە سەرەتا لەسەر ئاستی بانی مزگەوتەکەدا بووە، بەڵام ئێستا دەکەوێتە ئاستی حەوشەی مزگەتەکەوە[٣٦١].

بە دیاریکراوی نازانین سەرەتا پێش ئەوەی منارەکە لە ئاستی سەربانی مزگەوتەکەوە دابەزێنرێتە ئاستی حەوشەکەی بنکەکەی چەند لایی بووە یان هەر نەیبووە، ئەمەش بە هۆکاری ئەوەی لەو وێنە کۆنانەی بەردەستن ڕوون نییە چەند لاییە، هەروەها سەرچاوەیەکی وەهامان دەست نەکەوت بە دیاریکراوی باسی لە پێکهاتەکانی منارەکە کردبێت، بەڵام دەکرێت وەکوو ئەگەرێک یان بۆچوونێک پشت بەستوو بە بەشی دووەمی بنکەی ئێستای منارەکە بڵێین شەش لایی بووە، یاخود لەبەر ئەوەی بنکەی

[٣٥٩] بابان: *بابان لە مێژوودا و گەورە پیاوانی بابان*، سەرچاوەی پێشوو، ل:٤٠٣.

[٣٦٠] سەردانی مەیدانی: پێنجشەممە - ٢٠٢٢/١/٦ز، کات: ١٢:٣٠ پاش نیوەڕۆ.

[٣٦١] سەردانی مەیدانی: پێنجشەممە - ٢٠٢٢/١/٦ز، کات: ١٢:٣٠ پاش نیوەڕۆ.

ئێستای دوو بەشە، بەشی دووەمیان بنکەی کۆنی منارەکە بوو‌بێت و دواتر بۆ ئەوەی بگاتە ئاستی زەوی حەوشەی مزگەوتەکە بەشی خوارەوەیان بۆ زیادکردبێت[٣٦٢].

بەرزی تێکڕای بەشی یەکەمی بنکەکە بریتییە لە (٣,٢٢ م) و لە (٣٢) چین خشت بە شێوەی ئاسۆیی و چین و نیوێکیش بە شێوەی ستونی پێکهاتووە، سێ چینیان لە خوارەوە ڕۆپۆشکراون بە ڕیزێک لە کاشی سیرامیکی ڕەنگ سپی، پاشان چینێک خشتی نیوە لەسەر باری ستونی دانراون و لە سەروو ئەو چینەشەوە تاوەکوو چینێک پێش کۆتایی ئەم بەشە لە بنکەکە کە بە شێوەی ستونی ڕیزکراون (٢٩) چین خشت بەرزی بنکەی یەکەمی منارەکەیان پێکهێناوە، پانی هەر لایەک لە لاکانی یەکسانە و بریتییە لە (٢,٤١ م) و لە دە خشت و نیو پێکهاتووە.

لە کۆتایی ئەم بەشەدا ڕوو بە دەرگای سەرەکی هاتنە ناو حەوشەی مزگەوتەکەوە پەنجەرەیەکی لاکیشەیی بچوکی بۆ دروستکراوە، بە پێوانەی بەزری چوار خشت و پانی یەک خشت، دیارە مەبەست لە دروستکردنی ئەم پەنجەرەیە هەم بۆ ڕووناکی بووە هەمیش بۆ هەواگۆڕکێ، بەڵام ئەوەی بەرچاو دەکەوێت و جێگای تێبینییە ئەم پەنجەرەیە لە بەشی ناوەوەی گیراوە و لە ئێستادا نە ڕووناکی لێیەوە دەچێتە بەشی ناوەوەی منارەکە و نە هەواگۆڕکێش. لە ڕووی نەخش و نیگاریشەوە سادەیە، تەنها تابلۆیەکی ڕەنگ ڕەشی دروستکراو لە ماددەی (تەنەکە) نەبێت کە دیارە مێژووەکەی زۆر نوێیەو لەسەری نووسراوە (اللهم صل على سيدنا محمد) بە ڕەنگی (خەنەیی)، هەرچەندە تێکڕا چینە خشتەکان بۆ خۆیان دیمەنێکی جوانیان بەخشیوە بە بیناسازیی منارەکە[٣٦٣].

بەشی دووەمی بنکەکەش بە شێوەیەکی ئەندازەیی سەرنج ڕاکێش و جوان بە شێوەیەکی قوچەکی دروستکراوە، و بووەتە هۆکاری گۆڕینی شێوەی لە شەش لاییەوە بۆ لولەیی، بە جۆرێک لە سەرەتایەوە شەش لاییە هاوشێوەی بەشی یەکەمی بنکەکەو لە کۆتاییەوە بووەتە لولەییەکی تەواو هاوشێوەی لاشەی منارەکە، بەزییەکەی بریتییە لە (٢,٧٣ م) و لە (٢٩) چین خشت بە شێوەی ئاسۆیی و نیو چین خشت بە شێوەی ستونی پێکهاتووە، و بە هەمان شێوەی بەشی یەکەمی بنکەکە خاڵییە لە نەخش و نیگار[٣٦٤]، (بڕوانە وێنەی ژمارە ٥٧/ أ).

- **دەروازە – دەرگا:**

منارەکە لە ڕابردوودا پێش ئەوەی دابەزێنرێتە ئاستی حەوشەی مزگەوتەکە دوو دەرگای هەبووە، دەرگایەکی سەرەکی لەسەر بانی مزگەوتەکە و دەرگایەکی بچوک بۆ چوونە سەر بالکۆنی منارەکە (بڕوانە وێنەکانی ژمارە ٥٣/ب،جـ)، بەڵام لە ئێستادا تەنها یەک دەرگای هەیە ئەویش دەرگای بالکۆنی منارەکەیە، واتە دەرگای سەرەکی منارەکە لە ڕابردوودا گیراوە و هیچ دەرگایەکی تری بۆ دروست نەکراوە لە بنکەکەیدا، و کەسێک بیەوێت بچێتە ناو منارەکە دەبێت بچێتە سەر بانی مزگەوتەکە و لەوێوە بەهۆی پلیکانەیەکی لە ئاسن دروستکراو کە بانی مزگەوتەکەی گەیاندووە بە بالکۆنی منارەکە بچێتە ناو

---

[٣٦٢] سەردانی مەیدانی: پێنجشەممە – ٢٠٢٢/١/٦ز، کات: ١٢:٣٠ پاش نیوەڕۆ.

[٣٦٣] سەردانی مەیدانی: پێنجشەممە – ٢٠٢٢/١/٦ز، کات: ١٢:٣٠ پاش نیوەڕۆ.

[٣٦٤] سەردانی مەیدانی: پێنجشەممە – ٢٠٢٢/١/٦ز، کات: ١٢:٣٠ پاش نیوەڕۆ.

بالكۆنەكە و لەویشەوە لە ڕێی دەرگایەكی لاكێشەییەوە بچێتە بەشی ناوەوەی منارەكە، پێوانەی ئەم دەرگایە بریتییە لە بەرزی (١,٣٥ م) و پانی (٨٠ سم) و كۆتایی هاتووە بە كەوانێكی نیوە بازنەیی و بەردەوام كراوەیە، واتە لە هیچ ماددەیەک دەرگایەكی بۆ دروستنەكراوە تاوەكوو دابخرێت و بەشی ناوەوەی بپارێزێت لە كاریگەرییەكانی ئاو و هەوا و زەرەر و زیانی باڵندە و ... تاد[٣٦٥]، (بڕوانە وێنەی ژمارە ٥٧/ ب).

- **پلیكانە:**

هاوشێوەی منارە لولەییەكانی تر ئەم منارەیەش بە هەمان شێوە پلیكانەیەكی لولپێچی هەیە، بە ئاڕاستەی پێچەوانەی میلی كاتژمێر، واتە لە ڕاستەوە دەست پێ دەكەن بۆ چەپ، لە ڕێگەی ئەم پلیكانانەوە دەتوانیت بگەیتە بەشی خوارەوە و سەرەوەی منارەكە، شێوەی پلیكانەكان سێ گۆشەیین و پێوانەیان بریتییە لە پانی (١٠×٣٤ سم) و درێژی (٥٧ سم) و بەرزی (٢٥ سم)، و ژمارەیان (٤٦) پلیكانەیە، ئەوەی جێگەی تێڕامان و سەرنجە ئەوەیە كە لە نیوەی دووەمی منارەكەوە تاوەكوو ناو گومەزەكەی پلیكانەكانی نەماون، یاخود پلیكانەی نەبووە و دواتر بە ئاسن بۆی دروستكراون (بڕوانە وێنەی ژمارە ٥٨)، ئەمەش یەكێكە لەو هەڵە باوانەی كە بە هۆكاری نەشارەزایی یاخود گوێنەدان و بایەخنەدان بە پاراستنی مۆركی ڕەسەنی شوێنەوارەكان و كەلەپووری نەتەوەیی بەم شێوەیە سیمایان وردە وردە دەگۆڕێت و بە سەردەمی دەكرێن، لە نۆژەنكردنەوەی بیناسازیی شوێنەواری و كەلەپووریدا چەندە گرنگە پاراستن و چاككردنەوە (الصیانة والترمیم) زۆر لەوە زیاتر گرنگە ئەو پاراستن و چاككردنەوەیە لەسەر بنچینەی زانستی و شوێنەواری و دێرینییان بێت و مۆركی ڕاستەقینەیان نەگۆڕێت[٣٦٦].

- **لاشە (بدن):**

لە ئەنجامی نۆژەنكردنەوەكانەوە هەندێ گۆڕانكاری لە منارەكەدا ئەنجام دراون، بە شێوەیەكی گشتی شێوەی منارەكە لولەییە و لە ناوەڕاستیدا بالكۆنێک دروست كراوە بۆ بانگدان، چونكە پێش پێشكەوتنی تەكنەلۆجیا و داهێنانی بڵندگۆ، بانگبێژەكان دەچوونە سەر بالكۆنی منارەكان و بانگیان دەدا، بۆ ئەوەی مەودایەكی باش دەنگیان بڕوات، و نوێژخوێنان گوێبیستی بن و بەرەو مزگەوت هەنگاو بنێن بۆ ئەنجامدانی نوێژە بەكۆمەڵەكانیان. لاشەی منارەكە لەسەرەتایەوە بەراورد بە كۆتاییەكەی چێوەی گەورەترە و ئەستورترە، ئەمەش بۆ ئەوەی لە ڕووی بیناسازییەوە بەهێزتر بێت و بەرگەی مانەوەی زیاتر بگرێت، وەكوو لە یەكێک لە وێنە كۆنەكانیدا دەردەكەوێت لە لاشەی منارەكەدا پەنجەرەیەک هەبووە، بە دیاریكراوی نازانین هەر ئەو پەنجەرەیە یان زیاتر بوون، چونكە لە بیناسازیی نوێی منارەكەدا ئەم پەنجەرانە گیراون و نەماون و لە وێنە كۆنەكانیشدا تەنها ئەو پەنجەرەیە دەركەوتووە[٣٦٧].

---

[٣٦٥] سەردانی مەیدانی: پێنجشەممە – ٢٠٢١/١٠/٢٨ز، كات: ٠١:٣٠ پاش نیوەڕۆ.

[٣٦٦] سەردانی مەیدانی: پێنجشەممە – ٢٠٢١/١٠/٢٨ز، كات: ٠١:٣٠ پاش نیوەڕۆ.

[٣٦٧] سەردانی مەیدانی: پێنجشەممە – ٢٠٢٢/١/٦ز، كات: ١٢:٣٠ پاش نیوەڕۆ.

لە ڕووی نەخش و نیگاریشەوە لاشەی منارەکە بە گشتی جگە لە دروستکردنی نەخشێکی (زیکزاکی) لەژێر بالکۆنی منارەکە سادەیە، بەڵام لە چەند وێنەیەکی ساڵانی شەست و حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو دەردەکەوێت کە بنکەو لاشەی منارەکە تێکڕا ڕەنگ کراوە بە ڕەنگی (پیرۆزەیی)، و بالکۆن و گومەزەکەشی بە ڕەنگی سەوز، (بڕوانە وێنەی ژمارە ٥٩).

لە بیناسازیی نوێشیدا جگە لەو نەخشە زیکزاکییەی ئاماژەمان پێ دا، هیچ نەخش و نیگارێکی تری بۆ دروست نەکراوە، و بە هیچ ڕەنگێک ڕووپۆش نەکراوە، پێش بالکۆنی منارەکە چینێک خشتی نیوە بە ستونی دانراون، پاشان بە چوار چین خشت نەخشێکی زیکزاکی دروستکراوە، پاشان بە چینێکی تر خشتی نیوە لەسەر باری ستونی دانراون، پاشان دوو چین خشت بە شێوەی ئاسۆیی بە بازنەیی دانراون، و لەسەروو ئەوانیشەوە ڕاستەوخۆ لە ژێر بالکۆنی منارەکەدا بەشی یەکەمی لاشەکە کۆتایی هاتووە بە چینێک خشتی ستونی، مەبەست لە دانانی ئەم خشتانە بەم شێوەیە ڕازاندنەوەی لاشەی منارەکەیە، (بڕوانە وێنەی ژمارە ٦٠)، بەزری ئەم بەشە تاوەکوو بالکۆنی منارەکە بریتییە لە (٦.٤٠ م)، و لە (٦٤) چین خشتی ئاسۆیی و سێ چین خشتی نیوە و چینێک خشتی ستونی پێکهاتووە[٣٦٨].

بەشی دووەمی لاشەی منارەکەش کە لە بالکۆنی منارەکەیەوە دەست پێ دەکات بۆ گومەزەکە، بەزرییەکەی بریتییە لە (٥ م) و لە (٥٠) چین خشتی ئاسۆیی و دوو چین خشتی نیوەو یەک چین خشتی ستونی پێکهاتووە، وەکوو پێشتر لە باسی دەرگای منارەکەدا ئاماژەمان پێ دا ئەم منارەیە لە بیناسازیی ئێستایدا تەنها یەک دەرگای هەیە و دەکەوێتە ئەم بەشەی منارەکەوە لەسەر بالکۆنەکە، بە هەمان شێوەی بەشی یەکەمی لاشەی منارەکە لە کۆتایی ئەم بەشەشدا پێش گومەزەکە نەخشێکی زیکزاکی بە سێ چین خشت دروستکراوە و بە دوو چین خشتی تر لە سەر و خوارییەوە جیاکراوەتەوە، پاشان دوو چین خشتی ئاسۆیی دانراون، لە سەروو ئەوانیشەوە چینێک خشتی ستونی دانراون بە شێوەی لولەیی، پاش ئەو چینەش سێ چینی تر خشتی ئاسۆیی دانراون و بە کاشی ڕەنگ سەوز ڕووپۆشکراون، بەم سێ چین خشتە ڕووپۆشکراوە گومەزی منارەکە دەست پێ دەکات[٣٦٩]، (بڕوانە وێنەی ژمارە ٦١).

لە سەروو نەخشە زیکزاکییەکەوە سێ چین خشتی ئاسۆیی ڕووپۆشکراو بە کاشی سیرامیکی ڕەنگ سەوز هەن، لە سەرووی ئەوانیشەوە لەناو پشتێنەیەکی ڕەنگ شیندا بە خەتی (الثلث) بە ڕەنگی سپی سوورەتی (الإخلاص) نەخشکراوە، بەم شێوەیە: بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ﴿ قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ۝١ ٱللَّهُ ٱلصَّمَدُ ۝٢ لَمۡ يَلِدۡ وَلَمۡ يُولَدۡ ۝٣ وَلَمۡ يَكُن لَّهُۥ كُفُوًا أَحَدُۢ ۝٤ ﴾ صَدَقَ ٱللَّهُ ٱلۡعَظِيمِ[٣٧٠].

[٣٦٨] سەردانی مەیدانی: پێنجشەممە - ٢٠٢٢/١/٦ز، کات: ١٢:٣٠ پاش نیوەڕۆ.

[٣٦٩] سەردانی مەیدانی: پێنجشەممە - ٢٠٢١/١٠/٢٨ز، کات: ٠١:٣٠ پاش نیوەڕۆ.

[٣٧٠] سەردانی مەیدانی: پێنجشەممە - ٢٠٢١/١٠/٢٨ز، کات: ٠١:٣٠ پاش نیوەڕۆ.

- **بالكۆن (شرفة):**

منارەکە تەنها یەک بالکۆنی هەیە و دەکەوێتە کەمێک سەروو ناوەڕاستی لاشەی منارەکەوە، ئەو گۆڕانکارییە بیناسازییانەی کە لە ئەنجامی نوێکردنەوەکانی مزگەوت و منارەکەوە ئەنجامدراون زیاتر لەم بالکۆنەدا بەرچاودەکەون بەراورد بە ڕەگەزەکانی تری بیناسازیی منارەکە، بە پشت بەستن بە وێنە کۆنەکانی منارەکە دەردەکەوێت کە لە سەرەتادا بالکۆنێکی زۆر جوانی هەبووە و بە نەخش و نیگاری جۆراوجۆر و موقەرنەسات ڕازێندراوەتەوە، (بڕوانە وێنەی ژمارە ٥٣/أ)، هاوشێوەی بیناسازیی ئەم منارەیە لە شاری بەغداد بەرچاو دەکەوێت، ئەمەش بە هۆکاری ئەوەی تەرزێکی باوی سەردەمی عوسمانییەکان و پاش ئەوانیش بووە، لەوانە منارەی (جامع مرجان) لە شەقامی (الرشید) کە لە ساڵی (٧٥٨ک/١٣٥٦ز) دروستکراوە لە سەردەمی فەرمانڕەوایی ئیلخانییەکان[٣٧١]، (بڕوانە وێنەی ژمارە ٣٢/ أ)، بەڵام لە ئەنجامی نۆژەنکردنەوەی دواتری منارەکەوە بیناسازیی ئەم بالکۆنە بە تەواوەتی گۆڕاوە، و لە وێنەیەکی ساڵی (١٣٧١ک/١٩٥٢ز)دا دەردەکەوێت لە ئاسن بالکۆنەکە دروستکراوەتەوە، هۆکاری ئەم گۆڕانکارییە نازانین ئایا بالکۆنی منارەکە تووشی داڕووخان بووە و پاشان بەم شێوەیە دروستکراوەتەوە، یاخود نەخێر لە ئەنجامی نۆژەنکردنەوەی هەڵەوە دەستکاری کراوە و گۆڕاوە!؟ (بڕوانە وێنەی ژمارە ٥٣/ ب).

لە نۆژەنکردنەوەکانی دواتردا کە پێدەچێت لە نۆژەنکردنەوەی ساڵانی کۆتایی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا بووبێت شێوەی بالکۆنەکە جارێکی تر دەستکاری کراوە و کراوەتە خشت، و لە ئێستاشدا تێکڕای بالکۆنەکە لە خشت دروستکراوە، و ڕازێندراوەتەوە بە نەخش و نیگاری ڕووەکی و نووسین، بەشی ژێرەوەی بالکۆنەکە ڕووپۆشکراوە بە کاشی سیرامیکی ڕەنگی سەوز، و دیوارەکەشی لە ڕووی دەرەوە لەناو پشتێنەیەکی شیندا کە کەوتۆتە نێوان دوو پشتێنەی تری بچوکی ڕەنگ شینی ئاسمانی ڕازێندراوە بە گوڵی بچوک بچوک بە دەوری چێوەی بالکۆنەکەدا سوڕاوەتەوە بە ڕەنگی سپی و بە خەتی (الثلث) ئایەتی (٢)ی سوورەتی (الأنفال) نەخشکراوە، بەم شێوەیە: بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ﴿ إِنَّمَا ٱلْمُؤْمِنُونَ ٱلَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ ٱللَّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ وَإِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتُهُۥ زَادَتْهُمْ إِيمَٰنًا وَعَلَىٰ رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ ٢ ﴾ صَدَقَ ٱللَّهُ ٱلْعَظِيمِ[٣٧٢]، (بڕوانە وێنەی ژمارە ٦٢).

- **گومەز (کڵاوە):**

لە سەروی ئەو سوورەتەی ئاماژەمان پێ دا، کە دەکەوێتە بەشی کۆتایی لاشەی منارەکە سێ ڕیزی تر کاشی ئاسۆیی بە هەمان شێوە ڕووپۆشکراون بە کاشی ڕەنگ سەوز و لە سەروویانەوە گومەزی منارەکە دەست پێ دەکات، کە شێوەیەکی پیازی (بصلي) هەیە و دروستکراوە لە خشت و بە هەمان شێوە ڕووپۆشکراوە بە کاشی ڕەنگ سەوز و بەرزییەکەی نزیکەی (١,٣٠ م)ە. گومەزی منارەکە کۆتایی

---

[٣٧١] محمود، نوال ناظم: *مقارنة بين عمارة المدرسة الشرابية (٦٢٨هـ/١٢٣٠م) والمدرسة المرجانية (٧٥٨هـ/١٣٥٨م)*، دراسات في آثار الوطن العربي، م ١٨، العدد ١٨، ٢٠١٥ م، ص: ١٤٢٢.

[٣٧٢] سەردانی مەیدانی: پێنجشەممە – ٢٠٢٢/١/٦ز، کات: ١٢:٣٠ پاش نیوەڕۆ.

هاتووە بە نیوە مانگێک کە بە واتای بەرزبوونەوەی ڕۆحی و گەیشتنە ئاسمان هاتووە لە بیری سۆفیدا، بیرۆکەی دروستکردنی نیوە مانگ لە کۆتایی گومەز و منارەکاندا لە شارستانییەتی ئیسلامیدا دەگەڕێتەوە بۆ بیری بیناسازێکی بەتوانای سەردەمی عوسمانییەکان بە ناوی (سینان) کە سەرۆکی بیناسازانی دەوڵەتی عوسمانی بووە، و لە ماوەی تەمەنیدا سەرپەرشتی نزیکەی (٥٠٠ - ١٠٠٠) مزگەوتی کردووە، یەکێک لە مەبەستەکانی دروستکردنی بریتی بووە لە چاوساغی کەسانی ڕێبوار و نەشارەزا چونکە ڕوویان کراوەتە ڕووگە، ئەو کەسەی ڕێی دەکەوتە ئەو ناوچەیە بە ئاڕاستەی نیوە مانگی سەر گومەز و منارەکان ئاڕاستەی ڕووگەی دەزانی و نوێژی خۆی دەکرد، بەبێ ئەوەی پرسیار لە کەس بکات، هەرچەندە لە بیناسازیی ئێستای مزگەوتەکاندا بە کەمی ئەوە ڕەچاو دەکرێت، بەڵکو زیاتر بۆ جوانکاری یان واتای بەرزبوونەوەی ڕۆحی بۆ ئاسمانەکان لە کاتی نوێژەکاندا[٣٧٣]، (بڕوانە وێنەی ژمارە ٦٣).

**١-٣/ نۆژەنکردنەوەکانی منارەکە:**

منارەکە لە دوای دروستکردنییەوە چەندان جار نۆژەنکراوەتەوە، لە ئەنجامی هەندێک لەو نۆژەنکردنەوانەوە گۆڕانکاری لە شێوازی پێکهاتەکانیشیدا کراوە هەروەکوو لە وێنە کۆنەکانیدا بەرچاودەکەوێت، پێشتر لە نۆژەنکردنەوەی مزگەوتی گەورەدا ئاماژەمان پێکرد کە لە ساڵانی (١٩٤٠، ١٩٥٠، ١٩٦٨، ١٩٧٠) بینای مزگەوتەکە نۆژەنکراوەتەوە و فراوان کراوە[٣٧٤]، کۆتا جاریش کە نۆژەنکراوەتەوە لە ساڵی (٢٠٠٧-٢٠٠٨ز) بووە بە فەرمانی سەرۆک کۆماری ئەوکاتی عێراق (جەلال تاڵەبانی) کە هەموو بەشەکانی مزگەوتەکەی گرتووەتەوە[٣٧٥].

بێگومان پێش ئەو ساڵانەش نۆژەنکراوەتەوە، بەڵام ئەوەندەی لە سەرچاوەکاندا ئاماژەی پێکرابێت ئەو ساڵانەیە، گومانی تێدا نییە هاوشێوەی پێکهاتە بیناسازییەکانی تری مزگەوتەکە ئەم منارەیەش نۆژەنکراوەتەوە، هەرچەندە هەندێک لە نۆژەنکردنەوەکانی نازانستی بوون و بوونەتە هۆکاری دروستکردنی گۆڕانکاری لە ڕەگەزەکانی منارەکەدا، لە نۆژەنکردنەوەکانی ئەم دوایەشیدا کە بیناسازیی مزگەوتەکە بە تەواوەتی ڕووخێنراوە و سەر لە نوێ بنیاتنراوەتەوە، منارەکەی لەسەر ئاستی بانی مزگەوتەکەوە دابەزێنراوەتە ئاستی حەوشەکەی[٣٧٦].

---

[٣٧٣] مناور سليمان: الحقيقة أن وضع قطعة نحاسية أو معدنية على شكل هلال أعلى المسجد هي رمز له معنى وله أصل: https://twitter.com/mnaw٧/status/١٠٢٧٢٤١٣٦١٨٤٤٧١٩٦١٦/photo/١

محمد مزيد: لماذا يوضع الهلال على رأس المآذن.

https://www.fekera.com/٩٧٥٠٥/%D٪٨٤٪٩D٪٨٥٪٩D٪٨A٪٧D٪٨B٪٠D٪٨A٧-%D٨٪٩A%D% ٨٨٪٩D٪٨B ٪٦D٪٨ B٩-%D٪٨A٪٧D٪٨٤٪٩D٪٨٧٪٩D٪٨٤٪٩D٪٨A٪٧D٨٤٪٩-%D٪٨B٪٩D٪٨٤٪٩D٨٩٪٩-%D٪٨B ١ %D٪٨A٪٣ D% ٨B٣-%D٪٨A٪٧D٪٨٤٪٩D٪٨٥٪٩D٪٨A٪٢D٪٨B٪٠D/٨٦٪٩

[٣٧٤] سەید قادر: سەرچاوەی پێشوو، ل:٦٢.

[٣٧٥] الحفيد: المرجع السابق، ص: ٥٠.

[٣٧٦] حسین، موحەممەد، لە دایک بووی (١٩٨٦ز)، پێشنوێژی مزگەوتی گەورەی سلێمانی، چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆ، پێنجشەممە ٢٠٢٢/٨/٤ز، کات: ٥:٣٠ سەر لە ئێوارە.

**٢/ منارە چوار لاییەکە.**

**٢-١/ ناو و شوێن و مێژووی منارەکە.**

- **ناوی منارەکە:**

هاوشێوەی منارەی یەکەمی مزگەوتەکە ناوێکی تایبەتی نییە، بەڵکو هاوشان لەگەڵ منارەکەی تری مزگەوتەکە پێیان دەوترێت (منارەکانی مزگەوتی گەورەی سلێمانی) یاخود (منارەکانی مزگەوتی کاک ئەحمەدی شێخ)، ئەگەر کەسێکیش بۆ جیاوازی لەگەڵ منارەکەی تری مزگەوتەکە کە مێژووەکەی کۆنترە باسی ئەم منارەیە بکات تەنها مەگەر بڵێت (منارە بەرزەکە) یاخود منارە چوار لاییەکە، یاخود منارە نوێیەکەیان ئەگەر شارەزای مێژووی شاری سلێمانی و مزگەوتەکە بێت، ئەمەش تەنها لە حاڵەتی جیاوازیدا نەک ناوێکی تایبەتی لێی نرا بێت و پێی بناسرێتەوە، هاوشێوەی منارەکانی: (ئامێدی، چۆڵی، خورماڵ و ... تاد) کە بە ناوهێنانیان دەناسرێنەوە.

- **شوێنی منارەکە:**

هاوشێوەی منارەی یەکەم دەکەوێتە حەوشەی بەردەم مزگەوتەکە لە گۆشەی باکووری خۆرئاوادا، نزیکەی (١,٣٠ م) لە دیواری ڕووگەی مزگەوتەکەوە دوورە، و دەکەوێتە بەشی ڕاستی دەرگای سەرەکی مزگەوتەکەوە و تەنها دیواری جیاکەرەوەی سنووری مزگەوتەکە جیای کردووەتەوە لە شەقامی گشتی بەردەم مزگەوتە و ڕووی کردووەتە بینای (کاسۆ مۆڵ)[٣٧٧].

- **مێژووی منارەکە:**

تاوەکوو کۆتایی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو بیناسازیی مزگەوتی گەورەی سلێمانی سادە و لە گڵ دروستکراو بووە و تاکە منارەیەکی هەبووە، لە کۆتایی پەنجاکاندا مزگەوتەکە بە تەواوەتی ڕووخێنراوە و بە خشت جارێکی تر بنیاتنراوەتەوە و منارەیەکی تری شێوە چوارلایی بەرزی بۆ دروستکراوە، لە قاڵبی چیمەنتۆ و ڕووپۆشکراوە بە خشت، بۆ ئەوەی بچێتەوە سەر بیناسازیی مزگەوت و منارەکەی تر کە لە خشت دروستکراون، دروستکردنەوەی دووبارەی مزگەوت و منارەکانی لەلایەن چەند وەستایەکی شارازا و دەست ڕەنگینی خەڵکی نەجەفەوە بووە، و تاوەکوو ساڵی (١٣٨٤ک/١٩٦٤ز) خایاندووە[٣٧٨].

---

[٣٧٧] سەردانی مەیدانی: پێنجشەممە - ٢٠٢١/١٠/٢٨ز، کات: ٠١:٣٠ پاش نیوەڕۆ.

[٣٧٨] حسین، موحەممەد، لە دایک بووی (١٩٨٦ز)، پێشنوێژی مزگەوتی گەورەی سلێمانی، چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆ، پێنجشەممە ٢٠٢٢/٨/٤ز، کات: ٥:٣٠ سەر لە ئێوارە.

## ٢-٢/ ڕەگەزە بیناسازییەکانی منارەکە.

- **وەسفی منارەکە:**

یەکێکە لە منارە کەلەپوورییەکان، و مێژووی دروستکردنی لە چاو منارەی یەکەم نوێترە، و تەرزی بیناسازیی چوارلاییە هاوشێوەی منارەکانی مەغریب و ئەندەلوس، ئەوەی جیای دەکاتەوە لەو منارانە ئەوەیە تا سەرەوە بە یەک پێوانە دروستکراوە کۆتایی هاتووە بە گومەزێک، منارەکانی مەغریب و ئەندەلوس تا سەرەوە یەک پێوانە نین و شێوە گومەزێکی دیاریکراویشیان نییە، واتە دەکرێت بڵێین ئەم منارەیەش لە ژێر کاریگەری تەرزی ئەو جۆرە منارانە دروستکرابێت بە هەندێک جیاوازییەوە، یاخود نزیک لە شێوازی بیناسازیی تاوەری کڵێساکاندا دروستکرابێت، یاخود نەخێر هیچ مەبەستێکی دیارکراو و چاولێکراو لە پشتییەوە نەبووە و تەنها ویستراوە جیاواز بێت لە منارەکانی تری ناوچەکە، بەرزی تێکڕا منارەکە بریتییە لە (٣٢,٦٠ م)[٣٧٩].

تەرزی بیناسازیی ئەم منارەیە جیاوازە لە سەرجەم ئەو نمونانەی تر وەرمان گرتوون، چ شوێنەوارییەکان و چ کەلەپوورییەکان بەوەی کە چوارلاییە، دەتوانین بڵێین یەکەم نمونەی منارەیە لە کوردستاندا بەو شێوەیە دروستبکرێت، و پاشان لە ناوچەکانی تر چاوی لێبکرێت، جگە لەوە لە چەند خاڵێکی تردا جیاوازە[٣٨٠]، لەوانە:

- بنکەی نییە.
- پلیکانەکانی لە ماددەی چیمەنتۆ دروستکراون و وەکوو پلیکانەی منارەکانی تر لوولپێچی نین، بەڵکو هاوشێوەی لاشەی منارەکە بە شێوەی چوار لایی دەسوڕێنەوە بە دەوری ستونی منارەکەدا.
- بالکۆنی منارەکە چوارلاییە و درێژی هەموو لاکانی یەکسانە.
- چێوەی لاشەی منارەکە لە دەستپێکەوە تاوەکوو گومەزەکەی یەک پێوانەیە و کەم ناکات، ئەمەش پێچەوانەی منارەکانی ترە کە تاوەکوو بەرز بووبێتنەوە چێوەکەیان کەمی کردووە و تەسک بووەتەوە.
- لە بەشی ناوەوەیدا تاوەکوو گومەزەکەی چەند قاڵبێکی چیمەنتۆی بۆ دروستکراوە، لە پێناو بەهێزکردنی منارەکە و مانەوەی بۆ ساڵانێکی زۆر.
- بە درێژایی بەرزی لاشەی منارەکە لە هەرچوار لایەوە پەنجەرەی بۆ دروستکراوە لە ئاسن و بە شوشەی ڕەنگاوڕەنگ ڕووپۆشکراون، بە مەبەستی ڕووناکی و ڕازاندنەوەی ڕووی دەرەوەی[٣٨١]:

- **بنکە:**

ئەم منارەیە بەبێ بنکە دروستکراوە ڕاستەوخۆ لە حەوشەی مزگەوتەکەدا، لەسەر شێوە و شکڵێکی چوارلایی دەست پێ دەکات تاوەکوو کۆتاییەکەی کە گومەزێکە بە هەمان شێوە و پێوانە ماوەتەوە.

---

[٣٧٩] سەردانی مەیدانی: پێنجشەممە – ٢٠٢١/١٠/٢٨ز، کات: ٠١:٣٠ پاش نیوەڕۆ.

[٣٨٠] سەردانی مەیدانی: پێنجشەممە – ٢٠٢١/١٠/٢٨ز، کات: ٠١:٣٠ پاش نیوەڕۆ.

[٣٨١] سەردانی مەیدانی: پێنجشەممە – ٢٠٢١/١٠/٢٨ز، کات: ٠١:٣٠ پاش نیوەڕۆ.

- **دەروازە - دەرگا:**

تێکڕا منارەکە سێ دەرگای هەیە، دەرگایەکی سەرەکی لە خوارەوە بۆ سەرکەوتن و دەرگایەک لە ئاست سەربانی مزگەوتەکە و دەرگایەک بۆ چوونە ناو بالکۆنی منارەکە، هەر سێ دەرگاکەش ڕوویان کردووەتەوە مزگەوتەکە و هاوشێوەی پەنجەرەکانی لە ئاسن دروستکراون و بە شوشەی ڕەنگاوڕەنگ ڕووپۆشکراون[٣٨٢].

دەرگای یەکەم کە دەرگای سەرەکییە و لە ئاست حەوشەی مزگەوتەکەدایە، پێوانەی بریتییە لە بەرزی (٧٣ سم) و پانی (٨١ سم)، دەرگای دووەم دەکەوێتە ئاستی سەربانی مزگەوتەکە و لێیەوە لە ڕێی پەڕینەوەیەکی (پردێک) لە ئاسن دروستکراوەوە دەچیتە سەر بانی مزگەوتەکە و پێوانەکەی بریتییە لە بەرزی (٢,١٠ م) و پانی (٧٧ سم)، دەرگای سێیەمیش دەکەوێتە ئاستی بالکۆنی منارەکە و پێوانەکەی بریتییە لە بەرزی (١,٨٦ م) و پانی (٧٠ سم)[٣٨٣]، (بڕوانە وێنەی ژمارە ٦٤).

- **پلیکانە:**

منارەکە لە بەشی ناوەوە پلیکانەیەکی هەیە، ئەوەی جیاواز بێت لە پلیکانەکانی ئەم منارەیەدا هاوشێوەی لاشەی منارەکە پلیکانەکانیشی بە شێوەی چوارلایی دەسوڕێنەوە بە دەوری چەقی منارەکەدا کە لە خشت دروستکراوە و چوارلاییە، و سێ جۆرن[٣٨٤]:

یەکەم/ پلیکانەی گۆشەکان (ڕوکنەکان) کە لێیانەوە سوڕانەوە دەست پێدەکات، چوارگۆشەیین و گەورەترن لە دوو جۆرەکەی تریان و پێوانەیان بریتییە لە (٧٨×٧٨ سم)[٣٨٥].

دووەم/ جۆری دووەم لە پلیکانەکان لاکێشەیین و دەکەونە نێوان پلیکانە چوارگۆشەییەکان و ژمارەیان زیاترە لە دوو جۆرەکەی تر، پێوانەیان بریتیە لە درێژی (٧٣ سم) و پانی (٣٣ سم)[٣٨٦].

سێیەم/ جۆری سێیەمیان بریتین لە پلیکانەکانی ناو گومەزی منارەکە و شێوە لەپزینەیین (شبە منحرف - Trapezium)، پێوانەیان بریتیە لە درێژی (٩١ سم) و پانی (١٦×٤٧ سم)، و ژمارەیان (٧) پلیکانەیە و کۆتا دانەیان لەوانی تری ناو گومەزەکە گەورەترە، بە پێوانەی درێژی (٥٥ سم) و پانی (٢٤×٥٧ سم)[٣٨٧].

پلیکانەکان بە جۆرێک بینا کراون کە سێ پلیکانەی لاکێشەیی دەبڕێت و دەگەیتە پلیکانەی چوارگۆشەیی لە گۆشەکان، دووبارە سێ پلیکانەی لاکێشەیی دەبڕێت و دەگەیتە پلیکانەیەکی تری

[٣٨٢] سەردانی مەیدانی: پێنجشەممە - ٢٠٢١/١٠/٢٨ز، کات: ٠١:٣٠ پاش نیوەڕۆ.
[٣٨٣] سەردانی مەیدانی: پێنجشەممە - ٢٠٢١/١٠/٢٨ز، کات: ٠١:٣٠ پاش نیوەڕۆ.
[٣٨٤] سەردانی مەیدانی: پێنجشەممە - ٢٠٢١/١٠/٢٨ز، کات: ٠١:٣٠ پاش نیوەڕۆ.
[٣٨٥] سەردانی مەیدانی: پێنجشەممە - ٢٠٢١/١٠/٢٨ز، کات: ٠١:٣٠ پاش نیوەڕۆ.
[٣٨٦] سەردانی مەیدانی: پێنجشەممە - ٢٠٢١/١٠/٢٨ز، کات: ٠١:٣٠ پاش نیوەڕۆ.
[٣٨٧] سەردانی مەیدانی: پێنجشەممە - ٢٠٢١/١٠/٢٨ز، کات: ٠١:٣٠ پاش نیوەڕۆ.

چوارگۆشەیی، ئەمە دووبارە دەبێتە تاوەکوو ناو گومەزی منارەکە، کە شێوەی پلیکانەکان دەگۆڕدرێت بۆ شێوە لەبزینەیی[٣٨٨].

ژمارەی سەرجەم پلیکانەکان بریتین لە (١٤٢) دانە، (١٠٢) دانەی لاکێشەیی و (٣٣) دانەی چوارگۆشەیی لە گۆشەکان و (٧) دانەی لەبزینەیی ناو گومەزەکەی، سەرجەمیان بە قاڵبی چیمەنتۆ و شیشی ئاسن دروستکراون زۆر بە بەهێزی[٣٨٩]، (بڕوانە وێنەکانی ژمارە ٦٥/أ،ب).

- **لاشە (بدن):**

لاشەی منارەکە بریتییە لە چوارلایەکی یەکسانی سادە دروستکراو لە قاڵبی کۆنکرێتی و ڕووپووشکراو بە خشت بە بێ نەخش و نیگار، پانی هەر لایەکی بریتییە لە (٣،٨٥ م) و (١٢،٥) خشت و نیو بەکارهاتووە لە هەر چینێکدا، چێوەکەی بریتییە لە (١٥،٤٠ م)، لە هەر لایەکی لاشەکەدا پەنجەرەیەکی ئاسنی لاکێشەیی دروستکراوە بە درێژایی لاشەی منارەکە، پانی ئەم پەنجەرەیە بریتییە لە (٧٣ سم)، و لە ڕووی ناوەوەی بە شوشەی ڕەنگاوڕەنگ گیراوە، و هۆکارە بۆ ڕووناککردنەوەی بەشی ناوەوەی منارەکە و دیمەنێکی جوانیشی بەخشیووە بە ڕووی دەرەوەی[٣٩٠]، (بڕوانە وێنەی ژمارە ٦٦).

لەژێر بالکۆنی منارەکەدا و بە هەر چوارلای لاشەکەدا لە ناو پشتێنەیەکی شینی لاکێشەییدا بە خەتێکی ڕەنگ سپی جۆری (الثلث) لەناو چوارچێوەیەکی ئەندازەیی ڕەنگ شین و سەوزدا نووسراوە (لا اله الا الله محمد رسول الله – الله اكبر)، ئەم نووسینە بە هەمان شێوە و شکڵ و لە یەک ئاستدا دووبارە بووەتەوە لە هەر چوارلای لاشەکەدا، پانییەکەی بریتییە لە (٦٠ سم) و درێژیشی بە ئەندازەی پانی هەر لایەکی لاشەکەیە[٣٩١]، (بڕوانە وێنەی ژمارە ٦٧/ أ).

بەرزی لاشەی منارەکە تاوەکوو بالکۆنەکەی بریتییە لە (٢١ م)، و لە بالکۆنەکەشەوە تاوەکوو گومەزەکەی بریتییە لە (٨،١٠ م)، واتە تێکڕا لاشەی منارەکە بریتییە لە (٢٩،١٠ م)[٣٩٢].

لە بەشی ناوەوەی لاشەی منارەکەدا لە هەر سوڕانەوەیەکدا یاخود لە هەر چەند مەترێکدا قاڵبێکی چیمەنتۆی زۆر بەهێز دروستکراوە کە تەواوی چێوەی لاشەی منارەکەی گرتووەتەوە لەسەر ئاستی ئاسۆیی، ئەمەش بە مەبەستی دروستکردنی هاوسەنگی و بەهێزکردنی دیواری لاشەی منارەکە و مانەوەی بووە بۆ ساڵانێکی زۆر، پێوانەی ئەم قاڵبە بریتییە لە پانی (٢٨ سم) و بەرزی (٢٩ سم) و درێژی بە ئەندازەی درێژی هەر لایەکی لاشەکەیە، لە نێوان قاڵبێک و دانەیەکی تردا دیوار کراوە بە خشت، پێوانەی خشتەکان بریتییە لە بەرزی (١٠سم) و درێژی (٢٦ سم)، (بڕوانە وێنەی ژمارە ٦٧/ ب).

---

[٣٨٨] سەردانی مەیدانی: پێنجشەممە – ٢٠٢١/١٠/٢٨ز، کات: ٠١:٣٠ پاش نیوەڕۆ.

[٣٨٩] سەردانی مەیدانی: پێنجشەممە – ٢٠٢١/١٠/٢٨ز، کات: ٠١:٣٠ پاش نیوەڕۆ.

[٣٩٠] سەردانی مەیدانی: پێنجشەممە – ٢٠٢١/١٠/٢٨ز، کات: ٠١:٣٠ پاش نیوەڕۆ.

[٣٩١] سەردانی مەیدانی: پێنجشەممە – ٢٠٢١/١٠/٢٨ز، کات: ٠١:٣٠ پاش نیوەڕۆ.

[٣٩٢] سەردانی مەیدانی: دووشەممە – ٢٠٢،١/١١/٢٩ز، کات: ٠٢:٠٠ پاش عەسر.

هەروەها بە بەرزی باڵای منارەکە قاڵبێکی تر لە بەشی ناوەوە دروستکراوە لە چیمەنتۆ بە ستونی، و پێوانەی بریتییە لە بەرزی (٥٢ سم) و پانی (٥٢ سم) و درێژییەکەشی بە ئەندازەی درێژی لاشەکەیەتی[٣٩٣].

- **بالکۆن (شرفة):**

منارەکە تەنها یەک بالکۆنی هەیە، و دەکەوێتە بەرزی (٢١ م)، هاوشێوەی لاشەکە چوار لاییەکی یەکسانی گەورەترە لە چێوەی لاشەکە، بە هەمان شێوەی لاشەی منارەکە دروستکراوە لە خشت و ڕووپۆشکراوە بە ڕەنگی سەوز، و سادەیە لە نەخش و نیگاردا، و ئامانج لە دروستکردنی زیاتر بۆ جوانکاری بووە[٣٩٤]، (بڕوانە وێنەی ژمارە ٦٨).

- **گومەز (کڵاوە):**

منارەکە کۆتایی هاتووە بە گومەزێکی گەورەی شێوە پیازی ڕەنگ سەوز بە بەرزی نزیکەی (٣,٥٠م)، ملێکی لولەیی هەیە، و ڕازێندراوەتەوە بە نەخش و نیگاری ڕووەکی و ئەندازەیی و نووسین لە ناو پشتێنەیەکی بازنەیی بە درێژایی چێوەی ملی گومەزەکە، نووسینەکە بریتییە لە (لا اله الا الله محمد رسول الله) بە خەتێکی سپی لەناو پشتێنەیەکی ڕەنگ شین بە خەتی (الثلث) و چوار جار دووبارە بووەتەوە و لە یەکتری جیاکراونەتەوە بە نەخش و نیگاری ڕووەکی، کە بریتین لە شەبەقە گوڵ و گەڵا و لقی ڕووەکی ڕەنگ شین و سوور و زەرد و .. تاد، هەروەها لە کۆتایی گومەزەکەشدا لەسەر سێ شێوە تۆپی بازنەیی هاوشێوەی گومەزی منارەکانی تر شێوە نیوە مانگێگ دانراوە[٣٩٥]، (بڕوانە وێنەی ژمارە ٦٩).

[٣٩٣] سەردانی مەیدانی: پێنجشەممە – ٢٠٢١/١٠/٢٨ز، کات: ٠١:٣٠ پاش نیوەڕۆ.

[٣٩٤] سەردانی مەیدانی: پێنجشەممە – ٢٠٢١/١٠/٢٨ز، کات: ٠١:٣٠ پاش نیوەڕۆ.

[٣٩٥] سەردانی مەیدانی: پێنجشەممە – ٢٠٢١/١٠/٢٨ز، کات: ٠١:٣٠ پاش نیوەڕۆ.

### تەوەرەی سێیەم: منارەی مزگەوتی خانەقای مەولانا خالید (خانەقای سلێمانی)

#### أ/ مزگەوتی خانەقای سلێمانی.

#### ١/ ناو و شوێن و مێژووی مزگەوتەکە:

خانەقای (مەولانا خالید)* یاخود (مزگەوتی خانەقا)*، یەکێکە لە مزگەوتە دێرینەکانی شاری سلێمانی، دەکەوێتە گەڕەکی (دەرگەزێن)، نزیکەی نیو کیلۆمەتر لە ناوەندی شار (بەردەکی سەرا)ـەوە دوورە بە ئاڕاستەی باشوور[٣٩٦]، دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەڵاتی شاری سلێمانییەوە[٣٩٧]، دووەم ناوەندی گرنگ و گەورەیە لە شاری سلێمانی لە دوای مزگەوتی گەورە، هەروەها بە دووەم مزگەوت دادەنرێت دوای دروستکردنی شاری سلێمانی نوێژی جومعەی تێدا ئەنجام درابێت لە ساڵی (١٣٧٥ک/١٩٥٦ز)، ئەویش دوای مزگەوتی گەورە کە بۆ یەکەمجار نوێژی جومعەی تێدا ئەنجام دراوە[٣٩٨].

---

*مەولانا خالید (١١٩٢-١٢٤١ک/ ١٧٧٨-١٨٢٦ز): ناوی تەواوی ئەبو بەها زیائەدین خالید ئەحمەد حسێن شارەزووریە، زانایەکی دیار و ڕابەر و شێخی ڕێبازی نەقشبەندی بووە، لە تیرەی میکاییلی هۆزی جاف بووە و لە شاری سلێمانی مەلایەتی کردووە، لە تەمەنی (٣٠)ساڵیدا و لە ساڵی (١٢٢٣ک/١٨٠٨ز) بۆ خوێندن سەفەری وڵاتی هیندستانی کردووە و لەوێ لە (دەلهی) لە بەردەستی شا (عەبدوڵڵای دێهلەوی) ناسراو بە (صالح غولام عەلی) خوێندوویەتی، دوای وەرگرتنی ئیجازەی ڕێبازی نەقشبەندی لە ساڵی (١٢٢٦ک/١٨١١ز) گەڕاوەتەوە عێراق و ژمارەیەکی زۆر شوێنکەوتەی بۆ خۆی پەیدا کردووە، مورید و شوێنکەوتەکانی بە خێرایی توانییان ڕێبازی نەقشبەندی لەسەر حسابی ڕێبازی قادری بڵاوبکەنەوە، تەنانەت هەندێک پێیان وایە بڵاوبوونەوەی ڕێبازی نەقشبەندی هۆکاری سەرەکی بووە لە گەشەنەکردن و تەشەنەنەکردنی ڕێبازی قادری لە کوردستان، زانایەکی گەورە و ئایینناس و ڕابەری ڕێبازی نەقشبەندی بووە لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەزاران شوێنکەوتەی هەبووە لە فارس و عەرەب و کورد زمان، جگە لەوەش شاعیر بووە و بە هەردوو زاراوەی گۆران و بابان شیعری داناوە، دیوانەکانی چەند جارێک چاپ کراون، چەندان کتێب و پەراوێزی لە زانستەکانی دین و ڕێوشوێنی تەریقەتدا نووسیووە. بڕوانە: گەنتەر، مایکڵ: *فەرهەنگی مێژووی کورد*، و: مامکاک، چ١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧ز، ل٢٦٢. إسماعيل، زبير بلال: *علماء (زيارەت)*، گۆڤاری کاروان، ژ١٤، چاپخانەی دار أفاق عربية، ساڵی دووەم، تشرینی دووەم، بەغداد، ١٩٦٣ ز، ل:١٥٢.

* خانەقا - خانقاه: وشەیەکی فارسییە و بە واتای ماڵ دێت، زاناکانی ڕێبازی نەقشبەندی پەرستشی تێدا ئەنجام دەدەن و جیاوازی لەگەڵ رباطدا ئەوەیە کە رباط شوێنی سۆفییە هەژارەکانە، خانەقاکان لەسەر شێوەی قوتابخانە دروستکراون و موریدەکانی تەریقەتیان تێدا پەروەردە دەکرێت، ئەسڵی وشەکە لە (خانەی بەقا)ـوە هاتووە، واتە جێی مانەوەی سۆفییان بۆ زیکر و تەهلیلەکردن، ئەو موریدانەی سەر بە ڕێبازی قادرین پێیان دەڵێن (دەروێش)، پیرەکانیشان بە (شێخ یاخود سەید) ناودەبرێن، مزگەوت و شوێنی تایبەتی پەرستش و زیکر و تەهلیلە و حەلقەی کۆڕەکانیشیان پێی وتراوە (تەکیە)، بەڵام موریدەکانی سەر بە ڕێبازی نەقشبەندی پێیان دەڵێن (سۆفی)، پیرەکانیشان بە (شێخ) ناودەبرێن، و مزگەوت و شوێنی تایبەتی پەرستش و زیکر و تەهلیلە و حەلقەی کۆڕەکانیشیان پێی وتراوە (خانەقا). بڕوانە: صابر، هەردی: *پوختەیەک لە مێژووی مزگەوتی خانەقای مەولانا خالیدی نەقشبەندی*، چ١، ناوەندی ڕێنوێن، ٢٠١٧ ز، ل٤٥. دقيل: المرجع السابق، ص: ١٥٩.

[٣٩٦] صابر: سەرچاوەی پێشوو، ل:٧٥.

[٣٩٧] یوسف: سەرچاوەی پێشوو، ل:٢٦.

[٣٩٨] صابر: سەرچاوەی پێشوو، ل:٨٧.

پاش دروستکردنی شاری سلێمانی لە ساڵی (١١٩٨ک/١٧٨٤ز) لەلایەن بابانەکانەوە و گواستنەوەی دەسەڵاتی سیاسییان لە قەلاچوالانەوە بۆ ئەو شارە، وردە وردە سلێمانی گەورە بوو و سیمای شاری لێ نیشت و بووە شوێنێکی ستراتیژی گرنگ بۆ میرانی بنەماڵەی بابان[٣٩٩].

پاش ئەوەی (سەعید پاشا) والی عوسمانییەکان لە شاری بەغداد دەکوژرێت و (داود پاشا) بە یارمەتی هێزەکانی (مەحموود پاشای بابان) کۆنترۆڵی شاری بەغداد دەکات و دەبێت بە والی بەغداد و شارەزوور و بەصرە، بەدەمەوە چوونی مەحموود پاشا کۆتایی بەو گرژییە هات کە لە نێوان بابانەکان و والی بەغدادا هەبوو، و لە دوای ئەوە مەحموود پاشا بووە خاوەنی متمانە و ڕێزێکی تایبەت لەلای والی بەغداد[٤٠٠].

وەکوو ئاماژەمان پێکرد مەولانا خالید لە ساڵی (١٢٢٣ک/ ١٨٠٨ز) بۆ مەبەستی خوێندن سەفەری وڵاتی هیندستانی کردووە، ئەو ماوەیەی لە هیندستان بوو نێوان میرانی بابان و والی بەغداد ئاڵۆز بوو، بەڵام پاش گەڕانەوەی لە ساڵی (١٢٢٦ک/١٨١١ز) (مەحموود پاشای کوڕی عەبدولڕەحمان پاشای بابان)* بوویە فەرمانڕەوای وڵاتی بابان و بارودۆخ بە تەواوی گۆڕاو نێوانی سلێمانی و بەغداد بە تەواوی ئاسایی بوویەوە. مەحموود پاشا پیاوێکی سادە و ماقول و نەرم و جوامێر و ئەخلاق بەرز بوو، یەکێک بووە لەو دەیان میرە کوردەی لە ماوەی دەسەڵاتی خۆیاندا خزمەتێکی زۆری پرۆسەی خوێندن و پەروەردە و ئاوەدانکردنەوەی وڵاتیان کردووە، مەحموود پاشا خۆی بە دۆست و دڵسۆزی زاناو مەلاو شێخ و فەقێ دەزانی، ئەمەش لە ماوەی دەسەڵاتیدا بە ڕوونی ڕەنگی داوەتەوە[٤٠١].

پاش ئەوەی زانای دیاری ڕێبازی تەسەوف (مەولانا خالیدی نەقشبەندی) دەگەڕێتەوە عێراق و لە شاری بەغداد دەست دەکات بە بڵاوکردنەوەی بیری تەسەوف و ناو ناوبانگێک بۆ خۆی پەیدا دەکات، لەو کاتەدا مەحموود پاشا لە سەفەرێکیدا بۆ شاری بەغداد بۆ لای داود پاشای والی شار چاوی بە (مەولانا خالید) دەکەوێت، کە زانایەکی دیار و لێهاتووی سەردەم بووە و لەو شارەدا پێگەیەکی گەورەی بۆ خۆی دروست کردووە و خەریکی وانە وتنەوە و بانگەواز و بڵاوکردنەوەی بیری تەسەوف بووە، مەحموود پاشا هەر زوو بیر لەوە دەکاتەوە کە داوای لێبکات بگەڕێتەوە سلێمانی و لە خاک و نیشتیمانی خۆیدا لەژێر دەسەڵاتی بابانە هاوزمانەکانیدا خزمەت بکات، و درێژە بە پەروەردە و پێگەیاندن بدات،

---

[٣٩٩] حمە خورشید: سەرچاوەی پێشوو، ل:١٥٢.

[٤٠٠] ئەمین: میرایەتی بابان لە نێوان بەرداشی ڕۆم و عەجەم دا، سەرچاوەی پێشوو، ل:١٤٤ - ١٤٥.

* مەحمود پاشا کوڕی ئەحمەد پاشای بابان: کوڕە گەورەی ئەورەحمان بووە، و دوای باوکی لە سەردەمی (سەعید پاشا کوڕی سلێمان پاشا)ی والی عوسمانی لە شاری بەغداد بووە بە فەرمانڕەوای وڵاتی بابان، یەکێکە لە میرە دیار و بەتواناکانی میرنشینی بابان و لە ساڵانی (١٢٢٨-١٢٥٠ک/١٨١٣-١٨٣٤ز) فەرمانڕەوایی کردووە، پیاوێکی دڵپاک و بەبەزەیی و ڕەوشت بەرز بووە، بەهۆی ناکۆکی و دووبەرەکی هەمیشەیی بابانەکان لەناو خۆیاندا و دەستێوەردانی ئێران لەلایەک و والی بەغداد سەر بە دەوڵەتی عوسمانیی لە لایەکی ترەوە بووە هۆی ئەوەی ئەو ماوەیە مەحموود پاشا پچڕ پچڕ فەرمانڕەوایەتی بکات، و چەند جارێک دەسەڵات وەربگرێت و دووربخرێتەوە. بڕوانە: بابان: *سلێمانی شارە گەشاوەکەم*، ب ١-٢، سەرچاوەی پێشوو، ل٨١.

[٤٠١] *گەشتی کلودیوس ریچ لە کوردستان ساڵی ١٨٢٠*، و: ناجی عباس، گۆڤاری گەلاوێژ، ژ٩-١٠، ساڵی هەشتەم، چاپخانەی معارف، بەغدا، ١٩٤٧ ز، ل:١٣.

دوای داوای مەحموود پاشا مەولانا خالید لە خۆشەویستی بۆ خاک و نیشتیمانی خواست و داوای مەحموود پاشا قەبوڵ دەکات و دەگەڕێتەوە سلێمانی لەساڵی (١٢٣٠ک/١٨١٥ز)[٤٠٢].

پاش گەڕانەوەی مەولانا، مەحموود پاشا هەر زوو وەک ڕێزێک لە گەڕانەوەکەی خانەقایەکی تایبەتی لە ناوەندی شاردا بۆ دروست دەکات، ناوی مەولانا چووە پاڵ خانەقا و تاوەکوو ئێستاشی لەگەڵ بێت بە ناوی (خانەقای مەولانا خالید) ناسراوە، پاشتر لە ساڵی (١٢٣٦ک / ١٨٢٠ز) بەهۆی نائارامی سیاسیی و ناکۆکی ناوخۆیی میرەکانی بابانەوە مەولانا بە یەکجاری سلێمانی بەجێهێشتووە و چووەتەوە شاری بەغداد و لەوێ ماوەتەوە[٤٠٣].

دەربارەی ساڵی دروستکردنی خانەقاکەی چەند ڕایەکی جیاواز هەن، لەوانە:

١/ لە ساڵی (١٢٣١ک/١٨١٦ز) دەست کراوە بە دروستکردنی و لە ساڵی (١٢٣٢ک/١٨١٧ز) تەواو کراوە[٤٠٤].

٢/ لە ساڵی (١٢٣٣ک/١٨١٨ز) تەواو بووە، هەروەک لەسەر دەرگای سەرەکی مزگەوتەکە و ناو حەوشەی مزگەوتەکەش لە ئێستادا ساڵی دروستکردنی تۆمارکراوە، کە بریتییە لە ساڵی (١٨١٨ز / ١٢٣٣ک)، (بڕوانە وێنەکانی ژمارە ٧٠).

٣/ تەلارساز (خوسرەو جاف) لە کتێبەکەیدا (مێژووی مزگەوت و منارە و میحراب و مینبەر و مەزار) هێناویەتی و پێی وایە لە ساڵی (١٢٣٧ک/١٨٢٢ز) دروستکراوە[٤٠٥].

سەرەڕای دروستکردنی خانەقایەک بۆ مەولانا، مەحموود پاشا چەند دێهاتێکیشی بۆ پێویستی پرۆسەی خوێندن و خەرجی فەقێکان و پێداویستییەکانی خانەقاکەی لەسەر وەقف دەکات، ئەم کارەی مەحموود پاشا لە هێنانەوەی مەولانا خالید و دروستکردنی خانەقایەک بۆی، سەلمێنەری ئەو وتانەن کە دەوترێت میرانی بابان دڵسۆز و دۆستی زانا و زانست خۆشەویست بوون[٤٠٦].

گەریدەی بەریتانی (کلۆدیۆس جەیمس ڕیچ) لە گەشتەکەیدا بۆ ناوچەکانی عێراق و ئێران لە سەدەی نۆزدە سەردانی شاری سلێمانی کردووە، لەو ماوەیەدا کە لە سلێمانی بووە دیارە چاوی بە مەولانا خالید کەوتووە یاخود ناو و ناوبانگی مەولانای بیستووە، لە کتێبەکەیدا دەڵێت: "موسڵمانێکی دەست لە دونیا داشتووی گەورە لە سلێمانی دەژی، ناوی (شێخ خالید)ە، بەڵام کوردەکان وەکوو ڕێزێک لە (حەزرەتی مەولانا) کەمتری پێ ناڵێن، ئەم شێخ خالیدە لە خێڵی جافە، خاوەنی ڕێبازی نەقشبەندییە لە ناوچەکەدا، لە وڵاتی هیندستان ئەم ڕێبازەی وەرگرتووە لەسەر دەستی سۆفی* بەناوبانگ (سوڵتان عەبدوڵڵا)، و کوردەکان هەموو بە وەلی خودای دادەنێن"[٤٠٧].

---

[٤٠٢] مودەڕیس، مەلا عەبدولکەریم: *یادی مەردان (مەولانا خالیدی نەقشبەندی)*، ب١، چ١، چاپخانەی ئاراس، هەولێر،٢٠١١ ز، ل:٣٩-٤٠.

[٤٠٣] ئەمین: *میرایەتی بابان لە نێوان بەرداشی ڕۆم و عەجەم دا*، سەرچاوەی پێشوو، ل:١٤٤ - ١٤٥.

[٤٠٤] ساڵح: *هۆیەکانی گەشەکردنی بزافی ڕۆشنبیری لە شاری سلێمانیدا*، سەرچاوەی پێشوو، ل:٣٧.

[٤٠٥] جاف: سەرچاوەی پێشوو، ل:١٠٣.

[٤٠٦] مودەڕیس: ب١، سەرچاوەی پێشوو، ل:٣١.

*سۆفی: سۆفیەتی لە ئیسلامدا دیاردەیەکی گیانی و (ڕۆحی) کۆمەڵایەتییە، پشت بە تاقیکردنەوە خۆییەکان دەبەستێت (التجربە الذاتیة)، و بەرهەمی کێشمەکێش و بیروباوەڕ و پێوەندی کۆمەڵایەتی نێو کۆمەڵگەی ئیسلامییە، و زادەی مێژووی

پاش دروستکردنی خانەقای مەولانا، مەولانا خالید دەبێتە یەکەم مامۆستای ئەو خانەقایە و چەندان فەقێ و شوێنکەوتەی پێدەگەیەنێت، خانەقا هەر لە یەکەم ڕۆژی دروستکردنییەوە بووەتە ناوەندێکی خوێندن و خوێندەواری زۆر گرنگ لە شاری سلێمانیدا[٤٠٨].

لە زۆر لاوە فەقێ و فێرخواز ڕوودەکەنە خانەقا، حوجرە و شوێنی مانەوە و حەوانەوەی فەقێ و خەڵکی فەقیر و هەژار و دابڕاوی شارانی تێدا بووە، ژووری تایبەتی تێدا بووە بۆ زانایانی لێهاتووی وەک (نالی) کە لەم مزگەوتەدا خوێندوویەتی و وانەشی تێدا وتووەتەوە[٤٠٩].

ئیتر لەو کاتە بەدواوە بە خانەقای (مەولانا) ناوی چووە ناو ناوان، و زانایان و شوێنکەوتوانی ڕێبازەکەی لە هەموو لایەکەوە ڕوویان تێکردووە[٤١٠].

لەمڕۆدا خانەقاکە جگە لەوەی هەر وەکوو پێشوو پەرستشە ئایینییەکانی تێدا ئەنجام دەدرێت و نوێژخوێنان نوێژی تێدا دەکەن، هاوکات بنکەیەکی فەرمی کۆمەڵەی قورئان خوێنانی کوردستانی لێیەو لەلایەن وەزارەتی ئەوقافی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە ڕێ پێ دانی فەرمی بۆ کراوە، جگە لەوە چێشتخانەیەکی تێدایە، کە لەسەر ئەرکی خێرخوازان بەڕێوەدەچێت و ڕۆژانی یەکشەممە و سێشەممە و هەینی، خواردنی نیوەڕۆی بێبەرامبەر تێدا پێشکەش دەکرێت، ئەمە جگە لە ئێوارانی مانگی ڕەمەزان کە خواردنی تێدا ئامادە دەکرێت بۆ خەڵکی فەقیر و هەژار و نوێژخوێنانی مزگەوت.

**٢/ ناوی مزگەوتەکە.**

سەبارەت بە ناوی مزگەوتەکە، لەو کاتەوەی (مەحموود پاشا) بڕیاری دروستکردنی دەدات بۆ مەولانا خالید، و مەولانا دەبێتە یەکەمین مامۆستا و سەرپەرشتیاری، بە (خانەقای مەولانا) ناوی براوە و ناوی دەرکردووە، بەڵام دواتر وردە وردە لەناو خەڵکیدا چەند ناوێکی تری بۆ بەکارهاتووە، لەوانە: (خانەقا)، (خانەقای مەولانا)، (خانەقای گەورە)، (خانەقای مەولانا خالید) (مزگەوتی خانەقا)[٤١١].

---

ئایینی و سیاسی و هۆشیاری نەتەوەیی موسڵمانانە، سەر بە بەرەی میتافیزیکییە، سۆفییەتی زانستێکە مەرج و نیشانەی خۆی هەیە، بناغەکەی هەستە لە قوڵایی دەروونەوە بە باوەڕی سۆفێتی، ڕێچکەی ئەم زانستە زانستێکی بینینی نییە (معلومات نظرية)، بەڵکو دەقاو دەقەو دامەزراوە لەسەر سۆزی بەکوڵ لە حاڵەتێکدا کە نەفس دادەمێنێ و دەستەوسان دەبێت، سۆفییەتی ڕاستەقینە وازهێنانە لە خۆپەرستی، کەنارگرتنە لە هەموو بەرژەوەندییەکی خۆیی، سۆزێکی ڕاستەقینەی نێوان بەهێز و بناغە دامەزراوە، لاوازی زەفەری پێ نابات، گومان سەری لێ نادات، سۆفییەتی ئەوەیە کە ڕاستی (حەق) لە خۆتا بتمرێنێ و لە خۆیدا بتژێنێ... بڕوانە: قەرەداخی، حەسیب: *جەردەیەک لە خەرمانی سۆفێتی ئیسلامی*، گۆڤاری کاروان، ژ١٨،ساڵی دووەم، هەولێر، ١٩٨٤ ز، ل٢١.

[٤٠٧] ریج: المصدرالسابق، ص: ٣٠١.

[٤٠٨] صاڵح، ئاراس محمد: *میرایەتی بابان و شاری سلێمانی لە شیعری شاعیرانی سەدەی نۆزدەدا*، چ١، چاپخانەی ناوەندی سارا، سلێمانی، ٢٠٢١ز، ل:١١٠-١١١.

[٤٠٩] سەید قادر: سەرچاوەی پێشوو، ل:٦٣-٦٤.

[٤١٠] مودەڕیس: *یادی مەردان*، ب٢، سەرچاوەی پێشوو، ل:١٤.

[٤١١] صابر: سەرچاوەی پێشوو، ل:٩٥.

### ٣/ پێکهاتە بیناسازییەکانی مزگەوتەکە.

مەحموود پاشای بابان خاوەنی زەوی مزگەوتەکە بووە، هی میری بابان (مەحموود پاشا) بووە، هەر خۆیشی تێچووی دروستکردنی لە ئەستۆ گرتووە، ڕووبەرەکەی لە سەرەتای دروستکردنیدا کەم بووە[٤١٢]، بەڵام پاش ئەوەی لە ساڵی (١٤٢٨ک/٢٠٠٧ز) بۆ دوایین جار نۆژەندەکرێتەوە، ڕووبەرەکەیشی فراوان دەکرێت، لە ئێستادا ڕووبەرەکەی بریتییە (٥٠٠٠م٢)[٤١٣]، لەسەر تەرز و شێوەی مزگەوتەکانی شاری بەغداد دروستکراوە، و خاوەنی تاکە منارە و گومەزێکە، لەسەر تەرزی عوسمانی دروستکراوە[٤١٤]. ئەو مەوادە بیناسازییانەی کە سەرەتا بەکارهێنراون لە دروستکردنیدا، بریتی بوون لە: (بەردی مەڵکەندی، خشتی قوڕ، قسڵ، قامیش و زەل، دار بەڕوو، دار چنار و حەسیر)[٤١٥].

لە ئێستادا مزگەوتەکە دوو دەرگای هەیە، دەرگای سەرەکی دەکەوێتە سەر ڕێگا و بازاڕی خانەقا ڕووە و شاخی بەرانان (باشووری ڕۆژئاوا)، دەرگای دووەمیشی دەکەوێتە ڕووی ڕێگای (جادەی کاوە) و بازاڕی دۆلارەکە ڕووە و شاخی پیرەمەگروون(باکووری ڕۆژئاوا)[٤١٦].

### ب/ منارەی مزگەوتی خانەقا.

### ١/ ناو و شوێن و مێژووی منارەکە.

- **ناوی منارەکە:**

وەکوو ئاماژەمان پێ دا خانەقاکە خاوەنی یەک منارەیە، ناوێکی تایبەتی نییە کە جیا بێت لە ناوی مزگەوتەکەی، بەڵکو ناوەکەی بەستراوە بە ناوی خانەقاکەوە و لەسەر زاری خەڵکی هەر بە منارەی خانەقا ناسراوە.

لە شارستانییەتی ئیسلامیدا گونجاوە منارەی مزگەوتێک سەربەخۆ و جیا لە ناوی مزگەوتەکەی هەڵگری ناوێکی تر بووبێت، یاخود هەندێک لە منارەکان ناو ناوبانگیان پێش مزگەوتەکەیان کەوتووە، هەرچەندە مێژووەکەشیان بەراورد بە مزگەوتەکەیان کەمتر بێت، لەوانە (منارەی خورماڵ) یاخود (منارەی ئامێدی)، لێرەدا مەبەستمان ئەوەیە کە لەبەر گرنگی منارەکان لە مزگەوتەکاندا گونجاوە ناوێکی سەربەخۆ وەربگرێت جیا لە پێکهاتەکانی تری مزگەوت وەکوو: (گومەز، میحراب، مینبەر .. تاد) هەرچەندە پێکهاتەیەکی بنەڕەتی مزگەوتەکان بن، بەڵام نەگونجاوە یاخود زۆر کەمە لە شارستانییەتی ئیسلامیدا ناوێکی سەربەخۆیان هەبووبێت، هەر وتراوە میحرابی فلان مزگەوت یان گومەزی فلان مزگەوت و خانەقا و تەکیە و ...تاد.

---

[٤١٢] صابر: سەرچاوەی پێشوو، ل:٩٢.

[٤١٣] جاف: سەرچاوەی پێشوو، ل:١٠٣.

[٤١٤] جاف: سەرچاوەی پێشوو، ل:١٠٣.

[٤١٥] صابر: سەرچاوەی پێشوو، ل:٩٤.

[٤١٦] سەردانی مەیدانی: دووشەممە – ٢٠٢١/١١/٢٩ز، کات: ٠٢:٠٠ پاش نیوەڕۆ.

- **شوێنی منارەکە:**

دەکەوێتە گۆشەی پێشەوەی مزگەوتەکە، لە بەشی باشووری ڕۆژئاوادا، لکاوە بە بەشی ڕاستی دیواری ڕووگەوە، دەرگای منارەکە لەسەر حەوشەی بچوکی بەردەم دیواری ڕووگەی مزگەوتەکەیە، و دیواری بنکەکەی کە هەشت لاییە بووەتە بەشێک یاخود تێکەڵ بووە لەگەڵ دیواری حەوشەی جیاکردنەوەی سنوری مزگەوتەکە و شەقام و جادەی (خانەقا)، واتە لە کۆتا سنوری بەشی باشووری ڕۆژئاوای مزگەوتەکەدا دروستکراوە[٤١٧].

- **مێژووی منارەکە:**

لە ساڵی (١٣٩٠ک/١٩٧٠ز) دوای ڕێکەوتننامەی (١١)ی ئازار کاتێک کورد وەکوو نەتەوەیەکی سەربەخۆ لە عێراقدا بۆ یەکەمجار بە هەوڵی سەرکردایەتی سیاسی ئەوکاتی کوردستان لە دوای بنیاتنانی دەوڵەتی عێراقەوە بە ڕەسمی داننراوە بە مافەکانیدا، لە هەمان ساڵی ڕێکەوتننامەکەدا واتە ساڵی (١٣٩٠ک/١٩٧٠ز) ئەم مزگەوتەکە نۆژەندەکرێتەوە و فراوان دەکرێت، و لە کاتی نۆژەنکردنەوەیدا بیر لەوە دەکرێتەوە منارەیەکی بۆ دروست بکرێت، واتە لە دروستکردنییەوە تاوەکوو ساڵی (١٣٩٠ک/١٩٧٠ز) هیچ منارەیەکی نەبووە، کە دەکاتە نزیکەی (١٥٠) ساڵێک، لەو ساڵەدا بە هەوڵی (شێخ موحەممەدی خاڵ) منارەیەکی جوانی بۆ دروست دەکرێت، شێخ موحەممەد بۆ ئەو مەبەستە کەوتۆتە هەوڵدان و پارە کۆکردنەوە لە خێرخوازان و توانیوەیەتی (١٤,٦٥٠) چواردە هەزار و شەشسەد و پەنجا دیناری ئەوکات کۆبکاتەوە، یەکێک لەو کەسانەی لە ڕووی ماددییەوە هانای بۆ براوە و بە نامەیەک داوای لێکراوە هاوکار بێت (مەلا مستەفای بارزانی) ڕابەر و سەرۆکی ئەوکاتی شۆڕشی کورد بووە، ئەویش بەدەمیەوە هاتووە و (٦) هەزار دیناری بۆ تەرخان کردووە، کە بەدەمەوە هاتن و پاڵپشتییەکی ماددی زۆر باش بووە بۆ دروستکردنی منارەکی بەرز و بەهێز و جوانی لەو جۆرە[٤١٨].

ساڵی دروستکردنی منارەکە و ئەم هاوکارییە ماددیەی مەلا مستەفای بارزانی لەسەر پارچە کاشییەکی (سیرامیکی) ڕەنگ شین تۆمارکراوە، بەم شێوەیە: (بە پشتیوانی خوا ئەم منارەیە، دروستکرا بە یارمەتی سەرۆکی شۆڕشی کورد و هیوای کوردستان (مستەفا بارزانی)، لە ساڵی (١٣٩٠هـ/١٩٧٠م)[٤١٩]، ئەم پارچە کاشییە تاوەکوو ئێستاش لە مزگەوتەکەدا پارێزراوە، (بڕوانە وێنەی ژمارە ٧١).

---

[٤١٧] سەردانی مەیدانی: دووشەممە - ٢٠٢١/١١/٢٩ز، کات: ٠٢:٠٠پاش نیوەڕۆ.

[٤١٨] صابر: سەرچاوەی پێشوو، ل:١٠٣. منارەکان: مزگەوتی خانەقا لە سلێمانی، وەرگیراوە لە:
https://www.youtube.com/watch?v=mcfrS٥HrFs٤

[٤١٩] صابر: سەرچاوەی پێشوو، ل:١٠٣.
منارەکان: مزگەوتی خانەقا لە سلێمانی، وەرگیراوە لە:
https://www.youtube.com/watch?v=mcfrS٥HrFs٤

**٢/ ڕەگەزە بیناسازییەکانی منارەکە.**

- **وەسفی منارەکە:**

منارەکە بە شێوەیەکی گشتی لە پێنج بەش پێکهاتووە، بنکەکەی دابەش بووە بەسەر دوو شێوە و شکڵدا، پاشان لاشەی منارەکە شێوە لولەییە و بەهۆی دوو بالکۆنەوە دابەش بووە بەسەر سێ بەشدا، و کۆتاییەکەشی بریتییە لە گومەزێک، بە شێوەیەکی گشتی منارەکە لە بنکەکەیەوە تاوەکوو گومەزەکەی بە چەندان جۆر نەخش و نیگاری (نووسین، ئەندازەیی، ڕووەکی و ... تاد) ڕازێندراوەتەوە، ئەم نەخش و نیگارانە دیمەنێکی زۆر سەرنجڕاکێشیان بەخشیووە بە منارەکە و هەر لە دوورەوە سەرنج بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت، بەرزی تێکڕای منارەکە بریتییە لە (٣٤ م)[٤٢٠]، ئەوەی جێگەی باسە لێرەدا ئاماژەی پێبکرێت ئەوەیە ئەم منارەیە لەسەر هەمان تەرزی منارەکانی شاری بەغداد دروستکراوە، لەوانەش منارەکانی (المدرسة المستنصرية)، مەرقەدی (الإمام أبو حنيفة النعمان) و (جامع النعمانية)، (بڕوانە وێنەکانی ژمارە ٣٢، ٧٢).

- **بنکە:**

منارەکە لەسەر بنکەیەکی بەهێز و گەورە بنیاتنراوە، و پێش ئەوەی بگاتە لاشە لولەییەکەی دوو بەشە، بەشی یەکەم لە خوارەوە هەشت لاییە، و پانی هەر لایەکیان بریتییە لە (١,٧٠ م) و بەرزییەکەی بریتییە لە (٤,٩٤ م)، و چێوەی تێکڕای بنکەکەی (کۆی هەشت لاکە) بریتییە لە (١٣,٦٠ م)، و ئەستوری دیواری بنکەکەش بریتییە لە (١,٢٠ م)، ئەمەش پاڵپشتە بۆ ئەوەی منارەیەکی گەورە و بەرزی لەم شێوەیەی لەسەر دروستبکرێت.

ئەم بنکەیە جگە لە دوو لای کە لکاون بە دیواری ڕووگەی مزگەوتەکەوە، شەش لاکەی تری ڕوویان کردووەتەوە حەوشەی مزگەوت و ڕووی دەرەوەی مزگەوت، ڕووپۆشکراون و ڕازێندراونەتەوە بە کاشی شێوە چوارگۆشەیی بچوک بچوک لە ڕەنگی ڕەش و سەوز، بە کاشییە ڕەنگ سەوزەکان دوو جۆر نەخش دروستکراون، شێوە لەبزینەیی یەک لە دوای یەک و پێوەستە بە یەکەوە بەشێوەی ستونی بۆ سەرەوە، لەگەڵ دروستکردنی هێڵی شکاو و لاری ستونی، بە کاشییە ڕەنگ ڕەشەکانیش یەک جۆر نەخش دروستکراوە ئەویش هێڵی شکاو و لاری ستونی لە خوارەوە بۆ سەرەوە.

بەشی دووەمی بنکەکە دەکەوێتە سەر شێوە هەشت لاییەکە پێکهاتووە لە شێوەی قوچەکی نیوە بازنەیی بڕاو و شێوە سێگۆشی، ئەم دوو شێوەیە بە یەکەوە بنکە هەشت لاییەکەیان گەیاندووە بە لاشە لولەییەکە، ژمارەی شێوە سێگۆشەییەکان بریتین لە (١٦) دانە، و ژمارەی شێوە قوچەکە نیوە بازنە بڕاوەکانیش بە هەمان شێوە (١٦) دانەن، بەرزی تێکڕای ئەم بەشە بریتییە لە (١,٠٤ م)، هەر یەک لە شێوە سێگۆشەییەکان پانی بەشی خوارەوەیان بریتییە لە (٨٠ سم)، شێوە قوچەکەکانیش دوو جۆرن، جۆری یەکەم (٨) دانەن و دەکەونە گۆشەکانەوە و بەرزییان (١م) و پانییان (٤٤ سم)ە، جۆری

[٤٢٠] سەردانی مەیدانی: دووشەممە – ٢٠٢١/١١/٢٩ز، کات: ٠٢:٠٠پاش نیوەڕۆ.

دووەمیان قوچەکی ناوەڕاستی لاکانن و بە هەمان شێوە ژمارەیان (٨) دانەیە و پانترن لە جۆری یەکەم، بەرزییان (١م) و پانییان بریتییە لە (٨٠ سم)[٤٢١].

وەکوو ئاماژەمان پێ دا ئەم بەشە بە هۆکاری شێوە قوچەکی و سێگۆشەییەکان بووەتە خاڵی وەرچەرخانی شێوەی منارەکە لە بنکەیەکی هەشت لاییەوە بۆ لاشەیەکی لولەیی، وردی ئەندازەیی لە دروستکردنی ئەم بەشەدا بە جۆرێکە لە دەستپێکدا هەشت لاییە و لە کۆتاییدا گۆڕاوە بۆ شێوەی لولەیی هاوشێوەی لاشە لولەییەکەی، لە دەستپێکدا پانی هەر لایەکی بریتییە لە (١,٧٠ م) و لە کۆتاییدا کە هەشت لاییەکەی بەرەو لولەی بردووە پانی بەراورد بە دەستپێکی بووەتە (١,٢٨ م)، هەر لەبەر ئەم هۆکارەشە شێوە و شکڵی سێگۆشەیی و قوچەکی بەکارهێنراوە لەم بەشەدا.

ئەم بەشە بە هەمان شێوەی بەشی یەکەمی بنکەکە لە ڕێگەی چوارگۆشەی بچوک بچوکەوە ڕازێندراوەتەوە بە نەخش و نیگاری ئەندازەیی شێوە لەبزینەیی بچوک و گەورە بە ئەندازەی پانی و بەرزی شێوە قوچەکی و سێگۆشەییەکان، لەسەر بەشە سێگۆشەییەکان شێوە لەبزینەیی ڕەنگ سەوز و لەسەر بەشە شێوە قوچەکییەکانیش شێوە لەبزینەیی ڕەنگ ڕەش بەکارهاتووە، نێوانی ئەم بەشە و بەشی یەکەمی بنکەکە (هەشت لاییەکە) جیاکراوەتەوە بە پشتێنەیەکی ئاسۆیی بە پانی ڕیزێک خشتی داپۆشراو بە کاشی ڕەنگ ڕەش (بڕوانە وێنەی ژمارە ٧٣).

- **دەروازە - دەرگا:**

بە گشتی منارەکە خاوەنی سێ دەرگایە، دەرگایەکی سەرەکی گەورەی شێوە لاکێشەیی لە بنکەی منارەکەدا، و دوو دەرگای بچوکی لاکێشەیی تر لە لاشەی منارەکە و لە ئاست بالکۆنەکانیدا بۆ سەرکەوتنە سەریان، هەرسێکیان لە ئاسن دروستکراون.

دەرگای یەکەم و سەرەکی منارەکە دەکەوێتە سەر حەوشەی بچوکی نێوان دیواری هۆڵی نوێژکردنی مزگەوتەکە و (دیواری ڕووگە) ژووری تایبەتی مامۆستای مزگەوتەکەوە، ڕووی بە ئاڕاستەی ڕۆژهەڵاتە، و بەرزییەکەی بریتییە لە (١,٨٧ م) و پانییەکەشی (١م)ە[٤٢٢]، و نزیکەی (٣٠ سم) لە ئاست زەوی حەوشەی مزگەوتەکەوە بەرزترە و لە ڕێگەی دوو پلیکانەوە دەگەیتە دەرگای منارەکە، (بڕوانە وێنەی ژمارە ٧٤).

- **پلیکانە:**

پلیکانەکانی ئەم منارەیە خاوەنی شێوە لولپێچین، بە ئاڕاستەی پێچەوانەی میلی کاتژمێر، واتە لە لای چەپەوە دەست پێ دەکەن و دەسوڕێنەوە بەرەو لای ڕاست، دەکەونە بەشی ناوەوەی منارەکە و لە ڕێگەیانەوە دەگەینە بالکۆنەکانی منارەکە و بەشی کۆتایی منارەکە، سەرجەمیان لە خشت دروستکراون و قسڵ کراوەتە نێوانەکانیان.

---

[٤٢١] سەردانی مەیدانی: دووشەممە - ٢٠٢١/١١/٢٩ز، کات: ٠٢:٠٠ پاش نیوەڕۆ.

[٤٢٢] سەردانی مەیدانی: یەکشەممە - ٢٠٢١/١١/٢٨ز، کات: ٠٣:٣٠ پاش نیوەڕۆ.

له یەکەم پلیکانە لە ئاست دەرگای سەرەکی چوونە ناو منارەکەوە تاوەکوو بالکۆنی یەکەم (٦٥) پلیکانەیە، و لە بالکۆنی یەکەمەوە تاوەکوو بالکۆنی دووەم (٣٣) پلیکانەیە، و لە بالکۆنی دووەمیشەوە تاوەکوو کۆتایی منارەکە (٢٧) پلیکانەیە، واتە تێکڕا منارەکە (١٢٥) پلیکانەی لولپێچی هەیە[٤٢٣].

پلیکانەکان سەرجەمیان شێوەیان سێگۆشەییە و بەرزی هەر دانەیەکیان (٢٨ سم)ە، جگە لەو چەند پلیکانەیەی کە لەناو گومەزی منارەکەدا دروستکراون گەورەترن لە پانی و لە درێژیشدا، بەم شێوەیە: پانی (٤٠× ٨ سم) و درێژیان لە نێوان (٦٦ – ٦٩ سم) دایە[٤٢٤]، (بڕوانە وێنەکانی ژمارە ٧٥).

- **لاشە (بدن):**

ڕەگەزێکی تری منارەکە بریتییە لە لاشە، وەک پێشتر ئاماژەمان پێ دا شێوەی لولەییە و بە هەمان شێوەی ڕەگەزەکانی تری بیناسازیی منارەکە لە خشت دروستکراوە، لە لاشەی منارەکەدا دوو بالکۆن دروستکراون، و لاشەکەیان دابەشکردووە بەسەر سێ بەشدا، بە جۆرێک بەشی یەکەم لە دووەم گەورەترە، و دووەمیش لە سێیەم گەورەترە، واتە لە سەرەتای لاشەی منارەکەوە تاوەکوو بەرەو سەرەوە بچین تیرەکەی بچوکتر دەبێتەوە، (بڕوانە وێنەی ژمارە ٧٦).

بەشی یەکەم ڕاستەوخۆ دوای بنکەی منارەکە لەسەر شێوە سێگۆشەیی و قوچەکە نیوە بازنەییەکانەوە دەست پێ دەکات تاوەکوو بالکۆنی یەکەم و بە نەخشی موقەرنەسات کۆتایی هاتووە، لەسەر موقەرنەساتەکانیش ڕاستەوخۆ بالکۆنی یەکەم دروستکراوە، بەرزی ئەم بەشە تاوەکوو موقەرنەساتەکان بریتییە لە (١٠,٤٨ م)[٤٢٥].

لاشەی منارەکە بە پشتێنەیەکی ئاسۆیی کە لە سێ چین خشت پێکهاتووە، چینێک بە بێ ڕووپۆشکرا و دوو چینیش ڕووپۆشکراو بە کاشی ڕەنگ سەوز جیاکراوەتەوە لە بنکەکەی، واتە لاشەی منارەکە لەم پشتێنەوە دەست پێ دەکات، ئەم بەشە بە نەخش و نیگاری ئەندازەیی و نووسینی دووبارە بووەوە ڕازێندراوەتەوە، سەرجەمی نەخشەکان لە خشتەکانی بەکارهاتوو لە دروستکردنی منارەکە نەخشێنراون و ڕووپۆشکراون بە کاشی ڕەنگ سەوز و سپی و ڕەش، دەستپێکی نەخش و نیگارەکان لە خوارەوە بریتین لە شێوە هەڕەمی دووبارە بووەوە بە ئەندازەی پێوانەی تیرەی منارەکەکە، لەناو هەریەک لەم شێوە هەڕەمییانەدا کە لە ڕەنگی ئاسایی خشتەکان دروستکراون، سێ شێوە لەبزینەیی  لکاو بە یەکەوە نەخشێنراون، دانەیەکی تەواو و دوو دانەی نیوە کە بە شێوەی سێگۆشەش دەکەونە بەرچاو.

هەروەها بە ئەندازەی تیرەی لاشەکە چەند چوارچێوەیەکی (إطار) شێوە لاکێشەیی لار بووەوە لە لاشەی منارەکە دروستکراون لە نەخشی ئەندازەیی شێوە (+) کۆ یان (÷) دابەش (دوو هێمان لە زانستی بیرکاریدا) بە ڕەنگی سپی و سەوزی دووبارە بووەوە بە شوێن یەکدا، بە جۆرێک هەڵکەوتوون دانەیەکی ڕەنگ سپی پاشان دانەیەکی ڕەنگ سەوز بە شوێن یەکدا تاوەکوو کۆتایی نەخشەکە، و جیاکراونەتەوە لە یەکتری بە نەخشی شێوە چوارگۆشەی بچوک بچوکی ڕەنگ ڕەش، ئەم جۆرە لە نەخش و نیگار لەم

---

[٤٢٣] سەردانی مەیدانی: یەکشەممە – ٢٠٢١/١١/٢٨ز، کات: ٠٣:٣٠ پاش نیوەڕۆ.

[٤٢٤] سەردانی مەیدانی: دووشەممە – ٢٠٢١/١١/٢٩ز، کات: ٠٢:٠٠ پاش نیوەڕۆ.

[٤٢٥] سەردانی مەیدانی: دووشەممە – ٢٠٢١/١١/٢٩ز، کات: ٠٢:٠٠ پاش نیوەڕۆ.

بەشەی منارەکەدا هەشت جار دووبارە بووەتەوە و لەناویدا نەخش و نیگاری نووسین بە خەتی کوفی هەیە، ئەوەی زۆر ڕوون بێت و بخوێنرێتەوە وشەکانی (الله) و (ولا)ن، ئەم دوو وشەیە زۆرترین جار دووبارە کراونەتەوە لەم بەشەی لاشەکەدا، نووسینەکانیش لە ڕێگەی چوارگۆشەی بچوک بچوکی ڕەنگ ڕەشەوە نەخشێنراون، (بڕوانە وێنەی ژمارە ٧٦).

لە کۆتایی ئەم نەخشانەدا لەناو پشتێنەیەکی شیندا ئایەتی (٢٥٥)ی سوورەتی (البقرة) ناسراو بە (ءاية الكرسي) نەخشکراوە بە خەتی جۆری (الثلث)* بە ڕەنگی سپی، بەم شێوەیە: بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ﴿ ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلْحَيُّ ٱلْقَيُّومُ ۚ لَا تَأْخُذُهُۥ سِنَةٌ وَلَا نَوْمٌ ۚ لَّهُۥ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ ۗ مَن ذَا ٱلَّذِى يَشْفَعُ عِندَهُۥٓ إِلَّا بِإِذْنِهِۦ ۚ يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ ۖ وَلَا يُحِيطُونَ بِشَىْءٍ مِّنْ عِلْمِهِۦٓ إِلَّا بِمَا شَآءَ ۚ وَسِعَ كُرْسِيُّهُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ ۖ وَلَا يَـُٔودُهُۥ حِفْظُهُمَا ۚ وَهُوَ ٱلْعَلِىُّ ٱلْعَظِيمُ ﴿٢٥٥﴾ ﴾ صَدَقَ ٱللَّهُ ٱلْعَظِيمِ ، (بڕوانە وێنەی ژمارە ٧٧/ أ).

لە سەروو ئەم ئایەتەشەوە گوڵدانێکی ڕەنگ شینی ئاسمانی دووبارە بووەوە بە شوێن یەکدا لەناو پشتێنەیەکی سپی بە درێژایی تیرەی لاشەی منارەکە نەخش کراوە، هەریەک لەم گوڵدانانە حەوت شەبەقە گوڵیان تێدایە، دانەیەکی کەمێک گەورە لە ناوەڕاست و شەش دانەی بچوکی تر لە ڕاست و چەپیدا، (بڕوانە وێنەی ژمارە ٧٧/ ب)

ئەم بەشە کۆتایی هاتووە بە نەخش و نیگاری موقەرنەسات ڕاستەوخۆ لە ژێر بالکۆنی یەکەمدا، دروستکردنی موقەرنەسات لە بیناسازیدا ڕۆڵێکی زۆر گرنگی هەیە لە ڕاگیرکردن و پتەوکردنی ئەو بەشەی لەسەریەوە دروستدەکرێت، ئەمە جگە لە لایەنی جوانکاری و نەخش و نیگار کە دیمەنێکی جوان پیشان دەدات لە بیناسازیدا، دروستکردنی موقەرنەسات لەم شوێنەدا زۆر زەروور و پێویستە، چونکە جگە لە لایەنی جوانکاری و ڕازاندنەوەی لاشەی منارەکە بووەتە بناغەیەکی زۆر بەهێز بۆ دیواری بالکۆنەکە، بە جۆرێک کە هیچ ترسێکی ڕووخانی نەبێت، هەروەها هۆکارە بۆ ئەوەی بالکۆن لە مەودایەکی بچوکی ئاوادا لە لاشەی منارەکاندا فراوانتر دروستبکرێت و ئەو کەسەی سەردەکەوێتە سەری مەودای سوڕانەوە و هاتووچۆی ئاسان بێت لەناویدا.

موقەرنەساتەکە بە نەخش و نیگاری ئەندازەیی و ڕووەکی جۆراوجۆر ڕازێندراوەتەوە، بە جۆرێک کە هیچ بەشێکی نییە سادە بێت و بەر ئەو ڕازاندنەوەیە نەکەوتبێت، ئەو ڕەنگانەی بەکارهاتوون لە نەخش و نیگارەکاندا بریتین لە: (سپی، زەرد، سەوز، پەمەیی و ...تاد)، نەخش و نیگارە ڕووەکییەکان لەم بەشەدا بە گشتی بریتین لە: (شەبەقە گوڵ، گەڵای سێ پەڕەیی، لق و پۆپی تێکەڵ بە یەک بوو و... تاد)،

---

*خەتی الثلث: بە گرنگترین جۆری خەتی عەرەبی دادەنرێت، و یەکێکە لە دیارترین جۆرەکانی خەتی (النسخ)، خۆشنووس کاتێک پێی دەوترێت خۆشنووس و ناوبانگ دەردەکات بتوانێت ئەم جۆرە خەتە بەکاربهێنێت، پێی دەوترێت (الثلث) لەبەرئەوەی بە قەڵەمێک نووسراوە سەری قەڵەمەکە یەک لەسەر سێی قەڵەمێکی ئاسایی بووە، یەکێکە لە قورسترین خەتەکانی عەرەبی، لە یاساکانی و تەرتیب و توانای تەواوکردنی. خەتی الثلث دەبێتە دوو بەشی سەرەکی: قورس و سوک ( الثقيل والخفيف)، قورس (الثقيل) یەکەی پێوانەی پیتەکانی حەوت خاڵ دەبێت بەو قەڵەمەی کە پێی دەنووسرێت، سوکیش (الخفيف) هاوشێوەی قورسە تەنها ئەوە نەبێت کە یەکەی پێوانەی ئەم جۆرەیان پێنج خاڵ بووە. بڕوانە: صالح، عبدالعزيز حميد، ناهض عبدالرزاق دفتر، صلاح حسين العبيدي: *الخط العربي*، جامعه بغداد، ١٩٩٠ م، ص: ١٥٠-١٥١.

وەک ئاماژەمان پێ دا لە سەرووی موقەرنەساتەکەدا ڕاستەوخۆ بالکۆنی یەکەمی لاشەی منارەکە دروستکراوە، و ڕووی دەرەوەی بە هەمان شێوە ڕازێندراوەتەوە بە نەخش و نیگاری ئەندازەیی و نووسین و ڕووەکی، ئەوەی زۆر بەرچاو بێت بریتییە لە نەخش و نیگاری نووسینەکە کە بریتییە لە ناوی پیرۆزی (الله جل جلاله) لەگەڵ (محمد رسول الله) بە خەتی (الثلث) و بە ڕەنگی سپی لەناو پشتێنەیەکی شیندا، هەردوو وشەی (الله) و (محمد) بە خەتێکی گەورە و (جل جلاله) لەگەڵ ناوی (الله) و (رسول الله) لەگەڵ ناوی (محمد) بە خەتێکی بچوک نەخش کراون، نەخشە ڕووەکییەکانیش بریتین لە شەبەقە گوڵی بچوک بچوکی هاوشێوەی دووبارە بووەوەی ڕەنگ سوور لەناو پشتێنەیەکی شینی ئاسمانی لە دەوروبەری چوارچێوەی نووسینەکەدا، سەرجەمی نەخش و نیگارەکان زۆر بە وردی لکێنراون بە خشتەکانەوە، (بڕوانە وێنەی ژمارە ٧٧/ ج).

بەرزی موقەرنەسات و بالکۆنەکە بەیەکەوە بریتییە لە (٢,٤٠ م)، و لە ڕێگەی دەرگایەکی لاکێشەیی بچوکی لە ئاسن دروستکراو و ڕوو ڕۆژهەڵات بە پێوانەی بەرزی (٩٠ سم) و پانی (٧٠ سم) دەچینە ناو بالکۆنی منارەکەوە، و پانی ناو بالکۆنەکە واتە لە دیواری لاشەی منارەکەوە بۆ دیواری لێوارەکەی بریتییە لە (٥٢ سم)[٤٢٦]، ئەمەش ئەگەر بە هۆکاری موقەرنەساتەکان نەبێت ناتوانرێت لە مەودایەکی وا بچوکدا بالکۆنێکی لەو شێوەیە بە ئاسانی دروستبکرێت.

بەشی دووەمی لاشەی منارەکە لە دوای بالکۆنی یەکەم دەست پێ دەکات تاوەکوو بالکۆنی دووەم و تیرە و بەرزی لە بەشی یەکەم بچوکترە، بەرزییەکەی بریتییە لە (٨,٤٠ م) و تیرەکەشی (٨,٧٧ م)ە، بەشی دووەمیش وەکوو بەشی یەکەم کۆتایی هاتووە بە نەخش و نیگاری موقەرنەسات، و بە پاڵپشتی موقەرنەساتەکەش ڕاستەوخۆ بالکۆنی دووەم دروستکراوە، درێژی موقەرنەسات و بالکۆنی دووەم بریتییە لە (١,٩٤ م)، واتە بە بەراورد بە بالکۆنی یەکەم نزیکەی (٤٥ سم) بچوکترە.

ئەم بەشەش هاوشێوەی بەشەکانی تری منارەکە بە نەخش و نیگاری ئەندازەیی و نووسین ڕازێندراوەتەوە، لەناو چوارچێوەیەکی گەورەی شێوە لەبزینەیی دروستکراو لە سێ ڕیز شێوە لەبزینەیی بچوکی لکاو بە یەکەوە، بە جۆرێک ڕیزێکی ڕەنگ سپی لە ناوەڕاست و دوو ڕیزی ڕەنگ ڕەش لە ڕاست و چەپ، وشەی (الله) چوار جار دووبارە کراوەتەوە بە ڕەنگی سەوز، و لە ناوەڕاستیاندا شێوە لەپزینەییەکی تر نەخش کراوە بە ڕەنگی ڕەش، و لە ناویدا هێمای کۆ (+) یان (÷) دابەش بە ڕەنگی سپی نەخش کراوە، تێکڕای ئەم نەخشەی باسمان کرد لەم بەشەدا چەند جارێک دووبارە بووەتەوە و تەواوی لاشەی منارەکەی گرتووەتەوە، (بڕوانە وێنەی ژمارە ٧٨/ أ).

لە سەرووی ئەم نەخشانەوە و لە ژێر موقەرنەساتەکاندا لەناو پشتێنەیەکی لاکێشەیی ڕەنگ شین بە درێژی تیرەی لاشەکە، ئایەتی (٩)ی سوورەتی (الجمعة) بە خەتی (الثلث) بە ڕەنگی سپی نەخش کراوە، لەگەڵ نووسینی ساڵی (١٣٩٠ هـ) لە کۆتایی ئایەتەکەدا، بەم شێوەیە:

---

[٤٢٦] سەردانی مەیدانی: دووشەممە – ٢٠٢١/١١/٢٩ز، کات: ٠٢:٠٠ پاش نیوەڕۆ.

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا نُودِيَ لِلصَّلَاةِ مِن يَوْمِ الْجُمُعَةِ فَاسْعَوْا إِلَىٰ ذِكْرِ اللَّهِ وَذَرُوا الْبَيْعَ ذَٰلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿٩﴾ ﴾[٤٢٧] ١٣٩٠ هـ .

تۆمارکردن و نووسینی ساڵ خۆی لە خۆیدا بەڵگەیەکی زۆر بەهێز و حاشا هەڵنەگرە بۆ شوێنەوارناسان و مێژوونووسان سەبارەت بە دۆزینەوە و دیاریکردنی مێژوو و تەمەنی پاشماوە بیناسازیی و پارچە شوێنەواریی و کەلەپوورییەکان، و کاری توێژەران بە تەواوی ئاسان دەکات و ڕێگایەکی دووریان بۆ نزیک دەکاتەوە و بەرچاویان ڕووناک دەکاتەوە، نووسین و تۆمارکردنی ئەم ساڵەش (١٣٩٠ هـ) لەم شوێنەدا بەڵگەیەکی ترە پاڵپشتی دروستی مێژووی دروستکردنی منارەکە دەکات لە ساڵی (١٩٧٠ ز)، چونکە (١٣٩٠)ی کۆچی بەرانبەرە بە ساڵی (١٩٧٠ ز).

لە سەر ئەم ئایەتەشەوە نەخش و نیگاری موقەرنەسات هەیە هاوشێوەی بالکۆنی یەکەم، ڕاستەوخۆ دەکەوێتە ژێر بالکۆنی دووەم، و بالکونەکەی لەسەر بنیاتنراوە، و ڕازێندراوەتەوە بە نەخش و نیگاری ڕووەکی لەوانە: (شەبەقە گوڵ و لق و پۆپ) و نەخشی ئەندازەیی شێوە هێڵی شەپۆلی دووبارە بووەوە، بە شێوەیەکی گشتی ئەو ڕەنگانەی بەکارهێنراون لەم نەخشانەدا بریتین لە: (شینی ئاسمانی، شینی تۆخ، ڕەش، زەرد، سوور و ..تاد)، دیواری بالکۆنەکەش کە ڕاستەوخۆ لەسەر موقەرنەساتەکە دروست کراوە بە هەمان نەخشەکانی دیواری بالکۆنی یەکەم ڕازێندراوەتەوە بە دەستەواژەی (الله جل جلاله) و (محمد رسول الله) لەناو پشتێنەیەکی شیندا، بە هەمان شێوەی بالکۆنی یەکەم لە ڕێگەی دەرگایەکی لاکێشەیی بچوکی لە ئاسن دروستکراوەوە بە پێوانەی بەرزی (٨٢ سم) و پانی (٦٠سم) سەردەکەوینە سەر بالکۆنی منارەکە، و پانییەکەی لە ناوەوە (لە دیواری لاشەی منارەکەوە بۆ لێوارەکەی) بە هەمان شێوەی بالکۆنی یەکەم بریتییە لە (٥٢ سم)[٤٢٨]، (بڕوانە وێنەی ژمارە ٧٨/ ب).

بەشی سێیەمی لاشەی منارەکە دەست پێ دەکات لە بالکۆنی دووەمەوە تاوەکوو گومەزی منارەکە، و بەرزییەکەی بریتییە لە (٦,٩٥ م) و تیرەکەشی (٢,٤٤ م)ە، تیرە و بەرزی لە بەشی دووەمی لاشەکە بچوکترە، ئەم بەشەش ڕازێندراوەتەوە بە نەخش و نیگاری شێوە لەبزینەیی دووبارە بووەوەی پێکەوە لکاو بە ڕەنگی سەوز و سپی و ڕەش، لە سەرووی ئەم نەخشانەشەوە بە هەمان شێوەی کۆتایی بەشی دووەمی لاشەکە لەناو پشتێنەیەکی ڕەنگ شیندا ئایەتی (٩)ی سوورەتی (الجمعة) دووبارە نەخش کراوەتەوە[٤٢٩]، (بڕوانە وێنەی ژمارە ٧٩/ أ).

ئەوەی جێگای سەرنجە لەم منارەیەدا ئەوەیە لە بنکەکەیەوە تاوەکوو گومەزەکەی هیچ جۆرە پەنجەرەیەکی تێدا نییە بۆ هەواگۆڕکێ و گواستنەوەی ڕووناکی بۆ بەشی ناوەوەی منارەکە، هەر ئەمەش وای کردووە بەشی ناوەوەی زۆر تاریک بێت، هەرچەندە کارەبای بۆ ڕاکێشراوە و گڵۆپی بۆ دانراوە، بەڵام مەرج نییە هەموو کاتێک کارەبا هەبێت و بەشی ناوەوەی ڕووناک بێت، ئەمە جگە لەوەی هەوای

---

[٤٢٧] القرآن الكريم، سورة الجمعة.

[٤٢٨] سەردانی مەیدانی: دووشەممە - ٢٠٢١/١١/٢٩ز، کات: ٠٢:٠٠ پاش نیوەڕۆ.

[٤٢٩] سەردانی مەیدانی: دووشەممە - ٢٠٢١/١١/٢٩ز، کات: ٠٢:٠٠ پاش نیوەڕۆ.

بەشی ناوەوەی منارەکە تەنها لە کاتێکدا دێتە دەرەوە کە دەرگاکانی بکرێنەوە، کەسێکیش بیەوێت بچێتە ناو منارەکە و بە ئاسانی سەرکەوێت بەسەریدا دەبێت خۆی ڕووناککەرەوەی پێ بێت[٤٣٠].

- **گومەز (کڵاوە):**

منارەکە کۆتایی هاتووە بە گومەزێکی شێوە نیوە گۆیی ڕەنگ سەوزی سادە لە نەخش و نیگاردا، دروستکراوە لەسەر پشتێنەیەکی ڕەنگ سپی، و لە کۆتاییەکەشیدا سێ بازنەی بچوکی لەسەر یەک دانراو بەرزکراونەتەوە و نیوە مانگێکیان لەسەر دانراوە[٤٣١]، (بڕوانە وێنەی ژمارە ٧٩/ ب). هەرچەندە دەبێت ئەم نیوە مانگانانە ڕوو لە ڕووگە بن، بەڵام ئەوەی بەرچاو دەکەوێت نیوە مانگی سەر ئەم گومەزە ڕووی کراوەتە (شاخی پیرەمەگرون)، ئەمەش دیارە ئاڕاستەی ڕووگە نییە، کەواتە تەنها بۆ جوانی دانراوە، بەرزیی تێکڕای گومەزەکە بریتییە لە (١,٩٨ م)، و تیرەکەشی لە بەشی ناوەوە بریتییە لە (١,٤١ م) و نیوە تیرەکەشی بریتییە لە (٤٠ سم)[٤٣٢].

**٣/ نۆژەنکردنەوەی منارەکە.**

١/ وەکوو ئاماژەمان پێ دا مزگەوتی خانەقا لە دوای دروستکردنییەوە لەلایەن (مەحموود پاشای کوڕی عەبدولڕەحمان پاشای بابان)ـەوە تاوەکوو ساڵی (١٣٩٠ک/ ١٩٧٠ز) منارەی نەبووە، بەڵکو پاش ئەوەی لە ساڵی (١٩٦٩-١٩٧٠ز) بۆ جاری دووەم نۆژەندەکرێتەوە لە سەردەمی (مەلا عەبدوڵڵای چرۆستانەیی) و (شێخ موحەممەدی خاڵ)دا و بە هاوکاری (مەلا مستەفای بارزانی) چەند گۆڕانکاریەکی تێدا ئەنجام دەدرێت، یەکێک لەو گۆڕانکارییانەش بریتی دەبێت لە دروستکردنی منارەیەکی گەورە و جوان لە بەشی پێشەوەی مزگەوتەکە[٤٣٣].

٢/ لە ساڵی (١٤١٣ک/١٩٩٣ز) بۆ یەکەمجار لە دوای ساڵی (١٣٩٠ک/١٩٧٠ز)ـەوە مزگەوتەکە نۆژەندەکرێتەوە بە هاوکاری (جەلال تاڵەبانی) سکرتێری کۆچکردووی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان لەسەر هەمان تەرزی بیناسازیی پێشووی خۆی[٤٣٤].

٣/ لە ساڵی (٢٠٠٣-٢٠٠٧ز) جارێکی تر مزگەوت و منارەکەی نۆژەندەکرێنەوە، لەم نۆژەنکردنەوەیەدا نەخش و نیگارەکانی سەر ڕووی دەرەوەی منارەکەش نوێ دەکرێنەوە[٤٣٥].

واتە لە دوای دروستکردنییەوە منارەی مزگەوتی خانەقا دوو جار نۆژەنکراوەتەوە لەسەر دەستی خێرخوازان، یەکەمیان لە ساڵی (١٤١٣ک/١٩٩٣ز) و دووەمیان لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٣ - ٢٠٠٧ ز).

---

[٤٣٠] سەردانی مەیدانی: دووشەممە - ٢٠٢١/١١/٢٩ز، کات: ٠٢:٠٠ پاش نیوەڕۆ.

[٤٣١] سەردانی مەیدانی: دووشەممە - ٢٠٢١/١١/٢٩ز، کات: ٠٢:٠٠ پاش نیوەڕۆ.

[٤٣٢] سەردانی مەیدانی: دووشەممە - ٢٠٢١/١١/٢٩ز، کات: ٠٢:٠٠ پاش نیوەڕۆ.

[٤٣٣] صابر: سەرچاوەی پێشوو، ل:١٠٣.

[٤٣٤] صابر: سەرچاوەی پێشوو، ل:١٠٥.

[٤٣٥] صابر: سەرچاوەی پێشوو، ل:١٠٦.

**باسی دووەم: منارە کەلەپوورییەکانی شاری هەولێر (منارەی مزگەوتی حاجی مەولود - منارەی خانەقای مەولانا خالید).**

**تەوەرەی یەکەم: منارەی مزگەوتی حاجی مەولود (شێخە ڕەشکە).**

**أ/ مزگەوتی حاجی مەولود.**

**١/ شوێن و مێژووی دروستکردنی مزگەوتەکە:**

مزگەوتی حاجی مەولود یەکێکە لە مزگەوتە دێرینەکانی هەرێمی کوردستان، دەکەوێتە بەردەم قەڵای دێرینی هەولێر لە نزیک دەرگای ڕۆژهەڵات (باب الفرح)، لە ناوەندی بازاڕی شار (بازاڕی مەزادخانە-کۆنەفرۆشان)، لە گەڕەکی (خانەقا)، (بڕوانە وێنەکانی ژمارە ٨٠/ أ-د).

سەبارەت بە مێژووی دروستکردنی ئەم مزگەوتە چەند بۆچوونێکی جیاواز هەن، لەوانە: یەکێک لە سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکات لە ساڵی (١٣١٨ک/١٩٠٠ز) دروستکراوە بەسەرپەرشتی وەستای ناوداری شارەکە (فەتاح ئەربیلی)[٤٣٦].

بۆچوونێکی تر ئاماژە بەوە دەکات مێژووی دروستکردنی ئەم مزگەوتە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٣٢٨ ک/١٩١٠ز)، پاش ئەوەی لەسەر ئەرکی خوالێخۆشبوو حاجی مەولود دروستکراوە[٤٣٧].

**٢/ ناوی مزگەوتەکە:**

سەبارەت بە ناوی مزگەوتەکەش بە هۆکاری کۆنی مێژووی دروستکردنەکەیەوە کە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم بە چەند ناوێک ئاماژەی پێکراوە و ناوی براوە، لەوانە: پێی دەوترێت (مزگەوتی حاجی مەولود)، لەبەرئەوەی لەلایەن کەسایەتییەتی دیاری شارەکەوە بە ناوی (حاجی مەولود کوڕی حاجی فەتاحی بەقاڵ)ـەوە دروستکراوە لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی دەوڵەتی عوسمانیدا، هەروەها بە مزگەوتی (شێخ قازی) یاخود (شێخە ڕەشکە)ش ناو دەبرێت، کە هەردوو ناوەکە ئاماژەن بۆ ناوی (شێخ موحەممەد کوڕی شێخ ئەسعەد) کە دادوەری (قاضی) شاری هەولێر بووە لەو سەردەمەدا، پیاوێکی پێست مەیلەو ڕەش بووە بۆیە پێیان وتووە (شێخە ڕەشکە) و ناوی مزگەوتەکەی بە ناوەوە کراوە، چونکە کەسێکی دیاری شار بووە و خزمەتکار و دڵسۆزێکی مزگەوتەکەش بووە[٤٣٨].

**٣/ پێکهاتە بیناسازییەکانی مزگەوتەکە:**

سەرەتا مزگەتەکە بە شێوەیەکی سادە لە ڕووی پێکهاتەی بیناسازیی و مەوادی بەکارهاتووەوە (لە خشت و قوڕ) دروستکراوە لەسەر ڕووبەری (٢٠٠٠ م$^{2}$)، حەوشەیەکی فراوانی هەبووە و لە ناوەڕاستیدا حەوزێکی بازنەیی هاوشێوەی نافورەیەک هەبووە، جگە لەوەی دیمەنێکی جوانی بەخشیووە بە مزگەوتەکە لە هەمانکاتدا بەکاریش هاتووە بۆ دەستنوێژگرتن، هۆڵێکی گەورەی لاکێشەیی هەبووە بۆ

---

[٤٣٦] النجار، نجاة یاسین: *مخطوطة نادرة، اسعد اربیلي*، گۆڤاری کوردستان سەدەی ٢١، ژ١٦، ب ٢، ٢٠١٢ ز، ل:٧٨٢.

[٤٣٧] مودەریس، فاتیح یاسین: *مزگەوت و نوێژگەکانی هەولێر*، ئینسکلۆپیدیای هەولێر ((ئەربیل))، ب٥، چ١، چاپخانەی گرین گالۆری، لوبنان، ٢٠٠٩ ز، ل:٢١٥٩.

[٤٣٨] بەرزنجی، عمر شێخ لەتیف: *گەشتێک بەناو مزگەوت و تەکیەکانی شاری هەولێر*، هەولێر، ٢٠٠١ ز، ل:٥٧.

نوێژکردن، لە چوار ستون پێکهاتووە و میحرابێکی ڕووچاڵی هەبووە، و بانەکەی گیراوە بە شەش گومەزی گەورە و دوو گومەزی بچوکی نیوە گۆیی دروستکراو لە خشت، ئەم شێوە بیناسازییەی ماوەتەوە تاوەکوو ساڵی (١٤٠٣ک/١٩٨٢ز)، بەڵام پاش ئەوەی دووبارە مزگەوتەکە دروستکراوەتەوە بە خشت و گەچ هەندێک گۆڕانکاری تێدا کراوە، هەروەها مزگەوتەکە کتێبخانەیەکی هەیە، و کۆمەڵێک دەستنووسی کۆنی تێدا هەڵگیراوە کە مێژووی هەندێکیان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەیەک[٤٣٩].

**ب/ منارەی مزگەوتی حاجی مەولود.**

**١/ ناو و شوێن و مێژووی منارەکە.**

- **ناوی منارەکە:**

به هۆکاری ئەوەی مزگەوت و منارەکەی بە یەکەوە دروستکراون، منارەکە ناوێکی تایبەتی نییە سەربەخۆ و جیا لە مزگەوتەکەی، بەڵکو هەر بە ناوی مزگەوتەکەوە ناوبراو و ناسراوە لەسەر زاری خەڵکی، و پێی دەوترێت (منارەی مزگەوتی حاجی مەولود) یاخود منارەی مزگەوتی (شێخە ڕەشکە)[٤٤٠].

- **شوێنی منارەکە:**

منارەکە لە ڕابردوودا واتە لە کاتی دروستکردنیدا لە بەشی باشووری ڕۆژئاوای حەوشەی مزگەوتەکەدا بووە، بەڵام پاش ئەوەی لە ساڵی (١٣٩٠ک/١٩٧٠ز) دەوروبەری مزگەوت ئاوەدان دەبێتەوە و دەکرێتە دوکان و بازاڕ بەشی خوارەوەی ون دەکرێت لەناو بان و دیوار و پایەی دوکانەکاندا بە بیانوی ڕێگرتن لەگەشەکردنی بازاڕ[٤٤١]، ئەو بەشەی کە دیارە و ماوەتەوە لە ئێستادا دەکەوێتە بەشی ڕۆژئاوای هۆڵی نوێژکردنی مزگەوتەکە (بيت الصلاة)[٤٤٢].

- **مێژووی منارەکە:**

مزگەوت و منارەی (حاجی مەولود) نەک هەر لە ڕووی خزمەتگوزاری و نۆژەنکردنەوەوە پشتگوێ خراون، بەڵکو لە ڕووی نووسین و تۆمارکردنی زانیاریشەوە بەراورد بە مزگەوتە شوێنەواری و کەلەپوورییەکانی شاری هەولێر زانیارییان لەسەر تۆمارکراوە، کەسێکیش بیەوێت توێژینەوەی لەسەر بکات پێویستییەکی زۆری بە مێژووی زارەکی دەبێت لەگەڵ کەسانی بەتەمەن و شارەزای مێژووی شارەکە و دانیشتووی گەڕەکی خانەقا و دەوروبەری مزگەوتەکە.

---

[٤٣٩] مسجد الحاج مولود، وەرگیراوە لە:
https://ar.wikipedia.org/wiki/%D9%85%D8%B3%D8%AC%D8%AF_%D8%A7%D9%84%D8%AD%D8%A7%D8%AC_%D9%85%D9%88%D9%84%D9%88%D8%AF

[٤٤٠] خضر، هەڤاڵ زرار، لەدایک بووی (١٩٧٠ز)، خزمەتگوزاری مزگەوتی حاجی مەولود، چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆ، پێنجشەممە ٢٠٢٢/٥/١٩، کات: ١٢:٣٠ پاش نیوەڕۆ.

[٤٤١] خضر، هەڤاڵ زرار، لەدایک بووی (١٩٧٠ز)، خزمەتگوزاری مزگەوتی حاجی مەولود، چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆ، پێنجشەممە ٢٠٢٢/٥/١٩، کات: ١٢:٣٠ پاش نیوەڕۆ.

[٤٤٢] سەردانی مەیدانی: ٢٠٢٢/٥/١٩ز، پێنج شەممە، ٩:٠٠ پێش نیوەڕۆ.

ئەوەی باسکراوە دەربارەی مێژووی دروستکردنی منارەکە، ئەوەیە لەگەڵ مزگەوتەکەدا دروستکراوە و مێژووەکەی بەستراوەتەوە بە مێژووی دروستکردنی مزگەوتەکەوە، کە لە ساڵی (١٣١٨ک/١٩٠٠ز) یاخود (١٣٢٨ک/١٩١٠ز) بەسەرپەرشتی یەکێک لە وەستا لێهاتوو و دیارەکانی ئەوکاتی شاری هەولێر بەناوی (فەتاح ئەربیلی) بنیاتنراوە[٤٤٣]، (بڕوانە وێنەکانی ژمارە ٨١/ أ،ب).

**٢/ ڕەگەزە بیناسازییەکانی منارەکە.**

- **وەسفی منارەکە:**

منارەی مزگەوتی حاجی مەولود لە ئێستادا دەکەوێتە ئاستی سەر بانی مزگەوتەکە و لە خشت و قسڵ دروستکراوە، بەرزییەکەی لە ڕابردوودا بریتی بووە لە (١٣,٤٠ م)ە، بەڵام پاش ئەوەی دەستکاری مزگەوت کراوە و سەرلەنوێ دروستکراوەتەوە و دەوروبەری هەموو بووەتە دوکان و بازاڕ، و بنکەکەی و بەشێک لە لاشەکەی ونکراوە لەناو دوکانەکاندا و بە هیچ شێوەیەک بەرچاو ناکەوێت، تەنها ئەو بەشەی نەبێت کە لە وێنەکاندا دیارە و لە بانی مزگەوت و دوکانەکان بەرزترە[٤٤٤].

تەنانەت لە ئێستادا بە جۆرێکە ئەگەر کەسێک سەردانی بکات و شارەزای مێژووەکەی نەبێت وا دەزانێت لە ڕابردووشدا بەرزییەکەی هەر ئەوەندە بووە و لە ئاستی سەربانی مزگەوتەکەدا دروستکراوە، بەڵام ڕاستییەکەی بنکەی ئەم منارەیە سەرەتا لە حەوشەی مزگەوتەکەدا بووە نەک لە ئاستی سەر بانەکەی، و بە پشت بەستن بە بەرزی ئێستای بانی مزگەوتەکە و دوکانەکانی دەوروبەری بۆمان دەردەکەوێت کە (٥,٧٥ م)ی دیار نەماوە، واتە نزیکەی نیوەی کۆی بەرزی منارەکە، چونکە بەرزی ئێستای لەسەر بانی مزگەوتەکەوە تاوەکوو گومەزەکەی بریتییە لە (٦,٧٥ م). ئەو بەشەی منارەکەش کە لە ئێستادا ماوەتەوە و بەرچاوە لە (١٤٢) چین خشت بە شێوەی ئاسۆیی پێکهاتووە، و پێوانەی خشتەکانی بریتین لە درێژی (١٨ سم) و بەرزی (٥ سم)ە[٤٤٥]، (بڕوانە وێنەی ژمارە ٨١/ أ،ب).

لە پاش دروستکردنییەوە بووەتە یەکێک لە مزگەوتە دیارەکانی شار، نوێژی هەینی و پێنج فەرزە و نوێژی دوو جەژنەکەی تێدا ئەنجام دەدرا، ئەمە جگە لەوەی قوتابخانەیەکی گەورە و بەناوبانگی هەبووە لە سەدەی نۆزدەی زایینیدا[٤٤٦].

سەبارەت بە باردودۆخی منارەکەش لە ئێستادا پێویستی بە خێرا نۆژەنکردنەوەیەکی زانستی شوێنەواری هەیە، چونکە ساڵانێکە پشتگوێخراوە و نۆژەننەکراوەتەوە، هەربۆیە چەندان درز و کەلێنی تێکەوتووە و لێیانەوە باران دەچێتە ناوییەوە، ئەمەش مەترسی جدی دروستکردووە لەسەر منارەکە و بەرەو داخورانی بردووە[٤٤٧].

---

[٤٤٣] النجار: المرجع السابق، ل:٧٨٢.

[٤٤٤] سەردانی مەیدانی: ٢٠٢٢/٥/١٩ز، پێنج شەممە، ٩:٠٠ پێش نیوەڕۆ.

[٤٤٥] سەردانی مەیدانی: ٢٠٢٢/٥/١٩ز، پێنج شەممە، ٩:٠٠ پێش نیوەڕۆ.

[٤٤٦] حداد: المرجع السابق، ل:٩٩.

[٤٤٧] سەردانی مەیدانی: ٢٠٢٢/٥/١٩ز، پێنج شەممە، ٩:٠٠ پێش نیوەڕۆ.

چەند جارێک هەوڵدراوە ئەم منارەیە بڕوخێنرێت بە هۆکاری ئەوەی زۆر کۆن بووە و منارەیەکی نوێ و بەرز لە شوێنیدا دروستبکرێت بۆ مزگەتەکە هاوشێوەی منارەی خانەقای کفری، بەڵام کەسانی دڵسۆز و ڕۆشنبیر و تێگەیشتوو بە گرنگی سەرمایەی شارستانیی ئەم منارەیە ڕێکخراوی جیهانی (یونیسێف - Unicef)یان ئاگادارکردووەتەوە و بوونەتە ڕێگر لەبەردەم ئەنجامدانی کارێکی لەو شێوەیە[٤٤٨].

لە ساڵی (١٤٢٧ک/٢٠٠٦ز) بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی هەولێر دەستی کردووە بە خاوێنکردنەوەی خشتەکانی منارەکە بە ماددەی (سیم) بە هۆکاری پیسپوونیان، هەروەها لە چواردەوری بالکۆنەکەی تەختە داریان داناوە بۆ پارێزگاریکردن لە ڕووخان و بەهێزکردنی[٤٤٩].

- **بنکەی منارەکە:**

لە ساڵی (١٣٩٠ک/١٩٧٠ز) پاش ئەوەی دەوروبەری مزگەوتەکە دەبێتە بازاڕ و مزگەوتەکە نۆژەندەکرێتەوە، بنکەی منارەکە و بەشێک لە لاشەکەی ون دەبێت لەناو دوکانەکاندا و لە ئێستادا بەرچاو ناکەوێت، نازانین کەوتۆتە ناو سەد و دیواری دوکانەکانەوە یاخود ڕوخێنراوە، ڕاستییەکەی نەبوونی ڕۆشنبیرییە دەربارەی گرنگی و بایەخی پاشماوەیەکی بیناسازیی دێرین و گرنگی وەک ئەم منارەیە، ئەوەی باس دەکرێت لە زاری کەسانی شارەزا و بەتەمەنی دەوروبەری مزگەوتەکەوە ئەوەیە بنکەی منارەکە هەشت لایی بووە، بەڵام نازانین ئەو بەشەی دیار نەماوە چەنێکی بنکە بووە و چەنێکی لەسەر لاشەی منارەکە بووە[٤٥٠].

- **لاشەی منارەکە:**

لاشەی منارەکە لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشێکی هەشت لایی تاوەکوو بالکۆنی منارەکە و بەشێکی لولەیی لە بالکۆنی منارەکەوە تاوەکوو گومەزەکەی، بەشی یەکەم وەکوو ئاماژەمان پێ دا هەشت لاییە و بەرزییەکەی بریتییە لە (٣,٥٠ م)، و لە (٧٠) چینی ئاسۆیی لە خشت پێکهاتووە، پێوانەی پانی لاکانی هاوشێوەی یەک نین و یەکسان نین، ئەگەر ئەو بەشەی دەرگای منارەکەی لەسەر دروستکراوە لای ژمارە یەک بێت، پێوانـەی لاکـانی بـەم شێوەیە: پانـی لای یـەکـەم (لای دەرگای سـەرەکی منارەکە) بریتییە لە (٨٠ سم)، لای دووەم (٨٥ سم)، لای سێیەم (٨٠ سم)، لای چوارەم (٨٥ سم)، لای پێنجەم (٨٠ سم)، لای شەشەم (٨٥ سم)، لای حەوتەم (٧٥ سم) و لای هەشتەمیش بریتییە لە (٨٠ سم)[٤٥١].

---

[٤٤٨] نەقشبەندی، شێخ نەجات مەزهەر عەبدولڕەحمان، لەدایک بووی (١٩٤٢ز)، سەرپەرشتیاری مزگەوتی خانەقا، چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆ، پێنجشەممە ٢٠٢٢/٥/١٩ز، کات:١١:٠٠پێش نیوەڕۆ.

[٤٤٩] خضر، هەڤاڵ زرار، لەدایک بووی (١٩٧٠ز)، خزمەتگوزاری مزگەوتی حاجی مەولود، چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆ، پێنجشەممە ٢٠٢٢/٥/١٩، کات: ١٢:٣٠ پاش نیوەڕۆ.

[٤٥٠] سەردانی مەیدانی: ٢٠٢٢/٥/١٩ز، پێنج شەممە، ٩:٠٠ پێش نیوەڕۆ.

[٤٥١] سەردانی مەیدانی: ٢٠٢٢/٥/١٩ز، پێنج شەممە، ٩:٠٠ پێش نیوەڕۆ.

هەریەکە لەم هەشت لایە بە چەند شێوازێک لە نەخش و نیگار ڕازێندراوەتەوە، نەخشەکان بە شێوەیەکی وردی هونەری زۆر جوان دروستکراون بە هەمان ئەو خشتانەی منارەکەیان لێ دروستکراوە.

تێکڕا نەخشەکان لە هەر لایەکدا بریتین لە هەشت نەخش و بە ستونی بە شوێن یەکدا هەر لایەکیان ڕازاندۆتەوە و لە لاکانی تریشدا بە هەمان شێوە و شکڵ دووبارە بوونەتەوە، واتە هەر جۆرێک لە ئاست خۆیدا ئاسۆیی لە هەر هەشت لاکەدا نەخشکراوەتەوە، تێکڕا دیمەنێکی جوانیان بە لاشەی منارەکە بەخشیوە، نەخشەکانیش بەم شێوەیەن:

- نەخشی یەکەم (لە خوارەوە): بریتییە لە نەخشێکی شێوە لەبزینەیی (معینی)، بە خشت لەسەر باری ستونی دروستکراوە بە پێوانەی بەرزی (٧٠ سم) و پانی (٣٥ سم) و ناو نەخشەکەش بە چەند چینێک خشتی ئاسۆیی پڕکراوەتەوە.

- نەخشی دووەم: بە هەمان شێوەی نەخشی یەکەم بریتییە لە نەخشێکی لەبزینەیی ، و بە چەند خشتێکی تەواو و نیوە دروستکراوە، بە جۆرێک نێوان هەر خشتێک یان نیوە خشتێک و دانەیەکی تر کونێکی بچوکی چوارگۆشەیی دروستکراوە بە پێوانەی (٤×٥سم)، پێوانەی کۆی گشتی نەخشەکەش پێوانەکەی بریتییە لە بەرزی (٣٤ سم) و پانی (٥١ سم)[٤٥٢].

- نەخشی سێیەم: بریتییە لە نەخشێکی لەبزینەیی بچوک، هاوشێوەی نەخشی دووەمە بە بچوککراوەیی، چوار کونی بچوک هاوشێوەی کونەکانی نەخشی دووەم و پارچە خشتێک لە نێوانیاندا نەخشەکەیان دروستکردووە، و پێوانەی بریتییە لە بەرزی (١٥ سم) و پانی (٢٠ سم) [٤٥٣].

- نەخشی چوارەم: بە هەمان شێوەی سێ نەخشەکەی تر شێوە لەپزینەییە، چەند خشتێک بە ستونی دانراون و ئەم نەخشەیان دروستکردووە بە پێوانەی بەرزی (٦٩ سم) و پانی (٥٧ سم)، جیاوازی لەگەڵ نەخشی یەکەم ئەوەیە کەمێک پانترە و لەناوەڕاستیشیدا چوارگۆشەیەکی ڕوچاڵی داخراو نەخشکراوە بە پێوانەی (١٠×١٠ سم) [٤٥٤].

- نەخشی پێنجەم: جیاواز لە نەخشەکانی تر بریتییە لە شێوە ئەستێرەیەکی هەشت تیشکی، لە ناوەڕاستدا کونێکی بازنەیی داخراو دروستکراوە بە پێوانەی (٢٥×٢٣سم) و بە هەشت خشتی تەواو هەشت تیشکی بۆ نەخشکراوە، و لە ڕاست و چەپی نەخشەکەشدا دوو کونی بچوکی داخراو دروستکراون بە مەبەستی جوانکاری، ئەم نەخشە وەکوو ئاماژەمان پێکرد لە هەر هەشت لاکەدا هاوشێوەی یەک دووبارە بووەتەوە، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە کونی یەکێک لەم نەخشانە داخراو نییە و هاوچێوەی پەنجەرەیەکی بچوک ڕۆڵی ڕووناککردنەوەی بەشی ناوەوەی منارەکە و هەواگۆڕکێی هەیە، بۆیە گومان دەکرێت هاوشێوەکانی لە لاکانی تردا بە هەمان شێوە بووبن و بۆ مەبەستی چوونە ژوورەوەی ڕووناکی و هەواگۆڕکێ و کەمکردنەوەی پەستانی هەوا لەسەر لاشەی منارەکە دروستکرابن، بەڵام پاش ئەوەی منارەکە نۆژەنکراوەتەوە بەشی ناوەوەی ئەم کونانە گیراوە، جگە لە

[٤٥٢] سەردانی مەیدانی: ٢٠٢٢/٥/١٩ز، پێنج شەممە، ٩:٠٠ پێش نیوەڕۆ.

[٤٥٣] سەردانی مەیدانی: ٢٠٢٢/٥/١٩ز، پێنج شەممە، ٩:٠٠ پێش نیوەڕۆ.

[٤٥٤] سەردانی مەیدانی: ٢٠٢٢/٥/١٩ز، پێنج شەممە، ٩:٠٠ پێش نیوەڕۆ.

یەک دانەیان نەبێت، یاخود بە پێچەوانەوە سەرجەم کونەکان داخراو دروستکراون و لە دواتردا بە مەبەستی چوونە ژوورەوەی ڕووناکی یەکێک لەوانە لە ناوەوە دەستکاری کراوە و کون کراوە یان کراوەتەوە، شایەنی باسە ئەم جۆرە نەخشە تازەیە و لە منارەکانی تردا نابینرێت[٤٥٥].

– نەخشی شەشەم: هاوشێوەی نەخشی سێیەمە لە شێواز و پێوانەشدا.

– نەخشی حەوتەم: بە هەمان شێوەی نەخشەکانی تر بریتییە لە نەخشێکی لەبزینەیی، دروستکراوە بە شەش چین خشت بە ستونی، بەرزی نەخشەکە بریتییە لە (٣٠ سم) و پانییەکەشی (٢٥ سم)ە.

– نەخشی هەشتەمیش هاوشێوەی نەخشەکانی سێیەم و شەشەمە لە شێواز و پێوانەدا، (بڕوانە وێنەکانی ژمارە ٨٢).

کۆتایی ئەم بەشە لە هەشت لاییەوە گۆڕدراوە بۆ شێوە لولەیی، و نەخشێکی لەبزینەیی و نەخشێکی قوچەکی (یاخود سێگۆشەیی سەربەرەو خوار)ی لەسەر نەخش کراوە، و ڕاستەوخۆ بووەتە بناغەی بالکۆنی منارەکە، بەرزییەکەی نزیکەی (٧٠سم)ە و لە (١٤) چین خشت پێکهاتووە، و ژمارەی نەخشە لەبزینەیی و قوچەکییەکانیش (١٧) دانەن[٤٥٦].

بەشی دووەمی لاشەی منارەکە لە بالکۆنەکەیەوە دەست پێ دەکات تاوەکوو گومەزەکەی و شێوەیەکی لولەیی هەیە، بەزرییەکەی بریتییە لە (١,٧٥م) و لە (٣٥) چین خشت پێکهاتووە، و لە کۆتاییەکەشیدا نەخشێکی شێوە لەبزینەیی هاوشێوەی نەخشی یەکەمی بەشی خوارەوەی لاشەکە دروستکراوە بە شێوەی شریت بە شوێن یەکدا دووبارە بوونەتەوە و سوڕاونەتەوە بە دەوری چێوەی لاشەکەیدا، ژمارەیان هەشت دانەیە و لە پێوانەدا کەمێک جیاوازن[٤٥٧]، (بڕوانە وێنەکانی ژمارە ٨١/أ،ب).

- **دەروازە – دەرگا:**

منارەکە لە ئێستادا دوو دەرگای هەیە، دەرگایەکی سەرەکی لە ئاست سەربانی مزگەوتەکە بۆ سەرکەوتن بەسەر منارەکەدا و دەرگایەک لە ئاست بالکۆنی منارەکە و لێیەوە دەچێتە بالکۆنەکەی.

دەرگای سەرەکی دەکەوێتە سەرەتای لاشەی منارەکە ڕووە و باکوور، شێوەی لاکێشەییە و لە ئاسن دروستکراوە، پێوانەکەی بریتییە لە: بەرزی (١,٠٥ م) و پانی (٥٥ سم)، لەسەر دەرگاکە پارچە دارێکی بەهێز دانراوە بەمەبەستی ڕاگیربوونی دیواری لاشەی منارەکە لەسەری، لە یەکێک لە نۆژەنکردنەوەکانی منارەکەدا یاخود لەلایەن کەسانی دڵسۆز و خەمخۆری مزگەوت و منارەکەوە چواردەوری ئەم دەرگایە بە قوڕ سواغ دراوە، بە مەبەستی پارێزگاری لە ڕووخان و نەجوڵانی خشتەکانی[٤٥٨]، دیارە خشتی چوار دەوری دەرگاکە بە هۆکاری کۆنی و کاریگەری کەشوهەواوە تووشی داخوران بوون و بەم شێوەیە بە قوڕ سواغ دراون بۆ ئەوەی زیاتر دانەخورێن و زیان بەر منارەکە نەکەوێت، هەرچەندە ئەم کارە لەگەڵ نۆژەنکردنەوە زانستییەکاندا ناگونجێت، بەڵام بێگومان کارێکی

---

[٤٥٥] سەردانی مەیدانی: ٢٠٢٢/٥/١٩ز، پێنج شەممە، ٩:٠٠ پێش نیوەڕۆ.

[٤٥٦] سەردانی مەیدانی: ٢٠٢٢/٥/١٩ز، پێنج شەممە، ٩:٠٠ پێش نیوەڕۆ.

[٤٥٧] سەردانی مەیدانی: ٢٠٢٢/٥/١٩ز، پێنج شەممە، ٩:٠٠ پێش نیوەڕۆ.

[٤٥٨] سەردانی مەیدانی: ٢٠٢٢/٥/١٩ز، پێنج شەممە، ٩:٠٠ پێش نیوەڕۆ.

دڵسۆزانە بووە و تا ڕادەیەک ئەم بەشەی منارەکەی پاراستووە لە داخوران و زیانی زیاتر، (بڕوانە وێنەی ژمارە ٨٣).

پاش سەرکەوتن و بڕینی (١٥) پلیکانە لە دەرگای یەکەم و سەرەکی منارەکەوە دەگەینە دەرگای دووەم، و لێیەوە سەردەکەوین بۆ سەر بالکۆنی منارەکە، هاوشێوەی دەرگای سەرەکی منارەکە لاکێشەییە و لە ئاسن دروستکراوە، و پێوانەکەی بریتییە لە بەرزی (١,٢٧ م) و پانی (٥٠ سم)[٤٥٩]، (بڕوانە وێنەی ژمارە ٨١/ ب).

- **پلیکانە:**

لە دەرگای سەرەکی منارەکەوە ئەگەر بمانەوێت سەربکەوین بۆ بەشی سەرەوەی منارەکە لە ڕێگەی پلیکانەیەکی لولپێچەوە دەبێت بە ئاراستەی پێچەوانەی میلی کاتژمێر، بە هەمان شێوەی لاشەی منارەکە دروستکراون لە خشت، ژمارەیان (٢٠) پلیکانەیە و جیاوازن لە پێوانەدا، بەرزییان لە نێوان (٢٧-٣٩ سم)دایە، درێژیشیان لە نێوان (٣٦-٥٥ سم)دایە، پانی پلیکانەکانی سەرەتا لە نێوان (٢٥-٣٦ سم) و لە ناوەڕاستدا دەبنە (٢٤ - ٢٧ سم) و لە کۆتاییدا تەسک دەبنەوە بۆ (١٦-١٨ سم)[٤٦٠]، (بڕوانە وێنەی ژمارە ٨٤).

- **پەنجەرە (النوافذ):**

لە ئێستادا منارەکە تەنها یەک پەنجەرەی زۆر بچوکی هەیە، و دەکەوێتە ناو نەخشی سێیەمی لاشەی منارەکە (شێوە ئەستێرەییەکە)، وەکوو لە باسی نەخش و نیگارەکانی بەشی یەکەمی منارەکەدا ئاماژەمان پێ دا لەوانە سەرجەم نەخشەکانی تری هاوشێوەی ئەو نەخشەش بە هەمان شێوە پەنجەرەی بچوک بووبن و لە دواتردا گیرابن لە ناوەوە، ئەوەش بە هۆکاری ئەوەی منارەکە بەرزی کەمە و دوو دەرگای گەورەی هەیە و پێویستی بە ڕووناککەرەوە و هەواگۆڕکێی ناوەوە نەبووە.

لە ڕووی دەرەوەیدا شێوە بازنەییەو لە بەشی ناوەوەشیدا شێوە چوارگۆشەییە و پێوانەکەی بریتییە لە بەرزی (٢٥ سم) و پانی (٢٣ سم) و قوڵی (٢٥ سم)[٤٦١]، (بڕوانە وێنەی ژمارە ٨٥/أ،ب).

- **بالکۆن (شرفة) :**

ئەم منارەیە تەنها یەک بالکۆنی هەیە، شێوەی بازنەییە و لە سەرەتای لاشەکەیەوە (٤,٢٥ م) بەرزە و لاشەی منارەکەی کردووەتە دووبەش، بەشێکی هەشت لایی لە خواریەوە و بەشێکی لولەیی لەسەریەوە، ڕاستەوخۆ لەسەر نەخشێکی شێوە زیکزاکی و شێوە قوچەکی بنیاتنراو، لێواری بالکۆنەکەش

---

[٤٥٩] سەردانی مەیدانی: ٢٠٢٢/٥/١٩ز، پێنج شەممە، ٩:٠٠ پێش نیوەڕۆ.

[٤٦٠] سەردانی مەیدانی: ٢٠٢٢/٥/١٩ز، پێنج شەممە، ٩:٠٠ پێش نیوەڕۆ.

[٤٦١] سەردانی مەیدانی: ٢٠٢٢/٥/١٩ز، پێنج شەممە، ٩:٠٠ پێش نیوەڕۆ.

به هەمان شێوە بە شێوەیەکی بازنەیی دروستکراوە بە موحاجەرەی ئاسن بە بەرزی (٥٩ سم) و بە نەخش و نیگاری ڕووەکی (گەڵا و گوڵ) ڕازێندراوەتەوە[٤٦٢].

هەروەها لە چواردەوری ژێرەوەی بالکۆنەکەدا تەختەیەکی بەهێز دانراوە بۆ پارێزگاری کردن لە داخوران و تەپینی بالکۆنەکە، تاوەکوو کۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردووش بانگبێژەکانی ئەم مزگەوتە هاتوونەتە سەر ئەم بالکۆنە و بانگیان داوە، پێش ئەوەی تەکنەلۆجیا پێش بکەوێت و بڵندگۆ دابنرێت لە مزگەوتەکاندا بۆ بانگدان، و لە ئێستادا چوار بڵندگۆ بە هەرچوار ئاڕاستەکەی مزگەوتەکە بەستراون بە موحاجەری بالکۆنەکەوە[٤٦٣]، (بڕوانە وێنەی ژمارە ٨٦).

- **گومەز (کڵاوە):**

منارەکە کۆتایی هاتووە بە گومەزێکی قوچەکی دروستکراو لە خشت، بەش بەشە و ژمارەی بەشەکانی هەشت بەشە، بەرزییەکەی نزیکەی (٨٥ سم)ەو ژمارەی چینە خشتەکانی بریتین لە (١٧) چینی ئاسۆیی، لە کۆتایی گومەزەکەشەوە ئاسنێک دانراوە سێ تۆپی بازنەیی پێوەیەو کۆتایی هاتووە بە شێوە نیوە مانگێک و ڕووی کردووەتە ڕوگە (بە ئاڕاستەی ڕووگە (قیبلە) دانراوە)، بەرزی ئەم پارچە ئاسنە بریتییە لە (٧٠سم)[٤٦٤]، (بڕوانە وێنەی ژمارە ٨٧).

---

[٤٦٢] سەردانی مەیدانی: ٢٠٢٢/٥/١٩ز، پێنج شەممە، ٩:٠٠ پێش نیوەڕۆ.

[٤٦٣] سەردانی مەیدانی: ٢٠٢٢/٥/١٩ز، پێنج شەممە، ٩:٠٠ پێش نیوەڕۆ.

[٤٦٤] سەردانی مەیدانی: ٢٠٢٢/٥/١٩ز، پێنج شەممە، ٩:٠٠ پێش نیوەڕۆ.

**تەوەرەی دووەم: منارەی خانەقای مەولانا خالید (خانەقای هەولێر)**

**أ/ مزگەوتی خانەقای مەولانا خالید.**

**١/ شوێن و مێژووی دروستکردنی مزگەوتەکە:**

مزگەوتی خانەقای مەولانا خالید یاخود خانەقای خالیدییە، بە یەکێک لە شوێنەوارە دێرینەکانی شاری هەولێر دادەنرێت، دەکەوێتە ناوەندی شاری هەولێر، لەبەردەم کۆنە قەڵای شار، لە گەڕەکی خانەقا*، لە باکوورییەوە قەڵای هەولێر، لە باشوورییەوە بازاڕی نیشتیمان، لە ڕۆژئاوایەوە قەیسەری کۆنی هەولێر و پارکی شاره[٤٦٥]، (بڕوانە وێنەی ژمارە ٨٨).

دەربارەی مێژووی دروستکردنی مزگەوتەکە تاوەکوو ئێستا بە دیاریکراوی نازانرێت کەی دروستکراوە و کێ دروستی کردووە؟ بەڵکو لە سەرچاوەکاندا چەند بیر و بۆچوونێکی جیاواز ئاماژەیان پێکراوە، لەوانە:

- زۆرێک لە سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن لەلایەن سوڵتان موزەفەرەدینەوە (٥٨٦-٦٣٠ک/١١٩٠-١٢٣٣ز) دروستکراوە لەو ماوەیەی سەردار و کاربەدەستی شار بووە، پاش دروستکردنیشی سوڵتان گرنگییەکی زۆری لە ڕووی خزمەتگوزارییەوە داوە بە خانەقا و دەوروبەریشی، بەم هۆیەوە خەڵکی ڕوویان تێکردووە و خانوویان تێدا دروستکردووە و ئاوەدانیان کردووەتەوە، تاوەکوو بووەتە گەڕەکێکی گەورەی شار و هەر بە ناوی خانەقاکەشەوە ناسراوە بە (گەڕەکی خانەقا)[٤٦٦].

مێژوونووس ئیبن خەلەکان (م: ١٢٨٢ک/ ١٨٦٥ز) باسی لەوە کردووە سوڵتان موزەفەرەدین ئەو سەردەمەی سەرداری شاری هەولێر بووە، چوار خانەقای تێدا بۆ خزمەتی کوێر و نەخۆش و دەردەداران لە پیاوان و ئافرەتان و منداڵان دروستکردووە، لەگەڵ دابینکردنی سەرجەم پێداویستییەکانی ژیان بۆیان، هەر لە ئاو و خۆراک و جل بەرگەوە بگرە تاوەکوو دابینکردنی خەرجی و پێداویستی ڕۆژانەیان، بەمەش لە دەرۆزەکردن و مانەوە لە کۆڵانان و چەندان کێشەی تری کۆمەڵایەتی ڕزگاری کردوون[٤٦٧].

---

*گەڕەکی خانەقا یەکەم گەڕەکی خوارەوەی قەڵایە دروستکرابێت و ئاوەدان کرابێتەوە، مێژووی دروستکردنی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەتابەگییەکان (٥٢٢-٦٣٠ک/ ١١٢٨-١٢٣٣ز)، ناوەکەشی بۆ ناوی خانەقای (مەولانا خالید) دەگەڕێتەوە کە کەوتۆتە ڕۆژئاوای گەڕەکەکەوە، خودی گەڕەکەکەش دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەڵاتی قەڵای هەولێرەوە، مامۆستا جەمال بابان لە (أصول أسماء المدن والمواقع العراقية) دەڵێت: بەناوی زانای گەورەی کورد مەولانا خالیدی نەقشبەندییەوە ناونراوە، ئەمەش پاش ئەوەی خانەقایەکی تێدا دروستدەکات. بڕوانە: عەبدولقادر، نەهرۆ محەمەد: *هەولێر لە نێوان ساڵانی (١٩١٨ – ١٩٢٦ز) دا توێژینەوەیەک لە بارودۆخی رامیاری*، چ١، چاپخانەی موکریانی، هەولێر، ٢٠١٢ ز، ل:٢٧. الجنابي، هاشم خضر: *مدينة أربيل/ دراسة في جغرافية الحضر*، ط١، موصل، ١٩٨٧م، ص:٧٥. بابان، جمال: *أصول أسماء المدن والموقع العراقية*، المرجع السابق، ص: ١٩. عەبدولڕەحمان، دڵشاد مەحموود: *گەڕەکەکانی شاری هەولێر لە سەرژمێرییە فەرمییەکانی ڕۆژگاری پاشایەتیدا (١٩٤٧-١٩٥٨ز)*، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژ٤٧، هەولێر، ٢٠٢١، ل:٣٤٥.

[٤٦٥] سەردانی مەیدانی، پێنج شەممە: ٢٠٢٢/٥/١٩ز، کات: ١١:٣٠ی پێش نیوەڕۆ.

[٤٦٦] دەرگەڵەیی: سەرچاوەی پێشوو، ل:١٨.

[٤٦٧] إبن خلكان: المصدر السابق، ص: ١١٦.

هەروەها ئەبو یەحیای قەزوینی (م: ٦٨٢ک/١٢٨٣ز) ئاماژەی بەوە کردووە: شا موزەفەرەدین گۆگبوری کوڕی زەینەدین عەلی کوچک کە خەڵکی ئەو شارە بووە و سۆفی بووە، بۆ سۆفیگەران خانەقایەکی دروستکردووە، تیایدا بە بەردەوامی (٢٠٠) سۆفی تیایدا ژیاون، هەموو شەوانێکی هەیینیان بە زیکر و سەڵاواتدان لەسەر پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەڕێکردووە، شا موزەفەرەدین هەمیشە پاڵپشتێکی گەورەی سۆفییەکان بووە و هەر پێداویستییەکیان هەبووبێت بۆی دابینکردوون[٤٦٨].

سوڵتان موزەفەرەدین گرنگییەکی زۆری بەم خانەقایە داوە، زۆرکات سەردانی کردووە و خزمەتی پێشکەش کردووە، باس لەوە دەکرێت لە یەکەم ڕۆژی مەولودی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) هەر لە بەیانی زووەوە دیاری و خەڵات ئامادە دەکرا و دەدرایە دەستی دەروێش و سۆفییەکان، ئەوانیش لە قەڵاتەوە ڕێچکەیان دەبەست و بە ڕیز دادەبەزین بەرەو خانەقا، لە خانەقا سەران و گەورە پیاوانی شار خڕدەبوونەوە، سوڵتان موزەفەرەدین لەسەر کەژاوەیەکی تەختەی پەنجەرەدار دادەنیشت و لە پەنجەرەکانییەوە بە هەموو لایەکدا دەیڕوانی و سەیری کۆبوونەوەکەی دەکرد، و سەرپەرشتی نمایشی سەربازی دەکرد کە بەو بۆنەوە تا درەنگانێکی ڕۆژ بەردەوام دەبوو، بە شەویش دەچووە خانەقا و لەوێ گوێی لە مەولودنامەکان دەگرت، بۆ سبەینێ بەیانییەکەی دوای نوێژی بەیانی دەچوو بۆ ڕاو و پێش نوێژی نیوەڕۆ دەگەڕایەوە و سەردەکەوتەوە سەر قەڵات[٤٦٩].

- بۆچوونێکی تر پێی وایە پاش ئەوەی مەولانا خالید لە بیارەوە دێتە هەولێر سەیر دەکات شوێنکەوتوانی ڕێبازی نەقشبەندی بە ڕابەرایەتی (شێخ هیدایەتوڵڵای هەولێری)* خانوویەکی بچوکیان دروستکردووە و زیکر و خەڵوەتی تێدا دەکەن، مەولانا خالید بڕیاری دروستکردنی تەکیەیەکی لەسەر ئەرکی خۆی لەم شوێنە دەدات، و خۆی لەسەر قەڵات ماوەتەوە تاوەکوو تەکیەکە تەواو بووە، پاشان شێخ هیدایەتوڵڵا دەکاتە سەرپەرشتیاری تەکیەکە لە ساڵی (١٢٢٠ک/١٨٠٥ز)[٤٧٠].

---

[٤٦٨] القزويني: زكريا بن محمد بن محمود: *آثار البلاد وأخبار العباد*، دار صادر، بيروت، لبنان، ٢٠٠٧ م، ص: ١٩٢.

[٤٦٩] عەلایی، عەبدوڵلا فایەق: *سەرداری هەولێر سوڵتان موزەفەرەدین گۆگبوری (ژیان و خوڕەوشتی)*، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٤ ز، ل:٢٧-٢٨.

* شێخ هیدایەتوڵڵا کوڕی ئیسماعیلی هەولێری: لە عەشیرەتی میکاییلی جاف بووە لە تیرەی (عالی بەگ)، یەکێک بووە لە شوێنکەوتووەکانی مەولانا خالیدی نەقشبەندی، زانایەکی دیار و هەڵکەوتەی سەردەمی خۆی و ڕابەرێکی پێ گەیشتووی ڕێبازی نەقشبەندی بووە، لەسەر دەستی مەولانا خالید پەروەردە بووە، ئاماژە بەوە دەکرێت بنیاتنەری خانەقای خالیدییەیە لە گەڕەکی خانەقا لە ساڵی (١٢٣٠ک/١٨١٥ز)، پاش ماوەیەک لە ڕابەرایەتی تەریقەت شێخ هیدایەتوڵڵا دەست لە ڕابەرایەتی هەڵدەگرێت و ڕوو دەکاتە پەروەردەی زانستی، تا لە ساڵی (١٢٥٢ک/١٨٣٦ز) لە شاری بەغداد وەفات دەکات و لە مەزارگەی شێخ عەبدولقادری گەیلانی بە خاک دەسپێردێت، پاش وەفاتیشی کوڕ و نەوەکانی بەردەوامی دەدەن بە ڕێبازەکەی و تاوەکوو ئەمڕۆشی لەگەڵ بێت بەردەوامن لەسەر ئەو ڕێبازە. بڕوانە: بێخاڵی، مەولود قادر: *هەولێرم وادیوەو.. بیستووە*، ب٢، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٧ز، ل١٤٦-١٤٧٦. العزاوي: *أربل في مختلف العصور (اللواء والمدينة)*، المرجع السابق، ص:١٠٥.

[٤٧٠] بەبێ نوسەر: *مزگەوتی خانەقای خالیدی لە هەولێر*، ئینسکلۆپیدیای هەولێر((ئەربیل))، ب٥، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٧٠.

- بۆچوونێکی تر باس لەوە دەکات، پاش ئەوەی سەرداری هەولێر (سرفتگین) لە ساڵی (٥٥٩ ک/ ١١٦٣ ز) وەفات دەکات، زەینەدین عەلی کوچەک کە دەکاتە باوکی سوڵتان موزەفەرەدین (ئەبو مەنصور موجاهیدین قایماز)* دەخاتە شوێنی، ئەبو مەنصور هەر زوو دەست دەکات بە خزمەتکردنی شارەکە و چەندان دام و دەزگای گشتی تێدا دەکاتەوە، لە گرنگترینیان دروستکردنی خانەقایەک و خوێندنگەیەک بە ناوی خۆیەوە[٤٧١]، پێدەچێت خانەقای مەولانا خالید بووبێت، چونکە کۆنترین خانەقای شارەکەیەو لە سەدەی شەشەمی کۆچیدا شارەکە هیچ خانەقایەکی تری تێدا نەبووە.
- بۆچوونێکی تر باس لەوە دەکات، لە سەردەمی عوسمانییەکاندا شاری هەولێر لە ڕووی ئاوەدانییەوە دەستی بە فراوان بوون کردووە و خەڵکی وردە وردە لە دەرەوەی قەڵات خانوویان دروستکردووە و ئاوەدانیان کردووەتەوە، بەم جۆرە چەند گەڕەکێک دروستکراون، لەوانە: گەڕەکەکانی (خانەقا و عارەبان و تەعجیل (سەعدوناوە)[٤٧٢]، ئەم بۆچوونە ئەوە دەردەخات کە خانەقای مەولانا خالید لەم سەردەمەدا دروستکراوە و دەوروبەری ئاوەدانکراوەتەوە. هەر لەم سەردەمەدا بە هۆکاری ئەوەی عوسمانییەکان هەر لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتەکەیانەوە شوێنکەوتەی بیری سۆفیگەری بوون، گرنییەکی زۆریان داوە بە دروستکردن و ئاوەدانکردنەوە و خزمەتکردنی خانەقا و تەکییەو قوتابخانە دینییەکانی ژێر سایەی حوکوومڕانییان، هەرێمی کوردستانیش وەکوو ناوچەیەکی ژێر فەرمانڕەوایەتی دەوڵەتەکەیان خزمەتێکی زۆری ئەو شوێنە ئایینیانەیان کردووە، هەروەک لە چەندان بەڵگەنامەی ئەو سەردەمەدا ئەوە پشتڕاستکراوەتەوە، لەوانە:
١/ لە یەکێک لە بەڵگەنامەکاندا کە مێژووی (١٢ ڕەجەبی ١٢٧٦ک/١٨٥٩ز) لەسەرە، باس لەوە کراوە: ("شێخ خالید کە لەسەر تەریقەتی نەقشبەندییە لە قەسەبەی هەولێر، خانەقاکەی پێویستی بە تەواوکردن هەیە و داوای پارەی کردووە، بۆ ئەم مەبەستە (١٢٥٠٠) قروش* لە داهاتی ئەوقافی بەغداد دابینکراوە بۆی")[٤٧٣].

---

*موجاهیدین قایماز: ئەبو مەنصور قایماز کوڕی عەبدوڵلا زینی، نازناوی (موجاهیدین خادمی ڕۆمی) بووە، مەبەست لە (زینی) زەینەدین عەلی کوچەک باوکی سوڵتان موزەفەرەدین بووە، چونکە موجاهیدین قایماز پێشتر بەندەی ئەو بووە و ئازادی کردووە، نەژادی سجستانی بووە، لە ساڵی (٥٥٩ک/١١٦٤ز) لە دایک بووە، لەسەر ئایینی ئیسلام پەروەردەکراوە و لەسەر ڕێبازی ئەبو حەنیفە بووە، پاش ئەوەی بووەتە سەرداری هەولێر لەبەرئەوەی خۆشەویستییەکی زۆری هەبووە بۆ ئایینی ئیسلام بایەخی زۆری بە دروستکردنی مزگەوت و قوتابخانەی دینی داوە و ڕێزی زۆری لە زاناو فەقیهەکان گرتووە، لە مانگی (ربیع الأول ٥٩٤ ک/ ١١٩٩ ز) وەفاتی کردووە و لە قەڵای موصڵ بە خاک سپێردراوە، بڕوانە: جودة، صادق أحمد داود: *مجاهدالدین قایماز نائب إربد والموصل (٥٥٩-٥٩٥ هـ/ ١١٦٤-١١٩٩م)*، ط١، دار عمار، عمان، الأردن، ١٩٨٥م، ص: ٦-٧-٦٠. ڕەشید، ئارسن موسا: *ڕۆڵی موجاهیدودین قایماز لە سیاسەت و ئیدارەی هەردوو میرنشینی هەولێر و موسڵ (لە ساڵی ٥٥٩ – ٥٩٥ کۆچی)*، ئینسکلۆپیدیای هەولێر ((ئەربیل))، ب٣، چاپخانەی گرین گالۆری، لوبنان، ٢٠٠٩ز، ل:١١٧٨.

[٤٧١] حوسێن: سەرچاوەی پێشوو، ل:٦٥-٦٦.

[٤٧٢] دەرگەڵەیی: سەرچاوەی پێشوو، ل:١٨.

* قروش: یەکەیەکی نەختینەیی دراو بووە، لە ماددەی زیو دروستکراوە، لە سەردەمی عوسمانییەکاندا بەکارهێنراوە، لە بنەڕەتدا لە وشەی (grossus) لاتینییەوە وەرگیراوە، بۆ یەکەمجار هەندێک پادشای ئەوروپی لە سەدەی (١٣ ز) لێیانداوە و بەکاریان هێناوە، وشەی (grossus) لە زمانە ئەوروپییە جیاوازەکان بەم ناوانە هاتووە: (-great-gros-grosso

٢/ له بەڵگەنامەیەکی تردا نووسراوێک بە مێژووی (١٨ جەمادی دووەم ١٣١٠ک/ ١٨٩٣ز) بەرزکراوەتەوە بۆ ویلایەتی موصڵ، و باس لەوە دەکات لە هەولێر مزگەوت و تەکیەی خانەقای خالیدییە وێران بووە، و پێویستی بە نۆژەنکردنەوە و فراوانکردن هەیە، هەروەها لە تەکیەی ناوبراو (شێخ عەبدولڕەحمان ئەفەندی) بە وتنەوەی دەرس و دەور و زانیاری سەرقاڵە، بۆیە داوای نۆژەنکردنەوەی مزگەوتەکە و دابینکردنی موچەیەکی دیاریکراوی گونجاو دەکەین بۆ مامۆستا، سەبارەت بەم داوایە بە پێی نووسراوی ژمارە (٢٣٦٥)ی وەزارەتی ناوەخۆ لە مێژووی (١١ جەمادی یەکەمی ١٣١٢ک/ ١٨٩٤ز) کە بەیەکەوە نێردراوە، وەڵامدراوەتەوە بە جێبەجێکردنی داواکارییەکان[٤٧٤].

ئەمانە بەڵگەی ڕوون و ئاشکران کە دەوڵەتی عوسمانی هەمیشە پاڵپشتێکی گەورە بووە بۆ مزگەوت و خانەقا و تەکییە و قوتابخانە دینییەکان، و جگە لە نۆژەنکردنەوەیان موچەی مامۆستا و خزمەتکارانی ئەو شوێنانەیان دابینکردووە، و گرنگیان بە پێشخستن و برەودانی بواری پەروەردە و زانست داوە لەو ویلایەت و ناوچانەی سەردار و حوکوومڕانییان بوون.

**٢/ ناوی مزگەوتەکە.**

مزگەوتی خانەقا، وەکوو ئاماژەمان پێ دا یەکێکە لە مزگەوتە کۆنەکانی شاری هەولێر، لە سەردەمی مەولانا خالیدی نەقشبەندیدا لەژێر قەڵات لە شوێنێکی چۆڵدا دروستکراوە، بە هۆکاری ئەوەی مەولانا خالید سەرپەرشتی دروستکردنی تەکیە و مزگەوتەکەی کردووە، سەرەتا بە تەکیەی خالیدی و پاشان بە خانەقای خالیدی ناوی دەرکردووە، پاش ئەوەی لە ساڵی (١٣٨٢ک/١٩٦٣ز) بۆ یەکەمجار نوێژی هەینی تێدا ئەنجام دەدرێت ناوی تەکیەی خانەقای خالیدی گۆڕاوە بۆ مزگەوتی خانەقای خالیدی[٤٧٥]. بە خانەقا یان تەکیە ناوبراوە، چونکە تەکیە و خانەقاکان جێگەی خەڵوەت و خواپەرستی پەیڕەوانی بیری تەسەوف بوون.

---

groschen)، لەم زمانانەشەوە هاتووەتە ناو فەرهەنگی تورکییەوە و پێی وتراوە (gurus)، لە زمانی تورکیشەوە هاتووەتە ناو زمانی عەرەبییەوە و پێی وتراوە (قروش) و تاکەکەی (قرش)ە، بەهاو وەزنی بەپێی کات و شوێن گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، ڕووەکانی بە دەستەواژەی دینی و سیاسی پڕ دەکرایەوە، بۆ نمونە: سوڵتان سلێمانی دووەم (١٠٩٩-١١٠٢ ک/ ١٦٨٨-١٦٩١ز) لەسەردەمی فەرمانڕەوایەتی خۆیدا نازناوی خۆی و دەستەواژەی پاڕانەوەیی لەسەر نەخش کردووە. بڕوانە: الصاوي: المرجع السابق، ص: ٩٤. جب، هاميلتون، هارولد باون: *المجتمع الإسلامي والغرب (دراسة حول تأثير الحضارة الغربية في الثقافة الإسلامية بالشرق الأدنى في القرن الثامن عشر للميلاد)*، ترجمة ودراسة: أحمد إيبش، ج٢، ط١، أبوظبي، الإمارات، ٢٠١٢ م، ص: ٨٠.

[٤٧٣] باجگر: *هەولێر لە بەڵگەنامەکانی عوسمانی دا*، سەرچاوەی پێشوو، ل: ٩٥.

[٤٧٤] باجگر: *سلێمانی لە بەڵگەنامەکانی عوسمانی دا*، سەرچاوەی پێشوو، ل: ٢٢٩.

[٤٧٥] بەبێ نوسەر: مزگەوتی *خانەقای خالیدی لە هەولێر*، ئینسکلۆپیدیای هەولێر، ب٥، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٧٠-٢١٧٢.

### ٣/ پێكهاتە بیناسازییەكانی مزگەوتەكە.

پێش ئەوەی مزگەوتی خانەقا دووبارە دروستبكرێتەوە و منارەی بۆ دروستبكرێت، حەوشەیەكی گەورەی هەبووە، لە بەشی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایدا چەند ژوورێك دروستكرابوون بۆ مامۆستا و خزمەتكار و فەقێیانی مزگەوتەكە، بە درێژای دیواری باكوور هۆڵێك بووە بۆ نوێژكردن، هۆڵەكە دوو دەرگای هەبووە، و بانەكەشی بە شەش گومەز لە خشت و گەچ سەرگیرابوو، مزگەوتەكە سێ دەرگای هەبووە، یەكێكیان لە ڕۆژئاوا لە هەمان شوێنی دەرگای سەرەكی ئێستای بەرانبەر بە قەیسەری كۆنی هەولێر، و دوو دەرگاكەی تر لە بەشی باكووری مزگەوتەكە ڕووەو قەڵات، سەرچاوەی ئاوی مزگەوتەكەش لە كارێزی (موفتاحی)یەوە هاتووەتە مزگەوتی شێخەڵڵاو لەوێشەوە بۆ ناو خانەقا[٤٧٦]، هەروەها باس لەوە دەكرێت لە سەردەمی عوسمانییەكاندا چەند قوتابخانەیەكی دینی بنیاتنراون لە شاری هەولێردا، یەكێك لەوانە قوتابخانەی خانەقا بووە، كە لە تەنیشت تەكیەی نەقشبەندیدا بووە و لە سەرەتای سەدەی (١٤ك/١٩ز)دا دامەزراوە[٤٧٧]، بەڵام پاش ئەوەی دووبارە مزگەوتەكە دروستدەكرێتەوە لە خشت و گەچ لەسەر ڕووبەری (١٢١٨ م٢) پێكهاتە بیناسازییەكانی گۆڕانكارییان بەسەردا دێت بەم شێوەیە: هۆڵێكی گەورەی لاكێشەیی بۆ نوێژكردن بە درێژایی دیواری باكوور، و لە ناوەڕاستیدا میحرابێكی ڕووتەخت و مینبەرێكی سێ پلەیی لە تەنیشت یەك دروستكراون، و گومەزێكی نیوە گۆیی گەورە لەسەر بانەكەی دروستكراوە، لە بەشی ڕۆژهەڵاتدا چەند ژوورێك دروستكراون، ژووری یەكەم چەند گۆڕێكی شێخەكانی مزگەوتەی تێدایە، ژووری دووەم دیوەخانە و ژمارەیەك كتێب و دەستنووسی كۆنی تێدا هەڵگیراوە لە بوارەكانی (تەفسیری قورئان، فیقە، فەرموودە، زانستی كەلام و مەنتیق، لەگەڵ ژمارەیەك كتێبی جۆراوجۆر لە بوارەكانی زمان و ئەدەب و مێژوو)، هەروەها مامۆستایان و سەرپەرشتیارانی مزگەوتەكەی تێدا دادەنیشن، لە تەنیشت ئەم ژوورەش ژوورێكی بچوك هەیە تایبەتە بە ئامادەكردنی چاو قاوە بۆ میوانانی شێخ، ژووری چوارەم نووسینگەی تایبەتی شێخی مزگەوتەكەیە، لە بەشی باكووردا شوێنی دەستنوێژگرتن و ئەدەبخانەكانی دروستكراون، لە ناوەڕاستی ئەم پێكهاتە بیناسازییانەی باسمان كردن حەوشەیەكی چواگۆشەیی دروستكراوە، بۆ چوونە ناو مزگەوتەكەش دوو دەرگای هەیە، دەرگایەكی سەرەكی لە بەشی ڕۆژئاوادا كە ڕووی كردووەتە قەیسەری كۆنی هەولێر و دەرگای دووەم دەكەوێتە گۆشەی باشووری ڕۆژهەڵاتی مزگەوتەكە و لەناو قەیسەری تەنیشت مزگەوتەكەوە پێی دەگەیت، كەسێك شارەزا نەبێت نازانێت ئەم دەرگا بوونی هەیە، چونكە دەرگایەكی پێچە و بەرچاو نییە، هەروەها مزگەوتەكە تاكە منارەیەكی بەرزی هەیە، كەوتۆتە بەشی ڕۆژئاوای مزگەوتەكە لە تەنیشت دەرگای سەرەكی چوونە ناو مزگەوتەكە بەرانبەر قەیسەری كۆنی هەولێر[٤٧٨].

---

[٤٧٦] بەبێ نوسەر: *مزگەوتی خانەقای خالیدی لە هەولێر*، ئینسكلۆپیدیای هەولێر، سەرچاوەی پێشوو، ل: ٢١٧٠-٢١٧١.

[٤٧٧] بەكر: سەرچاوەی پێشوو، ل:١٠٧.

[٤٧٨] سەردانی مەیدانی، پێنج شەممە: ٢٠٢٢/٥/١٩ز، كات: ١١:٣٠ی پێش نیوەڕۆ.

**ب/ منارەی مزگەوتی خانەقای هەولێر.**

**١/ ناو و شوێن و مێژووی منارەکە.**

- **ناوی منارەکە:**

سالآنێکی زۆر مزگەوتی خانەقای هەولێر بێ منارە بووە، واتە مێژووی دروستکردنی منارەکە لەچاو مزگەوتەکەیدا نوێیە، هەر بۆیە ناوی وابەستەی ناوی مزگەوتەکەیەو سەربەخۆ ناونابرێت و بە ناوهێنانی ناناسرێت، بۆ نمونە سەربەخۆ بەبێ گەڕانەوە بۆ مزگەوتەکانیان دەتوانین باسی منارەی ئامێدی یاخود منارەی خورماڵ بکەین بەبێ ئەوەی بمانەوێت کەسی خوێنەر یان گوێگر تێبگەێنین لە کوێیە و شکڵ و شێوەی چۆنە، هۆکارەکەش دێرینی و ناسراوی و تایبەتمەندی ئەم منارانەیە لە ناوچەکەدا، بەڵام ئەگەر باسی منارەیەکی وەک منارەی مزگەوتی خانەقای هەولێر بکرێت دەبێت لەگەڵ ناوی مزگەوت و خانەقاکەیدا ناوبهێنرێت و باس بکرێت بۆ ئەوەی بزانرێت باس لە چ منارەیەک دەکرێت، واتە بوترێت: منارەی مزگەوتی خانەقای هەولێر، یاخود منارەی خانەقای مەولانا خالیدی نەقشبەندی لە هەولێر.

- **شوێنی منارەکە:**

دەکەوێتە بەشی باشووری ڕۆژئاوای مزگەوتەکە و لە ئاست زەوی حەوشەکەیدا دروستکراوە، لە تەنیشت دەرگای سەرەکی چوونە ناو حەوشەی مزگەوتەکە (لە بەشی چەپی دەرگاکەدا) لە کاتی هاتنە ناو مزگەوت، و لە ئێستادا لە ڕیزی ئەو دوکانانەدایە کە لە بەردەم خانەقاکەدا دروستکراون و ڕوویان کردووەتەوە کۆنە قەیسەری شارەکە[٤٧٩]، (بڕوانە وێنەی ژمارە ٨٩).

- **مێژووی منارەکە:**

وەک پێشتر ئاماژەمان پێ دا مزگەوتی خانەقای هەولێر سەرەتا منارەی نەبووە، بەڵام پاش ئەوەی بڕیاری نۆژەنکردنەوەی مزگەوتەکە دەدرێت و لە ساڵی (١٣٨٠ک/١٩٦١ز) منارەیەکی بەرزی لە خشت و قسڵ بۆ دروستدەکرێت لەلایەن وەستا (حاجی تۆفیق عەبدوڵڵا)، پاش دروستکردنی لەسەر لەوحەیەکی بەردین کە لکێنرابوو بە بنکەی منارەکەوە ناوی دروستکەر و ساڵی دروستکردنی منارەکە تۆمارکراوە، بەڵام پێش (١٥-١٦) لەمەوپێش کاتێک بە فەرمانی پارێزگاری ئەوکاتی شاری هەولێر (نەوزاد هادی) منارەکە نۆژەندەکرێتەوە، لە سەروبەری نۆژەنکردنەوەکەدا ئەم لەوحەیە لە منارەکە جیادەبێتەوە، بەڵام لە شوێنێکی مزگەوتەکەدا هەڵدەگیرێت و دەپارێزرێت، تاوەکوو یەکێک لە نەوەکانی وەستای دروستکەری منارەکە (حاجی تۆفیق عەبدوڵڵا) سەردانی خانەقاکە دەکات و بەردەکە نابینێت، داوا دەکات بەردەکە لە شوێنێکدا بخرێتە پێش چاو بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی سەردانی خانەقا و منارەکە دەکەن ببینن و بزانن وەستای دەست ڕەنگین و شارەزای دروستکەری منارەکە (حاجی تۆفیق عەبدوڵڵا)ی باپیرەی ئەوان بووە[٤٨٠]، (بڕوانە وێنەی ژمارە ٩٠).

---

[٤٧٩] سەردانی مەیدانی، پێنج شەممە: ٢٠٢٢/٥/١٩ز، کات: ١١:٣٠ی پێش نیوەڕۆ.

[٤٨٠] حاجی تاجەدین، لە دایک بووی (١٩٥٥ز)، خزمەتگوزاری مزگەوتی خانەقای هەولێر، چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆ، پێنجشەممە ٢٠٢٢/٥/١٩ز، کات:١١:٠٠پێش نیوەڕۆ

### ٢/ ڕەگەزە بیناسازییەکانی منارەکە.

- **وەسفی منارەکە:**

منارەی مزگەوتی خانەقا دروستکراوە لە خشت و قسڵ، لە بنکەیەکی بەرزی چوارلایی و لاشەیەکی لولەیی دروستکراوە، و کۆتایی هاتووە بە گومەزێکی شێوە قوچەکی، سێ دەرگای هەیە، دەرگایەکی سەرەکی بۆ چوونە سەر منارەکە و دوو دەرگای تر لە ئاست دوو بالکۆنەکەیدا بۆ سەرکەوتنە سەریان، دەکەوێتە بەشی ڕۆژئاوای مزگەوتەکە، بە جۆرێک ڕاستەوخۆ تێکەڵ بووە لەگەڵ ئەو ڕیزە دوکانەی لەبەردەم خانەقادا دروستکراون و ڕوویان کردووەتە قەیسەری کۆنی شار، ئەگەر لە ڕووی دەرەوە سەیری منارەکە بکەیت وا هەست دەکەیت لە ئاست سەربانی دوکانەکانەکاندا دروستکراوە، چونکە وەکوو ئاماژەمان پێ دا ئەو ڕیزە دوکانەی لەبەردەم خانەقادا دروستکراون لەگەڵ سەرەتای چوونە ناو مزگەوتەکە بە یەکەوە بنکەی منارەکە و بەشێک لە سەرەتای لاشەی منارەکەیان شاردووەتەوە، و تاوەکوو نەچیتە حەوشەی مزگەوتەکە بنکەکەیت لێوە بەدیار ناکەوێت، پاش ئەوەی دەروبەری مزگەوت ئاوەدان دەبێتەوە و دەکرێتە بازاڕێکی گەورە، سەرپەرشتیار و دڵسۆزانی خانەقاکە دەیپارێزن لەوەی هاوشێوەی منارەی مزگەوتی حاجی مەولود (شێخە ڕەشکە) کە نزیکەی (١٠٠ م) لێیەوە دوورە بەشێکی لە خوارەوە بڕوخێنرێت، بە بیانوی ئەوەی شوێنەکەی بووەتە ناوەندی بازاڕێکی گەورە و ڕێگرە لەبەردەم دروستکردنی دوکانەکاندا، بەرزی تێکڕای منارەکە لە بنکەکەیەوە تاوەکوو گومەزەکەی بریتییە لە (٢٤,٣٥ م) و لە (٢٩٤) چین خشتی ئاسۆیی و (٥) چین خشتی ستونی پێکهاتووە[٤٨١]، (بڕوانە وێنەکانی ژمارە ٩١/ أ،ب).

- **بنکەی منارەکە:**

لە بەشی باشوور و ڕۆژهەڵاتی مزگەوتەکەدا دروستکراوە لە ئاست زەوی حەوشەکەیدا، لە تەنیشت دەرگای سەرەکی چوونە ناو مزگەوتەکە، پاش ئەوەی مزگەوتەکە نۆژەندەکرێتەوە لە ئێستادا بنکەی منارەکە تێکەڵ بووە بە دیواری دەرگای سەرەکی چوونە ناو مزگەوتەکە و دیواری ئەو ڕیزە دوکانانەی بەردەمی خانەقایان گرتووە، بە جۆرێک تەنها بەشی ڕۆژئاوای بنکەی منارەکە بە تەواوەتی بە دەرەوەیە و دەبینرێت، ئەویش بە هۆکاری ئەوەی دەرگای سەرەکی چوونە سەرەوەی منارەکە دەکەوێتە ڕووی حەوشەی مزگەوتەکەوە، جگە لەم ڕووەی بنکەکەی کە ڕووی کردووەتە حەوشەی مزگەوتەکە بەشێکی کەمی سەرەوەی ڕووی باکووریش (بەرانبەر قەڵات) لە دەرەوەیەو تێکەڵ بە دیوارەکانی دەوروبەری نەبووە، ئەویش لەسەربانی مزگەوتەکەوە بەرچاو دەکەوێت نەوەک لە حەوشەکەیەوە، بە پشت بەستن بە وێنە کۆنەکانی منارەکە بۆمان دەردەکەوێت بنکەی منارەکە چوار لایی بووە، (بڕوانە وێنەکانی ژمارە ٩٢/أ،ب)، پێوانەی هەر لایەکی بریتییە لە بەرزی (٧,١٥ م) و پانی (٢,٤٥ م)، هەروەها تێکڕا بنکەکە لە (٧٨,٥) حەفتاو هەشت چین و نیو خشتی ئاسۆیی و ستونی پێکهاتووە[٤٨٢].

---

[٤٨١] سەردانی مەیدانی، پێنج شەممە: ٢٠٢٢/٥/١٩ز، کات: ١١:٣٠ی پێش نیوەڕۆ.

[٤٨٢] سەردانی مەیدانی، پێنج شەممە: ٢٠٢٢/٥/١٩ز، کات: ١١:٣٠ی پێش نیوەڕۆ.

بەشی ڕۆژئاوای بنکەی منارەکە کە ڕووی کردووەتە حەوشەی مزگەوتەکە و لە ئێستادا تاکە لایە بە تەواوەتی بەرچاو بێت، لە دوو بەش پێکهاتووە، لە هەر بەشێکیاندا تاقێکی ڕووچاڵی لاکێشەیی داخراو دروستکراوە بە هەمان ئەو خشتانەی منارەکەیان لێ دروستکراوە، و بە دوو چینی ستونی هەردوو تاقەکە لە یەک جیاکراونەتەوە، تاقی خوارەوەیان گەورەترە و دەرگای منارەکەی لەسەر دروستکراوە و پێوانەکەی بریتییە لە بەرزی (٣م) و پانی (١,٥٦ م)، تاقی دووەمیشیان لە سەرەوە لە بەرزیدا بچوکترە و پێوانەکەی بریتییە لە بەرزی (١,٩٢ م) و پانی (١,٥٦ م)[٤٨٣]، (بڕوانە وێنەی ژمارە٩٣/ أ). پێدەچێت سێ لاکەی تریش (ڕۆژهەلات و باکوور و باشوور)، هاوشێوەی ئەم لایە بووبن لە پێوانەو شکڵ و شێوەدا، و پێش ئەوەی دەوروبەری مزگەوتەکە ئاوەدان بکرێتەوە و ببێتە بازاڕێکی گەورە هەر چوار لای منارەکە چۆڵ بووە، لە ئێستادا ئەگەر لە دەرەوەی مزگەوتەکەوە سەیری منارەکە بکەیت تەنها لە لاشەکەیەوە بەرچاوە و دەبینرێت، (بڕوانە وێنەی ژمارە ٩٣/ أ). لە کۆتایی بنکەکەدا چوار چین و نیو خشت بە شێوەی ستونی دانراون و لەسەریانەوە چینێک دروستکراوە بە ماددەی چیمەنتۆ و ڕاستەوخۆ لاشەی منارەکەی لەسەر دروستکراوە، ئەمەش لە پێناو بەهێزکردنی منارەکە و خۆڕاگری و پتەوی لاشەکەی و بەستنەوەی هەردوو بەشەکە بە یەکەوە (بڕوانە وێنەی ژمارە ٩٣/ ب)، تێکڕا بنکەی منارەکە لە خشت و قسڵ دروستکراوە و خاڵییە لە نەخش و نیگار[٤٨٤].

- **لاشەی منارەکە:**

لاشەی منارەکە لولەییە و لە ئاست سەربانی مزگەوتەکەوە دەست پێ دەکات و بە گومەزێک کۆتایی دێت، لە سێ بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم لە دووەم فراوانترە و دووەمیش لە سێیەم، بەشی یەکەم و دووەم کۆتاییان هاتووە بە بالکۆن و بەشی سێیەمیش بە گومەزێکی شێوە قوچەکی، تێکڕا خاڵییە لە هەموو جۆرە نەخش و نیگارێک[٤٨٥]. بەشی یەکەم لە ئاست سەربانی مزگەوتەکەوە دەست پێ دەکات تاوەکوو بالکۆنی یەکەم و بەرزییەکەی بریتییە لە (٦,٢٠ م) و لە (٧٧) چین خشت پێکهاتووە، و چێوەکەی بریتییە لە (٦,٨٠ م)، و کۆتایی هاتووە بە (٨) چین خشت کە لەسەر باری درێژی ڕووەو ناوەوە دانراون بە شێوەی پلەپلەی (التدريجية) دەرپەڕیو ڕووەو دەرەوە بە بەرزی (٨٠ سم)، ئەم شێوازە لە دانانی خشتەکان جگە لەوەی دیمەنێکی جوانیان بەخشیوەتە لاشەی منارەکە، لە هەمان کاتدا بوونەتە بناغەیەکی بەهێز بۆ ئەوەی بالکۆنێکی شێوە بازنەیی بەهێزیان لەسەر بنیاتبنرێت و فراوانتر بێت لە چێوەی لاشەکە[٤٨٦]، (بڕوانە وێنەی ژمارە ٩٤/ أ).

بەشی دووەمی لاشەی منارەکە لە بالکۆنی یەکەمەوە دەست پێ دەکات تاوەکوو بالکۆنی دووەم و چێوەکەی کەمێک بچوکترە لە بەشی یەکەم، بەرزییەکەی بریتییە لە (٥ م) و لە (٦٢) چین خشتی ئاسۆیی پێکهاتووە، لە ئاست بالکۆنەکەیدا ڕووەو باشوور دەرگایەکی لەسەرە، بە هەمان شێوەی بەشی یەکەم

[٤٨٣] سەردانی مەیدانی، پێنج شەممە: ٢٠٢٢/٥/١٩ز، کات: ١١:٣٠ی پێش نیوەڕۆ.

[٤٨٤] سەردانی مەیدانی، پێنج شەممە: ٢٠٢٢/٥/١٩ز، کات: ١١:٣٠ی پێش نیوەڕۆ.

[٤٨٥] سەردانی مەیدانی، پێنج شەممە: ٢٠٢٢/٥/١٩ز، کات: ١١:٣٠ی پێش نیوەڕۆ.

[٤٨٦] سەردانی مەیدانی، پێنج شەممە: ٢٠٢٢/٥/١٩ز، کات: ١١:٣٠ی پێش نیوەڕۆ.

کۆتایی هاتووە بە (٨) چین خشت کە لەسەر باری درێژی ڕووەو ناوەوە دانراون بە شێوەی پلەپلەی (التدريجية) دەرپەڕیو ڕووەو دەرەوە بە بەرزی (٨٠ سم)، و بالکۆنی دووەمی لاشەکەیان لەسەر دروستکراوە[٤٨٧]، (بڕوانە وێنەی ژمارە ٩٤/ ب). بەشی سێیەم و کۆتایی لاشەکە لە بالکۆنی دووەمەوە دەست پێ دەکات و کۆتایی دێت بە گومەزی منارەکە، چێوەی لە بەشی دووەم کەمێک بچوکترە و بەرزییەکەی بریتییە لە (٣,٢٠ م) و لە (٤٠) چین خشت پێکهاتووە، و بە هەمان شێوەی بەشی دووەم ڕووەو باشوور (ڕووەو بازاڕی نیشتیمان) دەرگایەکی لە ئاست بالکۆنەکەی بۆ دروستکراوە، لە کۆتاییەکەشیدا پێنج چینی ئاسۆیی کەمێک دەرپەڕیو بە بەرزی (٤٠ سم) دانراون و گومەزەکەیان لەسەر بنیاتنراوە[٤٨٨]، (بڕوانە وێنەی ژمارە ٩٤/ ج). کەواتە پێوانەی تێکڕا لاشەی منارەکە بریتییە لە بەرزی (١٦,٤٠ م) و لە (٢٠٠) چین خشت پێکهاتووە[٤٨٩]. ئەوەی جێگای تێبینییە لە کۆتایی ئەم بەشەدا بە هەرچوارلاکەیدا (باکوور، باشوور، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا) چوار بڵندگۆ لە چوار پەنجەرەی بچوکدا دانراون بۆ بڵاوکردنەوەی دەنگی بانگبێژ و وتاری مامۆستای مزگەوتەکە، گومان دەکرێت پێشتر ئەم پەنجەرانە لە لاشەکەدا هەبووبن بۆ مەبەستی چوونە ژوورەی ڕووناکی و هەواگۆڕکێ و کەمکردنەوەی پەستانی هەوا لەسەر لاشەکە، و پاشتر بە شوێنێکی گونجاو زانرابن بۆ ئەوەی بڵندگۆکانیان تێدا دابنرێت[٤٩٠].

- **دەروازە - دەرگا:**

تێکرا منارەکە سێ دەرگای هەیە، دەرگایەکی سەرەکی و گەورە بۆ سەرکەوتن بەسەر منارەکەدا و دوو دەرگای تر لە ئاست بالکۆنەکان و بۆ سەرکەوتنە سەریان. دەرگای یەکەم لە دوو دەرگاکەی تر گەورەترە، شێوە لاکێشەییە و ڕووی کردووەتە بەشی ڕۆژئاوای مزگەوتەکە (ڕووە و حەوشەکەی)، لە ئاسن دروستکراوە و ڕەنگی ڕەشە، و کۆتایی هاتووە بە کەوانێکی نیوە بازنەیی، و بە مەبەستی چوونە ژوورەوەی ڕووناکی و هەواگۆڕکێی بەشی ناوەوەی منارەکە بە چەند ئاسنێک نەخشێکی ڕووەکی شێوەی گەڵا بۆ کۆتایی دەرگاکەی دروستکراوە، پێوانەی تێکڕای دەرگاکە بریتییە لە بەرزی (١,٩٢ م) و پانی (٧٢ سم)[٤٩١]، (بڕوانە وێنەی ژمارە ٩٣/ أ).

دەرگای دووەم بە هەمان شێوەی دەرگای یەکەم شێوە لاکێشەیی و ڕووەو باشوورە و لە ئاسن دروستکراوە، دەکەوێتە ئاست بالکۆنی یەکەم و لێیەوە سەردەکەوێتە سەری، پێوانەکەی بریتییە لە بەرزی (١,٦٠ م) و پانی (٤٨ سم)[٤٩٢]، (بڕوانە وێنەی ژمارە ٩١/ ب). دەرگای سێیەم و کۆتایی دەکەوێتە سەرەتای بەشی سێیەمی لاشەی منارەکە لە ئاست بالکۆنی دووەم و لێیەوە سەردەکەوێتە سەر بالکۆنی

---

[٤٨٧] سەردانی مەیدانی، پێنج شەممە: ٢٠٢٢/٥/١٩ز، کات: ١١:٣٠ی پێش نیوەڕۆ.

[٤٨٨] سەردانی مەیدانی، پێنج شەممە: ٢٠٢٢/٥/١٩ز، کات: ١١:٣٠ی پێش نیوەڕۆ.

[٤٨٩] سەردانی مەیدانی، پێنج شەممە: ٢٠٢٢/٥/١٩ز، کات: ١١:٣٠ی پێش نیوەڕۆ.

[٤٩٠] سەردانی مەیدانی، پێنج شەممە: ٢٠٢٢/٥/١٩ز، کات: ١١:٣٠ی پێش نیوەڕۆ.

[٤٩١] سەردانی مەیدانی، پێنج شەممە: ٢٠٢٢/٥/١٩ز، کات: ١١:٣٠ی پێش نیوەڕۆ.

[٤٩٢] سەردانی مەیدانی، پێنج شەممە: ٢٠٢٢/٥/١٩ز، کات: ١١:٣٠ی پێش نیوەڕۆ.

دووەم، ڕووی کردووە بەشی باشوور و بە هەمان شێوەی دوو دەرگاکەی تر شێوە لاکێشەییە و لە ئاسن دروستکراوە، پێوانەکەی بریتییە لە بەرزی (١,٦٠ م) و پانی (٤٨ سم)[٤٩٣]، (بڕوانە وێنەی ژمارە ٩٤/ جـ).

- **پلیکانە:**

لە دەرگای سەرەکی منارەکەوە لە ڕێگەی پلیکانەیەکی لولپێچی پێچەوانە بە ئاڕاستەی میلی کاتژمێر لە بەشی ناوەوە سەر دەکەوینە سەر منارەکە، بە هەمان شێوەی پێکهاتەکانی تری منارەکە بە شێوەیەکی بەهێز لە خشت و قسڵ دروستکراون و شێوەیان قوچەکییە، ژمارەی تێکڕا پلیکانەکان بریتییە لە (٩٢) پلیکانە، و پێوانەکانیان بریتییە لە بەرزی (٢٥ سم) و پانی (٢٠ سم) و درێژی (٤٨ سم)[٤٩٤]، (بڕوانە وێنەی ژمارە ٩٥).

- **پەنجەرە (النوافذ):**

بە مەبەستی ڕووناککردنەوەی بەشی ناوەوەی منارەکە سێ پەنجەرەی درێژی لاکێشەیی لە لاشەی منارەکەدا دروستکراون لە ئاسن و ڕووپۆشکراون بە شوشە، دوو دانەیان دەکەونە بەشی یەکەمی لاشەکە و ئەویتریشیان لە بەشی دووەمدایە، لە یەک ئاستی ستونیدا دروستکراون و ڕوویان کردووەتە بەشی ڕۆژهەڵات (ڕووەو پارکی شار و قەیسەری هەولێر)، لە شکڵ و شێوە و پێوانەدا هاوشێوەی یەکن، بەرزییان بریتییە لە (١,٢٠ م) و پانیشیان (٢٤ سم)ـە[٤٩٥].

مەبەست لە دروستکردنی پەنجەرە لە لاشەی منارەکاندا بریتی بووە لە چوونە ژوورەی ڕووناکی و هەواگۆڕکێ و کەمکردنەوەی پەستانی سەر لاشەی منارەکە، بەڵام لەم منارەیەدا بە هۆکاری ئەوەی ڕووی دەرەوەیان شوشەی لێدراوە گومان دەکرێت تەنها بۆ مەبەستی ڕووناککرنەوەی بەشی ناوەوە بووبن، هەرچەندە هەریەک لەم پەنجەرانە لە ئێستادا بە مەبەستی هەواگۆڕکێ بەشێکی بچوکی سەرەوەیان شوشەی پێوە نەهێڵراوە و هەوا لێیەوە دەچێتە بەشی ناوەوەی منارەکە و ئاڵوگۆڕی هەوای لێوە ئەنجام دەدرێت[٤٩٦]، (بڕوانە وێنەی ژمارە ٩٦).

- **بالکۆن (شرفة):**

لە لاشەی منارەکەدا دوو بالکۆنی شێوە بازنەیی دروستکراون بە خشت و لێوارەکانیشیان بە موحاجەرەی ئاسن، بالکۆنی یەکەم دەکەوێتە بەرزی (٦,٢٠ م) لە ئاست سەربانی مزگەوتەکەوە و لە پێوانەدا گەورەترە لە بالکۆنی دووەم، پانایییەکەی لە دیواری لاشەکەوە تاوەکوو لێوارەکەی بریتییە لە (٥٠ سم)، بەرزی موحاجەرەکەشی بریتییە لە (١م) و خاڵییە لە نەخش و نیگار، و لەسەر سێ چین

---

[٤٩٣] سەردانی مەیدانی، پێنج شەممە: ٢٠٢٢/٥/١٩ز، کات: ١١:٣٠ی پێش نیوەڕۆ.
[٤٩٤] سەردانی مەیدانی، پێنج شەممە: ٢٠٢٢/٥/١٩ز، کات: ١١:٣٠ی پێش نیوەڕۆ.
[٤٩٥] سەردانی مەیدانی، پێنج شەممە: ٢٠٢٢/٥/١٩ز، کات: ١١:٣٠ی پێش نیوەڕۆ.
[٤٩٦] سەردانی مەیدانی، پێنج شەممە: ٢٠٢٢/٥/١٩ز، کات: ١١:٣٠ی پێش نیوەڕۆ.

خشتی ئاسۆیی دانراوە، و لە کۆتاییەکەیدا چوار بڵندگۆ دانراون بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی دەنگی بانگبێژ و وتاری مامۆستای مزگەوت[٤٩٧]، (بڕوانە وێنەی ژمارە ٩٤/ ب)

بالکۆنی دووەم دەکەوێتە سەرەوەی بالکۆنی یەکەم و لە شکڵ و شێوەدا هاوشێوەی بالکۆنی یەکەمە، بە هەمان شێوە دەرگایەکی لەسەرە و بە موحاجەرە لێوارەکەی گیراوە، تاکە جیاوازی لەگەڵ بالکۆنی یەکەمدا ئەوەیە لە پێوانەدا کەمێک بچوکترە[٤٩٨]، (بڕوانە وێنەی ژمارە ٩٤/ ج).

- **گومەز (کڵاوە):**

منارەکە کۆتایی هاتووە بە گومەزێکی شێوە قوچەکی، و دروستکراوە لە (٢١) چینی ئاسۆیی و لە خشت دروستکراو و بەرزییەکەی بریتییە لە (٨٠ سم)[٤٩٩]، (بڕوانە وێنەی ژمارە ٩٧). ئەوەی جێگای سەرنجە و بووەتە خاڵێکی جیاواز بۆ ئەم منارەیە ئەوەیە ساڵانێکی زۆرە دوو باڵندە لە جۆری (حاجی لەق لەق) هێلانەیەکیان لەسەر گومەزی منارەکە دروستکردووە، ئاماژە بەوە دەکرێت ئەم هێلانەیە سەرەتا لەسەر منارەی مزگەوتی حاجی مەولود (شێخە ڕەشکە) بووە، کە دەکەوێتە بەشی باکوورییەوە و تەنها نزیکەی (١٠٠) مەترێک لێیەوە دووره هیلانە دروست دەکەن، بەڵام پاش ئەوەی لە سەرەتای ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو بایەکی بەهێز هێلانەکە دەخاتە خوارەوە حاجی لەق لەقەکان ڕوو دەکەنە منارەی مزگەوتی خانەقا و لەسەر گومەزەکەی هیلانەکەیان دروستدەکەنەوە، باس لەوە دەکرێت لە ماوەی شەڕی ناوخۆدا (١٤١٤-١٤١٩ک/١٩٩٤-١٩٩٨ز) چەکدارێک تەقەیان لێدەکات و یەکێکیان دەکوژێت، و ئەوی تریشیان لە ترسا شار جێدەهێڵێت و ناگەڕێتەوە[٥٠٠]، پاش ئەوەی ساڵانێکی زۆر هیلانەکە بە چۆڵی دەمێنێتەوە، لە ساڵی (١٤٣٩ک/٢٠١٨ز) دوو ڕۆشنبیر پێشنیار دەکەن بۆ پارێزگاری شار کە دوو حاجی لەق لەق بهێنن و لەوێ دایانبنێن، بۆ ئەم مەبەستەش باڵندە دۆستێک کە دوو باڵندەی حاجی لەق لەقی ماڵی کردوون وەکوو دیاری دەیانبەخشێتە شارەکە، بە خۆشحاڵییەوە پێشنیارەکە لەلایەن پارێزگارەوە قەبوڵدەکرێت و ئامادەسازی شوێن و کەرەستەی بۆ دەکرێت و لە مەراسیمێکی تایبەتدا حاجی لەق لەقەکان دەخرێنە شوێنەکەو کەسێکیش تەرخاندەکرێت بۆ چاودێریکردن و دابینکردنی خواردن بۆیان[٥٠١].

---

[٤٩٧] سەردانی مەیدانی، پێنج شەممە: ٢٠٢٢/٥/١٩ز، کات: ١١:٣٠ی پێش نیوەڕۆ.

[٤٩٨] سەردانی مەیدانی، پێنج شەممە: ٢٠٢٢/٥/١٩ز، کات: ١١:٣٠ی پێش نیوەڕۆ.

[٤٩٩] سەردانی مەیدانی، پێنج شەممە: ٢٠٢٢/٥/١٩ز، کات: ١١:٣٠ی پێش نیوەڕۆ.

[٥٠٠] حاجی تاجەدین، لە دایک بووی (١٩٥٥ز)، خزمەتگوزاری مزگەوتی خانەقای هەولێر، چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆ، پێنجشەممە ٢٠٢٢/٥/١٩ز، کات:١١:٠٠پێش نیوەڕۆ.

[٥٠٠] حاجی لەق لەق هاتەوە مزگەوتی خانەقای هەولێر. وەرگیراوە لە:
https://www.rudaw.net/mobile/sorani/kurdistan/270720138

**باسی سێیەم: منارەکانی ناوچەی بادینان (منارەی مزگەوتی تولیتا، منارەی مزگەوتی گەورەی ئاکرێ، منارەی مزگەوتی گەورەی دهۆک)**

**تەوەرەی یەکەم: منارەی مزگەوتی تولیتا.**

**أ/ مزگەوتی تولیتا.**

**١/ شوێن و مێژووی دروستکردنی مزگەوتەکە:**

مزگەوتی تولیتا یەکێکە لە کۆنترین مزگەوتەکانی ناوچەی بادینان، دەکەوێتە کەناری بەشی باکووری قەزای ئاکرێ*، ئەوەی شایەنی باس بێت سەرچاوەیەکی نووسراوی وەها بەردەست نییە ئاماژەیەکی ڕوون بکات بە مێژووی دروستکردنی ئەم مزگەوتە، هەر ئەمەش بووەتە هۆکاری ئەوەی چەند بۆچونێکی جیاواز لەسەر زاری خەڵکی ناوچەکە باسبکرێن سەبارەت بە مێژووی دروستکردنی مزگەوتەکە، لەوانە:

- بۆچوونێک پێی وایە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی فەرمانڕەوایەتی میرنشینی بادینان (٦٦٠-١٢٦٣ک/١٢٦٢-١٨٤٧ز).

- بۆچوونێکی تر پێی وایە مێژووی دروستکردنی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم کاتێک دەوڵەتی عوسمانی فەرمانڕەوای ناوچەکە بووە[٥٠٢].

**٢/ ناوی مزگەوتەکە:**

مزگەوتی (تولیتا)* ناوەکەی بەناوی ئەو شوێنەوە جوگرافییەوە پێوەستە کە تیایدا بنیاتنراوە، دەکەوێتە گەڕەکی (تولیتا) لە قەزای ئاکرێ و ناسراوە بە مزگەوتی تولیتا.

---

* ئاکرێ: یەکێکە لە قەزاکانی پارێزگای دهۆک، دەکەوێتە بەشی باکووری هەرێمی کوردستان، شارێکی کۆنی مێژووییە، لە مێژوودا مەڵبەندی کوردە حەمیدییەکان بووە، ماوەیەکیش لەژێر دەسەڵاتی میرنشینی بادینان و پاشان میرنشینی سۆراندا بووە، لە ڕووی جوگرافییەوە کەوتۆتە ناوچەیەکی ستراتیژی گرنگەوە، وەک پردێکی بەیەکبەستنەوە وایە لەنێوان پارێزگاکانی موصڵ بە دهۆکەوە، هەولێر بە موصڵەوە، لە ڕۆژهەڵاتییەوە پارێزگای دهۆک، لە ڕۆژئاواوە قەزای شێخان، لە باکووری ڕۆژئاواوە قەزای ئامێدی، لە باشووریشەوە قەزای بەردەڕەش و لە باشووری ڕۆژهەڵاتیشەوە پارێزگای هەولێر دەوریان داوە، سێ چیا دەوری قەزاکەیان داوە و خانووەکانی لەسەر یەک لە قەدپاڵی شاخەکاندا هەڵچوون و دیمەنێکی جوان و سەرنجڕاکێشیان بە شارەکە بەخشیوە، بۆ یەکەمجار لە ساڵی (١٣٠٤ک/١٨٧٧ز) لەسەردەمی حوکوومڕانی عوسمانییەکاندا کراوەتە قەزا و تاوەکوو ساڵی (١٤١١ک/١٩٩١ز) سەر بە پارێزگای موصڵ بووە، و دواتر خراوەتە سەر پارێزگای دهۆک، لە ئێستادا ڕووبەری گشتی قەزاکە بریتییە لە (١٧٧٠کم²). بڕوانە: یاقوت الحموي، م٤، المصدر السابق، ص: ١٣٦. الحسيني: المرجع السابق، ص: ٢٦٤. مصطفى، فاتمە قادر و هۆشمەند جوهر عباس و تەنکە عوسمان سعید، *توانستی خزمەتگوزاری تەندروستی لە قەزای ئاکرێ بە بەکارهێنانی سیستەمە زانیارییە جوگرافییەکان (GIS)*، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژ٣، ٢٠٢٢ز، ل:١٠٤.

[٥٠٢] خضر، ئاراس اسماعیل: *العناصر المعمارية والنقوش الزخرفية في العمائر العثمانية الباقية في إقليم كوردستان/ العراق (خلال ١١٠٦-١٣٢٦هـ/١٧٠٠-١٩٢٠م) دراسة أثرية معماريه فنية*، رسالة ماجستير غير منشورة، قسم الأثار الإسلامية، كليه الأثار، جامعة القاهرة، ٢٠١٣-٢٠١٤م، ص: ١٨٥. موستەفا، ئەحمەد قادر، لە دایک بووی (١٩٧٦ز)، کاسب، دانیشتووی گەڕەکی تولیتا، چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆ، چوارشەممە ٢٠٢٢/٥/١٨ز، کات: ١٠:٠٠پێش نیوەڕۆ.

### ٣/ پێکهاتە بیناسازییەکانی مزگەوتەکە:

لە ئێستادا پێکهاتە بیناسازییەکانی مزگەوتەکە تێکەڵەیەکن لە بیناسازیی کۆن و نوێ، و لەسەر ڕووبەرێکی چوارگۆشەیی دروستکراوە، لە ڕابردوودا بە شێوەیەکی سادە و لەسەر ڕووبەرێکی بچوک بووە، بەڵام بە پێی تێپەڕبوونی سەردەم و لە ئەنجامی نۆژەنکردنەوە یەک لە دوا یەکەکانیدا وردە ڕووبەرەکەشی فراوان کراوە و چەند پێکهاتەیەکی بیناسازیی نوێی بۆ زیادکراوە.

لە ڕێگەی دوو دەرگاوە دەچیتە ناو مزگەوتەکەوە، دەرگایەکی سەرەکی لە بەشی باکوور و دەرگایەکی بچوکی لاوەکی لە بەشی ڕۆژهەڵات، بە هۆکاری هەڵکەوتەی جوگرافی مزگەوتەکە کە لە ناوچەیەکی شاخاوی کەنار قەزای ئاکرێدا دروستکراوە، مزگەوتەکە لە ئاست بەشەکانی باکوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایدا نزمترە، هەربۆیە لە ڕێگەی پلیکانەیەکی (١٤) پلەییەوە لە دەرگای سەرەکی مزگەوتەکەوە دەگەیتە ئاست حەوشە چوارگۆشە بچوکەکەی کە چەند پێکهاتەیەکی بیناسازیی دەوریان داوە، لەوانە: لە بەشی باکووردا هۆڵێکی کۆنی نوێژکردن هەیە، و منارەی مزگەوتەکەش دەکەوێتە گۆشەی بەشی باکووری ڕۆژهەڵاتی ئەم هۆڵەوە، لەبەرانبەر ئەم هۆڵە و لە بەشی باشووردا هۆڵێکی نوێ کراوەتەوە بۆ مەبەستی نوێژکردن و لە تەنیشتیشیدا لە هەمان لادا باخێکی گەورە درێژدەبێتەوە بەرەو ناو قەزاکە، و دیمەنێکی جوانی بەخشیووەتە بەردەم مزگەوتەکە، ئەدەبخانەکانی (W.C) مزگەوتەکەش دەکەونە بەشی ڕۆژئاوای مزگەوتەکە و بەشی ڕۆژهەڵاتیشی خاڵییە لە پێکهاتەی بیناسازی[٥٠٣].

سەرچاوەی ئاوی مزگەوتەکە لە کانییەکەوە سەرچاوە دەگرێت کە ڕاستەوخۆ دەکەوێتە ژێر هۆڵی کۆنی نوێژکردنی مزگەوتەکەوە لە بەشی باکوور[٥٠٤]، ئاوی کانییەکە لە شوێنێکی هاوشێوەی ئەشکەوتێکەوە دێتە ناو مزگەوتەکە و لەبەردەمیدا حەوزێکی لاکێشەیی دروستکراوە بۆ مەبەستی دەستنوێژگرتنی نوێژخوێنان و لە هەمان کاتیشدا بەکاردەهێنرێت بۆ ئەدەبخانەکانی مزگەوتەکە لە بەشی ڕۆژئاوادا[٥٠٥].

مزگەوتەکە لە حاڵی ئێستایدا بە هۆکاری هەڵکەوتەی جوگرافی شوێنەکەی، کە دەکەوێتە کەناری قەزای ئاکرێ و لەبەردەم شاخێکدایە و بواری فراوانبوونی شار لەم بەشەوە نییە وای کردووە تا ڕادەیەک وەکوو مزگەوتێکی سادە بمێنێتەوە و پەراوێزبخرێت و دەستی نۆژەنکردنەوەی پێ نەگات[٥٠٦].

ئەوەی سەردانی ئەم مزگەوتەکە بکات بە ڕوونی گەشەی بیناسازیی نزیکەی (٧٠-٨٠) ساڵی شارەکەی بۆ دەردەکەوێت، چونکە هەندێک لە پێکهاتە بیناسازییەکانی مزگەوتەکە مێژوویان دەگەڕێتەوە

---

* تولیتا: یەکێکە لە گەڕەکە کۆنەکانی قەزای ئاکرێ، لە ڕابردوودا بەناوبانگ بووە بە شوێنی شێخەکانی ڕێبازی نەقشبەندی، و ناوەندێک بووە بۆ ڕێنمایی ئایینی ئەو ڕێبازە، هەروەها تەکیەی شێخ عەبدولقادری گەیلانی تێدا بووە. بڕوانە: ئاکرەيي، فائق أبو زيد سليم: *دليل ئاكرى السياحي*، ط ١، مطبعة جامعە صلاح الدين، اربيل، ١٩٩٩م، ص: ١٨.

[٥٠٣] سەردانی مەیدانی، چوار شەممە: ٢٠٢٢/٥/١٨ز، کات: ٩:٣٠ پێش نیوەڕۆ

[٥٠٤] عەقراوی، موحەممەد مەلا ئەحمەد، لە دایک بووی (١٩٥٨ز)، پێشنوێژو وتارخوێنی مزگەوتی گەورەی ئاکرێ، چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆ، چوارشەممە ٢٠٢٢/٥/١٨ز، کات: ١٠:٤٥ پێش نیوەڕۆ لە کتێبخانەی مزگەوتی گەورەی ئاکرێ.

[٥٠٥] سەردانی مەیدانی، چوار شەممە: ٢٠٢٢/٥/١٨ز، کات: ٩:٣٠ پێش نیوەڕۆ

[٥٠٦] سەردانی مەیدانی، چوار شەممە: ٢٠٢٢/٥/١٨ز، کات: ٩:٣٠ پێش نیوەڕۆ

بۆ نزیکەی (٧٠-٨٠) ساڵ لەمەوپێش، لەوانەش منارەکەی کە پاش ئەوەی لە ساڵی (١٣٧٩ک/١٩٦٠ز) مزگەوتەکە نۆژەنکراوەتەوە و فراوانکراوە بۆی دروستکراوە، لە هەمان کاتدا کۆمەڵێک پێکهاتەی بیناسازیی نوێشی بۆ دروستکراوە لەوانە هۆڵێکی شێوە لاکێشەیی بۆ نوێژخوێنانی مزگەوتەکە[٥٠٧].

**ب/ منارەی مزگەوتی تولیتا.**

**١/ ناو و شوێن و مێژووی منارەکە.**

- **ناوی منارەکە:**

هاوشێوەی زۆربەی منارە شوێنەواری و کەلەپوورییەکانی هەرێمی کوردستان، منارەی ئەم مزگەوتەش سەربەخۆ ناوێکی جیاوازی نییە لە مزگەوتەکەی، بەڵکو بە مزگەتەکەیەوە ناسراوە و پێی دەوترێت: (منارەی مزگەوتی تولیتا).

- **شوێن و مێژووی دروستکردنی منارەکە:**

منارەی مزگەوتی تولیتا دەکەوێتە گۆشەی بەشی باکووری ڕۆژهەڵاتی مزگەوتەکە، سەبارەت بە مێژووی منارەکەش ساڵی دروستکردن و دروستکەرانی تۆمارکراون لەسەر دوو پارچە بەردی هاوشێوە لە پێوانەدا لە جۆری مەڕمەڕ (الرخام)، یەکێک لە بەردەکان لەسەر دەرگای سەرەکی چوونە ناو مزگەوتەکە لە بەشی باکوور هەڵواسراوە، و ئەویتریشیان لە هەمان لادا کەمێک لە سەرووترەوە هەڵواسراوە بە دیواری ڕووی دەرەوەی هۆڵی کۆنی نوێژکردنی مزگەوتەکە، لە ئاست ژێرەوەی منارەکە.

دانانی ئەم بەردانە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٣٧٩ک/١٩٦٠ز)، پاش ئەوەی مزگەوتەکە نۆژەندەکرێتەوە و منارەیەکی بۆ دروستدەکرێت لەسەر ئەرکی دوو کەسایەتی دیاری ناوچەکە بە ناوەکانی: (حاجی کەریم خان و حاجی عەبدوڵڵا)*، نووسراوی سەر بەردەکانیش بەم شێوەیەیە:

- بەردی یەکەم/ لەسەر دەرگای سەرەکی مزگەوتەکە: بە چوار دێڕ بە خەتی جۆری (الثلث) بەم شێوەیە نووسراوە:

وان المساجد لله فلا تدعوا مع الله احـــدا[٥٠٨]
مسجد توليتا بـناه مجدد الاخـوان الحـاج
كريم خـان والحاج عبدالله ولدي محمد صالح
بتاريخ سنة ١٣٨٠ هـ الـموافق سنة١٩٦٠م (بڕوانە وێنەی ژمارە ٩٨/ أ).

---

[٥٠٧] سەردانی مەیدانی، چوار شەممە: ٢٠٢٢/٥/١٨ز، کات: ٩:٣٠ پێش نیوەڕۆ.

*حاجی کەریم و حاجی عەبدوڵڵا دوو کوڕی شێخ موحەممەد صاڵح ئاکرەیی بوون، خاوەن شەرەف و بەرەکەت و خزمەتی گەورە، و لەسەر ڕێبازی نەقشبەندی بوون، و لەلای دانیشتوانی ناوچەکە ناسراون. بڕوانە: خضر: المرجع السابق، ص: ١٨٥.

[٥٠٨] القرآن الكريم، سورة الجن.

- بەردی دووەم/ لەسەر ڕووی دەرەوەی دیواری بەرانبەر ڕووگەی هۆڵی نوێژکردنی کۆنی مزگەوتەکە لە ئاست ژێرەوەی منارەی مزگەوتەکەدا، بە هەمان جۆری خەت (الثلث) بە پێنج دێڕ بەم شێوەیە نووسراوە: إنما يعمر مساجد الله من أمن بالله واليوم الأخر وأقام

الصـــــلاة وآتـى الـــزكـــــاة ولـــم يـخــش إلا الله[٥٠٩]

إن الصـــلاة كـــانت على الـمـؤمنين كـتـابا موقـوتـــا[٥١٠]

تـطوع لله تعـالى بعمارة هـذا المسجد الحاج كريم خان

وأخيه الحاج عبدالله بتاريخ سنة ١٣٨٠ هـ الموافق سنة ١٩٦٠ م (بڕوانە وێنەی ژمارە ٩٨/ ب).

## ٢/ ڕەگەزە بیناسازییەکانی منارەکە.

- **وەسفی منارەکە:**

منارەی مزگەوتی تولیتا یەکێکە لە منارە کەلەپوورییە جوان و سەرنجڕاکێشەکانی ناوچەی بادینان بە گشتی قەزای ئاکرێ بە تایبەتی، لە بەردی ڕێککراوی چوارگۆشەیی بە پێوانەی (٢٤×٢٨سم) لەگەڵ ماددەی گەچ دروستکراوە، تاکە منارەیە لە شارەکەدا لەسەر ئەم تەرزە دروستکرابێت و مابێتەوە، دروستکراوە لە ئاست سەربانی هۆڵی کۆنی نوێژکردنی مزگەوتەکە لە گۆشەی باکووری ڕۆژهەڵات، سێ دەرگای هەیە، دەرگایەکی سەرەکی بۆ سەرکەوتنە سەر منارەکە و دوو دەرگای تر لە ئاست دوو بالکۆنەکەی بۆ سەرکەوتنە سەریان، کۆتایی هاتووە بە گومەزێکی شێوە قوچەکی، بەرزی تێکڕای منارەکە بریتییە لە (١٥م)، تەرزی بیناسازیی منارەکە هەرەمییە، واتە لە سەرەتادا فراوانە و تاوەکوو بەرەو سەرەوە بچیت فراوانییەکەی کەمتر دەبێتەوە، بە جۆرێک چێوەی منارەکە لە ئاست دەرگای سەرەکی منارەکەدا بریتییە لە (٩,٦٥ م)، بەڵام لە ئاست بالکۆنی دووەمدا کەم دەبێتەوە بۆ (٦,٩٠ م)، هەروەها ئەستوری دیوارەکەی لە (٥٢ سم)ەوە کەم دەبێتەوە بۆ (٣٥-٤٠سم)، ئەمەش هونەرێکی ئەندازەیی سەرکەوتووە لە دروستکردنی منارەکاندا جێبەجێکراوە بە مەبەستی کەمکردنەوەی قورسایی سەر بەشەکانی خوارەوە و جێگیربوون و مانەوەی منارەکە بۆ سەردەمێکی زیاتر[٥١١]، (بڕوانە وێنەی ژمارە ٩٩).

- **لاشەی منارەکە:**

منارەکە لە ئاست سەربانی مزگەوتەکەوە ڕاستەوخۆ بە بێ بنکە و بە لاشەیەکی لولەیی زۆر بەهێز دەست پێ دەکات، هاوشێوەی منارەی مزگەوتی گەورەی قەڵای هەولێر و منارەی مزگەوتی شێخە ڕەشکە لە شاری هەولێر[٥١٢]، (بڕوانە وێنەی ژمارە ١٠٠). بەرزییەکەی بریتییە لە (١٤,٠٤ م) و

---

[٥٠٩] القرآن الكريم، سورة التوبة.

[٥١٠] القرآن الكريم، سورة النساء.

[٥١١] سەردانی مەیدانی، چوار شەممە: ٢٠٢٢/٥/١٨ز، کات: ٩:٣٠ پێش نیوەڕۆ.

[٥١٢] سەردانی مەیدانی، چوار شەممە: ٢٠٢٢/٥/١٨ز، کات: ٩:٣٠ پێش نیوەڕۆ.

دروستکراوە لە بەردی ڕێککراو (حجر المهندم) و گەچ، بەهۆکاری ترس لە ڕووخانی منارەکە و بەرگەگرتنی لە کاریگەرییە خراپەکانی ڕووداوە سروشتییەکانی وەکوو بومەلەرزە لە ڕووی ناوەوەیدا تێکرا دیوار و پلیکانەکانی بە گەچ ڕووپۆشکراون، ئەمەش بووەتە پاڵپشتێکی بەهێز و پتە و پارێزگار لە منارەکەدا، ئەم کارەش پاش ئەوە دێت لە ساڵی (١٤٣٠ک/٢٠٠٩ز) هەندێک کاری نۆژەنکردنەوە بۆ مزگەوت و منارەکە ئەنجامدراون، هەرچەندە هۆکاری ئەم کارە دڵسۆزی و بۆ مەبەستی پارێزگاری لە تێکچوون و ڕووخانی منارەکە بووە، بەڵام دیمەنی بەشی ناوەوەی منارەکەی بە تەواوی گۆڕیووە و ئەو سیما جوانە کەلەپورییەی لە ڕووی دەرەوەیدا هەیەتی لە ڕووی ناوەوەیدا تێکدراوە، هەروەها ڕووی دەرەوە و ناوەوەی منارەکە خاڵییە لە هەموو نەخش و نیگارێک[٥١٣]، (بڕوانە وێنەی ژمارە ١٠٠).

لە لاشەی منارەکەدا دوو بالکۆنی شێوە بازنەیی دروستکراون، و لاشەی منارەکەیان کردووەتە سێ بەش، بە جۆرێک بەشی یەکەم فراوانترە لە بەشی دووەم و بەشی دووەمیش فراوانترە لە بەشی سێیەم، بەرزی بەشی یەکەم لەسەر بانی مزگەوتەکەوە تاوەکوو بالکۆنی یەکەم بریتییە لە (٨,١٢ م)، لە (٢٩) چینی ئاسۆیی پێکهاتووە[٥١٤].

بەشی دووەمیش لە ئاست بالکۆنی یەکەمی منارەکەوە دەست پێ دەکات تاوەکوو بالکۆنی دووەم و بەرزییەکەی لە بالکۆنی یەکەمەوە بریتییە لە (٣,٩٥ م) و لە (١٣) چینی ئاسۆیی پێکهاتووە.

بەشی سێیەمی لاشەکەش لە بالکۆنی دووەمەوە تاوەکوو گومەزەکەیەتی و بەرزییەکەی بریتییە لە (٢,٤٣ م)، بەڵام ئەم بەشە کە کۆتایی منارەکەیە هاوشێوەی ڕووی ناوەوەی لە ڕووی دەرەوەش ڕووپۆشکراوە بە گەچ و دیوارەکەی بە تەواوەتی داپۆشیووە، وەکوو ئاماژەمان پێ دا هەرچەندە بەمەبەست لەم کارە بەهێزکردن و پتەوکردنی منارەکە و پارێزگاریکردن بووە لە داڕووخانی، بەڵام کارێکی زانستی نەبووە و سیمای جوانی منارەکەی تێکداوە، دەکرا بە شێوازێکی زانستی نۆژەنبکرێتەوە و لایەنی مێژوویشی بپارێزرێت، بەڵام دیارە کارەکە لەلایەن کەسانی دڵسۆزەوە ئەنجام دراوە و تەنها مەبەست لە پارێزگاریکردنی بووە بێ گوێدانە نۆژەنکردنەوەیەکی زانستییانە ڕاوێژکردن بە کەسانی شارەزا و پسپۆڕی ئەو بوارە، یاخود هۆکار پشتگوێخستنی بووە لەلایەن بەرپرسانی پەیوەندیدار و خەڵکی ئاسایی ناچار بەو کارە هەستاون تاوەکوو منارەکە بپارێزن لە لەناوچوون[٥١٥]، (بڕوانە وێنەی ژمارە ١٠١/أ).

- **دەروازە – دەرگا:**

منارەی مزگەوتی تولیتا سێ دەرگای هەیە، دەرگایەکی سەرەکی لە ئاست سەربانی مزگەوتە بۆ سەرکەوتن و دوو دەرگاش لە ئاستی بالکۆنەکانی بە مەبەستی سەرکەوتنە سەریان، دەرگای یەکەم لە ئاسن دروستکراوە، بەڵام دوو دەرگاکەی تر بەرەوام واڵان و لە هیچ مەوادێک دەرگایان بۆ دروستنەکراوە. دەرگای سەرەکی منارەکە وەکوو ئاماژەمان پێ دا دەکەوێتە ئاستی سەربانی مزگەوتەکە

---

[٥١٣] سەردانی مەیدانی، چوار شەممە: ٢٠٢٢/٥/١٨ز، کات: ٩:٣٠ پێش نیوەڕۆ.

[٥١٤] سەردانی مەیدانی، چوار شەممە: ٢٠٢٢/٥/١٨ز، کات: ٩:٣٠ پێش نیوەڕۆ.

[٥١٥] سەردانی مەیدانی، چوار شەممە: ٢٠٢٢/٥/١٨ز، کات: ٩:٣٠ پێش نیوەڕۆ.

بە ئاڕاستەی ڕووگەی مزگەوتەکەیە (ڕووەو باشوور یان ڕووەو قەزای ئاکرێ)، شێوەی لاکێشەییە و پێوانەکەی بریتییە لە بەرزی (١،٦٠ م) و پانی (٩٢ سم)[٥١٦]، (بڕوانە وێنەی ژمارە ١٠٢). پاش سەرکەوتن بەسەر (٣٢) پلیکانەدا دەگەینە دەرگای دووەم و لە ئاست بالکۆنی دووەمدا دروستکراوە بە مەبەستی سەرکەوتنە سەر بالکۆنەکە، ڕووی لە بەشی باشوورە و بە هەمان شێوەی دەرگای سەرەکی منارەکە شێوە لاکێشەییە و پێوانەکەی بریتییە لە بەرزی (١،٨٦ م) و پانی لە ڕووی دەرەوە (٧٠ سم) و لە ڕووی ناوەوە (٥٦سم)ە، و ئەستوری دیواری لاکانی دەرگاکە بریتین لە (٤٠ سم)[٥١٧]. دەرگای سێیەمیش پاش سەرکەوتن بەسەر (٨) پلیکانەی تردا پێی دەگەین و لێیەوە سەردەکەوینە سەر بالکۆنی دووەم، بە هەمان شێوەی دوو دەرگاکەی شێوە لاکێشەییە و ڕووی کردووەتە بەشی باشووری مزگەوتەکە بە پێوانەی بەرزی (١،٧٣ م) و پانی ڕووی ناوەوەی بریتییە لە (٥٧ سم) و ڕووی دەرەوەشی (٦٧ سم)ە، ئەستوری لا دیوارەکانی بریتین لە (٣٤ سم)[٥١٨].

- **پلیکانە:**

لە دەرگای سەرەکی منارەکەوە لە بەشی ڕووگەی مزگەوتەکەدا لە ڕێگەی پلیکانەیەکی لولپێچی پێچەوانە بە ئاڕاستەی میلی کاتژمێر سەردەکەویتە سەر منارەکە، تێکڕا ژمارەی پلیکانەکانی بریتین لە (٤٧) دانە، و ڕووپۆشکراون بە گڵگەچ (گەچ + قوڕ)، شێوەی پیلکانەکان قوچەکین و لە پێوانەدا جیاوازن، بە جۆرێک لە خوارەوە گەورەن و تاوەکوو بەرەو سەرەوە بچیت وردە وردە بچوک دەبنەوە، درێژییان لە نێوان (٦٠ – ٧٣ سم) و بەرزییان لە نێوان (٢٣ – ٢٨ سم) و پانی لای ڕاستییان لە نێوان (٣٤-٤٢ سم) و لای چەپیشیان لە نێوان (٧–١٠ سم) دایە، ژمارەیان تاوەکوو بالکۆنی یەکەم (٣٢) دانەیە، لە بالکۆنی یەکەمیشەوە تاوەکوو کۆتایی و ناو گومەزەکە (١٥) دانەن[٥١٩]، (بڕوانە وێنەی ژمارە ١٠٣).

- **پەنجەرە (النوافذ):**

بە شێوەیەکی گشتی لە لاشەی منارەکەدا (١٢) پەنجەرەی شێوە درێژکۆڵەی لاکێشەیی بە هەرچوار دەوری لاشەی منارەکەدا دروستکراون، لە ڕووی دەرەوە بەراورد بە ڕووی ناوەوەیان کەمێک فراوانترن، شەش دانەیان دەکەونە بەشی یەکەمی لاشەکە و سێ دانەیان لە بەشی دووەم و سێ دانەکەی تریان لە بەشی سێیەم و کۆتایی لاشەکەدان، لە پێوانەدا جیاوازییان هەیە، سێ دانەیان لە خوارەوە بچوکترن و پێوانەیان بریتییە لە بەرزی (٥٠ سم) و پانی (٢٥ سم) قوڵی (٥٠ سم)، نۆ دانەکەی تر لە سەروو ئەوانەوە گەورەترن و پێوانەیان بریتییە لە: بەرزی (١ م) و پانی (٢٥ سم) و قوڵی (٣٥–٤٠

---

[٥١٦] سەردانی مەیدانی، چوار شەممە: ٢٠٢٢/٥/١٨ز، کات: ٩:٣٠ پێش نیوەڕۆ.

[٥١٧] سەردانی مەیدانی، چوار شەممە: ٢٠٢٢/٥/١٨ز، کات: ٩:٣٠ پێش نیوەڕۆ.

[٥١٨] سەردانی مەیدانی، چوار شەممە: ٢٠٢٢/٥/١٨ز، کات: ٩:٣٠ پێش نیوەڕۆ.

[٥١٩] سەردانی مەیدانی، چوار شەممە: ٢٠٢٢/٥/١٨ز، کات: ٩:٣٠ پێش نیوەڕۆ.

سم)، واتە لە بەرزیدا دوو هێندەی پەنجەرەکانی بەشی خوارەوەی لاشەی منارەکەن[٥٢٠]، (بڕوانە وێنەی ژمارە ١٠٠).

- **بالکۆن (شرفة):**

لە لاشەی منارەکەدا هاوشێوەی لاشەکە دوو بالکۆنی لولەیی سادە لە نەخش و نیگار و موقەرنەسات دروستکراون لە چیمەنتۆ، بالکۆنی یەکەم دەکەوێتە بەرزی (٨,١٢ م) لە ئاست سەربانی مزگەوتەکەوە، و پانی لە لاشەی منارەکەوە بۆ لێوارەکەی بریتییە لە (٧٥ سم) و بە موحاجەرەی ئاسن (الداربزین) لێوارەکەی گیراوە، و بەرزی موحاجەرەکە بریتییە لە (١م)[٥٢١]، (بڕوانە وێنەی ژمارە ١٠٠). بالکۆنی دووەمیش دەکەوێتە بەرزی (٣,٩٥ م) لە ئاست بالکۆنی یەکەمەوە، و بە هەمان شێوەی بالکۆنی یەکەم لولەییە و لە چیمەنتۆ بە شێوەیەکی زۆر بەهێز دروستکراوە، کەمێک لە بالکۆنی یەکەم بچوکترە و پانییەکەی بریتییە لە (٧٥ سم)[٥٢٢]، (بڕوانە وێنەی ژمارە ١٠١/أ).

- **گومەز (کڵاوە):**

کۆتا بەشی منارەکە بریتییە لە گومەزێکی شێوە قوچەکی بەش بەشی ڕووپۆشکراو بە گەچ، و خاڵییە لە هەموو جۆرە نەخش و نیگارێک، بەرزییەکەی نزیکەی مەترێک دەبێت، بە ورد بوونەوە لە منارەکە ئەوە بەدی دەکرێت ئەم بەشەی کۆتایی (لە بالکۆنی دووەمەوە تاوەکوو گومەزەکە) دەستکاری کراوە و جیاوازە لە بەشی خوارەوەی منارەکە، نازانین ئەم بەشە لە کاتی نۆژەنکردنەوەدا دەستکاری کراوە و شێوەی گۆڕە؟ یاخود نەخێر، هەر لەسەرەتاوە وەها دروستکراوە و نۆژەنکردنەوەکان تەنها ڕووی دەرەوەیان گۆڕیووە نەوەک شێوەکەی. هۆکاری دروستبوونی ئەم پرسیارە لێرەدا ئەوەیە گومەزی منارەکە هاوشێوەی گومەزی پەرستگای یەزیدییەکانە، لەوانەش پەرستگای (لالش) لە شێخان کە چەند کیلۆمەترێک لە ئاکرێوە دوورە، (بڕوانە وێنەی ژمارە ١٠١/ب).

ئەوەی بووە جێی سەرنجمان ئەوەبوو، هۆکاری ئەوە چی بووە کە تەرزی بیناسازی گومەزی منارەی مزگەوتێک لەژێر کاریگەری تەرزیی گومەزی پەرستگایەکدا دروستبکرێت؟ نازانین بە مەبەست بووە، یاخود نەخێر!!

لە کۆتایی گومەزەکەدا ئاسنێک دانراوە و دوو تۆپی بچوک و شێوە قوچەکییەکی پێوە لکێنراوە و کۆتایی هاتووە بە شێوە نیوە مانگێک (هیلال)، و ڕووی کردووەتە ڕووگەی مزگەوتەکە، شایەنی باسە گومەزەکە وەکو منارەکانی تر لە بەشی ناوەەیدا خاڵی نییە تاوەکو پلیکانەی هەبێت، بەڵکو سەرجەمی بە قاڵبی چیمەنتۆ دروستکراوە و گیراوە [٥٢٣].

---

[٥٢٠] سەردانی مەیدانی، چوار شەممە: ٢٠٢٢/٥/١٨ز، کات: ٩:٣٠ پێش نیوەڕۆ.

[٥٢١] سەردانی مەیدانی، چوار شەممە: ٢٠٢٢/٥/١٨ز، کات: ٩:٣٠ پێش نیوەڕۆ.

[٥٢٢] سەردانی مەیدانی، چوار شەممە: ٢٠٢٢/٥/١٨ز، کات: ٩:٣٠ پێش نیوەڕۆ.

[٥٢٣] سەردانی مەیدانی، چوار شەممە: ٢٠٢٢/٥/١٨ز، کات: ٩:٣٠ پێش نیوەڕۆ.

**تەوەرەی دووەم: منارەی مزگەوتی گەورەی ئاکرێ**

**أ/ مزگەوتی گەورەی ئاکرێ.**

**١/ شوێن و مێژووی دروستکردنی مزگەوتەکە:**

مزگەوتی گەورەی ئاکرێ یەکێکە لە مزگەوتە شوێنەوارییەکانی شارستانییەتی ئیسلامی، کەوتۆتە ناوەڕاستی بازاڕی کۆنی شاری ئاکرێ لە خواروی گەڕەکی (جوستەیە)، ئەم گەڕەکە لە ڕووی شوێنەوارییەوە جێگای بایەخێکی زۆرە، بەهۆکاری هەڵکەوتە جوگرافییەکەی کە کەوتۆتە ناوەندی شاری ئاکرێ و لە سەرەتای دروستکردنییەوە تاوەکوو ئێستا بەردەوام جێگای دەرس و دەور و پێگەیاندنی فەقێ و فێرخواز و قوتابخانەیەکی ڕەسەنی بڵاوکردنەوەی زانستە شەرعییەکان بووە لە ناوچەی بادینان بە گشتی و شاری ئاکرێ بە تایبەتی.

بە پێی سەرچاوە مێژووییەکان پاش ئەوەی لە سەردەمی خەلافەتی عومەری کوڕی خەتتابدا لە ساڵی (١٧ک/٦٣٨ز) دەست دەکرێت بە بڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلام و وڵاتی عێراق فەتح دەکرێت[٥٢٤]، سەرەتای فەتحکردنی ناوچە کورد نشینییەکان لە ویلایەتی موصڵەوە دەستی پێکردووە بە سەرکردایەتی (عوتبەی کوڕی فەرقەدی سولەمی)، و پاشان بەرەو ناوچەکانی سەر بەو ویلایەتە ئاڕاستەیان گرتووە و فەتح کراون[٥٢٥]، لەو ناوچانەش کە سەر بەو ویلایەتە بوون ئاکرێ و ناوچەی بادینان بووە[٥٢٦]، پاش فەتحکردنی ناوچەکەش مزگەوتێک دروستدەکەن لە ئاکرێ بە ناوی (جامع الكبير في عقرة) لە ساڵی (١٩ک/٦٤٠ز) یاخود (٢٠ک/٦٤١ز) کە هاوکاتە لەگەڵ دروستکردنی مزگەوتی گەورەی خورماڵ[٥٢٧].

وەکو مزگەوتی گەورەی خورماڵ ئەو باسە بڵاوە، گوایە ئەم مزگەوتەش لەلایەن عەبدوڵڵای کوڕی عومەرەوە دروستکراوە لە ساڵی (١٦ک/ ٦٣٧ز)[٥٢٨]، بەڵام ئەم قسەو باسە تەنها وتەی سەر زاری خەڵکی ناوچەکەیە و دەماو دەم دووبارە کراوەتەوە و دەوترێتەوە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەم بۆچوونە بنەمایەکی زانستی و مێژوویی نییە، چونکە عەبدوڵڵا لەماوەی تەمەنیدا هیچ دەسەڵاتێکی دیاریکراوی کارگێڕی یاخود سەربازی نەبووە و بەشێک نەبووە لەو هاوەڵانەی لە فەتحکردنی ناوچەکەدا بەشدار بوون.

---

[٥٢٤] البلاذري: المصدرالسابق، ص: ٣٢٣.

[٥٢٥] إبن الفقية، أبي بكر أحمد بن محمد الهمداني: *مختصر كتاب البلدان*، طبع في مدينة ليدن المحروسة بمطبع بريل، ١٣٠٢هـ/ ١٨٨٤م، ص: ١٢٨-١٢٩.

[٥٢٦] ئاکرەیی، جمبد شکری بابکر: *ئاکرێ (عقرة) في عهد الملكى (١٩٢١-١٩٥٨م)*، مطبعة حاجى هاشم، اربيل، العراق، ٢٠٠٨م، ص: ٢٤.

[٥٢٧] سلێمان، هونەر مراد: *ستراتیژی پارێزگاری کردن لە ناوچە شوێنەواری و کەلەپورییەکان لە هەرێمی کوردستان، شارۆچکەی ئاکرێ بە نمونە (توێژینەوەیەکی ش یکاری شوێنەوارییە)*، نامەیەکی ماستەری بڵاونەکراوەیە، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، تشرینی یەکەم ٢٠٢١ز، ل:١٩. ئاکرەیی: المرجع السابق، ص: ٢٤.

[٥٢٨] باجلوري، هيلين رفيق سعيد: *الكورد الحميدية*، مطبعة حاجى هاشم، أربيل، العراق، ٢٠١٢م، ص: ٤٨.

هەرچەندە ئەم مزگەوتە کۆنترین مزگەوتی ناوچەی بادینانە و ساڵانێکی زۆر بەسەر دروستکردنیدا تێپەڕیووە، و زۆربوونی چڕی دانیشتوان و گۆڕانکاری مرۆیی بەسەر دیمۆگرافی قەزاکەشدا هاتووە، بەڵام گرنگی و بایەخ و گاریگەری خۆی لە دەست نەداوە و هەتاوەکوو ئێستاش وەکوو ناوەندێکی پێگەیاندنی زانستە شەرعییەکان ڕۆڵ دەگێڕێت، و بووەتە قوتابخانەیەکی گرنگی ئایینی لە ناوچەکەدا و لەلایەن دانیشتوانەکەیەوە هەردەم بەڕێز و شکۆوە سەیرکراوە.

هەر لە سەرەتای دروستکردنییەوە قوتابخانەیەکی ئایینی گرنگی هەبووە و تیایدا چەندان زاناو کەسایەتی کوردزمانی ناوچەکە و دەوروبەری تیایدا پێگەیشتوون و بە ناوچەکاندا بڵاوبوونەتەوە و خزمەتیان کردووە، جگە لەوە بارودۆخی زانستی و پێگەیاندنی ئەم قوتابخانەیە لە ئاستێکدا بووە ئاڵوگۆڕی زانستی شەرعی هەبووە لەگەڵ دەوروبەری، لەوانە لەگەڵ قوتابخانەی مزگەوتی گەورەی قەڵای هەولێر (مسجد الجامع القلعة) لە ماوەی حوکمڕانی ئەتابەگییەکان (٥٢٢-٦٣٠ک/ ١١٢٨-١٢٣٣ز)[٥٢٩].

گەریدەی کورد زمان (تەها کوردی بالیسانی) ئاماژەی بەوە کردووە لە ماوەی تەمەنیدا دوو جار سەردانی ئاکرێ و مزگەوتەکەی کردووە، یەکەمیان لە ساڵی (١١٨٨ک/١٧٧٤ز) و باسی لەوە کردووە وەک پاشکۆیەک لە تەنیشت مزگەوتەکەدا قوتابخانەیەکی ئایینی هەبووە، لە کۆمەڵێک ژوور پێکهاتووە و ژمارەیەک فەقێ و فێرخواز وانەیان تێدا خوێندووە، و جاری دووەم کە سەردانی کردووە لە ڕۆژی هەینی ساڵی (١٢٠١ک/١٧٨٦ز) بووە، و ئاماژەی بەوە کردووە مزگەوتەکە لە ناوەندی شارەکەدا لە سەدەی یەکەمی کۆچیدا بنیاتنراوە و گرنگترین فێرگەی ئیسلامی بووە لە ناوچەکەدا[٥٣٠]، هەروەها باس لەوە دەکرێت (شێخ موحەممەد زیارەتی) یەکێک لە زانا دیارەکانی ناوچەکە ماوەیەک مامۆستا و سەرپەشتکاری قوتابخانەکە بووە و خزمەتێکی بەرچاوی بە دانیشتوانی ناوچەکە گەیاندووە[٥٣١]. پێش دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقیش لە ساڵی (١٣٣٩ک/ ١٩٢١ز) قوتابخانەی ئەم مزگەوتە لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە سەرپەرشتی و پاڵپشتی کراوە و ڕاستەوخۆ پێوەستکراوە بە ئەستەمبوڵەوە[٥٣٢].

دوای ئەو ماوەیە قوتابخانەکە بەبۆنەی چەند هۆکارێکەوە دادەخرێت و تاوەکوو ساڵانی (١٩٩٠-١٩٩١ز) و بە هەوڵی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، کە ئەوکات موفتی و گەورە زانای عێراق بووە ڕەزامەندی لە حکوومەتی ئەوکاتی عێراق وەرگرتووە بۆ کردنەوەی پێنج قوتابخانەی ئایینی لە کوردستان، ئەوانیش: (ئاکرێ، هەولێر، سلێمانی، دهۆک، کەرکوک)، لە ئێستاشدا حوجرەیەکی (پەیمانگا) زانستە شەرعییەکانی تێدایە و بڕوانامەی دیبلۆمی ئایینی دەداتە فێرخوازانی، و سەر بە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی حوکوومەتی هەرێمی کوردستانە[٥٣٣].

---

[٥٢٩] إبن الأثير: *الكامل في التاريخ*، ج ٩، بيروت، لبنان، ١٩٨٢م، ص: ٢١٢.

[٥٣٠] ڕؤوف، عماد عبدالسلام: *عقرة في رحلة البالیساني الكوردي*، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژ٣٢، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٥ز، ص: ٤٥٥.

[٥٣١] ڕؤوف، عماد عبدالسلام: *مراكز ثقافية مغمورة في كردستان*، المرجع السابق، ص: ١١.

[٥٣٢] عەقراوی، موحەممەد مەلا ئەحمەد، لە دایک بووی (١٩٥٨ز)، پێشنوێژو وتارخوێنی مزگەوتی گەورەی ئاکرێ، چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆ، چوارشەممە ٢٠٢٢/٥/١٨ز، کات: ١٠:٤٥ پێش نیوەڕۆ لە کتێبخانەی مزگەوتی گەورەی ئاکرێ.

[٥٣٣] عەقراوی، موحەممەد مەلا ئەحمەد، لە دایک بووی (١٩٥٨ز)، پێشنوێژو وتارخوێنی مزگەوتی گەورەی ئاکرێ، چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆ، چوارشەممە ٢٠٢٢/٥/١٨ز، کات: ١٠:٤٥ پێش نیوەڕۆ لە کتێبخانەی مزگەوتی گەورەی ئاکرێ.

**٢/ ناوی مزگەوتەکە.**

هاوشێوەی زۆرێک لە مزگەوتەکانی ناوچەکە ناوی ئەو شوێنەی وەرگرتووە کە تێیدا دروستکراوە ئەویش شاری ئاکرێیەو ناسراوە بە (مزگەوتی گەورەی ئاکرێ)، لە سەرچاوە مێژووییەکانیشدا ناوی بە (جامع الكبير في عقرة) هاتووە، لەبەرئەوەی گەورەترین و کۆنترین مزگەوتی شارەکەیە.

**٣/ پێکهاتە بیناسازییەکانی مزگەوتەکە:**

مزگەوتی گەورەی ئاکرێ هاوشان لەگەڵ مزگەوتی گەورەی خورماڵ کۆنترین مزگەوتەکانی هەرێمی کوردستانن، بەراورد بە ڕووبەری ئێستای مزگەوتەکە سەرەتا لەسەر ڕووبەرێکی فراوانتر بە شێوازێکی سادە لە بەرد و قسڵ بنیاتنراوە، دواتر سەردەم دوای سەردەم لەگەڵ گەورەبوونی شار و زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان و پێشکەوتنی بواری بیناسازی، مزگەوتەکەش نۆژەنکراوەتەوە و گۆڕانکاری بیناسازیی تێدا ئەنجام دراوە[٥٣٤].

لە ساڵی (١٣٨٥ک/ ١٩٦٥ز) لەلایەن وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی حکوومەتی عێراقەوە مزگەوتەکە نۆژەنکراوەتەوە و نهۆمی سێیەمی بۆ زیادکراوە، دوایین جاریش لە لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە نۆژەنکراوەتەوە و چەند گۆڕانکارییەکی بیناسازیی تری تێدا ئەنجام دراوە، هەرچەندە مزگەوت و منارەکەی سیمای مێژوویی و شوێنەواری خۆیان لە دەستداوە و سەردانکەرانی ئەگەر زانیاری مێژووییان نەبێت لەسەریان گومان ناکەن مزگەوتێکی وەها گەورە و سەردەمی مێژوویەکی پڕ خزمەت و سەروەری چەند سەد ساڵەی هەبێت[٥٣٥].

ڕووبەری کۆی گشتی مزگەوتەکە لە ئێستادا بریتییە لە (٢٠٠٠م) چوارگۆشە و لە سێ نهۆم پێکهاتووە، هەرسێ نهۆمەکە دەوری حەوشەیەکی لاکێشەییان داوە، نهۆمی یەکەم پێکهاتووە لە سێ حەڕەمی نوێژکردن، یەکێک لە بەشی ڕۆژهەڵاتی مزگەوتەکە، یەکێک لە ڕۆژئاوا و یەکێکیش لە باشوور، نهۆمی دووەم پێکهاتووە لە هۆڵێکی گەورە بۆ نوێژکردن و چەند ژوورێکی تر بۆ کاروباری کارگێڕی مزگەوتەکە و فەقێکانی و کتێبخانەیەکی گەورە کە مامۆستای مزگەوت تێیدا دادەنیشێت و وانە بە فەقێکانی دەڵێتەوە، نهۆمی سێیەم کە لە ساڵی (١٣٨٥ک/ ١٩٦٥ز) زیادکراوە بۆ مزگەوتەکە زیاتر تایبەتە بە هۆڵی وانە خوێندنی فەقێکان و شوێنی حەوانەیان، لەگەڵ بوونی حەڕەمێک تایبەت بە نوێژی ڕۆژی هەینی ئافرەتان. یەک منارە و یەک گومەزی گەورەی هەیە و دروستکراون بە تەرزی بیناسازیی ئیسلامی چاولێکەری (التقليدية)[٥٣٦].

---

[٥٣٤] عەقراوی، موحەممەد مەلا ئەحمەد، لە دایک بووی (١٩٥٨ز)، پێشنوێژو وتارخوێنی مزگەوتی گەورەی ئاکرێ، چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆ، چوارشەممە ٢٠٢٢/٥/١٨ز، کات: ١٠:٤٥ پێش نیوەڕۆ لە کتێبخانەی مزگەوتی گەورەی ئاکرێ..

[٥٣٥] عەقراوی، موحەممەد مەلا ئەحمەد، لە دایک بووی (١٩٥٨ز)، پێشنوێژو وتارخوێنی مزگەوتی گەورەی ئاکرێ، چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆ، چوارشەممە ٢٠٢٢/٥/١٨ز، کات: ١٠:٤٥ پێش نیوەڕۆ لە کتێبخانەی مزگەوتی گەورەی ئاکرێ.

[٥٣٦] جاف: سەرچاوەی پێشوو، ل١٠١-١٠٢.

ب/ منارەی مزگەوتی گەورەی ئاکرێ.

١/ ناو و شوێن و مێژووی منارەکە.

- **ناو و شوێنی منارەکە:**

منارەی مزگەوتی گەورەی ئاکرێ دەکەوێتە گۆشەی باشووری ڕۆژهەڵاتی مزگەوتەکە[٥٣٧]، و لەبەرئەوەی مێژووی دروستکردنی لەچاو مزگەوتەکەیدا نوێیە و بیناسازیی مزگەوتەکەی ماوەتەوە ناوەکەی پێوەستە بە مزگەوتەکەیەوە و ناسراوە بە (منارەی مزگەوتی گەورەی ئاکرێ).

- **مێژووی منارەکە:**

مزگەوتی گەورەی ئاکرێ هاوشێوەی مزگەوتە شوێنەوارییەکانی تری ناوچەکە سەرەتا کە دروستکراوە منارەی نەبووە، بەڵام لە سەردەمەکانی دواتردا دوو منارەی شێوە لولەیی بچوکی لە خشت و قسڵ بۆ دروستدەکرێت، بە هەر هۆکارێک بووبێت تەمەنی ئەم منارانە زۆر نابێت و دەڕووخێنرێن، لەو کاتە بەدواوە تاوەکوو ساڵی (١٣٨٥ک/ ١٩٦٥ز) مزگەوتەکە بێ منارە دەبێت، هەروەک لە وێنەیەکی ساڵی (١٣٤٩ک/١٩٣٠ز)ی مزگەوتەکەدا بەرچاودەکەوێت هیچ منارەیەکی نییە (بڕوانە وێنەی ژمارە ١٠٤)، بەڵام لە ساڵی (١٣٨٥ک/ ١٩٦٥ز) پاش ئەوەی لەلایەن وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی حکوومەتی عێراقەوە بینای مزگەوتەکە نۆژەندەکرێتەوە و هەندێ بەشی بۆ زیاددەکرێت و فراوان دەکرێت، لە هەمان کاتدا منارەیەکی بەرز و جوانی لە قاڵبی چیمەنتۆ بە شێوەیەکی زۆر بەهێز بۆ دروستدەکرێت، کە تاوەکو ئێستا ماوەتەوە[٥٣٨].

٢/ ڕەگەزە بیناسازییەکانی منارەکە.

- **وەسفی منارەکە:**

منارەی مزگەوتی گەورەی ئاکرێ دروستکراوە لە قاڵبی چیمەنتۆ بە شێوەیەکی زۆر بەهێز، لە بنکەیەکی بەرزی چوارلایی و لاشەیەکی لولەیی درێژ دروستکراوە و کۆتایی هاتووە بە گومەزێکی شێوە قوچەکی بەش بەش، سێ دەرگا و دوو بالکۆنی هەیە، دەرگایەکی سەرەکی بۆ چوونە سەر منارەکە و دوو دەرگای تر لە ئاست دوو بالکۆنەکەیدا بۆ سەرکەوتنە سەریان، دەکەوێتە گۆشەی بەشی باشووری ڕۆژهەڵاتی مزگەوتەکە، و بنکەکەی لە ئاست نهۆمی سێیەمی مزگەوتەدایە، لە ئێستادا بەرزترین منارەی کەلەپوورییە لە هەرێمی کوردستاندا، و تاکە منارەی شوێنەواری و کەلەپورییە لە هەرێمی کوردستاندا لە قاڵبی چیمەنتۆ دروستکرابێت، ئەوەی جێگای سەرنج و تێبینییە لەم منارەیەدا ئەوەیە ئەگەر کەسێک شارەزای مێژووی دروستکردنی نەبێت، نازانێت تەمەنێکی (٥٠-٦٠) هەیە و کەلەپوورییە، بەڵکو زیاتر وەک منارەیەکی نوێ بەرچاو دەکەوێت، چونکە منارە شوێنەواری و کەلەپوورییەکان لە هەرێمی کوردستان بە خشت یاخود بەردی ڕێککراو دروستکراون نەوەک بە قاڵبی چیمەنتۆ، جگە لەوەش

---

[٥٣٧] سەردانی مەیدانی، چوار شەممە: ٢٠٢٢/٥/١٨ز، کات: ١٠:٠٠ ی پێش نیوەڕۆ.

[٥٣٨] عەقراوی، موحەممەد مەلا ئەحمەد، لە دایک بووی (١٩٥٨ز)، پێشنوێژو وتارخوێنی مزگەوتی گەورەی ئاکرێ، چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆ، چوارشەممە ٢٠٢٢/٥/١٨ز، کات: ١٠:٤٥ پێش نیوەڕۆ لە کتێبخانەی مزگەوتی گەورەی ئاکرێ.

نۆژەنکردنەوە و ڕووپۆشکردنی بە ڕەنگی سپی وای کردووە وەکوو منارەیەکی سەردەمی خۆی بنوێنێت. بەرزی تێکڕای منارەکە لە بنکەکەیەوە تاوەکوو گومەزەکەی بریتییە لە (٣٦,٠٣ م)، بەرزییەکەی بە جۆرێکە لە زۆربەی بەشەکانی شارەکەوە بەرچاوە و بووەتە هێمای مزگەوتەکە و ناسنامەی شارەکە[٥٣٩]، (بڕوانە وێنەی ژمارە ١٠٥).

- **بنکەی منارەکە:**

منارەکە لەسەر بنکەیەکی بەهێز و گەورەی چیمەنتۆی شێوە چوارگۆشەیی دروستکراوە، بەرزییەکەی بریتییە لە (٢,٩٤ م) و پانی هەر لایەکی بریتییە لە (٣,٢٥ م) و ئەستوری دیوارەکەشی (٧٩سم)ەو چێوەی کۆی هەر چوار لای بنکەکەی بریتییە لە (١٣م)، لە ناوەڕاستی هەر لایەکی بنکەکەیدا تاقێکی داخراوی ڕووچاڵی وەک یەک دروستکراوە بۆ مەبەستی جوانکاری بە پێوانەی بەرزی (١م) و پانی (٦٠سم)[٥٤٠]. هەریەک لەم چوارلایەی بنکەکە کۆتایی هاتووە بە شێوە کەوانێکی سێ بەشی و گۆشەکانیان بە سێ پلەی یەک لە دوای یەک ڕازێندراونەتەوە، بنکەکە لەم ئاستەدا بووەتە هەشت لا و لەسەر ئەم هەشت لاییەدا ڕاستەوخۆ لاشەی منارەکە دەست پێدەکات، دروستکردنی بنکەیەکی وەها بەهێز و پتەو پاڵپشتە بۆ ئەوەی لاشەیەکی گەورە و بەرز و پتەوی لەسەر بنیاتبنرێت[٥٤١]، (بڕوانە وێنەی ژمارە ١٠٦).

- **لاشەی منارەکە:**

لاشەی منارەکە ڕاستەوخۆ لەسەر بنکە چوارلاییەکەیەوە دەست پێ دەکات و شێوەیەکی لولەیی درێژی هەیە، و دروستکراوە لە قاڵبی چیمەنتۆ بە شێوەیەکی زۆر بەهێز، بە ڕەنگی سپی ڕووپۆشکراوە، و بەمەبەستی ڕازاندنەوەی لە ڕووی دەرەوەیدا دابەشکراوە بەسەر دە بەشدا، بەشەکان بە شێوە لولەییەکی دەرپەڕیوی ڕەنگ سەوزی سوڕاوە بە دەوری لاشەکەدا جیاکراونەتەوە لە یەکتری، سەرەتای بنکەکە تاوەکوو بالکۆنی یەکەم دابەشکراوە بەسەر حەوت بەشدا، ئەم حەوت بەشەش دابەشی دوو جۆر کراون، بەشەکانی (١، ٣، ٥، ٧) هاوشێوەی یەکن، بەڵام لە پێوانەدا یەکەم و حەوتەم نیوەی سێیەم و پێنجەمن، بەشەکانی (٢، ٤، ٦)یش هاوشێوەی یەکن لە پێوانە و شێوەشیاندا، بەشەکانی (١، ٣، ٥، ٧) بە هێڵی تەریبی ستونی پشتێنەیی ڕازێندراونەتەوە، هەریەک لە بەشەکانی (١، ٧)یش لە دوو ڕیز هێڵی ستونی لەسەریەک پێکهاتوون و بەشەکانی (٣، ٥)یش هەریەکەیان بە چوار ڕیز هێڵی ستونی ڕازێندراونەتەوە، بەڵام سێ بەشەکەی تر (٢، ٤، ٦) هیچ جۆرە نەخشێکیان لەسەر نییە، بەڵکو لە هەریەکێکیاندا چوار پەنجەرەی لاکێشەیی درێژ دروستکراون بە ڕووی هەر چوار ئاڕاستەکەدا (باکوور و باشوور، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا)[٥٤٢].

---

[٥٣٩] سەردانی مەیدانی، چوار شەممە: ٢٠٢٢/٥/١٨ز، کات: ١٠:٠٠ ی پێش نیوەڕۆ.

[٥٤٠] سەردانی مەیدانی، چوار شەممە: ٢٠٢٢/٥/١٨ز، کات: ١٠:٠٠ ی پێش نیوەڕۆ.

[٥٤١] سەردانی مەیدانی، چوار شەممە: ٢٠٢٢/٥/١٨ز، کات: ١٠:٠٠ ی پێش نیوەڕۆ.

[٥٤٢] سەردانی مەیدانی، چوار شەممە: ٢٠٢٢/٥/١٨ز، کات: ١٠:٠٠ ی پێش نیوەڕۆ.

لەسەروو ئەم حەوت بەشەوە بالکۆنی یەکەمی منارەکە دروستکراوە، و لە سەروو ئەم بالکۆنەشەوە بە هەمان شێوە لاشەی منارەکە تاوەکوو ئاستی بالکۆنی دووەم دابەشی دوو بەشی تر کراوە، و بە هەمان شێوەی خوارەوەی لاشەکە لە ڕێگەی شێوە لولەیەکی دەرپەڕیوی ڕەنگ سەوزەوە جیاکراونەتەوە، هەردوو بەشەکەش هاوشێوەی یەکن لە سادەیی و نەبوونی نەخش و نیگار لەسەریان، بەڵام لە پێوانەدا ئەوەی بەشی خوارەوەیان گەورەترە، بەرزی ئەم بەشە واتە نێوان هەردوو بالکۆنەکە بریتییە لە (٥,٩٠ م)، لەم بەشەدا دەرگایەک بۆ سەرکەوتنە سەر بالکۆنەکە و هەشت پەنجەرەی بچوک بۆ ڕووناککردنەوە و هەواگۆڕکێی بەشی ناوەوەی منارەکە و کەمکردنەوەی پەستانی هەوای سەر لاشەکە دروستکراون. لە سەروو ئەم بەشەوە بالکۆنی دووەم دروستکراوە، و لە سەروو بالکۆنەکەشەوە لاشەی منارەکە تاوەکوو گومەزە قوچەکییەکەی بەردەوامی دەبێت، ئەم بەشە لە لاشەکە بە ڕەنگێکی سپی ڕووپۆشکراوە و خاڵییە لە هەموو جۆرە نەخش و نیگارێک، لەم بەشەشدا دەرگایەک بۆ سەرکەوتنە سەر بالکۆنەکە و دوازدە پەنجەرەی بچوک بۆ ڕووناککردنەوە و هەواگۆڕکێی بەشی ناوەوەی منارەکە دروستکراون. تێکڕا لاشەی منارەکە شێوەیەکی قوچەکی وەرگرتووە، واتە ئەستوری چێوەکەی تاوەکوو بەرەو سەرەوە بڕۆیت کەم دەبێتەوە، بە جۆرێک لە سەرەتاکەیدا لەسەروو بنکەکەیدا بریتییە لە (٨,٧٥ م)، بەڵام لە ئاست بالکۆنی یەکەمدا کەم دەبێتەوە بۆ (٧,٦٧ م) و لە کۆتاییەکەشیدا دەبێتە (٦,٨٥م)[٥٤٣]، (بڕوانە وێنەی ژمارە ١٠٧).

- **دەروازە - دەرگا:**

تێکرا منارەکە سێ دەرگای هەیە، دەرگایەکی سەرەکی و گەورە لە بنکەکەیدا بۆ سەرکەوتنە سەر منارەکە و دوو دەرگای تر لە ئاست دوو بالکۆنەکەیدا. دەرگای یەکەم لە دوو دەرگاکەی تر گەورەترە، شێوەیەکی لاکێشەیی هەیە و ڕووی کردووەتە بەشی باکوور ڕووەو ڕووگەی مزگەوتەکەیە، و پێوانەکەی بریتییە لە بەرزی (١,٩٠ م) و پانی (٨٤ سم) و دەکەوێتە سەر بالکۆنی بەردەم ژوورەکانی نهۆمی سێیەم[٥٤٤]. (بڕوانە وێنەی ژمارە ١٠٨). دەرگای دووەم بە هەمان شێوەی دەرگای یەکەم لاکێشەییە و ڕووی کردووەتە بەشی ڕۆژهەڵات و هاوشێوەی دەرگای یەکەم لە ئاسن دروستکراوە، دەکەوێتە ئاست بالکۆنی یەکەم و لێیەوە سەردەکەویتە سەر بالکۆنەکە، پێوانەکەی بریتییە لە: بەرزی (١,٩٣ م) و پانی (٦٤ سم) و ئەستوری دیواری لاشەکەی لەم ئاستەدا بریتییە لە (٢٨ سم)[٥٤٥]. دەرگای سێیەم و کۆتایی دەکەوێتە سەرەتای بەشی سێیەمی لاشەی منارەکە، لە ئاست بالکۆنی دووەمدا و لێیەوە سەردەکەویتە سەر بالکۆنەکە، بە هەمان شێوەی دەرگای دووەم ڕووی کردووەتە بەشی ڕۆژهەڵات و شێوەی لاکێشەییە و لە ئاسن دروستکراوە، و پێوانەکەی بریتییە لە بەرزی (١,٨٠ م) و پانی (٦٤ سم) و ئەستوری دیواری لاشەکەش لەم ئاستەدا (٢٧سم)ە[٥٤٦].

---

[٥٤٣] سەردانی مەیدانی، چوار شەممە: ٢٠٢٢/٥/١٨ز، کات: ١٠:٠٠ ی پێش نیوەڕۆ.

[٥٤٤] سەردانی مەیدانی، چوار شەممە: ٢٠٢٢/٥/١٨ز، کات: ١٠:٠٠ ی پێش نیوەڕۆ.

[٥٤٥] سەردانی مەیدانی، چوار شەممە: ٢٠٢٢/٥/١٨ز، کات: ١٠:٠٠ ی پێش نیوەڕۆ.

[٥٤٦] سەردانی مەیدانی، چوار شەممە: ٢٠٢٢/٥/١٨ز، کات: ١٠:٠٠ ی پێش نیوەڕۆ.

• **پلیکانە:**

لە دەرگای سەرەکی منارەکەوە لە ڕێگەی پلیکانەیەکی لولپێچی پێچەوانە بە ئاڕاستەی میلی کاتژمێر لە بەشی ناوەوە سەر دەکەویتە سەر منارەکە، بە هەمان شێوەی پێکهاتەکانی تری بە شێوەیەکی زۆر بەهێز لە قاڵبی چیمەنتۆ دروستکراون، دەسوڕێنەوە بە دەوری چەقێکی شێوە لولەکی زۆر بەهێزی لە چیمەنتۆ دروستکراو بە ئەستوری (٩٢ سم)، ژمارەی تێکڕا پلیکانەکان بریتین لە (١٢٦) پلیکانەی قوچەکی و (٩) دانە پلیکانەی لە قاڵب دروستکراوی باریک و درێژ لە کۆتایی منارەکەدا، پێوانەی پلیکانە شێوە قوچەکییەکان جیاوازن، بەجۆرێک ئەوانەی ناو بنکەکەی کەمێک گەورەترن بەراورد بەوانەی سەرەتای لاشەکە تاوەکوو بالکۆنی یەکەم، ئەوانیش کەمێک گەورەترن لەوانەی سەروو خۆیان، پێوانەیان بەم شێوەیەیە: بەرزییان لە نێوان (٢٣-٢٥ سم) دایە و درێژییان لە نێوان (٧٨-٨٨ سم) دایە و پانی لای ڕاستییان لە نێوان (٢٦-٣٨ سم) و پانی لای چەپیان لە نێوان (٧-١٠ سم) دایە[٥٤٧]، (بڕوانە وێنەی ژمارە ١٠٩/ أ). نۆ دانە پلیکانە لە قاڵب دروستکراوەکانی کۆتایی منارەکەش شێوە و شکڵ و پێوانەیان وەک یەکە، ئەم پلیکانانە نەبەستراونەتەوە بە یەکەوە و سەرکەوتنە سەریان کەمێک قورسە، پێوانەیان بەم شێوەیەیە: پانییان بریتییە لە (١٤ سم) و بەرزییان (٢٣ سم) و درێژییان (٧٦ سم)ە[٥٤٨]، (بڕوانە وێنەی ژمارە ١٠٩/ ب).

• **پەنجەرە (النوافذ):**

منارەی مزگەوتی گەورەی ئاکرێ تێکڕا سێ جۆر پەنجەرە لە لاشەکەیدا دروستکراون، جۆری یەکەم دەکەونە بەشی یەکەمی لاشەکەو (کۆتایی بنکەکە تاوەکوو بالکۆنی یەکەم) ژمارەیان (١٢) دانەیە، و دابەشی سێ ئاستی ئاسۆیی لاشەکە کراون، واتە چوار چوار بە یەکەوە لە یەک ئاستی ئاسۆییدا دروستکراون بە ئاڕاستەی هەرچوارلای منارەکە (باکوور، باشوور، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا)، شێوەیان لاکێشەیی درێژە و لە ئاسن دروستکراون و شوشەبەند کراون، پێوانەیان بریتییە لە بەرزی (٢،٨١ م) و پانی (٤٣ سم)[٥٤٩]، (بڕوانە وێنەی ژمارە ١١٠/ أ). جۆری دووەم لە پەنجەرەکان دەکەونە لاشەی نێوان هەردوو بالکۆنەکەوە و ژمارەیان هەشت دانەیە و دابەش بوون بەسەر هەرچوار ئاڕاستەکەدا، بە هەمان شێوەی پەنجەرەکانی بەشی خوارەوە شێوە لاکێشەیی لە ئاسن دروستکراون و شوشەبەند کراون، بە بەراورد بە پەنجەرەکانی بەشی خوارەوە بچوکترن، و پێوانەیان بریتییە لە: بەرزی (٥٤ سم) و پانی (٤٢ سم) و قوڵی (٢٥ سم)[٥٥٠]، (بڕوانە وێنەی ژمارە ١١٠/ ب). جۆری سێیەمی پەنجەرەکان دەکەونە کۆتا بەشی لاشەی منارەکە (لە بالکۆنی دووەمەوە تاوەکوو گومەزەکە)، ژمارەیان (١٦) دانەیە و بەسەر هەموو لاکانی دەوروبەری منارەکەدا دابەش بوون، هاوشێوەی دوو جۆرەکەی تر شێوە لاکێشەیی لە

---

[٥٤٧] سەردانی مەیدانی، چوار شەممە: ٢٠٢٢/٥/١٨ز، کات: ١٠:٠٠ ی پێش نیوەڕۆ.

[٥٤٨] سەردانی مەیدانی، چوار شەممە: ٢٠٢٢/٥/١٨ز، کات: ١٠:٠٠ ی پێش نیوەڕۆ.

[٥٤٩] سەردانی مەیدانی، چوار شەممە: ٢٠٢٢/٥/١٨ز، کات: ١٠:٠٠ ی پێش نیوەڕۆ.

[٥٥٠] سەردانی مەیدانی، چوار شەممە: ٢٠٢٢/٥/١٨ز، کات: ١٠:٠٠ ی پێش نیوەڕۆ.

ئاسن دروستکراون و شوشەبەند کراون، و پێوانەیان بچوکترە لە جۆری دووەم، بەرزییان بریتییە لە (٢٩ سم) و پانی (١٩ سم) و قوڵی (٢٢ سم)[٥٥١]، (بڕوانە وێنەی ژمارە ١١٠/ ب).

- **بالکۆن (شرفة):**

لە لاشەی منارەکەدا دوو بالکۆنی شێوە بازنەیی دروستکراون بە قاڵبی چیمەنتۆ بە شێوەیەکی زۆر بەهێز، بالکۆنی یەکەم دەکەوێتە بەرزی (١٠٢) پلیکانە، و لە پێوانەدا گەورەترە لە بالکۆنی دووەم، پانییەکەی لە دیواری لاشەکەوە تاوەکوو دیواری لێوارەکەی کە بە هەمان شێوە بە قاڵبی چیمەنتۆ دروستکراوە بریتییە لە (٧٧ سم)، بەرزی دیواری لێوارەکەشی بریتییە لە (٧٤ م) و ڕووی دەرەوەی بە ڕەنگی سەوز ڕووپۆشکراوە و خاڵییە لە نەخش و نیگار، و دە دانە بڵندگۆی لەسەر دانراوە بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی دەنگی ناو مزگەوتەکە[٥٥٢]، (بڕوانە وێنەی ژمارە ١١٠/ ب).

بالکۆنی دووەم دەکەوێتە بەرزی (٥,٩٠ م) لە ئاست بالکۆنی یەکەمەوە و لە شکڵ و شێوەدا هاوشێوەی یەکن، بە هەمان شێوەی بالکۆنی یەکەم لە ڕێگەی دەرگایەکەوە سەردەکەویتە سەری، تاکە جیاوازی لەگەڵ بالکۆنی یەکەمدا ئەوەیە لە پێوانەدا کەمێک بچوکترە، پانییەکەی بریتییە لە (٧٠ سم) و بەرزی دیواری لێوارەکەشی (٩٤ سم)ە، و هاوشێوەی بالکۆنی یەکەم دە بڵندگۆی بۆ هەمان مەبەست لەسەر دانراوە[٥٥٣]، (بڕوانە وێنەی ژمارە ١١٠/ ب). ئەوەی جێگەی باسە لە لێواری خوارەوەی هەردوو بالکۆنەکەدا بە درێژایی دیوارەکانیان لە هەریەکێکیاندا (٣٠) دانە کونی بچوکی نیوە بازنەیی دروستکراون بۆ مەبەستی چوونە دەرەوەی ئاوی بەفر و بارانی ناو بالکۆنەکان و کۆنەبوونەوەی لەناو بالکۆنەکان و چوونە ژوورەوەی بەشی ناوەوەی منارەکە و زیانگەیاندن پێی[٥٥٤]، (بڕوانە وێنەی ژمارە ١١١).

- **گومەز (کڵاوە):**

منارەکە کۆتایی هاتووە بە گومەزێکی شێوە قوچەکی بەش بەش، و بە هەمان شێوەی بەشەکانی تری منارەکە لە قاڵبی چیمەنتۆ دروستکراوە، شێوە و شکڵی هاوشێوەیە لەگەڵ گومەزی منارەی مزگەوتی (تولیتا)، بەرزییەکەی بریتییە لە (٩٥ سم)، لە کۆتاییەکەیدا پارچە ئاسنێکی بەهێز دانراوە و پێنج شێوە تۆپی بچوک و شێوە قوچەکییەکی پێوە لکێنراوە و کۆتایی هاتووە بە شێوە نیوە مانگێکی بچوک کە ڕووی کردووەتە ڕووگەی مزگەوتەکە[٥٥٥]، (بڕوانە وێنەی ژمارە ١١٢).

---

[٥٥١] سەردانی مەیدانی، چوار شەممە: ٢٠٢٢/٥/١٨ز، کات: ١٠:٠٠ ی پێش نیوەڕۆ.

[٥٥٢] سەردانی مەیدانی، چوار شەممە: ٢٠٢٢/٥/١٨ز، کات: ١٠:٠٠ ی پێش نیوەڕۆ.

[٥٥٣] سەردانی مەیدانی، چوار شەممە: ٢٠٢٢/٥/١٨ز، کات: ١٠:٠٠ ی پێش نیوەڕۆ.

[٥٥٤] سەردانی مەیدانی، چوار شەممە: ٢٠٢٢/٥/١٨ز، کات: ١٠:٠٠ ی پێش نیوەڕۆ.

[٥٥٥] سەردانی مەیدانی، چوار شەممە: ٢٠٢٢/٥/١٨ز، کات: ١٠:٠٠ ی پێش نیوەڕۆ.

**تەوەرەی سێیەم: منارەی مزگەوتی گەورەی دهۆک**

**أ/ مزگەوتی گەورەی دهۆک.**

**١/ شوێن و مێژووی دروستکردنی مزگەوتەکە:**

مزگەوتی گەورەی دهۆک یەکێکە لە مزگەوتە شوێنەوارییەکانی هەرێمی کوردستان، دەکەوێتە بازاڕی (عەسری) لە ناوەندی پارێزگای دهۆک*، لە ساڵی (١٠٩٥ک/١٦٨٣ز) لەلایەن کەسایەتییەکی دیاری ناوچەکە بە ناوی (حاجی ئەبوبەکر محەممەد عەمادییەوە) دروستکراوە، لە پاش دروستکردنیشییەوە چەند جارێک کاری نۆژەنکردنەوە و فراوانکردنی بۆ ئەنجام دراوە، تاوەکوو ساڵی (١٣٩١ک/١٩٧١ز) لەسەر شێوازە کۆنە بیناسازییەکەی ماوەتەوە، بەڵام لەو ساڵەدا لەسەر ئەرکی کەسایەتییەک بە ناوی (حاجی موحەممەد حاجی ڕەسول) ڕووخێنراوە و سەرلەنوێ دروستکراوەتەوە، و لە هەمان ساڵدا بە بەردی ڕێککراو و گەچ منارەیەکی سەرنجڕاکێشی بۆ دروستکراوە لە حەوشەکەیدا، ئەم دروستکردنەوەیەش لە دوو شوێنی مزگەوتەکەدا تۆمارکراوە و هەڵواسراوە، یەکەمیان لەسەر دەرگای سەرەکی چوونە ژوورەوەی مزگەوتەکە (بڕوانە وێنەی ژمارە ١١٣/ أ)، دووەمیان کە پێدەچێت مێژووەکەی بۆ ئەو ساڵە بگەڕێتەوە مزگەوتەکەی تێدا دروستکراوەتەوە لەسەر دەرگای هۆڵێکی تەنیشت هۆڵی سەرەکی نوێژکردنی مزگەوتەکە لەسەر پارچە بەردێکی لاکێشەیی ڕەنگ سپی بە خەتی جۆری (الثلث) بە ڕەنگی زەرد بە چوار دێڕ تۆمارکراوە، بەم شێوەیە: بسم الله الرحمن الرحيم، شيد هذا الجناح من الجامع الكبير على نفقه، المرحوم الحاج محمد الحاج رسول، سنة ١٣٩١ هـ/١٩٧١م)، (بڕوانە وێنەی ژمارە ١١٣/ ب).

دوایین جاریش کە پێکهاتە بیناسازییەکانی مزگەوتەکە بە منارەکەشیەوە نۆژەنکرابنەوە لە ساڵی (١٤٣٥ک/٢٠١٤ز) بووە لەسەر ئەرکی کەسایەتییەکی ناوچەکە و نەوەی (حاجی موحەممەد حاجی ڕەسول)ی دروستکەرەوەی سەرلەنوێی مزگەوتەکە بە ناوی (دڵشێر حاجی عیزەدین حاجی موحەممەد ڕەسول) بووە، ئەم نۆژەنکردنەوەیەش لەسەر کاشییەکی گەورەی لاکێشەیی ڕەنگ سپی تۆمارکراوە و

---

*دهۆک: یەکێکە لە چوار پارێزگاکەی هەرێمی کورستان، لە ناوچەی بادینان هەڵکەوتووە، دەکەوێتە ناو دۆڵێکی قوڵەوە و بە باخ و باخات و سەوزایی و شاخ دەوردراوە، خەڵکەکەی بە شێوەزاری کرمانجی (بادینی) قسە دەکەن، لە ئێستادا ڕووبەری پارێزگاکە بریتییە لە (٥٧٧ کم) چوارگۆشە، دانیشتوانەکەی نزیکەی (٢٨٤,٠٠٠) کەس دەبێت، دەربارەی ناوەکەی بۆچوونی جیاواز هەیە، بەناوبانگترینیان پێی وایە بە واتای (دوو چیا یاخود دوو هێلکە) دێت، دەکەوێتە سەر ڕێگای کۆنە شاری ئامێدی، شاری موصڵ لە باشوورەوە، ئامێدی لە باکووری ڕۆژهەڵاتەوە، زاخۆ لە باکووری ڕۆژئاواوە، ئاکرێ لە باشووری ڕۆژهەڵاتەوە دەوری شارەکەیان داوە، هەروەها لە باکوورەوە هاوسنوری خاکی تورکیایە، لە ڕووی شوێنەوارییەوە پارێزگایەکی زۆر دەوڵەمەندە و زیاتر لە دوو هەزار شوێنی شوێنەواری تێدا تۆمارکراون، لە کۆندا یەکێک بووە لە ناوچە ستراتیژییەکانی ئاشوورییەکان کە بەشێک بوو لە سنوری دەسەڵاتەکەیان، لەسەردەمی فەرمانڕەوایەتی میرنشینی ئامێدیشدا ناوەندێکی گرنگی ئەو میرنشینە کوردییە بووە. بڕوانە: الحسيني: المرجع السابق، ص:٢٥٧. *کورد و کوردستان لە یەکەم ئەنسیکلۆپیدیای تورکی لە مێژوودا*، وەرگێڕانی لە عوسمانییەوە بۆ تورکی نوێ: ئەمین پۆز ئەرسەلان، وەرگێڕانی بۆ کوردی: ئەحمەد تاقانە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠ز، ل:١٨٦. ڕۆوف: *مراكز ثقافية مغمورة في كردستان*، المرجع السابق، ص: ٧٥-٧٦

لەسەر دەرگای یەکێک لە ژوورەکانی تەنیشت هۆڵی نوێژکردنی مزگەوتەکە ڕووبەڕوو بە دەرگای سەرەکی چوونە ناو مزگەوتەکە هەڵواسراوە، (بڕوانە وێنەی ژمارە ١١٣/ جـ).

**٢/ ناوی مزگەوتەکە.**

لەبەرئەوەی مزگەوتەکە کەوتۆتە ناوەڕاستی شاری دهۆکەوە کۆنترین مزگەوتی شارەکەیە، هاوشێوەی مزگەوتەکانی تری هەرێمی کوردستان و ناوچەکە بەناوی شوێنە جۆگرافییەکەیەوە ناونراوە، و پێی دەوترێت (مزگەوتی گەورەی دهۆک).

**٣/ پێکهاتە بیناسازییەکانی مزگەوتەکە.**

سەرەتا مزگەوتەکە بە شێوەیەکی زۆر سادە لەسەر ڕووبەرێکی بچوک دروستکراوە لەلایەن (حاجی ئەبوبەکر محەممەد)ی خەڵکی شاری ئامێدی، بەپێی تێپەڕبوونی سەردەم و لە ئەنجامی نۆژەنکردنەوە یەک لەدوا یەکەکانیدا وردە وردە فراوان کراوە، لە ئێستا ڕووبەری کۆی گشتی مزگەوتەکە دەگاتە (٢٥٠٠ م$^{2}$)، و پێکهاتووە لە هۆڵێکی لاکێشەیی کە نزیکەی (٢٠٠) نوێژخوێن تێیدا نوێژ دەکەن و گومەزێکی گەورەی لەسەر دروستکراوە، لەگەڵ منارەیەکی بەرز و شوێنی تایبەت بۆ دەستنوێژگرتن و ئەدەبخانە و ژوورێکی مردوو شۆردن و چەند ژوورێکی تر بۆ مامۆستای مزگەوت و سەرپەرشیارانی مزگەوتەکە و .. تاد، هەرچەندە بەهۆی گەشەکردنی دانیشتوان و گەورەبونی شارەوە چەند مزگەوتیکی گەورە و فراوان و سەردەمی دروستکراون لە شاردا، بەڵام تاوەکوو ئێستا گرنگی و بایەخی خۆی لەدەست نەداوە و نوێژە بەکۆمەڵەکان و نوێژی هەینی و دوو جەژنەکەی تێدا ئەنجام دەدرێت[٥٥٦].

**ب/ منارەی مزگەوتی گەورەی دهۆک.**

**١/ ناو و شوێن و مێژووی منارەکە.**

- **ناو و شوێنی منارەکە:**

مزگەوتی گەورەی دهۆک یەک منارەی هەیە، ناوێکی تایبەتی نییە کە جیا بێت لە ناوی مزگەوتەکەی، بەڵکو ناوەکەی بەستراوە بە ناوی مزگەوتەکەیەوە و لەناو خەڵکی شارەکەدا هەر بە منارەی مزگەوتی گەورەی دهۆک ناسراوە. سەبارەت بە شوێنی منارەکەش دەکەوێتە حەوشەی مزگەوتەکەوە، بەرانبەر بە دەرگای سەرەکی چوونە ژوورەوەی مزگەوتە لەبەردەم شوێنی تایبەتی دەستنوێژگرتن و ئەدەبخانەکانی مزگەوتەکە، و هەرچوار لای چۆڵە و بەرچاوە (واتە هیچ لایەکی دیواری منارەکە تێکەڵی دیواری تری مزگەوتەکە نەکراون)[٥٥٧]، (بڕوانە وێنەی ژمارە ١١٤).

---

[٥٥٦] سەردانی مەیدانی: چوارشەممە – ٢٠٢٢/٥/١٨ز، کات: ٠٢:٠٠ پاش نیوەڕۆ.

[٥٥٧] سەردانی مەیدانی: چوارشەممە – ٢٠٢٢/٥/١٨ز، کات: ٠٢:٠٠ پاش نیوەڕۆ.

- **مێژووی منارەکە:**

وەکوو پێشتر باسمان کرد تاوەکوو ساڵی (١٣٩١ک/ ١٩٧١ز) مزگەوتەکە لەسەر شێوازە سادەکەی کە دروستکراوە ماوەتەوە و منارەی نەبووە، و لەو ساڵەدا مزگەوتەکە ڕووخێنراوە و بەشێوەیەکی نوێ بە بەردی ڕێککراو دروستکراوەتەوە و فراوان کراوە، لە هەمان ساڵدا منارەیەکی بەرز و سەرنجڕاکێشی بۆ دروستکراوە، وەستای دروستکەری منارەکەش بریتی بووە لە وەستای شارەزا و دەست ڕەنگینی شارەکە وەستا (عەبدوڵڵا حەداد) کە چەند ساڵێک لەمەو پێش وەفاتی کردووە[٥٥٨].

**٢/ ڕەگەزە بیناسازییەکانی منارەکە.**

- **وەسفی منارەکە:**

منارەی مزگەوتی گەورەی دهۆک یەکێکە لە منارە کەلەپوورییەکانی ناوچەی بادینان، لە بنکەیەکی گەورەی پتەوی چوارگۆشەیی و لاشەیەکی لولەیی و بالکۆنێکی بازنەیی پێکهاتووە، و کۆتایی هاتووە بە گومەزێکی شێوە قوچەکی، بە شێوەیەکی گشتی لە بنکەکەیەوە تاوەکوو گومەزەکەی بە نەخش و نیگاری ئەندازەیی ڕازێندراوەتەوە، ئەم نەخشە ئەندازەییانە دیمەنێکی سەرنجڕاکێشیان بەخشیووە بە ڕووی دەرەوەی منارەکە، بەرزی تێکڕای منارەکە بریتییە لە (٢٢,٣٦ م)[٥٥٩]، جێگەی باسە لێرەدا ئاماژەی پێبکرێت ئەوەیە، ئەم منارەیە لەسەر هەمان تەرزی منارەکانی شاری بەغداد بنیاتنراوە، لەوانەش منارەی (جامع حیدرخانە)، کە مێژووی دروستکردنی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دەسەڵاتی (أحمد الناصر لدین الله)ی عەباسی کە لە نێوان ساڵانی (٥٧٧-٦٢٣ک/١١٨٠-١٢٢٠ز) فەرمانڕەوای شاری بەغداد بووە. (بڕوانە وێنەی ژمارە ١١٥).

- **بنکەی منارەکە:**

منارەکە لەسەر بنکەیەکی بەهێز و گەورە بنیاتنراوە لەبەردی شێوە چوارگۆشەیی و لاکێشەیی ڕێککراو، بە پێوانەی بەرزی (٢٠سم) و درێژی (٢٠-٥٠ سم)، لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم لە خوارەوە شێوە چوار لایەکی یەکسانە، و پانی هەر لایەکی بریتییە لە (٣,٦٨ م) و بەرزییەکەی بریتییە لە (٢,٩٢ م)، و چێوەکەشی تێکڕا (کۆی هەرچوار لاکەی) بریتییە لە (١٤,٧٢ م)، و ئەستوری دیوارەکەشی بریتییە لە (١,١٥ م)، دروستکردنی بنکەیەکی وەها بەهێز و پتەو پاڵپشتە بۆ ئەوەی منارەیەکی گەورە و بەرز و پتەوی وەک ئەم منارەیەی لەسەر بنیاتبنرێت و بۆ ساڵانێکی زۆر بەرگەی کاریگەرییەکانی ئاو و هەوا بگرێت و بمێنێتەوە، بنکەی منارەکە کەوتۆتە ناو حەوشەی مزگەتەکە و هەر چوارلاکەی بە دەرەوەیە، و بەشی کۆتایی بنکەکە بە نەخشێکی ئەندازەیی لوولپێچی ڕازێندراوەتەوە بە بەردی شێوە لاکێشەیی بچوک بچوک بە ئەندازەی خشتێک بە پێوانەی بەزی (٨ سم) و درێژی (١٠-١٨سم) و

---

[٥٥٨] عەلی، سیدا موحەممەد، لە دایک بووی (١٩٧٨ز)، دوکاندار، چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆ، چوار شەممە، ٢٠٢٢/٥/١٨ز، کات: ٠٢:٣٠ پاش نیوەڕۆ.

[٥٥٩] سەردانی مەیدانی: چوارشەممە - ٢٠٢٢/٥/١٨ز، کات: ٠٢:٠٠ پاش نیوەڕۆ.

ڕووپۆشکراون بە ڕەنگی سەوز*، هەر لە سەرووی ئەم نەخشەوە چینێکی تر لەم جۆرە بەردانە پشتێنەیەکیان دروستکردووە بە هەرچوار لای بنکەکە لە یەک ئاستدا[٥٦٠].

بەشی دووەمی بنکەکەش کە دەکەوێتە سەر شێوە چوار لاییەکە، پێکهاتووە لە شێوەیەکی قوچەکی و بەرزییەی (١,١٠ م)ە و لە پێنج چین پێکهاتووە، و بنکە چوار لاییەکەی گەیاندووە بە لاشەی منارەکە[٥٦١].

وەکوو ئاماژەمان پێ دا ئەم بەشە بە هۆکاری شێوە قوچەکییەکەی بووەتە خاڵی وەرچەرخانی شێوەی منارەکە لە بنکەیەکی چوارلاییەوە بۆ لاشەیەکی لولەیی، وردی و ئەندازەیی لە دروستکردنی ئەم بەشەدا بە جۆرێکە لە دەستپێکدا چوار لاییە هاوشێوەی بنکەکە و لە کۆتاییدا گۆڕاوە بۆ شێوەی لولەیی هاوشێوەی لاشەکە، لە دەستپێکدا پانییەکەی هاوشێوەی پانی هەر لایەکی بنکەکەی بریتییە لە (٣,٦٨ م) و لە کۆتاییدا کە چوار لاییەکەی بەرەو لولەیی بردووە چێوەکەی بووەتە (٨,٣٢ م)، ئەم بەشە خاڵییە لە نەخش و نیگار، (بڕوانە وێنەی ژمارە ١١٦).

---

*ڕەنگەکان ڕۆڵێکی گەورەیان هەیە لە تێڕوانینی مرۆڤەکان بۆ دڵخۆشی و ئارامی و چێژ و ساتە خۆشەکان، سروشت پڕە لە ڕەنگی جیاواز جیاواز، لەناویشیاندا ڕەنگی سەوز هەیە، ڕەنگی سەوز بە واتای ژیان و ژیانەوە لێکدراوەتەوە، سەرچاوەی ئەم واتایەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە ڕەنگی گەڵای دارو درەختەکانە، هۆی ئارامی و دڵنیاییە، بەڵگەشمان ڕەنگی سەوزی گڵۆپەکانی هاتووچۆیە، کە نیشانەی دڵنیایی و سەلامەتییە لە تێپەڕبووندا و دوورکەوتنەوەیە لە کارەساتی دڵتەزێن و کوشندە، بە واتای ئاشتی و نەمریش دێت، ئەمەش لە وێنەی چڵی زەیتوندا ڕەنگی داوەتەوە کە ئاماژەکردنە بە ڕووداوی پێغەمبەر نوح (سەلامی خوای گەورەی لەسەر بێت) و ئەو کۆترەی چڵە زەیتونێکی هێناوەتەوە ئەمەش خۆی لە خۆیدا جاویدانی دەگەیەنێت، لە ئایینی ئیسلامدا یەکێکە لە ڕەنگە هەڵبژێردراوەکان و لە قورئاندا (٨) جار لە (٨) ئایەتی جیاوازدا ناوی هێنراوە، بۆ نمونە: لە ئایەتی (٣١)ی سوورەتی (الكهف)دا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿مِن ذَهَبٍ وَيَلْبَسُونَ ثِيَابًا خُضْرًا مِّن سُندُسٍ وَإِسْتَبْرَقٍ﴾، واتە: (بەهەشتییەکان پۆشاکی سەوزی جوان دەپۆشن کە دوو توێیە، چینی ژێرەوە ئاوریشمی ئەستوورە، چینی سەرەوەش ئاوریشمی تەنکە). هەروەها لە ئایەتی (٧٦)ی سوورەتی (الرحمن)دا دەفەرموێت: ﴿مُتَّكِئِينَ عَلَىٰ رَفْرَفٍ خُضْرٍ وَعَبْقَرِيٍّ حِسَانٍ﴾، واتە: (شانیان داناوە لەسەر ڕایەخ و پاڵپشتی بەرز و بە پارچەی سەوز و نایاب و جوان داپۆشراو). جگە لەوە شاڵی ڕەنگ سەوز بە واتای گەڕانەوەیە بۆ بنەماڵەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، ئەمەش لە خۆیدا بە سیمای جیاکردنەوە دادەنرێت، هەروەها لەلای کاسۆلیکەکان ڕەنگی سەوز پیرۆزە و بەسەر ڕەنگەکانی کەدا دەشکێتەوە و بە چاوێکی تایبەتی سەیر دەکرێت، لە وڵاتێکی وەکوو ئیسپانیا بە واتای (شەرەف) دێت بۆ ئەم مەبەستەش شارە و شەبقەی سەوز لایان هێمایە بۆ شەرەف و سەربەرزی، لەلای زۆرێک لە نەتەوەکانی جیهان بە واتای گەشەسەندنی بوارە جیاجیاکانی ژیان دێت. لەلای گەلی کوردیش ئەم ڕەنگە واتایە بۆ ئارامی و دڵنیایی و ڕەزامەندی و ئومێد، جگە لەوە لە بیری تەریقەتەکاندا ڕەنگێکی گرنگ و پیرۆزە، چونکە پێیان وایە ڕەنگی سەوز ڕەنگی جل و بەرگی بەهەشتییەکانە و گەڕانەوەیە بۆ بنەماڵەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، هەر ئەم هۆکارە وایکردووە ئەم ڕەنگە زیاتر لە هەموو ڕەنگەکانی تر بەکاربهێرێت لە ڕازاندنەوەی ڕووی دەرەوەی منارە و گومەز و مەزارگە و شوێنە پیرۆزەکان. بڕوانە: عمر، أحمد مختار: *اللغة واللون*، دار بحوث العلمية، الكويت، ١٩٨٢م، ص:١٦٤. زەنگەنە، مستەفا: *ڕەنگ لە زمانی کوردیدا (لێکۆڵینەوەیەکی لیکسیکی سیمانتیکییە)*، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٢، ل:٨٦-٨٨. بن علي، أبو إسلام أحمد: *دلالات الألوان في القرآن*، ٢٠٠٨م، ص: ١٣-١٦. تەوحیدی: سەرچاوەی پێشوو، ل:٥٨٦، ٩٠٤.

[٥٦٠] سەردانی مەیدانی: چوارشەممە – ٢٠٢٢/٥/١٨ز، کات: ٠٢:٠٠ پاش نیوەڕۆ.

[٥٦١] سەردانی مەیدانی: چوارشەممە – ٢٠٢٢/٥/١٨ز، کات: ٠٢:٠٠ پاش نیوەڕۆ.

- **لاشەی منارەکە:**

ڕەگەزێکی تری منارەکە بریتییە لە لاشە، شێوەی لولەییە و بە هەمان شێوەی ڕەگەزەکانی تری لە بەردی ڕێککراو دروستکراوە، لە لاشەی منارەکەدا یەک بالکۆن دروستکراوە، و لاشەکەی دابەشکردووە بەسەر دوو بەشدا، بە جۆرێک بەشی یەکەم لە دووەم گەورەترو درێژترە، بە شێوەیەک دروستکراوە لەسەرەتاوە تاوەکوو بالکۆنەکەی کە دەکاتە بەشی یەکەمی لاشەکە چێوەی یەکسانە و هەڕەمی نییە ( واتە: لەسەرەتاوە فراوان بێت و وردە وردە بچوک و فراوانییەکەی کەم بێتەوە)، چێوەی سەرەتاکەی بریتییە لە (٨,٣٢ م) کۆتاییەکەشی بە هەمان شێوە.

بەشی یەکەمی لاشەکە ڕاستەوخۆ دوای بنکەی منارەکە لەسەر شێوە قوچەکییەکەوە دەست پێ دەکات تاوەکوو بالکۆنەکەی و بە نەخشێکی بەش بەش کۆتایی هاتووە، و لە سەرووی نەخشە بەش بەشەکەوە ڕاستەوخۆ بالکۆنێک دروستکراوە بە شێوەیەکی لولەیی هاوشێوەی لاشەکەی، بەرزی ئەم بەشە بریتییە لە (١٣,١٥ م) و لە (٥٢) چین بەرد بە پێوانەی بەرزی (٢٠ سم) و سێ چین بەرد بە بەرزی (٨ سم) پێکهاتووە[٥٦٢].

سەرەتای لاشەی منارەکە لە سەروو یەک چینەوە واتە (٢٠ سم) لە دەستپێکی لاشەکەوە بە دوو ڕیز بەردی بچوکی ڕێککراوی ڕووپۆشکراو بە ڕەنگی سەوز پشتێنەیەکی بۆ دروستکراوە کە بە دەوری لاشەکەدا دەسوڕێتەوە، نێوانی ئەم دوو ڕیزە دوو چین بەردە واتە (٤٠ سم)، بەرزی هەریەک لەم پشتێنانە (٨ سم)ـەو درێژییەکەیان بە قەد پێوانەی چێوەی لاشەکەیە واتە (٨,٣٢ م)[٥٦٣].

لە سەروو چینێک لە پشتێنەی دووەمەوە واتە لە سەروو (٢٠ سم)ـەوە بە بەردی چوارگۆشەیی ڕێککراوی ڕووپۆشکراو بە کاشی ڕەنگ سەوز لاشەی منارەکە ڕازێندراوەتەوە بە نەخشی ئەندازەیی شێوە لەبزینەیی ، شێوەو شکڵ و پێوانەی سەرجەم نەخشەکانی ئەم بەشە وەک یەکن، بەرزییان بریتییە لە (٢,٤٠ م) و پانیشیان (١,٦٠ م)ـە، لە ناوەڕاستی هەریەک لەم نەخشانەشدا بەردێکی چوارگۆشەیی ڕووپۆشکراو بە کاشی ڕەنگ سەوز بە پێوانەی (٢٠×٢٠ سم) دانراوە بەمەبەستی جوانکاری. سەرجەم نەخشەکان لەسەر ئاستی ئاسۆیی و ستونیش لکێنراون بە یەکەوە و کۆی ڕووی دەرەوەی لاشەکەیان ڕازاندووەتەوە، لەسەر ئاستی ستونیش لە هەر لایەکدا ژمارەیان چوار دانەیە و کۆتاییان هاتووە بە پشتێنەیەکی ڕووپۆشکراو بە کاشی ڕەنگ سەوز، لاشەی منارەکە جگە لەم نەخشانەی باسمان کردن خاڵییە لە هەر جۆرە نەخش و نیگارێکی تر[٥٦٤]، (بڕوانە وێنەی ژمارە ١١٤).

بەشی دووەمی لاشەی منارەکە لە بالکۆنەکەوە دەست پێ دەکات تاوەکوو گومەزەکەی و چێوە و بەرزی لە بەشی یەکەم کەمترە، بەرزییەکەی بریتییە لە (٤,٧٠ م) و لە (٢٣) چین بەردی ڕێککراو بە پێوانەی بەرزی (٢٠ سم) و یەک چین بەردی بچوکی پێوانە بەرزی (٨ سم) پێکهاتووە، بەشی دووەمیش هاوشێوەی بەشی یەکەم بە هەمان جۆر نەخش و نیگاری لەبزینەیی ڕازێندراوەتەوە، بەڵام نەخشەکان لە بەرزی و پانیدا بچوکترن لە نەخشەکانی بەشی یەکەم، پێوانەی هەر نەخشێکیان بریتییە لە بەرزی

---

[٥٦٢] سەردانی مەیدانی: چوارشەممە – ٢٠٢٢/٥/١٨ز، کات: ٠٢:٠٠ پاش نیوەڕۆ.

[٥٦٣] سەردانی مەیدانی: چوارشەممە – ٢٠٢٢/٥/١٨ز، کات: ٠٢:٠٠ پاش نیوەڕۆ.

[٥٦٤] سەردانی مەیدانی: چوارشەممە – ٢٠٢٢/٥/١٨ز، کات: ٠٢:٠٠ پاش نیوەڕۆ.

(١،٨٠ م) و پانی (١،٦٠ م)، و کۆتایی هاتووە بە گومەزێکی شێوە قوچەکی ڕەنگ سەوز[٥٦٥]. (بڕوانە وێنەی ژمارە ١١٤).

- **دەروازە – دەرگا:**

بە گشتی منارەکە دوو دەرگای هەیە، دەرگایەکی سەرەکی گەورەی شێوە لاکێشەیی لە بنکەی منارەکەدا، و دەرگایەکی کەمێک بچوکتری بە هەمان شێوە لاکێشەیی لە لاشەی منارەکە و لە ئاست بالکۆنەکەیدا، لە ڕابردوودا هەردوو دەرگاکانی لە ئاسن دروستکرابوون، بەڵام پاش ئەوەی مزگەوت و منارەکەی نۆژەندەکرێنەوە لە ساڵی (١٤٣٥ک/٢٠١٤ز) دەرگای سەرەکی منارەکە دەگۆڕدرێت بۆ دەرگایەکی دروستکراو لە ماددەی (PVC)، دەرگای یەکەم و سەرەکی منارەکە دەکەوێتە بەرانبەر هۆڵی نوێژکردنی مزگەوتەکە و ڕوو بە ڕووگەی مزگەوتەکە، پێوانەکەی بریتییە لە بەرزی (١،٧٣ م) و پانی (٨٠ سم) و لە ئاست زەوی حەوشەی مزگەوتەکەدایە[٥٦٦]، (بڕوانە وێنەکانی ژمارە ١١٧).

دەرگای دووەمی لاشەکەش بریتییە لە دەرگای بالکۆنەکە و لە ئاسن دروستکراوە، بە هەمان شێوەی دەرگا سەرەکی ڕووی لە ڕووگەیە، و پێوانەکەی بریتییە لە بەرزی (١،٥٠ م) و پانی (٦٠ سم)[٥٦٧]، (بڕوانە وێنەی ژمارە ١١٨).

- **پلیکانە:**

ئەم منارەیەش پلیکانەیەکی شێوە لولپێچی هەیە، بە ئاڕاستەی پێچەوانەی میلی کاتژمێر بە دەوری لولەیەکی چێوە (١،٧٠ م) لە ناوەندی منارەکەدا لە بەشی ناوەوە دەسوڕێنەوە، لە ڕێگەی ئەم پلیکانانەوە دەگەینە بالکۆن و بەشی کۆتایی منارەکە، سەرجەمیان لە بەردی ڕێککراو دروستکراون لەسەر پارچە ئاسنێکی بەهێز و ماددەی چیمەنتۆ کراوەتە نێوانەکانیان، شێوەیان قوچەکییە و ژمارەیان (٩٥) پلیکانەیە، پلیکانەکانی بەشی خوارەوە (دەستپێکی منارەکە) بەراورد بە کۆتاییەکەی کەمێک جیاوازن لە پێوانەدا (گەورەترن)، بەم شێوەیەیە: درێژییان لە نێوان (٦٥-٧٠ سم) و بەرزییان (٢٠ سم) و پانی بەشی ڕاستیان (لای دیواری منارەکە) لە نێوان (٤٠-٤٥ سم) دایە[٥٦٨]، (بڕوانە وێنەی ژمارە ١١٩/ أ،ب).

- **پەنجەرە (النوافذ):**

لە لاشەی منارەکەدا چەند پەنجەرەیەکی بچوکی شێوە لاکێشەیی دروستکراون بەمەبەستی چوونە ژوورەوەی ڕووناکی و هەواگۆڕکێ و کەمکردنەوەی پەستانی هەوای سەر لاشەی منارەکە، ژمارەیان نۆ

[٥٦٥] سەردانی مەیدانی: چوارشەممە – ٢٠٢٢/٥/١٨ز، کات: ٠٢:٠٠ پاش نیوەڕۆ.
[٥٦٦] سەردانی مەیدانی: چوارشەممە – ٢٠٢٢/٥/١٨ز، کات: ٠٢:٠٠ پاش نیوەڕۆ.
[٥٦٧] سەردانی مەیدانی: چوارشەممە – ٢٠٢٢/٥/١٨ز، کات: ٠٢:٠٠ پاش نیوەڕۆ.
[٥٦٨] سەردانی مەیدانی: چوارشەممە – ٢٠٢٢/٥/١٨ز، کات: ٠٢:٠٠ پاش نیوەڕۆ.

دانە و لە پێوانەدا کەمێک جیاوازییان هەیە، بەم شێوەیە: بەرزییان لە نێوان (٥٣ - ٦٥ سم) و پانییان لە نێوان (٢٤-٣٠ سم) و قوڵیشیان بریتییە لە (٣٠ سم)[٥٦٩]، (بڕوانە وێنەکانی ژمارە ١٢٠).

- **بالکۆن (شرفة):**

منارەکە تەنها یەک بالکۆنی هەیە، و دەکەوێتە بەرزی (١٧,١٧ م) لە سەرەتای بنکەی منارەکەوە، شێوەی لولەییە و بە هەمان شێوەی ڕەگەزەکانی تری بیناسازیی منارەکە دروستکراوە لە بەردی ڕێککراو و چیمەنتۆ، لەسەر نەخشێکی پتەوی شێوە بەش بەش، ڕۆڵ و گرنگی ئەم نەخشە بەش بەشە لەژێرەوەی بالکۆنەکەدا بۆ ئەوەبووە ڕووبەری دروستکردنی بالکۆنەکە فراوان بێت و لە هەمان کاتدا پتەو و بەهێز بێت، چونکە لە کاتی خۆیدا و پێش داهێنانی بڵندگۆکان و بەکارهێنانیان لە مزگەوتەکاندا بانگبێژەکان لەم شوێنەدا بانگیانداوە و خەڵکیان ئاگادارکردووەتەوە لە کاتی نوێژەکانیان، هەروەها لە هەمان کاتدا دیمەنێکی نەخش و نیگاری جوانی بەخشیووەتە ڕووی دەرەوەی منارەکە.

پانی بالکۆنەکە بریتییە لە (٥٠ سم) و بەرزی دیواری لێوارەکەی بریتییە لە (٨٠ سم)، و ڕووی دەرەوەی ڕازێندراوەتەوە بە چەند کاشییەکی ڕەنگ شین و نەخش و نیگاری نووسین و ڕووەکی، وەکوو پشتێنەیەک بە دەوری بالکۆنەکەدا سوڕاونەتەوە و دیمەنێکی جوانیان بەخشیوەتە ڕووی دەرەوە، نووسینی سەر کاشییەکان بریتییە لە دووبارەبوونەوەی دەستەواژەی (الله اکبر) و چەند دەستەواژەیەکی تر لەوانە: (لا اله الا الله) (اشهد ان لا اله الا الله و اشهد ان محمدا رسول الله) (حي على الصلاة، حي على الفلاح)، نووسینەکان دەکەونە ناو پشتێنەیەکی ڕەنگ شین و سەرەوە و خوارەوەیان بە نەخش و نیگاری ڕووەکی ڕازێندراوەتەوە[٥٧٠]، (بڕوانە وێنەکانی ژمارە ١٢١).

- **گومەز (کڵاوە):**

سروشتی بیناسازیی منارەکان بە شێوازێکە کۆتاییان دەهێنرا بە گومەزێکی شێوە قوچەکی یاخود نیوە گۆیی یاخود ...، هۆکاری ئەمەش جگە لە لایەنی جوانکاری دەگەڕێتەوە بۆ پارێزگاری لە بەشی ناوەوەی منارەکە لە داڕووخان و داڕمان بە هۆکاری بەفر و باران و ....، منارەی مزگەوتی دهۆکیش بە هەمان شێوە کۆتایی هاتووە بە گومەزێکی شێوە قوچەکی بەش بەشی ڕووپۆشکراو بە کاشی ڕەنگ سەوزی سادە لە نەخش و نیگار، و لە سەریشییەوە ئاسنێکی بەهێز دانراوە و سێ کانزای شێوە تۆپی بچوکی پێوەستکراوە و کۆتایی هاتووە بە شێوە نیوە مانگێک (هیلال)، و بەرزیی تێکڕای گومەزەکە بریتییە لە (١,٣٠ م)ە[٥٧١]، (بڕوانە وێنەی ژمارە ١٢٢).

---

[٥٦٩] سەردانی مەیدانی: چوارشەممە - ٢٠٢٢/٥/١٨ز، کات: ٠٢:٠٠ پاش نیوەڕۆ.

[٥٧٠] سەردانی مەیدانی: چوارشەممە - ٢٠٢٢/٥/١٨ز، کات: ٠٢:٠٠ پاش نیوەڕۆ.

[٥٧١] سەردانی مەیدانی: چوارشەممە - ٢٠٢٢/٥/١٨ز، کات: ٠٢:٠٠ پاش نیوەڕۆ.

# ئەنجام

## ئەنجام

١/ لە شارستانییەتی ئیسلامی بە گشتی و هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی ئەو شارستانییەتەدا بە تایبەتی، لە سەرەتادا مزگەوتەکانی دروستکراون بەبێ منارە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سادەیی و سەرەتایی بوونی بیناسازیی مزگەوتەکان کە لە قوڕ و بەرد و دار بە زۆری بنیاتدەنران، بەڵام لە سەردەمەکانی دواتردا بە هۆکاری پێشکەوتنی بواری بیناسازی منارەیان بۆ دروستکراوە، بۆ نمونە مزگەوتی گەورەی خورماڵ و مزگەوتی گەورەی ئاکرێ کە مێژووی دروستکردنیان دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای بانگەواز و فتوحاتی ئیسلامی لە ناوچەکەدا، بەڵام دوای چەند سەدەیەک لە دروستکردنیان منارەیان بۆ دروست دەکرێت، زۆربەی مزگەوت و منارەکانی تریش بە هەمان شێوە.

٢/ منارەکان لە شارستانییەتی ئیسلامیدا سەرەڕای ئەرکەکەیان کە لەسەریان بانگ دەدرا، لە هەمان کاتدا نیشانەی ئاوەدانی و ناسنامەی مزگەوتەکان و شوێنی بانگەواز بۆ جیهاد و دیاریکردنی مانگی ڕەمەزان و چاودێری بەکاردەهاتن، جگە لەوە بوونە هێماو نیشانەی پیشکەوتنی بیناسازیی ئیسلامی.

٣/ منارەی چۆڵی یەکێکە لە منارە شوێنەوارییە دەگمەنەکان لە شارستانییەتی ئیسلامیدا، ئەویش پاڵپشت بەو شێوازە بیناسازییە تایبەتەی لە دروستکردنیدا بەکارهاتووە، کە بریتییە لە دروستکردنی دوو پلیکانەی هاوشێوەی لولپێچی سەربەخۆ و تێکەڵ نەبوو لەگەڵ یەکدا لە بەشی ناوەوەیدا، ئەمە جگە لە ڕازاندنەوەی ڕووی دەرەوەی منارەکە بە جۆرەها نەخش و نیگاری زۆر ورد و سەرنجڕاکێش.

٤/ منارەی ئامێدی کۆنترین منارەی هەرێمی کوردستانە کە لە بەرد دروستکرابێت، مێژووی دروستکردنی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی (میر حسین وەلی) میری یازدەیەمی میرنشینی بادینان (٩٤٠-٩٨١ک /١٥٣٤-١٥٧٦ز).

٥/ دەربارەی مێژووی دروستکردنی منارەی خورماڵ چەند بۆچوونێکی جیاواز باسکراون لەلایەن مێژوونووس و شوێنەوارناسانەوە، بەڵام بە نیسبەت توێژەرەوە دروستترینیان ئەو بۆچوونەیە کە باس لەوە دەکات ئەم منارەیە لە سەردەمی (سلێمان پاشای میری بابان) لە کاتی نۆژەنکردنەوەی مزگەوتەکەدا لەلایەن (موسا بەگی) قائیمقامی ئەو شارەوە دروستکرابێت، چونکە سلێمان پاشا میرێکی خاوەن پلە و پایە و دەسەڵات بووە و لەلایەن عوسمانییەکانیشەوە هاوکاری دارایی زۆر کراوە، و لە ماوەی دەسەڵاتیدا بایەخێکی زۆریداوە بە ئاوەدانکردنەوەی وڵات و دروستکردنی مزگەوت و خزمەتکردنی زانایان، هەروەها پاڵپشت بەو چەند دێڕە شیعرە فارسییەی کە لەسەر دەرگای مزگەوتەکە نووسراوە، و ناوی سلێمان ناوێک هاتووە کە حوکمڕان بووە، و پێمان وایە سلێمان پاشای بابان بووە.

٦/ پاش بەدواداچوونمان بۆ مێژووی منارەی مزگەوتی گەورەی قەڵای هەولێر بۆمان دەرکەوت منارەیەکی شوێنەوارییە و پاش منارەی چۆڵی کۆنترین منارەی شارەکەیە، ئەمە پاڵپشت بە وتەی گەریدە ئینگلیزی (بکنگهام) کە لە سەدەی نۆزدەی زایینیدا سەردانی وڵاتی عێراقی کردووە و تیایدا هاتۆتە شاری هەولێر و دەڵێت: ("ولقد رأينا هنا مسجدين كبيرين لهما مآذن")، لە شارەکەدا چاوم بە دوو مزگەوتی گەورە کەوت کە منارەیان هەبوو، دیارە مەبەستی منارەی چۆڵی و منارەی مزگەوتی گەورەی قەڵات بووە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی مێژووی ئەم منارەیە زیاترە لە (٢٠٠) ساڵ و زۆر لەوە کۆنترە کە ئاماژەی پێکراوە.

٧/ منارەی مزگەوتی خانەقای کفری هەچەندە لە ئێستادا ڕووخێنراوە و نەماوە، بەڵام یەکێک بووە لە منارە جوان و دێرینەکانی ناوچەی گەرمیان، لەسەر شێوازی بیناسازیی منارەکانی شاری بەغدادی سەردەمی عوسمانی بنیاتنراوە، هاوشان لەگەڵ مزگەوتەکەیدا مێژووی دروستکردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٣٠٧ک/ ١٨٨٩ز)، ئەمەش پاڵپشت بەو تۆمارە مێژووییەی کە لەسەر پارچە بەردێک نووسراوە و پارێزراوە، و لە سەردەمی خۆیدا تاکە منارەی شار بووە و هیچ مزگەوتێکی تر لە شارەکەدا هاوشانی منارەی نەبووە.

٨/ پاڵپشت بە نووسراوی ناو بەڵگەنامەکانی دەوڵەتی عوسمانی و تۆماری سەر دەرگای منارەکە، منارەی مزگەوتی گەورەی سلێمانی کۆنترین منارەی شارە، دوای دروستکردنی مزگەوتەکەی بە سەدەیەک بنیاتنراوە بە فەرمانی (سوڵتان عەبدولحەمیدی عوسمانی)، لە ساڵی (١٣٠٨ک/١٨٩٠ز) دەستکراوە بە دروستکردنی و لە ساڵی (١٣١١ک/ ١٨٩٣ز) تەواو بووە.

٩/ منارەی دووەمی مزگەوتی گەورەی سلێمانی (منارە چوار لاییەکە) تاکە منارەیە لە هەرێمی کوردستاندا لەسەر ئەو شێوازە تەرزە بیناسازییە بنیاتنرابێت، وێنەی بورجێکی بەرزە و هاوشێوەی منارەکانی باکووری ئەفریقا و ئەندەلوسە، و نمونەیەکی دەگمەنە لە ناوچەکەدا.

١٠/ منارەی مزگەوتی حاجی مەولود (شێخە ڕەشکە) کۆنترین منارەی کەلەپووری شاری هەولێرە، و مێژووی دروستکردنی لە نێوان ساڵانی (١٣١٨-١٣٢٨ک/١٩٠٠-١٩١٠ز) دایە بەسەرپەرشتی یەکێک لە وەستا لێهاتووەکانی ئەوکاتی شاری هەولێر بەناوی (فەتاح ئەربیلی).

١١/ منارەی مزگەوتی تولیتا کۆنترین منارەی کەلەپووری ناوچەی بادینانە کە لە ئێستادا مابێتەوە، پاڵپشت بەو تۆمارە مێژووییەی هەڵواسراوە لەسەر دیواری ڕووی دەرەوەی مزگەوتەکە مێژووی دروستکردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٣٧٩ک/١٩٦٠ز)، ئەمەش پاش ئەوەی مزگەوتەکە نۆژەندەکرێتەوە ئەم منارەیەی بۆ دروستدەکرێت لەسەر ئەرکی دوو کەسایەتی دیاری ناوچەکە بە ناوەکانی (حاجی کەریم و حاجی عەبدوڵڵا).

١٢/ مزگەوتی گەورەی ئاکرێ لە سەرەتای دروستکردنیدا منارەی نەبووە، پاشان دوو منارەی شێوە لولەیی بچوکی لە خشت و قسڵ بۆ دروستدەکرێت، تەمەنی ئەم منارانە تاوەکوو پێنج بۆ شەش سەدە بەر لە ئێستا بەردەوام دەبێت و بەهۆکاری نۆژەنکردنەوەی مزگەوتەکە دەڕوخێندرێن و دروستناکرێنەوە، لەو کاتە بەدواوە تاوەکوو ساڵی (١٣٨٤ک/١٩٦٥ز) مزگەوتەکە بێ منارە دەبێت، لەو ساڵەدا لەلایەن وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی حکوومەتی عێراقەوە بینای مزگەوتەکە نۆژەندەکرێتەوە و منارەیەکی بەرزی لە قاڵبی چیمەنتۆ بە شێوەیەکی زۆر بەهێز بۆ دروستدەکرێت، دروستکردنی منارەیەکی بەرزی لەم چەشنە بە قاڵبی چیمەنتۆ منارەکە جیا دەکاتەوە لە منارە شوێنەواری و کەلەپوورییەکانی ناوچەکە.

١٣/ شێوازی سوڕانەوەی پلیکانەی منارەکان بە دەوری چەقێکدا بە پێچەوانەی میلی کاتژمێر (لە چەپەوە بۆ ڕاست) یەکێکە لەو تایبەتمەندی و شێوازە ئەندازەییە زۆر وردانەی کە لە سەرجەم منارە شوێنەواری و کەلەپوورییەکاندا جێبەجێکراوە، ئەم تایبەتمەندییە لە منارەکاندا بێ هۆکار و مەبەست نەبووە، بەڵکو بەرهەمی بیرکردنەوەی ئەندازەیی زۆر ورد و گرنگ بووە، هەروەک لە ناوەڕۆکدا ئاماژەمان پێ داوە.

١٤/ لە دەیەی نێوان (١٩٦٠-١٩٧١ز) زۆرترین منارە دروستکراون لە ناوچە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستاندا، کە لە ئێستادا بە منارەی کەلەپووری ئەژماردەکرێن و دیمەنێکی ناوازە و جوانیان بەخشیوەتە شار و ناوچەکەیان، لە کۆی نۆ منارەی کەلەپووری کە توێژەر وەریگرتوون بۆ توێژینەوەکەی شەش دانەیان لەو دەیەدا دروستکراون، بەم شێوەیە: (منارەی تولیتا ١٩٦٠، منارەی خانەقای هەولێر ١٩٦١، منارە چوارلاییەکەی مزگەوتی گەورەی سلێمانی ١٩٦٤، منارەی مزگەوتی گەورەی ئاکرێ ١٩٦٥، منارەی خانەقای سلێمانی ١٩٧٠، منارەی مزگەوتی گەورەی دهۆک ١٩٧١)، و چەندین منارەی کەلەپووری تر کە مێژووی بنیاتنانیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دەیەی سەدەی ڕابردوو، بۆیە دەتوانین بە دەیەی زێرین لە بواری دروستکردنی منارە لە هەرێمی کوردستاندا ئاماژەی پێ بکەین و بیناسێنین.

## خشتەی زانیاری منارەکان

| ژ | ناوی منارە | شوێن | ساڵی دروستکردن | سەردەم | بەرزی | ڕەگەزە بیناسازییەکانی | ڕەگەزە زەخرەفییەکانی | مەوادی بەکارهاتوو لە دروستکردنیدا | ڕەنگی بەکارهاتوو لە ڕازاندنەوەی منارەکەدا | وێنە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | منارەی چۆڵی | شاری هەولێر | ٦٣٠-٥٨٦ک/ ١١٩٠-١٢٣٢ز | دەوڵەتی ئەتابەگی | ٣٥,٥٠ سم | بنکەی هەشت لایی، لاشەی لولەیی، دوو دەرگای سەرەکی، دوو پلیکانە، دوو پەنجەرەی گەورە و پێنج دانەی بچوک. | نووسین، تاقی داخراو، کەوانی نوک تیژ، نەخشی ئەندازەیی، ڕووەکی شێوە ئەستێرە، كأس، طبل، لەبزینەیی ، بادمية، شێوەی پیتەکانی(Z-X-T). | بەردی ڕێککراو، خشت، قسڵ. | شین و ... |  |
| ٢ | منارەی ئامێدی | شارۆچکەی ئامێدی | ٩٤٠-٩٨٣ک/ ١٥٣٤-١٥٧٦ز | میرنشینی بادینان | ٣٠ م | بنکەی چوارلایی، لاشەی لولەیی، یەک بالکۆن، دوو دەرگا، پلیکانەیەک، هەشت پەنجەرەی بچوک، گومەزێک. | تاقی داخراو، کەوانی سێ بەشی، نەخشی ئەندازەیی، ڕووەکی، شێوەی قاچی قەلەڕەش، ئەستێرەیی، لەبزینەیی. | بەردی ڕێککراو، قسڵ | سەوز و ... |  |
| ٣ | منارەی خورماڵ | شارۆچکەی خورماڵ | سەدەی ١٢ک/١٩ز | میرنشینی بابان | ١٢,١٦ سم | بنکەی هەشت لایی، لاشەی هەشت لایی و لولەیی، پلیکانەیەک، دوو دەرگا، یەک بالکۆن، هەشت پەنجەرەی بچوک، گومەزێک. | شێوە بازنەیی، موقەرنەسات. | خشت، قسڵ، دار | شین، سپی و ... |  |

| | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٤ | منارەی مزگەوتی قەلای هەولێر | شاری هەولێر | سەدەی ١٢ک/١٩ز | عوسمانییەکان | ١١ م | لاشەی لولەیی، یەک بالکۆن، پلیکانەیەک، گومەزێک، دوو پەنجەرەی بچوکی لاکێشەیی چواردانەی گەورەی چوارگۆشەیی، | ئەندازەیی، لەبزینەیی ، موقەرنەسات، پاقلاوەیی، خاچی شکاو،چوارگۆشەیی، شێوە لاکێشەیی، شێوەی+ شێوە سێگۆشەیی، هێڵی لار. | خشت، قسڵ | سوور، قاوەیی، زەرد، سپی، سەوز، شینی تۆخ، شینی کاڵ و ... |  |
| ٥ | منارەی خانەقای کفری | قەزای کفری | ١٣٠٧ک/ ١٨٨٩ز | عوسمانییەکان | – | بنکەی چوارلایی، لاشەی لولەیی، پلیکانە، دوو دەرگا، یەک بالکۆن، گومەز. | – | – | – |  |
| ٦ | منارەی لولەییەکەی مزگەوتی گەورەی سلێمانی | شاری سلێمانی | ١٣١١ک/ ١٨٩٣ز | عوسمانییەکان | ١٨,٧٥ سم | بنکەی شەش لایی، لاشەی لولەیی، یەک دەرگا، بالکۆنێک، گومەزێک، پلیکانەیەک. | زیکزاکی، نووسین، موقەرنەسات، ڕووەکی، | خشت، قسڵ، ئاسن | سەوز، سپی، شین، پیرۆزەیی ... |  |
| ٧ | منارەی مزگەوتی شێخە ڕەشکە | شاری هەولێر | ١٣١٨ک/ ١٩٠٠ز | عوسمانییەکان | ٦,٧٥ سم | لاشەی هەشت لایی و لولەیی، دوو دەرگا، پلیکانەیەک، بالکۆنێک، گومەزێک، پەنجەرەیەکی بچوک و چوار دانەی چوارگۆشەیی مامناوەند. | لەبزینەیی ، ئەستێرەی هەشت تیشکی، سێگۆشەیی سەر بەرەو خوار، لەبزینەیی | خشت، قسڵ، دار. | – |  |
| ٨ | منارەی تولیتا | قەزای ئاکرێ | ١٣٧٩ک/ ١٩٦٠ز | – | ١٥ م | لاشەی لولەیی، پلیکانەیەک، سێ دەرگا، دوو بالکۆن، گومەزێک. | – | بەردی ڕێککراو، گەچ، قسڵ. | – |  |

| | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٩ | منارەی خانەقای هەولێر | شاری هەولێر | ١٣٨٠ک/ ١٩٦١ز | – | ٢٤,٣٥ سم | بنکەی چوارلا، لاشەی لولەیی،سێ دەرگا، پلیکانەیەک، دوو بالکۆن، گومەز، سێ پەنجەرەی لاکێشەیی | – | خشت، قسڵ، ئاسن | – |  |
| ١٠ | منارەی چوارلاییەکە ی مزگەوتی گەورە | شاری سلێمانی | ١٣٨٤ک/ ١٩٦١ز | – | سم ٣٢,٦٠ | لاشەی چوارلایی، یەک پلیکانە، سێ دەرگا، | نووسین، ئەندازەیی، ڕووەکی | خشت، چیمەنتۆ، ئاسن، | سپی، سەوز، شین، زەرد، سوور ... |  |
| ١١ | منارەی مزگەوتی گەورەی ئاکرێ | قەزای ئاکرێ | ١٣٨٥ک/ ١٩٦٥ز | – | سم ٣٦,٠٣ | بتکەی چوارلایی، بەدنی لولەیی، سێ دەرگا، پلیکانەیەک، گومەزێکی شێوە قوچەکی، ٢٠ پەنجەرەی مامناوەند و ١٦ دانەی بچوک | تاقی داخراو، کەوانی سێ بەشی. | قاڵبی چیمەنتۆ | سپی، سەوز ... |  |
| ١٢ | منارەی خانەقای سلێمانی | شاری سلێمانی | ١٣٩٠ک/ ١٩٧٠ز | – | ٣٤ م | بنکەیەکی هەشت لایی، لاشەیەکی لولەیی، دوو بالکۆن، سێ دەرگا، پلیکانەیەک، گومەزێک. | نووسین، ئەندازەیی، ڕووەکی-لەبزینەیی، هێڵی شکاو و لار، شێوە سێگۆشەیی، شێوەی +، شێوەی ÷، چوارگۆشە، گوڵدان، موقەرنەسات، | خشت، قسڵ، ئاسن | ڕەش، سەوز، سپی، شینی کاڵ، شینی تۆخ، زەرد، پەمەیی، سوور... |  |
| ١٣ | منارەی مزگەوتی گەورەی دهۆک | شاری دهۆک | ١٣٩١ک/ ١٩٧١ز | – | سم ٢٢,٣٦ | بنکەیەکی چوارلا، لاشەی لولەیی، یەک بالکۆن، گومەزێکی شێوە قوچەکی، ئاسن، ماددەی، نۆ پەنجەرەی بچوک. | ئەندازەیی، نووسین، لەبزینەیی. | بەردی ڕێککراو، چیمەنتۆ | سەوز، سپی، زەرد، شین... |  |

# پاشكۆی نەخشەكان




نەخشەی (١) هەڵکەوتەی جوگرافی منارە شوێنەواری و کەلەپوورییەکانی هەرێمی کوردستانی پێوەست بە توێژەوەکە. وەرگیراوە لە:

١/ سەردانە مەیدانییەکانی توێژەر.

٢/ بەکارهێنانی سیستەمی زانیارییە جوگرافییەکان (Arc GIS10.8).




نەخشەی (٢) شورای کۆنی خورماڵ و مزگەوتی گەورەی خورماڵ. لە کتێبی (المرشد إلى مواطن الآثار والحضارة، الرحلة السادسة (بغداد – حلبجة) وەرگیراوە.

# پاشکۆی

# وێنەکان





وێنەکانی (١)
منارەی مزگەوتی
عومەری کوڕی خەتتاب
لە ناوچەی (دومة
الجندل) لە وڵاتی سعویە،
وەرگیراوە لە:
مجلة الفيصل ثقافية
شهرية، مرجع سابق،
ص: ٢٠.







وێنەکانی (٢) لە ڕاستەوە منارەکانی مزگەوتی (قەیرەوان لە تونس، قورتوبە و ئیشبیلیە لە ئەندەلوس)،
وەرگیراون لە:
نماذج من تطور عمارة المساجد (من العصر الاموي الى عصر المماليك)، ص: ٢٨.
كتاب المساجد، ص: ٣٢٦





وێنەکانی (٣) لەڕاستەوە منارەی مزگەوتی (أحمد بن طولون) لە قاهرە و منارەی
مزگەوتی أبی دلف لە سامەڕا، وەرگیراون لە کتێبەکانی:
دراسات اثرية (مسجد احمد بن طولون)، ص: ٤٩.



وێنەی (٤)
منارەی مزگەوتی قوة الإسلام (قطب منار)
لە هندستان، وەرگیراوە لە:
https://pport.com/delhi/rrem-/١٢



وێنەکانی (٥)

لە ڕاستەوە منارەکانی (حەدبا، شەنگال، چۆڵی، داقوق)، وەرگیراون لە:

البحث: (عمارة وزخرفة الجامع النوري في الموصل)، ص: ١٨٦.

الفن والعمارة الدينية في إقليم كوردستان والعراق – المآذن الأتابكية نموذجا (دراسه تحليلية ميدانية)، مرجع سابق، ص: ١٨٣-١٩٦-٢٢٢.



وێنەی (٦)

منارەکانی (باب زويلة) لە قاهرە.
وەرگیراوە لە کتێبی: موسوعة العمارة الفاطمية، العمارة الفاطمية (الحربية – المدنية – الدينية)، ص:٦٣٠.



وێنەکانی (٧)

لە ڕاستەوە میلی منارەی (خوسرەو گرد) لە نزیک شاری (سەوزەبان) و منارەی (زیار) لە ئەسفەهان لە ئێران، وەرگیراون لە:

https://akharinkhabar.ir/amp/interestings/.....

https://ar.wikipedia.org/wiki/...




وێنەی (٨) دیمەنی منارەی چۆڵی و قەڵات.
کێشراوە لەلایەن ڕۆژهەڵاتناس و وێنەکێشی فەڕەنسی (ئۆجین فلاندین) لە ساڵی (١٨٤٠ ز)، وەرگیراوە لە کتێبی:
(NOMINATION OF ERBIL CITADEL (KURDISTAN REGION, IRAQ) FOR INSCRIPTION ON THE UNESCO WORLD HERITAGE LIST)



وێنەی (٩/أ) دیمەنێکی ساڵی (١٨٠٠ز) منارەی چۆڵی لەلایەن گەریدە (کلودیوس مستەر ریچ)ەوە کێشراوە، و دەردەکەوێت کە بەتەواوەتی دەوروبەری چۆڵە لە ئاوەدانی، وەرگیراوە لە:
رحله ريج عام ١٨٢٠ إلى بغداد - كردستان - إيران، مصدر سابق، ص: ٣٢٣.



وێنەی (٩/ب)
منارەی چۆڵی ساڵی (١٩٦٣ ز)
کە لەلایەن (وێنەگری شەرق)ـەوە گیراوە، دەردەکەوێت دەوروبەری منارەکە وردە وردە بەرەو ئاوەدانی ڕۆشتووە، وەرگیراوە لە کتێبی: (هەولێر لە نێوان ڕابردوو و ئێستادا (١٨٢٠ - ٢٠٠٠)، ل: ٩٣.



وێنەی (١٠) ناوی وەستای دروستکەری منارەی چۆڵی لەسەر ڕووی دەرەوەی بەشی ڕۆژئاوای منارەکە لەسەر پەنجەرەی دەرگای سەرەکی، وەرگیراوە لە کتێبی: (الفن والعمارة الدينية في إقليم كوردستان والعراق-المآذن الأتابكية نموذجا)، مرجع سابق، ص: ٢٠٧.



وێنەی (١١)
وێنەیەکی کۆنی منارەی چۆلی.
وەرگیراوە لە:
https://scontent.fisu-٧
٢.fna.fbcdn.net/v/....



وێنەی (١٢/أ) بەشی کۆتایی منارەی
چۆلی. وەرگیراوە لە بەڕێز:
(شاهۆ محمد)



وێنەکانی (١٢/ب) بەشی کۆتایی منارەی چۆلی، پاش
نۆژەنکردنەوەی کۆتایی، (٢٠٢٢ز)، (توێژەر)



وێنەی (١٣) سەرجەم لاکانی بنکەی منارەی چۆڵی. وەرگیراوە لە:
RECONSTRUCTION OF ERODED AND VISUALLY COMPLICATED ARCHAEOLOGICAL GEOMETRIC PATTERNS: MINARET CHOLI, IRAQ.



وێنەی (١٤/أ)
دەرگای ڕۆژهەڵاتی
منارەی چۆڵی، (٢٠٢٢ز)،
(توێژەر).



وێنەی (١٤/ب)
دەروازەی ڕۆژئاوای
منارەی چۆڵی، (٢٠٢٢ز)،
(توێژەر)



وێنەی (١٥)
پلیكانەكانی منارەی
چۆڵی، (٢٠٢٢ز)
(توێژەر)



وێنەكانی (١٦) لاشەی
منارەی چۆڵی، (٢٠٢٢ز)،
(توێژەر)



وێنەی (١٧) دیمەنێکی دێرینی شاری ئامێدی ساڵی (١٧٨٦ ز) گیراوە، وەرگیراوە لە کتێبی: (گەشتنامەی مسیۆنێرێک بۆ ناوچەکانی کەرکوک و سلێمانی ساڵی ١٨٧٨ ز).



وێنەی (١٨/ أ)
وێنەیەکی کۆنی
منارەی ئامێدی



وێنەی (١٨/ب) منارەی
مزگەوتی ئامێدی، سەردەمی
عوسمانییەکان (١٨٨٧ ز)،
وەرگیراوە لە کتێبی (رحلة إلى
كردستان في بلاد ما بين
النهرين سنة (١٨٨٥)، ص: ٣٥.





وێنەکانی (١٩) منارەکانی هاوشێوەی منارەی ئامێدی، لە ڕاستەوە (منارەی جامع الکبیر لە ماردین، منارەی (جامع الرزق) لە شاری حسن کیف. وەرگیراون لە:

https://www.turkpress.co/node/١١٨٣٩

https://p٠.pikist.com/photos/٩١٢/٩٧٩/great-mosque-mardin...



وێنەی (٢٠) دیمەنی شاری ئامێدی، وەرگیراوە لە:

https://www.pinterest.com/pin//٨٠٩٠٢٩٥٢٠٥٣١٣٢٩٧٢٩



وێنەی (٢١)
بنکەی منارەی
ئامێدی، (٢٠٢٢ز)،
(توێژەر).



وێنەی (٢٢)
دەرگای سەرەکی
منارەی ئامێدی،
(٢٠٢٢ز)،
(توێژەر)



وێنەی (٢٣)
پلیکانەکانی منارەی
ئامێدی، (٢٠٢٢ز)
(توێژەر)



وێنەی (٢٤)
لاشەی منارەی ئامێدی،
وەرگیراوە لە: منارات
العمادية، جلنک باشا العراقي.
ص: ٥.



وێنەی (٢٥)
بەشی کۆتایی منارەی ئامێدی.
وەرگیراوە لە: دڵشاد عەزیز زاموا.




وێنەی (٢٦)
دەروازەی سەرەکی
مزگەوتی (نگڵ)
لە کوردستانی
ڕۆژهەڵات، وەرگیراوە لە:
https://neshan.org/maps/places/cb١٣٢٤٩٠dd٩٢٤٥١d٨be٢a٦٨١٢٥٩٠٣e٠٨




وێنەی (٢٧)

وێنەیەکی دەگمەن و کۆنی ساڵی (١٨٩٨ز) مزگەوتی گەورەی خورماڵ، لەسەر بەرگی یەکەمی ژمارە (٤٨٠)ی گۆڤاری (ثروت فنون)ی سەردەمی حوکمڕانی عوسمانییەکان بڵاوکراوەتەوە لە بەرواری (١١/٥/ ١٣١٦)



وێنەی (٢٨/أ) وێنەیەکی کۆنی منارە و گومەزەکانی سەر هۆڵی نوێژکردنی مزگەوتی گەورەی



وێنەی (٢٨/ب)
وێنەیەکی کۆنی ناو هۆڵی
نوێژکردنی مزگەوتی گەورەی
خورماڵ.
ساڵی (١١٦٠ك/١٧٤٧ز)
وەرگیراوە لە ژمارەی (٢٦)ی
گۆڤاری (سومر).



وێنەی (٢٩/أ) منارەی خورماڵ ساڵی (١١٦٠ک/١٧٤٧ز)، وەرگیراوە لە: ژمارەی (٢٦)ی گۆڤاری (سومر).



وێنەی (٢٩/ب) وێنەیەکی کۆنی منارەی خورماڵ وەرگیراوە لە کتێبی: (مێژووی مزگەوت و خوێندنگەی گەورەی خورماڵ).



وێنەی (٢٩/ج)
مزگەوت و منارەی
خورماڵ
(١٩٦٠/٦/١٠)
وەرگیراوە لە کتێبی:
(مێژووی مزگەوت و
خوێندنگەی گەورەی
خورماڵ).



**وێنەی (٢٩/د) مزگەوت و منارەی خورماڵ ساڵی (١١٦٠ ک)، وەرگیراوە لە کتێبی: (مێژووی مزگەوت و خوێندنگەی گەورەی خورماڵ).**



وێنەی (٣٠/أ) منارەی خورماڵ پاش
نۆژەنکردنەوەی لە ساڵی (٢٠١٤) (توێژەر)



وێنەی (٣٠/ب)
منارەی مزگەوتی خورماڵ ساڵی (٢٠٢٠)، (توێژەر)



وێنەی (٣١/أ) منارەی جامع مرجان (بغداد)
وەرگیراوە لە:
%/https://ar.wikipedia.org/wiki



وێنەی (٣١/ب) منارەی جامع النعمانية
(بغداد)، وەرگیراوە لە:
https://commons.wikimedia.org/



وێنەی (٣٢/أ) بنکەی منارەی خورماڵ پێش
نۆژەنکردنەوەی ساڵی (٢٠١٤) (توێژەر)



وێنەی (٣٢/ب) بنکەی منارەی خورماڵ پاش
نۆژەنکردنەوەی لە ساڵی ( ٢٠١٤) (توێژەر)




وێنەی (٣٣/أ)
منارەی مزگەوتی
خورماڵ (١٩٨٣/٦/١٠)،
وەرگیراوە لە کتێبی:
(مێژووی مزگەوت و
خوێندنگەی گەورەی
خورماڵ)، ل: ١٤٣.



وێنەی (٣٣/ب)
منارەی خورماڵی
زستانی (٢٠٢٢)
(توێژەر)



وێنەی (٣٤/أ)
یەکێک لەو دارانەی
بەکارهاتووە لە بەشی
ناوەوەی دیواری منارەی
خورماڵ، (٢٠٢٢ز)، (توێژەر)



وێنەی (٣٤/ب)
یەکێک لەو دارانەی تر کە
بەکارهاتووە لەسەر دەرگای
بالکۆنی منارەی خورماڵ،
(٢٠٢٢ز)، (توێژەر)



وێنەی (٣٥/أ)
پلیکانەکانی منارەی
خورماڵ پێش
نۆژەنکردنەوەی ساڵی
(٢٠١٤)، (٢٠١٢ز)
(توێژەر)



وێنەی (٣٥/ب)
پلیکانەکانی منارەی
خورماڵ پاش
نۆژەنکردنەوەی ساڵی
(٢٠١٤)، (٢٠٢٢ز)
(توێژەر)

وێنەی (٣٦)
دیمەنی موقەرنەساتی
منارەی خورماڵ پاش
نۆژەنکردنەوەی ساڵی
(٢٠١٤)، (٢٠٢٢ز)
(توێژەر)





وێنەی (٣٧) منارەی خورماڵ ساڵی (٢٠١١) (توێژەر)



وێنەی (٣٨/أ)
دیمەنی پەنجەرەکانی لاشەی
منارەی خورماڵ لە دیوی ناوەوە
پێش نۆژەنکردنەوەی ساڵی
(٢٠١٤)، (٢٠١٢ز)، (توێژەر)



وێنەی (٣٨/ب)
پەنجەرەکانی لاشەی
منارەی خورماڵ لە ڕووی دەرەوە
دوای نۆژەنکردنەوەی ساڵی (٢٠١٤)،
(٢٠٢٢ز) (توێژەر)



وێنەی (٣٩/أ) دەروازەی
مزگەوتی خورماڵ کە
منارەکەی لەسەر
بنیاتنراوە (٢٠١١)
(توێژەر)



وێنەی (٣٩/ب) دەروازەی مزگەوتی خورماڵ پاش نۆژەنکردنەوەی، (٢٠٢٢)، (توێژەر).



وێنەی (٤٠) دیمەنی پاش ڕووخانی مزگەوتی گەورەی خورماڵ، (٢٠٢٢) (توێژەر)



وێنەی (٤١) مزگەوت و منارەی قەڵای هەولێر. وەرگیراوە لە کتێبی:
(NOMINATION OF ERBIL CITADEL (KURDISTAN REGION, IRAQ) FOR INSCRIPTION ON THE UNESCO WORLD HERITAGE LIST).



وێنەی (٤٢) دیمەنێکی ساڵی (١٩٤٠ ز) حەوشەی مزگەوت و منارەی قەڵای هەولێر، لەلایەن ئەندازیاری یۆنانی (کۆنستنتین ئەی. دۆکسیادیس)ـەوە گیراوە، وەرگیراوە لە کتێبی (NOMINATION OF ERBIL CITADEL (KURDISTAN REGION, IRAQ) FOR INSCRIPTION ON THE UNESCO WORLD



وێنەی (٤٣) دیمەنی قەڵای هەولێر. وەرگیراوە لە:
https://archiqoo.com/images/gallery/erbil_citadel.jpg



وێنەی (٤٤) دیمەنێکی ساڵی (١٩٣٢)ی منارەی مزگەوتی گەورەی قەڵای هەولێر.
وەرگیراوە لە:
(NOMINATION OF ERBIL CITADEL (KURDISTAN REGION, IRAQ) FOR INSCRIPTION ON THE UNESCO WORLD HERITAGE LIST).



وێنەی (٤٥) منارەی مزگەوتی گەورەی قەڵای هەولێر، (٢٠١٣ز) (توێژەر).



وێنەی (٤٦)
بەشی کۆتایی منارەی
مزگەوتی گەورەی قەڵای
هەولێر، (٢٠٢٢ز)، (توێژەر)



وێنەی (٤٧/أ) دەرگای سەرەکی منارەی قەڵات،
وەرگیراوە لە شوێنەوارناس: م. هێمن سەلاحەدین



وێنەی (٤٧/ب) دەرگای بالکۆنی منارەی قەڵات،
وەرگیراوە لە شوێنەوارناس: م. هێمن سەلاحەدین



وێنەی (٤٨) پلیكانەكانی
منارەی قەڵات (توێژەر)





وێنەكانی (٤٩/ أ،ب) دیوی ناوەوە و دەرەوەی پەنجەرەكانی كۆتایی منارەی قەڵا.
وەرگیراون لە شوێنەوارناس: م. هێمن سەلاحەدین



وێنەی (٥٠) منارە و مزگەوتی خانەقای کفری پاش دروستکردنەوەی لە ساڵی (٢٠٠٨)، وەرگیراوە لە: (فضا و جامعە شهر کفری در اواخر دوران عثمانی)، ص ٢١٢.




وێنەی (٥١) تۆماری مێژووی دروستکردنی مزگەوت و منارەی خانەقای کفری لەسەر پارچە بەردێک، کە تاوەکوو ئێستا پارێزگاری لە مانەوەی کراوە، وەرگیراوە لە: (فضا و جامعە شهر کفری در اواخر دوران عثمانی)، ص ٢١٢.



وێنەی (٥٢/أ) منارەی مزگەوتی خانەقای کفری پێش ڕووخاندنی، وەرگیراوە لە: (فضا و جامعە شهر کفری در اواخر دوران عثمانی)، ص ٢١٢.



وێنەی (٥٢/ب) منارەی مزگەوتی خانەقای کفری پێش ڕووخاندنی، وەرگیراوە لە: https://scontent.fisu٧-٢.fna.fbcdn.net/v/....




وێنەی (٥٣/أ) مزگەوت و منارەی مزگەوتی گەورەی سلێمانی ساڵی (١٩١٩ ز). وەرگیراوە لە:
https://m.facebook.com/Qamishli١٢/photos




وێنەکانی (٥٣/ب) دوو وێنەی ساڵی (١٩٢٤ ز) منارەی مزگەوتی گەورەی سلێمانی، وەرگیراون لە:
http://www.historyofkurd.com/١٨/٠٢/٢٠١٦......
https://scontent.fisu٧-٢.fna.fbcdn.net/v/t١.٦٤٣٥-



وێنەی (٥٣/جـ) منارەی مزگەوتی گەورەی سلێمانی (١٩٥٠ز). وەرگیراوە لە:
https://scontent.fisu٧-٢.fna.fbcdn.net/v/t...



وێنەی (٥٣/د) منارەی مزگەوتی گەورەی سلێمانی کۆتایی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، کاتی نوێژی هەینی وەرگیراوە لە:
https://scontent.fisu٢-٧.fna.fbcdn.net/v/t-......




وێنەی (٥٤/أ)
وێنەیەکی کۆنی منارەی
مزگەوتی گەورەی سلێمانی.
وەرگیراوە لە:
https://scontent.fisu٧-٢.fna.fbcdn.net/v/t ......



وێنەی (٥٤/ب)
وێنەیەکی کۆنی منارەی
مزگەوتی گەورەی
سلێمانی، وەرگیراوە لە:
https://m.facebook.com/story.php?story_fbid=٤٠١٤٠٢١٥٢١٢٣٦٢٠&id=١٠٠٠٦٧٦١٥١٤٥٨١٣



وێنەی (٥٥)
نووسراوی سەر دەروازەی
منارە لولەییەی مزگەوتی
گەورەی سلێمانی، ساڵی
(٢٠٢٢ز)، (توێژەر).



وێنەی (٥٦) منارەی مزگەوتی گەورەی سلێمانی (٢٠٢٢ز)، (توێژەر).




وێنەی (٥٧/أ)
بنکەی منارە لولەییەکەی
مزگەوتی گەورەی سلێمانی،
ساڵی (٢٠٢٢ز)،
(توێژەر)



وێنەی (٥٧/ب)
دەروازە و بالکۆنی منارە
لولەییەکەی مزگەوتی گەورەی
سلێمانی، ساڵی (٢٠٢٢ز)،
(توێژەر).



وێنەی (٥٨) پلیکانەی لە ئاسن
دروستکراوی بەشی سەرەوەی منارە
لولەییەکەی مزگەوتی گەورەی
سلێمانی، ساڵی (٢٠٢٢ز)، (توێژەر)



وێنەی (٥٩) هەردوو منارەکەی مزگەوتی گەورەی سلێمانی پێش نۆژەنکردنەوەیان (٢٠١٠ ز)، وەرگیراوە لە:
https://www.kurdipedia.org/default.aspx?q=.....



وێنەی (٦٠)
دیمەنی نەخشی زیکزاکی سەر لاشەی  منارە لولەییەکەی مزگەوتی گەورەی سلێمانی ساڵی (٢٠٢٢ز)، (توێژەر)



وێنەی (٦١)
دیمەنی بەشی دووەمی لاشەی منارە لولەییەکەی مزگەوتی گەورەی سلێمانی، ساڵی (٢٠٢٢ز)، (توێژەر)



وێنەی (٦٢) باڵکۆنی منارە
لولەییەکەی مزگەوتی گەورەی
سلێمانی، (٢٠٢٢ز)، (توێژەر)



وێنەی (٦٣) گومەزی منارە
لولەییەکەی مزگەوتی گەورەی
سلێمانی، (٢٠٢٢ز)، (توێژەر)



وێنەی (٦٤)
دەروازەی ناوەڕاست و بەشێک
لە پەنجەرەی لاشەی منارە چوار
لاییەکەی مزگەوتی گەورەی
سلێمانی، ساڵی (٢٠٢٢ز)،
(توێژەر)



وێنەی (٦٥/أ) پلیکانە لاکێشەیی و چوارگۆشەییەکانی ناو لاشەی منارە چوار لاییەکەی مزگەوتی گەورەی سلێمانی، (٢٠٢٢ز)، (توێژەر)



وێنەی (٦٥/ب) پلیکانەی شێوە لەپزینەیی ناو گومەزی منارە چوار لاییەکەی مزگەوتی گەورەی سلێمانی، (٢٠٢٢ز)، (توێژەر)



وێنەی (٦٦) منارە چوارلاییەکەی مزگەوتی گەورەی سلێمانی، (٢٠٢٢ز)، (توێژەر).



وێنەی (٦٧/أ) نەخشی نووسینی کۆتایی بەشی یەکەمی لاشەی منارە چوار لاییەکەی مزگەوتی گەورەی سلێمانی، (٢٠٢٢ز)، (توێژەر)



وێنەی (٦٧/ب) یەکێک لە قاڵبە چیمەنتۆکانی بەشی ناوەوەی لاشەی منارە چوار لاییەکەی مزگەوتی گەورەی سلێمانی، (٢٠٢٢ز)، (توێژەر)



وێنەی (٦٨) بالکۆنی منارە چوار لاییەکەی مزگەوتی گەورەی سلێمانی، (٢٠٢٢ز)، (توێژەر)



وێنەی (٦٩) دیمەنی گومەزی منارە چوار لاییەکەی مزگەوتی گەورەی سلێمانی، (٢٠٢٢ز)، (توێژەر)






وێنەکانی (٧٠) تۆمارکردنی مێژووی دروستکردنی خانەقای سلێمانی لەسەر دەروازەی سەرەکی و یەکێک لە لاکانی حەوشەکەی، (٢٠٢٢ز). (توێژەر)




وێنەی (٧١) تۆمارکردنی مێژووی دروستکردنی منارەی خانەقای سلێمانی لەسەر لەوحەیەکی ڕەنگ شین و پارێزراو لە خانەقاکەدا، وەرگیراوە لە:
https://m.youtube.com/watch?v=mcfrS٥HrFs٤&feature=share





وێنەکانی (٧٢) لە ڕاستەوە منارەکانی (مەزاری إمام أبو حنیفه – قوتابخانەی مستنصرية) لە شاری بغداد، وەرگیراون لە:
(العناصر الزخرفية في التصميم الداخلي للمدرسة المستنصرية- دراسة وصفية تحليلية)، ص: ٥٤.
https://upload.wikimedia.org/wikipedia/commons/thumb/b/b/٦



وێنەی (٧٣) بەشی دووەمی بنکەی منارەی خانەقای سلێمانی، ساڵی (٢٠٢٢ز)، (توێژەر).



وێنەی (٧٤) دەروازەی سەرەکی منارەی خانەقای سلێمانی، (٢٠٢٢ز)، (توێژەر).



وێنەی (٧٥)
پلیکانەکانی منارەی
خانەقای سلێمانی،
(٢٠٢٢ز)، (توێژەر)



وێنەی (٧٦)
منارەی مزگەوتی
خانەقای سلێمانی،
(٢٠٢٢ز)،
(توێژەر)



وێنەی (٧٧/أ) نەخشێکی نووسین لە کۆتایی بەشی یەکەمی لاشەی منارەی خانەقای سلێمانی، (٢٠٢٢ز)، (توێژەر)



وێنەی (٧٧/ب) نەخشکردنی پشتێنەیەکی ڕووەکی لە ژێر موقەرنەساتی بالکۆنی یەکەم منارەی خانەقای سلێمان، (٢٠٢٢ز)، (توێژەر)



وێنەی (٧٧/ج) بالکۆنی یەکەمی منارەی خانەقای سلێمانی و نەخش و نیگارەکان، (٢٠٢٢ز)، (توێژەر)



وێنەی (٧٨/أ)
بەشی دووەمی لاشەی منارەی
خانەقای سلێمانی و نەخش و
نیگارەکانی، (٢٠٢٢ز)، (توێژەر)



وێنەی (٧٨/ب)
بالکۆنی دووەمی منارەی خانەقای
سلێمانی و نەخش و نیگارەکانی،
(٢٠٢٢ز)، (توێژەر).



وێنەی (٧٩/أ)
بەشی سێیەمی لاشەی منارەی
خانەقای سلێمانی و نەخش و
نیگارەکانی، (٢٠٢٢ز)، (توێژەر)



وێنەی (٧٩/ب)
گومەزی منارەی
خانەقای سلێمانی،
(٢٠٢٢ز)، (توێژەر)




وێنەی (٨٠/أ) وێنەیەکی کۆنی مزگەوت و منارەی حاجی مەولود، وەرگیراوە لە:
https://m.facebook.com/story.php?story_fbid=



وێنەی (٨٠/ب) وێنەیەکیساڵی (١٩٦٧ز)ی مزگەوت و منارەی حاجی مەولود (وێنەگر: مجهول)،
وەرگیراوە لە: ....https://www.facebook.com/photo/?fbid




وێنەی (٨٠/جـ) وێنەیەکی کۆنی
مزگەوت و منارەی حاجی
مەولود، لە قەڵاتەوە وێنەکە
گیراوە، وەرگیراوە لە:
-٧https://scontent.fisu
.fna.fbcdn.net/v/t٢
-٣١,١٨١٧٢




وێنەی (٨٠/د) وێنەیەکی کۆنی
منارەی حاجی مەولود،
وەرگیراوە لە:
https://www.facebook.com/
MyErbil/photos/
/٢٣٦٢٠٩٢٢٤٣٨٩٣٤٤٩



وێنەی (٨١/أ) وێنەیەکی ساڵی (١٩٧٤)ی منارەی
مزگەوتی حاجی مەولود، وەرگیراوە لە کتێبی: (هەولێر لە
نێوان ڕابردوو و ئێستادا (١٨٢٠ - ٢٠٠٠)، ل ١٤١.



وێنەی (٨١/ب) منارەی مزگەوتی حاجی مەولود.
وەرگیراوە لە شوێنەوارناس: ئەحمەد شاکر
شێخە




وێنەکانی (٨٢) لاشە و نەخش و نیگارەکانی سەر منارەی مزگەوتی حاجی مەولود، (٢٠٢٢ز)، (توێژەر)



ژمارە (٨٣) دەرگای سەرەکی منارەی مزگەوتی حاجی مەولود، (٢٠٢٢ز)، (توێژەر)



ژمارە (٨٤)
پلیکانەکانی منارەی مزگەوتی حاجی مەولود، (٢٠٢٢ز)، (توێژەر)





وێنەکانی (٨٥) دیوی دەرەوە و ناوەوەی تاکە پەنجەرەی منارەی مزگەوتی حاجی مەولود، (٢٠٢٢ز). (توێژەر)



وێنەی (٨٦)
بەلکۆنی منارەی مزگەوتی حاجی
مەولود، (٢٠٢٢ز)، (توێژەر)



وێنەی (٨٧)
گومەزی منارەی مزگەوتی حاجی
مەولود، (٢٠٢٢ز)، (توێژەر)




وێنەی (٨٨) مزگەوت و منارەی خانەقای هەولێر ساڵی (١٩٧٣ ز)، لەلایەن وێنەگری ( زۆزان)ـەوە گیراوە، لە کتێبی: لە کتێبی: (هەولێر لە نێوان ڕابردوو و ئێستادا (١٨٢٠ – ٢٠٠٠ز))، ل١٢٩، وەگیراوە.



وێنەی (٨٩) منارەی خانەقای هەولێر ساڵی (٢٠٢٠ ز) وەرگیراوە لە:
https://WWW.saradistribution.com/hewler.htm)




وێنەی (٩٠)
ناوی دروستکەر وساڵی
دروستکردنی منارەی
خانەقای هەولێر (توێژەر)




وێنەی (٩١/أ)
منارەی خانەقای هەولێر و شوێن
بازاڕی دەلاڵخانەی کۆن (١٩٨٩ز)،
وەرگیراوە لە:
https://scontent.fisu٧-
٢.fna.fbcdn.net/v/t١.٦٤٣٥....



وێنەی (٩١/ب)
منارەی خانەقای
هەولێر، (٢٠٢٢ز)،
(توێژەر)



وێنەی (٩٢/أ)
دیمەنێکی کۆنی منارە و
مزگەوتی خانەقای
هەولێر،
وەرگیراوە لە:
ئینسکلۆپیدیای هەولێر
((ئەربیل))، ب٥، ل: ٢١٧٩.



وێنەی (٩٢/ب)
دیمەنێکی کۆنی منارەی خانەقای
هەولێر پێش ئەوەی بەردەمی بکرێتە
بازاڕ و بنکە چوارلاییەکەی
بشاردرێتەوە، وەرگیراوە لە:
https://m.facebook.com/NAQIS
BANDY/posts//١٦٦٩٠١٨٢٠٣٣١٥٠



وێنەی (٩٣/أ)
ڕووی حەوشەی بنکەی
منارەی خانەقای هەولێر
(توێژەر)



وێنەی (٩٣/ب)
بەشی کۆتایی بنکەی
منارەی خانەقای هەولێر
لەئاست سەربانی
مزگەوتەکەدا (توێژەر)



وێنەی (٩٤/أ)
بەشی یەکەمی لاشەی منارەی
خانەقای هەولێر، (٢٠٢٢ز) (توێژەر)



وێنەی (٩٤/ب)
بەشی دووەمی لاشەی منارەی
خانەقای هەولێر، (٢٠٢٢ز)،
(توێژەر)



وێنەی (٩٤/ج)
بەشی سێیەم و کۆتایی لاشەی منارەی
خانەقای هەولێر، (٢٠٢٢ز)، (توێژەر)



وێنەی (٩٥)
دیمەنی پلیکانەکانی
منارەی مزگەوتی
خانەقای هەولێر،
(٢٠٢٢ز)، (توێژەر)



وێنەی (٩٦)
دیمەنی یەکێک لە
پەنجەرەکانی منارەی
مزگەوتی خانەقای
هەولێر، (٢٠٢٢ز)،
(توێژەر)



وێنەی (٩٧) دیمەنی گومەزی منارەی
خانەقای هەولێر و حاجی لەق
لەقەکەی سەری، وەرگیراوە لە:
https://m.facebook.com/٣٦٢٢
٧٧٩٢٧١٨٣٨٢٦/posts/
/٢٧٢٥٠٢٥٨٢٤٢٤٢١٤٦



وێنەی (٩٨/أ) نووسراوی سەر دەرگای سەرەکی مزگەوتی تولیتا، (٢٠٢٢ز)، (توێژەر)



وێنەی (٩٨/ب) نووسراوی دووەم لەسەر دیواری ڕووی باکووری مزگەوتی تولیتا، (٢٠٢٢ز)، (توێژەر)



وێنەی (٩٩) دیمەنێکی کۆنی منارەی مزگەوتی تولیتا.
وەرگیراوە لە کتێبی: (إمارة بهدينان العباسية).



وێنەی (١٠٠) منارەی مزگەوتی تولیتا، (٢٠٢٢ز)، (توێژەر)



وێنەی (١٠١/أ) دیمەنی بەشی کۆتایی منارەی
مزگەوتی تولیتا، (٢٠٢٢ز)، (توێژەر)



وێنەی (١٠١/ب) دیمەنی گومەزەکانی پەرستگای لالشی یەزیدییەکان
وەرگیراوە:
https://pbs.twimg.com/media/EzlFfoXWQAAdxJj?format=
jpg&name=medium



وێنەی (١٠٢) دەرگای سەرەکی منارەی مزگەوتی تولیتا، (٢٠٢٢ز)، (توێژەر)



وێنەی (١٠٣) پلیکانەکانی منارەی مزگەوتی تولیتا، (٢٠٢٢ز)، (توێژەر)



وێنەی (١٠٤) مزگەوتی گەورەی ئاکرێ ساڵی (١٩٣٢)، وەرگیراوە لە ئەرشیفی مزگەوتی گەورەی ئاکرێ.



وێنەی (١٠٥) مزگەوتی گەورەی ئاکرێ و منارە بەرزەکەی، وەرگیراوە لە:
https://ar.wikipedia.org/wiki/%D%A....



وێنەی (١٠٦) بنکەی
منارەی مزگەوتی
گەورەی ئاکرێ،
ساڵی (٢٠٢٢ز)،
(توێژەر)



وێنەی (١٠٧) منارەی مزگەوتی گەورەی
ئاکرێ، (٢٠٢٢ز) (توێژەر)



(١٠٨) ژمارە
دەرگای سەرەکی منارەی مزگەوتی
گەورەی ئاکرێ، (٢٠٢٢ز)، (توێژەر)



وێنەی (١٠٩/أ)
دیمەنی پلیکانەکانی منارەی مزگەوتی
گەورەی ئاکرێ، (٢٠٢٢ز)، (توێژەر)



وێنەی (١٠٩/ب)
دیمەنی پلیکانەکانی بەشی کۆتایی
منارەی مزگەوتی گەورەی ئاکرێ،
(٢٠٢٢ز)، (توێژەر)



وێنەی (١١٠/أ)
دیمەنی پەنجەرەکانی بەشی یەکەمی لاشەی
منارەی مزگەوتی گەورەی ئاکرێ،
(٢٠٢٢ز)، (توێژەر)



وێنەی (١١٠/ب) دیمەنی پەنجەرەکانی بەشی کۆتایی
منارەی مزگەوتی گەورەی ئاکرێ، (٢٠٢٢ز)، (توێژەر)



وێنەی (١١١)
بەشی ناوەوەی بالکۆنی
منارەی مزگەوتی
گەورەی ئاکرێ،
(٢٠٢٢ز)، (توێژەر)



وێنەی (١١٢) بەشی
کۆتایی منارەی مزگەوتی
گەورەی ئاکرێ،
(٢٠٢٢ز)، (توێژەر)




وێنەی (١١٣/أ)
تۆمارێکی ساڵی (١٩٧١ ز)
پاش ئەوەی مزگەوتەکە
دەڕووخێنرێت و سەر لەنوێ
دروستدەکرێتەوە، لەسەر
دەرگای سەرەکی مزگەوتەکە
هەڵواسراوە (توێژەر).




وێنەی (١١٣/ب)
تۆمارێکی ساڵی (١٩٧١ ز) پاش
ئەوەی مزگەوتەکە
دەڕووخێنرێت و سەر لەنوێ
دروستدەکرێتەوە. (توێژەر)




وێنەی (١١٣/ج)
تۆماری ساڵی بنیاتنانی
مزگەوتەکەو کۆتا نۆژەنکردنەوەی
لە ساڵی (٢٠١٤ز) (توێژەر)



وێنەی (١١٤) منارەی مزگەوتی گەورەی دهۆک.
وەرگیراوە لە: سایتی (ویکیپیدیا)



وێنەی (١١٥)
منارەی مزگەوتی حەیدەر خانە لە شاری بەغداد(هاوشێوەی منارەی دهۆک)،
وەرگیراوە لە:
(https://twitter.com/١٢٣hatif/status/٩٥٨٢٤٨٨٤٠٢٨٠٣٣٤٣٣٦?lang=fr
،



وێنەی (١١٦) بنکەی منارەی مزگەوتی گەورەی دهۆک، (٢٠٢٢ز)، (توێژەر)





وێنەکانی (١١٧) دەرگای سەرەکی منارەی مزگەوتی گەورەی دهۆک، (٢٠٢٢ز) (توێژەر)



وێنەی (١١٨)
دەرگای دووەمی منارەی
مزگەوتی گەورەی دهۆک لە
ڕووی ناوەوەیدا، (٢٠٢٢ز)،
(توێژەر).



وێنەی (١١٩/ب)
دیمەنی ئەو پارچە ئاسنانەی بەکارهێنراون بۆ
بەهێزکردنی پلیکانەکانی منارەکە، (٢٠٢٢ز)، (توێژەر)



وێنەی (١١٩/أ) پلیکانەکانی منارەی مزگەوتی
گەورەی دهۆک، (٢٠٢٢ز)، (توێژەر)





وێنەکانی (١٢٠/ أ،ب) ڕووی ناوەوە و دەرەوەی پەنجەرەکانی لاشەی منارەی مزگەوتی گەورەی دهۆک، (٢٠٢٢ز)، (توێژەر)





وێنەکانی (١٢١) دیمەنی بالکۆنی منارەی مزگەوتی گەورەی دهۆک، (٢٠٢٢ز)، (توێژەر)



وێنەی (١٢٢)
دیمەنی گومەزی منارەی
مزگەوتی گەورەی دهۆک،
(٢٠٢٢ز)، (توێژەر)

# کەتەلۆکی منارە

# شوێنەواری

# و

# کەلەپوورییەکان





مناره‌ی چۆڵی
(٥٨٦-٦٣٠ک/
١١٩٠-١٢٣٢ز)





مناره‌ی ئامێدی
(٩٤٠-٩٨٣ک/
١٥٣٤-١٥٧٦ز)





مناره‌ی خورماڵ
سه‌ره‌تای سه‌ده‌ی
(١٢ک / ١٩ز)





مناره‌ی مزگه‌وتی
گه‌وره‌ی قه‌ڵای هه‌ولێر
سه‌ده‌ی (١٢ک/١٩ز)



مناره‌ی مزگه‌وتی خانه‌قای کفری (١٣٠٧ك/ ١٨٩٩ز)



مناره‌ی لوله‌بیه‌که‌ی مزگه‌وتی گه‌وره‌ی سلێمانی (١٣١١ك/

مناره‌ی مزگه‌وتی تولیتا (١٣٧٩ك/ ١٩٦٠ز)

مناره‌ی مزگه‌وتی حاجی مه‌ولود سه‌ره‌تای سه‌ده‌ی (١٣ك/٢٠ز)

مناره‌ی خانه‌قای هه‌ولێر (١٣٨٠ك/ ١٩٦١ز)



مناره‌ی دووه‌می مزگه‌وتی گه‌وره‌ی سلێمانی (١٣٨٤ك/ ١٩٦٤ز)

مناره‌ی مزگه‌وتی گه‌وره‌ی ئاکرێ (١٣٨٥ك/ ١٩٦٥ز)

مناره‌ی مزگه‌وتی خانه‌قای سلێمانی (١٣٩٠ك/ ١٩٧٠ز)

مناره‌ی مزگه‌وتی گه‌وره‌ی دهۆک (١٣٩١ك/ ١٩٧١ز)

# لیستی سەرچاوەکان

## لیستی سەرچاوەکان:

- **کتێبە کوردییەکان:**


١- ئەمین، نەوشیروان مستەفا: *میرایەتی بابان لە نێوان بەرداشی ڕۆم و عەجەم دا*، چ٢، چاپەمەنی خاک، سلێمانی، ١٩٩٨ ز.

٢- بابان، جەمال: *بابان لە مێژوودا و گەورە پیاوانی بابان*، چاپخانەی ئەندێشە، چ٢، ٢٠١٨ ز.

٣- بابان، جەمال: *سلێمانی شارە گەشاوەکەم (سلێمانی لە ڕۆژی بنیاتنانییەوە تا کۆتایی دەسەڵاتی بابانەکان)*، ب١-٢، چاپخانەی ئاراس، چ٢، هەولێر، ٢٠١٢ ز.

٤- باجگر، نەوزاد یەحیا: *سلێمانی لە بەڵگەنامەکانی عوسمانی دا (١٢٦٣-١٣٣٦کۆچی/١٨٤٧-١٩١٨زایینی)*، و: ئاشتی ڕەحمان، ب٨، چ١، هەولێر، ٢٠١٩ ز.

٥- باجگر، نەوزاد یەحیا: *هەولێر لە بەڵگەنامەکانی عوسمانی دا (١٧٠٨-١٣٣٩کۆچی/١٦٦٧-١٩٢٠زایینی)*، و: ئاشتی ڕەحمان، چ١، ب٢، هەولێر، ٢٠١٨ ز.

٦- برادۆستی، زێدان ڕەشید خان ئاودل: *هونەری بیناسازی قشڵەکانی پارێزگای هەولێر لە سەردەمی عوسمانی دا (هەولێر، مەخمور، گوێر، کۆیە، برادۆست)*، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین/هەولێر،٢٠١٨ ز.

٧- البوطي، محمد سعید رمضان: *فیقهی سیرەی پێغەمبەر(د.خ) لەگەڵ کورتەیەک لە مێژووی خەلیفەکانی ڕاشدین*، و: مەلا مەحموودی گەلاڵەیی، چ١، ٢٠١١ز.

٨- بەحرکەیی، مەلا طاهیر مەلا عبدالله: *مێژووی زانایانی کورد*، ب٣، چ١، چاپخانەی ئاراس، ٢٠١٠ ز.

٩- بەدلیسی، شەرەف خانی: *شەرەفنامە (مێژووی ماڵە میرانی کورستان)*، و: هەژار، چ٨، ١٣٩٣ ک/٢٠١٤ ز.

١٠- بەرزنجی، عمر شێخ لەتیف: *گەشتێک بەناو مزگەوت و تەکیەکانی شاری هەولێر*، هەولێر، ٢٠٠١ ز.

١١- بەکر، ئاشتی ڕەحمان: *هەولێر لەسەردەمی عوسمانییەکاندا (سەدەکانی ١٨-١٩)*، چ١، چاپخانەی ناوەندی سارا، سلێمانی، ٢٠١٩ ز.

١٢- پیربال،فەرهاد: *کرۆنۆلۆجیای کوردستان (٦٢٥پ.ز-١٩٣٢ز)*، چاپخانەی ئاراس، چ١، هەولێر، ٢٠١١ز.

١٣- توفیق، زرار صدیق: *کورد و کوردستان لە ڕۆژگاری خیلافەی ئیسلامیدا (١٦-٦٥٦ک/٦٣٧-١٢٥٨ز)*، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چ٢، هەولێر، ٢٠١٢ ز.

١٤- تەوحیدی، عبدالقادر: *تەفسیری تەوحید (تەفسیری قورئان بە قورئان)*، چ١، ١٤٣٥هـ/٢٠١٤م، ل ٩٣٩.

١٥- جاف، خوسرەو: *مێژووی مزگەوت و منارەو میحراب و مینبەر و مەزار*، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات هەولێر، ٢٠٢٠ز.

١٦- جەباری، *سەربەست: ٤٠ وانە لە شارستانیەتی ئیسلامی*، لە بڵاوکراوەکانی کەناڵی ئاسمانی بانگەواز (١)، چ١، سلێمانی، ٢٠٢٠ ز.

١٧- حداد، هاشم یاسین، سردار محمد عبدالرحمن: *ئەتڵەسی (هەرێمی کوردستانی عێراق – عێراق و جیهان) بۆ قۆناغەکانی خوێندنی بنەڕەتی و ئامادەیی*، چاپخانەی ڕۆتامات، چ ٢، ٢٠١١ز.

١٨- حسن، قادر محمد: *مێژووی هەولێر و ڕۆڵی شارستانیانەی (توێژینەوەکانی کۆنگرەی دووەمی زانستی ٢٤-٢٦ شوباتی ٢٠١٣ هەولێر- هەرێمی کوردستان)*، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠١٤ ز.

١٩- حوسێن، موحسین موحەممەد: *هەولێر لە سەردەمی ئەتابەگیاندا (لێکۆڵینەوەی بارودۆخی سیاسی و ئابوری و لەشکری و ئیداری و کلتووری هەولێر ئەو سەردەمە (٥٢٢ - ٦٣٠ ک / ١١٢٨ - ١٢٣٣ ز)*، و: عثمان علی قادر، چ١، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٠ ز.

٢٠- حوسین، موحسین موحەمەد: *هەولێر لە سەردەمی ئەتابەگیاندا*، و: عوسمان عەلی قادر، چ١، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر،٢٠١٠ز.

٢١- حەمەکەریم، حەسەن مەحمود: *کوردستان لەبەردەم فتوحاتی ئیسلامی دا*، چ٤، چاپخانەی کۆمپانیای چاپ و پەخشی نووسەر، ٢٠٠٦ ز.

٢٢- حەیدەر، کارزان: *مزگەوتی گەورە و گەرماوی قەڵا*، کلۆپیدیای هەولێر ((ئەربیل))، ب٢، چ١، چاپخانەی گرین گالۆری، لوبنان، ٢٠٠٩ز.

٢٣- خاڵ، شێخ محەمەد: *فەرهەنگی خاڵ*، چ٢، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥ ز.

٢٤- *خۆلاصەی تەفسیری نامی*، دانراوی: مەلا عبدالکریمی مدرس، چ٢، ناوەندی ڕاگەیاندنی ئارا، سلێمانی، ٢٠١٠ز.

٢٥- دەرگەڵەیی، یوسف ئەحمەد: *مێژووی شاری هەولێر لە کۆنەوە تا ساڵانی شەست*، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٢ ز.

٢٦- ڕێتۆرێ، ژاک: *گەشتنامەی مسیۆنێرێک بۆ ناوچەکانی کەرکوک و سلێمانی ساڵی ١٨٧٨ ز*، وەرگێڕانی لە فەڕەنسیەوە: نەجاتی عەبدوڵڵا، چاپخانەی شڤان، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٨ ز.

٢٧- ڕەشید، ئارسن موسا: *ڕۆڵی موجاهیدودین قایماز لە سیاسەت و ئیدارەی هەردوو میرنشینی هەولێر و موسڵ (لە ساڵی ٥٥٩ – ٥٩٥ کۆچی)*، ئینسکلۆپیدیای هەولێر ((ئەربیل))، ب٣، چاپخانەی گرین گالۆری، لوبنان، ٢٠٠٩ز.

٢٨- الزبیدي، أبی العباس زین الدین: مختصر *صحیح البخاري المسمی ب(التجرید الصریح)*، بە کوردی کردن و لێکۆڵینەوەی: نوری فارس حمەخان، ب١، ٢٠١٠ ز.

٢٩- زەڵمی، مستەفا ئیبراهیم: *کاروانی ژیانم*، بەرگی یەکەم ١٩٢٤ - ١٩٥٥، چ١، ٢٠١٤ ز.

٣٠- زەڵمی، ئیبراهیم حاجی: *خورماڵ لێکۆڵینەوەیەکی سۆسیۆئەنثرۆپۆلۆجیە*، ب١، ٢٠٠٨ز.

٣١- زەنگەنە، مستەفا: *ڕەنگ لە زمانی کوردیدا (لێکۆڵینەوەیەکی لیکسیکی سیمانتیکییە)*، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەرەوەردە، هەولێر، ٢٠٠٢ز.

٣٢- ساڵح، سەمیر: *هەولێر لە نێوان ڕابردوو و ئێستادا (١٨٢٠ - ٢٠٠٠)*، چ١، دەزگاو چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤ ز.

٣٣- ساڵح، ئاراس محەممەد، *هۆیەکانی گەشەکردنی بزافی ڕۆشنبیری لە شاری سلێمانیدا ١٧٨٤ - ١٩٥٨*، چ١، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٥ز.

٣٤- السباعي، مصطفی: *ژیانی پێغەمبەر (ﷺ) (پەند و وانە)*، و: نهاد جلال حبیب الله، چ١، چاپخانەی ڕێنوێن، سلێمانی، ٢٠١٨ ز.

٣٥- سکێرس، جنیفەر: *کولتوری شارنشینی لە شارەکانی ڕۆژهەڵات*، و: شەهلا وەلی جەبار، ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٢ م.

٣٦- *سەفەرنامەی ژان ئۆتەر (١٧٣٤ - ١٧٤٣)*، وەرگێڕانی لە فارسییەوە: محەمەدی حەمە باقی، چ١، چاپخانەی موکریانی، هەولێر، ٢٠١٣ ز.

٣٧- شابان، کوردۆ: *ڕاستنووسی*، چاپخانەی ڕۆکسانا، چ١، هەولێر، ٢٠١٩ ز.

٣٨- شاهۆ عوسمان سەید قادر، *سلێمانی لە کۆتایی بابانەوە بۆ سەرەتای ڕاپەڕین/ ڕۆشنبیری*، چ١، ب١، چاپخانەی ناوەندی سارا، سلێمانی، ٢٠٢٠ز.

٣٩- شەمێرانی، ئارام مەجید، *چۆنیەتی گۆڕینی ساڵەکان*، چ ١، سلێمانی، ٢٠١٨ز.

٤٠- صابر، هەردی: *پوختەیەک لە مێژووی مزگەوتی خانەقای مەولانا خالیدی نەقشبەندی*، چ١، ناوەندی ڕێنوێن، سلێمانی، ٢٠١٧ ز.

٤١- صاڵح، ئاراس محمد: *میرایەتی بابان و شاری سلێمانی لە شیعری شاعیرانی سەدەی نۆزدەدا*، چ١، چاپخانەی ناوەندی سارا، سلێمانی، ٢٠٢١ز.

٤٢- صاڵح، ئاراس محمد: *مێژووی مزگەوت و خوێندنگەی گەورەی خورماڵ*، چ١، ناوەندی سارا، سلێمانی، ٢٠١٨ ز.

٤٣- صاڵحی ڕەشە، ئەکرەمی مەحموود: *شاری سلێمانی (٢٠٠ ساڵ)*، ب٢، ١٩٨٩ ز.

٤٤- الصلابي، علی محمد: *دەوڵەتی عوسمانی هۆی گەشەکردن و ڕووخانی*، و: احمد عبدالرحمن احمد، نهاد جلال حبیب الله، چاپخانەی دارالمعرفة، بەیروت، لبنان، ٢٠٠٧ ز.

٤٥- طقوش، محەمەد سوهیل: *پوختەی مێژووی ئیسلامی*، و: نهاد جلال حبیب الله، چ٢، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠١٥ ز.

٤٦- عالایی، عەبدوڵڵا فایەق: *سەرداری هەولێر سوڵتان موزەفەرەدینی گۆکبوری (ژیان و خورەوشتی)*، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٤ ز.

٤٧- عەبدولقادر، نەهرۆ محەمەد: *هەولێر لە نێوان ساڵانی (١٩١٨ - ١٩٢٦) دا توێژینەوەیەک لە بارودۆخی رامیاری*، چ١، چاپخانەی موکریانی، هەولێر، ٢٠١٢ ز.

٤٨- غریب، قاسم محمد: *گەورەی پێغەمبەران محمد (ﷺ) بناسە*، لە بڵاوکراوەکانی تێنوس بۆ چاپەمەنی و کارتۆگرافیک، چ١، ٢٠١٥ ز.

٤٩- غەفور، سەلام: *خورماڵ لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای هەرێمی (سروشتی - دانیشتوان - ئابووری)*، چ١، ٢٠١٦ ز.

٥٠- قزڵجەیی، محەمەد: *ناساندنێکی مزگەوتەکانی سلێمانی و خوێندنگە ئاینییەکانی*، و: ئاراس محەمەد صاڵح، چ١، چاپخانەی شڤان، ٢٠١٣ز.

٥١- *قورئانی پیرۆز*، وەرگێڕانی: عەبدوڕەڕەحمان شەرەفکەندی (مامۆستا هەژار)، چ ١، چاپخانەی اسوە، ایران، ١٩٨٨.

٥٢- *کورد و کوردستان لە یەکەم ئەنسیکلۆپیدیای تورکی لە مێژوودا*، وەرگێڕانی لە عوسمانییەوە بۆ تورکی نوێ: ئەمین پۆز ئەرسەلان، وەرگێڕانی بۆ کوردی: ئەحمەد تاقانە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠ز.

٥٣- کوردستانی، شێخ محمد مەردۆخی: *مێژووی مەردۆخ (مێژووی کورد و کوردستان)*، و: زانەر محەمەد، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١١ز.

٥٤- گەنتەر، مایکڵ: *فەرهەنگی مێژووی کورد*، و: مامکاک، چ١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧ز.

٥٥- محەمەد، فاتیح عەبدوڵڵا: *مێژووی دێرینی کوردستان (پوختەیەک لە مێژوو و شارستانیەتی دێرینی کوردستان)*، ب١، چ١، چاپخانەی کارۆخ، سلێمانی، ٢٠١٦ ز.

٥٦- مصطفی، فاتمە قادر و هۆشمەند جوهر عباس و تەنکە عوسمان سعید، *توانستی خزمەتگوزاری تەندروستی لە قەزای ئاکرێ بە بەکارهێنانی سیستەمە زانیارییە جوگرافییەکان (GIS)*، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژ٣، ٢٠٢٢ ز.

٥٧- المنذري، زكي الدين عبدالعظيم بن عبدالقوي:*پوختەی‌صەحیحی موسلیم*،و:لیژنەیەک،ب١،چ٢، ٢٠٠٧م.

٥٨- مودەریس، فاتیح یاسین: *مزگەوت و نوێژگەکانی هەولێر*، ئینسکلۆپیدیای هەولێر ((ئەربیل))، ب٥، چ١، چاپخانەی گرین گالۆری، لوبنان، ٢٠٠٩ ز.

٥٩- مودەڕیس، مەلا عەبدولکەریم: *یادی مەردان (شێخە نەقشبەندییەکانی هەورامان و هەندێ لە مورید و مەنسووبە دیارەکانیان)*، ب٢، چ٢، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١١ ز.

٦٠- مودەڕیس، مەلا عەبدولکەریم: *یادی مەردان (مەولانا خالیدی نەقشبەندی)*، ب١، چ٢، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١١ ز.

٦١- مەحمود، ئەحمەد کاکە: *تەفسیری ڕامان لە ماناو مەبەستی قورئان*، چ٣، ٢٠١٢ ز.

٦٢- مەزهەر، کەمال: *چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد*، ب١، چاپخانەی الأديب البغدادية، بەغدا، ١٩٨٥ز.

٦٣- مەلا صاڵح، حەکیم: *هەڵەبجە لە ئامێزی مێژوودا*، ب١، چ٢، چاپخانەی چوارچرا، ٢٠١١ز.

٦٤- هاوار، محەمەد ڕەسول: *دیوانی پیرەمێردی نەمر*، چ١، چاپخانەی شڤان، ٢٠٠٧ ز.

٦٥- یوسف، عبدالرقیب: *لە بەڵگەنامەکانی حکومەتی شێخ مەحمود (تۆمارێکی شارەوانی سلێمانیی ١٩٢٣- ١٩٢٤)*، لێکۆڵینەوەی: سدیق ساڵح، چ١، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٤ ز.


- **المصادر العربية:**


٦٦- القرءان الكريم.

٦٧- إبن الأثير، المبارک بن محمد الجزري(ت:٦٣٠هـ/١٢٣٣م): *الكامل في التاريخ*، ج٩، بيروت، لبنان، ١٩٨٢م.

٦٨- إبن الفقية، أبي بكر أحمد بن محمد الهمداني(ت:٣٤٠هـ/٩٥١م): مختصر *كتاب البلدان*، طبع في مدينة ليدن المحروسة بمطبع بريل، ١٣٠٢هـ/ ١٨٨٤م.

٦٩- إبن منظور، الامام (ت:٧١١هـ/١٣١١م): *لسان العرب*، المجلد١٣، نشرأدب الحوزة، قم، ايران، ١٤٠٥هـ/١٩٨٤م.

٧٠- إبن جبير، محمد(ت:٦١٤هـ/١٢١٧م): *رحلة ابن جبير*، دار صادر للطباعه والنشر،بيروت، لبنان،١٩٨٠م.

٧١- إبن خلكان(ت:٦٨٠هـ/١٢٨٢م): *وفيات الأعيان (وانباء إبناء الزمان)*، حققه وعلى حواشية وصنع فهارسة: محمد محي الدين عبدالحميد، ج٣، مكتبة المهضة المصرية، القاهرة، مصر، ١٩٤٨م.

٧٢- إبن كثير(ت:٧٧٤هـ/١٣٧٣م): *البداية والنهاية*، ج٣، مكتبة المعارف، بيروت، لبنان، ١٩٩١م.

٧٣- إبن هشام، أبى محمد عبدالملك (ت: ٢١٧هـ/٨٣٣م): *سيرة النبي (ﷺ)*، تحقيق ودراسه: مجدي فتحي السيد، م٢، ط١، دار الصحابة للتراث بطنطا، ١٩٩٥م.

٧٤- أبي الفداء، عماد الدين اسماعيل بن محمد بن عمر(ت:٧٣١هـ/١٣٣١م): تقويم *البلدان*، دار الطباعة السلطنة، باريس،١٨٤٠م.

٧٥- البخاري، أبي عبدالله محمد بن إسماعيل ابن إبراهيم الجعفي (ت:٢٥٦هـ/٨٧٠م):: صحيح *البخارى*، م١، المطبعة البشرى الخيرية، كراتشي، باكستان، ٢٠١٦م.

٧٦- البغدادي، الإمام شهاب الدين أبو عبدالله ياقوت بن عبدالله الحموي الرومي (ت:٦٢٦هـ/١٢٢٩م): معجم *البلدان*، ط٢، م١، دار الصادر، بيروت، ١٩٩٥ م.

٧٧- بكنغهام، جمس: *رحلتي إلى العراق (سنة ١٨١٦)*، ت: سليم طه التكريتي، ج١، مطبعة اسعد، بغداد، ١٩٦٨م.

٧٨- البلاذري، أحمد بن يحيى بن جابر(ت: ٢٧٩هـ/٨٩٢م): *فتوح البلدان*، تحقيق: عبدالله أنس الطباغ و عمر أنس الطباغ، دار النشر للجامعيين، بيروت، لبنان، ١٩٥٧م.

٧٩- بندية، هنري: *رحلة إلى كردستان في بلاد ما بين النهرين سنة ١٨٨٥*، ترجمة وتعليقات: يوسف حبي، ط١، مطبعة ئاراس، أربيل، ٢٠٠١م.

٨٠- البيهقي، أبي بكر أحمد بن حسين (ت: ٤٥٨هـ/١٠٦٥م): *دلائل النبوة ومعرفة أحوال صاحب الشريعة*، السفر الثاني، ط١، دار الكتب العلمية، بيروت، لبنان، ١٩٨٨م.

٨١- الجزري، عزالدين إبن الأثير أبي الحسن على بن محمد(ت:٦٠٢هـ/١٢٠٦م): *أسد الغاية في معرفة الصحابة*، تحقيق: الشيخ على محمد معوض، الشيخ عادل أحمد عبدالموجود، ج٣، دار الكتب العلمية، بيروت، لبنان، ٢٠١٢م.

٨٢- الخزرجي، أبى دلف مسعر بن المهلهل(ت:٣٩١هـ/١٠٠٠م): *الرساله الثانية*، اعتنى بنشرها، ت: مينورسكى، بدون سنة الطبع، مطبعة جامعة القاهرة، القاهره، ١٩٥٥م.

٨٣- الذهبي، الإمام شمس الدين محمد بن أحمد بن عثمان (ت: ٧٤٨هـ/١٣٤٨م): *سير أعلام النبلاء*، تحقيق: شعيب الأرئووط، ج٣، ط١١، المؤسسة الرسالة، بيروت، ١٩٩٦ م.

٨٤- ريج، كلوديوس جيمس(ت:١٢٣٦هـ/١٨٢١م): *رحلة ريج (المقيم البريطانى في العراق عام ١٨٢٠) إلى بغداد - كردستان - إيران*، ت: بهاءالدين نوري، دار العربية للموسوعات، ط١، بيروت، لبنان، ٢٠٠٨م.

٨٥- السمهودي، الإمام على بن عبدالله بن أحمد الحسينى (ت:٩١٠هـ/١٥٠٥م): *خلاصة الوفا بأخبار دار المصطفى (مع زيادات من كتاب وفاء الوفاء)*، دراسة وتحقيق: محمد الأمين محمد محمود أحمد الجكيني، ج٢، ٢٠٠٧م.
٨٦- القزويني، زكريا بن محمد بن محمود (ت:٦٨١هـ/١٢٨٣م): *آثار البلاد وأخبار العباد*، دار صادر، بيروت، لبنان، ٢٠٠٩م.
٨٧- ك. كريزويل: *الأثار الإسلامية الأولى*، نقله إلى العربية: عبدالهادي عبلة، ط١، مطبعة خالد بن وليد، دار قتيبة، دمشق، ١٩٨٤م.
٨٨- المقريزي، تقي الدين أحمد بن على(ت:٨٤٥هـ/١٤٤٢م): *المواعظ والإعتبار بذكر الخطط والأثار*، تحقيق: محمد زينهم و مديحه الشرقاوي، ج١، مكتبة مدبولي، القاهرة، مصر، ١٩٩٧م.
٨٩- نيبور، كارستن(ت:١٢٣٠هـ/١٨١٥م): *رحلة نيبور إلى العراق في القرن الثامن عشر*، ترجمة عن الألمانية: محمود حسين الأمين، مراجعة: سالم الألوسي، دار الجمهورية للطبع والنشر، بغداد، ١٩٦٥م.
٩٠- النيسابوري، الإمام إبي الحسين مسلم بن الحجاج بن مسلم القشيري(ت:٢٦١هـ/٨٧٥م): *صحيح مسلم*، ج١، ط١، دار الكتب العلمية، بيروت، لبنان، ١٩٩١م.
٩١- هي، دبليو. آر: *سنتان في كردستان (١٩١٨-١٩٢٠)*، ت: فؤاد جميل، ج١، ط١، ١٩٧٣م.

- **المراجع العربية:**

٩٢- إبراهيم، عبدالباقي: *تأصيل القيم الحضارية في بناء المدينة الإسلامية المعاصرة*، مطبوعات الجامعة، بغداد، ٢٠١٠م.
٩٣- إسماعيل، زبير بلال: *أربيل في أدوارها التأريخيية (دراسة تاريخية عامة لأربيل وانهائها منذ أقدم العصور حتى الحرب العالمية الأولى)*، مطبعة النعمان، النجف، ١٩٧١م.
٩٤- اسماعيل، كامل: *دراسات اثرية (مسجد احمد بن طولون)*، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة، مصر،٢٠١٩م.
٩٥- الألباني، محمد ناصر الدين: *المجلد الثاني ٥٠١-١٠٠٠، سلسلة الأحاديث الصحيحة (وشيء من فقهها وفوائدها)*، مكتبة المعارف للنشر والتوزيع، ١٤١٥هـ/١٩٩٤م.
٩٦- أنور المائي: *الأكراد في بهدينان*، ط٣، مطبعة هاوار، دهوك، ٢٠١١م.
٩٧- بابان، جمال: *أصول أسماء المدن والموقع العراقية*، ج١، ط٣.
٩٨- باجلوري، هيلين رفيق سعيد: *الكورد الحميدية*، مطبعة حاجى هاشم، أربيل، العراق، ٢٠١٢م.
٩٩- باقر، طه، فؤاد سفر: *المرشد إلى مواطن الأثار والحضارة، الرحلة الرابعة (بغداد- كركوك- السليمانية)*، بغداد، ١٩٦٥م.
١٠٠- باقر، طه، فؤاد سفر: *المرشد إلى مواطن الأثار والحضارة، الرحلة السادسة (بغداد-حلبجه)*، بغداد، ١٩٦٦م.
١٠١- باقر، طه، و فؤاد سفر: *المرشد إلى مواطن الأثار والحضارة، الرحلة الخامسة (بغداد - أربيل)*، مديرية الفنون والثقافة الشعبية في وزارة الثقافة والإرشاد، بغداد، ١٩٦٦م.

١٠٢- بن علي، أبو إسلام أحمد: *دلالات الألوان في القرآن*، ٢٠٠٨م.
١٠٣- جب، هاميلتون، هارولد باون: *المجتمع الإسلامى والغرب (دراسة حول تأثير الحضارة الغربية في الثقافة الإسلامية بالشرق الأدنى في القرن الثامن عشر للميلاد)*، ترجمة ودراسة: أحمد إيبش، ج٢، ط١، الإمارات، أبوظبي، ٢٠١٢م.
١٠٤- الجنابي، هاشم خضر: *مدينة أجربيل/ دراسة في جغرافية الحضر*، ط١، موصل، ١٩٨٧م.
١٠٥- حجازي حسن علي طراوة: *إمارة عمر بن عبدالعزيز على مدينة النبوية (دراسة تاريخية وحضارة)*، م ١، ط ١. القاهرة، مصر، زهراء الشرق، ٢٠٠٨م.
١٠٦- حسن الباشا: *موسوعة العمارة والآثار والفنون الإسلامية*، م ١، ط ١، بيروت، لبنان، ١٩٩٩م.
١٠٧- حسن، نوبى محمد: *عمارة المسجد في ضوء القرآن والسنة*، ط١، دار نهضة الشرق، القاهرة، ٢٠٠٢م.
١٠٨- الحسيني، السيد عبدالرزاق: *العراق قديما وحديثا*، ط٣، مطبعة العرفان، صيدا، لبنان، ١٩٥٨م.
١٠٩- الحفيد، الشيخ سالار إبن الشيخ محمد إبن الحاج السيد حسن: *تيسير العسير لإخراج الدر المكنون في الجامع السليمانية الكبير (السليمانية وجامعها الكبير عنوان بارز في ذاكرة التأريخ (١١٩٩ هـ - ١٧٨٤ م) دراسة تأصيلية تحليلية)*، ٢٠١٧م.
١١٠- خالد عزب: *فقه العمران "الدولة والمجتمع والعمارة في حضارة المسلمين"*، الفصل الثالث، لبنان، الدار المصرية اللبنانية، ٢٠١٢م.
١١١- *دائرة المعارف الإسلامية*، ت: محمد ثابت الفندي، أحمد الشنتناوي وآخرون، م١، ط١، ١٩٣٣م.
١١٢- دقيل، حسين: *مآذن أثرية من مصر العثمانية*، ط١، ببلومانيا للنشر والتوزيع، القاهرة، مصر، ٢٠٢١م.
١١٣- رزق،عاصم محمد: *معجم مصطلحات العمارة والفنون الإسلامية*، ط١، مكتبةمدبولي، القاهرة، ٢٠٠٠م.
١١٤- رؤوف، عماد عبدالسلام: *المعجم التاريخي لإمارة بهدينان*، مطبعة الحاج هاشم، أربيل، ٢٠١١م.
١١٥- رؤوف، عماد عبدالسلام: *مراكز ثقافية مغمورة في كردستان (دراسة في أهم المراكز الثقافية التي برزت في كردستان العراق خلال القرون المتأخرة)*، ط، ١المطبعة خاني، دهوك، ٢٠٠٨م.
١١٦- الزركشي، محمد بن عبدالله: *إعلام المساجد بأحكام المساجد*، تحقيق: فضيله الشيخ أبو الوفا مصطفى المراغي، ط٤، القاهرة، ١٩٩٦م.
١١٧- زكي بک، محمد أمين: *مشاهير الكرد وكردستان في العهد الاسلامي*، ت: سانحة زكي بک، ج ١، ط٢، دار الزمان، بيروت، لبنان، ٢٠٠٦م.
١١٨- زكي، محمد أمين: *تاريخ السليمانية*، نقلة إلى اللغة العربية: الملا جميل الملا أحمد الروزبياني، بغداد، ١٩٥١م.
١١٩- الزهري، محمد بن سعد بن منيع: *الطبقات الكبير*، الجزء الأول في السيرة النبوية، تحقيق: علي محمد عمر، ط١، الناشر مكتبة الخارجي بالقاهرة، ٢٠٠١م.
١٢٠- البرادوستي، زيدان رشيد أودل: *الفن والعمارة الدينية في إقليم كوردستان والعراق – المآذن الأتابكية نموذجا (دراسه تحليلية ميدانية)*، ط١، مطبعة جنگل، طهران، ايران، ٢٠٢٢م.

١٢١- السراج، اكرام عبدالمنعم احمد: *مآذن جوامع الموصل من العصر العثماني (دراسة عمارية فنية)*، دار إبن الأثير للطباعة والنشر، جامعة الموصل، الموصل، العراق، ٢٠١٢م.
١٢٢- السيد الصاوي، أحمد: *النقود المتداوله في مصر العثمانية*، ط١، مركز الحضارة العربية، القاهرة، ٢٠٠١م.
١٢٣- شاويس، دلير إسماعيل حقي: *إمارة بابان في النصف الأول من القرن ١٨ (دراسة في علاقتها السياسية مع السلطات العثمانية)*، ط١، أربيل، بدون سنة طبع.
١٢٤- صالح، عبالعزيز حميد، ناهض عبدالرزاق دفتر، صلاح حسين العبيدي: *الخط العربي*، جامعة بغداد، ١٩٩٠م.
١٢٥- الصقار، سامى بن خماس: *إمارة إربل في العصر العباسي ومؤرخها إبن المستوفي*، دار الشواف، الرياض، السعوديه، ١٩٩٢م.
١٢٦- العميد، طاهر مظفر: *أثار المغرب و الأندلوس*، جامعة بغداد، بغداد، عراق، ١٩٨٩م.
١٢٧- طليمات، عبدالقادر أحمد: *مظفرالدين كوكبورى أمير إربل*، المؤسسة المصرية العامة، ١٩٦٣م.
١٢٨- العباسي، محفوظ: *إمارة بهدينان العباسية*، مطبعة الجمهورية، الموصل، ١٩٦٩م.
١٢٩- عبدالحافظ، عبدالله عطية: *الأثار والفنون الإسلامية*، القاهرة، ٢٠٠٥م.
١٣٠- عبدالقادر بن محمد الدمشقى النعيمي: *الدارس في تاريخ المدارس*، دمشق، سورية، مكتبة الثقافة الدينية، ١٩٨٨م.
١٣١- عبدالوهاب، حسن: *تاريخ المساجد الأثرية*، ج١، مطبعة دار الكتب المصرية، القاهرة، ١٩٤٦م.
١٣٢- عثمان، محمد عبد الستار: *موسوعة العمارة الفاطمية*، الكتاب الأول: العمارة الفاطمية (الحربية – المدنية – الدينية)، ط١، دا القاهرة، القاهرة، مصر، ٢٠٠٦م.
١٣٣- عثمان، نجوى: *مساجد القيروان*، ط١، مطبعة دار عكرمة، دمشق، سوريا، ٢٠٠٠م.
١٣٤- العراقي، جلنك باشا: *منارات العمادية - فقرات من فصول لكتاب "العراقيون غير المحتملين"*، ٢٠١١م.
١٣٥- العزاوي، عباس: *أربل في مختلف العصور (اللواء والمدينة)*، ط١، بغداد، ٢٠٠١م.
١٣٦- العزاوي، عباس: *العمادية (في مختلف العصور)*، تحقيق: حمدى عبدالمجيد السلفي، عبدالكريم فندي، ط١، مطبعة وزارة الثقافة، هولير، ١٩٩٨م.
١٣٧- العزاوي، عباس: موسوعة *تاريخ العراق بين احتلالين (حكومة المغول ٦٥٦هـ-١٢٥٨م/٧٣٨هـ-١٣٣٨م)*، م١، ط١، ٢٠٠٤م.
١٣٨- علي، جواد: *المفصل في تاريخ العرب قبل الإسلام*، ج١، ط٢، ١٩٩٣م.
١٣٩- عمر، أحمد مختار: *اللغة واللون*، دار بحوث العلمية، الكويت،١٩٨٢م.
١٤٠- الكتاني، محمد عبدالحي: *نظام الحكومة النبوية المسمى التراتيب الإدارية*، تحقيق: عبدالله الخالدي، ج ١، شركة دار الأرقم بن أبي الأرقم للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت، لبنان، ٢٠١٤م.
١٤١- الكتاني، مسعود مصطفى: *المساجد والمدارس والعلماء والمخطوطات في إمارة بادينان- العمادية، (سلسلة تاريخ العمادية وبادينان)*، م٢، مطبعة هاوار، دهوك، ٢٠١٠م.

١٤٢- الكعبي، عبدالحكيم: *موسوعة التاريخ الإسلامي-عصر النبوة وما قبله*، دار أسامه للنشر والتوزيع، الأردن، عمان، ٢٠٠٣م.
١٤٣- كونل، أرنست: *الفن الإسلام*، ترجمه: أحمد موسى، دار صادر، بيروت، لبنان، ١٩٦٦م.
١٤٤- مانويل، جوميث مورينو: *الفن الإسلامي في إسبانيا (من الفتح الإسلامي للأندلس حتى نهاية عصر المرابطين) وفنون المستعربين*، ت: لطفى عبدالبديع و عبدالعزيز سالم، مؤسسة شباب الجامعة.
١٤٥-محمد كمال صدقي: *معجم المصطلحات الأثرية (إنجليزى-عربى)*، ط١، مطابع جامعة الملك سعود، ١٤٠٧هـ/ ١٩٨٨م.
١٤٦- محمد، عمرو إسماعيل: *تخطيط المدن في العمارة الإسلامية (فكر وفنون)*، وكالة الصحافة العربية، الجيزة، مصر، ٢٠١٩م.
١٤٧- محمود، أ.م.د. نوال ناظم: *مقارنة بين عمارة المدرسة الشرابية (٦٢٨هـ/١٢٣٠م) والمدرسة المرجانية (٧٥٨ هـ / ١٣٥٨ م)*، دراسات في آثار الوطن العربي، م ١٨، العدد ١٨، ٢٠١٥م.
١٤٨- مختار، علي محمد: *دور المسجد في الإسلام*، العدد ١٤، السنة الثانية، ١٤٠٢هـ
١٤٩- المطلبي، محمد بن إسحاق: *السير والمغازي*، تحقيق: سهيل زكار، ط١، ١٩٧٨م.
١٥٠- مهران، محمد بيوم: *تاريخ العراق القديم*، اسكندريه، مصر، ١٩٩٠م.
١٥١- *المواقع الأثرية في العراق*، وزارة الأعلام مديرية الأثار العامة، النشرة طبعت في مطبعة الحكومية، بغداد، ١٩٧٠م.
١٥٢- مؤنس، حسين: *المساجد*، سلسلة كتب ثقافية شهرية يصدرها المجلس الوطني للثقافة والفنون والآداب- الكويت، الكويت، ١٩٨١م.
١٥٣- الهاشمي، رحيم كاظم محمد، أعواطف محمد العربي شنقارو: *الحضارة العربية الإسلامية دراسة في تاريخ النظم*، الدار المصرية اللبنانية، القاهرة. ٢٠٠٢م.
١٥٤- الهلالي، عبدالرزاق: *معجم العراق (سجل تاريخى سياسى إقتصادى اجتماعي ثقافي يبحث بإيجاز دقيق عم مختلف نواحي الحياة العامة في العراق منذ العهد العثمانى حتى اليوم)*، ج١، مطبعة النجاح، بغداد،١٩٥٣م.
١٥٥- الوائلي، عبد رب ابراهيم: *تاريخ الإمارة البابانية ١٧٨٤-١٨٥١*، ط١، دار الزمان، بيروت، لبنان،٢٠٠٨م.
١٥٦-وزيري، يحيى: *العمارة الإسلامية والبيئة*، الكويت، مطابع السياسة، ٢٠٠٤م.
١٥٧- *الوقائع العراقية، قانون الأثار والتراث*، الفصل الأول أهداف القانون و وسائل تحقيقها، المادة (٤)، ثامنا، عدد ٣٩٥٧، رقم ٥٥، ٢٠٠٢م.
١٥٨- يارالي، برهان جبار سالح: *قلعة أربيل بين الماضي والحاضر*، أربيل، ٢٠٠٤م.
١٥٩- ئاكرەيي: جمبد شكرى بابكر: *ئاكرێ (عقرة في عهد الملكي ١٩٢١-١٩٥٨)*، مطبعة حاجى هاشم، اربيل، ٢٠٠٨م.
١٦٠- ئاكرەيي، فائق أبو زيد سليم: *دليل ئاكرى السياحي*، ط ١، مطبعة جامعة صلاح الدين، اربيل، ١٩٩٩م.
١٦١- ئالەيى، عبدالله خورشيد قادر: *العمائر الإسلامية في العمادية*، ط١، دهوك، ٢٠١٢م.

١٦٢- يوسف، شريف: *تاريخ فن العمارة العراقية في مختلف العصور*، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، ط٢، بيروت، لبنان، ٢٠١٤م.

- **منابع كتاب های فارسی:**

١٦٣- إبن بطوطة: *سفرنامه ابن بطوطه*، ترجمه: محمد على موحد، جلد ١، چ ٥، تهران، ايران، ١٣٧٠.

١٦٤- آرتور ابهام پوپ: *معمارى ايران*، ترجمه: غلا محسين صدرى افشار، مطبعه ميراث فرهنگى، تهران، ايران، ١٣٧٣.

١٦٥- اميدوارى، سميه و الهه گلذارى و مريم اميدوارى: *گذرى بر ميراث معمارى عراق*، چ١، چاپخانه آبنوس، ايران، ٢٠١٥م.

١٦٦- روبرت هيلين برند: *معمارى إسلامى*، شكل، كاركرد و معنى، ترجمه: باقر آيت الله زاده شيرازى، انتشارات روزنه، تهران، ايران، ١٧٣٧.

١٦٧- سيد محمد على داعى الإسلام: *فرهنگ نظام*، جلد ٥، چ ٢، ناشر شركت دانش تهران، ايران، ١٣٦٢.

١٦٨- غياث الدين محمد بن جلال الدين بن شرف الدين رامپورى: *فرهنگ غياث اللغات*، م ٢، چ ١، فصل ميم مع نون، چاپخانه گيلان، تهران، ايران، ١٣٣٧.

١٦٩- محمد باقر بن محمد تقى مجلسي: *بحار الأنوار*، جلد ١٦، دارالكتب الإسلاميه، تهران، ٢٠١٧م.

١٧٠- نعمت اسماعيل علام: *هنرهاى خاورميانه در دوران إسلامي*، ت: عباسعلى تفضلى، چ٢، إنتشارات آستان قدس رضوى مشهد، ايران، ١٣٨٢.

- English sources:

١٧١- A .L.Tibawi, *Islamic Education; Its Traditions and Modernization into the Arab National Systen*. London; LUZAC & Co. ,1972.

١٧٢- AL AJLOUNI, Rima, Petr JUSTA: *RECONSTRUCTION OF ERODED AND VISUALLY COMPLICATED ARCHAEOLOGICAL GEOMETRIC PATTERNS:* MINARET CHOLI, IRAQ. DOL:10.14311/gi.6.3, December 2011.

١٧٣- AL- JANAB, TARIQ JAWAD: *STUDIES IN MEDIAEVAL IRAQ ARCHITECTURE, Ministry of culture and Information state Organization of Antiquities and Heritage*, Bagdad, 1982.

١٧٤- Bisheh, G*: "A Short Note on the Minaret at Qastal."*, Liber Annuus, 2000.

١٧٥- Caro, J.A. Martin*, I.paniagua, Erbil Citadel restoration: same thoughts on earth-built construction exposed to seismic action, Sustainable Development,* vol 1, 2015.

١٧٦- Giotein, S. D. *Studies in Islamic History and Institutions.* Leiden : E.J. Brill,1968.

١٧٧- Herzfeld*, 'Studies in Architecture. Damascus' ARS ISLAMICA*, VOLS. XIII-XIV, 1948.

١٧٨- Kuban, Dogan. *Muslim Religious Architecture.* Part 1: The Mosque and Its Early Devolopment. Leiden:E.J.Brill, 1974.

١٧٩- Lucian golvin: *La mosquee, institute des etudes islamiques a Alger*, Alger, 1960.

١٨٠- *NOMINATION OF ERBIL CITADEL (KURDISTAN REGION, IRAQ) FOR INSCRIPTION ON THE UNESCO WORLD HERITAGE LIST*, VOL 1, December 2012 .

١٨١- Orr, Susan R.*, Historic House Museum Sustainability in the 21st Century:* paths to Preservation", Seton Hall University. Dissertations and Theses (ETDs), 2011.

- French sources:

١٨٢- Ben Youcef, B*: Introduction a l'architecture islamique*, Alger, 2005.

١٨٣- Kurd,Kurdistan*: the new encyclopadia of islam* (leiden:1986) vol:v.

- German sources:

١٨٤- F. Sarre und, E. Herzfeld, *Archaologische Reise im Euphrat-und Tigris-Gebiet,* Band II, Berlin, 1911.

- **گۆڤارەکان:**

١٨٥- إسماعيل، زبير بلال: *علماء (زیارەت)*، گۆڤاری کاروان، ژ١٤، چاپخانەی دار أفاق عربية، بغداد، ساڵی دووەم، تشرینی دووەم، ١٩٦٣ز.

١٨٦- إسماعيل، زبير بلال: *منارەی موزەفەریە*، گۆڤاری شانەدەر، ژ١، هەولێر، ١٩٩٧ز.

١٨٧- ئەحمەد، زیاد محەمەد: *منارەی چۆلی*، گۆڤاری سۆبارتۆ، ژ١، ساڵی یەکەم، کانونی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٧ز.

١٨٨- بانیشاری، عەلی: *منارەی مزگەوتی گەورەی خورماڵ*، گۆڤاری سۆبارتۆ، ژ٤-٥، ساڵی چوارەم- پێنجەم، هەولێر، هاوینی ٢٠١١ز.

١٨٩- بریفکانی، کەنعان: *زانکۆ و مزگەوت و ئارامگەکانی ئایینی*، گۆڤاری خۆری ئیسلام، ژ٤، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٩ز.

١٩٠- پشدەری، قادر محەمەد: *دامەزراندنی میرنشینی بادینان (توێژینەوەیەکی مێژوویی شرۆڤەکاری)*، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژ١٠، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٩ز.

١٩١- جان، حسن فهمی بەگ: *مێژووی خولمار*، گۆڤاری گەلاوێژ، ژ١٢، ساڵی٥، کانوونی یەکەم، چاپخانەی معارف، بەغدا، ١٩٤٤ز.

١٩٢-حمە خورشيد، فؤاد: *مدينة السليمانية دراسة في جغرافيتها التاريخية*، گۆڤاری کاروان، ژ٥٤، چاپخانەی الأديب البغدادية، ساڵی پێنجەم، نیسانی ١٩٨٧ز.

١٩٢- رؤوف، عماد عبدالسلام: *عقرة في رحلة الباليساني الكوردي*، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژ٣٢، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٥ز.

١٩٣-ڕەحیم، نەریمان خانە: *بەپێی لێکۆڵینەوەیەک منارەی هەولێر بەرزتر لە منارەی موصڵ*، گۆڤاری بەکراوا، ژ١، ساڵی یەکەم، کانونی یەکەم، ٢٠١١ز.

١٩٤- ڕەحیم، نەریمان خانە: *منارەی هەولێر بەرزتر بووە لە منارەی موصڵ (لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی)*، گۆڤاری بەکراوا، ژ٢، کانونی دووەم، ساڵی دووەم، ٢٠١٢ ز.

١٩٥- سەید قادر، شاهۆ عوسمان: *تێڕوانین لە مێووی مزگەوتەکانی سلێمانی وەکوو دامەزراوەی ئاینی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی*، ناوەندی چاوی کورد بۆ پەرەپێدانی سیاسی، زنجیرەی پێنج، ٢٠٢٠ز.

١٩٦- عباس، ناجي: *گەشتی کلودیوس ریچ لە کوردستان ساڵی ١٨٢٠*، گۆڤاری گەلاوێژ، ژ٩-١٠، ساڵی هەشتەم، چاپخانەی معارف، بەغدا، ١٩٤٧ز.

١٩٧- عەبدولڕەحمان، دڵشاد مەحموود: *گەڕەکەکانی شاری هەولێر لە سەرژمێرییە فەرمییەکانی ڕۆژگاری پاشایەتیدا (١٩٤٧-١٩٥٨)*، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژ٤٧، هەولێر، ٢٠٢١ز.

١٩٨- قەرەداخی، حەسیب: *جەردەیەک لە خەرمانی سۆفێتی ئیسلامی*، گۆڤاری کاروان، ژ١٨، ساڵی دووەم، هەولێر، ئازاری ١٩٨٤ز.

١٩٩- *کورد و کوردستان لە نیگای چەند گەریدەیەکی ڕۆژاوایی یەوە*، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق (دەستەی کورد)، وەرگێڕانی لە تورکییەوە: شوکور مستەفا، ب٨، چاپخانەی کوڕی زانیاری عێراق، بەغداد، ١٩٨١ز.

٢٠٠- محمد، زیاد أحمد: *منبر الجامع الكبير في قلعة أربيل*، گۆڤاری سۆبارتۆ، ژ٣، ساڵی سێیەم، هەولێر،٢٠٠٩م.

٢٠١- مێژوو نووسێک: *خورماڵ و شوێنەوارە دێرینەکانی*، گۆڤاری هەزارمێرد، ژ٦، ساڵی دووەم، کانونی یەکەم، سلێمانی، ١٩٩٨ز.

٢٠٢- النجار، نجاة یاسین: *مخطوطة نادرة،أسعد اربيلي*،گۆڤاری کوردستان سەدەی٢١، ژ١٦، ب٢، ٢٠١٢ز.

٢٠٣- النقشبندي، حسام الدين: *تراث وتاريخ شهرزوور في العصور الإسلامية من كتاب (شهرزور- السليمانية اللواء والمدينة لعباس العزاوي) قراءة نقدية*، گۆڤاری هەزارمێرد، ژ ١٧، ساڵی پێنجەم، ٢٠٠١ز.

٢٠٤- نەقشبەندی، ئەمین: *شارەزوور و شارەزوورییەکان*، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق، دەستەی کورد، ب١٠، ١٩٨٣ز.

٢٠٥- هەورامی، هێمن سەلاحەدین: *منارەی مزگەوتی گەورەی قەڵای هەولێر (١٣٢ك/١٧١٩ز)*، گۆڤاری سۆبارتۆ، ژ٨، ساڵی هەشتەم، هەولێر، ٢٠١٤ز.

- **المجلات العربية:**

٢٠٦- أبو عواد، يوسف: *دومة الجندل مدينة وتاريخ*، مجلة الفيصل ثقافية شهرية، العدد ٨٩، السنة الثاننة، شركة الطباعة العربية السعودية، الرياض، السعودية، ١٤٠٤ هـ/ ١٩٨٤م.

٢٠٧- أسعد، عرابي: *المفردات التشكيلية المتوسطية في الفن الإسلامي*، مجلة مواقف للحرية والإبداع والتعبير، دار ساقي، لندن: ب.ت.

٢٠٨- الألوسي، سالم: *نبذ إحصائية عن أعمال شعب وأقسام المديرية العامة (من ١ تموز ١٩٥٩ الى ٣٠ حزيران ١٩٦٠)*، مجلة سومر، ج ١-٢، م١٦، ١٩٦٠ م.

٢٠٩- *تراث كربلاء*، مجلة فصلية محكمة تعني بالتراث الكربلائي، السنة الثانية، م٢، العدد الثالث، مطبعة دار الكفيل، كربلاء، العراق، ٢٠١٥ م.

٢١٠- الجبلاوي، كمال محمود كمال محمد: *الأفكار الفلسفية والتعبيرات الرمزية للمنارات (المآذن)*، المجلة العلمية الدولية في العمارة والهندسة والتكنولوجيا، العدد ٣، ٢٠٢٢م.

٢١١- حسين، كامل: *التنقيب حول المئذنة المظفرية في أربيل*، مجلة سومر، ج ١-٢، م١٨، ١٩٦٢م.

٢١٢- الخازمي، محمد مصطفى: *(المئذنة، أصلها - نشأتها - عناصرها)*، مجلة الأكاديمية للعلوم الأساسية والتطبيقية، م١٥، العدد ١، ٢٠١٦م.

٢١٣- خلف، ابراهيم حسين: *"المآذن الإسلامية في الهند مأذنة قطب منار انموذجا"*، مجلة دراسات في التاريخ والآثار، العدد ٦٦، ٢٠١٨ م.

٢١٤- الربيعي، وائل: *داقوق (تاريخها- التنقيب والصيانه فيها)*، مجلة سومر، م١٢، ج١-٢، ١٩٥٦ م.

٢١٥- رديني، وصفى حسن: *من آثار مدينه العماديه*، مجلة حكم زاتي، يصدرها المجلس التشريعى النمطقة كردستان، مطبعة دار أفاق عربية، عدد ٤، سنة الثانية، ١٩٨٤م.

٢١٦- رشيد، عبدالسلام مجيد، و مهدي عبدالحميد حسين: *عمارة وزخرفة الجامع النوري في الموصل*، مجلة الملوية للدراسات الآثارية والتاريخية، المجلد الرابع، العدد السابع، السنة الرباعة، آذار ٢٠١٧ م،

٢١٧- الزركاني، خليل حسن: *قلعة أربيل من القلاع الشامخة فة التأريخ*، مجلة مركز دراسات الكوفة،٢٠١٥م.

٢١٨- شبوح، إبراهيم: *نماذج من بواكير العمارة والتراث المكتوب فى الغرب الإسلامي*، مجلة البيان، العدد ٣، منشورات جامعه آل البيت، السعودية، ١٩٩٩ م.

٢١٩- الصقور، صقر و مهند طراد: *تصميم المآذن بين التاريخ والمعاصرة (نماذج من الأردن)*، م٢٢، العدد٤، ٢٠١٦م.

٢٢٠- طاهر، فتحي بشير: *نماذج من تطور عمارة المساجد (من العصر الاموي الى عصر المماليک)*، لخرطوم، السودان، ٢٠١٣ م، ص ٢٨.

٢٢١- عبدالأمير، صفا لطفي: *الأبعاد الجمالية للمئذنة في العمارة الإسلامية*، مجلة جامعة بابل، العلوم الأنسانيه، م ١٨، العدد ٢، بابل، العراق، ٢٠١٠ م.

٢٢٢- عبدالعزيز سالم محمود: المآذن المصرية، نظره عامة عن أصلها وتطورها منذ الفتح العربي حتى الفتح العثماني، مؤسسة شباب الجامعة للطباعة والنشر، جامعة الأسكندرية، مصر، ٢٠١٣م.

٢٢٣- قادر، عبدالله خورشيد: *الخصائص الفنية والمعمارية لمئذنة المظفرية أربيل*، مجلة القادسية للعلوم الإنسانية، م٢٢، العدد ١، ٢٠١٩ م.

٢٢٤- القزاز، وداد علي: *المناره المظفرية في أربيل (تأريخها ووصفها)*، مجلة سومر، ج١-٢، م١٦، ١٩٦٠م.

٢٢٥- لطفى سعيد كليب صالح، شوكت محمد لطفى القاضي، و عزت عبدالمنعم مرغني: *تطور عمارة المآذن في اليمن ومصر(من عصر صدر الإسلام حتى العصر العثمانى) دراسة تحليلية مقارنة*، Journal of Engineering Sciences، م ٤٦، رقم ٦، جامعة أسيوط، مصر، ٢٠١٨ م.

٢٢٦- مجلة ثروت فنون، عدد ٤٨٠، پنجشنبه - ١١/ مايس ٥/ ١٣١٦.
٢٢٧- *مسجد قباء... أول مسجد في الإسلام*، مجلة بيوت المتقين، العدد١٥، السنة الثانية، ذي الحجة١٤٣٥هـ.
٢٢٨- مصطفى، أمين مصطفى: *جامع أحمد بن طولون (٢٦٣-٢٦٥هـ/٨٧٦-٨٧٩م)*، مراجعة: عادل محمد زياده و أحمد الزيات، مطابع وزارة الدولة لشئون الأثار، ٢٠١٢م.
٢٢٩- المعيقل، خليل إبراهيم: *مسجد عمر بن الخطاب بدومة الجندل*، مجلة جامعة الملك سعود، رياض، السعودية، ١٩٩٤م.
٢٣٠- ميرزا، احمد ميرزا: *أشهر قائدة فتح كوردستان في العصر الإسلامي الأول*، مجلة كلية العلوم الإسلامية، م٨، العدد (٢/١٥)، ٢٠١٤م.
٢٣١- مظلوم، طارق و وليد ياسين: *استطلاعات آثرية في محافظة السليمانية*، مجلة سومر، م٢٦، ج١-٢، بغداد، ١٩٧٠ م.
٢٣٢- ياغي، غزوان: *المآذن في العالم الإسلامي نشأتها وتطورها*، مجلة مهد الحضارات، العدد ٨-٩، ٢٠٠٩م.

- **مجلات فارسى:**

٢٣٣- أم بلوم، جاناتان: *مبناى پيدايش مناره از ديدگاه كرسول*، ت: مهندس محمد رضا بذل جو، مجله صفة، العدد ٣٥، ايران، ١٣٩٣.
٢٣٤- نژاد، أمير صادقى، عباس مسعودى: *بازشناسى جايگاه مناره در معمارى مساجد از نگاه فقه شيعه*، فصلنامه مطالعات شهر ايرانى اسلامي، فصلنامه علمي، پژوهشي، سال دهم، ش٣٧، پاييز ١٣٩٨.

- **کارنامەی زانستی بڵاونەکراوە:**

٢٣٥- سلێمان، هونەر مراد: *ستراتیژی پارێزگاری کردن لە ناوچە شوێنەواری و کەلەپورییەکان لە هەرێمی کوردستان، شارۆچکەی ئاکرێ بە نمونە (توێژینەوەیەکی شیکاری شوێنەواریە)*، نامەیەکی ماستەری بڵاونەکراوەیە، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، تشرینی یەکەم ٢٠٢١ز.

- **رسائل الماجستير والدكتوراه:**

٢٣٦- مرزوق، بتة: *الزخرفة العمائرية في عمارة المغرب الأوسط خلال الفترة (٥-٨ هـ/ ١١-١٤ م) -دراسة أثرية فنية*، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة بن يوسف بن خدة، الجزائر، ٢٠٠٨-٢٠٠٩ م.
٢٣٧- بلحاج طرشاوي: *المآذن الزبانية والمرينية في تلمسان (دراسة تاريخية وفنية)*، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة أبي بكر بلقايد، تلمسان، الجزائر، ٢٠٠٣ م.

٢٣٨- ثابت محمد علي الخصاونة: *المئذنة في العمارة الإسلامية المبكرة، دراسة وصفية تحليلية*، رسالة ماجستير غير المنشورة، جامعة اليرموك، سورية، ٢٠٠١م.

٢٣٩- خضر، ئاراس اسماعيل: *العناصر المعمارية والنقوش الزخرفية في العمائر العثمانية الباقية في إقليم كوردستان/ العراق (خلال (١١٠٦-١٣٢٦هـ/١٧٠٠-١٩٢٠م) دراسة أثرية معمارية فنية*، رسالة ماجستير غير منشورة، قسم الأثار الإسلامية، كلية الأثار، جامعة القاهرة، ٢٠١٣-٢٠١٤م.

٢٤٠- طرشاوي، بلحاج: *العمارة الإسلاميه أصولها الفكرية ودلالاتها الثقافية والبيئة من خلال بعض النماذج*، أطروحة الدكتوراه غير منشورة، جامعة أبي بكر بلقايد - تلمسان، كلية الأداب والعلوم الإنسانية والعلوم الإجتماعية، قسم الثقافة الشعبية، شعبة الفنون، الجمهورية الجزائرية، ٢٠٠٦ - ٢٠٠٧ م.

٢٤١- النمري، فاطمة (مياه) ولي: *أشكال وأساليب عمارة المآذن في مساجد المشرق الإسلامي*، رسالة ماجستير غير المنشورة، جامعة عمان، عمان، ١٩٩٧م.

٢٤٢- محمود، شهريار عبد القادر: *العناصر الزخرفية في التصميم الداخلي للمدرسة المستنصرية- دراسة وصفية تحليلية*، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة العلوم الإسلامية العالمية، ٢٠١١ م.

٢٤٣-معروف، بلحاج بن بنوح: *العمارة الدينية الإباضية بمنطقة وادي مزاب من خلال بعصر النماذج*، أطروحة الدكتوراه غير منشورة، جامعة أبي بكر بلقايد-تلمسان، كلية الأداب والعلوم الإنسانية والعلوم الإجتماعية، قسم علم الآثار، الجمهورية الجزائرية، ١٤٢٣هـ/٢٠٠٢ م.

- **كارشناسى ارشد:**

٢٤٤- على، رابەر انور: *فضا و جامعه شهر كفرى در اواخر دوران عثمانى*، پايان نامه غير منشوره در رشته باستان شناسى دانشگاه تهران، دانشگده ادبيات و علوم انسانى، شهريور ١٣٩٦/ ٢٠١٧.

- **ڕۆژنامە:**

٢٤٥- وەقايعى كوردستان، ڕۆژنامەی ڕەسمیی هەرێمی کوردستانە – وەزارەتی داد دەری دەکات، ژ٢٦٨، ساڵی بیست و یەکەم، هەولێر، ٢٠٢١/٧/٧ ز/ ٢٧٢١/٤/١٦ ک.

- **پێگەی ئەلیکترۆنی:**

٢٤٦- هذا مسجد قرطبة الذي تحول إلى كنيسة !؟

https://twitter.com/bader_hmod/status/١٠٧٠٥٠٦٣٦٠٩١٤٢٣١٣٠٠

٢٤٧- منارة قطب منار.

https://pport.com/delhi/rrem-١٢/

٢٤٨- دوربين شما/ منار خسروجرد.
https://akharinkhabar.ir/amp/interestings/١٤٦٧٠٦٩/%D٪٨AF%D٪٨٨٪٩D٪٨B٪١D٪٨A٪٨
DB٨%C%D٨٦٪٩-%D٪٨B٪٤D٪٨٥٪٩D٪٨A٧-%D٪٨٥٪٩D٪٨٦٪٩D٪٨A٪٧D٪٨B١-
%D٪٨AE%D٪٨B% ٣D٪٨B٪١D٪٨٨٪٩D% ٨AC %D٪٨B٪١D٪٨AF

٢٤٩- مئذنة زيار.
https://ar.wikipedia.org/wiki/%D٪٨٥٪٩D٪٨A٪٦D٪٨B٪٠D٪٨٦٪٩D٪٨A٩_%D٪٨B٪٢D٨٪٩
A%D٪٨A٪٧D٪٨B١

٢٥٠-مسجد عبدالله بن عمر (نگل).
https://neshan.org/maps/places/cb١٣٢٤٩٠dd٩٢٤٥١d٨be٢a٦٨١٢٥٩٠٣e٠٨

٢٥١- منارة جامع النعمانية.
https://upload.wikimedia.org/wikipedia/commons/a/a١/%D٪٨٥٪٩D٪٨٦٪٩D٪٨A٪٧
D٪٨B٪١D٪٨A٩_%D٪٨AC%D٪٨A٪٧D٪٨٥٪٩D٪٨B٩_%D٪٨A٪٧D٪٨٤٪٩D٪٨٦٪٩D٪٨B
٪٩D٪٨٥٪٩D٪٨A٪٧D٪٨٦٪٩D٨٪٩A%D٪٨A٩.jpg

٢٥٢-جامع مرجان.
https://ar.wikipedia.org/wiki/%D٪٨٥٪٩D٪٨٤٪٩D٨١٪٩:%D٪٨AC%D٪٨A٪٧D٪٨٥٪٩D٪٨B
٩_%D٪٨٥٪٩D٪٨B٪١D٪٨AC%D٪٨A٪٧D٨٦٪٩_%D٪٨١٪٩D٨٪٩A_%D٪٨A٪٨D٪٨BA%D
٪٨AF%D٪٨A٪٧D٪٨AF.jpg

٢٥٣- بني جامع الرزق بأمر من السلطان سليمان الأيوبي في عام ١٤٠٩ ميلادى.
https://www.turkpress.co/node/١١٨٣٩

٢٥٤- المسجد الكبير ماردين.
https://p٠.pikist.com/photos/٩١٢/٩٧٩/great-mosque-mardin-cami-on-mesopotamia-valley-plain-minaret-pastel.jpg

٢٥٥- شاروچكەی ئامیدی ، دهوك ، كوردستان. آمیدی (العمادية) ، محافظة دهوك ، كوردستان.
https://www.pinterest.com/pin/٨٠٩٠٢٩٥٢٠٥٣١٣٢٩٧٢٩/

٢٥٦- HEWLÊR URBELA-URBILIUM - ARBELA–ADIEBENE Capital of Southern Kurdistan.
https://WWW.saradistribution.com/hewler.htm

٢٥٧- قلعة أربيل عي قلعة أثرية تقع في وسط مدينة أربيل في العراق.
https://archiqoo.com/images/gallery/erbil_citadel.jpg

٢٥٨- مزگەوتی گەورەی سلیمانی.

http://www.historyofkurd.com/١٨/٠٢/٢٠١٦/%DA٪٨٦%DB٪٩٥%D٪٨٦٪٩D٪٨AF-%D ٨٪٩ ٪٨DB٨%E%D٪٨٦٪٩DB٪٩٥%DB٨%E%D٪٨٣٪٩DB٨%C-%D٪٨AC%D٪٨ ٨٪٩D ٪٨A ٧ %D٪٦ ٨٪٩DB٨%C-%D٪٨٥٪٩D٪٨B٪٢D A%AF%DB٪٩٥%D٪٨ ٨٪٩D٪٨AA%D B٨% C-%DA%AF%DB٪٩٥%D٪٨٨٪٩D٪٨B٪١DB٪٩٥%DB٨%C-%D٪٨B٪٣D٪٨٤٪٩DB ٨%E/

٢٥٩- مزگەوتی گەورەی سلێمانی١٩٢٤.

.https://kurdipedia.org/default.aspx?q=٢٠٢١٠٥١٨٢١٣٦١٧٣٩٤١٤٧&lng=;١٤

٢٦٠- وێنەی مزگەوتی گەورەی سلێمانی لە کوتایی سالانی شەستەکان گیراوە لە کاتی نوێژی هەینی.

https://www.google.com/url?sa=i&url=https%٣A%٢F%٢Fwww.youtube.com%٢Fwatch%٣Fv%٣DGmMAAwdwBbk&psig=AOvVaw٠٦QwO٥Cl_٤PO٢wCKWOBJXp&ust=١٦٦٥٧٦٩٢٠١١٨١٠٠٠&source=images&cd=vfe&ved=٠CAkQjRxqFwoTCNCP_azg٣foCFQAAAAAdAAAAABAE

٢٦١- صورة من تاريخ قديم جدا لسليماني ١٩١٩ في الصورة المسجد يبدو كبيرا.

https://m.facebook.com/Qamishli١٢/photos/%D٪٨B٪٥D٪٨٨٪٩D٪٨B٪١D٪٨A٩-%D ٪٩ ٪٨٥D٨٦٪٩-%D٪٨AA %D٪٨A٪٧D٪٨B٪١D٨٪٩A%D٪٨AE-%D٪٨٢٪٩D٪٨AF%D٪٩ ٨A % D٨٥٪٩-%D٪٨AC%D٪٨AF%D٪٨A٧-%D٪٨٤٪٩D٪٨B٪٣D٪٨٤٪٩D٨٪٩A%D٪٩ ٪٨٥D٨ % A٪٧D٪٨٦٪٩D٨٪٩A-٪١٩١٩D٪٨١٪٩D٨٪٩A-%D٪٨A٪٧D٪٨٤٪٩D٪٨B٪٥D٨٨٪٩ %D٪٨B ٪١ D٪٨A٩-%D٪٨A٪٧D٪٩ ٪٨٤D٪٨٥٪٩D٪٨ B٪٣D٪٨A C%D٨ %AF-%D٨% ٩ A %D٪٨ A ٪٨D٪٨AF%D٨٨٪٩-%D٩ ٪٨٣%D٪٨A٨ %D ٨٪٩A%D٪٨B٪١ D٪٨A٧/٧ ٥٧٧٧٤ ١٤٤٧٩٩٢٤٨/

٢٦٢- مزگەوتی گەورەی سلیمانی.

https://www.kurdipedia.org/default.aspx?q=٢٠٠٩١١٠٦٢٢٣٥٣٠٦٢٥٠٥&lng=١

٢٦٣- وێنەیەکی کۆنی منارەی مزگەوتی گەورەی سلیمانی.

https://scontent.fisu٧-٢.fna.fbcdn.net/v/t١.١٨١٦٩-٩/١٦٢٠٧٥٠_٢٨٩٤٨٣ ٧٨٧٨٦٦٣٥ ٢_٢٤٩٠٣٧٥٠٦_n.jpg?stp=cp٠_dst-jpg_e١٥_p٤٠٣x٤٠٣_q٦٥&_nc_cat=١١١&ccb=١-٧&_nc_sid=e٠٠٧fa&_nc_ohc=OwT٣Yki-iVkAX٩lwnPc&_nc_ht=scontent.fisu٧-٢.fna&oh=٠٠_AT٩٧qIxamnKxQjURjd٩KpK٤WuVIQw٦٦Caa٩PsuxzLIbi٢A&oe=٦٣٣D٧B٤٧

٢٦٤- وێنەیەکی دەگمەن و کۆنی منارەی مزگەوتی گەورەی سلیمانی.

https://m.facebook.com/story.php?story_fbid=٤٠١٤٠٢١٥٢١٢٣٦٢٠&id=١٠٠٠٦٧٦١٥١٤٥٨١٣

٢٦٥- منارەکان: مزگەوتی خانەقای سلێمانی.

https://m.youtube.com/watch?v=mcfrS٥HrFs٤&feature=share

٢٦٦- مەزاری إمام أبو حنیفە.

https://upload.wikimedia.org/wikipedia/commons/thumb/b/b٦/%D٨٪A٧٪D٩٪٨٤٪D٨٪A٧٪D٩٪٨٥٪D٨٪A٧٪D٩٪٨٥_%D٨٪A٧٪D٨٪A٨٪D٩٪٨٨_%D٨٪AD%D٩٪٨٦٪D٩٪٨A%D٩٪٨١٪D٨٪A٩_%D٨٪A٧٪D٩٪٨٤٪D٩٪٨٦٪D٨٪B٩٪D٩٪٨٥٪D٨٪A٧٪D٩٪٨٦.jpg/١٢٠٠px-%D٨٪A٧٪D٩ %٨٤٪D٨ %A٧٪D٩٪٨٥٪D٨٪A٧٪D٩٪٨٥_%D٨٪A٧٪D٨٪A٨٪D٩٪٨٨_%D٨ %AD%D٩%٨٦٪D٩٪٨A%D٩٪٨١٪D٨٪A٩ _%D٨٪A٧٪D٩٪٨٤٪ D٩٪٨٦٪D٨٪B٩٪D٩٪٨ ٥ % D٨٪ A٧٪D٩٪٨٦.jpg

٢٦٧- وێنە کۆنەکانی هەولێر.

https://m.facebook.com/story.php?story_fbid=٤٠٥٧٢٠٥٤٤٩٢٦٨٤٠&id=
١٠٠٠٦٤٦٦٦٩٢٦١١٨

٢٦٨- منارەی مزگەوتی شێخە ڕەشکە.

https://www.facebook.com/MyErbil/photos//٢٣٦٢٠٩٢٢٤٣٨٩٣٤٤٩

٢٦٩- قوبەی منارەی شێخە ڕەشکە.

https://m.facebook.com/٣٦٢٢٧٧٩٢٧١٨٣٨٢٦/posts//٢٧٢٥٠٢٥٨٢٤٢٤٢١٤٦

٢٧٠- جامع الخالیدیة في وسط مدینة اربیل.

https://m.facebook.com/NAQISHBANDY/posts//١٦٦٩٠١٨٢٠٣٣١٥٦٢٣

٢٧١- الجامع الكبير (عقره).

https://ar.wikipedia.org/wiki/%D٪٨A٪٧D٪٨٤٪٩D٪٨AC%D٪٨A٪٧D٪٨٥٪٩D٪٨B٩_%D٪٨A٪٧D٪٨٤٪٩D٪٨٣٪٩D٪٨A٪٨D٨٪٩A%D٪٨B١_٪٢٨%D٪٨B٪٩D٪٨٢٪٩D٪٨B٪١D٪٨A٢٩٪٩

٢٧٢- وریا عومەر ئەمین: لەبەرچ منارەی داقوق و چۆڵی هەولێر پێک دەچن!

https://kurdipedia.org/default.aspx?q=٢٠٢٢٠٢٠٥٢٠١٦٠٩٤٠٤٠٢٨&ing=٣

٢٧٣- مسجد الحاج مولود – ويكيبيديا.

https://ar.wikipedia.org/wiki/%D٩٪٨٥٪D٨٪B٣٪D٨٪AC%D٨٪AF_%D٨٪A٧٪D٩٪٨٤٪D٨٪AD%D٨٪A٧٪D٨٪AC_%D٩٪٨٥٪D٩٪٨٨٪D٩٪٨٤٪D٩٪٨٨٪D٨٪AF

٢٧٤- گروپی هەولێری جاران.

https://www.facebook.com/groups/٧٩٨٠٤٣٧٦٦٩٥٩٩٤٥/permalink/٤٨٩٢٥١٦٤٧٧٥١٢٦٣٣/

٢٧٥- مناور سليمان: الحقيقة أن وضع قطعة نحاسية أو معدنية على شكل هلال أعلى المسجد هي رمز له معنى وله أصل: ١/photo/١٠٢٧٢٤١٣٦١٨٤٤٧١٩٦١٦/status/٧https://twitter.com/mnaw

٢٧٦- محمد مزيد: لماذا يوضع الهلال على رأس المآذن.

https://www.fekera.com/٩٧٥٠٠٥/%D٪٨٤٪٩D٪٨٥٪٩D٪٨A٪٧D٪٨B٪٠D٪٨A٧-%D ٨٪٩A%D % ٨٨٪٩D٪٨B٪٦ D٪٨ B٩-%D٪٨A٪٧D٪٨٤٪٩D٪٨٧٪٩D٪٨٤٪٩D٪٨A٪٧D٨٤٪٩-%D٪٨B٪٩ D ٪٨٤٪٩D٨٩٪٩-%D٪٨B% ١D٪٨A٪٣ D% ٨B٣-%D٪٨A% ٧D٪٨٤٪٩D٪٨٥% ٩D٪٨A٪٢D ٨ %B% ٠D/٨٦٪٩

٢٧٧- حاجی لەق لەق هاتەوە مزگەوتی خانەقای هەولێر.
https://www.rudaw.net/mobile/sorani/kurdistan/٢٧٠٧٢٠١٣٨
٢٧٨- منارەی مزگەوتی حەیدەر خانە لە شاری بەغداد.
(https://twitter.com/١٢٣hatif/status/٩٥٨٢٤٨٨٤٠٢٨٠٣٣٤٣٣٦?lang=fr
٢٧٩- بەرنامەیەکی دۆکیۆمێنتاری لەسەر مزگەوتی خانەقای کفری.
https://m.facebook.com/story.php?story_fbid=١٧٠٨١٨٠١١٦٢٢٠٠٤٨٥&id=١٠٠٠١٠٢٥٥٣٨٦٦٩٨
٢٨٠- وێنەیەکی کۆنی مزگەوتی خانەقای کفری پێش ڕووخانی.
https://scontent.fisu٧-٢.fna.fbcdn.net/v/t١.١٨١٦٩-٩/٩٦٩١٠٥_١٥٥٦٠٨٤٧٧ ٩٦٧٥٥٧_١٢٩٣٠٩٠١٦١_n.jpg?_nc_cat=١٠٩&ccb=١-٧&_nc_sid=٩٢٦٧fe&_nc_ohc=LyXlZproldEAX__١٧٤N&_nc_ht=scontent.fisu٧-٢.fna&oh=٠٠_AT_٤H١QRpnZxTN٣٧tHhBKjMy٢Z-fxQLG s٤٦٧D_qB٦fPtJA&oe=٦٣٤D٣١٣٩
٢٨١- عبدالرحيم، محمد صبري: الحكمة من الطواف حول الكعبة عكس عقارب الساعة، الإثنين ٢٢/ أغسطس/٢٠١٦- ٤٥:١٠ ص. https://www.elbalad.news/٢٣٧٣٦٧٤
٢٨٢- الشثري، عبدالله بن عبدالرحمن: الحكمة من جعل الكعبة إلى اليسار في الطواف، ٢٩-١١-٢٠١٣.
http://www.al-jazirah.com/٢٠١٣/٢٠١٣١١٢٩/is١١.htm
٢٨٣- وێنەیەکی ساڵی (١٩٦٧) مزگەوتی شێخە ڕەشکە.
https://www.facebook.com/photo/?fbid=١٠٢١٥٠١٩٤٣٦٠١٢٣١٨&set=pcb.١٧٨٠١٣٩٦٧٥٣٩٧٣١٧&__cft__[٠]=AZUkBdr٢TP٣eFu٤qO٥UXyDh٤I٢lXNefYuP١vkSTLMULRAwv٢ByvLxaHAnaAv٦iI٨ggx٥Zp٢PFM٨o١KJM_egAIH٤WfioJrx٩V٠Q٣wY٤ekXcao٦v٢FXWdDVcB٠٩UVoF٥fvlNRT٢qcFREkm٨٨WEWwgk-١٥Y٢uPKIi١agJ٠_٨fG٥٨xh٠wqDnaqfPe٧TjuxH٣D٩٠tG ٤٠٠UI_f٣A٢xB٤iobpNsGm٥&__tn__=bH-R
٢٨٤-صور من معبد لالش المقدس لدى الايزيديين العراقيين.
https://pbs.twimg.com/media/EzlFfoXWQAAdxJj?format=jpg&name=medium
٢٨٥-منارەکان: مزگەوتی خانەقا لە سلێمانی.
https://www.youtube.com/watch?v=mcfrS٥HrFs٤
٢٨٦- وێنەیەکی ساڵی (١٩٢٤ ز) منارەی مزگەوتی گەورەی سلێمانی
https://scontent.fisu٧-٢.fna.fbcdn.net/v/t١.٦٤٣٥-٩/٥٩٣٠١٥٧٤_٢٣٢٩٤٠٣٠٤٧٣٤١٤٢٩_٣٠٢٤٦١٣٦٢٠٢١٩٦٤١٨٥٦_n.jpg?_nc_cat=١٠٩&ccb=١-٧&_nc_sid=٨bfeb٩&_nc_ohc=S_LmlxNVKWAAX-NWMdV&_nc_ht=scontent.fisu٧-٢.fna&oh=٠٠_AfDFDNOftgeP٣٦GqUG٥٨iS٤ilxzGGGOmF١_٦iyEcHKuXDg&oe=٦٣C٥٤٨٤٠

- **چاوپێکەوتنەکان:**

٢٨٧- موستەفا، ئەحمەد قادر، لە دایک بووی (١٩٧٦ز)، کاسب، دانیشتووی گەڕەکی تولیتا، چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆ، چوارشەممە ٢٠٢٢/٥/١٨ز، کات: ١٠:٠٠پێش نیوەڕۆ.

٢٨٨- حاجی تاجەدین، لە دایک بووی (١٩٥٥ز)، خزمەتگوزاری مزگەوتی خانەقای هەولێر، چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆ، پێنجشەممە ٢٠٢٢/٥/١٩ز، کات:١١:٠٠پێش نیوەڕۆ.

٢٨٩- عەلی، سەیدا موحەممەد، لە دایک بووی (١٩٧٨ز)، دوکاندار، چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆ، چوارشەممە، ٢٠٢٢/٥/١٨، کات: ٠٢:٣٠ پاش نیوەڕۆ.

٢٩٠- بابان، شاهۆ موحەممەد موستەفا، لە دایک بووی (١٩٨١ز)، کاسب، دانیشتووی گەڕەکی منارە، چاوپێکەوتنی بە ڕێگەی ئۆنلاین، یەکشەممە ٢٠٢٢/٦/٥ز، کات: ٨ شەو.

٢٩١- نەقشبەندی، شێخ نەجات مەزهەر عەبدولڕەحمان، لەدایک بووی (١٩٤٢ز)، سەرپەرشتیاری مزگەوتی خانەقا، چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆ، پێنجشەممە ٢٠٢٢/٥/١٩ز، کات:١١:٠٠پێش نیوەڕۆ.

٢٩٢- زەڵمی، موحەممەد حاجی حسین، لە دایکبووی (١٩٦٤ز)، پێشمەرگە، چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆ، پێنجشەممە، ٢٠٢٢/٨/٢٥، کات: ٢:٠٠ پاش نیوەڕۆ.

٢٩٣- حسین، موحەممەد، لە دایک بووی (١٩٨٦ز)، پێشنوێژی مزگەوتی گەورەی سلێمانی، چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆ، پێنجشەممە ٢٠٢٢/٨/٤ز، کات: ٥:٣٠ سەر لە ئێوارە.

٢٩٤- عەقراوی، موحەممەد مەلا ئەحمەد، لە دایک بووی (١٩٥٨ز)، پێشنوێژو وتارخوێنی مزگەوتی گەورەی ئاکرێ، چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆ، چوارشەممە ٢٠٢٢/٥/١٨ز، کات: ١٠:٤٥ پێش نیوەرۆ لە کتێبخانەی مزگەوتی گەورەی ئاکرێ.

٢٩٥- خضر، هەڤاڵ زرار، لەدایک بووی (١٩٧٠ز)، خزمەتگوزاری مزگەوتی حاجی مەولود، چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆ، پێنجشەممە ٢٠٢٢/٥/١٩ز، کات: ١٢:٣٠ پاش نیوەڕۆ.

٢٩٦- فتاح، حاجی صاڵح عەلی، لە دایک بووی (١٩٥٦ز)، خانەنشینکراو، چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆ، چوار شەممە، ٢٠٢١/١١/٣ز، کات: ٠٣:٠٠ پاش عەسر.

**الملخص:**

تعتبر المئذنة من أهم المعالم العمارية للمساجد في الحضارة الإسلامية، لم تكن موجودة كهيكل بناء في بداية تلك الحضارة في زمن النبي (ﷺ)، بسبب الإنشغال بإنتشار الدعوة الإسلامية، و بساطة وبدائية العمارة الإسلامية في بداية القرن الأول الهجري، بعد الفتوحات الإسلامية الواسعة في عهد خلافة (عمر بن الخطاب) وتعرف المسلمين على الحضارات الكبرى المعاصرة، وتشمل هذه: الامبراطورية البيزنطية التي كانت قائمة على المسيحية، و الإمبراطورية الساسانية التي كانت قائمة على أساس الزرادشتية، أثرت كل من هذه الحضارات على المسلمين بطريقة ما، خاصة في مجال البناء، عندما رأى المسلمون كنائسهم و دور عبادتهم مبنية و عليها أبراج، فإنهم ينادون أتباعهم بالأبواق أو الأجراس، ويجمعونهم لأداء عبادتهم، سرعان ما انتقلت هذه المعالم العمرانية إلى الحضارة الإسلامية، ولم يعد المسلمون يؤذنون على أسطح المساجد والمرتفعات المجاورة، بل قاموا ببناء المآذن باعتبارها هياكل عمارية مهمة في مساجدهم، ومنهم ذهب المؤذنون لتذكير المسلمين بأوقات الصلاة المفروضة، و الشعائر الأخرى.

ازدادت أهميت المآذن بمرور الوقت وأصبحت سمة رئيسية للمساجد، و رمز وهوية المدن الإسلامية، وتشمل هذه مدينة كبيرة مثل القاهرة التي تعرف بإسم (متحف المآذن) بسبب أنماطها العديدة والمتنوعة من المآذن.

تحتضن كوردستان الكبرى بشكل عام، و إقليم كردستان العراق بشكل خاص، كجزء من الحضارة الإسلامية المذكورة أعلاه، العشرات من المآذن الأثرية و التراثية، على الرغم من أن المساجد في إقليم كوردستان في البداية تم بناؤها ببساطة من الطين والخشب والحجر ومواد البناء المتاحة الاخرى، وكانت بدون مآذن لعدة قرون، ومع ذلك، فقد أصبح بعضهم رموزا وهوية لمدينة او بلدة كوردية، على سبيل المثال تعرف مدينة قديمة مثل العاصمة أربيل بإسم مدينة (القلعة والمنارة) بسبب مأذنتها و قلعتها العتيقة، أصبحت مآذن الخورمال والعمادية رمزا للبلدتين.

تنقسم محتوى هذه الرسالة المعنونة (فن عمارة المآذن الأثرية والثقافية في إقليم كوردستان) إلى ثلاثة أجزاء، يتناول الجزء الأول تاريخ المسجد والمآذن في الحضارة الإسلامية، و ينقسم إلى مبحثان، أما الجزء الثاني فمخصص للمآذن الأثرية في إقليم كوردستان، ويتكون مع أربع عناوين مباحث، يصف كل منها مئذنة. الجزء الثالث فمخصص لبعض الأمثلة المختارة من المآذن التراثية في إقليم كوردستان، وبحسب موقعها الجغرافي يتم تقسيمها إلى أربعة مباحث وفي كل مبحث، تم ذكر عدة مآذن في كل منها.

Abstract:

The minarets are the most important architectural features of mosques in the Islamic civilization. They did not exist as part of mosques' structure at the rise of Islam during the time of the Prophet (peace be upon him), because of they were busy with spreading of the Islamic call (Da'wa) and the simplicity the architecture of the mosques at the beginning of the first century AH. After the expanding of the Islamic conquests during the reign of the Caliphate Umar ibn al-Khattab and the contacts of Muslims with the great contemporary civilizations of the time, such as the Byzantine Empire that was supported Christianity and architecture of the churches and monasteries, and the Sassanid Empire that was supported Zoroastrianism architecture of the fire temples and the towers of the sky graves, each of these civilizations influenced Muslims in some way, especially in the field of architecture. Especially the towers of the churches, the Muslims wanted also to have a tower on or beside their mosques to call (*Azan*) the Muslims for the praying times, or any other religious festivities, and even other calls for the daily life matters related to the communities of the cities, towns or villages. And after that Muslims no longer preached on the roofs of mosques or the surrounding high places. Instead, they built minarets as an important architectural structure on or beside their mosques.

The minarets were become an Islamic icon of their civilization. Also, their importance increased over time and they became a major feature of mosques and the symbol and identity of Muslim cities, for instance a large city like Cairo is known as the Museum of Minarets, because of it has many and varied styles of minarets.

In Great Kurdistan in general and the Iraqi Kurdistan Region in particular, as part of the Islamic civilization built dozens of archaeological and heritage minarets. Although in Kurdistan region at the beginning the mosques were built in simple style with mud, wood, stone, and available building materials, and in many cases were built without minarates, some of them have become symbols and identities of their city, town or region. For example, an ancient city like Erbil is known as the City of 'Qala(citadel) and Minaret'.

Finally, the content of this thesis under the title (The Art of Architecture of Archaeological and heritage minarets in Kurdistan Region) is divided into three chapters, the first chapter it deals with the history of mosques and minarets in Islamic Civilization, and is divided into two parts. The second chapter is dedicated to the archaeological minarets in the Kurdistan Region and consists of four parts, each of which describes a minaret. The third chapter it deals with some selected examples of heritage minarets in Kurdistan Region, and we dealt with them each according to their geographical location, and this chapter also divided into four parts, and in each one, several minarets are mentioned in each of them.

إقليم كوردستان العراق
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
جامعة السليمانية
كلية العلوم الإنسانية
قسم الآثار

# فن عمارة المآذن الأثرية والتراثية في إقليم كوردستان -

نماذج مختارة – دراسة ميدانية

الرسالة طالب

**إكرام شيروان حسين**

تم تقدم الرسالة إلى مجلس كلية العلوم الإنسانية، كجزء من متطلبات نيل درجة الماجستير في علم الآثار – تخصص الآثار الإسلامية

بإشراف

**أ.م.د. زريان سالار حمهعارف**

١٤٤٤ هـ ٢٠٢٣ م ٢٧٢٢ ک

Kurdistan Region of Iraq
Ministry of Higher Education and Scientific Research
University of Sulaimani
College of Humanities
Archaeology Department

# The Art of Architecture of the Archaeological and Heritage Minarets in Kurdistan Region -

Selected Samples - It is a Field study

A letter is a student
Ikram Sherwan Hussein

A thesis Submitted to the Council of the College of Humanities in Partial fulfillment of the Requirements for the MA degree in Archaeology – specializing in Islamic Archaeology.

Supervised by
A. P. Dr. Zryan Salar Hama Arif

2722 K. 2023 AD. 1444 H.